تەنگژەی کەرکووک

لیام ئاندرسن

وەرگێڕانی
ئومێد عوسمان

تەنگژەی کەرکووک

سیاسەتی ئیتنیکی لە کێشمەکێش و چارەسەرە تەوافوقییەکاندا

تەنگژەی کەرکووک

لیام ئاندرسن

گاریس ستانسفیلڵد

و: ئومێد عوسمان

هەولێر ٢٠١٣

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

- تەنگژەی کەرکووك
- نووسینی: لیام ئاندرسن
- وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: عەبدول ئیلاھ ئەلنعێمی
- وەرگێڕانی بۆ کوردی: ئومێد عوسمان
- نەخشەسازی ناوەوە: وەرگێڕ
- بەرگ: ڕێمان
- نرخ: ٥٠٠٠ دینار
- چاپی یەکەم: خانەی موکریانی ٢٠١٣
- تیراژ: ٧٥٠
- چاپخانە: موکریانی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٥٩٨)ی ساڵی (٢٠١٣)ی پێ دراوە

زنجیرەی کتێب (٧٧٤)

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

ناوەرۆك

دەروازە

بەم سالآنەی دوایی، عێراق کۆمەڵێك مێژووی گرنگی بەخۆوە بینی. لەدوای داگیرکردنی عێراق لەساڵی (۲۰۰۳) کە رووخاندنی رژێمی بەعسیش دەرئەنجامی ئەو داگیرکارییەبوو، رووداوەکانی ئەم وڵاتە بوونە جێگەی سەرنجی ماس میدیاکانی جیهان، بەجۆرێك کە رۆژێك نەبووە بەبێ رووداوێکی گەورە یان کارەساتێکی خوێناوی گوزەر بکات.

بەڵام لە تەموزی ساڵی(۲۰۰۸) دا بەبەراورد بە مانگەکانی پێشووتر مانگێکی ئارامتربوو. بەدڵنیایشەوە مشتومڕە سیاسییەکانی نێوان فراکسیۆنە سیاسیە جۆر بەجۆرەکانیش لەبەغداد لەبارێکی دژواردابوو، هەروەها رەوشی ئەمنیش سەرباری ئەو پێشکەوتنەی بەبەراورد بە سالآنی پێشووتر بەخۆوە بینیویەتی هێشتا مایەی نیگەرانییە و لەهەمان کاتیشدا پرسگەلە ناکۆکەکانیش بەبێ چارەسەر ماونەتەوە، هەرچی ئەو رێوشوێنانەشە، کە حکومەت دەیانگرێتە بەر هێندەی لەدروستکردنی نەیاراندا بەردەوامە هێندەنەیتوانیوە پشتیوانی بەدەست بهێنێت.

لەو رێو شوێنانەش، پرۆسەی ئەمنی بەردەوام لەدژی لایەنە سوننی و شیعە شەڕانگێزەکان (بەدیاریکراوی ئەو خێڵە سوننیانەی کە توانای بەرەنگارییبوونەوەی حکومەتیان هەیە، لەگەڵ میلشیای سوپای مەهدی بەسەرۆکایەتی موقتەدا ئەلسەدر) و هەروەها وتووێژە هەستیارەکانیش لەگەڵ حکومەتی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ گەیشتن بە رێککەتننامەی رێکخستنەوەی باری هێزەکانی ئەمریکا (سۆفا SOFA) و رێککەوتننامەیەکی ستراتیژی فراوانتر.

دیسان ململانێی سیاسی تاڵی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی نەوت لە حکومەتی عێراقی لە راڤە کردنی ماددە دەستووریەکانی تایبەت بە ئیدارەکردنی یەدەگە نەوتییەکانی عێراق بووەتە هۆی دابەشکردنی بۆچوونەکان لەنێو حکومەت و سەرتاسەری

ولاّتدا١، کەچی تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨ نەبووە مایەی بایەخی ماس میدیاکانی جیهان بەبەراورد بە بەشێکی زۆرتری ماوەی دوای ساڵی ٢٠٠٣.

لەکاتێدا دەبوو ئەوە جێگەی بایەخی ماس میدیاکان بووایە، کە تیایدا ئاماژەکان دەریانخستبوو ژیانی سروشتی تا رادەیەك بۆ عێراق گەڕاوەتەوە، بەتایبەتیش دوای چەند مانگێك لە رەوانەکردنی هێزی زیاتری ئەمریکا بۆ عێراق بەلاّم ئەوەی لەتەمووزی ساڵی ٢٠٠٨دا بووە جێی سەرنج و بایەخدان پرسی پەیوەست بە داهاتووی کەرکووك بوو، کە هێشتا بەبێ چارەسەر ماوەتەوە.

کەرکووك رۆژگارێکی زۆرە "بەرمیلێکی تەقەمەنی"یەو لەچاوەڕوانی تەقینەوەدایە ئەویش بەو پێیەی شارێکە بەسەر پێکهاتە ئیتنیکییە جۆراو جۆرەکاندا دابەشبووە: کورد، تورکمان، عەرەب (لەگەڵ تایەفەیەکی بچووکتری مەسیحی)، هەموو ئەو لایەنانەش خاوەنی دیدی جیاوازن لەبارەی داهاتووی کەرکووکەوە.

بەلاّم دۆزینەوەی چارەسەری پرسی داهاتووی کەرکووك دەرکەتووە کە پرسێکی ئاڵۆزو دوورە و تەمووزی ساڵی ٢٠٠٨ یش ئەو کاتە گونجاوەی چارەسەرەکان بوو، کە بەکردەیی بەسەرچوو.

لەعێراقی نوێدا کورد بووەتە هێزێکی گرنگ لە سیاسەتی دەوڵەتدا، بەجۆرێك کە بەشێوەیەکی چالاکانە لە دامەزراندنی ئەنجوومەنی فەرمانڕەوایی عێراقیدا بەشدارییان کردوە، کە بەپەلە لەدوای نەمانی سەددام پێکهێنرا، هەروەها کورد ئەندامانی سەرکردایەتی بوون لە حکومەتی ئینتیقالیداو دواتریش لەدوای یەکەمین هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا بەشداربوون لە و حکومەتە خاوەن سەروەرییەی کە دامەزرێنرا.

لەوەگرنگتریش ئەوەبوو لەو راپرسیەدا، کە بەر لە هەڵبژاردنی کانوونی یەکەم دەستووری تیادا پەسەند کرا، کورد دەریخست هەر بەتەنیا خاوەنی هێزی سەربازی نین (هێزەکانیان بەشێوەیەکی رێژەیی بەتواناتر بوون لە هێزی میلشیاو تەنانەت سوپای عێراقیش) بەڵکو

– بڕوانە

1Haynes,D.2008(Iraq Minister:US Combat Troops to pull out in Three Years under New Deal).The Times,14 August: Sabah,Z.,and Raghavan,S.2008.(Sectarian Biss Alleged in Iraqi Raids in Diyala.) Washington post,20 August:MacAskill, E.2008.(Iraqi Militia Leader to Order Followers to Lay Down their Arms.) The Guardian, 6August:Said,Y.2008.(Iraq Oil Dispute.) The Financial Times,23 july.

پشتیوانیەکی میللییان لێدەکرێت لەلایەن دانیشتوانی کوردەوە کە ئارەزوویەکی ناسیونالیزمی پەرەسەندوویان هەیە.

بەدیدی کورد دەبوو لەعێراقی نوێدا چەند پرسێکی دیاریکراو چارەسەر بکرانایە، کە داهاتووی کەرکووکیش پێشەنگی ئەو پرسانەبوو، بەڵام رێگە دان بەوەی کەرکووك بچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان کارێکی ئاسان نەبوو.

دیارە کەرکووك هەر بەتەنیا بەلای کوردەوە گرنگ نییە، بەڵکو زێدی ژمارەیەکی زۆری تورکمانیشە کە بوونیان دەبەستنەوە بەو بارو دۆخەی لەرۆژگاری ئیمپاتۆریەتی عوسمانیدا هەیانبووە.

دیسان پێکهاتەی عەرەبیش بوونی خۆی لەکەرکووکدا بەبوونێکی رەوا دەبینێت و پێیوایە کەرکووك لەبری ئەوەی کوردی یان تورکمانی بێت لەراستیدا جگە لەشارێکی عێراقی چیتر نییە.

کەرکووك سەنتەری پێشەسازی نەوتە لەعێراقدا و لەسەر یەکێك لە زەبەلاحترین کێڵگە نەوتییەکانی وڵاتیش جێگیر بووە، لەبەر ئەوە پاراستنی ناسنامەی کەرکووك وەك شارێکی عێراقی رەگەزێکی بنچینەیی بووە لە سیاسەتی دەوڵەتدا لەماوەی ئەوسەردەمانەدا، کە عێراقی نوێ پیایدا تێپەڕیوەو، ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەو وتارە لەدوای ئەو هەلومەرجەی لە ٢٠٠٣ بەدواوە هاتوەتە ئاراوە بەبەهێزی ماوەتەوە.

گرنگتریش لە پرسی دیموگرافیای (دانیشتوان)، ئەو دەلالەتە رەمزیەیە، کە شارەکە هەیەتی و دیارە کەرکووکیش بەلای کوردەوە گرنگی خۆی هەیە، چونکە هەرگیز ئەو شارە لەژێر رکێفیاندا نەبووە، کە ماوەی نیو سەدەیە لەپێناویدا لەدژی حکومەتی عێراقی دەجەنگن.

دیسان کەرکووك بەلای تورکمانەکانیشە گرنگی خۆی هەیە بەو پێیەی سیمبولی شوێنەواری باڵادەستی و مەزنایەتیانە لەرۆژگاری عوسمانیەکاندا، هەرچی عەرەبیشە بەرجەستەی عێراقی فرە کلتووری دەکات.

لەکرۆکدا کەرکووك بەڵگەی توانای عێراقە لە تێپەڕاندنی ناسنامەی تایەفی و لەئامێزگرتنی بیرۆکەیەکی گشتگیر لەبارەی بوونی " ناسنامەی عێراقی"یەوە.

لەم روانگەیەشەوە "لەدەستدان"ی کەرکووك و چوونە پاڵ کوردستان نەك هەر دانپێدانانە بە شکستی پرۆژەی نیشتیمانی عێراقی و تایبەتمەندی کورد بەڵکو دانپێدانانیشە بەو توانایەو هێزەی کە بەم دواییانە کورد لە پاش سەردەمی سەددام بەدەستیان هێناوە.

لەگەڵ دواخستنی بڕیاردان لەسەر داهاتووی کەرکووك بۆ ماوەیەکی درێژخایانتر، ماددی ١٤٠ دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژە بە سازدانی راپرسی دەکات لەسەر داهاتووی کەرکووك بەهاتنی کۆتایی ٢٠٠٧.

بەڵام پاش چەند مانگێك لەدواکەوتنی راپرسیەکە تا ئەو وادەیە، ستیڤان دی میستۆرا، نێردەی تایبەتی ئەمینداری گشتی نەتەوە یەککگرتوەکان لەرێگەی دانوستانەکانەوە گەیشتە درێژکردنەوەی ماوەکە بۆ شەش مانگی تر.

هەرچی سەرکردایەتی کوردیشە بەهۆی ئەو درێژکردنەوەیەوە لەلایەن بنکەی جەماوەرییانەوەو لەرێگەی زمانی زبری راگەیاندنەکانەوە دووچاری رەخنە بوونەوە، بەتایبەتیش پاش ئەوەی بەڵێنیان دابوو کەرکووك بۆ سەر کوردستان بگەڕێننەوە بەڵام لەئێستادا دەستەودامان راوەستاون.

لەم دیدگایەشەوە جگە لە باری هێرشکردن لەبەردەم سەرکردایەتی کوردی رێگە چارەیەکی تر نەمایەوە کە لەکاتی دانوستانەکاندا ئەنجامیبدەن.

هاوکات نەیارانی خواستەکانی لایەنی کوردیش دەیانزانی، کە راستیەکانی سەر زەوی بەپلەی یەکەم پشت بە هەڵوێستی کورد دەبەستێتو ئەوەشیان دەزانی کە جگە لە هەوڵدان بۆ کۆت و بەندکردنی کورد بەرێگرتن لە بەردەم سازدانی راپرسیەکەو دواجاریش رەتکردنەوەی، ئاسۆیەك نەماوە بۆ سنووردارکردنی خواستی هەڵکشاوی کورد.

فراکسیۆنە ناکوردیەکانی نێو پەرلەمان ماددەی ١٤٠یان رەوانەی دادگای دەستووریی فیدراڵی کرد بۆ گەڵاڵە کردنی بڕیارێك سەبارەت بەوەی ئاخۆ وادەی جێبەجێکردنی ماددەکە بەسەرنەچووەو کاری پێدەکرێت١.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی درێژکردنەوەی ماوەی شەش مانگەکە لە حوزەیرانی ٢٠٠٨دا، هەڵمەتەکانی دژ بەیەك لەنێوان بەغدادو هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان دەستیپێکرد.

کورد پێیوابوو بەغداد کات دەکوژێت، ئەمە جگە لەوەی بەغداد بەتوندی رەخنەی لەهەوڵی سەپاندنی ئەو دیفاکتۆیە دەگرت کە کورد دەیویست بەسەر کەرکووك و دانیشتوانە فرە نەژادەکەیدا بیسەپێنێت.

1:Janabi, N.2008.(Kirkuk's Article 140:Expirred to Not.) policy Watch 13535.The Washington Instiutute for Near Eest Policy,30 January.

خۆ ئەگەر داهاتووی کەرکووك پەیوەندییەکی تۆکمەی بە پرسە جەهەریەکانی تری تایبەت بە ناکۆکیەکانی هەولێر و بەغدادەوە هەبێت - بەدیاریکراویش پرۆژە یاسای نەوت (مافی کوردستان لە واژۆ کردنی گرێبەست و کنەکردن و بەشداریکردن لەبەرهەمهێنان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەبەغداد) ونەخشەرێژی ئەوەی بە " سنووری ناوچە کێشە لەسەرەکان" ناودەبرێت لەنێوان هەرێمی کوردستان و زەویەکانی دیکەی عێراقدا_ئەوا بارودۆخی کەرکووك بەخێرایی پێگەیەکی تایبەتمەند و بێ وێنەی لەسیاسەتی عێراقیدا داگیرکرد.

مانگەکانی هاوینی ٢٠٠٨ دژواریەکی زۆری بەخۆوە بینی تا ئاستی لێکترازان، ئەویش دوای ئەوەی سەرجەم لایەنەکان(کورد و عەرەب و تورکمان) لەحوزەیراندا ئەو ستراتیژەیان رەتکردەوە، کە نەتەوە یەکگرتوەکان ئامادەیکربوو بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی بارودۆخی ئەو دەڤەرانەی، کە ناکۆکی کەمتری نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لەسەربوو١.

لە٢٢ی تەموزدا فراکسیۆنە عەرەبییەکان دانیشتنێکی داخراویان کرد بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە پێشنیازێکی دیارکراو بە کەرکووکی لەخۆگرتبوو.

لەکاتێکدا، یاسا میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی بۆ ناوچەکانی تری عێراق دیاریکردبوو، ئەوا ماددەی ٢٤ی یاساکە بەکردەیی کەرکوکی لەپرۆسەی دیموکراسی دوورخستبوەوە و پێداگری کردبوو لەسەر دابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات لەنێوان پێکهاتە نەژادییە سەرەکیەکانیدا.

ئەوەبوو لەکۆی ١٤٢ پەرلەمانتار ١٢٧ یان دەنگیان بۆ بەرژەوەندی یاساکەداو پەراوێزی نەسابی خۆی تەواو کرد بەڵام بەبێ بەشداریکردنی نوێنەرانی کورد٢.

لەبەرامبەر ئەو دەنگدانە نهێنیەدا کە مەحمود ئەلمەشهەدانی سەرۆکی پەرلەمان سازیکردبوو، سەرۆك جەلال تاڵەبانی – یەکێك لەهەردوو سەرکردە کوردییەکە- بێ دوودڵی

٣- دەکرێت سەرنج لەو رێنماییانە بدرێت کە لەلایەن نێردەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە بۆ یارمەتیدانی عێراق پێشکەشیکردووە UNAMI لەسەر سایتی ئەلەکترۆنی: www.uniraq.org/newsroom/getartical.asp?ArticleD702
ئەو رەتکردنەوەیە دەردەخات کە سەرجەم لایەنەکان بەرامبەر بەو رێنماییانە پیشانیانداوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو لایەنانە بێتوانان لە درك کردنیان بە بەپێویستی تەوافوقە میانگیرییەکان لەهەندێك پرسی پەیوەست بەچارەسەری ناوچە کێشەلەسەرەکان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی.

2- Parker,N.,and Hameed,S..2008(In Iraq Kurds Walk out of Parliaent in Protest)Los Angeles Times,23 July.

مافی ڤیتۆی لەبەرامبەر پرۆژە یاساکە بەکارهێناو ڕێگەی نەدا بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە١.

بارودۆخەکەش بەر لە دەستپێکردنی پشووی هاوینەی پەرلەمان، یەکلایی نەکرایەوەو ڕێککەوتنیش لەسەر یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان و داهاتووی کەرکوك ڕووینەدا.

بۆیە لەبری ئەوە ڕووداوەکان، کەشە سیاسییەکەیان بەشێوەیەکی مەترسیدار دژوار کرد و هەڵوێستی ئەلەشهەدانی و ئەو پەرلەمانتارانەش کە لەدەنگدانە نهێنیەکەدا بەشدارییان کرد وای لە کورد کرد، بگەنە ئەو بڕوایەی کە ئەوان وەك هاوبەشێکی تەواو و یەکسان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت.

ئەوەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەزمانێکی هەڕەشەئامێز ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو هەڵوێستە"گومانی زۆری خستوەتە سەر هاوپەیمانێتیەکانی پێشوو و ڕێکەتننامە سیاسیەکان کە لەنێوان زۆرێك لەلایەنەکان و سەرکردایەتی سیاسی لە کوردستاندا ئیمزا کراون"٢.

بەهەمان شێوەش نوێنەرانی عەرەب و تورکمان کەوتنە تۆمەتبارکردنی سەرکرایەتی کوردی بەتایبەتیش سەرۆك تاڵەبانی، بەوەی کە کار بۆ بەرژەوەندی عێراق ناکات بەڵکو کار بۆ خزمەتی مەرامە دێرینەکانی کورد دەکات.

لەرووی پراکتیکیشەوە ئەو روو بەڕوو بوونەوەیەی کە دۆزی کەرکوك تەقاندییەوە هەر بەتەنیا نەبووە هۆی پەکخستنی ژیانی سیاسی لەعێراقدا بەڵکو بووە هۆی لاوازکردنی ئەو تەوافوق(سازاندن)ە سیاسییە فشۆڵەش کە لەئارادابوو.

ڕەنگە زێدەڕۆیی نەبێت گەر بووترێت داهاتووی عێراق پەیوەستە بە گەیشتن بەچارەسەرکردنی پرسی کەرکوك بەو جۆرەی کە بەلای سەرجەم لایەنەکانەوە پەسەندکراوبێت و

1- Abdul-Zahra,Q.2008.(Iraqi Presidential Council Rejecil Election Law). Associated Press.23July.

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان"بەیاننامە: حکومەتی هەرێمی کوردستان یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ڕەتدەکاتەوە و بە پێشێلکردنی دەستووری دادەنێت".٢٣ی تەمووز.

www.krg.org.articles.asp?map=02010100&Ingnr=12&anr=24961&rnr=223.

هەرهەوڵێکی بەزۆری کوردیش بۆ سەپاندنی چارەسەرێك بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان، باکووری عێراق بەرەو نائۆقۆەییەکی توندی نەژادی بێ سنوور دەبات، لەبەرامبەریشدا هەرهەوڵدانێك بۆ سەپاندنی هەرچارەسەرێکی ناپەسەندکراو لەلایەن کوردەوە هەمان دەرئەنجامی هاوشێوەی دەبێت.

دیارە چارەسەری شیاو بریتییە لەو فۆرمە تەوافوقییە میانگیرییەی کە بەحوکمی پێناسەکەی شتێك دەداتە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان بەڵام هەموو شتێك ناداتە تەنیا لایەنێك.

خۆئەگەر خوازراو بێت پرسی کەرکووك بەشێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت ئەوا فۆرمی تەوافوقی رێگە چارەیە و زۆرینەش لەگەڵ ئەو چارەسەرە پێودانگیەدان، لەبەرئەوەی دیموکراسی لەکرۆکیدا چارەسەری ئاشتیانەی بۆ مشتومڕە سیاسییە ناکۆکەکان پێیە ئەویش لەرێگەی ئامادەسازی بۆ بەستنی رێککەوتنەکان و دۆزینەوەی چارەسەری توافوقی و میانگیری.

تەنانەت لە سیستمی سیاسی زۆرینەشدا کە کار لەسەر رێسای "براوە هەموو شتێك دەبات" ئەوا پێودانگی چارەسەری میانگیری و تەوافوقی بریتییە لە زیندە خوێنبەری دروستکردنی دیموکراسیانەی بڕیارەکان، کەوابوو فۆرمی تەوافوقی لەرووی پراگماتی و پێودانگییەوە پەسەندە و هەرکاتێکیش ئەوە لێتێگەیشتنی روون بوو ئەوا وشەگەلەکانی مشتومڕکردن روونێتی بێ پێچ و پەنایی بەخۆوە دەبینێت.

لەراستیدا ئامانج لەم کتێبە بەرگریکردن نییە لە پرسی ئەملایەن یاخود ئەو لایەنی پێکهاتەکاتە پەیوەندیدارەکان یاخود پێشکەشکردنی چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ پرسی کەرکووك، بەڵکو بۆ روونکردنەوەی مەرجەکانی(دیبەیت) مونازەرەیە.

زۆربەی "چارەسەرەکان" کە چاودێرانی خۆرئاوا یان لایەنە خودی پەیوەندیدارەکان پێشنیازی دەکەن چارەسەری شیاوو پەسەند نییە لەبەرئەوەی چارەسەری تەوافوقی نییە.

جگە لەوەش ئەو چارەسەرانە پەنهان و نارۆشن و نەشیاون لەبری چارەسەرە تەوافوقییەکان لەبەرئەوەی جێبەجێکردنیان پێویستی بەمومارەسەکردنی توندوتیژی ئەم لایەن یان ئەو لایەن هەیە.

رەنگە لە هەردولای دیبەیتەکەش لەسەر پرسی کەرکووك لایەنێك هەبێت پێشوازی لە ئەگەری رێگەچارەی توندوتیژی بکات، بەڵام ئەگەر بخوازرێت عێراق داهاتووی هەبێت و تیایدا قەوارەی هەرێمێك بەئارامی و یەکانگیر بژی ئەوا پێویستە پرسی داهاتووی کەرکووك بەئاشتیانە چارەسەر بکرێت و ئەوەش فۆرمێکی تەوافوقی و میانگیرانە دەخوازێت.

هێڵکاریی کتێبەکە

بەشی یەکەمی کتێبەکە باس لە دیرۆکی کەرکووك دەکات بەر لە ساڵی ٢٠٠٣، بۆ ساکارکردنەوەی شیکارییەکەش دوو ماوەی تایبەتمەند لەگەشەی مێژوویی کەرکووك دیاری دەکەین.

ماوەی یەکەم بەدامەزراندنی کەرکووك و دروستبوونی وەك شارۆچکە یان شارێك، کە دەکەوێتە دەڤەرە سنووریەکانی ئەو ئیمپراتۆریانەی، کە لەئارادابوون دەست پێدەکات و بە شکستی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کۆتایی پێدێت.

بێگومان ئەوەش سەردەمێکی دووردورێژە لەمێژوودا، کەپڕە لە ئالۆزی کۆمەڵایەتی و کلتووریو چارەسەرکردنیشمان بۆ ئەو ماوەیە بەداخەوە چارەسەرکردنێکی کورتکراوەیە و ئەوەش هۆکاری تایبەتی خۆی هەیە، کە ئامانجیش لەوە بریتییە لە دیاریکردنی بنەچەی پێکهاتەجیاوازەکانی کەرکووکی نوێ تەنانەت ئەگەر ئەو دیاریکردنەش رووکەشیانەبێت، ئەمە جگە لەوەی کەچۆن ئەو پێکهاتانەی کەرکووك لەمێژووی خۆی و دراوسێکانی دەڕوانێت و ئەوە بایەخەش کە هەیەتی.

ئەو راستیەی، کە لەکەرکووکدا هەبووە بەتایبەتیش لە دوا قۆناغەکانی ئەو ماوەیەدا(واتە سەدەی هەڤدەیەم و دواتریش)، بەهەموو پێودانگەکان شارێکی ئاشتیخوازو فرە ئیتنیك بووەو لە سیاسەت یان پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەتیشیدا بەبەراورد بەشارەکانی تر روو بەڕووی تەنگ و چەڵەمە نەبوەتەوە و ئەوەش خالێکی بەسوودە بۆ بەراورد کردن لەوەی دواتر لە سەدەی بیستەمدا روودەدات.

دوا بەدوای ئەوەش لەمێژووی کارەساتباری کەرکووکدا هەڵوەستە دەکەین و بەدواداچوون بۆ فیلێ و تەڵەکەی ئیمپراتۆریەت دەکەین، کە چوونی ولایەتی موسڵی(کەرکووکیش بەشێك بووە لەو ولایەتە) بۆپاڵ هەردوو ولایەتی بەغدادو بەسرەی بەخۆوە دیوە لە دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عێراق و دۆزینەوەی یەدەگی نەوتی کە شیاوی وەبەرهێنانە، ئەمە جگە لەوەی ئەو یەدەگە نەوتییە بووەتە هۆی گۆڕینی شێوەی کارکردنی بەریتانیەکان و ئەو رۆڵە یارمەتیدەرەش کە دیویەتی لە هەڵمەتی دەوڵەتی عێراقی نوێ لەپێناو لێکچواندن (تەعریب)ی دانیشتوانی عێراق لەناوچە ستراتیژییە گرنگەکاندا.

بەڵام هێزە بزوێنەرەکان کە هێزی بەیەکداچوون، بەدوور لە هەر رووداو و هەلومەرجێکی تری وەك بوونی نەوت هەر بەرەو پێشچوونێکی وەك دوژمنایەتی نێوان پێکهاتە نەژادیەکان

بەگرفت لێی دەڕوانن. لەگەڵ ئەوەشدا بەدیاریکراوی لەسەدەی بیستەمدا لەرێگەی چڕکردنەوەی سیاسەتی رەسمی و مەبەستداو بارودۆخی کۆمەڵایەتی_ئابووری لاواز و دواجاریش ئەفسانە دێرینە دروستکراوەکان، ناسنامە ئیتنیکیەکان فۆرمەڵە بوون و سیمای سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیان بەدەستهێنا.

بەشی دووەمیش تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە مێژووی کەرکوك لە دیدگای هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەوەئامانجیش لێرەدا سووربوونە لەسەر ئەوەی کە چۆن یەك مێژووی هاوبەش بەشێوەی جیاجیاو ریشەیی لەلایەن ئەو سێ پێکهاتەیەوە راڤە دەکرێت.

ئەوەی کە بە "کوشتارگە"ی ساڵی ١٩٥٩ ناودەبرێت و تەوەرێکە لە گێڕانەوەی تورکمانی بۆ مێژووی نوێی کەرکوك بەشێك لەو تەفسیرانە پێشکەش دەکات کە لەپشت هۆکانی دژایەتیکردنی زۆرینەی تورکمانەوەن بۆ باڵادەستی کوردی.

سەبارەت بەکوردیش ئەوا سیاسەتی زۆردارانەی تەعریبکردن کە لە سەردەمی رژێمی بەعسدا جێبەجێکراوە، شەقڵێکی بەرچاوی مێژووی نوێی کەرکوکە و ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ تەفسیر کردنی هۆکانی پشت ئاسەوارە پێچەوانەکانی ئەو سیاسەتەو گەڕانەوەی کەرکوك بۆ پێگەی شەرعی خۆی.

لەدیدی کوردەوە کەرکوك لە دڵی هەرێمی کوردستاندایەو لەرووی سۆزداریو رەمزیشەوە جێگەی بایەخەو ئەوەش بۆ خۆی گرنگی مادیی سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنی یەدەگی نەوتی کەرکوك تێپەڕاندووە.

هەروەها گێڕانەوە پەرش و بڵاو و هەندێك جاریش دژ بەیەکەکان ئەوە دەردەخەن، کە ئاستەمە مێژوویەکی بابەتیانە بۆ کەرکوك پێشکەش بکرێت.

دیسان ئەو گێڕانەوانەش رووناکی دەخەنە سەر هۆی ئاستەنگەکانی نەگەیشتن بە دروست بوونی زەمینەی هاوبەش لەنێوان هەرسێ پێکهاتەکەدا تەنانەت لەسادەترین بنەمای وەك سەرژمێری دانیشتواندا.

ململانێ لەسەر کەرکوك لە جەوهەردا شەڕی ئەفسانەکان و بیرکردنەوەی ناسیونالیزمە لەبارەی ناسنامەوخاوەندارێتی کە پارێزگاری لە کاریگەریەتی خۆی دەکات تەنانەت لەبەرامبەر بەڵگە ماددییە حاشاهەڵنەگرە دژەکانیشدا.

هاوکات ئەو ململانێیە بەتایبەتی بۆ جەختکردنەوە لە راستییەکان وایکردوە لێکۆڵینەوە لەکەرکووك پرۆسەسەکی ئاڵۆز بێت تا ئاستی نائومێدبوون، بەڵام دیسان پرۆسەیەکی ناوازەی بیٚ سنووریشە.

ئەوەی نائامادەیە لە شیکردنەوەکەدا هەر مشتومڕێکە لەدیدگای مەسیحییەوە.دانیشتوانی کلدو ئاشوری کە زۆرجار بەپێکهاتەی چوارەم دادەنرێن لەرووی ژمارەوە بەشێوەیەکی مەرگەساتبار پوکاونەتەوە تا ئەو ئاستەی هیچ سەنگێکی سیاسییان لەکەرکووك و زۆربەی باکووری عێراقدا نەماوە.

هەڵبەت ئەو نائامادەیەش واتای ئەوە ناگەیەنێت، کە دیدگای مەسیحی لەکاتی تاوتوێکردن لەدیدگای پێکهاتەکانی ترەوە کەم بایەخترببێت –باسکردن لەوەی کە مەسیحیەکان دانیشتوانی دێرینی کەرکووکن بەبەراورد بەپێکهاتەکانی دی راستیەکی حاشا هەڵنەگرە، بەڵام نائامادەبوونی دیدگای مەسیحی رەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کەمی ژمارەیانە لەئێستادا بەجۆرێك کە لەهەرفۆرمێك لەدیاریکردنی بارودۆخی کەرکوك لەداهاتوودا پشکداری ناکات.

ئەو دیدگایانەی لە بەشی دووەمدا پێشنیازکراون بەزەرورەت بەرەو سادەکردنەوەی واقیعی ئاڵۆز دەچن و هەرئەوەشە بەتەواوەتی دانی پێدادەنێین.

لەنێو پێکهاتەکانی کەرکووکدا پێکهاتەیەکی ئیتنیکی نییە بەیەك دەنگ بدوێت، هەروەها ئاماژەدان بە "روانینی کوردانە" یاخود" روانگەی عەرەبی" بەواتای زۆرجار ئاستێك لە چوونیەکی لەنێو یەك پێکهاتەدا بوونی نییە، بەڵکو لەچوارچێوەی یەك پێکهاتەدا فرەیی هەیەو هێماکردنی ئێمەش بە روانگەی پێکهاتە جۆراوجۆرەکان لەزۆرکاتدا ئاسانکارییەکی ئەدەبیانەی لەپشتەوەیە نەك ئامانج لێی بۆ بەرجەستەکردنی ماددیانەی ناسنامەی ئیتنیکێك بێت.

بەشی سێیەمی کتێبەکەش شیکارییەکی بڵاوی سەبارەت بە بەرەوپێشچوونە سیاسیەکانی کەرکووك لەپاش ساڵی ٢٠٠٣وە پێشکەشکردووە و وەك پێشبینیش دەکرێت شیکردنەوەکە پێداگری لەسەر ئەو سەرنجە دەکات، کە کەرکووك پرسێکی تەواو ئاڵۆزە و لەسەر ئاستە جۆرەبەجۆرەکانی شیکردنەوەشدا پەلکێشی لایەنە ئەکتیڤەکانی ناوخۆی و هەرێمی و نەتەوەیو نێو دەوڵەتی بەرەو دەوربەری خۆی کردووەوئەو شیکردنەوەیەش کرۆنۆلۆژیایەکی شیکاریانەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانەی لەدوای ساڵی(٢٠٠٣) وە لەکەرکووك روویانداوە، کە باس لە رەوتی ململانێکان دەکات لەپێناو کۆنترۆڵکردنی سیاسیانەی پارێزگاو شاری کەرکووك.

دیسان دوای رووگەی هەڵمەتی لایەنی کوردی دەکەوێت لەسەر ئاستی نیشتیمانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك بەشێوەیەکی دەستووریانە.

دیارە ململانێ لەسەر کەرکووك بەهۆی توندوتیژی هەڵکشاوی گروپە چەکدارەکانەوە سەریهەڵداوە، بەڵام رووداوی توندوتیژی کە پاڵنەری ئیتنیکی پێکهاتە جیاوازەکانی کەرکووکی لەپشتەوە بووبێت کەم و دەگمەن بوون.

وێناکردنی کەرکووك لەماس میدیاکاندا بەو پێیەی " بەرمیلی تەقەمەنی" و" بۆمبی کاتیگر"ە و خۆشکردنی ئاگرەکەشی هەست و رق و کینەی ئیتنیکی لەپشتەوەیە نادروست و دوورە لەراستییەوە. بەڵکو چیرۆکی راستەقینەی نێو واقیع نەبوونی توندوتیژی ئیتنیکی ئەوتۆیە لەبەرامبەر توندترین ئیستفزازدا.

دواجار بەشی چوارەم لەشیکردنەوەیەکی جەوهەریانەوە بەرەو چەمگەرایی دەڕوات و لەفەسڵی دەیەمیشدا هەڵسەنگاندنێکی رەخنەگرانە لەبارەی شکستی پرۆسەی ماددەی ١٤٠/٥٨ بۆ دۆزینەوەی چارەسەری پرسی کەرکووك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی تر پێشکەش دەکات.

کۆتاییهاتنی پرۆسەی ماددەی ١٤٠بەبێ سەرکەتن بەواتای پێویستە پرۆسەیەکی نوێ جێبەجێبکرێت بۆ دیاریکردنی بارودۆخی کەرکووك و نەخشەرێژکردنی سنووری کورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا.

خۆ ئەگەر کورد لەتوانایدا نەبوو هەموو ئەوەی کە هەوڵی بۆ دەدەن بەدەستیبهێنن لەرێگەی ئەو پرۆسەیەی کە ئێستا لەئارادایە، ئەوا ئاسەواری کەڵەکەبووی بێ بەشکردنی کورد لەهەر چارەسەرێك، کە پێی رازیبن لەسەر پرسە ناکۆکەکان ئاسوارێکی کارەساتبارانە دەبێت، هەربۆیە چارەسەری تەوافوقی میانگیری تەنیا رێگەیە بۆ بەرەوپێشچوون.

بۆیە لە فەسڵی یانزەیەمدا رووکاری چارەسەرە تەوافوقیەکان ئەوەی کە پەسەندەو ئەوەش کە پەسەند نییە دیاریکراوە و لەفەسڵی دوانزەیەمیشدا شیکردنەوە بۆ پرسەکانی پەیوەست بەکەرکووك بەرەو چارەسەرکردنی پرسی فەرمانڕەوایی چووەو ئامانجیش لەم فەسڵە دیاریکردنی چارەسەری "تەواوەتی" نییە بۆ پرسی کەرکووك بەڵکو هەوڵدانێکە بۆ بەرەو پێشبردنی دیبەیتەکە بەئاراستەیەکی سوود بەخش.

خۆ ئەگەر لایەنێکیش لەلایەنەکان ئامادەو توانای نەبوو بەردەوام بێت بۆ بەگەیشتن بە تەوافوق لەبارەی کەرکووکەوە، ئەوا پرسەکە مەحکوم دەبێت بەکۆتایی هاتنی بە خوێن رشتنن بەڵام خۆ

ئەگەر گشت لایەنەکان ئامادەبن بۆ سەوداکردن بەوەی لەدەستچووە بە دەستکەوتەکان (واتە ئامادەبێت بەچارەسەری تەوافوقی میانگیری) ئەوا گەیشتن بەچارەسەری ئاشتیانە شیاو دەبێت.

عێراق لەدووڕیانی کەرکووکدا

ڕووداوەکانی تەمووزی ٢٠٠٨ بوونە هۆی جۆشدانی رای گشتی کورد(هەروەك ئەو خۆپیشاندانەی لە ٢٩ی تەمووز بەبەشداری ١٠٠هەزار کەس لەهەولێر بەڕێوەچوو)لەبەرامبەر ماددەی ١٤٠ و سازدانی راپرسی بۆدیاریکردنی داهاتووی کەرکووك.

لەگەڵ ئەوەی سەرکردەکانی کورد نەیانتوانی ڕوویەکی دیبلۆماسی سەبارەت بەو پرسە پیشان بدەن، بۆیە چوونە پاڵ هەستی رای گشی و مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش رایگەیاند:"رێگە بەپەرلەمانی عێراق نادەین دەستکەوتەکانی گەلی کورد لەبار بەرێت، هەروەها عێراقیش دادەڕمێت گەر بێتوو پێشێلی دەستوور بکرێت"١.

لەبەغدادیش پەرلەمانتاران لەبەرامبەر ئەو هەڵکشانەدا لێدوانیان هەبوو، وائل عەبدوللەتیف کە خاوەن نفوزێکی زۆرە سەرۆك تاڵەبانی تۆمەتبار کرد بەبەکارهێنانی مافی ڤیتۆ بەشێوەیەکی نادەستووریانە هەربۆیە داوای دەست لەکارکێشانەوەی کرد.

لەکەرکووکیش رەوشەکە بەرەو خراپتر چوو، ئەوەبوو لە٢٨ی تەمووزدا هێرشێکی خۆکوژی لەدژی ئەو خۆپیشاندانە ئەنجامدرا، کە لەلایەن کوردەوە لەدژی یاسای هەڵبژاردن سازکرابوو، کە ئەوەش بەلانی کەمەوە کوژرانی ١٢کەسی لێکەوتەوە.

لەوەش خراپتر ئەوەبوو، کەلە ١٥ی ئابدا ڕوویدا و لەهێرشێکدا تیایدا کورد کرایە ئامانج نزیکەی ٢٥ کەس کوژران و ئەو کارەساتەش پەلاماردانی بارەگای بەرەی تورکمانی و سووتاندنی ئەو جێگەیەی لێکەوتەوە، کە بەسەدان کورد هەڵیانکوتایە سەر بارەگاکە(سەربای ئەوەی سوپای ئەمریکا لەوبڕوایەدا بوو هێرشەکە لەلایەن گروپێکی وابەستەی رێکخراوی

١- حکومەتی هەرێمی کوردستان. سەرۆك بارزانی هۆشداری دەدات لەهەڵوەشانەوەی عێراق هەرکاتێك دەستوور پێشێل بکرێت. بەیاننامەی رۆژنامەوانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٧ی ئاب دەرچووە.
www.krg.org/articles.asp?smap=02010100&Ingnr=12anr=25113&;rnr=223.

قاعیدەوە ئەنجامدراوە)و ئەوەش تەئکید کردنەوەیە لەسەر ئەو واقیعەی کە پێمان دەڵێت گرژییە ئیتنیکیەکان لەشارەکەدا گەیشتوەتە پنتی هەڵچوون[1].

بەهاتنی پاییزی ٢٠٠٨ بۆجارێکی تر داهاتووی عێراق کەوتەوە تای تەرازووەوە.هاوکات لەگەڵ باشبوونی بەرچاوی رەوشی ئەمنی لەزۆربەی ناوچەکانی عێراقدا ئەوا زۆرێك لە پرسە سیاسیە جەوهەریەکان بەبێ چارەسەر مانەوە، لەپێش هەمووشیانەوە داهاتووی کەرکووك.

دیارە تا سەرکردە عێراقییەکانیش نەگەنە چارەسەرێکی تەوافوقی لەسەر ئەو پرسە، کە لەلای هەمووان پەسەند بێت و تاگەیشتنیش بەو چارەسەرە ئەوا داهاتووی عێراق بەوشێوە هەرێمایەتیەی ئێستای جێگەی گومان دەبێت.

---

1 -Hacaoglu, H.2008.(kirkuk Dispute Fuels Ethnic Tensions in Iraq.) Associated Press,15 August;Oppel,R.2008.(Kurdish Conrol of Kirkuk Creates Powder Keg.) The New York Times,18 August.

بەشی یەکەم

کەرکووك و دەڤەرەکانی دەورو بەری

رەنگە هیچ ناوچەیەکی کێشە لەسەر هێندەی شاری کەرکووك و دەوروبەری ئالۆز نەبێت ١. کەرکووك نموونەیەکی شارە دێرینە "دابەشبوەکانە"، کە تیایدا گروپەکان لەسەر دەسەلاّت و سەرچاوەکان لەململانێدان، هەروەها لەگۆڕەپانەکەیدا کێشمەکێشێکی بنەڕەتی هەیە لەسەر ناسنامەی کەلتووری شارەکە و پێگە رەسمیەکەی٢.

وەك ئاشکراشە کەرکووك هەربەتەنیا بێهاوتا نییە لەوەی کە شارێکی دابەشبووە و کەسانێکیش هەن ئامادەن لەپێناویدا بجەنگن و بمرن، بەڵکو قەبارەی کێشەکان تیایدا _ژمارەی پێکهاتەکانی پەیوەست بەکەرکووك و زۆرو زەوەندی سەرچاوەو رۆڵی نێو دەوڵەتی_هەموویان پێکەوە رەهەندی ئالۆزتری پێدەبەخشن و هێندێك کێشمەکێشی تری مولّکدارێتی هەرێمایەتی بۆ زیاد دەکەن. کەرکووك بەهەموو واتایەك شارێکی دابەشبووە.

کەرکووك شارێکی دێرینە لەزەویەکی دێریندا، وەك باویشە دەوترێت عێراق لانکی ژیارەکانە، کە ئەوەش ناڕاست و بێ ویژدانییە بۆ ئەو دەستەواژەیە لەواقیعدا بەبەراورد بە باکووری ئەم وڵاتە.

دەوروبەری کەرکووك دەکەوێتە سەر زەویەکی بەپیت کە لەکەنداوەوە بەرەو کەنارەکانی ناوەڕاست درێژبوەتەوە و کۆمەڵێك شارو جێگەی نیشتەجێبوونی لەخۆگرتوە، کە بە دێرینترین

١-لەکاتی ئاماژەکردن بە بارودۆخی کەرکوك پێویستە جیاوازی بکرێت لەنێو شارو پارێزگادا.دیارە داهاتوشیان پێکـەوە گرێـدراوەو جیانابێتەوە بەلاّم تایبەتمەندی شار رەنگدانەوەی راستەوخۆی لەسەر پارێزگا نییە.

2 - Hepburn, A.2006.(Ethnicity and Power in Contested Cities: The Historical Experince.) Comparative Urban Studies Project: Urban Update no.7.Washington DC:Woodrow Wilson International Center for Scholars.

شوێن دادەنرێن و لەرابردووشدا چالاکی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی سیستماتیك بەخۆوە دیوە_ئەمە جگە لەوەی ریشەی شارستانیەتی نوێشی تێدایە.

باکووری عێراق، خاوەنی مێژوویەکە لە نیشتەجێبوون و چالاکی کشتوکاڵی و ژیاری و ئەوەش بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕێتەوە، باکووری عێراق تیانووسی گەشەی مرۆڤایەتییە کە رەنگە لەجیهاندا بێ رکابەر بێت.

شارستانیە دێرینەکان سەریانهەڵداو پووکانەوە، ئەوشەڕە گەورەکانی بەرپابوون و رەوتی مێژوویان دیاری کرد، نەتەوەکان کۆچیان بۆ ناوچەکە کردو هەندێکیشیان بونیادنەری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزن، ئایینە دێرین و نوێکان بەتەك یەکەوە ژیاون- پێکەوەژیان لەهەندێك جاریشدا نائۆقرەی و پەنگخواردنەوەی بەخۆوە دیوە، بەڵام لەزۆربەی کاتیشدا بەئاشتی لەگەڵ یەکتریدا ژیاون.

ئەم مێژووە دوورودرێژە لە هەمەجۆری دانیشتوان و کارلێکە کۆمەڵایەتیە فرە رووەکان وایکردووە گەیشتن بەچارەسەری تەنگەتاویی ئیتنی- سیاسی لەکەرکووکدا گرانبێت، بەتایبەتیش کاتێك ئەم وێنە ئاڵۆزە بەبوونی کاڵای ستراتیژی_نەوت_ رەنگاورەنگ دەبێت، کە لەچینەبەردینەکانی ژێر زەوی ناوچەکەدا بەبڕێکی زۆرو زەوەند هەیە.

هاوکات کەرکوك و دەوروبەری بەدرێژایی هەزاران ساڵ هاوسنووری ئیمپراتۆری بووە و تۆماری مێژوویش بەروونی دەریدەخات، کەدروستبوونی ئەو شارە کۆزمۆپۆلیتییە بۆ سەردەمی ناوەند دەگەڕێتەوە و دانیشتوانەکەشی سەرباری ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و ئیتنیکی و ئایینی پێکەوە هەڵیانکردووە. لەبەرئەوە کێشە دەرکەوتوەکانی ئێستای کەرکووك ریشەیەکی دێرینی نییە بەڵکو لەسەدە بیستەمدا سەریهەڵداوە کاتێك لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە ئایدیۆلۆژیای نەتەوەیی باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشا.

هەروەها لە بارودۆخی پاش جەنگی یەکەمی جیهانیدا نەوت بووە هۆی گۆڕینی کەرکووك لەوەی کە بەشێك بێت لەخەڵاتی گەورەی ململانێی نێوان ئیمبراتۆرەکان بۆ ئەوەی کە خۆی ببێتە هەموو خەڵاتەکە.

لەماوەی سەدەی بیستەمدا گێڕانەوەی مێژوویی تایبەت بە هەرپێکهاتەیەك بووەتە گێڕانەوەیەکی بەسیاسیکراو و دژبەیەك و ئەوەش تا ئاستێکی دوور پاڵی بە خودی دەوڵەت و حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانەوە ناوە پشت بە ستراتیژی هێرشبەرانەی فراوان ببەستن لە

مومارەسەکردنی ئەندازەی کۆمەڵایەتیدا، کە ئامانج لێی ئیدارەکردنی ئەگەری هەڕەشە سیاسی و ئەمنیەکانی پیشەسازی نەوتی باکوور بووە، کە لەکەرکووکدا دامەزراوە.

گومانی تێدا نییە پێشکەشکردنی مێژوویەکی بابەتیانە بۆ شاری کەرکووك ئەرکێکی دژوارە ودیسان خستنەرووی مێژووی گەشەی شارەکەش لەلایەن سەرجەم پێکهاتەکانیەوە پەسەند ناکرێت کە لەئێستادا بەکێشمەکێشەوە سەرقاڵ بوون.

بۆیە لەبری ئەوە گێڕانەوەی نەتەوە رکابەرەکان لەلای تورکمان و کوردو عەرەب ئاشکرادەکرێنو لەفەسڵەکانی تردا لێکۆڵینەوەیان لەسەردەکرێت١.

بەڵام ئەوەش رێگر نابێت لەوەی هەندێك راستی تاڵ لەبارەی کەرکووك و ناوچەکانی دەوروبەرییەوە ساغ بکرێنەوە، کە گونجاون بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی ئێستای شارەکە.

بێگومان جوگرافیای کەرکووك و بەرزونزمی زەویەکەی جێگەی بایەخی یەکلاکەرەوەیە بۆ تێگەیشتن لە هۆکاری ململانێی هەرسێ پێکهاتەکە لەسەر شارەکە.

کەرکووك خاوەنی مێژوویەکی سیاسییە و ئەوەش لەرێگەی پەیوەندی بە هێزە ئیمبراتۆریەکانەوە (عوسمان یاخود بەریتانی) یە، کەسەپێنراوە، ئەمە جگە لە پێگە ئیداری لەچوارچێوەی دەوڵەتدا.

دیارە هێشتا رووداوەکانی ئەم دواییەش کاریگەری زۆریان هەبووە لەسەر بارودۆخی ئەمڕۆی شارەکە، کە دەکرێت زۆر بەرودی و بابەتیانە بەرباسبخرێن.

بێگومان ململانێی نێوان شۆڕشگێڕانی کورد بەرابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی کە لەژێر رکیفی سەددام حسێندا بوو، کە لەهەفتاکانیشدا خۆی سەرۆکایەتی کرد، بوە هۆی دروستبوونی ئەو دینامیکە پڕ بایەخەی کە ئێستا لەپشت زۆرێك لەگرفتەکانەوەیە.

١-بەشێکمان تایبەت نەکردووە بە تاوتوێکردنی دیدگای مەسیحیەکان/ئاشووریەکان،هەرچەندە مەسیحیەکان پێکهاتەیەکی گرنگن لەمۆزایکی ئیتنیکی-مەزهەبی عێراقدا و پەیوەندیەکی دوورودرێژیش بەکەرکوکەوە گرێیان دەدات(لەراستیدا لەهەر پێکهاتەیەکی تر پەیوەندیەکی قوڵتری هەیە) بەڵام ژمارەیان لەکەرکوکی هاوچەرخدا دیاریکراوەو ئەوەش وایکردوە نەبنە خاوەنی ئەو دەنگەی کە کاریگەری هەبێت لەمونازەرەکانی لەمەڕ داهاتووی شارەکەدا ، هەروەك ئەوەی کە کورد تورکمان و عەرەب هەیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەهەر کاتێکدا گونجاو بێت ئەوا لە دووتوێی کتێبەکەدا ئاماژە بە مەسیحی و ئاشووریەکان دەکەین.

بەهەمان شێوە دەكرێت بەرەنگاری زۆرێك لە گریمانە باوەكان ببینەوە سەبارەت بە دیمۆگرافیای كەركووك بەرەنگاریبوونەوەیەك كە باوەڕی بە لێكۆڵینەوەی ژمارە ئاشكراو بەردەستەكان هەبێت لەپرۆسەی سەرژمێری دانیشتوان كە لەعێراقدا ئەنجام دراون.

دواجار بەشێوەیەكی رێژەیی تێگەیشتن لەكاریگەری نەوت لەسەر گەشەی كەركووك و داهاتووی ئاسانتر دەبێت. هەروەها بەر لە دەستكردن بە پێشكەشكردنی گێڕانەوەی نەتەوە و پێكهاتە ناكۆكەكانی كەركووك باشتر وایە سیاقی سەرلەنوێ بونیادنانەوەی مێژووی كەركووك هەرلە دێر زەمانەوە تا ئێستا فەراهەم بكرێت ئەویش بەبەرباسخستنی بنەچەی شارەكەو گەشەكردنی لەسایەی ئیمپراتۆریەتە یەك لەدوای یەكەكان و ئەو نەهامەتی و ناخۆشیانەش كە لەسەدە بیستەمدا هاتوونەتە ئاراوە.

فەسڵی یەکەم

کەرکووک بەر لە عێراق

کەرکووك وەك شارو ناوچە بەجوگرافیا سروشتیەکەی و لە سەدەی بیستەمیشدا بە جوگرافیا سیاسی_ئابووریەکەی دیاری دەکرێت.

کەرکووك دەکەوێتە دەشتی میزۆپۆتامیا، کە چیای زاگرۆس لـەباکووری خۆرهەڵاتیدایـەو هەرچی سنووری باکووری خۆرئاوای بازنەی نفوزی کەرکووکیشە بەزێی خـوار نەخشەکێشـراوەو رووباری دیالەش کەتوەتە باشووری خۆرهەڵاتیەوە.

لەباشووری خۆرئاوای کەرکووکیش بەرزاییەکانی چیای حەمرینـە- کـە کـورد بـەو پـەڕی سـنووری کوردسـتانی باشـووری دادەنێـت- ئاسـتەنگێکی سروشـتیە لـەنێوان کـەرکووك و ناوچەوشکەڵاتەکانی باشووردا١.

1- Kramers, J.H.2008.(Kirkuk,) Encyclopaedia of Islam Beaman ,P.,Th.Bianquis,C.E.Bosworth,E.van Donzel and W.P.Heinrichs(eds).Leiden:Brill

ئەم ناوچەیە- کە بەکردەیی لەسەدەی بیستەمدا بووەتە پارێزگای کەرکووك- لە سەرچاوەی ئاوویی زێی دیجلەو زەوییە لەبارە کشتوکاڵیەکانیەوە سوودمەند بووە.

لەکاتێکدا ئاستەمە بەوردی بزانرێت کێن ئەوانەی ئەوناوچەی نیشتەجێبوونەیان دۆزیوەتەوە کە گەشەی کردوەو دواجاریش کەرکووکی نوێی لێکەتوەتەوە.

دیارە کۆدەنگیەکی شیاو هەیە لەئەدەبیاتدا کە باس لەدامەزراندنی یەکەم ناوچەی نیشتەجێبوون دەکات لەلایەن حۆریەکان- نەتەوەیەك بوون، کە لەنزیکەی ٢٤٠٠ی بەر لەزایین لە باشووری ناوچەی قەوقازەوە داکشاون وزنجیرەیەك شانشین ودەوڵەتی یەك لەدوای یەکیان لە چیاکانی زاگرۆس و دەشتی میزۆپۆتامیادا دامەزراندووە.

یەکێکیش لە بەناوبانگترین ئەوشانشین و دەوڵەتانە شاری ئارافا_Arrapha یە، کە لەسەروبەندی ساڵی ٢٠٠ ی بەر لەزایین وەك دەوترێت لەسەر وێرانە شارێکی دێرینی ئاشوورییەکان دامەزراوە١.

دامەزراندنی کەرکووك — بەر لە نزیکەی پێنج هەزار ساڵ _ کێشمەکێشی گەورەی فیکری لەسەردەمی نوێدا لەنێوان کوردو ئاشووریە مەسیحیەکاندا دەتەقێنێتەوە.

هەرچی کوردە پێیوایە ئەوان سەر بەحۆریەکانن سەربای ئەو راستیەی کە هەیە سەبارەت بەزمانی حۆریەکان کە سەر بە خێزانێکە جیاوازە لەزمانی کوردو هیندۆئەورووپی.

بۆنموونە کەمال مەزهەر لە دەستپێکی کتێبەکەیدا(کرکوك وتوابعها Kirkuk and its _Dependencies ئاماژە بەو بەڵگەنەویستییەی مێژوو دەکات سەبارەت بەدامەزراندنی کەرکووك لەلایەن لۆلۆی و حۆریەکانەوە، کەهەردو ئەو گەلەش رۆڵی بنچینەییان بینیوە لە پێکهێنانی گەلی کورددا٢.

هەروەها بۆچوونی تری هاوشێوە هێما بەوە دەکات، کورد راستەوخۆ لە گەلان و ژیارە دێرینەکانەوە سەرچاوەیان گرتوە، هەروەك ئەوەی کوردیش بۆخۆی لەدەبیاتیدا ئاماژەی پێکردووە.

بۆنموونە میهرداد ئیزادی، بنەچەی کورد لەچوارچێوەی شیکاریدا نەك هەر بۆحۆریەکان دەگەڕێنێتەوە بەڵکو بۆ رۆژگارێکی دێرینتر کە کەلتووری هەلەفیەکانە_Halaf دەگەڕێنێتەوە

١- مەزهەر،کەمال.٢٠٠٤"کرکوك وتوابعها"، هەولێر.وەزارەتی رۆشنبیری:٦.

٢ - هەمان سەرچاوە. Izady,M.1993.(Exploring Kurdish Origing.)Kurdish Life,7.

که نزیکەی بەرلە هەشت هەزار ساڵ لەئارادابووە١.هەرچی ئاشووریەکانیشە سوورن لەسەر پەیوەستبوونیان بە ئەو ئیمپراتۆریەتەی ناوی ئەوانی هەڵگرتووە و کەرکووکە ئەسڵییەکەش _ئارافا_شارێکی ئاشووری بوەو هەرنەتەوەیەکی دیکەش کە دواتر هاتوون، هەژموونی خۆیان بەسەرشارەکەدا سەپاندووە، بەڵام نەیانتوانیوە بانگەشە بۆ دامەزراندنی بکەن.

بێگومان کێشەی ئەم پاساوهێنانەوەیەش بۆ سەلماندنی پەیوەندی نێوان گەلانو نەتەوە نوێکان و گەلان و ئەوئیمپراتۆریەتانەیە کە بەر لە هەزاران ساڵ بوونیان هەبووە. تەنانەت ئەگەر توانراش پەیوەندیەکە بسەلمێنرێت ئەوا برەودان پێی بۆئەوەی سەنگێکی سیاسی هەبێت لەپاش هەزاران ساڵ دەبێتە ئەرك و تەحەدایەك بۆ ئەو کەسەی ئەوکارە دەگرێتە ئەستۆ.

رەنگە ئەوەی پتر پەسەندترە لە وبیرۆکەیەکی کە دەڵێت کورد نەوەی حۆریەکانە، ئەو بۆچوونە بێت، کەپێیوایە بنەچەیان بۆ گەلانی تر دەگەڕێتەوەو ناوی ئەو گەلانەش لە نووسراوی ئیمبراتۆرەکانی میزۆپۆتامیادا هاتووە.

ناوی کۆتیەکان(Quit) کە بەدێرینترین ناوهێنانی کورد دادەنرێت یەکێك بوون لەو گەلانەی لەچیاکانی زاگرۆسی هاوسنووری دەشتی میزۆپۆتامیا نیشتەجێبوون و پاشان ئارافاش لە بەرایی ساڵی ٢٤٠ی بەر لەزایینەوە٢، بە پایتەختی کۆتیەکان ناوبراوە.

دواتر دەردەکەوێت لە رووداوە مێژووییە یەك لەدوای یەکەکاندا کۆتیەکان لەسەر دەستی ئاشووریەکان لە هەزارەی دووەمی بەر لە زایین دەبەزێنرێن و لەسایەی حوکمڕانیاندا ئارافا گەشە دەکات و دەبێتە شارێکی مەزن و گرنگ.

بەڵام تەحەدیەکی نوێ لەفۆرمی هۆزە هیندۆ- ئەوروپایەکاندا ئەوانەی لە خۆرهەڵاتی چیای زاگرۆسەوە داکشاون دەردەکەوێت.

لەو هۆزانەش میدەکان سەریانهەڵداوە- کە کورد ئەوانە بە رەچەڵەکی خۆیان دەزانن و لەساڵی ٦١٥ی بەر لەزاییندا ئاشووریەکانیان بەزاندوە٣.

پاشان کەرکوك لەمیدەکانەوە چووتە دەستی پارسیانەکان و دواتریش لەماوەی ٢٢٦-٦٥١ی دوای زایین کەوتوەتە دەست ساسانیەکان.

1-www.xs4all.nl/-tank/Kurdish/htdocs/his/org.html

2 -E lphinstone,w.g.1946.(The Kurdish Question)International Affairs,22,1:92

3 -Diakonoff, I.M.1985.(Media.) In I.gershevitch (ed) The Cambridge History of Iran:Volume 2: The Median and Achaemenian Period. Cambridge: Cambridge University Press:48-9;Roux,G.1964.

خۆ ئەگـەر کـەرکووك دەکەوێتـە ناوچـەیەکەوە کـەلای ساسـانیەکان بـە گارمکـان Garmkan ناوبراوە(ئەم نـاوە لـەلای کـورد بـە ناوچـەی گـەرمیان ناودەبرێـت Garmian کـە بـەواتای وشـە "ناوچەیەکی گەرم" دەگەیەنێت)، ئەوا کلتووری کەرکووکی مەسیحی لە ریشەیدا بۆ فـەرمانڕەوایی ساسانیەکان دەگەڕێتەوە لەماوەی ٢٢٦- ٦٥١ ی دوای زایین، پاش ئەوە شارەکە بـوە سـەنتەرێکی گرنگی نەستۆرەکان، ١ سەرباری ئەوەی بۆخۆشی سەنتەرێکی گەوەری ئیدار بوو٢.

ئەوەی جێگەی سەرنجە نە لە مێژووی کەرکووکی مەسیحی و نە لە مێـژووە کوردیەکەیـدا ئاماژە بە بوونی عەرەب نەرکراوە تەنانەت لـە مـاوەی ساسانیەکانیشـدا- بەهـەمان شـێوەش ئاماژە بە تورکمان نەکراوە ئەویش لەبەر ئەوەی کۆچکردنیان بۆ کەرکووك بەو قەبارەیە نـەبووە کە کاریگەری هەبووبێت.

لەدوای رووخانی ساسانیەکانیش کەرکووك (کە ئەو دەم بە کۆمەڵێك نـاو دەناسـرا "کرخـا دبیس سـلوخ، کرخینـا"٣، بۆماوەیـەکی کـەم کەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی نـەوەکانی بێگتگنیـد Begteginidەوە کە هەولێر بارەگای بوو بەر لەوەی بچێتە سەر ئیمپراتۆریەتی عەباسیەکانەوە.

هەرچی دەرکەوتنی عەرەبیشە لەگـەڵ بـەرەو پێشچـوونی شـاڵاوەکانی ئیسـلام بـۆ وڵاتـی میزۆپۆتامیا و چیاکانی زاگرۆس لەباکوورەوە خۆی دەبینێتەوە.

مێژوونووس کەمال مەزهەر دەڵێت فەتحی ئیسلامی یەکەمین لێکەوتنی راستەوخۆو فراوانی عەرەب بووە بۆ کوردو کوردستان و کەرکووك و پاشبەندەکانی٤.

هاوکات ئەو مێژوونووسە جەخت لەوە دەکاتەوە ئیسـلام بـارودۆخی کۆمەڵایـەتی و کلتـووریی کوردی بەئاسانی نەگۆڕی و رووبەڕووی هیچ تەحەددایەکیش نەبوونەوە لەسـەر خاکەکـەیان، بـەڵکو ئاماژە بەوە دەکات، کە کـورد بـەپیر زمـانی عـەرەبی و قورئانـەوە چـوون و لەلایـەن خۆشـیانەوە

١- نستۆریوس Nestorious گەورە ئەساقیفەی قستنتینیە ٤٢٨-٤٣١، دامەزرێنەری ئەو باوەڕگەیەی کە دەبێژێت مەسیح لـە دوو کەسدایە، مەسیح لە فۆرمی پیـاوو و مەسـیح وەك کـوڕی خواوەنـد. پـەیڕەوکارانی ئـەم باوەڕگەیـە —نەسـتۆرەکانی کڵێسـای ئاشووریەکان خۆرهەڵات-لەکڵێسا بیزەنتی جیابوونەوە، پاش ئـەوەی باوەڕگەکـەیان لەلایـەن ئەنجوومـەنی ئافیسـوس Ephesus Councilmەوە لەساڵی ٤٣١ سەرکۆنە کرا.

2 - Oates, j. The Fall of Assyria; In J.Boardman et at(eds) The Cambridge Ancient History, 2nd ed.Cambridge University Press:193.

٣- Kramers op.cit هەمان سەرچاوە.

٤- مەزهەر،هەمان سەرچاوە:١٣.

کۆمێنتسازانی عەرەب دانیان بە ناسنامەی کوردبوونی کەرکووکدا ناوە[1]. رەنگە پەسەندکردنی ئەوەش کەمێك گرانیش بێت ئەویش لەبەر نەبوونی بەڵگەیەك بۆ ئەوەی خودی کورد یان ئەوانیتر هۆزە جۆربەجۆرەکانی زاگرۆسیان بە کورد ناوبردبێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو بنەچانەی کورد لەدوای ئەوەی چوونە سەر ئایینی ئیسلام بارودۆخەکەیان گۆڕانی بەسەردا هات.

بەهاوبەشی لەگەڵ کوردو ئاشووریەکاندا، تورکمانەکانیش بوونی خۆیان لەعێراقدا نەك بۆ رابردوویەکی دیرین دەبەستنەوە بەڵکو بوونیان بە ئەرکی جوامێرانەو ژیارە بەهێزەکانەوە گرێدەدەن.

بەڵام بەپێچەوانەی کوردو ئاشووریەکان دیدی تورکمان بۆ بوونیان لەعێراقدا بۆ سەردەمێکی نوێ دەگەڕێننەوەو دان بەوەشدا دەنێن، کە رەچەڵەکیان بۆ هۆزە تورکەکانی ئاسیای ناوەند دەگەڕێتەوە کە بەرەو نیمچە دورگەی ئەنادۆڵ و عێراق لەچەند شەپۆلێك و لە چەند سەدایەکدا داکشاون و ئەو کۆچکردنەش لەرۆژگاری ئیمپراتۆریەتی عەبباسیدا لەوپەڕیدا بووە.

یەکەمین جار کە ئاماژە بە بوونی تورکمان کراوە لەعێراقدا بۆ سەدەی حەوتەم دەگەڕێتەوە، ئەویش بەو پێیەی سەربازی نێو ریزەکانی لەشکری شالاوبەری ئیسلامی بوون.

تەبەری ئاماژەی بە والی ئەمەوی لەعێراق عەبدوڵڵا کوڕی زیاد کردوە، کە رابەرایەتی نزیکەی هەزار جەنگاوەری تورکمانی لەم وڵاتە کردووە[2].

خۆئەگەر ئەمە راست بێت ئەوا پەیوەندی لەوجۆرە هەوڵدانە بۆ پێدانی جۆرە رەوایەتیەك بەبوونیان، بەتایبەتیش هەریەك لەکوردو ئاشووریەکان بانگەشە بۆ پەیوەندی مێژوویی دێرینتری خۆیان بەناوچەکەوە دەکەن. بەڵام ژمارەی جەنگاوەرە موسڵمانە تورکەکان سنووردداربوون و ئەوەش نەبووەتە هۆی دروستبوونی ژمارەیەکی زۆری تورکمان تا ئەو کاتەی کۆچی هۆزەکانی ئاسیای ناوەند بەتایبەتیش هۆزەکانی ئۆغۆز لەکۆتاییەکانی سەدەی حەوتەمدا دەستیپێکردووە، کەکۆچێکی فراوانیان بەرەو خۆرهەڵاتی ناوڕاست و ئەنادۆل کردووە[3].

---

١ -هەمان سەرچاوەی پێشوو:١٤.

2 -Al-Hirmizi, E.2003. The Turkmen and Iraqi Homeland. Istanbul:Kerkuk: Vakfi:16;Kerkuki,I.2002.

(پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان کوردو تورکمان لەشاری کەرکوکدا)، لە(کەرکوك شاری پێکەوەژیانی نەتەوەکان). لەندەن، سەنتەری کەربەلا بۆ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە:٣١٢: هەروەها

Kerkuki,I.2007.Turkmen of Dublin: no publisher:18.

٣- کەرکوکی ،هەمان سەرچاوە،٣١٢، یەکەمین ئاماژەی ژێدەرە ئیسلامیەکان بەگەلی ئۆغۆز-تورکمان Oghuz-Tjrkmen ، دەگەڕێتەوە بۆ ناوڕاستی سەدەی یانزەیەم. بڕوانە:

پتەوبوونی پەیوەندی تورکمان و ئیسلام بۆ رۆژگاری خەلیفەکانی عەبباسی دەگەڕێتەوە، کە زۆر پشتیان بە و تورکمانانە بەستووە کە لەسوپادا خزمەتیان کردووە. بەڵام پەیوەستبوونی راستەوخۆ و بەهێزی تورکمان بە دامەزراوەکانی فەرمانڕەوایی لەعێراقدا لەماوەی حوکمڕانی سلجوقیەکاندا بووە لەسەدەی یانزەیەمدا.

هەروەها هاتنی ژمارەی زۆری تورکمانەکان بۆ عێراق لەگەڵ داگیرکاری تۆغرۆلدا، کە فەرمانڕەوایی دووەمی نەوەی سەلجوقیەکان بووە و لە ساڵی ١٠٥٥دا سەرکردایەتی لەشکرێکی کردوە، کە زۆربەی جەنگاوەرەکانی تورکمان ئۆغوز بوون.

ئیمپراتۆریەتی سەلجوقی دەوڵەتێکی سەربازی بوەو لەهێزی سەربازیشدا بە زۆری پشتی بە تورکمان ئۆغوز بەستوەو دواتریش بەهەمان شێوەلە فەرمانگەکانی فەرمانڕەوایدا.

سەلجویەکان لەپێناو پاراستنی ئیمبراتۆریداگروپە تورکمانیەکانیان بەدرێژایی رێگە گرنگەکانی بازرگانی جێگیرکردوە، بەتایبەتیش لەسەر هێڵی تەلەعفەر- هەولێر- کەرکووك- مەندەلی کە ئێستا تورکمان بە "تورکمان ئیلی"_ خاکی تورکمان ناویدەبات.

تورکمانەکان کە رەچەڵەکیان بۆ ناوچەکانی ئاسیای ناوڕاست دەگەرێتەوە پشت و پەنای فەیلەقی سەلجوقییە موسڵمانەکان بوون و بەپلەی یەکەمیش لێپرسراو بوون لە زیندوێتی کۆمەڵگەی ئیسلامی١.

لەسەدەی هەڤدەیەمدا کەرککوك لەبن دەسەڵاتی سەلجوقەیەکان مایەو دواتریش دەسەڵات چووە دەست نەوەکانی زەنکی تورکییەوەکە سەنتەرەکەیان لەموسڵ بوو٢.

بەڵام ئەو سەردەمە تەمەنی کورتخایان بوو، چونکە هێزێکی تازە لەخۆرهەڵاتەوە بەرەو عێراق و ناوچەکە هات و بەدرێژایی سەدەکانی دواتر بەردەوام بوو.

شاڵاوی داگیرکاری مەغۆلەکان لەقولایی ولاتانی ئیسلامیدا بووە هۆی هاتنی ژمارەیەکی زۆری کۆچبەران لە ئاسیای ناوڕاستەوە بۆ ئێران و عێراق و سوریاو ئەنادۆڵ و قەوقاز، کە لەنێو

Wood,J.1999 .The Aqquyunlu:Clan, Confederation, Empire.Salt Lake City,UT: University of Utah Press:25-26.

1 -Hodgson, M.G.1974. The Venture of Islam: Conscience and History in a World Civilization. Volum 2:The Expansion of Islam the Middle Periods. Chicago,IL: University of Chicago Prees:400.
2 -Nakip, M.2004 the Identity of Kirkuk. Columbia University Turkmen Symposiun, November.

ئەو کۆچبەرانەشدا خودی مەغۆلەکانی تێدابوو، هەروەها ئە تورکمانانەش کەمتر نەبوون کە شالاَوەکانی مەغۆل کۆچی پێکردبوون١.

شوێنەواری داگیرکاری مەغۆل زۆربوون، لەوانەش لاوازکردنی سەقامگیری خەلافەتی عەباسی کە رۆژێك بوو لە بەغداد بەهێز بوو.

لەژینگەیەکی سیاسی و کۆمەلاَیەتی وەك ئەوەی وودز(woods)بە"کۆمەلَگەی دوولایەن"ناویدەبات، کەسەرکردەکانی جەنگ (تورك)ی کۆچەری و دانیشتوانی ناوچەکە، کەداگیرکاری بەرۆکی گرتبوون، لەخۆگرتبوو، تورکمان وەك گردبوەوەیەکی فەرمانڕەوا لەباکووری عێراقو ناوچە دوورەکانی دیکەی باکوور سەریانهەلَدا، ئەویش وەك دەرئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی جوگرافیا کە بەهۆی داگیرکاری مەغۆلەکانەوە کەوتەوە٢.

خۆ ئەگەر فیدراسیۆنی خێلَەکانی تورکمان لەوانەش (قەرە قۆینلۆ- بەرخی رەش، ئاق قۆینلۆ- بەرخی سپی) خرانە ژێر رکێفی سیستمی سیاسی مەغۆلەکانەوە، ئەوا ئەوکارە لەجێگەی خۆیدا بوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی سیاسی کە بەهۆی لاوازبوونی دەسەلاَتی ئەمیرە مەغۆلیەکانی جەنگەوە هاتبوە ئاراوە.

ئەو فیدراسیۆنە خێلَەکییەی تورکمان لەماوەی هەردو سەدەی چواردەیەم و پانزەیەم حوکمی لە ئێران و تورکیاو سوریاو عێراق کرد و بەرپرسیاریش بوو لە کۆچی نەتەوە بەبنەچە تورکەکانی ئاسیای ناوڕاست بۆ عێراق.

دیسان هێزی سەربازیی تورکمان دانپێدانانی هێزەکانی تری بەدەستهێناو بەئاسانیش هۆزە تورکمانەکان خزێنرانە نێو ئامێری سەربازی ئیمپراتۆریەتی سەفەویەوە.

ئەو جەنگاوەرە تورکمانانە ئینتیمایەکی بەهێزیان بۆ ئیسلامی شیعی هەبوو، کە دەولَەتی سەفەوی لەسەر دامەزرێنرابوو.

ئەوانەبوونە هێزی بەسامی سەفەویەکان، کە بەقزلَباش(سەرسوور) دەناسران ئەویش بەهۆی ئەو کلاَوە سوورەی کە لەسەریان دەکرد.

شائیسماعیلی یەکەمیش دەیزانی کە گرنگی عێراق بۆ ئیمپراتۆریەت چییە، بەتایبەتیش لاپالَی بەپیتی چیاکانی زاگرۆس و دەشتە هاوسنوورەکانی، هەربۆیە بەئەنقەست ژمارەیەکی زۆری لە

---

١ - Woods، هەمان سەرچاوەی پێشوو،٣.

٢ -هەمان سەرچاوەی پێشوو،٢٨.

قزلّباشەکانی هەواداری لەناوچەکانی دەوروبەری کەرکووك و توزخورماتوو نیشتەجێکردو، دەسەڵاتی حوکمکردنی پانتاییەکی فراوانی زەویشی بەخشیە سەرکردەی هۆزەکان١.

هەندێك پێیان وایە دابەشبوونی تورکمان بەسەر تایەفەی سوننەو شیعەدا راستەوخۆ پەیوەندی بەنیشتەجێکردنی هۆزەکانی قزلّباش(هەرتیقی- Heretic)ەوە هەیە لەلایەن سەفەویەکانەوە، کە دواتریش عوسمانیەکان بوون و ژمارەی تورکمانی سوننەیان پتەووزیاتر کرد.رەنگە هەر ئەوەش بووبێتە هۆی ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی تورکمان لەسەنتەرەکانی ئیدارەی کەرکووك (بەتایبەتیش خودی شارەکەوشارەوانیە گەورەکان)، سوننە بن و تورکمانە شیعەکانیش لەگوندەکانی پارێزگاکەدا جێگیربووبن.

ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

لەدوای هەرەسی مەغۆل، ئاژاوە باڵی بەسەر باکووری عێراقدا کێشا، هەروەها ئاماژەی زۆری تورکمانە هاوچەرخەکانیش بۆ ئەو سەردەمە تەنیا دیدێکی رۆمانسیانەیە بۆ ئەو ئیمپراتۆریەتە ئاوابووانە. بەڵام لەگەڵ فراوانبوونی ئیمپراتۆری عوسمانی لەسەدەی شانزەیەمدا پێگەی تورکمان لەکۆمەڵگەی نوێی عێراقیدا جێگەی خۆی کردەوە و لەپاش شالاوی سلێمان قانونیش بۆ عێراق لەساڵی ١٥٣٥ی زایینی کەرکووك بەشێوەیەکی جێگیرتر کەوتە ژێر رکێفی عوسمانیەکانەوە، کە لە تۆماری عوسمانیەکاندا بە "غۆکیورت"یان "نیشتمانی شین"ناوی هاتوە و ئەودەمەش ناسنامەی شاری کەرکووك ناسنامەیەکی تورکی پێدراوە٢.

لەسایەی عوسمانیەکاندا کۆچی تر بەرەوباکووری عێراق روویداوە و لەو ماوەیەشدا بەتایبەتی بانگەوازی تورکمانە هاوچەرخەکان بۆ پەیوەستبوونیان بە وڵاتی ئەنادۆڵ و دەوڵەتی تورکیاوە بووە.لەراستیدا ئەو داواکارییە بەشێوەیەکی بەرچاوو بەهێز پێشنیازکراوە و وەك "حنا بتاتۆ"ش ئاماژەی پێکردووە، نەژادپەرستی رۆڵی گرنگی هەبووە، لە دروستکردنی "ئەرستۆکراتی"فەرمانبەران لەعێراق لەدوا رۆژەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا٣.

---

1 -Huerwiz,J.C.1968.(Military Politics in the Muslim Dynastic States,1400-1750). Journal of the American Oriental Society,88,1:96-104.

٢- ناکپ Nakip ، هەمان سەرچاوە،٢

٣, -بگاگو Batatu,H.1978.The Old Social Classes and Revolutionary Movements in Iraq :A Study of Iraq's Old Landed and Communist, Ba atheists and Free Office Princeton NJ, Princeton University Press :212.

لەعێراق و لەماوەی سەدەی نۆزدەیەمدا بانگەوازی ئینتیمابوون بۆ رەچەڵەکی تورکی بەپێی قەواڵە ماقوڵەکان، کلیلی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی بووە، تەنانەت خێزانە تورکەکان کە سەر بە توێژە کۆمەڵایەتی- ئابوورییە باڵاکانی عێراق بوون گرنگترین پۆستی دەزگای ئیدارییان لەدەستدابووە.

هەندێك لەو خێزانانە لەگەڵ سوپای سوڵتان موراد لەساڵی ١٦٣٨ هاتوونەتە عێراقەوە، هەندێکی دیکەشیان دواتر لەگەڵ کەسایەتە ناسراوەکانی دیکەی عوسمانیەکاندا هاتوون.

وەك بەڵگەنەویستیەك کەرکوك بەلای ئەو خێزانانەوە زۆر جێگەی بایەخ بووە، چونکە بنەماڵە بەرەچەڵەك تورکەکان بەدرێژایی رۆژگارێك پۆستی باڵایان لەدەستدا بووە١. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناوچەکە هەر بۆن و بەرامێکی بەهێزی کوردانەی هەبووە و عوسمانیەکانیش لەکەرکووك و لەنزیك سنوورەکانی ئیمپراتۆری توند بوون و بەزەرورەتیش پشتیان بە میرو پیاوماقوڵانی کورد لەناوچەکەدا بەستووە بۆ پاراستنی ناوچە سنووریەهەستیارەکانی خۆرهەڵات.

جا بەدیدی ئەوان ئەو "میر"انە کوردبووبن یان زیاتر گرنگییان بە پێگەی کۆمەڵایەتی- ئابوورییان دابێت، ئەوا بێگومان ئەوە پرسیارێکی رەوایە بەڵام گێڕانەوەی کوردی لەدیاریکردنی سروشتی بارودۆخەکە بەروونی تەئکید لەسەر دیدگای یەکەم دەکاتەوە، بەجۆرێك هەریەك لەسۆران و بتلیس و ئەردەڵان و بابان لەو شوێنانەی تر بوون، کە بەمەکۆی بزوتنەوە سەرەتاییەکانی ناسیونالیزم وەسف دەکرێن و سووربوون لەسەر بەرگریکردن لە زەوییە کوردیەکان لەدژی زیادەڕۆیی سەفەویەکان.

هەربۆیە زووش کەرکووك لەنێو ئەو نووسینانەدا بووەتە جێگەی بایەخو بە پایتەختی شارەزوور کە لە ٣٢ ناوچە پێکهاتووە، ناوبراوە٢.

یەکێك لەو سەرچاوانەی کە بانگهێشکارانی کورد ئارەزووی ئاماژە پێکردنی دەکەن بۆ تەئیکد کردنەوە لە سەر کوردبوونی "کەرکووك"، ئەو ژێدەرەوە لەلایەن مێژوو نووسی عوسمانی"شەمسەدین سامی"یەوە نووسراوە.

لەوکارەیدا"قاموسی ئیعلام"کە لە ساڵی ١٨٩٧ بڵاوکراوەتەوە، باس لە شاری کەرکووك دەکات کە دەڵێت سێ بۆ چواری دانیشتوانەکەی کوردن و بەو چارەکەی تریش کە دەمێنێتەوە عەرەب و تورکمان و ئەوانی دیکەن.

---

١ - هەمان سەرچاوە.

٢ -کرایرز – Kramers هەمان سەرچاوە.

خۆ ئەگەر کورد ئەو سەرچاوەیە وەك بەڵگەیەکی روون بۆ تەئکید کردنەوە لە زۆری ژمارەی خۆیان پەنای بۆ دەبەن، ئەویش نەك هەر بەتەنیا لەناوچە گوندنشینەکان بەڵکو لە خودی شارەکەدا، ئەوا ئەو بنەمایەی کە ئەو مێژوونەشە لەدیاریکردنی ستراکچەری دیموگرافیای دانیشتوانی کەرکووك پشتی پێبەستووە، روون نییە.

هەروەها هەوڵوێستیشی جیاوازە لەگەڵ هەڵوێستی چاودێرانی دیکە کە بەماوەیەکی کەم دوا بەدوای ئەو هاتوون، هەروەها لەلایەن زانایانی تورکمانیشەوە بەتەواوتی رەتیدەکەنەوە[١].

وادیارە بەدەر لە وردبینی"قاموسی ئیعلام"، پێکهاتەی ئیتنیکی کەرکووك لەسەردەمی عوسمانیەکاندا بەئاشکرا دیاری نەکراوە و وێنای دەستەبژێریش وێنایەکی ئاوەژووکراوە لەنێوان دەسەڵاتداران عوسمانیو میرە کوردەکاندا.

هەروەها ئەو ئاوەژوو بوونە زیاتر دەبێت کاتێك مرۆڤ ژیانی رۆژانەی شارێکی عوسمانی بەهەند وەربگرێت، لەبەر ئەوەی کورد و عەرەب و تورکمان بەدوور لەیەکتر نەبوون و وەك ئاشکراشە هەردوو زمانی عەرەبیو کوردی دوو زمانی باو بوون و زمانی تورکی عوسمانیش کەمتر بووە بەتایبەتیش لەناوچە گوندنشینەکاندا، ئەویش بەو پێیەی دوو ئامرازی نارەسمی بەیەکگەیشتن بوون.

دیسان وشەی"تورکمان" بەتایبەتیش لەدوا رۆژەکانی ئیمپراتۆری عوسمانیدا بەزەرورەت مەرج نەبووە ئەو کەسە لەرووی ئینتیمای ئیتنیکییەوە تورك بووبێت، لەکاتێکدا کوردیبوون ئاوەڵناوێك بووە بۆ ئاماژەدان بە پێگەیەکی جوگرافی کە ناسنامەی گروپێکی ئیتنیکی پێ دیاریکراوە.

پرۆسەی "بەعوسمانیکردن" لەرووی کردەییەوە "بەتورککردن"ی خێرای ئەو ناتورکمانانەی کردوە، کەلە نێو دەزگای ئیدارەی عوسمانیدا کاریانکردووە و ناچاربوون فێری زمانی تورکی عوسمانی بن و پەیڕەوی داب و نەرێتی عوسمانیەکان بکەن.

---

١ - یەکێك لەو توێژەرانە ، مۆفەق کەرکوکلو وە ، کە پێیوایە سامی لەبارەی کەرکوك و بەغدادەوە نووسیوویەتی بێ ئەوەی هەرگیز سەردانی شوێنەکانی کردبێت ، هەروەها کۆمەڵێك هەڵەی لەنێو دوتوێی تەواوی کتێبەکەدا ژماردووە.
کەرکوکلو Kerkulu هەمان سەرچاوە.

هاوکات نێوەندەکانی کارو بازرگانیش بەهەمان شێوە ئەوەی خواستووە، چونکە هەڵس و کەوت کردن لەشارە گەورەکاندا لەوانەش کەرکووك پێویستی بە " تورككردن"ی رەچەڵەکی ئەو ناوەندانە بووە١.

کەوابوو ئەوپرسیارەی کەپێویستە بکرێت ئەوەیە، چەند لە تورکمانەکانی ئەمڕۆ بنەچە تورکیەکەیان بۆ سەدەی نۆزدەیەم و پێشتر دەگەڕێتەوە، چەند عەرەب یان کورد بەئاسانی فێری تورکی بوون بۆ ئەوەی بە پەیژەی کۆمەڵایەتی- ئابووری ئەو رۆژگارەدا سەربکەون؟ لەواقیعدا ئەوە پرسیارێکی بەسوود نییە، بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی ئاریشەی ئێستا، کە پەیوەستە بەگەڕانەوەی ناوچە کێشە لەسەرەکانی باکووری عێراق، بەڵام تەئکید لەسەر ئالۆزی بارودۆخی دیوگرافیای ئێستا ناوچەکە دەکات.

ئەوەی مایەی سەرنجە مونازەرەکردن لەسەر زمانی هاوبەش لەکەرکووك یاخود ناسنامەی پێکهاتە ئیتنیکیەکانی لە سەدەی نۆزدەیەمدا باو نەبووە، بەڵکو ئەو دیبەیتە هی سەردەمی نوێیە و بۆ ناوڕاستی سەدەی بیستەم و دواتر دەگەڕێتەوەو لەبناغەشدا پەیوەستە بەهەڵکشانی سیاسەتی ناسنامە لە دەوڵەتی نوێی عێراق و کەرکووك بەتایبەتی، کە خاوەنی مێژوویەکی دوورو درێژی نیشتەجێبوونی فرە ئیتنیکەکان بووە، هەربۆیە قسەکردن لەسەر ناسنامەی راستەقینەی شارەکە یان مافی حوکمڕانی پێکهاتەیەك بەسەر پێکهاتەیەکی تر بەپێی زۆری ژمارەکەی دەبووە هۆی لەبارچوونی سەقامگیری شارەکە.

دیارە فاکتەری یارمەتیدەر لە سەرهەڵدانی ئەو دیبەیتەدا زیاتر پەیوەندی بە ئیستیغلالکردنی نەوت و تەقەلاکانی دەوڵەتەوە هەیە بۆ دوور خستنەوەی ئەگەری هەر هەڕەشەیەك لە ناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوتدا.

نەوتی کەرکووك

سەرباری ئەوەی هەزاران ساڵە، زانراوە نەوت لەباکووری عێراقدا بوونی هەبووە بەڵام واقیعی ئەم ناوچەیە لە پێشبینیکردنی میانڕەوییەوە بۆ پشکنینی جددییانە دەستی بەگۆڕان

١- ئەوەی جێگەی بایەخە پرۆسەکە بەپێچەوانە لە هەولێردا روویداوە، بەبێ ئەوەی پێکهاتەی تورکمان روو بەڕووی پرۆسەی بە"کوردکردن"ببێتەوە لەبەرئەوەی ناوەندی بازرگانی زمانی کوردی بەکاردەهێناوە و رەنگە سروشتی دەزگا ئیداریەکانیش لەهەولێر بەبەراورد بەکەرکوك لەئاستێکی نزمتردا بووبن.

نەکردووە، تا ئەو کاتەی هێزی پیشەسازی ئەوروپا پێویستی بە نەوت هەبووە بۆ پیشەسازییە فراوانەکەی یاخود لەحاڵەتی بریتانیادا بۆ بەرێکردنی نەوەی دووەمی کەشتیە جەنگیەکانی.

یەکەمین بەڵگەی بایەخپێدانی دەسەڵاتدارانی عوسمانیش بەنەوتی ولایەتی موسڵ (بەکەرکووکیشەوە) بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێتەوە، کاتێك سوڵتان عەبدولحەمید کۆمەڵێك ئیمتیازی هەردو ولایەتی موسڵ و بەغدادی بەخشیە "لیستی مەدەنی" حکومەتی، تا دەرفەتی واژۆکردنی گرێبەست هەبێت بۆ دەست بەکارکردن لەو دوو دەڤەرەدا.

ئەوەبوو یەکەمین کاری کنەکردن بەدوای نەوتدا لەعێراق بۆ ساڵی ١٩٠٢دەگەڕێتەوە لەناوچەی "جیاسورخ"، کە لەمڕۆدا دەکەوێتە پارێزگای دیالەوە١.

ململانێی نێوان هێزەکانی ئەوروپا لەسەروبەندی سەدەی نۆزدەیەم لەچوارچێوەی کۆمەڵێك کۆمپانیادا سەریهەڵدا، کە ئارەزووی دۆزینەوەی کێڵگە نەوتییەکانی باکووری عێراق و ئێرانیان دەکرد و هەروەها کاتێکیش گروپگەلە نێودەوڵەتیەکان لەماوەی نێوان ١٩٠٠- ١٩١٤ پێشکەشکرد دەرخستەی خۆیان لەبەرامبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازدا٢.

لەساڵی ١٩٠٤دا لیستی مەدەنیانەی عوسمانیەکان لەگەڵ کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی ئەنادۆڵ —بەپشتیوانی دارایی دۆیچە بانك Deutsche Bank _گرێبەستێکیان واژۆ کرد، لەپێناو کاری رووپێوکردن لەهەردو ولایەتی موسڵ و بەغداد.

دیسان بۆ ئاگاداربوون لەو گرێبەستەی کە ساڵی پێشووتر لەنێوان کۆمپانیای هێڵی ئاسنینی عوسمانی لەئەنادۆڵ (ئەویش لەژێرکۆنترۆڵ دۆیچە بانکدا بوو) لەگەڵ دەسەڵاتدارنی عوسمانی واژۆ کرابوو، بۆ گەیاندنی هێڵی نێوان بەرلین و بەغداد و بۆ زامنکردنی گەیشتنیش بە سەرچاوەکانی ناوچەکە، ئەو گرێبەستە مافی کنەکردن و گەڕان بەدوای کانزادا بەدرێژایی بیست کیلۆمەتر بەهەردولای هێڵە ئاسنینەکەدا بەخشیبووە لایەنەکانی نێو گرێبەستەکە٣.

هاوکات شانشینە یەکگرتوەکان لەبەرامبەر ئەو هەنگاوەدا بێ دوو دڵی دوانەکەوت و ولیام نوکس دارسی کە یەکێك لە ئەندازیارانی دەستپێشخەریەکەی بریتانیا بوو بۆ گەڕان بەدوای

1-Earle, E.1924.(The Turkish Petroleum Company-A Study in Oleaginous Diplmacy). Political Science Quarterly,39,2:265-279, quote at 266; Shwadran,B.1955. The Middle Oil and the a Great Powers. London: Atla:193.ntic Pres

2- Slugelett, P.1976. Britain in Iraq.Lonndon: Ithaca Press;103

3-Earle ، هەمان سەرچاوە، ٢٦٦.

نەوت لەوڵاتی فارسدا، یاداشتنامەیەکی دایە سـولتان سـەبارەت بـە و مافانـەی کـە پێشـتر بەخشیبوویە بانکی ئەڵمانی١.

دیارە هەوڵەکانی سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، لەکاتێکـدا کۆمپانیـای نـەوتی ئـەنگلۆ- ئێرانـی(The Anglo- Persian Oil Company(APOC، کـە حکومـەتی بریتانیـا خـاوەنی گەورەترین پشکی بوو، هاوکات لەندەن بەلانی کەمەوە درکی بەبوونی یەدەگی گـەورەی نـەوت دەکرد لە ژێر خاکی ولایەتی موسڵدا.بەڵام دواتر یاریزانێکی تر لەگۆڕەپانەکەدا لەماوەی نێوان ١٩٠٧- ١٩١٢سەریهەڵدا کە خۆی لەهۆڵەندیەکاندا دەبینییەوە.

ئـەوەبوو هۆڵەندیـەکان سـەرکەوتن و بەریتانیـەکانیش شکسـتیان خـوارد و دانپێـدانانی حکومەتی عوسمانییان بەدەستهێنا بەو پێیەی شایەنی ئەوەن ئیمتیازی نەوتییان پێببەخشرێت.

بەهاتنی ساڵی ١٩١٢، سـێ گروپـی ئـەوروپایی جیـاواز چـالاکانە لەهـەوڵی بردنـەوەی ئیمتیازاتدا بوون لەدوو ولایەتدا، لەوانـەش دۆیچـە بانـك و کۆمپانیـای ئـەنگلۆ- ئێرانـی و کۆمپانیای نەوتی هۆڵەندی ئەنگلۆ –ساکسۆنی.

هەریەك لەئەڵمانیاو بریتانیاش زۆرجار خاوەنی پشکی خۆیان بوون لەو کۆمپانیایانە.

بۆرێگرتنیش لەئالۆزبوونی بارودۆخەکە و بەلەبەرچاوگرتنی ئیعتیباری سیاسی زیـاتر، ئـەو گروپەکۆمپانیایە ئەوروپا سووربوون لەسەر دوورخستنەوەی هەر رۆڵێکی ئەمریکا(کە خۆی لـە گروپی ئەمریکان چێستەر گـروپ- American Cheter Group)دا دەبینیـەوە لەناوچـەکەدا، تەنانەت بریتانی و ئەڵمان و هۆڵەندیەکان یێکەوە هەوڵەکانیان یەکخست بۆ گوشارخستنە سـەر حکومەتی عوسمانی تا مامەڵە ی راستەوخۆ لەگەڵ هەردو حکومەتی بریتانیاو ئەڵمانیا بکـات (هۆڵەندیەکان لەئاستی پراکتیکیدا لایەنێکی تێکەڵاو بوو بە دەستپێشخەریەکەی بریتانیا)٢.

دەرئەنجامی ئەو دیدارە سێ قۆڵییەی نێوان بریتانیاو ئەڵمانیاو ئیمپراتۆری عوسمانی لەساڵی ١٩١٢ کۆمپانیای نەوتی تورکی (The Turkish Petroleum Company(TPC، هاتـە ئـاراوە کـە پێشـتر ناوەکـەی کۆمپانیـای ئیمتیـازی ئـەفریقیو خۆرهـەڵاتی Africa and Eastern Concessions بوو، ئـەویش بەمـەرامی دەسـت بەسـەراگرتنی سـەرجەم مافـەکان لەکێڵگـە نەوتییەکانی وڵاتی میزۆپۆتامیا.

1- هەمان سەرچاوە،٢٦٧.

Shwadran -2،هەمان سەرچاوە.

کۆمپانیای نەوتی تورکیایش لـەژێر کـۆنترۆڵی دامــەزراوە بریتانیایەکانـدا بــوو لەوانــەش بـانکی نیشتیمانیی تورکی (دوا دامەزراوەی بریتانیا بـوو)، کـە خـاوەنی ٥٠٪ی پشـکەکان بـوو، هەرچـی نیوەکەی دیکەش بوو بەسەر کۆمپانیای ئەنگلۆ_ساکسۆنی و دۆیچە بانکدا دابەشکرابوون.

هێزە ئەوروپاییەکان بەتایبەتیش بریتانیا خواستی ئەوەیان هـەبوو بـەردەوام بـن لەدەسـت بەسـەر دا گرتنـی سەرچـاوە بەنرخـەکان و ڕێگـری کـردن لـە کۆمپانیاکـانی ئـەمریکا بـۆ جێپێکردنەوەی خۆیان لەناوچەکەدا١.

بەڵام لەگەڵ ئەو سەودانامە بازرگانیانەشدا بەریتانیەکان لەسەر ئاسـتی سیاسـەتی رەسمـی خۆیان مانەوەو لەبنەڕەتیشدا گوێیان بە ئەگەری بوونی نەوت لەولایەتی موسڵ نەدا تەنانەت تا ماوەیەکی درەنگ خایانی جەنگەکە.

ئەو گۆڕانکارییەش کە بووە هۆی جێگەی بایەخی دەرئەنجامی درککردنی بوو بـە قـەبارەی یەدەگی نەوت و هەر ئەوەش بوو وای لەبریتانیا کـرد لەوبیرۆکەیـەی کـە هـەیبوو، سـەبارەت بەدامەزراندنی دەوڵەتی سـەربەخۆی کـوردی لەجێگەیـەکی باشـووری خۆرهـەڵاتی ئـەنادۆڵ و ولایەتی موسڵ پاشگەز بێتەوەو واز لەو بیرۆکەیە بهێنێت٢.

هەڵبــەت کۆمــەڵێك هۆکــاری جۆربــەجۆر هــەبوون لەپشــت پاشــگەزبوونەوە بریتانیــا لەپشتیوانیکردن لەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لە باشووری خۆرهــەڵاتی ئـەنادۆڵ کە رەنگ بوو ولایەتی موسڵیشی لەخۆبگرتایە.

بەدڵنیایشەوە ئاسایشی پێدەشتەکانی هەڵکەوتووی میزۆپۆتامیـا یـەکێك بـوو لـەو هۆکارانـە، ئەمە جگە لە زەرورەتی زامنکردنی زۆرترین ژمارە لە رعایەی سوننە بۆ سیستمی نوێی پادشـایەتی کە بۆ فەرمانڕەوایکردنی عێراق ئامادە دەکرا، لەبەرامبەر ئەو گومانـەی لـە دانیشـتوانی شـیعەی باشوور هەبوو.دیارە ئەوەش بەو واتایە نییە بەریتانیەکان بێ ئاگـابووبن لـە سـامانی نـەوتی وڵاتـی میزۆپۆتامیا، بەپێچەوانەوە بەڵگەی روون و ئاشکرا هەیە لەسـەر بـوونی (لـۆبی) بـەهێز لـە نێـو حکومەتی بریتانیادا کەبەلانی کەمەوە لەهەشتاکانی سەدە نۆزدەیەمدا سەریهەڵداوەو ئەوەش خـۆی

1- Sluglett، هەمان سەرچاوە،١٠٣-١١٦.

2- Brown, P.1924.(From Servers to Lousanne.). The American Journal of International Law,18,1, January:113-116, reference to 113. Also see Beck,P.('A Tedious and Perilous Controversy': Britain and the Settlement of theMosul Dispute), Middle Eastern Studiesm Vol.17,No.2,pp.256-276.

لــە ســەرکردە ســەربازیەکاندا بینیوەتــەوە، لەوانــەش ونســتۆن چەرچــل کــە رۆڵــی فاکتــەرێکی یارمەتیدەری دیوە لەگۆڕینی ئەو بەرژەوەندیانە بــۆ ســتراتیژ و دواجــاریش نەخشــە رێــژی ســنووری عێراقی لێکەوتوەتەوە، کە ولایەتی موسڵی بە کەرکووکیشەوە لەخۆگرتوە١.

بەهاتنی ســاڵی ١٩١١ یــەکێك لــە کارەکــانی چەرچــل وەزیــری دەریــاوانی و لێپرســراوی گەورەترین هێزی ستراتیژی و ســەربازی لەبــەریتانیا و ســیمبولی زۆرداری ئیمپراتــۆر بریتــانی تاوتوێکردنی چۆنیەتی برەودان بووە بە هێزی دەریــاوانی پادشــایەتی لــەداهاتوودا و هــەروەها چۆنیەتی بەگەڕخستنی تەکنەلۆژیای نــوێ لــەگۆڕینی هاوســەنگی هێــز لــە نێــوان ململانێــی گەشتیگەلەکانی هێزە ئەوروپایەکاندا.

هاوکات چەرچل کەشتیگەلێکی لەپاش بەجێما کە پشتی بە ســووتەمەنی نــەوت دەبەســت لەفراوانکردن و برەوپێدانیدا٢. جا بۆ ئەوەی دەریاوانی بریتانیا بەباڵادەستی بەســەر دەریــاوانی ئەڵمانیادا بمێنێتەوە کەبەخێرایی زۆر لەفراوانبووندا بوو، ئەو کەشتیانەی داهاتوو پێویســتیان بەهێزێکی ئاگرینی کوشندەترو خێراتر بوو.

بۆیە تەنیا رێگەش بۆگەیشتن بەو خێراییە زۆرە گۆڕینی بزوێنەری کەشتیە جەنگیەکان بــوو لەکارکردنیان بە هێزی هەڵم و خەڵوز بۆ بزوێنەری زەبەلاح کە بەنەوت کاری دەکرد.

دیارە بۆ ئەوەی توانای بەریتانیا لەرێگەی ئەو کەشــتیە نوێیانــەوە بگاتــە ئاســتی دەســت بەسەردا گرتنی هەموو جیهان بوونی بەردەوامی نەوتە بە تێچوونێکی کەم.

ئەودەم بریتانیا پشتی بەهەناردەی ولایەتە یەکگرتوەکان و رۆمانیــاو روســیا و مەکســیك‌و هۆڵەندا دەبەست، کە لەنێوئەوانیشدا ولایەتە یەکگرتوەکان بــە جیاوازیــەکی زۆر گــەورەترین هەناردەکاربوو.

لە٨٠٪ی نەوتی بریتانیا لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە بۆی رەوانە دەکرا، کە هاوپــەیمانی بوو، بەڵام بریتانیایەکان وەك رکابەرێکی چاوەڕوانکراوی ئیمپراتۆریەتەکەیان لێیان دەڕوانی٣.

هەربۆیــە بریتانیایــەکان هەوڵیانــدا ئــەو هەڕەشــە چــاوەڕوانکراوە بــۆ ســەر باڵادەســتیان دووربخەنــەوە و کاریــان کــرد بــۆ ئــەوەی ناوچــە دەوڵەمەنــدەکانی نــەوت بخەنــە ســەر ئیمپراتۆریەتەکەیان.

١- Sluglett هەمان سەرچاوە،١٠٣-١١٦.

2 - Reguer, s.1982. .(Persian oil and the First Lord:AChapter in the Career of Winston Churchill). Military Affairs, 46,3, October:134-138.

3 - Mejcher , H.1976.Imperial Quest for Oil:Iraq 1910-1928.London:Icatha Press.

سەرەتاش بايەخيان بە وڵاتی فارس داو كۆمپانيـای نـەوتی ئـەنگلۆ- ئێرانيـان لـە سـاڵی ١٩٠٩ دامەزراند. بـەڵام كاتێـك دۆزينـەوەی نـەوتی لـە زەويـەكانی ئیمپراتـۆری عوسمانيـدا ئاشكرابوو، بريتانيايەكان وەك بازنەيەكی نفوزی خۆيان لە وڵاتی ميزۆپۆتامیايـان دەڕوانـی و نـاوی ولايـەتی موسـڵيش بەشـێوەيەكی بەرچـاو بـەر لـە جـەنگی جيهـانی يەكـەم لـە هەژماركردنەكانی جيۆ- سياسی ستراتيژسازانی بريتانيادا هاتووە.

وليام نوكس دارسی لەكۆمپانيای نەوتی ئەنگلۆ- ئێرانی پێداگری دەكرد لەسەر زامنكردنی پێگەی پێشەوەی كۆمپانياكەی لەهەر جموجۆڵێك بەئاراستەی خۆرئاوا رووەو ئێران.

بەڵام ئاخۆ خواستی نەوتيی چەرچل تەنانەت لەساڵەكانی دوايـی جـەنگيش رێگـەی خـۆی بەرەو ستراتيژێكی فراوانتر دۆزييـەوە، ديـارە ئـەم مەسـەلەيە جێـی مشـتومڕە، لەكاتێكـدا بريتانيايەكان بەر لەجـەنگيش بايـەخێكی زياتريـان دابـووە وڵاتـی ميزۆپۆتاميـا. بـەجۆرێك هەميشە تەركيزيان لەسەر پرسەكانی تری وەك زامنكردنـی رێگـەی بازرگـانی نێـوان دەريـای ناوڕاست و كەنداو بوو، لەگەڵ توانای بەكارهێنانی ناوچەكە بۆ نيشـتەجێكردنی "دانيشـتوانی زياد" لەهيند ياخود تەنانەت هەڕەشەكردن لە" ناوچەی فشۆڵی روسيا لە لەقەوقاز"دا١.

لەراسييدا بريتانيايەكان پەرۆشی مەسەلەی ئەگەری بوونی يەدەگی نەوتی ولايەتی موسـڵ نەبوون، بەڵكو گەرەكيان بوو هەوڵەكانيان لە وڵاتی فارسدا چڕبكەنەوە و ئەوەش بـەڕوونی لـە بەندەكانی رێككەوتننامـەی نهێنـی سـايكس _پێكـۆدا ئاشـكرايە، كـە لـەنێوان بريتانيـاو فەرەنساو روسيا لەساڵی ١٩١٦ واژۆ كرا.

بـەپێی ئـەو پلانـەش كـە لـەپاش هەرەسـی ئیمپراتۆريـەتی عوسمـانی ئامـادە كـرا و موڵكدارێتيەكانی دابەشكرا، ولايـەتی موسـڵ كەوتـە بازنـەی نفـوزی فەڕەنسـاوەو هەرچـی بريتانياشە بەغدادو بەسـرەی پێـدرا٢. هـەروەها بريتانيايـەكان رەزامەنـدی فەرەنسـيەكانيان بەدەستهێنا لەسەر رێزگرتنی مافە ئابووريەكانی هاوڵاتيانی بريتانيای لەناوچەكانی عوسمانيـدا

---

1 - وڵاتی ميزۆپۆتاميا لە ١٩٠٣-١٩١٤ Cohen,s.1978.(Mesopotamia in British stratege, InternationL Journal of Middle Eastern Studies.9:171-181,quote at 172-3. "الاستراتيجيه البريگانيه ١٩٠٣-١٩١٤".

2- Fitzgerald, E.(France's Middle Eastern ambitions, the Sykes-Picot Negotiations and the Oil Fields of Mosul,1915-1918). The Journal of Modern of History, 66,4:697-725,quote at 697

که درابوونه فەرەنسا لەوانەش چالاکیەکانی کۆمپانیای نەوتی تورکی. بەڵام ئەو مافانە دەستەبەرنەکران تا ئەو دەمەی دواتر موسڵ گوازرایەوە سەر بازنەی نفوزی بریتانی١.

ئاشکراشە گرنگیدان بە نەوتی موسڵ بەلای وتوێژکارانی بریتانیاوە لەبەرامبەر بایەخدانی زیاتریان بە جیۆ- سیاسی لەپلەیەکی لاوەکیدا بوو، ئەمە جگە لە دامەزراندنی ناوچەیەکی دابڕاوی سەر بەفەرەنسیەکان لەنێوان میزۆپۆتامیاو سەرسەخترین دوژمنیان لە باکوور_رووسەکان٢. بەڵام لەپاش جەنگی گەورە دیدی بەریتانیەکان لەبەرامبەر بارودۆخەکە گۆڕانێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی.

بەدرێژایی ساڵانی جەنگیش گروپی فشار کە لەلایەن گەورە لێپرسراوانەوە لەبرەودراندا بوو، لەمشتومڕی ئەوەدابوون کە کۆنترۆڵکردنی نەوتی میزۆپۆتامیا لەبەرژەوەندیە زیندووەکانی بریتانیادایە.

لەبەرچاوترین ئەو کەسە بەرپرسانەش سێر مۆریس هانکی Sir Maurice Hankey وەزیری دەوڵەت بوو بۆ کاروباری ئەنجوومەنی وەزیران لە رۆژگاری جەنگدا.

ئەو خاوەنی هەست و سۆزێکی بەهێزی ئەوتۆبوو تا ئەو ئاستەی لەساڵی ١٩١٨دا نامەیەك بۆ ئارسەر بلفۆر، وەزیری دەرەوەی ئەو دەمە بنووسێت و بڵێت:

"نەوت لەجەنگی داهاتوودا جێگەی ئەو خەڵوزە دەگرێتەوە کە لەجەنگی ئێستادا پەنای بۆ دەبرێت یان بەلانی کەمەوە پێگەیەکی هاوتەریب بە پێگەی خەڵوز دەگرێتەوە.

تەنیا سەرچاوەی یارمەتی گەورەش کە دەکرێت بکەوێتە ژێر رکێفی بریتانیاوە بریتیە لەو سەرچاوە یارمەتیانەی کە لە وڵاتانی فارس و میزۆپۆتامیا هەیە..هەروەها کۆنترۆڵکردنی ئەو سەرچاوانەش یەکێك دەبێت لە ئامانجەکانی جەنگ لەلایەن بریتانیاوە"٣.

لەوەزارەتی دەریاوانیدا سێر ئیدمۆند سلاید Rear Admiral Sir Edmud Slade پسپۆڕی نەوتی و کارڕاپەڕێنەر زۆر بەئاشکرا داوای کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوتی هەردو وڵاتی فارس و میزۆپۆتامیای لەلایەن وڵاتەکەیەوە دەکرد.

١- Earale ، هەمان سەرچاوە،٢٧٢، هەروەها Loder, A.de V.1923. The Truth About Mesopotamia, Palestine and Syria . London: Allen and Unwin:163-164.

2 -Stivers, W.1982. Supremacy and Oil:Iraq, Turkey and the Anglo-American World Order, Ithaca, NY: Cornell University Press:23.

3 -Yergin,D.1991.The Prize:TheEpic Quest for Oil, Money and Power.New York.Simon and Schuster :188.

لەلێکۆڵینەوەیەکیشیدا کە سلاید لە ٢٩ی تەموزی ١٩١٨ لەبارەی بارودۆخی نەوت لە ئیمپراتۆریەتی بریتانی ئامادەی کردبوو، تا پێشکەش بە ئۆفیسی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکات، تیایدا رایگەیاندبوو:

"پێویستە هانی کۆمپانیاکانی بریتانیا بدرێت و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی زۆرترین دەڤەری بەرهەمهێنی نەوت لەولاتانی بیانیدا بکەن، ئەویش بەو مەرجەی بەرهەمی نەوت تەنیا بەکۆمپانیا دابەشکەرەکانی بەریتانیا بفرۆشرێن یاخود لەرێگەی ئەوانەوە بێت(بۆ رێگرتن لە بەرژەوەندی بیانی لەکۆنترۆڵکردنیدا). هەروەها دەکرێت بەرەو بەو ناوچانە بدرێت (هەردو ولاتی فارس و میزۆپۆتامیا) بۆ یارمەتیدان لەدەستەبەرکردنی پێداویستیمان لە سەردەمی ئاشتی و پاراستنی سەرچاوەکانمان لەو زەویانەی بەریتانیادا بۆ جەنگ"١.

سەرکەوتن لەچانسی هانکی و نزیکەکانیدا بوو لە گروپی فشاردا.ئەوەبوو لەدوای هەرەسی ئیمپراتۆری عوسمانی، سیاسەتمەدارانی بریتانیایی درکیان بەو هەڵەیە کرد، کە لە رێککەوتنیان لەگەڵ هاوبەشە فەرەنسیەکانیان کردبوویان سەبارەت بەوەی بەرپرسیارێتی ولایەتی موسڵ لەئەستۆی ئەواندا دەبێت٢. جا بۆ راستکردنەوی هەڵوێستیان_کە بەکۆتایی هاتنی جەنگ ولایەتی موسڵیان داگیرکردبوو- لەگەڵ فەرەنسیەکان رێککەوتن لەسەر گۆڕینی بەندەکانی رێککەوتننامەی سایکس_پیکۆ ئەویش بەمانەوەی بریتانیا لە کۆنترۆڵکردنی ولایەتی موسڵ و بەغدادو بەسرە لەکاتێکدا فەرەنسا دەسەلاتی ئینتیداب دەبن لە سوریاو لوبناندا.

لەپاش شکستی هێزەکانی تەوەر، ستراکچەری کۆمپانیای نەوتی تورکیا کە پێشتر لەسەری دامەزرابوو گۆڕانی بەسەرداهات، ئەویش بەوەی بەریتانیەکان دەستیان بەسەر پشکی ئەڵمانیادا گرت لەوکۆمپانیایەدا(کە بۆ دۆیچە بانك دەگەڕایەوە). بەلام فەرەنسیەکان ویستیان لەبەرامبەر رازیبوونیان بە کۆنترۆڵکردنی بریتانیا بۆ ولایەتی موسڵ قەرەبوو بکرێنەوە.

دیارە قەرەبووکردنەوەکەش بە پشکەکەی دۆیچە بانك بوو لەکۆمپانیای نەوتی تورکیدا. کەدواتر بە رێککەوتننامەی لۆنگ بیرگنز Long u Beregner Ageemnet دەناسرێت و ئەوپشکە بۆ بەرژەوەندیەکانی فەرەنسا دەگوازرێتەوە.دواتریش ئەو سەودانامە نەوتیانە لەپاش ساڵێك، لە ١٩٢٠ دا بەپێی بەندەکانی رێککەوتننامەی سان ریمۆی نەوتی San

2- CAB21/19لە Hejcher وەرگیراوە ، هەمان سەرچاوە،٣٥-٤٢.

2 -Kent,M. 1976.Oil and Empire:British Policy and Mesopotamian Oil:1990-1920,London: Macmillan:13-14.

Remo Oil Agreement فۆرمێکی ڕەسمـی وەردەگـرن١. لەکاتێکـدا لایـەنی ڕێکخسـتنی پیشەسـازی نـەوتی عیراقـی کـە تـازە لـەدایکببوو، لەسـەرەتی بیسـتەکانەوە لـەنێوان پایتەختەکانی ئەوروپاو ولایەتە یەکگرتوەکان تاوتوێ دەکرا، بەڵام داهاتووی کەرکوك تـا ساڵی ١٩٢٧هیچ گۆڕانکاریەکی بـەخۆوە نـەبینی، ئـەویش دوای هەڵکەنـدنی یەکـەمین بیرەنەوت لەوپەڕی دەوروبەری باشووری کەرکوك.

هاوکات زەویناسانی سەر بەکۆمپانیای نەوتی تورکی زۆر بەروونی هەوڵـەکانیان لەناوچـەی کەرکووکدا چڕکردەوە- چونکە نەوتەکـە بـۆ سـەرزەوی دزەی دەکـرد_هـەربۆی زۆر بـەخێرایی پانتاییەکیان بەدرێژایی ١١کیلۆمەتر دیاری کرد کە لە باشووری کەرکووکەوە بـەرەو بـاکووری خۆرئـاوای باشـووری هـەولێر درێـژ دەبـوەوە.چیرۆکی دۆزینـەوی نـەوت لـەبیری ژمـارە ١ی باوەگوڕگوڕ، بەچەشنی سیناریۆیەکی ئامادە کرابوو بۆ یەکێك لـە فیلمـەکانی هۆلیـۆد. ئـەو نەوتەی لەو بیرەوە هەڵدەقوڵی بەبەرزایی ٥٠ پێ بۆ سـەر بورجەکـە بـەرزبوەوەو بـووە مایـەی هەڕەشە بۆ سەر کەرکوك و تەنانەت گوندەکانی دەوروبەریشی، کە ئەوەش بـووە هـۆی گیـان لەدەستدانی دوو کارمەند لەکاتی ئەنجامدانی پرۆسەکەدا.

هەڵبەتەئەوکات ڕێژەی بەرهەمی نەوتی بیری باوە گوڕگوڕ ڕۆژانە بـە ٩٥ هـەزار بـەرمیل هەژمارکرابوو٢.لەو ساتەشەوە نەوتی کەرکوك کۆڵەکەی ئابووری دەوڵەت و سیاسەتیشی بوو. بۆ دڵنیابوون لە بایەخی نەوت لەچیرۆکی کەرکووکدا واباشـترە بـەکورتی گوزەرێـك بەمێـژووی سیاسی کەرکووکدا بکرێت و قسە لەسیناریۆیەك بکرێت کەجێگەی نەوتی تێدا نییە.

ئەگـەر بهاتایـە پێکهاتـەی جیۆلـۆژی خـاکی کـەرکوك ئـاوی ژێـر زەمینـی لـە چـینە بەردینەکانیدا لەخۆبگرتایە لەبری کێڵگەکانی نەوت ئـەوا بـەدوور دەزانـرا جێگـۆڕکی بـەزۆر دەرئەنجامی سیاسەتی تەعریب بە دانیشتوانەکەی بکرێت، بەڵکو پرسی دیمۆگرافیای دانیشتوان کە لەئێستادا چارەسەرکردنی زۆر گرانە ڕەهەندێکی جیـاوازو بچـووکتری وەردەگـرت.هەڵبەتـە بەدیهێنانی ئەم سیناریۆیەی دژ بە واقیعی کەرکوك کە تیایدا وێنای شـارەکە بـە بـێ نـەوت دەکات پێویستی بە جۆرێك لە برەوپێدانێکی قوڵە.بۆنموونە دەکرا بەریتانیەکان لەدوای جـەنگی یەکەمی جیهـانی و ڕێککـەوتنی مـۆدرۆس کـە لەسـاڵی ١٩١٨ مـۆرکرا، پشـتیوانیان لـە

1- Sluglett - هەمان سەرچاوە، ١٠٣-١١٦.

٢-الکیلانی Al-Gailani,M.2003.(Assessing Iraq's Oil Potential).Geotimes,October, www.geotimes.org/octt03/feature-oil.html.Quote at2.

دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی بکردایە - کە لە سنوورەکانی ئێستای باکووری عیراقــەوە بــەرەو دەریاچەی وان لەقولآیی ئەنادۆڵدا درێژ بوەتەوە١. بەڵام کاتێك درك بەبوونی نەوت کرا لە نێــو ئەو زەویەی کە کەرکووکی لەسەر راوەستاوە، کە نەدەزانرا بڕەکەی چــەندە بــەڵام دەزانــرا زۆرو زەوەندە ئەوا بەریتانیەکان هەوڵۆێستیان لەبەرامبەر ولایەتی موسڵدا گـۆڕانی بەســەردا هــات، کە ئەوەش یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کەرکووك بخرێتە سەر شانشینی عێراق.کەوابوو شـێوازی دەوڵەت لــە ئیــدارەکردنی ئــەو ســامانە زۆرە و چــۆنیەتی پاراســتنی پیشەســازی نــەوتی لــە چاوتێبڕینی ئەوانیتر (راستەقینەو بیرلێکردنەوە) بەسەر کارەکانی دەوڵەت لە باکووری عێراقــدا زاڵبوون و ئەو دوو بابەتەش دەبنە جێگەی بایەخ لە ئێستاو داهاتووی مێژووی ناوچەکەدا.

١- نوری تاڵەبانی،٢٠٠١ "تعریب منگقە کرکوك". سلێمانی، خاك پرێس :٢٠.

فەسڵی دووەم

کەرکووك لەچاخی بیستەمدا

وێناکردنی کەرکووك بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی هەروا ئەرکێکی سانا نییەو ئەو وێنانەش، کە زۆرجار مێژوونووسانی عێراقی پێشکەشی دەکەن، زیاتر فۆرمێکی جەوهەری قوڵی پێدراوە و رەواج دانە بەوەی کەرکووك زۆرینەی تورکمان یان کوردە.

بەواتایەکی روونتر ئەو ژێدەرانە(سەرچاوانە) کەمن، کە خاوەن سوودێکی راستەقینەن و لەهەوڵدان بۆ بونیادنانی تێگەیشتنی دیمۆگرافیای کەرکووك لەو ماوە زووەی سەدەی بیستەمدا.

بەسوودترین گۆشە نیگا لەوێناکردنی وردی کەرکووك لەبەرایییەکانی سەدەی بیستەمدا دەرخراوگەل (مکتشفات)ی ئەو گروپە رووپێوکارانەیە، کە لەلایەن هێزەکانی پاش دەسەڵاتی عوسمانی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیو ساتەوەختی دروستبوونی دەوڵەتی عیراقی راسپێردراون.

پاش دارمانی ئیمپراتۆری عوسمانی ودواتریش دابەشکردنی مومتەلەکاتەکانی بەسەر قەوارەکاندا، دروستبوونی دەوڵەتی نویّ گەلاڵە بوو، هەروەها کۆمەڵێك داتای پەیوەست بە سەرژمێری پێشکەش

بە لیژنەی موسڵی سەربە کۆمەڵەی نەتەوەکان کرا، کە ئـەرکی چاوپیاداخشـاندنی بـارودۆخی ولایـەتی موسڵ (بەکەرکووکیشەوە) و بڕیاردان لەداهاتووی پێراسپێردرابوو.

ئەم خشتەیەی خوارەوە کۆمەڵێك ژمارەی لە خۆگرتوە کەبەنزیکەیی لەیەك کاتدا سەرچـاوە تورکی و بریتانی و عێراقییەکان بینیویانە.

خشتەی ٢- ١

دانیشتوانی ولایەتی موسڵ*

سەرژمێری حکومەتی عێراقی ١٩٢٢- ١٩٢٤	خەملاندنی سوپای بریتانیا ١٩٢١	ئاماری تورکیا پێشکەش بە کۆنگرەی لۆزانی کردووە ١٩٢٣	
٤٩٤٠٠٧(٦١.٧٪)	٤٢٤٧٢٠(٥٤٪)	٢٦٣٨٣٠(٣٩.٢٪)	کورد
١٦٦٩٤١(٢٠.٨٪)	١٨٥٠١٣(٢٣٪)	١٤٦٩٦٠(٢١.٨٪)	عەرەب
٣٨٦٥٢(٤.٨٪)	٦٥٨١٥(٨.٤٪)	٤٣٢١٠(٦.٤٪)	تورکمان
٦١٣٣١(٧.٦٪)	٦٢٢٢٥(٧.٩٪)	٣١٠٠٠(٤.٦٪)	مەسیحی
....	١٦٨٦٥(٢.١٪)	١٧٠٠٠٠(٢٥.٢٪)	جولەکە
٢٦٢٥٧(٣.٢٪)	٣٠٠٠٠(٣.٨)	١٨٠٠٠(٢.٦٪)	یەزیدی
		١٧٠٠٠	کۆچەر
٧٩٩٩٩٠	٧٨٥٤٩٨	٦٧٣٠٠٠	کۆی گشتی دانیشتوان

---

* سەرچاوە: مارتن ڤان برۆنسـن Martin Van Bruinessen لـە مـیم کـەمال ئـۆکی Mim Kemal Oke– Musul meselesi kronolojisti(1926- 1918) وەرگیراوە. Istanbul:Turk Dunyasi Arastirmalari Vakfi.157:1987 (ژمارەکـانی ئـەم خشـتەیە لەنوسـخەی عـەرەبی کتێبەکـەدا بەهەڵەچـاپکراون بۆیـە لـە کوردیەکـەدا راستکراونەتەوە)- وەرگێڕ.

لەژمارەکاندا جیاوازیەکی بەرچاو بەدیدەکرێت، کە ئەوەش رەنگدانەوەی راستەقینەی میتۆدی ئەو سەرژمێرانەیە کە لایەنە جۆربەجۆران بەکاریان هێنانەوە، بەجۆرێك کە میتۆدەکان زۆر جیاوازو یەکلاکەرەوەن.

ئەوەی زۆرگرنگ بێت ئەوەیە هیچ کاتێك رێککەوتن لەسەر ئەوە نەبووە، ئەوەی لەواقیعدا هەیە بەوەی مرۆڤ کورد، عەرەب، تورکمان، مەسیحی بێت چ دەگەیەنێت، بەڵکو زمان باوترین رێگە بووە بۆ دیاریکردنی ناسنامەی ئیتنیکی، بەلاّم ئەوەش بۆ خۆی گرفتێکی گەورەبووە لەسیاقی ولایەتی موسڵو کەرکووك بەتایبەتی. لەهەولێردا کە لەکۆتایی سەدەی نۆزدەیەمدا ناسنامەی کوردیبوونی بەدەستهێناوە، زۆرێك لەوانەی بەرەچەڵەك تورکمانن بەکوردی دەدوێن لەکاتێکدا زۆرێك لەکوردانی شار- ئەوانەی رۆژگارێکی زۆرە تێکەڵ بە دامەزراوەی سیاسی شاربوون- بەپلەی یەکەم لەوانەبوون کە بەتورکی قسەیان کردووە١.

دیسان پێویستە کارنامەی سیاسی لە شیکردنەوەی ئەو ئامارانەی کە لەمیانەی دانوستانەکانی کۆنگرەدا پێشکەشکراون رەچاو بکرێن.

بەدیدی بریتانیاش ئەو پەڕی هەوڵ دراوە بۆئەوەی پیشانی بدات بوونی تورکمان بەوجۆرە نەبووە وەك ئەوەی حکومەتی تورکی هەولّی بۆداوەو ئاماژەی پێکردووە.هەروەها ژمارەیەکی زۆری کوردو عەرەبش لەسەر حسابی تورکمان تۆمارکراون.بەلاّم کاتێك ئەو فشارانەی بەهۆی بەرباسخستنی پرسی موسڵ و جێگیربوونی ولایەتەکە لە سنووری شانشینی عێراقدا قەتیس بوون، ئەو دەم دیدی بریتانیایەکان بۆ کەرکووك جۆرە گۆڕانکاریەکی بەسەردا هاتووە.

هەڵبەت لەبری رەواجدان بەو بیرۆکەی کە ئاماژە بە فرەیی کورد دەکات لەشارەکەدا، بەرپرسانی سیاسی بریتانیا سی. جی. ئیدمۆندز C.J.Edmonds و والاّس لیون Wallace Lyon لەبارەی ئەزموونی راستەوخۆی خۆیان لەکورستان و کەرکووك لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە دەنووسن و دەڵێن تورکمان لەکەرکووکدا زۆرینەیان پێکهێناوە بەلاّم دانیشیان بەوەداناوە کە کورد لەناوچە گوند نشینەکاندا زۆرینەن٢.

---

1 - Bruinessen, M. van 205."Kurdish Challenges". In Posch, W., Looking into Iraq (Chaillot Paper no.79).Paris:EU Institute for Security Studies:9.

2 -Edmonds, C.j. 1957. Kurds, Turks, and Arabs; Politics, Travel, and Research in North Eastern Iraq. 1919-1925. London; Oxford University Press: 266; Fieldhouse, D.(ed)2002.

Arabs, Kurds and Britons: The memoir of Wallace Lyon in Iraq. 1918-1944. London: I.B. Tauris:122&Bruinessen.

ئەو ئامارانەی پێشکەش بە لیژنەی موسڵ کراون لەئێستادا پشتی پێنابەسترێت و لەلایەن هەردو پێکهاتەی تورکمانی و تورکیشەوە بەتوندی بەگژیدا دەچنەوە - کە ئەوەش بۆخۆی ئاستەنگی بەردەم رەوینەوەی گرژییەکانە، بەڵام هێشتا زۆرێك لە کۆمێنتسازانی کوردو تورکمان لەوتاری رۆژنامەوانی و سایتە ئەلەکترۆنیەکاندا هێما بەو ژمارانە دەکەن و لەگەڵ ملیۆنان جەماوەری خۆیاندا دەدوێن ئەو جەماوەرەی پەرۆشی پەسەندکردنی هەرپاساوێکی نوێن، کە پرسی پێکهاتەکەیان بەرەو پێگەیەکی بەهێزتر بەرێت.

لەساڵی ١٩٢٥دا رێککەوتننامەی کۆتایی سەبارەت بە سنووری دەوڵەتی نوێی عێراقی کە ولایەتی موسڵیشی خرایە سەر ئەنجامدرا١.

دۆزینەوەی کێڵگەی گەورەی نەوتی باوەگوڕ گوڕ لەکۆتایی ئەو دەیەیەدا کێشمەکێشی درێژخایانی نێوان کوردو دەوڵەتی عێراقی خستە سەر تەختەی شانۆ وخواستەکانی کوردیش سەبارەت بە دانپێدانان بە تایبەتمەندی نەتەوەیی دەرئەنجامێکی خوێناوی و نیگەرانی بەغدادی لێکەوتەوە لەسەر ئاسایشی کەرکووك و پاراستنی بەرهەمی نەوت.

سەبارەت بەکورد شارەکەوناوچەکانی دەوروبەری چەند سەدەیەکە بەشێك بوون لە نیشتیمانی کورد بگرە کەرکووك لەرۆژگارێکدا پایتەختی میرنشینێکی گەورەو گەشەسەندوی کورد بووەو دواتریش زۆرێك لەکورد لەنێویشیاندا مەلا مستەفا بارزانی دیدی خۆیان سەبارەت بە هەرێمی کوردستانی عێراق و کەرکوکی پایتەختی، کە بە نەوت دەوڵەمەندە پێشکەشکردووە.

هەرچی پێکهاتەکانی دیکەشە بەلایانەوە کەرکووك فرە ئیتنیکەو بەوپێیەش کە لەسەر رێگەی بازرگانی نێوان قولایی خاکی عوسمانی و بەغدادا بووە، شارەکە رۆژگارێکی دێرینە سەنتەرێکی گرنگی بازرگانی و ئابووری بووەو تیایدا بۆرژوازانی عوسمانی دەسترۆیشتوو و خاوەن سامانێکی فرە بوون.

لەبنەڕەتیشدا ئەو - بۆرژوازییە تورکمانییە- دژی بیرۆکەی ئەوەبوون کە کەرکووك نیشتیمانی کورد بێت.

هەمان سەرچاوە، ٩.

1- Lioyd, H.I.1926." The Geography of the Mosul Boundary". The Geographical Journal,47:104-13.

بەلای ناسیونالیستی عەرەبیشەوە جا لە لەنێو کەرکووك یاخود لەعێراقدا بووبن ئەوا هەرزوو کەرکووك بووەتە بەشێکی گرنگ و جیا نەبووە لەعێراقو هەرتانەو نکۆڵییەکیش لەناسنامەی کەرکووك "عێراقی و بەدیاریکراویش عەرەبی و سوننی بەکردەیی " هەربەتەنیا کێشەیەك نیە کە فۆرمێکی ناوخۆیی هەبێت و پەیوەست بێت بە خەونی کوردەوە بەڵکو کێشەیەکی ئەمنیی نەتەوەییە کە خاوەن واتای وجودییە بۆ سەرجەم عێراق.

پیشەسازی نەوت لەکەرکووکدا لە گەرمەی کێشمەکێشی نێوان حکومەتی عێراقی و کورددا کاری دەکرد، لەروانگەی بەغدادیشەوە ئەوا کەرکووك و پیشەسازیە نەوتیەکەی بەپلەی یەکەم پرسێکی هەستیاری جیۆ- سیاسی بووە.

پاشان دوای تێکچوونی پەیوەندی نێو خێڵە کوردەکان و عەبدولکەریم قاسمی سەرۆکی عێراق، مەلا مستەفا بارزانی بەرپابوونی "شۆڕشی کوردی" لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٦١ جاڕدا.

ئەوەبوو هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی گەورەی لەدژی سوپای عێراقی بەدەستهێناو لەهەمان کاتیشدا بارزانی دەستپێشخەری کرد لە دروستکردنی هاوپەیمانی لەگەڵ سەرکردەی خێڵەکانی تری کورد کە ئەوانیش خۆیان بەتێوەگلاو لەکێشمەکێش لەگەڵ بەغداد دەبینییەوە.

سەرکەوتنەکانی بارزانی لەگۆڕەپانەکەدا هۆکاربوون لەدوژمنایەتی سوپا بۆ قاسم، بەلام بەلادانی لەساڵی ١٩٦٣دا ئەوەی بۆ کورد بەدینەهێنا کە لەپێناویدا دەجەنگان- ئۆتۆنۆمی بەکەرکووکیشەوە. لەبری ئەوە پێویست بوو لەسەر کورد مامەڵە لەگەڵ رژێمی دەسەلاتداری نوێی بەعسی بکەن کە لەهەوڵی کوشتنی کاتدا بوو بۆ بەهێزکردنی پێگەی ناوخۆیی خۆی تا جەنگێکی تاڵ لەچیاکانی کوردستاندا بەرپا بکات، کە ئەوەش ئەگەرو خواستی حکومەتی نوێ نەبوو بەلام داواکاریەکانی بارزانی سەلماندیان کە لەوەگەورەترن حکومەت قبوڵی بکات.

بارزانی لەچاوەڕوانی ئەوەدا بوو بەرەسمی دان بە ئۆتۆمنۆمی کورددا بنرێت لە سەر پارچە زەویەك کە تەواوی ولایەتی دێرینی موسڵ لەخۆبگرێت (بە کەرکووك و کێڵگە نەوتییەکانیشەوە)، جگە لەشاری موسڵ نەبێت1.

هاوکات حکومەت زۆربەی ئەو داواکاریانەی رەتکردەوە کە لەلایەن بارزانیەوە خرابوونە روو، بەلام سووربوونی بارزانی لەسەر ئەوەی کەرکووك بخرێتە سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی دوچاری دژایەتیەکی توند بووەوە و بەرپەرچدانەوەی دەوڵەتیش لەبەرامبەر خواستەنەتەوەیەکانی کورد

---

1 - McDowall, D.1996.A Modern History of the Kurds, London:I.B.Tauris:314

گرتنە بەری رێو شوێنی سەرکوتکەرانە و دوورخستنەوەی هەر هەڕەشەیەکی راستەوخۆی هێزی پێشمەرگە بوو.

وشەی "تەعریب"بەکارهێنرا وەك ئاماژەیەك بـۆ بارودخـە جۆراوجۆرەکـان لەسەرتاسـەری خۆرهەڵاتی ناوڕاست و باکووری ئەفریقیا و وەك وەسفێك بۆ مومارەسەو سیاسەگەلێك، ئەویش هەر لەتەوزیفکردنی سیاسی زمانەوە لە مەراکیش و جەزائیر تا دەگاتە بـەئامانجکردنی گروپـە ناعەرەبیەکان لەلایەن میلشیای جەنجەوید لەهەرێمی دارفۆردا.

بەڵام دەبێت کەرکووك هاوواتای وشەی "تەعریب" بێت ئەویش بـەهۆی پرۆسـەی فراوانـی ئەندازەی کۆمەڵایەتی کە لە سەرەتای هەفتاکان و بەدواوە جێبەجێکراوە.

دیارە ئەو پرسانەزۆر کەمن کەوەك پرسەکانی پەیوەست بە هاوسەنگی دانیشتوان لە نێـوان پێکهاتەکانی کەرکووك و مێـژووی ئـەو گۆڕانکاریانـەش کـە بەسـەر شـارەکە و پارێزگاکـەدا بەگشتی هاتوون دووچاری مشتومڕببنەوە.

هەڵبەت ئەو مونازەرەیەش جۆرە ئالۆزیەك بەخۆوە دەبینێت ئـەویش لەبـەر تێکئالۆزکـانی پێکهاتـەی جۆراوجـۆر کـە هەریەکـەیان گێڕانـەوەی جیـاوازی هەیـە لـەبارەی بوونیـەوە لـە کەرکووکدا.

بەدڵنیایشەوە ئەوەی کە بارودۆخەکە ئالۆزتر دەکات ئەو ستراتیژانەیە کـە رژێمـی بـەعس پشتی پێبەستوون لەگۆڕینی دیمۆگرافیای یەکە ئیداریەکان و دەسـتکاریکردنی سـنوورەکانیان- ئەو ستراتیژانە نیشتەجێکردنی عەرەبی لە ناوچـەکان و چـۆڵکردنی ئـەو ناوچـانەی لەکەسـانی غەیرە عەرەب لەخۆگرتوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو ناوچانەی خستوەتە سەر پارێزگایەك یـاخود دابڕینی پارچەیەکی تر بۆ زیادکردنی ژمارەی دانیشتوانی عەرەب و لەتەك ئەوەشدا ئەو تەقەلا فیکریەی کە هەر گروپێکی خاوەن بەرژەوەندی تایبەت داویەتی بـۆ رەواجـدان بـە سەرچـاوەی زانیاریەکانی یاخود بۆ بەدەستهێنانی راستگۆبوونی سەرچاوەکانی تر.

لەساڵی ۲۰۰۳شەوە گروپە نا کوردیەکان سکاڵای هاوشێوەیان هەیەو حکومـەتی هـەرێمی کوردستان و پارتە سیاسیەکان بـە "تەکریـد- بـەکوردکردن"ی کـەرکووك تۆمـەتبار دەکـەن، ئەویش لەرێگەی پڕکردنەوەی بـە کـوردە گـەڕاوەکان کـە زۆرێکیـان بـەپێی سـکاڵاکان هـیچ پەیوەندیەکی خێزانییان بە شاری کەرکووك یان پارێزگاکەوە نییە.

گۆڕینی کەرکووك لەڕووی دانیشتوان و کارگێڕییەوە

پارێزگای کەرکووك، کە لـەمڕۆدا لـەنێو هەواڵەکانـدا باسـی لێـوە دەکرێـت هـەمان ئـەو ڕەهەندگەلە هەرێمایەتیەی نییە، کەئەوپارێزگایە لەبەراییەکانی سەدەی بیسـتەمدا هـەیبووە، ڕەنگە بوونی یەکە ئیداری لەگۆڕینی فۆمیدا کارێکی سـەیر نـەبێت، بـەڵام ئـەو هۆکارانـەی کەبەراشکاوانە لەپشت گۆڕانکاریەکانی حاڵەتی کەرکووکەوەن هۆکاری ئیتنۆ —سیاسی بـوون. هەروەها ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەکەرکووکدا ڕوویانداوە بـێ وێنـەن ئـەویش بـەهۆی قـەبارەو زۆروزەوەندی ڕوودانیان.

لەگەڵ هەر گۆڕانکاریەك دوو بەرەوپێشچوونی پێکەوەلکاو ڕوودەدەن، یەکـەمیان گـۆڕانی گشتی لـەژمارەی دانیشـتوانی پارێزگاکـەدا، کەئـەوەش بەتایبـەتی لـە یەکـەمی سـەدەی بیسـتەمدا دەسـتیپێکردوە، کـە ئـەودەم پێکهاتـەی گشـتی پارێزگاکـە لـەڕووی ناسـنامەی ئیتنیکیەوە زۆرێك جێی تێڕامان نەبووە.

بەڵام وادەردەکـەوێت لەگـەڵ گۆڕانکاریـەکانی کـە دواتـر ڕوویانـداوە، هاوسـەنگی نێـوان پێکهاتـەکان بەئەنقەسـت کراوەتـە ئامـانج بەتایبـەتیش بەجیاکردنـەوەی ئـەو شارۆچـکەو شـارەدێیانەی کـە زۆرینـەی کـورد یـاخود تورکمـان بـوون وپاشـان خراونەتـە سـەر پارێزگـا هاوسنوورەکان و هەروەها لکاندنی ئەو شارۆچکەو شارەدێیانەی کەزۆرینەی عـەرەب بـوون بـە کەرکووکەوە. لەبەرئەوە لەهـەر سـاتێکی دیـاریکراودا ئامارەکـانی دانیشـتوانی کـەرکووك و شەقڵی دیموگرافیای دانیشتوان پشت بە "فۆرم"ی زۆرینەی پرێزگاکە بەستووە.

هاوکات ئەو گۆڕانکاریە زۆرانەی کە لە سنووری کەرکووکدا ڕوویانداوە ئەوەیە کە لەسـاڵی ١٩٦٨دا، لەدوای گەڕانەوەی حزبی بەعس بۆ دەسەڵات ڕوویانـداوەو کاریگـەری بەرچاویشـی لەسەر ستراکچەری دانیشتوانی پارێزگاکە هەبووە.

دوای ئەوەی قەزای حەویجەو ناحیەی ڕیاز کە زۆرینەی عەرەب تیایـدا نیشـتەجێن لەسـاڵی ١٩٦١دا خرانە سەر کەرکووك (هەردو مەرسومی کۆماری ژمارە ٣٢٨ و ژمارە ٣٨٧ بـەدوای یەکدا)، لەگەڵ سەرلەنوێ گەڕانەوەی ڕژێمی بەعس بۆ دەسـەڵات لەسـاڵی ١٩٦٨دا، سـیمای کەرکووك گۆڕانێکی ڕیشەیی بـەخۆوە بینی(نەخشـەی ژمـارە ٤ سـنووری کـەرکووك لەسـاڵی ١٩٦٨دا دیاری دەکات).

هەروەها لەهەوڵێکی روونداا بۆ دروستکردنی زۆرینەی عەرەبی لە کەرکووك لەدوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی کوردی بەرابەرایەتی مەلامستەفا، حکومەتی نوێ مەرسومی کۆماری ژمارە ٦٠٨ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ دەرکرد، کە بەو پێیەش هەردو قەزای چەمچەماڵ و کەلاری قەرەباڵغ بەدانیشتوان لەکەرکووك جیاکرانەوەو خرانە سەر پارێزگای سلێمانی، لەگەڵ جیاکردنەوەی قەزای کفری و لکاندنی بە پارێزگای دیالەوە. ئەو پرۆسەیە بە درێژایی دەیەی هەفتاکان بەردەوام بوو، ئەویش لەرێگەی سووربوونی حکومەتی عێراقی لەسەر جیاکردنەوەی ئەو قەزاو ناحێیانەی کە پێیوابوو زۆرینەی خەڵکەکەی غەیرە عەرەبن.

لەکانوونی دوەمی ساڵی ١٩٧٦ یشدا بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە ٤١ بایەخ درا بە ناوەندی نیشتەجێبوونی تورکمان و قەزای دوزخورماتوو لەگەڵ ناحیەی قادرکەرەم لەکەرکووك دابڕێنرا و خرانە سەرپارێزگای سەلاحەدین.

هەرچی مەرسومی کۆماری ژمارە ٣٣شە، کە لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٦ دەرکرا هەریەك لە ناحیەی کاندیناواوقەراجی لەقەزای مەخموری سەر بەپارێزگای هەولێر جیاکردەوەو لکاندنی بە قەزای دبسی زۆرینە عەرەبی سەر بەکەرکووك، هەروەها ناوچەی زێی سەر بەپارێزگای نەینەواشی خستە سەر قەزای حەویجە لەکەرکووك.

دیسان لەهەشتاکانیشدا ناحیەگەلێکی تری سەر بەموسڵ لکێنران بە کەرکووکەوە و بەوەش ناوچەیەکی زۆرینە عەرەب لە خۆرئاوای پارێزگای کەرکوك پەیدابوو کەراستەوخۆ گرێدراوبوو بە ناوچە عەرەبیەکانی هەردو پارێزگای موسڵ و سەلاحەدین و دیالەوە.

لەساڵی ٢٠٠٠یشدا گۆڕانکاری تر بەسەر نەخشەی کەرکووکدا هات کە رەنگە ئەویش وەك هەوڵێك بووبێت بۆ رێگرتن لە هەر ئەگەرێك لەبەردەم بالادەستی بزوتنەوەی کوردی بەسەر تەواوی پارێزگای هەولێردا (بەسەر سەنتەری پارێزگاو زۆربەی زەویەکانیدا بالادەست بوو)، ئەوەبوو حکومەتی عێراقی بەپێی مەرسومی ژمارە ٢٤٥ی ساڵی ٢٠٠٠ ناحیەی سەرگەڕانی لکاند بە قەزای دبسەوەو بەوەش نەخشەی کەرکووکی بەو شێوەی ئێستا بۆ بەجێهێشتووین.

هەڵبەت چەند خاڵێك هەن کە لەگەڵ گۆڕینی جوگرافیای کەرکووك شیاوی باسکردنن، خاڵی یەکەمیش بەدڵنیاییەوە بەرتەسکبوونەوەی رووبەری کەرکووکەلە سیەکانی سەدەی رابردووەوە، ئەویش دوای ئەوەی پانتاییەکە ی لە پەنجاکاندا زیاتر لە ٢٠ هەزار کیلۆمەتر دووجا بوو، بەلام لەئێستادا بووەتە ٩٦٧٩کیلۆمەتر دووجا و زۆربەی ئەو زەویە دابڕاوانەی کەرکووکیش زۆرینەی کوردن، لەگەڵ ناوچەنیشتەجێبوەکانی کەزۆرینەی تورکمان بوون.

لایەنێکی تر سەرنجڕاکێش لەتەرزی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر سنووری پارێزگاکەدا هاتووە، داکشانی کەرکووکە بەئاراستەی خۆرئاواو ناوچە عەرەبیەکان(جەویجـە، زێ) و دوورکەوتنـەوەی لەناوچەکانی زۆرینەی کورد لەخۆرهەڵاتدا (چەمچەماڵ، کەلار).

دیارە کـەرکووکی ئیمـڕۆ کـەرکووکی جـاران نـەماوە و پێویسـتە ئـەو واقیعـەش لەهـەر شیکاریەکی پەیوەست بە دیموگرافیای پارێزگاکە رەچـاو بکرێـت.بـۆ دڵنیـابوونیش لـەو خاڵـە پێویستە لەهەردوو نەخشەی (٤- ٥)دا هەڵوەستە بکرێت کەهەردووکیان کەرکووک دەردەخـەن بەڵام نەخشەی یەکەمیان روونیدەکاتەوە کەرکووکی ئیمڕۆ دەکەوێتە کوێوەو ئەگـەر مەرسـومە کۆماریەکانی پەیوەست بە کەرکووکیش رەتبکرێنەوە نەخشەکە چی بەسەر دێت.

بێگومان گەڕانەوەی قەزاکانی چەمچەماڵ و کەلارو کفری و گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆریش لە کۆچپێکراوان لەنێوخۆی کەرکووکدا هاوسـەنگی ئینیکـی پارێزگاکـە دەگۆڕێـت و بـۆ ئـەو مەبەستەش حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوپێناوەدا هەوڵەکانی چڕکردوەتەوە.

مادامەکی بیرکردنـەوە لەوگۆڕانکاریانـە لەسـنوورو رووبـەری هەرێمایەتیـدا ماونەتـەوە، ئەواچەقی بایەخدانەکان بۆگۆڕانکاریەکانی پێکهاتەی دانیشـتوانی کـەرکووک دەگوازرێتـەوە و بێگومان ئەو گۆڕانکاریانەش رەنگدانەوەی لەسەر ئـەو پرۆسـەی جیاکردنـەوەو پێوەلکاندنانـە دەبێت کە لەسەرەوە باسکراون، بەڵام دیسان ئەوەش پێویسـتی بـە هەوڵـدانێکی زیـاترە لـەو گەمە فێڵاویەی بەناسنامەی ئیتنیکی کـەرکووک کـراوە لەرێگـەی ئـەو پرۆسـەی راگواسـتن و کۆچپێکردنەی کە بەفەرمانی دەوڵەت کراون.

قۆناغی یەکەم لە تەعریبکردن، ١٩٢٥ - ١٩٥٨: پاراستنی نەوت

لەڕوانگەی کوردییەوە لەتەك هەڵمەتەکانی ئەنفال و خاپوورکردنی هەڵەبجەوە بۆ تێگەیشتن لە نەهامەتیەکانیان و تەعریبکردنی خاکەکەیان لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە لەچوارچێوەی بەرچاوترین بەسەرهاتەکاندا دەبێت.هەڵبەت تەعریبکردن وەك ئەوە نییە کە باوە، واتە ئەو سیاسەتەی کە رژێمی بەعس بۆ یەکەمجار پیادەی کردووە، بەڵکو تەعریبکردن راستەوخۆ دەدرێتە پاڵ ئەو رۆژەی کەرکووك وەك سەنتەری پیشەسازی نەوت لەعێراقدا دەرکەوت، ئەویش پاش دۆزینەوەی کێڵگە زەبەلاحەکەی لە ساڵی **١٩٢٩** و هەڵقوڵینی نەوت لەیەکەم بڕی بازرگانی لە ساڵی ١٩٣٤دا.

هەرلەسەرەتاشەوە روونبوو، کە کەرکووك عەمباری زیندە یەدەگی گرنگ و زەوەندەو ئەوەش بەئاشکرا بۆ یەکەم حکومەتی عێراقی لەدوای کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داگیرکاری روونبوەوە کە کەرکووك"شارێکی عەرەبی نییە"، بەڵکو کەرکووك بەدیدی کوردی شارێکە دانیشتوانەکەی کوردەورروونیشە کە بەشێکە لەکوردستان.بەهەمان شێوە روانگەی تورکمانیش لەگەڵ ئەوەی وەك کورد دەستەواژەی روونی نەتەوەیی دیاری ناکات بەڵام پێیوایە کەرکووك شارێکی خاوەن ناسنامەی تێکەڵاوە.

لەراستیدا حکومەتی عێراقی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە لەکەرکووکدا کوردو تورکمان بوونیان هەیە بۆیە پێویستە دەوڵەت دەسەڵاتی زیاتری بەسەردا بکێشێت چونکە پێگەیەکی گرنگ و ستراتیژی هەیە.

یەکەمین قۆناغی تەعریبکردن بە دامەزراندنی پیشەسازی نەوت و ژێرخانی ئابووری کەرکووکەوە گرێدراوە. یەکەمین کۆمپانیای نەوتیش کە بەشێوەیەکی سیستماتیك وەبەرهێنانی لەکەرکووکدا کرد کۆپانیای نەوتی تورکی بوو.

ئەو کۆمپانیایە لە ساڵی ١٩١٤لەئەستەنبوڵ بەپشکداری گەورەی بریتانیا دامەزراو لە پاش کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیش لەکەرکووك دەست بەکاربوو.بەهاتنی کۆتایی **١٩٢٥**رووپێوی فراوان ئەنجامدراو رێوشوێنی پێویست گیرایە بەر بۆ دەستپێکردن بە وەبەرهێنان بەشێوەیەکی فراوان. بەهاوکاری هەریەك لە ئیدارەی بریتانیاوحکومەتی عێراقی، کۆمپانیا تورکیەکە زۆر بە خێرایی ژمارەیەکی زۆر کۆچەبەری وەك کرێکار هێنا تا لەو کەرتە نەوتیە دا کاربکەن- عەرەب و ئاشووریەکانیش لەناوچەکانی تری عێراق لەبری دانیشتوانی خۆجێی

بەگەڕخران.ناوی کۆمپانیایەکە گۆڕدرا بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق و بارەگاکەشی بۆ کەرکووك گوازرایەوە و لەپاش هەڵمژینی یەکەم بڕی نەوتیش کۆمپنیاکە بەئەنقەست و بەشێوەیەکی چڕ دەستیکرد بەوەبەرهێنان لەکەرکووکدا و ئەوەش زیاتر پێویستی بەهێزی کاربوو.

یەکەمین بڕە نەوت لەساڵی ١٩٣٤هەناردە کراو پاش ئەوەش دوو هێڵی گواستنەوەی نەوتی خاوی کەرکووك بۆ بەندەری حەیفا و ساڵی دواتریش بۆ بەندەری تەرابلس کرایەوە و هەرزووش کەرکووك بووە گرنگترین سەنتەری ئابووری لەعێراقدا. لەساڵی ١٩٣٥دا بڕی چوار ملیۆن تۆن لەنەوت هەناردە کرا و ئەوەش عێراقی خستە ریزی پاڵاوتگەی گەورەدەوڵەتانی هەناردەکاری نەوتەوە.

هاوکات ئەو پێگە ناوازەیەش کێشەی بۆ حکومەتی عێراقی دروستکرد.

حکومەتی بەغداد دەیزانی لەدوای چەندان شۆڕشیش کورد بەردەوام دەبێت لەسەر هەڵوێستی نەیاری لەبەرامبەر رژێمی دەسەڵاتدار هەربۆیە کاریکرد بۆ گۆڕینی ستراکچەری کۆمەڵایەتی کەرکووك لەپێناو لاوازکردنی بوونی کورد لەو شارەدا.

دیارە ئەو ئەرکەش زۆر گران نەبوو، چونکە پیشەسازی پەرەسەندوی نەوت لەکەرکووکدا پێویستی بە کادێری کارامەو خاوەن ئەزمووی کاری دامەزراوە نەوتیە نوێیەکان و بەگەڕخستنی تەکنیکی و ئەندازیارانی لێوەشاوە هەبوو. هەروەها ئیدارەی شارو پارێزگاکەش پێویستی بە کەسانی بیروکراس هەبوو لەسەر ئاستی ئەو خواستانەی کە دەوڵەتی هاوچەرخ دەیەوێت تا لەناوچەکەدا سەنگی خۆی هەبێت، ئەوەبوو ژمارەیەکی کەمی کوردیش توانای دەستەبەرکردنی ئەو مەرجانەیان هەبوو، ئەوەش بووە پاساو بۆ حکومەتی عێراقی تا کەسانی تر لەناوچەکانی دیکەوە بۆ عێراق بهێنێت.

دەرئەنجامەکەش گۆڕانکاری کاتیانەی کۆمەڵایەتی بوو بەشێوەیەکی فراوان لە ناوجەرگەی کەرکووکدا، بەجۆرێك گەڕەکی نوێ لەناوچەکانی بەرهەمهێنانی نەوت دروستکران، دانیشتوانی ئەو گەڕەکانەش کەسانی هاوردەی نوێ بوون کەبەبەراورد بە خەڵکی کەرکووك موچەیەکی بەرزیان وەردەگرت.

هەروەها ژمارەیەکی زۆری عەرەبیش لەعەرەبەکانی حەویجە و دەوربەری نیشتەجێکران، بەتایبەتیش خێڵەکانی عوبەیدو جبور، بەپێی سەرچاوە کوردیەکانیش نزیکەی هەزار خێزانی عەرەبی لەماوەی نێوان ١٩٣٦- ١٩٥٧گواستراونەتەوە١.

١-کەمال مەزهەر، "كركوك وتوابعها-حكم التأريخ والچمير"،السليمانيه، دار رينوين ،Renwin Publisher ،

لەبەرئەوە سەیر نییە لەکەرکووکدا دوو هێزی دینامیکی دروست بن و رووکاری پەیوەندی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان لەماوەی سەدەیەکدا دیاری بکەن.
دیارە هێزی یەکەمی دینامیکی پارت و رێکخراوە چەپەکان بوون، کە باوەڕیان بە ئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیستی هەبوو لەکەرکووکدا، بەتایبەتیش دانیشتوانی کورد، کە ئەوێ بۆ ئەوان لە کۆکردنەوەی ئەندام و لایەنگرانیاندا لەباربوو.
هەرچی هێزی دووەمیشە ئەوانەبوون کە پێکهاتەی کوردیان لەرووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەبەراورد بە کەسانی هاوردەو ئەو کەرکووکیانەی کە دەرفەتی کاریان لە پیشەسازی نەوت و فەرمانگە حکومیەکاندا دەست کەوتبوو پەراوێزخستبوو.هەڵبەت تورکمان توانیان پارێزگاری لەو پلەو پایەی لێپرسراوێتیەی خۆیان بکەن کە لەرۆژگاری عوسمانیدا هەیانبوو. جگە لەوەش چینی بازرگانانی تورکمان سوودیان لەو خۆشگوزەرانیە وەرگرتبوو کە کرێکارانی نێو پیشەسازی نەوت لەکەرکووك تازە بەدەستیان هێنابوو.
ئەوەبوو لەسەرەتادا پەنگخواردنەوە بەهۆی جیاوازی بوو لەدابەشکردنی سامان و توانای گەیشتن بە دەرفەتی کار بەبەرزترین موچە، بەڵام دواتر ئەو پەنگخواردنەوەیە فۆرمێکی ئیتنیکی وەرگرت لە نێوان کورد __ بەکردەوە بێ بەشبوون یان راستر دوورخرابوونەوە__ لەگەڵ هەریەك لە عەرەب و تورکمانەکان.

کێشمەکێش لەشارەکەدا

لەساڵی ١٩٥٩دا عێراق لەبارودۆخێکی نائۆقرەدا ژیا و رەنگە تێگەیشتنیش لە کێشەکانی کەرکووکیش وەك پێویست تەنیا لەروانگەی سیاسی سیاسەتی فراوانی عێراقەوە بێت.
لەپاش کودەتای ساڵی ١٩٥٨ کە تیایدا سوپا بەفەرماندەیی زەعیم عەبدولکەریم قاسم توانی پادشایەتی و دارودەستەکەی بڕوخێنێت و هەروەها کودەتاکەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و شەقامەکانی بەغدادیش دیمەنی خوێناوی بەخۆوە ببینێت، سیاسەتی عێراقی بەناسەقامگیری مایەوە و بگرە حکومەتی عێراق لەپێناو کۆنترۆڵکردنی وڵاتدا هەوڵی دەدا.
لەتەقەلایەکی حکومەتیش بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی بووە هاوپەیمانی حزبی شیوعی عێراقی هەنگاوێکی قاسم بوو بەو هیوایەی کە بتوانێت نەتەوەپەرستە توڕەکان بەرتەسك بکاتەوە و مومارەسەی نفوزی خۆی بەسەر شیوعیەکاندا بکات کە خاوەنی پێگەیەکی میللی

ل ٧٨، ئەی . ئار .ئەمین "هەواری کورد"،ژمارە ٤.چاپخانەی هەولێر.

پەرەسەندوبوون١. لەباکووری عێراق بەتایبەتیش لەکەرکووکدا، حزبی شیوعی عێراق لەریزەکانیدا زۆرێك ئەندامانی کوردی لەخۆگرتبوو- کەئەوەش گوزارشت بوو لە پەیوەندی لەمێژینەی نێوان بزوتنەوەی کوردیەتی و بیروباوەڕی چەپگەرایی.

له تەقەلایەکی قاسمیشدا بۆ زامنکردنی توانای لەمامەڵەکردنی لەگەڵ هەر ئاریشەیەکی کوردیدا ڕێگەی دا بەگەڕانەوەی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان مەلا مستەفا بارزانی لەتاراوگە٢.بارزانی کەسایەتیەکی خاوەن راوبۆچوونی بەهێز بوو لەبارەی داهاتووی کەرکووك و هەروەها پەیوەندیەکی بەتینیشی بە حزبی شیوعیەوە هەبوو بەڵام شتێکی ئەوتۆی نەکرد کە ترسی تورکمان بڕەوێنێتەوە سەبارەت بەوەی کە ناخوازێت بەهیچ شێوەیەك هەژموونی کورد بەسەر کەرکووکدا بسەپێنێت.

بەدیدی زۆرێك لە چەپەکان تورکمانەکانی کەرکووك خاوەن دیدوبۆچوونێکی بۆرژوازی بوون و کوردیش بەچاوی دوژمنێکی سەرسەخت لەعێراق لێی دەڕوانین و بە نیگەرانیشەوە تەماشای بارودۆخیانی دەکرد.

هەرچی تورکمانیشە ئەو دەمەی، کە لە تەمووزدا مارف بەرزنجی کرایە موتەسەرفی کەرکووك ترسیان زیادیکرد لەوەی کە کورد باڵادەست بێت.

ئەوەبوو لەپاش ئاهەنگەکان بەبۆنەی ساڵیادی یەکەمی شۆڕشی ١٤ی تەموزەوە پشێویەکان رووی لەهەڵکشان کرد و کەرکووك بەسەر هەردو گروپی ئیتنیکی کوردو تورکماندا دابەشبوو٣، کەئەوەش بەشێوەیەکی لەخۆوە شەڕی نێوان هەردولا وکوژرانی نزیکەی ٢٠ تورکمانی لێکەوتەوە.

رووداوەکانی دوو رۆژی لەسەر یەك ئاماژە بوون بۆ ئاستی بەرزی پلان و بەرپابوونی کێشمەکێشی ئیتنیکی نێوان کوردو تورکمان لەنێو جەرگەی کەرکووکدا.

له ١٥ی تەموزدا سەربازانی کورد لەلیوای چواری سوپای عێراق گەڕەکە تورکمان نشینەکانیان بە هاوەن بۆردومان کرد، کاتێکیش لە ١٧ی تەموزدا سەر لەنوێ نیزام لەرێگەی

---

1 -Farouk Sluglett, M.,and Slugett,P.2001.Iraq Since 1958: From Revolution to Dictorship.3rd ed.London:I.B.Tauris:70-72.

٢- دوای بەشداریکردنی بارزانی لەدامەزراندنی کۆماری کوردستان لەمهاباد کە چارەنووسێکی رەشی هەبوو،ناچارکرا لەتاراوگە بژی ئەو دەمەی کۆمار لەسەر دەستی هێزە ئێرانیەکان لەساڵی ١٩٦٤دا شکستی هێنا.ئەوەبوو بارزانی و هەوادارانی لەمهابادەوە بەرەو خاك سۆڤیەت هەڵهاتن و لەوێ مافی بەرێتی پێدرا.

٣- بگاگو،هەمان سەرچاوە،٩١٣.

بلاوکردنەوەی یەکە سەربازیەکانی بەغدادەوە سەپێنرایەوە، ١٢٠ خانوو روو بـەڕووی وێرانـی و تالانکاری ببوونەوە، هەروەها بـەپێی تۆمـاری حکومـەتی عێـراقیش ژمـارەی قوربانیـەکان لەنێوان ٣١بۆ ٧٩ کوژراوو ١٣٠ پێکراودا بوون١.

دیارە ژمارەکان ئاماژەن بـۆ پێکـدادانی تونـد و وردەکاریـەکانیش ئـەوە دەردەخـەن، کـە پاڵنەری سەرەکی بەدیاریکراوی ئیتنیکی بوەو هەروئەوەشە تورکمـان وەك کوشـتارگەیەك لـەو رووداوە بڕوانێت کە لەلایەن کوردەوە دەرهەقیان کراوە.

حنا بتاتۆ لەتۆماری تێروتەسەلی مێـژووی عێراقـدا نووسـیویەتی کـە بـەرەسمی کـوژرانی ٣١کەس راگەیەنراوە کە جگە لە سیانیان نەبێت ئەوانیتر هەموویان تورکمان بوون و لە نێو ٢٨ کەسی دیکەش کە لەیەن دەسەڵاتەوە بەتۆمەتی تێوگلانیان لەو رووداوەدا لەسێدارە دران جگـە لەچوارکەسیان هەموو ئەوانی تر کورد بوون. لەپاش روداوەکـان ئـەوە بەنـەمری لـەلای کـورد مایەوە، کە بەتەنیا حکومەت نایان چەوسـێنێتەوە بـەڵکو تورکمـانیش لەرێگـەی رێخـراوە نهێنیەکانیەوە کە بۆ غافڵکوژی کەسایەتیە بەرچاوەکانی کورد دروستکراون دەیانچەوسـێننەوە و هەوڵێکی سەرکەوتوویان داوە بۆ راگواستنی خێزانە کوردەکان لەشارەکەدا.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٩ و بەدواوە، کورد کەنەیدەتوانی بەئازادانە جموجۆڵ بکات، هـەوڵی دەدا کەرکووك بەجێبهێڵێت بەجۆرێك تەنانەت لەسەرئاستی شەخسیشـدا بـارودۆخی ئـەمنیان خراپبوو، جگە لەوەش ئەوانەی کە دەیانوویست بـڕۆن و کـەرکووك بـەجێبهێڵن زۆرێکیـان کـە فەرمانبـەری دەوڵـەت بـوون(مامۆسـتا، ئیـداری،...)بـەرەو ناوڕاسـت و باشـووری عێـراق گوازرانەوە.هەروەها رێکخـراوە سیاسـیە کوردیـەکان روو بـەڕووی سـەرکوتکردنێکی دڕندانـە بوونەوە بەتایبەتیش پارتی دیموکراتی کوردستان.

لەدوای کودەتای یەکەمی بەعسیەکان لە ساڵی ١٩٦٣دا کورد روو بـەڕووی چەرمەسـەری زۆر بوەوە چونکە ناسیونالیستە کوردو شیوعیەکان هەردوکیان وەك یەك بەدوژمنی راستەوخۆی رژێمـی عەسـکەرتاری نـوێی بەعسـیەکان دادەنـران، کـە لـەبارێکی تـەواو ناسـەقامگیرو مەترسیداردابوو.

١-هەمان سەرچاوە،٩١٨-٩١٩

قۆناغی دووەمی تەعریب، ١٩٦٣- ١٩٦٨: رۆڵی میلیتار

بارێکی خراپتر چاوەڕوانی کوردی دەکرد، هێزی پێشمەرگە لەپاش رووداوەکانی ئێران کە لەساڵی ١٩٤٦دامەزراندنی کۆماری مهابادی بەخۆوە بینی و تەمەنیشی کورت بوو، لەهەڕەتی هەڵکشانیدا بوو.

ئەوەبوو لەترسی ئەوەی نەبا ئاسایشی کەرکووك لەلایەن پێشمەرگەوە کە بەشێوەیەکی باش رێکخرابوو، روو بەڕووی مەترسی ببێتەوە، حکومەتی عێراقی جوڵا بۆ ئەوەی باڵادەستی کورد بەسەر تەواوی پارێزگاکەدا لاوازبکات، بەتایبەتیش بۆ دڵنیابوون لەوناوچانەی کە هێڵی نەوت بەرەو باشووری خۆرئاوای کەرکووك پیایدا گوزەریان دەکرد. ئەوەبوو راگواستنی کورد لەناوچەکانی نزیك بە بۆریە نەوتەکان دەستی پێکردو لەجێگەی ئەوان ئەو عەرەبانە دانران کە جێگەی متمانەی زیاتر بوون.

پاشان ستراتیژگەلێکی تەعریب جێبەجێکران و هەر لەناوەڕاستی سیەکانی سەدەی رابردووشەوە حکومەتی عێراقی دەستیکرد بە دروستکردنی پرۆژەی گەورەی ئاودێری لەدەوروبەری دەشتی حەیجەی باشووری خۆرئاوای کەرکووك- ئەو ناوچانەی کە کورد داوایان دەکاتەوە و بەلەوەڕگەی تەقلیدی دەژمێردرێن و تیایدا هەندێك جار لەگەڵ خێڵە عەرەبە کۆچەریەکاندا بەشداری دەکەن، لەوانەش عوبێد و جبور کە لەباشوورەوە هەڵهاتوون. لەدوای تەواوبوونی پرۆژەکەش پانتاییەکی زۆر زەوی لەبری دانیشتوانەکوردەکەی درایە عەرەبە کۆچەریەکان، ئەمە جگە لە پێدەشتی قەراج لەباشووری پارێزگای هەولێر و پێدەشتی قەرەتەپە لە باشووری قەزای کفری- بەوەش بەکردەوە پردێکی عەرەبی درێژبوەوە بۆ پاراستنی بۆریە نەوتەکان و گۆڕینی هاوسەنگی دیمۆگرافیا لە هەردو پارێزگای دیالەو هەولێرداو لەوەش گرنگتر لەپارێزگای کەرکووك بۆ بەرژەوەندی دانیشتوانی عەرەب[1].

ئاماری ساڵی ١٩٥٧ ژمارەی عەرەبی نیشتەجێی ناوچەی حەویجەی بە نزیکەی ٢٧٧٠٥کەس تۆمار کرد لەگەڵ ئەوە بەرەسمی قەزاکە خرایە تەك پارێزگای کەرکووك.

بەدیدی کورد ئەوە بۆخۆی گەمەکردنێکی ئاشکرابوو بە پێکهاتەی دانیشتوانوسنووری ئیداری، هەروەها جەستەیەکی گەورەی دانیشتوان خراوەتە سەر خاکەکەیان کەلەو رۆژەوە بووەتە هەڕەشەیەکی ئەمنی بۆ سەریان. لەراستیدا کورد هەربەتەنیا لەماوەی دوای

---

١ -تاڵەبانی، نوری،هەمان سەرچاوە،٢٣

گۆڕانکاریەکانی ساڵ ٢٠٠٣ەوە وەك دوژمن لە عەرەبی حەیوجە ناڕوانن، بەڵکو یاساناس و ئەکادیمیستی ناسراوی کورد نوری تاڵەبانی دەڵێت لەپاش هەڵگیرسانی شۆڕشی کوردی لەساڵی ١٩٦١ عەرەبی حەویجە چوونە نێو ریزی میلشیای سەربازی نانیزامییەوە کە ئەرکیان پەلاماردانی ئەو گوندە کوردنشینانە بوو کە پێیان وابوو یارمەتی پێشمەرگە کورد دەدەن.

لەیەکێك لەهێرشەکانی ئەو عەرەبانەدا لەساڵی ١٩٦٣ئەم (ئەهزوجە- گۆرانیە میللی)ەیان دەوتەوە" احنا العرب أهل الغيره نگرد الاكراد من هلديره- ئێمە عەرەبی بەغیرەتین کورد دەردەکەین لەم ناوچەیە"١.

ماوەی فەرمانڕەوایی میلیتاری لەعێراق لەنێوان ١٩٦٣ بۆ ١٩٦٨ ماوەیەکی دژواربوو بۆ کوردی کەرکووك. لەدوای سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی کە شۆڕشی کوردی لەدژی سوپای عێراقی لە چیای ناوچە بڵندەکان بەدیهێنا، رژێم لەهەرکاتێکی تر زیاتر سووربوو لەسەر مانەوەی دەسەڵاتی بەسەرکەرکووکدا، هەروەها هەوڵیشیدا تۆڵە لەکوردی کەرکووك بکاتەوە لەبری بێتوانابوونی لەبەرەنگاریبوونەوەی راستەوخۆی پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەوەبوو چەند گوندێکی نزیك بەکەرکووك و چەند گەڕەکێکی لەشارەکەدا وێران کرد بەتایبەتیش گەڕەکی کۆماری ٢.

لەدبسیش خێزانە کوردەکان راگوازران و لەبریان لە نزیکەی ٣٥ گوند دا خێڵی عەرەب نیشتەجێکران، لەهەمان کاتدا ژمارەیەکی هاوشێوە لە گوندەکانی هەردو قەزای سەرگەڕان و کاندیناوا تەعریب کران٣.هاوکات ئەوکوردانەش دەرکران، کە لە پیشەسازی نەوت کاریان دەکرد یاخود بۆ دەرەوەی پارێزگاکە گوازرانەوە.

دیسان عەرەب لە نێو پۆلیسی ناوخۆیدا بەگەڕخران و ناوی زۆرێك لە شەقام و خوێندنگە کوردیەکانیش گۆڕدران و پرۆسەیەکی فراوانی بەسەربازیکردن لەسەرتاسەری پارێزگاکە ئەنجامدرا لەنێویشیاندا دروستکردنی ناوچەی ئەمنی لەدەوروبەری دامەزراوە نەوتییەکان٤.

١هەمان سەرچاوە،٢٤.

٢- هەروەها هەریەك لە سوناغولی و یاروەلی و پەنجاعەلی و وائل پاشاوقزلّقایاوچیمەنی گەورەو چیمەنی بچوك وجەوەل پوروهەنجیرەو قوشقایاوشورا ووباجوان.

٣- Resool,S.H.1990. Destruction of NATIONM ، هێڵکاریەکی بلاونەکراوە،تەموز ٣٥:١٩٩٠،هەروەها ئە.مینە.١٩٩٩:ئەمنی ستراتیژی عێراق وسێ کوچکەی بەعسیان:تەرحیل و تەعریب وتەبعیس:٢٣٨-٢٣٩.

٤-تاڵەبانی،هەمان سەرچاوە،٢٣٨-٢٣٩.

بەدیدی کورد شەستەکانی سەدەی رابردوو خاڵی وەرچەرخان بوو لەپەیوەندیان بە دەوڵەتی عێراقیەوە، چونکە ئەو دەیەیە بەبەبەراورد بەرووداوگەلی دەیەکانی پێشووتر جیاوازبوو، کە تیایدا کەرکووك بە چڕی تەعریب کراو هاوکاتیش پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامەی کوردبوونی شارەکە ئەنجامدرا و بووە ئەو ستراتیژیە روون و ئاشکرایەی کە دەوڵەت پشتی پێدەبەست و بەشێوەیەکی دڕندانەولەناوبەرانە جیبەجێی دەکرد.ناکۆکی ئیتنیکی بووە لۆژیکی ستراتیژێکی دیاریکراو و دیسان دەیەی شەستەکان نائۆقرەیی پەیوەندی نێوان کوردو تورکمانی بەشێوەیەکی بەرچاو لەدوای کوشتارگەی ١٩٥٩ەوە بەخۆوە بینی. بەڵام شەستەکانی سەدەی رابردوو بۆ کورد ترۆپکی نەهامەتیەکانیان نەبوو لەسەر دەستی دەوڵەت بەڵکو خراپتریش روویدا.

قۆناغی سێیەم لە تەعریب، ١٩٦٨ - ١٩٧٤ : جێگیرکردنی دەسەڵاتی بەعس

ئەوە بەتەنیا هەر کورد نەبوو دەیەی شەستەکانی لێوان لێو بوو بە دەردەسەری، بەڵکو حزبی بەعسیش لەپێناو مانەوەی لە نێو لێشاوی پشێوی سیاسی ژیانی وڵاتدا هەوڵی دەدا.

لەدوای سەرکەوتنی بەعس لە تێکەڵ کردنی هێزەکانی بە سوپا بۆ رووخاندنی زەعیم عەبدولکەریم قاسم لەساڵی ١٩٦٣دا، سەرکردە بەعسیەکان لە پۆستە باڵاکانی دەوڵەتدا دانران.

بۆنموونە ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆکایەتی حکومەتی گرتە دەست و عەلی سالح ئەلسەعدی بووە جێگری[1]. لەکاتێکدا حوکمی بەعس سەلماندی زۆرلێهاتووە لە سەرکوتکردنی لایەنگرانی رژێمی لەناوچوو لەگەڵ پەلاماردانی حزبی شیوعی عێراقی بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە، کەچی کەم توانا بوو لەروو بەڕوو بوونەوەی شۆڕشی کورد کە لە ساڵی ١٩٦١ەوە بەرەو هەڵکشان دەچوو.

لەبەرامبەر ئەو رەخنە زۆرەی لەناوخۆی عێراقدا لەئارادا بوو، کە رەنگە لە دەرەوە گرنگتربووبێت —بەتایبەتیش رەخنەکانی سەرۆکی میسری جەمال عەبدولناسر- هاوپەیمانە سەربازیەکانی بەعس لەبەعس هەڵگەڕانەوەو لەتشرینی دووەمی ١٩٦٣دەسەڵات وەدەرینان.

رووخانی بەعس ئەزموونێکی بەسوێ بوو بۆ ئەو حزبە کە هێشتا حزبێکی گەنج بوو بەڵام ئەزموونەکان بەخێرایی وانە فێر دەکەن، لەبەرچاوترین ئەو وانانەش پێویستی بەڵگەنەویستی بوو بۆ دانانی ستراتیژێك بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ هەڕەشەی بەردەوامی کورد. ئەوەی لە دەیەی

1 -Stansfield ,G.2007.Iraq,People,History,Politics:Politics:93.

شەستەکان مابوەوە، بەعس هێزەکانی کۆکردەوەو ریزەکانی خۆی تیادا رێکخستەوە وسەرلەنوێ بە هاوپەیمانی لەگەڵ سوپا لە ١٧ی تەموزی ساڵی ١٩٦٨ گەڕایەوە دەسەڵات.

لەگەڵ ئەوەی بزوتنەوەی تەموزی ١٩٦٨هەولێکی هاوبەشی نێوان بەعس و ئەفسەرە سەربازەکان بوو بەڵام ئەمجارەیان مێژەکە هەڵگەڕایەوەو حزبی بەعسیش سوور بوو لەسەر ئەوەی بۆ خۆی ئاغا بێت نەك سوپا. هەربۆیە زوو سەرۆکی نوێی بەعس ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لەگەڵ هەڤاڵەکانیدا ساڵ مەهدی عەماش و حەردان تکریتی خۆیان لەو ئەفسەرانە رزگارکرد کە ببوونە هاوپەیمانیان، پاشان پەلاماری حزبی شیوعی و کوردیان دا بۆ بەرەنگاریبوونەوەی مەترسی هەڕەشەکانی سەر رژێم لەمەودایەکی نزیکدا١. بەعس پێیوابوو چارەسەرەی کاتی بۆ ئەو مەترسیانەی کە هەڕەشەن بۆ سەر مانەوەی بەس نییە بۆیە لەبری ئەو چارەسەرە بەرەو چارەسەرێکی تاڵ و ریشەیی هەمیشەیی هەنگاوی نا.

سەبارەت بەکورد حوکمی نوێی بەعس زۆرخراپتربوو لەو رژێمەی کە پێشووتر هەبوو، ئەوەبوو لەبری چارەسەرکردنی لایەنە توندەکانی سیاسەتی تەعریب و وازهێنان لە چەوسانەوەی کورد بەگشتی، رژێم بەردەوام بوو لەسەر ئەو نەهجەو هەوڵیدا زۆر لەوە دوورتر هەنگاو بنێت لەبەرامبەر بوونی بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستان بەگشتی و کەرکووکیش بەتایبەتی.

جاپاش ئەوەی دەسەڵاتی خۆی سەپاند، بەعس بوە درێژە پێدەری سیاسەتی رژێمی پێشوو لە تەعریبکردن و سەپاندنی ناوی عەرەبی لەبری ناوە کوردی و تورکمانیەکان و سەرقاڵبوونی بە پەیڕەوکردنی ستراتیژی نوێ. لەماوە مەترسیدارەکانی نەبوونی ئارامی سیاسیدا کورد لەکەرکوك دەکرایە ئامانج، بەڵام دەسەڵاتی بەعس پێویستی بە زامنکردنی پەراوێزێکی سیاسی بۆخۆی بوو، تا لەپێناو جێگیرکردنی پێکانیدا کات بەدەستبهێنێت و لەکۆتاییدا ئیرادەی خۆی بسەپێنێت.

لەساڵی ١٩٧٠دا لەسەروبەرندی لاوازی دەسەڵاتدا دووەم پیاوی رژێم- سەددام حسێن- رووی لەباکوور کردو روو بەڕوو چاوی بە سەرکردەی کورد مستەفا بارزانی کەوت و پەڕەیەك سپی دایە بارزانی بۆ ئەوەی داواکاریەکانی خۆی تێدا بنووسێت٢.بەڵام کەرکووك بەناوچەیەکی کێشە لەسەر مایەوە کە بارزانی داوای کردو حکومەتیش داواکەی رەتکردەوە.هەڵبەت

1 -Mufti, M.1996. Sovereign Creations: Pan –Arabism and Political Order in Syria and Iraq.London: Cornell Unversity Press:198

٢ - ماکدویل، McDowall،هەمان سەرچاوە،٣٢٧

چارەسەر لە رووی پراکتیکیەوە دەستی خۆدزینەوەبوو- بۆئەوەی دەرفەتێکی تر لەبەردەم دەسەڵاتدا بێت تا کەشێکی سیاسی بسازێنێت و توانای سەربازی خۆی بۆ روو بەڕوو بوونەوەی هەڕەشەی کوردی دروست بکات.

لەبری دیاریکردنی چارەنووسی کەرکووکیش بەرێگەیەك لەرێگەکان لەسەر ئەوە رێککەوتن کە دوا سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی پشت بە بوونی زۆرینەی کورد دەبەستێت، ئەویش لەرێگەی راپرسی یاخود سەرژمێری دانیشتوانەوە١.

لەو دەمەدا بەیاننامەی ئازار مۆرکرا بەبێ ئەوەی کەرکووك بکەوێتە نێو رێککەوتننامەکەوە، دیارە بەیاننامەی ئازار پرۆژەیەکی گشتگیر بوو کە پێشکەش بەکورد کرابوو، لەگەڵ دان پێدانان بەناوچەی ئۆتۆنۆمیدا.

بەپێی رێککەوتننامەکە کورد بەزمانی خۆی دەیخوێندو بەرپرسانی کوردیش کە بەزمانی کوردی دەدوان کاروباری خۆیان بەرێوە دەبرد، ئەمە جگە لەدەستەبەرکردنی سەرچاوەیەکی دارایی دیاریکراو بۆ پەرەپێدانی ناوچەکە و هەروەها دانپێدانان بەوەی کە کورد یەکێکە لەو دوو نەتەوەیەی کە گەلی عێراق پێکدەهێنێت، لەگەڵ پێدانی پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار لەبەغداد.

بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لە دواوە بدرێتەوە دەبینرێت رژێمی بەعس بەجۆرێك لە فێڵبازی کار کردووە.

لەدوای واژۆکردنی رێککەوتننامەکە دەستەبژێری کورد هەستی بە تووڕەبوونێکی زۆر کرد لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی نێو رێکەتننامەی ئازار وەك پێویست نەبوون یاخود هەر جێبەجێ نەدەکران.

ئەو تورەییە هەر کوردی نەگرتەوە، بەڵکو حکومەتی عێراقیش لەبەغداد نیازی خۆی نەشاردەوەوهەوڵیدا مەلا مستەفا بارزانی لەدوو بۆنەدا لەساڵی ١٩٧٢ بکوژێت و لەهەمان کاتیشدا ئیدریسی کوڕیشی لەبەغدا کرایە ئامانجێکی غافڵکوژی، هەرچی بارودۆخی کەرکووکیشە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندیەکان بوو.

لەدوای بەیاننامەی ئازای ١٩٧٠ و داواکاری بارزانی سەبارەت بەگەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر ناوچەی ئۆتۆنۆمی، هەوڵەکان بۆ لاوازکردنی بوونی کورد لەشاری کەرکووك چڕکرانەوە، ئەویش وەك پێشبڕکێکردنێك لەگەڵ ئەنجامدانی هەر سەرژمێریەك کە لەداهاتوودا بکرێت.

---

١ -هەمان سەرچاوە.

ئەوەبوو عەرەبە نێردراو(الوافدون) ە نوێکان _ئەوانەی لە پەنجاکانەوە روویان لە کەرکووك کردبوو وا تۆمارکران کە سالانێکی زۆرە لەوشارەدا نیشتەجێبوون، هەروەك نوری تاڵەبانی بە و فێڵ و تەڵەکەیە ناوی دەبات کە دەوڵەت مومارەسەی دەکات١.

هاوکات دەست خرایە سەربینەقاقای کورد لە کاروبـژێوی پێویسـتی ژیـانی رۆژانەیانـدا و رێگەیان پێنەدرا خانوو و زەوی و زارەکانیان بفرۆشن تەنیا بە کڕیاری عەرەب نەبێت، دیسـان قەدەغەبوو بەهەرشێوەیەك خانوو و زەوی و زار بکڕن و تەنانەت مۆڵەتی ئەوەشـیان پێنـەدەدرا خانوو و موڵکەکانیان نۆژەن بکەنەوە ئەوەش وایکرد زۆرێکیان ژیانی کولەمەرگی بەسەربەرن.

هەروەها لەرووی سیاسیشەوە کورد پەراوێز خرا ئەویش بەگواسـتنەوەی سـەنتەری ئیـداری پارێزگاکە لەبەشی کوردی شارەکەوە بۆ بەشە تەعریبکراوەکە٢.

هاتنی خێزانە عەرەبەکان لەسـەردەمی دووەمـی بەعسـدا بـەردەوام بـوو، لەگـەڵ ئـەوەی هەرخێزانێکی هاتوو بڕی ١٠ هەزار دیناری بۆ خەرج دەکرا، ئەمـە جگـە لـە ئیمتیـازی وەك دەستەبەرکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کار- زۆر جار ئەوانە لـە دەزگـای ئیـداری پارێزگاکـە یاخودلەدەزگا ئەمنیەکاندا کە بەخێرایی فراوانتردەبوو بەگەڕدەخران.

سەرباری ئەوەش رژێم هەوڵیدا دەرماڵەی دارایی بۆ دانیشتوانی کورد دەسـتەبەرکرد بـۆ ئـەوەی هانیانبدات شاری کەرکووك بەجێبهێڵن و روو لەشارەکانی ناوڕاست و باشووری عێراق بکەن.

لەسەرەتای هەفتاکاندا دروستکردنی خانوو بەرە بۆ عەرەبە هاوردەکـان روو لـە هەڵکشـان بوو، لەبەرامبەر داواکاریەکانی مەلا مستەفا بارزانیش سەبارەت بەوەی کەرکووك بخرێتە سەر ناوچـەی ئۆتۆنـۆمی هـەروەك ئـەوەی لـە رێککەوتننامـەی ئـازاری ١٩٧٠دا هـاتووە، دەسەڵاتدارانی عێراقی بەگوڕ و تینەوە پەرۆش بوون بۆ گۆڕینی دیمۆگرافیای شـارەوپارێزگاکە و زۆرکردنی رێژەی عەرەب هەرچەندە راستەوخۆ نەبوونە زۆرینە.

بۆ نموونە نوری تاڵەبانی دەڵێت، دروستکردنی ٦٠٠خانوو لە گـەڕەکی ئـازادی و ئیسـکان لەنزیك شارێی کەرکووك سلێمانی و ناونانی ناوچەکەش بە کەرامەی عەرەبی، ئەمە جگە لـە پرۆسەی نیشتەجێکردن و دروستکردنی سەربازگە لەنزیك ناوچەکە بەمەبەستی دەستەبەرکردنی ئاسایش بۆ دانیشتوانی ئەو دەڤەرە.

---

١ - تاڵەبانی، نوری، هەمان سەرچاوە، ٣٥.

٢- هەمان سەرچاوە.

هەڵبەت ئەو پرۆژەیە دەست بەجێ لەگەڵ واژۆ کردنی ڕێککەوتننامەی ئازار لەنێوان رژێمی بەعس و مەلامستەفا بارزانی جێبەجێکرا، بەدواشیدا ٥٠٠ خانووی دیکە بەتەك ناوچەی کەرامە دروستکران و ناوی لێنرا گەڕەکی موسەننا١.

هەرزووش پەیوەندیەکانی نێوان مەلامستەفا بارزانی و رژێم بەرەو بارگرژی چوو، ئەویش پاش ئەوەی ئەو سەرکردە کوردە حکومەتی بەغدای بەنیشتەجێکردنی عەرەب لەناوچە کێشە لەسەرەکانی وەك کەرکووك و شەنگال تۆمەتبار کرد و بگرە حکومەتیش لەوە ئاگادار کردەوە، کە سازدانی هەر سەرژمێریەك لەوناوچانەدا دەرئەنجامەکەی پەسەند ناکرێت٢.لەدوا هەرەسی دانوستانەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراقی لە ئازاری ١٩٧٤دا یەك لایەنە لەلایەن رژێمی بەعسەوە یاسای ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق جاڕدرا، بەڵام بەجۆرێکی ئەوتۆ بەرتەسکی کردبوەوە، کە ناوچەی ئۆتۆنۆمی تەنیا ئەو زەویانەی لەخۆگرتبوو کە کورد داوای دەکرد، بێگومان لەگەڵ دورخستنەوەی کەرکووکیش لەناوچەی ئۆتۆنۆمی٣.

پارتی دیموکراتی کوردستان یاسای ئۆتۆنۆمی بەتەواوی رەتکردەوەو سەرلەنوێ کێشمەکێشی ئاشکرای نێوان هێزی پێشمەرگەو حکومەت دەستیپێکردەوە.

دیارە بەپشت بەستن بە ئەزموونی ساڵانێك لەشەڕی نێو چیاکان و سوودوەرگرتن لە پشتیوانی ئێران، هێزەکانی مەلامستەفا بارزانی سەلماندی کە لەپێکهاتەی سوپای عێراقی کە لەدژی کۆکرابوونەوە بەتواناترن٤. بەڵام سەددام حسێن لەو پێگە لاوازەیدا نەبوو کە جاران تیایدابوو، ئەوەبوو سەرکردایەتی عێراقی جەختی لەسەر پێداکوتینی رژێمەکەی کردەوەو دەستی بەدانوستان کرد لەگەڵ گەورەترین هاوپەیمانی کورد کە ئێران بوو، بەوەش پەیوەندی

---

١ - پێویستە سەرنجی ئەوەبدرێت کە تورکمانیش دەڵێن بەهەمان شێوەی کورد تووشی نەهامەتی هاتوون و زۆرێکیش لەو گوندانەی کە کورد بەموڵکی خۆی دادەنێت گوندی تورکمانین. بەدەر لە ناسنامەی گوندو ناوچەکانی کراونەتە ئامانج و گۆڕانکاری لەدانیشتوانەکەیدا کراوە، ئەوا قەبارەی تەعریب لەکەرکوکدا زۆر سامناك بووە،هەروەك ئەوەی لەم لیستەدا ئاماژەی پێکراوە.

٢ - ماکویل McDowall ، هەمان سەرچاوە،٣٢٩.

٣ - رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ: Human Rights Watch 2004. Claims in Concflict: Reversing Ethnic Cleansing in Northerm Iraq.16 ,4(E),August:8.

4 - Jawd, S.1982."Recent Developments in the Kurdish Issue". In Niblock, T.(ed), Iraq: The Contemporary State . London: Lynne Reinner Publishers: 56

بەرژەوەندیخوازانەی نێوان مەلامستەفاو تارانی تێکشکاند و لەباشوورەوە نۆکەندی عەرەبی دایە ئێران کە چاوی تێبڕیبوو.

ئەوەکە دواتر بە ڕێککەوتننامەی جەزائیر ناسرا، لەئازاردا لەنێوان ئێران و عێراقدا مۆرکرا و بەوەش گورزێکی کوشندە لەبزوتنەوەی چەکداری کورد لـەعێراق درا کـە ئـەوەش پێویسـتی بەدەیەیەك بوو تا بێتەوە سەرخۆی و چاکبێتەوە.

ئەوەبوو بەراگرتنی پشتیوانی ئێران بۆ کورد، بزوتنەوەکەیان هەرەسی هێناو مەلامستەفاش بەبێ گەڕانەوە عێراقی بەجێهێشت١.

قۆناغی چوارەم لەتەعریب، ١٩٧٥ - ١٩٨٧: هەڵکەندنی کورد

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە جارێکی تر هەرگیز کورد نەتوانێت بڵێت ئەوان زۆرینەن لەپارێزگای کەرکووکدا رژێمی بەعس دەستیکرد بە تەعریبکردنی چڕتری ناوچەکە و راگواسـتنی هـەزاران خێزانی کورد لەسەر زێدی خۆیانەوە بەرەو بیابانەکانی باشوور.

هـەروەك رێکخـراوی چـاودێری مافـەکانی مـرۆڤ Human Rights Watch یـش ئامـاژەی پێکردوە ئەو جموجۆڵانەی دانیشتوان زۆر سامناك بووە:

"لەکۆتایی هەفتاکاندا حکومەتی عێراقی دەستیکرد بەزۆر راگواسـتنی نزیکـەی چـارەکە ملیۆنێك لەپیاوو ژن و منداڵی گوندە هاوسنووریەکانی ئێران و تورکیاو خاپوورکردن دێکانیـان و دامەزراندنی ناوچەیەکی دابڕاو بەدرێژایی ئەو سنوورە هەستیارە.

هەروەها نیشتەجێکردنەوەی ئەو خەڵکە لەو کۆمەڵگانەی کـە بـۆ ئـەو مەبەسـتە لەسـەر شاڕێی ناوچەکانی کوردستان دروستکران و لەژێر کۆنترۆڵی سوپادا بوون"٢.

هاوشێوەی راگواستنی کورد لەبەرامبەریدا شەپۆلی کۆچی عەرەب بـۆ ناوچـە کوردیـەکان لەئارادابوو.

---

١ - - دوای ماوەیەکی کەم لەتاران، بارزان بۆی دەرکەوت کە شێرپەنجە سی هەیـە. لـەئازاری ١٩٧٩ لەواشـنتۆن دی سـی گیـانی سپارد. Korn, D.1994."The Last Years of Mustafa Barzani". Middle East Quarterly,12

٢ - رێکخراوی چاودێری مافـەکانی مـرۆڤ: Human Rights Watch .1995. Iraq's Crime of Genocide : The Anfal Campaign Against the Kurds . New Haven and London:8.

ئەوەبوو بەتەنیا لەساڵی ١٩٧٩دا نزیکەی ١٠٠٠ هەزار خانوو لەناوچەی "کەرکووکی تازە" دروستراو لەساڵەکانی دواتریشدا ٤ هەزار خانووی دیکە خرانە سەر پرۆژەکە.
لەسەرەتای ساڵانی جەنگی ئێران عێراقیشەوە پرۆژەیەکی دی جێبەجێکراو بەلانی کەمەوە ٢٠٠ دوو سەد خانووی تر بۆ کەسو کاری شەهیدانی قادسیەی سەددام دروستکران.
لەوبارەیەوە شۆڕش رەسوڵ دەنووسێت:
"لەدوای نسکۆی بزوتنەوەی کوردی لە ئازاری ١٩٧٥دا حکومەتی عێراقی سەرجەم جۆرەکانی تەعریبی پیادە کرد، لەوانەش راگواستن و دوورخستنەوە کوردی شاری کەرکوك و دروستکردنی گەڕەکی عەرەبی لەناوشارەکەداو نشیتەجێکردنی عەرەب تیایدا و دامەزراندنی گوندی نوێ لەدەوروبەری کەرکوك و هێنانی عەرەب لە باشوور و ناوڕاستەوە بۆ نیشتەجێکردنیان، هەروەها ناچار کردنی عەشیرەتە کوردەکان بۆ ئەوەی نەتەوەی خۆیان بگۆڕنو بیکەن بەعەرەب.گشت ئەم شێوازانەی تەعریبکردن زۆر بە دڕندانەتر لەجاران جێبەجێکران١. دیارە سیاسەتی تەعریب هەربەتەنیا خۆی لە بەکارهێنانی دڕندانەی هێزدا نەبینیەوە بەڵکو سەرباری ئەوەش راستی نوێ لەسەر زەوی بەیاسا کاری لەسەر کرا.
بۆنموونە کاتێك کورد یاخود تورکمان رادەگوازران سەرجەم بەڵگەنامەی تایبەت بە موڵکداریێتیان بەپێی مەرسومەکان لێزەوت دەکرا لەوانەش زەویە کشتوکاڵیەکان٢. جگە لەوەش فەرمانگەکانی دەوڵەت فۆرمێکی رەوای دەبەخشیە بارودۆخی خێزانە عەرەبە هاوردەکان و ئەو موڵك و زەویانەش کە پێیان دەدرا.لەئێستاشدا کورد بەچاوی داگیرکەر لەو عەرەبە هاوردانە دەڕوانێت و گواستنەوەشیان لەهەفتاکان و هەشتاکاندا بژاردەیەکی بەڵگەنەویستی بووە.
رێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لەزاری شێخێکی عەرەبی عەشیرەتی حەدیدییەوە باس لەوە دەکات کە چۆن ٤٧ خێزان لەعەشیرەتەکەی لەساڵی ١٩٧٥ روویان لە گوندی خانی سدیق کردووە:
"ساڵی ١٩٧٥ رووومان لە خان سدیق کرد. بەرلەوە ئێمە کۆچەری بووین و لەجێگەیەکەوە دەچووین بۆ جێگەیەکی تر و زەویمان نەبوو.

---

1 - Resool,S.H.2003

"تعریب کرکوك:أدله علی سیاسه التعریب"، لندن،دارالحکمه،ص٤٦.

٢ - رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، ،هەمان سەرچاوە،٩-١٠.

حکومەت هات و پێیوتین بەرەو گوندەکانی باکوور دەمانبەن، چونکە حکومەت کوردی دەرکردوەو قەرەبووی کردوونەتەوە و ئێمەیان بۆ ئێرە هێناوە.بێگومان حکومەت ئێمەی ناچار نەرکردووە روو لەباکوور بکەین، هاتن‌و پرسیان پێکردین کە ئایا زەویمان هەیە، ئێمەش وتمان نەخێر. وتیان هەرکەسێك گەرەکی بێت ئەوا دەیبەین بۆ باکوور، ئێمەش فرە خۆشحاڵ بووین بەچوونمان بۆ باکوور چونکە لە باشوور زەوی بەراومان نەبوو.١

پێویستە لەسەر ئەو ئاسەوارانەی پرۆسەی تەعریب هەڵوەستە بکرێت کە بەجێی هێشتوون، ئەویش نەك هەربەتەنیا لە هاوسەنگی دیمۆگرافیای شارەکەدا بەڵکو لەسەر دیدی پێکهاتە جیاوازەکانیش لەسەر یەکتری.

لەپەنجاکانەوە ناسنامەی گرتبوونەوە تەقلیدیەکان توند دەبێتەوەو کوشتارگەی ساڵی ١٩٥٩ ئەو پەڕی دوژمنایەتی نێوان کوردو تورکمان پیشان دەدات.بەڵام لەگۆشەنیگای خەڵکی کەرکووکەوە بەوشێوەیەی کە لەیەکتری تێدەگەن ئەوا کاریگەری هەموو ئەو مومارەسانەی کە لە هەفتاو هەشتاکاندا کراون زەقترن.

ئەو کەسانەی لەودەمەدا تەمەنیان لەنێوان ١٠ بۆ ٢٠ ساڵدا بووە ئەوا ئێستا لەنێوان ٣٠ بۆ پەنجا ساڵدان و هەموو ئەوەیان بەبیردێتەوە کە لەکەرکوکدا دیویانەو بە ئەزموونێکی سەردەم نوێی دەزانن.

هەروەها زۆرێك لەو کەسانە چالاکوانی سیاسین و بەهەموو تینیانەوەلەسەر داهاتووی کەرکووك تێکەڵ بە ململانێ بوون.

چیرۆکەکانیان فرەو بڵاون، ئافرەتێکی کورد بەناوی سۆنی خەلیل لەدیدارێك لەگەڵیدا باس لەوە دەکات کە چۆن لەسەرەتای هەشتاکاندا کە ئەو تەنیا منداڵێکی تەمەن ١٠ ساڵان بووە ژیانی گۆڕانی بەسەردا هاتوە ئەو کاتەی مومارەسەی سیاسەتەکانی حکومەت کاریگەری خۆی هەبووە:

"ئەو دەمەی تەمەنم ٥ ساڵان بوو زۆرێك هاوڕێم هەبوو نەك هەر لەکورد بەڵکو لە عەرەب و تورکمان و مەسیحی، ئێمە منداڵ بووین و بیرمان لە ئیتنیك و ئایین نەدەکردەوە.

بەڵام پاش هەڵگیرسانی جەنگی ئێران ئەو شتە گۆڕا و پەیوەندیەکان بەجۆرێکی تر بوون و دەبوو هەموو کات تەنیا زمانی عەرەبی بەکاربهێنرێت. دیارە ئەوەش وایلێکردم هۆشیارتربم بەرامبەر بەکوردبوونی خۆم.

١-هەمان سەرچاوەی پێشوو

لەهاتنی ساڵی ١٩٨٦ گشت بە هەڵمەتەکانی ئەنفال و زەبروزەنگی دژ بە کوردیان دەزانی، ئەو دەم هەستم بەمەترسیەکی گەورە کرد.
کاتێکیش کە تەمەنم ١٤ ساڵان بوو، هاوڕێیەکم وێنەی بارزانی پێبوو لەقوتابخانە و یەکێك لەمامۆستاکان ئەو وێنەیەی دۆزیەوە، ئیتر دوای ئەوە ئەو هاوڕێیەمان نەدییەوەو ئەو دەم ئیتر زانیم کە من کوردم کوردبوونیش چ واتایەکی هەیە"[١].

دواقۆناغی تەعریب، ١٩٨٧- ٢٠٠٣:

چارەسەری کۆتایی بەشێوازی بەعسییانە

بەدامەزراندنی عەلی حەسەن ئەلمەجید (ناسراو بەعەلی کیمیایی لەبەر ئەوەی لەهەشتاکاندا چەکی کیمیایی لەدژ کورد لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا بەکار هێناوە) بەرپرسی نووسینگەی باکوری حزبی بەعس کەساڵی ١٩٨٧ بارەگاکەی لە کەرکووك بوو سیاسەتی تەعریب گوڕێکی نوێی بەخۆوە بینی و تەواوکردنی تەعریب لەپێشەوەی کارنامەی ناوبراودا بوو.
لەنەوەدەکاندا سیاسەتی تەعریب گەیشتە ترۆپك، ئەوەبوو سەددام حسێن لە ئابی ١٩٩٠دا فەرمانیدا هێزەکانی بچنە نێو کوەیتەوە، ئەویش بەحسابی خۆی کەرامەتی نیشتیمانی بگەڕێنێتەوە کە دەرئەنجامی هەشت ساڵە جەنگ لەگەڵ ئێراندا دوچاری خوێن پژان و شکاندن ببوەوە، لەهەمان کاتیشدا زامنکردنی گەیشتن بە یەدەگی نەوتی کوەیتی.
ئەوەبوو لەبەرامبەر داگیرکردنی کوەیت و هەڕەشەکردن لە عەرەبستانی سعودیە، خۆرئاوا بەخێرایی هاوپەیمانیەکی نێو دەوڵەتی کۆکردەوە بۆ پارێزگاریکردن لە سودیەو وەدەرنانی هێزەکانی سەددام لەکوەیت.
لە ١٧ی کانونی یەکەمی ١٩٩١ پرۆسەی "گەردەلولی بیابان" وئازادکردنی کوەیت دەستپێکرد.
ئەو شکستە ئابڕوبەرانەیەی هێزەکانی سەددام دووچاری بوونەوە، رژێمەکەی خستە بەردەم مەترسی ئەگەری کودەتاوە.هەروەها لەرۆژە بێ سەروبەرەکانی دوای شکستی عێراق راپەڕینێکی خۆڕسك لە ١ی ئازار لەباشوور سەریهەڵداو دواتریش هەرزوو لە ٤ی ئازاردا کوردستانیشی گرتەوە.

---

١ - دیدار لەگەڵ سۆنیا خەلیل،هەولێر،٢٧ی نیسانی ٢٠٠٨

ئەوەبوو بەخێرایی کەرکووك و سەرجەم دامودەزگاکان کەوتنە دەست شۆڕشگێڕەکانەوە بەر لەوەی سوپای عێراق و هێزەکانیان لە ٢٩ی ئازاردا کەرکووك بگەڕێننەوە ژێر دەسەڵاتی خۆیان.

ڕووداوەکانی ١٩٩١ هۆیەك بوون بۆ ئەوەی ڕژێمی فەرمانڕەوا نیگەران بێت چونکە ڕووداوەکان گەورەتر بوون لەو هەڕەشەیەی کە هێزەکانی مەلامستەفا بارزانی لەهەفتاکاندا بۆ سەر کەرکووك هەیانبوو.

هەروەها حکومەتی عێراقی ڕێو شوێنی پێویستی بۆ پارێزگاریکردن لەو باڵادەستیەی بەسەر کەرکووکدا هەیبوو گرتە بەر، دوای ئەوەی هەریەك لە ئەمریکاو بریتانیا پارێزگاریکردنی ناوچەکانی باکووری هێڵی پانی ٣٦یان گرتە ئەستۆ(بەهەولێرو دهۆك)ەوە، ئەوەبوو حکومەتی عێراقی تێگەیشت لەوەی ئەو پارێزگاریکردنە ئاسایشی ناوچە کوردنشینەکانی تری باکووری هێڵی کەسکی جیاکەرەوەی نێوان ناوچەکانی ژێر ڕکێفی بەغداد و ناوچەکانی هەرێمی کوردستان بەو بارودۆخە نوێیەیەوە لەخۆ دەگرێت.

دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی دروستبوونی هەرێمی کوردستان، گواستنەوە و جموجۆڵی دانیشتوان بەهەردو ئاراستەدا دەستیپێکرد.

کورد کەئەوەندە نەبوو دەسەڵاتیان پەیداکردبوو، بەئەنقەست دەستیانکرد بە دوورخستنەوەی ئەو خێزانە عەرەبانەی کە لەلایەن ڕژێمەوە ڕەوانەی ناوچەکانی باکووری هێڵی کەسك(سەوز) کرابوون. لەبەرامبەریشدا حکومەت ئەو خێزانانەی لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی لەکەرکووکدا نیشتەجێکرد.

ڕژێمی بەعس زۆر یگەران بوو بەرامبەر دیفاکتۆی دەوڵەت لەهەرێمی کوردستاندا، هەربۆیە هەڵمەتەکانی تەعریبی لەکەرکووکدا چڕتر کردەوە.

لەناوشاری کەرکووك و لەسەرتاسەری پارێزگاکەدا، دەسەڵات دەستیکرد بە دابەشکردنەوەی فۆرم"ڕاستکردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی – تصحیح الهویە القومیە" بەسەر کوردو تورکمان و ئاشووریدا، بەو مەرجەی خۆیان بەعەرەب بنووسن١. هەرچی ئەو گەڕەکە کوردیانەش بوون کە مایەی سەرئێشە بوون زۆر بەئاسانی لەگەڵ زەویدا تەختکران و خەڵکەکەشی بەرەو هەرێمی کوردستان ڕاگوێزران٢.

---

١ -ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ، هەمان سەرچاوە، ١٥

2 -Graham –Brown,S.1999. Sancitioning Saddam: The Politics of Inevention in Iraq . London: I.B.Tauris:40.

هەرچەندە ئەستەمە ژمارەیەکی وردی ئەوکەسانە لەبەردەستدا بن کە بەهۆی ڕێوشوێنەکانی ڕژێمەوە لەدەیەی نەوەدەکاندا زەرەرمەندبوون بەڵام ڕەنگە نزیکەی ١٢٠ هەزار کەس لـەماوەی نێوان ١٩١- ٢٠٠٠ لەکەرکووکەوە ڕاگـوازرابن١، کەزۆربـەیان لـەژێر چـادرگەدا لەهـەرێمی کوردستان ژیانێکی تاڵیـان بەسـەر بـرد و تـەنیا پشـتیوانیەکی سـادەی حکومـەتی هـەرێمی کوردستان یان ڕێکخراوەکانی نەتەوەیەکگرتوەکانیان هەبوو.

بەگشتی ئاسەواری تەعریب سامناکە و لەسـاڵی ١٩٦٠یـش بـەدواوە گـۆڕانێکی ریشـەی لەدیموگرافیای باکووری عێراقدا ڕوویدا بەتایبەتیش لە کەرکووکدا کەبەبەراورد بەناوچەکانی تر ئەو گۆڕانکارییە زیاترە.

هەڵبەت لەبەر ئەوەی داتای بـاوەڕپێکراو لەبەردەسـتدا نییـە ئـەوا داتـای سـەرژمێرەکان بەئاشکرا ئاماژە بەگۆڕانکاریەکانی کەرکووك دەکەن لەماوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا.

گەمەی ژمارەکان

ئەو سەرژمێرەی کە حکومەتی عێراقی لەساڵی ١٩٥٧دا سازیکردووە، بنکەیـەکی داتـاو زانیاری گونجاوو متانەپێکراوترە لەو مشومڕانەی کە لەئێستادا لەئارادان.

لەو ئامارەدا داوا لەهاولاتیان کراوە زمانی دایك تۆمار بکەن، بێگومان ئـەوەش بۆخـۆی دەرئەنجامەکەی مایەی پرسیارکردنە، کەئایا زمان بەتەنیا بەسـە یـان گونجـاوە بـۆ ناسـنامەی ئیتنیکی، بەڵام بەپێی برۆنسن Bruinessen بەگشتی دەروازەکانی سەرژمێری ئاماژە بوون بـۆ ناسنامەی ئیتنیکی لەبری بژاردەی پەتی زمان_لەم سۆنگەیەشەوە هـەردوو زمـانی "سـریان" و"عبری" لەنێو فۆرمەکەدا هاتبوون٢. ئەنجامەکانی سەرژمێری ١٩٥٧ی دانیشتوانی کەرکووك بەم جۆرە بوو:

---

١ - ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ٢٠٠٣:

Iraq: Forcible Expulsion Minoriries. 15,3 (E),Washington DC:HRW

٢ - برۆنسن Bruinessen ، هەمان سەرچاوە،١١.

خشتەی ٢- ٢

ئەنجامی سەرژمێری ١٩٥٧ی دانیشتوان پارێزگای کەرکوک

ڕێژەی سەدی لەکۆی دانیشتوان	کۆی گشتی	شوێنەکانی تری پارێزگاکە	شاری کەرکووک	زمانی دایک
٢٨.٢	١٠٩٦٢٠	٨٢٤٩٣	٢٧١٢٧	عەرەبی
٤٨.٢	١٨٧٥٩٣	١٤٧٥٤٦	٤٠٠٤٧	کوردی
٢١.٤	٨٣٣٧١	٣٨٠٦٥	٤٥٣٠٦	تورکی
٠.٤	١٦٠٥	٩٦	١٥٠٩	سریانی
				دیانەکان
٠.٠٣	١٢٣	٢٢	١٠١	عبری
١.٦٨	٦٥٤٥	٢١٥	٦٣٣٠	ئەوانیتر
١٠٠	٣٨٨٨٢٩	٢٦٨٤٣٧	١٢٠٤٠٢	کۆی گشتی

سەرژمێری ١٩٥٧ دانپێدانانی زۆربەی لایەنەکانی لەعێراق بەدەستهێناوە، بەو پێیەی وردترین کۆمەڵە داتاو ئامارە، کە دەکرێت لەسەر ئەو بناغەیە بەلانی کەمەوە دەست بە تاوتوێکردنی داهاتووی کەرکوك بکرێت.

دیارە پرۆسەکانی سەرژمێریکردنی دواتر، سەلماندوویانە کە پڕن لە ئیشکالیەت چونکە ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتی تەعریبەن کە ڕژێمی بەعس مومارەسەی کردووە نەك ئەنجامی پرۆسەیەکی ئۆرگانی کە دەرهاویشتەی بزاوتی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی دیمۆگرافی بێت. بەڵام لەپێناو گەیشتن بە تێگەیشتنی هەلومەرجی ئێستا لە کەرکووکدا ئەوا زانیاری بەنرخ لەبارەی ئەو گۆڕانکاریانەوە دەدەن کە بەتایبەتی لەساڵی ١٩٦٨ و بەدواوە سەپێنراون.

خشتەی ٢- ٣

بەراوردکاری نێوان سەرژمێری ١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٩٧

ڕێژە	سەرژمێری ١٩٩٧	ڕێژە	سەرژمێری ١٩٧٧	ڕێژە	سەرژمێری ١٩٥٧	
٢١	١٥٥٨٦١	٣٨	١٨٤٨٧٥	٤٨	١٨٧٥٩٣	کورد
٧٢	٥٤٤٥٩٦	٤٥	٢١٨٧٥٥	٢٨	١٠٩٦٢٠	عەرەب[1]
٧	٥٠٠٩٩	١٧	٨٠٣٤٧	٢١	٨٣٣٧١	تورکمان
	٢٧٥٢٧٤٥		٤٨٣٩٧٧		٣٨٨٨٢٩	کۆ

سەرچاوە: سەرژمێرەکانی ١٩٥٧، ١٩٧٧، ١٩٩٧

ئەو تەرزەی کە داتای ئاماراکان بەدرێـژایی چـل سـاڵ پێشکەشـی دەکـات تـەرزێکی ئاشـکرایە. یەکەم، کەرکوك فراوانبوونێکی گەورەی دانیشتوانی بەخۆوە دیوە- ژمارەی دانیشوانەکەی دوو هێنـدە زیادیکردووە. بەڵام ئەو زیادبوونە لـەژمارەدا لەمیانـەی هـاوردەکردنی عەرەبـە نیشـتەجێکراوەکانەوە بووە، بەجۆرێك قەبارەی پێکهاتەی عەرەبی لەو ماوەیەدا پێنج هێندە زیادی کردووە.

هەروەها ئەوەی جێـی سـەرنجە لـەماوەی ١٩٥٧بـۆ١٩٧٧دا ژمـارەی ڕەهـای کـورد بـەجێگیری ماوەتەوە سەرباری پاشەکشەی ڕێژەیی قەبارەکەیان، لەماوەی نێـوان ١٩٧٧بـۆ ١٩٩٧یشـدا ژمـارەی دانیشتوانی کورد کەمیکردووە، هەرچەندە تاریکترین مـاوەی ئـەزموونی کـوردی لەعێراقـدا مـاوەی هەشتاکانە، ئەمە جگە لەوەی لە دەیەی نەوەدەکانیشدا بەگشتی پرۆسەی تەعریب چڕکرایەوە.

هەرچی بارودۆخی تورکمانەکانیشە لە و پرۆسەی سـەرژمێریکردنەدا، مایـەی بایـەخێکی زۆرە لەبەرئەوەی هیچ کاتێك نەبووە کە خۆیـان بـەخاوەنی سـەنگێکی گـەورەی دانیشـتوانیان نەزانن لەپارێزگای کەرکوکدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەك ئەوەی یەکێك بـوون لەپێکهاتـەکان ئـەوا زۆر کاریگەربوون بەپرۆسەی تەعریب بەجۆرێك ڕێژەی قەبارەی دانیشتوانیان لـە٢١٪ لەسـاڵی ١٩٥٧بۆ ٧٪لەساڵی ١٩٩٧ کەمیکردووە.

---

١ - سەرجەم مەسیحیەکان بەعەرەب تۆمارکراون.

٢ -ئەم ژمارەیە کەمینە بچووکەکانی تریش دەگرێتەوە.

کـەوابوو ژمارەکـان دوورکەوتنەوەیـەکی زۆری پێـوە دیـارە کاتێـك لەئێسـتادا تورکمـان بانگەشەی ئەوە دەکەن بەلانی کەمەوە لەنێو شاری کەرکووکدا خاوەنی سەنگێکی دانیشـتوانن یاخود تەنانەت بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت زۆربەی تورکمان لە شارەکەدا دەژین.

بێگومـان مەحالـە قورسـایی دانیشـتوانیان هێنـدەی ئـەوەبێت کـە لەسـالّی ١٩٥٧دا هەبووە(کاتێك لە ٤٥٪ی دانیشتوانی شاری کەرکوك بە تورکمان تۆمار کراون) ئەویش بەهۆی دابەزینی ڕێژەی ژمارەیان و هاتنی عەرەب بەشێوەیەکی فراوانو پاراسـتنی قـەبارەی گـەورەی دانیشتوانی پێکهاتەی کوردیش سەرباری کەمبوونەوەی.

بەدڵنیاییەوە ئەم شێکارییە پشت بە گریمانەی ئەو وەڵامە راست و وردانـە دەبەسـتێت کـە هاولاتیان لە سەرژمێردا پێشکەشیان کردووە. بەلاّم زۆرێك لە کۆمێنتسازەکان گومـان دەکـەن بۆ نموونە دەوترێت لەبەرامبەر تاکەکاندا بۆ ئەوەی خۆیان بە عەرەب تۆمار بکەن نەك بە کوردو تورکمان مومارەسەی گوشار کراوەو ئەو گوشارانەش زۆربوون، بەتایبەتیش لە دوا پرۆسەکانی سەرژمێریدا- هەڵبەت تاکەکان ملیانداوە بۆ ئەوەی لەسەر ماڵ و حاڵی خۆیان دوور نەخرێنەوە یـاخود لەشـارەکەیان رانـەگوازرێن. هـەروەها ئـەو ژمارانـەی کـە پێشـکەش کـراون هـیچ پەیوەندیەکیان بە رەوشی ئێستای کەرکوکەوە نییە.

لەدوای پرۆسەی ئازادیی عێراق Operation Iraq Freedom زۆرێك لە عەرەبی هاوردە (کـە لەچوارچێوەی پرۆسە تەعریبدا هێنرابوونە کـەرکووك) زەویـەکانیان بەجێهێشـت و گـەلێك لـە کوردیش بۆ سەر موڵك و ماڵی پێشووی خۆیان گەڕانەوە.

بەکورتی پرۆسەی سەرژمێر لەعێراقدا کە داتایەکی گرنگ دەستەبەردەکات گومان لەسـەر پێکهاتەی ئیتنیکی بەر لەوەی بەعسیەکان دەسەلاّت بگرنە دەست لادەبات بەلاّم ئەستەمیشـە لەچارەسەری بارودۆخی ئێستادا ئەو سەرژمێرانە سوودیان هەبێت.

تەعریب سیاسـەتێکی سـتەمکارانە بـووە بـەئامانجی گـۆڕینی دیمۆگرافیـای کـەرکووك و دوورخستنەوەی هەرهەرەشەك کە دانیشتوانی غەیرە عەرەب دروسـتی بکـەن، بـەلاّم دیسـان تەعریب جگە لەئامرازێك بۆ بەدیهێنانی ئامانجێکی دیاریکراو کە دەست بەسەراگرتنی نـەوتی کەرکووك و نەهێشتنی تەحەددیەکان بووە تا لەداهاتوودا تانە لەخوەندارێتی شـارەکە نـەگرێت چیتر نەبووە.هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەریەك لەکوردو تورکمان روو بەڕووی راگواستن بوونەتـەوە، عەرەب هاندراوە لەبری ئەوان نیشتەحێ بن و حکومەتی عێراقیش شێوازی خۆ لەئیدارەکردنی سامانی نەوتی کەرکووکدا گۆڕیوە.

خوێنپژانی کەرکووك

هەر لە ساڵی ١٩٩١ و بەدواوە، حکومەتی عێراقی کاریکرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت لە کۆتایی هاتنی هەڕەشەی کورد سەبارەت بە خاوەندرێتی کەرکوكو ئیدارەکردنی کێڵگە نەوتییەکانی بەپێی پلانێکی ستراتیژی.

دیارە ئامانجی یەکەم بەچڕکردنەوەی پرۆسەی تەعریب و راگواستنی غەیرە عەرەب –کورد بەپلەی یەکەم- بەرەو هەرێمی کوردستان هاتە دی.

ستراتیژی دووەمیش سەلماندی کە بەواتای ژینگەی و ئابووری زیانی خۆی هەیە.خۆئەگەر کێشەی کەرکووك بوونی نەوت بێت ئەوا شتێکی مەنتیقییە ئەو نەوتە نەهێلرێت. لەبەر ئەوەحکومەت سیاسەتی زیاد دەرهێنانی نەوتی کێڵگەکانی کەرکوکی گرتە بەر –ئەویش لەسەر بنەمای ئەو لۆژیکەی کە دەڵێت باشترە ئیستغلالی ئەو نەوتەی کەرکووك بکرێت کە مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری بەپلەی یەکەم و پاشان پاراستنی جۆرو بڕی یەدەگی نەوت لەکێڵگە زەبەلاحەکانی باشووردا.

لەکەرکووکدا کە یەك بۆ پێنجی یەدەگی نەوتی عێراقی تێدایە پشکداربووە لە بەرهەمهێنانی یەك بۆسێی بەرهەمی نەوتی عێراق و دەرئەنجانیش جۆری نەوتی خاوی کەرکووك خراپبووە بەهۆی دزە کردنی ئاو بۆ عەمبارەکانی نەوت لەژێر زەویدا کە ئەویش پەیوەندی بەزۆر هەڵمژینی نەوتەوە هەیە.

لەدەیەی هەفتاکاندا بەشێوەیەکی سامناك ئیستغلالی نەوتی کەرکووك کراوە و رۆژانە بەرهەمی ئاسایی نەوت ٢٥٠ هەزار بەرمیل بووە و لە پێش جەنگی ٢٠٠٣شدا گەیشتوەتە ترۆپك و رۆژانە راستەوخۆ ٦٨٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمهێنراوە[1].هەندێك لەشێکارانیش ئەو زیادەڕۆییە لەبەرهەمهێناندا بۆ بەئەنقەست خراپ ئیدارەکردن دەگەڕێنرێتەوە، بەڵام لەراستیدا ئیدارەکردنەکەش پاساوی مەبەستداری خۆی هەبووە لەبەردەوامبوونیدا، بۆنموونە رۆنی سووتەمەنی لەچینە نەوتییەکاندا دەردەهێنرێت[2]، ئەویش لەپێناو پاراستنی تێکڕای بەرهەمهێنان.

---

1 - Eneregy Information Administartion ,Iraq: Country Analysis Brief.2007
www.cia.doe.gov/cabs/iraq.html.سایتی ئیدارەی زانیاریەکانی وزە

2 : بڕوانە - Gerth, J.2003."OilExperts See Long-term Risks to Iraq reserves". New York Times,30 November.

هەندێك لەشـێكاران پێیـان وایـە بـەبڕی ١.٥ ملیـار لـە ڕۆنـی سـووتەمەنی لـە كێڵگـە نەوتییەكانی كەركووكدا دەرهێنراوە و دواجاریش ئەوە بوەتە هـۆی خراپبـوونی جـۆری نـەوتی كەركووك و زیادبوونی لینجێتی نەوتی خاو كە لابردنی لە زەویدا تێچوونێكی زۆری گەرەكە.

بەهاتنی سـاڵی ٢٠٠٣ و لـەدوای ئـەو ڕاپۆرتـە تێروتەسـەلەی كـە ڕاوێـژكارانی نەتـەوە یەكگرتوەكان سەبارەت بە پیشەسازی نەوتی عێراق ئامادەیان كردبوو، پێشبینی ئـەوە دەكـرا كێڵگە نەوتییەكانی كەركووك و ژێرخانی نەوتی بەشێوەیەكی مەترسیدار تێكچـووە_بـەجۆرێك چاككردنەوەی ئاستەمە، لەهەمان كاتیشدا لەدوا ڕۆژەكانی ڕژێمی بەعسدا زیانێكی گەورە بە گەنجینەكانی نـەوت لەكەركووكـدا گەیشـتووە، هەربۆیـە پێشـبینیەكان زۆر ڕەشـبینانە بـوو سەبارەت بەكێڵگە نەوتییەكان كە ئەوەش بۆ خۆی زیادەڕۆیی پێوە دیاربوو.

دیارە كەركووك بەیەكێك لەكۆڵەكە بەندە بەنرخ و گرنگەكانی پیشەسازی نەوت لەعێراقـدا دەمێنێتەوەو لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ شدا گرنگی بەشێوەیەكی بەرچاو ئاشكرابوو.

دوای ئەوەی بارودۆخی شاری كەركووك و ئەگەری چوونە سەرهەرێمی كوردستانی بووە ئـەو پرسە كڵپەسەندووەی كە لەپاش ڕژێمی بەعس و ڕاوێژكارانی ئـەمریكایی ڕوو بـەووی سـەرانی عێراق دەبێتەوە، سەر لەنوێ كەركووك بوەوە جێی بایەخی نـەك هـەر بەتـەنیا عێـراق بـەڵكو كوردیش ئەویش بەو پێیەی لەحاڵەتی ئەگەری سەربەخۆبووندا دەبێتە سەرچاوەیەكی داهات.

دیسان ئەوەی كە هەلومەرجەكەشی ئاڵۆزتركردووە، ئەو دەرفەتەیە كە دەستووری عێراقـی بەخشیویەتیە حكومەتی هەرێمی كوردستان بـۆ ئـەوەی بـرەو بەپیشەسـازی خـۆجێی خـۆی و وەبەرهێنانی یەدەگیەكان بدات لەناوچانەی كە دەكەونـە نێـو هـەرێمی كوردسـتانەوەو پێشـتر دەستیان بۆ نەبراوە یاخود لەسەر ئەو بناغەیە داوایان دەكات.

كێشەكانی پەیوەست بە كێڵگە زەبەلاحەكانی عێراق لەوانەش كێڵگەكانی نەوت ، لەوكێشە باوانەیە كە چووەتە دۆخـی پیربوونـەوەو گوشاری گەنجینەكانی نەوت لەنێو جەرگەی زەویدا بەكردەكی لەگەڵ زیاد ئیستغلالكردنیدا بەرەو كەمبوونەوە دەچـێت بۆیـە ئـەوەش وادەكات ڕێگەیەك بدۆزرێتەوە بۆ پاراستنی ئەو گوشارە یان زیادكردنی بەشێوەیەكی دەسـتكرد بـۆ ئـەوەی بەرهـەمهێنان بـەردەوام بێت.ئەوەش لەرێگەی دەركدنی نەوت یان ئـاو لەكێڵگەكانـەوە دەبێت.بـەڵام دیسـان پێویستیشـە بـەئاگاوە ئیـدارەی ئـەو ڕێوشوێنانە بكرێت لەبەرئەوەی گەنجینەكانی نەوت بونیادێكی فشۆڵیان هەیە و خۆئەگەر ئەو بڕەی كە دەردەهێنرێت زیاتر بێت لەئاستی خۆی ئـەوا ئەونەوتـە یاخودئـەو گـاز و ئـاوەی كـە دەردەهێنرێـت بـەرەو بیرەكـان ڕێچـكەیەك دەدۆزێتـەوە و لەوبارەشـدا بەرهەمهێنان لەروی ئابوورییەوە بێ سوود دەبێت.

ئەوراپۆرتەش كە لەنەتەوە یەكگرتوەكانەوە لەساڵی ٢٠٠٠ دەرچووە، باس لەوئیدارە خراپە دەكات لەبارەی چۆنیەتی دەرهێنـانی ئـاو لەكێڵگەكانی كەركوكدا(بڕوانە خوارەوە)

هەر زووش پرسی ناسنامەی ئیداری لەکەرکووکدا بووە بابەتی مشتومڕی توندوئالۆز، کە ئەوەش ئیدارەی نەوتی کیلگە نەوتیە بەرهەمهێنەکان(کیلگەکانی کەرکووك) و ئەو کێلگانەش کە هێشتا "چاوەڕوانی وەبەرهێنان و برەوپێدان" دەکەن لەخۆدەگرێت.
هەلبەت پرسەکەش ئالۆزتربووە ئەویش لەبەر ئەو راستیەی کە ژمارەیەکی زۆری کێلگە "ناوەبەرهێنراوەکان" (رەنگە بەشێك بن لە ناوچەی کەرکووکی گەورە)، هاوسنووری کەرکووکن بەلام وەك دەستوور دیاریکردووە و بەر لەوەش هیچ زەویەکی تر بۆ سەر هەرێمەکان بگەڕێنەوە، لەهەرێمی کوردستاندان.

پیشەسازی نەوتی عێراق لە (٢٠٠٣) وە

بەپێی نوێترین ئامار، کە لەبەردەستدایەو بۆ سالی ٢٠٠١ دەگەرێتەوە یەدەگی نەوتی عێراق نزیکەی ١١٥ملیار بەرمیلە. بەلام زەویناسان و پسپۆڕانی نەوت پێشبینی بوونی ٤٥بۆ١٠٠ملیار بەرمیلی تر دەکەن لەژێر زەمینی بیبانی خۆرئاواو ناچەکانی باشووردا.لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە عێراق توانای زیادکردنی بەرهەمهێنانی هەیە، بەتایبەتیش رێژەی یەدەگی نەوتی بەبەرامبەر بەرهەمهێنان لەنێو سەرجەم ولاتانی بەرهەمهێنەری نەوتدا ئیجگار کەمە١.
لەو یەدەگە جێگرو نەگۆڕەی عێراق یەك بۆ پێنجی لەکێلگەکانی کەرکووکدایە ئەمە جگە لەوەی کە بەتەنیا کەرکووك رۆژانە ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێنێت، لەکاتێکدا ئیدارەی زانیاریەکانی وزە Energy Information Administration (EIA) پێیوایە کە دەتوانرێت ئەو بەرهەمە بۆ ٦٠٠ هەزار بەرمیل بەرۆژێکدا زیادبکرێت ئەگەر بێتوو وەبەرهێنانی پێویست بۆ ژێرخانی ئابوری دەستەبەربکرێت.
هەلبەت نەوتی کەرکووك لەرێگەی هێلی کەرکووك_جیهانەوە دەردەهێنرێت و نەخشەی ئەو هێلەش بەو جۆرەیە کە رۆژانە ١.٢ملیۆن بەرمیل رەوانە بکات.
بۆ جاری یەکەم لەدوای جەنگ لە ٢٢ی نیسانی ٢٠٠٣بەرهەمی نەوت لە کێلگەی رومێلەی باشوورەوە دەرهێنرایەوەو بە هاتنی ئازاری ٢٠٠٤ یش بەرهەمی رۆژانەی ئەو کیلگەیە گەیشتە ٢.٤ملیۆن بەرمیل، کەدیارە ئاستی بەرهەمهێنان زۆر جیاواز بوو، بەتایبەتیش لەکەرکووکدا، ئەوەبوو دیسان لە ١٣ی ئابی ٢٠٠٣وەلە کیلگەکانی کەرکووکەوە و لەرێگەی هێلی جیهانەوە نەوت رەوانە کرایەوە، بەلام پاش چەند رۆژێکی کەم و پەلاماردانی

١- ئیدارەی زانیاریەکانی وزە،هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بۆریەکانی نەوت لەلایەن یاخیبوەکانەوە دەرهێنانی نەوت ڕاگیرا و تا ئازاری ٢٠٠٤ نەوت بەو هێڵەدا ڕەوانە نەکرایەوە ئەویش بەهۆی ناسەقامگیرییەوەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئاستی بەرهەمی نەوت لەکەرکووکدا نەگەیشتوەتە ئەو ئاستەی لەهەفتاکاندا هەیبووە کە لەلایەن ڕژێمی بەعس و بەدەستی ئەنقەست ڕۆژانە ٧٠٠ هەزار بەرمیلی بەرهەم هێنراوەن لەکاتێکدا بەرهەمهێنان نەوت لە کێڵگەکانی باشووردا بەزنیکەیی گەیشتوەتە ئەو ئاستەی کە بەر لەجەنگ هەیبووە.

دیارە کەرکووکیش لەهەوڵی ئەوەدابووە بەرهەمی خۆی ڕۆژانە بۆ ٢٠٠ هەزار بەرمیل زیاد بکات پاش ئەوەی زیان بە کیڵگە و ژێرخانی ئابووری کەوت، بێگومان پەلامارە چەکداریەکانیش لەدژ بۆریە نەتیەکان بۆ چەندان جار بوونە هۆی ڕاگرتنی تەواوەتی بەرهەمهێنان. بەڵام ئەوەی کە زیاتر مایەی نیگەرانی بوو ئەو زیانانە بوو کە لەماوەی ساڵانێکی دورودرێژی زیاد بەرهەمهێنادا پێیگەیشتووە.

وەك پێشتریش ئاماژەی پێکرا، تیمێکی ڕاوێژکارانی نێو دەوڵەتی بەر لەجەنگ و بەدیاریکراویش لەساڵی ٢٠٠٠دا ڕاپۆرتێکی لەبارەی ڕەوشی مەترسیداری هەردو بیرە نەوتی باوەگوڕگوڕو ئەڤانا (کە بە گرنگترین بیرە نەوتی کەرکوك دادەنرێن) ئامادەکردبوو، لەگەڵ ئاماژەپێکردنێکی دیاریکراو بە ستراتیژی هەڵمژینی ئاو و، هۆشداریدانیش بە ئەگەری زیان گەیاندن بەو عەمباری ئەو کیڵگە زەبەلاحە کە ڕەنگە چاککردنەوەی مەحاڵ بێت١.وادیارە لێپرساوان نوێ کە ئیدارەکردنی کەرکوکیان گرتە دەست لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام ئەو ئاگادارکردنەوە ڕاستەوخۆیەیان بەهەند وەرگرتووە جا ئەوە ئارەزوومەندانە یاخود لەژێرکاریگەری ڕەوشی ناچاریدا بوبێت.

ئەوەبوو لە ئایاری ٢٠٠٧دا وەزارەتی نەوتی عێراق ڕاپۆرتێکی لەبارەی خراپ پێگەی کەرکوك لە پیشەسازی نەوتی عێراق بەگشتی پێشکەشکرد، ئەمە جگە لەدابەزینی بەرهەمهێنان لە کیڵگەکانی باکووردا بۆ ٢٠٦ هەزار بەرمیل، کەئەو ڕێژەیە هی ئەوەنەبوو هەناردە بکرێت بەڵکو تەنیا بۆ بەکاربردنی ڕاستەوخۆی ناوخۆیی تەرخانکرابوو٢.پێدەچێت کیڵگەکان کەرکوك وەك ئەوەنەمابێت کە جاران هەمووان چاویان لێبڕیبوو.

1- United Nation ,Report of the Group of the United Nations Experts Established Pursuant to Paragraph 30 of the Security Council Resolution 1284,2000. Quote at 21. www.un.org.Depts.oip.background/reports/oilexpersreport/pdf

2 -Energy Information Administration (2007) Iraq Energy Data, Statistics and Analysis .
www.ena.doe.gov/emeu/cabs/Iraq/Oil/html

بەشی دووەم

سیٚ روانگەی ئیتنیکی – سیاسی

ناکۆکبوون لەسەر خاوەنداریّتی بۆ ناوچەکان، لەکیّشمەکیّشەکانی سەرتاسەری جیهاندا پیّگەیەکی تایبەتمەندی هەیە و کەمیّکیش لەو ناوچانەنەبیّت کە جۆرە سادەییەکانیان پیّوەدیارە، ئیتر ئەو ناوچانە کە ئەگەر سەرئەنجامی کارلیّکردنی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و ئابووری چەند سەدەیەك نەبن ئەوا سەرئەنجامی چەردەیەکن لەو کارلیّکردنانە و لەئیّستاشدا ئەو ناوچانە وەك حالّەتی گریّ کویّرە دەردەکەن و بەرجەستەی رق و کینەی ئیتنیکی بنچینە داکوتاو دەکەن لە دابەشکردنی هەمیشەیی نیّوان ئەو گەلانەی کە سەرکەوتوو نەبوون لە یەکتر قایلکردن و یەکلایی کردنەوەی ناکۆکیەکانیاندا.

لەخۆرهەلاّتی ناڤیندا قودس وەك سیمبولی خرۆشیّنەری هەست و سۆز لەکیّشمەکیّشی نیّوان فەلّەستینی و ئیسرائیلیەکان دەردەکەویّت، کە هەردوولا بەچاوی خاوەنداریّتی لەقودس دەڕوانن ئەویش لەبەرهۆکارگەلیّکی ئایینی و میّژوویی تیّکئالّۆزکاو.

لەئەوروپاشدا بلفاست کە بۆ سالاّنیّك گۆڕەپانی جەنگی نیّوان فیدراسیۆنی پرۆتستانت و کۆماریخوازە کاسۆلیکەکان بوو، لەئیّستادا ئاسایی بوەتەوە، بەلاّم شویّنەواری ئەو زامەی درابوو لە کۆمەلّگەی ئیّرلەندەی باکوور، بۆ چەردەیەکی تر سوێیەکی دەمیّنیّتەوە.

مۆستاریش نموونەی شاریّکی تری دابەشبووە، کە تیایدا رق و کینەی رابردووی لەفۆرمیّکی نویّدا لەخۆگرتووە، بەناونیشانی کیّشمەکیّشی ئیتنیکی دەمیّنیّتەوە، کەلەنەوەدەکاندا ناوچەی بەلقانی ئازاردابوو[1].

ئەوە شتیّکی باوە، کە گیّڕانەوە میّژووییە بارگاویەکان فۆرمیّکی جەوهەری ببەخشیّتە ئەو گروپەی کە هەلّویّستی خۆی پیّشنیاز دەکات و دەکەویّتە زەمکردنی ئەو گروپانەی کە روو بەڕووی دەوەستنەوە، لەبەر ئەوەی ململانیّ شەقلّیّکی ناسراوی ئەو کیّشمەکیّشانەیە –لەگەلّ ئەوەی توندبوونەوەی ئەو ململانیایانەش جیاوازن.جگە لە کیّشمەکیّشیش دەستەو وەستانی

---

[1] -بۆ شرۆڤەکردنی دروستبوونی (رق و کینەی نویّ) و سەرهەلّدانی (رق و کینەی کۆن) لەبارودۆخی هاوچەرخدا بڕوانە:
Kaufman, S.2000. Modern Hatreds: The Symbolic of Politics of Ethinc War .Ithaca, NY:Cornell University Press.

کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەدەستێوەردانی لەو ململانێیانەو هیچ نەبێت هەوڵدانی بۆ سووککردنی بارگرانییان کە شەقڵێکی دیکەی هەمیشەییەتی.

لەبری ئەوە زۆرجار هێزە دەرەکیەکان، گرفتی ناوچە کێشە لەسەرەکان بۆ بەرژەوەندی راستەوخۆی ئاسایشی نەتەوەیی خۆیان بەگەڕدەخەن و پێشدەچێت کە کارە مرۆییەکان ئەو دەمانە بێنە ئاراوە، کەئیتر پەنگخواردنەوەکان دەگەنە ترۆپك و ئەوجا دەستێوەردانی دەرەکی جا وەك دەستپێشخەری دەوڵەتێکی دیاریکراو یاخود لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی وەك نەتەوە یەکگرتوەکان یان یەکێتی ئەوروپا یاخود پەیمانی باکوری ئەتڵەسی- ناتۆ- ەوە بێت، ئەوا زۆرکات فۆرمێکی بێ لایەن وەردەگرن و لەپێناو گەیشتن بەچارەسەری عادیلانەی کێشمەکێشەکە کاردەکەن.

هەروەها بەبەردەوامیش بەئاراستەی دۆزینەوەی چارەسەرێکی نموونەیین و چاوەڕوانی ئەوەش دەکەن هەموو لایەنە ناکۆکەکان لەسەر ئەوەی کە لەرابردوودا هەرگیز لەسەری رێك نەکەوتوون، پێکبێن- دابەشکردنی دەسەڵات یاخود فۆرمێکی پێکەوەژیانی پێشنیازکراو لەچوارچێوەیەکی ئاڵۆزدا، کە هاندەری تەبایی ئیتنیکی و زامنکەری مافی کەمینەکان بێت، لەگەڵ پرۆسەی "ئاسایی کردنەوە- تگبیع"کەزۆرجار ئاسایی کردنەوەیەکی نادیار دەبێت.

لەبەرامبەر ئەو واقیعەدا و لەهەر پرۆسەیەکی چارەسەریدا گێڕانەوە مێژووییە بابەتییەکان بەرەو سێبەر دەچن و زۆرکاتیش ئیشکال لەوەدایە کە گێڕانەوەیەك پەسەندبکرێت و لەبەرامبەر گێڕانەوەکانی تردا گومانی لەسەر نەبێت، چونکە راڤە تایبەتەکان رەوایەتی دەبەخشێتە بانگەشەی لایەنێك لەلایەنە پەیوەندیدارەکان و پاشانیش مافی یاسایی پێدەبەخشێت.

دیسان لەبەرئەوەی هەقیقەتە بابەتیەکان بایەخی خۆیان هەیە و دەکرێت متمانەیان پێبکرێت، ئەوا کۆی گێڕانەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان زۆرجار کاریگەریان زیاتر دەبێت لە چارەسەرکردنی ئەو کێشمەکێشانەدا.

هەڵبەت بایەخی ئەم جۆرە نواندنانە هەرلەوشێوازەدا نییە کە مێژووی گروپێکی پەیوەندیداری پێ پێشکەش دەکرێت بەڵکو لەشێوازەدایە کە هەوڵدەدرێت وێنای "ئەوانیتر"ی لایەنەکانی کێشمەکێشەکەی پێبکرێت (یاخود لەهەندێك لە پێشنیازە زیاتر دوورخەرەوەییەکاندا رەتبکرێنەوە).

ئەم روانگە خودگەراییانە تەوەرەی شێکاری خوارە پێکدەهێنن و مەحاڵیشە هەوڵبدرێت "راستی" لەنێوان گێڕانەوە جیاجیاکانی کەرکوك لەبەرهۆکارگەلێك دیاری بکرێت، لەوانەش

هەمیشە گەیشتن بە "راستی"گرانە بەڵام دیسان لەبەرئەوەی راستیەکان لەچەند روویەکەوە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە نییە، ئەوا بۆچوون و مامەڵەکردن هەموو شتێکن.

بەکورتی گرنگ نییە مێژووەکە بەدڵنیایی هی کەرکوك بێت (ئەگەر بتوانرێت ئامـاژە بـە کارە مێژوویییەکان بکریت لەوەی مایەی دڵنیاین) و بەشێوەیەکی تەواو دەریبخات رۆژگـارێکی دێرینە خەڵکی رەسەنی تورکمانن یاخود لەراستیدا شارەکە بەر لەچـەند سـەدەیەك پایتـەختی گەشەکردووی هەرێمیی میرنشینی کورد بووە و لەو کاتەوەشەوە بەشێك بـووە لـە ناوچـەیەکی فراوانتری کورد، بەڵکو پرسی یەکلایی کەرەوە لەوەدایە کە چۆن هەرلایەنێك لەبانگەشەی خۆی و لایەنەکانی تری دەوروبەری دەڕوانێت. خۆئەگەر ئەم ئیعتیبارە لەزهندا بێت ئەوا بەشی دووەم هەڵوێستی پەیوەسـت بـە پرسـی کـەرکووك لەروانگـەی هەریـەك لەپێکهاتـە سـەرەکیەکان-کوردوتورکمان وعەرەب دەخاتە روو.

فەسڵی یەکەم

سیاق (کۆنتێکست)ی عیراقی لەپاش ٢٠٠٣

ناوچەیەکی کیشە لەسەر نییە بەدەر بێت لە سیاقی جیۆ- سیاسی فراوانتر، بەڵام پێدەچێت مێژووی کەرکوك و بارودۆخی جیۆ- سیاسی جیابووبێتنەوە بۆ ئەوەی کێشمەکێشی ئیتنیکی بێتە ئاراوە.

کەرکوك دوای ئەوەی شارێکی کۆزمۆپۆلیتی نێو شارەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی و خاوەن دەزگایەکی بیرۆکراسی و دەستەبژێرێکی قسەکەری تورکی بوو(بەدەر لەوەی خەڵکانی کەرکوك لەراستیدا تورکمان یان کورد یان عەرەب بووبن)، ئەوا لەپاش دامەزراندنی عێراق لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی پەیوەندیەکانی نێوان پێکهاتەکان و دەوڵەت ئاقارێکی نوێی وەرگرت و بەشێوەیەکی زیاد رۆیوویش پێکهاتەکان بەپێی ناسنامەی ئیتنیکی و مەزهەبیان بەسەر تواناداروبێ دەسەڵاتدا دابەش بوون بەتایبەتیش کاتێك "ناسنامەی نیشتیمانی"باو بەچەمکی ناسیونالیزمی عەرەبی وگرێدراو بەپلەی یەکەم بە دەستەبژێری سوننی پاشماوەی سەردەمی عوسمانییەوە گۆشکرا١.

---

1 -بڕوانــە: Tripp.C.2000.A History of Iraq. Cambridge University Press:30-31, Wimmer, A. Nationalist Exclusion and Ethinc Conflict: Shadows of Modernity

جا لەبری ئەوەی کەرکووك ببێتە شارێکی هەرێمیی لەو پارێزگایەی کە بۆ مەسافەیەك لەسەنتەری دەوڵەتەوە دوورە، ئەوا لەئێستادا کۆڵەکەبەندی ئابووری عێراقی قوربانی بە سەرچاوەیەکی ستراتیژی گرنگی جیهانی داوە. هەروەها پیشەسازی پەرەسەندوی نەوتیش لەگەڵ خۆیدا کۆچبەرانی ئابووریناسی نەهێنا بۆ ئەوەی ئەو ئەرکانەی کە خوازراوە جێبەجێی بکەن و کەرتی نەوتی بەخێرایی برەو پێبدەن بەڵکو دەوڵەت کاری کرد بۆ زامنکردنی ئەو سامانە لەئەگەری هەر هەڕەشەیەکی هەرێمی و ناوخۆی.

زامنکردنی کەرکووك پاساوێك بوو لەپشت سیاسەتی تەعریبی کەرکووکەوە کە سەرجەم حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو پەیڕویان لێدەکرد و بەدواشیدا هەڵمەتەکانی راگواستنی بەکۆمەڵ بەفەرمانی رژێمی سەددام لە کۆتایی هەفتاکان و بەدواوە دەستی پێکرد.

تەنیا هەر کورد لەسایەی سیاسەتی تەعریبدا رانەگوازران، بەڵکو ئەو سیاسەتە تورکمان و مەسیحیەکانیشی گرتەوە، بەڵام کورد پێیوایە تەعریبی کەرکووك یەکێکە لەوکارە ئابڕووبەرانەیەی کە دەوڵەت زیاتر دەرهەق بەوان وەك لەوانی تر کردوویەتی، ئەمە جگە لە قڕکردن کە خۆی لە پرۆسەی ئەنفالدا دەبینێتەوە کە ئامانج لێی چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان بوو لەدانیشتوانەکەی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو، دیسان لەگەڵ ئەوە هەڵمەتەشدا لەهەشتاکاندا چەکی کیمیایی لەدژی گوندە کوردیەکان بەکارهێنراو هەڵەبجەش یەکێکە لەونموونە بەرچاوانەی کە بە دڕندانەترین شێوە لەساڵی ١٩٨٨دا پەلاماردرا.

دیارە تەعریبکردنی کەرکووك لە ژێیەکی پڕ لە هەست وسۆزو هەستیاری دڵ و ئەقڵی کورد دەدات، هەربۆیە سەرلەنوێ لەنەوەدەکاندا بزوتنەوەی کوردایەتی جۆش و خرۆشی زیاتری بەرامبەر بەکەرکووك بەخۆوە بینی.

هەمان سەرچاوە Stansfieldهەروەها ستانسفیلد 198-156:Cambridge:Cambridge Unviversity Press.
٢٦-٥٠.

بۆ ئاشنابوون بە چەمکی "ناسیونالیزمی باو" بەهێڵە گشتییەکانییەوە بنۆڕە:
Wimmer, A.2000."Dominant Ethnicity and Dominant Nationhood" In Kaufman, E(ed).
Rethinking Ethnicity:Majority Groups and Dominant Minorities.London:Routledge:40-58.

لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی پارێزگاری لەباڵادەستی خۆی بەسەرکوردا کردبوو یان بەلانی کەمەوە لەدەیەی هەفتاو هەشتاکاندا پەراوێزی کردبوون، ئەوا دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١کە خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆی بوو فەزایەکی سیاسی بۆ کوردو سەرکردەکانیان دەستەبەرکرد.لەو فەزایەشدا هەستکردنیان بەو زوڵم وستەمەی کە دوچاری ببوونەوە لەگەڵ درککردنیان بەوەی کە کورد لەدەوربەری جیاوازترە، هەموو ئەوە پێکەوە وایانکرد لەلای هەندێك لەسەرکردە زۆر ناسیونالیستەکان- کە لەنێو سەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا ژمارەیان کەمبوو- بیر لەدامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ و پێداویستی مانەوەی بکەنەوە. لەوژینگەیەدا کەرکووك لەدوای وێرانکردنی هەڵەبجە بووە سیمبولی نەتەوەیی وچەوسانەوەی کورد لەسەر دەستی حکومەتە عێراقیەکان.

هەروەها زۆرێك لەکورد وەك سیمبولێکی زوڵملێکراولەکەرکووك دەڕوانن و بەو پێیەش کە هێزێکی جۆشدەرە بۆ ناسیونابیزمی کورد، ئەوا زیاتر لە ئەنفالو وێرانکردنی هەڵەبجە جێگەی بایەخیانە، دیسان ئەگەر بەلای گەنجانی کوردەوە هەردو رووداوی ئەنفال و هەڵەبجە ریشەیان لەقوڵایی مێژوودا داکوتاربێت ئەگەرچی ئەو مێژوەش دوور نییەئەوا کەرکووك بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت و هێشتا بێ چارەسەرماوەتەوە.

دەرکەوتنی کورد وەك گەمەکەرێکی سیاسی بەهێز لەعێراق و ئاشکراکردنی نیازی لە یەکگرتنەوەی کەرکووك لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا، کاردانەوەی دوژمنکارانەی چاوەڕوانکراوی لەلایەن تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکانەوە لێکەتەوە.

ئەوەبوو لە دەیەی نەوەدەکان لەهەرێمی کوردستاندا جاروبار کاری توندوتیژی لەنێوان تورکمان و کورد سەریهەڵدەدا و لەلایەن پارتە کوردیەکانیشەوە، بەرەی تورکمانی کە بەرزترین دەنگی لایەنە تورکمانەکان بوو بە ئامرازی دەستی ئەنقەرە دانرا.لەلایەن خۆشیەوە بەرەی تورکمانی عێراقی پێیوابوو کە سەرکردایەتی کوردی دەیەوێت ریشەکێشی بوونی غەیرە کورد لەناوچەکەدا بکات.

هەرچی مەسیحیەکانیشە هەندێك پەوەندی باشتریان لەگەڵ پارتە کوردیەکانی هەرێمی کوردستاندا هەبوو، هەروەها لەنێو پارتی دیموکراتی کوردستانیشدا کەسانی بەرەچەڵەك مەسیحی هەبوون و ژمارەیەك لەرێکخراوە بەرچاوەکانی مەسیحیش پارەیان لەپارتە کوردیەکانەوە وەردەگرت. بەڵام لەنێو ریزی تایەفەی مەسیحیدا کەسانێك هەبوون هەڵوێستی

توندو رەخنەگرانەیان هەبوو، لەوەی لەوبڕوایەدابوون کورد نەخشەی ئەوەی هەیە باڵادەست بێت بەسەر ناوچەکەدا.

بزوتنـەوەی دیموکراسـی ئاشـووری کـە زۆربـەی ئەنـدامانی لەمەسـیحیەکانی تاراوگـەن- تائێستا یەکێکە لەو ڕێکخراوەتوندانەی کە رەخنە لـەپارتی دیمـوکراتی کوردسـتان و یـەکێتی نیشتیمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم دەگرێت.

ئـەو بزوتنەوەیـە بەردەوامـە لەرەخنـەگرتنی تونـدی لەحکومـەتی هـەرێم و پێیوایـە شکستخواردوبووە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی لەبەردەم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا.

لەگـەڵ ئـەوەی بزوتنـەوەی دیموکراسـی ئاشـووری تـەرکیزی بایـەخی لەسـەر نەهامـەتی مەسیحیەکانی سەرتاسەی عێراقە بەتایبەتیش ئەوانـەی بەغـدادو موسـڵ و چـەند ناوچـەیەك لەهەرێمی کوردستان، بەڵام دیسان بایەخیشی بە پرسی کەرکووك داوەو ئەوەش لەو باوەڕەیەوە سەرچـاوەی گرتـوە، کـە کـەرکووك لەبناغـەدا لەسـەر دەسـتی باوبـاپیرانی مەسـیحییەکان دروستکراوە.

باگەشـەکانی هەریـەك لـەکوردو تورکمـان و عـەرەب سـەبارەت بـەبارودۆخی کـەرکووك لەچوارچێوەی فراوانتری سیاسـیدا پێچـەوانەی یـەکترین و داهـاتووی کـەرکووکیش گرێـدراوە بەئایندەی عێراقەوە، لەبەرئەوەی دەکرێت زۆر بەئاسانی کێشمەکێشی سەر کەرکووك یـەکێتی حکومەتی عێراقی لاواز بکات(کە لەباشترین باردا هەرفشۆڵە).

هەڵبەت دانوستان و چارەسەرە تەوافوقیە میانگیرەکان کلیلی گەرەنتی ڕێگـری کردنـە لـە تەنینەوەی کێشەی کەرکووك بەرەو سەرتاسەری ناوچەکانی دیکەی عێراق یان رۆڵی یارمەتیدەر ببینێت لە دروستکردنی کێشەی زیاتری نێوان پێکهاتـەکانی کۆمەڵگـە، بـەڵام قسـەکردنیش لەسەر چارەسەرە تەوافوقیەکان ئاسانترە لەجێبەجێکردنی لەواقیعدا.

چارەسەری پرسی کەرکووك بەو جۆرەی کە پارتە بەهێزە کوردیـەکان پەسـەندی ناکـەن زۆر بەسـادەیی ئەگـەری کشـانەوەیان لەدامـەزراوە سیاسـیەکانی بەغـداد لەئارادایە(کشـانەوەیان لەئەنجوومەنی سەرۆکایەتی حکومەت و پەرلەمان) و دوورخستنەوەی کوردیش لـە دامـەزراوە ئەمنیەکانی عێراق (ئەگەر نەبێتە هۆی هەرەسـهێنانی ئـەو دامەزراوانـە ئـەوا دەبێتـە هـۆی لاوازکردنیان بەشێوەیەکی بەرچاو)، دووریـش نییـە کـە دەرئـەنجامی ئـەوە کـورد لەرێگـەی ئامرازەکانی دەرەوەی چوارچێوەی دەسـتوور کـەرکووك بخاتـەوە سـەرهەرێمی کوردسـتان(واتە داگیرکردنی) پاشانیش جیابوونـەوە کـە ئـەوەش بۆخـۆی کاردانـەوەی دەبێـت. بـەڵام دیسـان

چارەسەری پرسی کەرکووك ئەو جۆرەی کە تورکمان و عەرەب و مەسیحی پێیڕازی نەبن، ئەوا ئەوەش بۆخۆی ئیشکالیەت بۆحکومەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات و دەبێتە هۆی هەرەسی ئەو حکومەتەی کە ئێستا لەئارادایە.سەبارەت بەخۆرهەلأتی ناوڕاستیش ئەوا داهاتووی کەرکووك و بگرە ناوچە کێشەلەسەرەکانی دیکەی عێراقیش جێگەی بایەخێکی زۆرن و تا ئەو کاتەش کە دەگەنە رێککەوتن ئەوا پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا لەبارێکی گەڕەلاوژێدا دەبێت.

دیسان لەگەڵ کراوەیی سنوورو دیاری نەکردنی روونی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراقی و بەردەوامبوون لەسەر مشتومڕ لەبارەی رەوابوونی ئەو هەنگاوانەی کە حکومەتی کوردستان دەینێت سەبارەت بە واژۆکردنی گرێبەستە نەتیەکان لەگەڵ وەبەرهێنەرانی بیانی، ئەوا ئاسۆی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان سەقامگیری یان گەشەکردن بەخۆوە نابینێت.

کارتیاکەر

ئەوبارودۆخەی کەهەردوولا لەسەر پارچە زەویەك تیایدا ناکۆکن ئەو بارودۆخە باوەیە کە لە سیاقی شارە کێشە لەسەرەکاندا هەیە.

هەڵبەت کەمن ئەوانەی کە نکۆڵی لە گرێی ناکۆکی وچەرمەسەری هەولّی چارەسەرکردنی کێشمەکێشەکان دەکەن سەبارەت بە قودس و سەرایێڤۆو بلفاست. بەلأم وەك ئاشکرایە بەهەمان هێندە تا ژمارەی لایەنە پەیوەندیدارەکان زیادبکات ئەوا کێشمەکێشەکەش ئالۆزتر دەبێت، لەکەرکووکیشدا کە هەرسێ لایەنی کوردو عەرەب و تورکمان کێشمەکێشیانە، ئەوا لایەنی دیکەش هەیە کە بەرژەوەندی هەیە- بەدیاریکراویش تایەفەیەکی بچوکی مەسیحی کە دەڵێت کەرکووك لەسەر شاری ئارافا (عەرەفا)دامەزراوە، کە ئەویش لەلایەن ئاشووریەکانەوە هەزاران ساڵە دروستیان کردووە.

دیارە هەریەکێکیش لەولایەنانە گێڕانەوەیەکی دیاریکراو بەخۆی و رەوایەتی ئەو داواکاریانە هەیە کە هاوسێکانی بەرزی دەکەنەوە.وەك چاوەڕوانیش دەکرێت بەدەگمەن ئەو گێڕانەوانە بەیەکتری دەگەن و ئەوەی زیاتریش وێنەی بەدگومانی ئەم وێنەیە ئالۆزدەکات ئەوەیە کە خودی پێکهاتە پەیوەندیدارەکان لەنێو خۆشیاندا هاوچەشن نین.

هەرچی گێڕانەوەی لایەنی کوردییە سەبارەت بەمێژووی کەرکووك و داهاتووی شارەکە زیاتر تۆکمەترە، لەکاتێکدا هەریەك لە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی لەجەوهەردا لەسەر چەند پرسێکی پەیوەست بە مەسەلەی کەرکووك کۆکن.

هاوکات پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەرامبەر یەکێتی نیشتیمانی کوردستاندا هەڵوێستێکی توندتری هەیە لەبارەی ئەوەی کەرکووك بخرێتە پاڵ هەرێمی کوردستان.

لەهەمان کاتیشدا دینامیکیەکانی بارودۆخی ناوخۆیی، نائارامی نێو خودی پێکهاتەی کوردی ئاشکرا دەکەن. لەوکاتەشدا کە پێویستە سەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەهەوڵوێستیاندا ڕەچاوی هاوسەنگی هێزی سیاسی بکەن لەبەغداد ئەوا بنکەی جەماوەرییان سەلماندویەتی کە زۆر پەرۆشی ئەوەن بەر لەهەرلایەنێکی تر بچنە نێو کەرکووکەوە.

دیارە ئەو فشارە ناوخۆییەشە- لەنێوان سەرکردیەتی و بنکەی جەماوەریدا- کە بوەتە مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر سەقامگیری سیستمی سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا نەك ئەوەی کەکێبڕکێی تەقلیدی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان بەجێیهێشتووە.

دیسان هەرچی تورکمانیشە هێشتا دابەشن، بەجۆرێك هەندێکیان بەدیاریکراویش بەرەی تورکمانی عێراقی سوورن لەسەر هەربیرۆکەیەك کە کەرکووك بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و هەوڵیش دەدات، ڕاستەوخۆ تورکیا بخاتە کێشمەکێشەکەوە.هەندێکی تریشیان –لەوانەش ڕابیتەی نیشتیمانیی تورکمانی و بزوتنەوەی چاکسازی تورکمانی –ئامادەی پەسەندکردنن و بگرە پێشوازیش دەکەن لەوەی کەرکووك بخرێتە سەرهەرێمی کوردستان بەو مەرجەی ماف تورکمان لەدەستووردا پارێزراو بێت[1].

هەرچی پێکهاتەی عەرەبیشە هێشتا لەرووی سیاسی و سۆسیۆلۆژییەوە ئاژاوە باڵی بەسەر بارودۆخیدا کێشاوە، بەجۆرێك ئەوانیش دابەشبوون بەسەر کەرکووکییە ڕەسەنەکان کە ڕەنگە سەر بەیەکێك لە هۆزە دێرینەکانی ناوچەکە بن لەگەڵ ئەو کۆچەریانەی کە حکومەتی عێراقی هێناونی بۆ کارکردن لەپیشەسازی نەوت و ئەوانەش کە لەچوارچێوەی پرۆسەی تەعریب و بەئامانجی گۆڕینی

---

١ - دیمانەیەك لەگەڵ عەبدولقادر بازرگان سەرۆکی بزوتنەوەی ریفۆرمی تورکمانی،هەولێر ،٢٤ئایاری ٢٠٠٨.

هاوسەنگی دیمۆگرافیای دانیشتوانی شارەکە هێنراون و بـارودۆخی ئـەوانیش لـەدوای سـاڵی ٢٠٠٣ ەوەو لەسەرتاسەری وڵاتدا بەرەو پەنگخواردنەوەی تایەفی نێوان شیعەو سوننە چووە.

سەرباری نەبوونی یەکگرتوویی لەهەڵوێستی عـەرەبی یـان تورکمـانی یـان تەنانـەت کـوردیش لەبەرامبەر داهاتووی کەرکووکـدا ئـەوا پـەرگیری بووەتـە بناغـەیـەکی بـاوی هەرپێکهاتەیـەك لـە مونازەرەدا.

هەروەها ئەو هەڵوێستە پەرگیرانەش لەلای هەرلایـەنێك بەشـدار دەبێـت لـەوەی پـەنا بـۆ بـەکاربردنی زمـانی لاساروبەئیبلیسـکردنی مومارەسـەی هاوسـەرەکانی دەبـات بـەو پێیـەی پەیوەندی بە رژێمی پێشوەوە هەیە یان لەئێستادا پەیوەنـدی بـە رێکخـراوی قاعیـدەو گروپـە سوننە چەکدارەکانەوەهەیە(لەحاڵەتی عەرەب) دا یان بەکرێگیراون و کار بـۆ حسـابی ئەنقـەرە دەکەن لەپێناو درێژەدان بە کێشمەکێشی کەرکووك و بەرپابوونی روو بەرووبوونەوەی فـراوانتری نێوان کوردو تورك(لەحاڵەتی تورکمان)دا.

یاخود داگیرکارانی شۆڤێنی کە خواستی هـەرێمییان هەیـە لەهـەوڵی ئـەوەدان کـەرکووك بەهەرێمەکەیانـەوە بلکێـنن وەك زەمینـە سـازییەك بـۆ جیابوونـەوە لەدەوڵـەت و جـاڕدانی سەربەخۆیی (لەحاڵەتی کورد)دا.

شـێکاری عێراقیـەکان لـەپاش ٢٠٠٣وە دەچـێتە یـەکێك لـەو خانانـەوەو لەهـەوڵی بـە ئیبلیسکردنی نەیارەکەیاندان و لەهـەمان کاتیشـدا پێکهاتەکـەی خۆیـان بـە قوربـانی تەماشـا دەکات.

بێگومـان ئـەوەش واتـای ئـەوە نییـە کـە شـێکاریەکان لەلێوردبوونـەوەیان لەسروشـتی کێشمەکێشەکە خاڵین لە دیدوبۆچوونی بەسوود یان لەهەندێك رێنوێنی و ئامۆژگاری ژیرانە.

دیارە لەنێو شێکاریەکانیشدا ئەوەی کە هاوسەنگترە ئەوەیە کە لەئیدارەکردنی ململانێکەدا لایەنێك ناکاتە براوەو ئەویتر بکاتە دۆڕاو. بەڵام هەڵوێسـتە پـەرگیرەکانی کـورد و عـەرەب و تورکمـان و تائاسـتێکی کـەمتریش مەسـیحیەکان، متمانـەی ئـەوەیان نییـە کـە توانـای خۆبەدوورگرتنیان هەبێت لەرۆچوون بەرەو کێشمەکێشی سەرتاپاگیری.

سێ دیدگا

لەلای هەرلایەنێك لەلایەنەكانی كێشمەكێشەكە لەسەر مافی هەرێمیی لـەباكووری عێـراق دیدگایــەك هەیــە كــە لێــوەی دەڕوانێــت ودەســتبەرداری نابێــت.زۆر كــاتیش بەوپێیــەی وەك"راستی"تەماشای دەكرێت ئەوا زۆرجار دەبێتە ئەفسانەو سەلماندن و لێوردبوونەوەی ئاستەم دەبێت.جگە لەوەش سەرلەبەری پێكهاتەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە راسـتەوخۆ وەچـەو نـەوەی ئەو نەتەوانەن ئەگەر هەزاران سالْ نەبێت ئەوا چەندان سـەدەیە لەناوچـەكەدا ژیـاون، هەربۆیـە هەولّی بەشەرعی كردنی بانگەشەكانیان دەكەن لەسـەر ئـەوەی ئـەو بنەچـە دێرینـەی رۆژگـار لەماف پێیان دەبەخشێت. دیارە توانای دەستنیشـانكردنی رەچـەڵەكێكی دیاریكراوبۆگەیشـتن بەساتێك لەقولاّیی مێژوودا، پرۆسەیەكی زۆر ئیشكالییەو لەواقیعدا سـوودی ئەوەنـدە نابێـت لەچارەسەركردنی كێشەسیاسیو كۆمەلاّیەتیە نوێكانـدا. بـەلاّم لەرەوشـێكی وەهـادا هـەرزوو زوڵملێكراوەهاوچـەرخەكان بەسـیمبول و ئەفسـانەی رۆژگـارە دێرینـەكان بارگـاوی دەكـرێن و لەوبارەشدا باشتر وایە ئەوفاكتەرە دروسـتكەرە نوێیانـە بەهەنـد وەربگیرێـن كەبوونەتـە هـۆی دروسـتكردنی كێشـمەكێش لەسەرناوچـەیەكی پەیوەسـت بـەعێراقی سـەدەی بیسـت یـەك و چەمكەكانی ئەو ناسنامە جەوهەریەی كە هەڵوێستی سیاسی نوێ بەرەنگی خۆیان بۆیە دەكەن و فۆرمێكی پێدەبەخشن.

فەسڵی دووەم

دیدگای تورکمانی: ئاوابوونی ئەو گروپەی لەرابردوودا ئاغابوون

ڕەنگە ئاسان بێت هەندێك ڕاستی لەبارەی تورکمانی عێراقەوە جێگیربکرێت، کەزۆر بەوردی نازانرێت ژمارەی ئەو تورکمانانە چەندن کە لەعێراقدا دەژین. بەهەمان شێوە ئاستەمیشە بەشێوەیەکی تەواوەتی بزانرێت تورکمان کێن و لەکوێوە هاتووەن.

زۆربوونی ئەم نەزانراوانەش ئاڵۆزی دەبەخشنە بوونی دەستەو گروپە سیاسییە تورکمانیەکان کە نوێنەرایەتی ڕاوبۆچوونی زۆرێك دەکەن. دیارە هەندێك لەو ڕاوبۆچوونانە زۆر نەیارو دژن بە بەکورد(یاخود وردتر بەهەرێمی کوردستان)، هەشیانە خاوەنی هەڵوێستی نیشتیمانپەروەرانەو عێراقیانەن، بەشێکی تریشیان ئیسلامی شیعەی توندڕەون. هاوکات دەکرێت بەشێکی دیکەیان بە لایەنگری کورد ناوبرێن لەهەوڵەکانیان بۆ ئەوەی کەرکوك بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان.

بەدەر لەو هەمەجۆرییە لەهەڵوێستەکاندا، ئەوا ڕەگەزی زەق کە کاریگەری لەسەر جۆشدانی سیاسی نێوان تورکمانەکان هەیە پەیوەندییانە بەکوردەوە، بەتایبەتیش لەوەی کە ئاخۆ دژن یان پشتیوانن لەفراوانکردنی هەرێمی کوردستان و لکاندنی ناوچە کێشەلەسەرەکان پێوەی.

بێگومان ئەو هەڵوێستەی کە نەیاری کوردە ئەوەیان بەگشتی مایەی بایەخە، کەئەویش هۆکاری خۆی هەیە.

دەنگێکی بڵندوکاریگەری تورکمان لەکەرکوك و شارەکانی دیکەی باکووردا هەیە، کەدژەو پێیوایە پلانەکانی کورد تەنیا هەربۆ پتەوکردن هەرێمی کوردستان نییە لەسنوورەکانی دوای

١٩٩١بەڵکو بۆخستنە سەری ئەوەشە کە تورکمان بە"تورکمان ئیلی" ناوی دەبات –ئەو زەویە فراوانەی کە لەسنووری عێراق لەگەڵ تورکیاو سوریادرێژدەبێتەوە بەرەو سنوور لای ئێران. بەپێی سەرچاوە تورکمانیەکانیش "تورکمانیا" Turcomania- ناولێنانە ئینگلیزیەکەی کە بە"تورکمان ئیلی"دەوترێت –لەسەرنەخشەی ناوچەکە دەردەکەوێت کە لەلایەن ولیام گسری William Guthrie لەساڵی ١٧٨٥بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئاماژەیەکی روون نییە بۆ "تورکمان ئیلی" تا کۆتایی سەدەی بیستەم١.

لەراستیدا ماددەیەکی چاپکراو نییە دەریبخات کە تورکمان ئیلی لەرووی هەرێمیەوەگرێدراوە بەسوریاوتورکیاو ئێرانەوە، بەڵکو زێدی ئەو پێشنیازە –دامەزراندنی بەرەی تورکمانی عێراقییە لەساڵی ١٩٩٤دا، کە لەئەنجامی مشتومڕی نێو کۆنگرەی حزبی نیشتیمانی تورکمانی عێراقی بەر لەساڵێك هاتبووە ئاراوە٢.

تورکمان ئیلی (بڕوانە نەخشەی ٦) لەنێو سنووریدا تەلەعفەرو موسڵ و هەولێرو دوزخورماتوو و کەرکووکیش لەخۆ دەگرێت، لەهەندێك نەخشەی کوردیشدا هەموو ئەوەی کە تورکمان ئیلی لەخۆی دەگرێت دەکەونە نێو داواکاریەکانی کوردەوەو ئەوەش دەبێتە هۆی هەڵکشانی دوژمنایەتی ئەو تورکمانانەی کە نەیاری کوردستان و کوردن.

هەلومەرجەکە دژوارتر دەبێت کاتێك ناتوانرێت هەژماری وردی ژمارەی تورکمانەکان بکرێت، هەڵبەت دوا سەرژمێری باوەڕپێکراویش ئەوەیە کە بەر لە زیاتر لەنیو سەدە لەساڵی ١٩٥٧دا ئەنجامدراوە، هەرچەندە ئەو ئامارەش مایەی ناکۆکبوونە.

لەهەوڵێکیشدا بۆ تێپەڕاندنی ئەو کێشانە، هەندێك لەشێکاران تەقەلایان داوە بەپێی ئەو داتایانەی سەرژمێری ١٩٥٧دەستەبەری کردووە، بگەنە مامناوەندی تێکڕای گەشەی دانیشتوان، هەروەك ئەوەی لەئەدەبیاتی تورکمانیدا هەیەو خەمڵێنراوە بە ١٣- ١٦٪ی کۆمەڵگەی عێراقی یاخود

---

١ -کەرکوکلو Kerkuklu ، هەمان سەرچاوە، ٢٠.

2 - Private Communication by e-mail with Sheth Jerjis of the Stichtung Onderzekcentrum Iraaks Turkemense Mensenrechten, 5 August 2008.

۳ ملیۆن تورکمان١. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە نووسەرانی ناتورکمان لەهەوڵی کەمکردنەوەی ئەو ژمارەیەدان و بەپێی سەرچاوە عێراقی و خۆرئاواییەکانیش ژمارەکە زۆر کەمترە لە ڕێـژەی ٥٪ ٢.

ژمارەی دانیشتوان لەپاش سەددام بووتەجێی بایەخ، بەتایبەتیش سیستمی سیاسی، کـە سیستمێکە قەبارەی ئەم پێکهاتە یـان ئـەویان دەبێتـە فاکتـەرێکی بالادەسـت لـەدیاریکردنی هاوسەنگی هێـز لـەنێوان پێکهاتەکانـدا. بـەڵام گەمـەی ژمارەکـان لەروانگـەی تورکمانـەوە گەمەیەکی زۆر ئاوەژووکراوە لەدژیان.هاوکات تورکمان پێیان وایە ژمارەیان زۆر زیاترە لـەوەی کە ئەوانیتر لەعێراقیەکان و چاودێرانی نێودەوڵەتی پەسەندیان کردووە.

بەڵام ئەو بەڵگانەی کە لەپرۆسەکانی سەرژمێریکردنی دانیشتوانی عێراق و تێبینی گەڕیدە و ئەکادیمیستەکان بەدرێژایی سەدەی بیستەم پێشکەشکراون باس لەچیرۆکێکی تر دەکەن.

بەپشت بەستنیش بە ئاماری ڕەسمی کە حکومـەتی عێراقـی کۆیکردوەتـەوە بەتایبـەتیش ئاماری ١٩٥٧(ئەو ئامارە ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کەرکووکە بەر لـەجموجۆڵپێکردنی فراوانـی دانیشتوان کە پرۆسەی تەعریب بەخۆیەوە دیوە)، کورد ڕێژەی لە٤٨٥ی دانیشتوان پێکدەهێنن و تورکمانیش لە٢١٪ و عەرەبیش لە ٢٧٪ پێکدەهێنن.

بەشێکی زۆریش لە ڕای گشتی تورکمـان پێیـان وایـە ئەوڕێژانـە ژمـارەی تورکمـانی زۆر کەمکردوەتەوە چونکە لەلایەن حکومەتەوە زۆرێکیان بە عەرەبو تورکمان تۆمارکراون.

کەوابوو تورکمان هەست بەزوڵمێك دەکەن کە بەرامبەریان کراوە دەرئەنجامی ئەو شێوازەی کە ئەکادیمیست و چـاودێرانی دیمۆگرافیـای عێـراق باسـی لێوەدەکـەن، بەتایبـەتیش ئـەوەی پەیوەستە بە ڕێژەی دانیشتوانی عەرەب و کوردو تورکمان.

چاوخشاندنێکی خێرا بەو ئەدەبیاتەی کە لەبارەی عێراقەوە لەبەردەستدایە ئەوا بیرۆکەیـەك سەبارەت بەسروشتی کێشەکە لەدیدگای تورکمانەوە دەدات بەدەستەوە.

زۆربـەی ئـەوکارە ئەکادیمیانـەی لەناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم و دواتـرا ئـەنجام دراون، بەئاراستەی تەرکیزکردنە سەر سیاسەتی عێراقییە لەسەر ئاستی دەستەبژێر لەگـەڵ بایەخـدانی تایبـەت بـە مێـژووی سیاسـی وئەوگۆڕانکاریـە وەزاریانەیـە کـە لەبەشـێوەیەکی ڕێکوپێـك

1 - Turkmenoglu , K.. The Iraqi Turkmen's Struggle to Sacrifice and Suffering. Ontario: Esprit de Corps BOOKS: 15.

2- Oguzlu, H." Turkmens as Facttor in Turkish Foreign Policy." Turkish Studies, 3,2: 139-148, quore143.

روویانداوه.دووەم، ئەم برە لەئەدەبیات کە کۆمەڵێکی کەمە، بەڵام بەشێکی گرنگە لەکۆی ئەو سەرچاوانەی کە بەپلەی یەکەم تیشك دەخەنە سەر کورد.خۆ ئەگەر ئەو کارانە لەنووسینی ئەو چاودێرانە بێت کە پەیوەندیەکی پتەویان لەگەڵ گەلێکی جوامێری شاخاویدا دروست کردبێت وبەدیدێکی رۆمانسیانە لێیان روانیبێت، ئەوا زۆرکات هەڵوێستی پشتیوانیان بۆ کورد پیشانداوە بەبەراورد بەوکارانەی کە تەرکیزی خستوەتە سەرتەواوی عێراق.

نموونەی ئەو کتێبانەی مایەی نیگەرانییە بەتایبەتیش لای تورکمان، کتێبی "کوردو تورك و عەرەب"ە، Kurds, Turks,and Arabs، کە لەلایەن سی.جەی.ئدمۆندز C.J.Edmonds لەساڵی ١٩٥٧نووسراوە.

نووسینەکانی ئدمۆندز پشت بە ئەزموونەکانی دەبەستێت ئەو دەمەی لەماوەی بیست و سییەکاندا فەرمانبەرێکی سیاسی بووە لەکوردستان و عێراق.لەگرنگترین کارەکانی کە تیایدا وێنای بارودۆخی کەرکووکی کردوە، پەنای بۆ سەرژمێری ١٩٤٧بردووە، کە کورد لە٥٤٪ی دانیشتوانی پارێزگاکەو لە٢٥٪ی شاری کەرکووکی پێکهێناوە١. بەپێچەوانەی ئەوەش زۆر جار تورکمانەکان ئاماژە بە نووسینەکانی حەنا بەتاتۆو دیڤید ماکدواڵ دەکەن.

یەکەمیان بۆنموونە دەڵێت:"کەرکوك..لەرابردوویەکی نزیکدا بەتەواوی تورکمان بووە"و کوردیش کە لەسەدەی بیستەمدا روویان لەشارەکەکردوە هۆکاری ئابووری لەپشتەوە بووە بۆ گەڕان بەدوای دەرفەتی کار لەپیشەسازی نەوتیدا.حەنا بەتاتۆ نووسیوویەتی کە کورد لەساڵی ١٩٥٩وە ژمارەیان بەرزبووەتەوە بۆ سێیەکی دانیشتوان و ژمارەی تورکمانیش بەنزیکەیی دابەزیوە بۆ دانیشتوان.هەروەها شارەکانی تری وەك هەولێریش هەمان پرۆسەی بەخۆوە دیووە٢.

هەرچی ماکدواڵیشە تەنیا ئاماژە بە سەرژمێری ١٩٤٧ دەکات کەتیایدا کورد لە٢٥٪ی دانیشتوانی شارەکەو لە٥٣٪ی پارێزگاکەیان پێکهێناوە. بەڵام ئەو کارەی وەك سەرچاوەیەك لەبەردەستی ئەو تورکمانانەدایە تا بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو رایەی کە باس لەزۆرینەی کورد دەکات لەسەدەی بیستەمدا بەکاریبهێنن٣، هەروەها نووسەران تورکیش توانایەکی تایبەتیان هەیە لە کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوانەی کە بۆ پشتیوانیکردن لەبانگەشەکەیان بەتوندی پشتی پێدەبەستن.

---

1 - Edmonds, C.J. 1957. Kurds, Turds and Arabs. London: Oxford University Press: 438-439.

٢ - بگاگو ، هەمان سەرچاوە، ٩١٣.

٣- ماکدویل ، هەمان سەرچاوە،٣١٤.

بۆ نموونه ئەرشەد هورموزلو Ershat Hurmuzlu لێشاوێك له بابەت سـەبارەت بـه تورکیبـوونی کەرکووك دەخاته روو، ئەویش هەر لەو بەڵگەنامانەی کە سەرچاوەکەی حکومەتی بریتانییه و باس له بەکارهێنانی زمانی تورکی دەکات لەکەرکووکدا بەشێوەیەکی بەربڵاو تـا دەگاتـه ئـەو نووسـەره عێراقییانەی که باس له زۆرینەی تورکمان دەکەن لەکەرکووکدا و دواجـاریش ئـەو رۆژنامـەنووس و ئەکادیمیستانەی ئاماژه به مێژووی تورکمانبوونی کەرکووك دەکەن١.

بەڵام سروشتی نائـارامی بـاوی پەیوەنـدی نێـوان تورکمـان و کـورد بەتـەنیا لەرەهەنـدی ململانێی هەرێمی و جیاوازی دیمۆگرافیاییەوه بەتەواوی راڤەناکرێت، هەرچەنده له رووکەشـدا ململانێکه لەسەر مـافی دیـاریکردنی داهـاتووه، ئـەویش لەرێگـەی رەواجـدان بـەرابردووی خودگەرایی و زوومی تایبەتمەندێتی ئیتنیکی، بەڵام نائارامیەکه لەبناغـەدا خـۆی لـه چـەند دینـامیکێتێکی دیکـەدا دەبینێتـەوه، کـه کاریگـەری لەسـەر دیـدی تورکمـان بـۆ کـورد و بەپێچەوانەشەوه هەیه.

چەمکی جیاکـاری ئیتنیکـی، کـه بـەپێی زۆربـەی لێکۆڵینـەوەکان دیاردەیـەکی نوێیـه، بەپاشماوەی جیاوازی چینایەتی رەنگ دەکرێـت، تورکمـانیش بـەو پێیـەی باووباپیرانیـان کـه عوسمانیەکان بوون، پێگەیەکی بەرچاویان هەبووه، که ئەگەر نایابیش نەبووبێت. هەربۆیـه ئـەو پێگەیه لەدوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیش بەردەوام بووه، بەڵام دواترو لـەپاش هەرەسـی پادشایەتی پاشەکشەی کردوەو پاشانیش حزبی بەعس هەڵکشاوه.

لەو روانگه چینایەتیەشەوه، کـورد کۆچـەری و لادێـی بـوون و لەچـیاکانی هەڵکـەوتووی باکوور و خۆرهەڵاتەوه دابەزیوون و له لەپێناو باشکردنی گوزەرانی ئابووی و کۆمەڵایەتیان لـه کەرکووکدا سەقامگیربوون بەڵام بەشێوەیەکی تەقلیدی ماونەتەوەو لـه ئاسـتی فـەرمانڕەوای و چالاکیه بازرگانیەکانی شاردا ئامادەییان کەمبووه.

پاشـــان ژمارەیـــان زیـــادیکردووەو لەسەرئاســـتی پارێزگـــای کەرکووکـــدا بوونەتـــه زۆرینه.لەئێستاشدا بەدیدی تورکمان ژمارەی ئەو کوردانەی که لـەرووی مێژووییـەوه دەتـوانن بانگەشەی بەشاری بوونی خۆیان بکەن زۆر کەمترن لەوەی که لەمرۆدا بانگەشەی بۆ دەکەن.

١ - ئەو توێژینەوەیەی لێردەدا ئاماژەی پێکراوه(واقیعی ئیتنیکی ناوچەی کورکـووك The Ethnic of the Kirku Area) له سایتەوه وەرگیراوه: www.turmen.nl/ERK/pdf

دیسان ئیشکالیەتی پەیوەندیەکان بە فاکتەرە دەرەکیەکان ئـالۆزتر دەبێـت —بایەخپێـدانی تورکیا بەهەلومەرجی تورکمان لەعێراقدا و پێداگری ئەنقەرە لەسەر مافی تورکمان لەعێراقـدا مێژوویەکی نوێی هەیە- ئەویش لەبناغەدا بەرپەرچدانەوەی دروستبوونی هەرێمی کوردستانە- بەڵام غیابی ئەو رۆڵە مێژووییە لەکاریگەری ئەنقەرە لەمامەڵەکردنی تورکمان وکـورد لەگـەڵ یەکتری لەکەرکوك و شارۆچەکەو شارەکانی تری باکووری عێراق کەم ناکاتەوە.

دەکرێت بانگەشەی تورکمان سەبارەت بەکەرکوك بۆ چوار رەگەز لێکترهەڵبوەشـێنرێنەوە. هەروەك حاڵەتی کوردو عەرەب و مەسیحی "گێڕانەوەی تورکمان"یش هەوڵـدەدات سـەردەمی نوێی تورکمان بە رابردووی شکۆدار و ئامادەبوونی رەچەڵەکیان لەناوچەکەدا بەدرێژایی چـەندان سەدە ببەستێتەوە، کە لەوماوەیەشدا پێگەی سەرکردایەتیکردنیان هـەبووە لـە سـاتەوەخێکی یەکلایی کەرەوەی مێژووی عێراقدا. دیارە ئەو بۆچوونەش لە بڕگەکانی پێشـووتردا باسـکراون. رەگەزی دووەمیش دیدی تورکمانە بۆ مێژوویان، کە هەرلەو سۆنگەیەشەوە پشت بەهەڵوێستی خۆیان دەبەستن لەو ململانێیەی کە ئیستا هەیە، ئـەویش پێگـەیان بـووە لـە ئیمپراتۆریـەتی عوسمانیدا. جا بەو پێیەی گروپێکی خاوەن پلەو پایە بوون لەسیستمی ئیداری ئەو کاتەدا، ئەوا لەبانگەشەی تورکمانەکاندا سەبارەت بە کەرکوك، تەرکیز دەخرێتە سەر بۆن و بەرامی تورکی یاخود عوسمانی لە ئاوەدانکردنەوە و کلتووری شارەکەدا، لەگەڵ ئاماژە کردن بە تـەلارو نـاوی ئەو شوێنانەی کە لەسەرچاوە عوسمانیانەدا هاتوون و باس لە زۆرینەی تورك یان تورکمان دەکەن لەشارەکەدا، ئەگەر لەپارێزگاکەشدا نەبێت.

رەگەزی سێیەم، کـە تورکمـان پشـتی پێدەبەسـتێت لەسـەربناغەی ئـەو نەهامەتیانەیـە (خەڵکانی تری ناعەرەبیش لەو نەهامەتیانەدا بەشداربوون) کە نەك هەربەتەنیا لەسەر دەسـتی دەوڵەت دووچاری بوونەتەوە، بەڵکو ئەوەش کە لەسەر دەستی کـورد روو بـەڕووی بوونەتـەوە، ئەویش لەرێگەی خۆسەپاندن بەسەر سیاسەتی کـەرکووك وفۆرمەکـەی لەقۆسـتنەوەی راسـتیە سیاسیەکانی رۆژانەی شارەکەدا.

رووداوەکانی وەك کوشتارگەی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووکیش پاساوێکی بەهێز و پڕ لەهەست وسۆزە بەدەست ئەو تورکمانانەی کە لەئاسایش و سەلامەتی خۆیان دەترسـن لەناوچـانەی کـە بەدەست کوردەوەیە.

مێژووی نەهامەتی تورکمان راستەوخۆ گرێدراوە بەو هەستت بەزوڵمکردنەی کە بالی بەسەر ناوەندی تورکمانیدا کێشاوە و بەدیدی ئەوانیش زیاتر بایەخی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بەئاراستەی کوردە وەك ئەوەی تەنیا کورد لەسەر دەستی رژێمی بەعس تووشی نەهامەتی هاتبن.

هەروەها تورکمان لەوبڕوایەدایە، کە کورد توانیویەتی سەرنجی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی بۆ لای خۆی رابکێشێت بەوەی کە ئەوان قوربانی هەمیشەیی پرۆژەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوون لەدوورخستنەوەیان لەعێراقدا، لەنێویشیاندا ستراتیژی تەعریبکردنی کەرکوك، بەشارو پارێزگاکەیەوە.

تورکمان لەهەوڵی بەدەستهێنانی ئەوەدان کە ئەوانیش وەك لایەنێکی زوڵملێکراوی سەر دەستی بەعس ئیعترافیان پێبکرێت- رەنگە زیاتر لەکوردیش بەپێی پێوەرە رێژەییەکان- هەروەها ناوچەیەکی فراوانیش کە لەسەردەستی بەعس تەعریبکراوەو لەبناغەدا ناوچەی کوردی نین بەڵکو نیشتیمانی دێرینی تورکمانن.

ئەو هەستکردنەش بەزوڵملێکراویان زیاتر دەبێت کاتێك هەست بەنائومێدبوون دەکەن لەوەی کە بە" بەکوردکردن- تکرید"ی کەرکوك ناوی دەبەن، لەپاش گەڕانەوەی هەردو پارتی سەرەکی کوردی و پێشمەرگەکانیان لەساڵی ٢٠٠٣دا.

دیسان تورکمانەکان پێیان وایە کەتوونەتە نێوان ئەوەی بە پرۆسەی زەوتکردنی زەوی و زارەکانیان لە هەشتاو نەوەدەکاندا ناوی دەبەن و ئەوەش کە دواتر بەهەمان شێوە کورد لەبەرایی هەزارەی سێیەمدا ئەنجامیداوە، هەروەها وایدەبینن کە بەرژەوەندی کورد و عەرەب بەیەکتری گەیشتوە چونکە لەراستیدا ئەوان نایانەوێت کەرکوك بۆ ئەو بارودۆخە بگەڕێتەوەکە جاری جاران لەئارادابووە، هەروەك ئەوەی تورکمانەکان بانگەشەی بۆدەکەن، رۆژگارێك بووە ئەوان ئاغای شارەکە بوون.

تورکمان لەعێراقی نوێدا

هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی گرێدراوە بە کۆمەڵێك گۆڕانکاری قووڵەوە کە تورکمانەکانی ولایەتی موسڵیشی گرتوەتەوە.

تورکمان بەو پێگە پێشکەوتووەکۆمەڵایەتی و ئابوورییە نایابەی کە لەسایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەشارەکانی ناوچەکەدا هەیانبوو، دەستەیەکی خۆش گوزەرانی بەرچاویان پێکهێنابوو، لەکاتێکدا کورد سەربە توێژێکی پلیشاوە بوون.

بۆیە ئەو جیاوازییە ببــووە هــۆی ســەرهەڵدانی ناوەبــەناوەی کــاری توندوتیــژی ئیتنیکــی وکاریگەری هەبوو لەسەر پەیوەندی نێوان کوردو تورکمان بەدرێژایی ئەوماوەیەی کە لەســەدەی بیستەم مابووەوە.

بەدڵنیاییشەوە دیدگای تورکمانی لەبەراییەکانی سەدەی بیستەمدا بەوجۆرە بوو، کە ولایەتی موسڵ بەشێکە لەهەرێمە فراوانەکانی عوسمانی، بۆیە بەو پێیەش لەرووی مێژوویی و ئابووری و کلتووری و کۆمەلایەتییەوە فۆرمێکی تورکی بەبــەرداکرابوو، کــە هەرئــەوەش بــوو بــۆ چــەند سەدەیەك ناسنامەکەی دیاری کردبوو.

دیارە بەهەمان شێوەش ئەو حاڵی شــارەکانی کــەرکووك و موســڵ و هــەولێربوو، لەگــەڵ ئیعترافکردن بەوەی شارە دوورەدەستەکانی ناوچە شــاخاویەکان بەتایبــەتیش ســلێمانی ببوونــە شاری کوردی تەنانەت ئەگەر بەرەچەڵەکیش تورکییەکی سەردەمی نــوێ بــن١.ئــەو هەســت و سۆزەی تورکمانەکان لەبیستەکاندا وایکردبوو کە ئاواتــە خــوازبن تورکیــا ولایــەتی موســڵیش بگرێتەوە تا ببێتە بەشێك لەو دەوڵەتە گەورەیەی کە تورکی زمانبوون.

بەدیدی تورکمان مێژووی عێراق لەبەشی دووەمی ســەدەی بیســتەم لەبناغــەدا ململانێیــە لەپێناو پاراستنی پێگەیان لەبەرەنگاریبوونەوەی فراوانبوونی دانیشــتوانی کــورد. بــەو دیــدەی تورکمان، کــورد لەهــەوڵی کــۆنترۆڵکردنی سیاســیانەی کــەرکووك و بەربــەرەکانی ریزبەنــدی کۆمەلایەتی- ئابووری پێشوودا بوون.

ئەو ململانێ بەهێزەش گرێدرا بوو بەژیانی سیاسی فراوانتری عێراقەوە، بەجۆرێك پێویست بوو لەسەر فەرمانڕەوایی دەوڵەت زیاترو زیاتر رژێمی تۆتالیتاری بێت، بەڵام واخۆی دەربخــات حکومەتی نیشتیمانیی مەدەنیە، هەرچەندە بەچاوی زۆری گومانی لە پێکهاتە ناعەرەبیەکانی دەڕوانووەك هەڕەشەیەك دایدەنا کە دەبوو بەتوندی گەمارۆ بدرێت.

جیــاوازی چــینایەتی لــەنێوان کوردوتورکمانــدا رەگــەزێکی گرنگــە بــەڵام زۆرجــاریش لەدیاریکردنی دیدی هەرلایەك بــۆ یــەکتر پشــتگوێ دەخرێــت. بەگشــتی تورکمــان وا لــەخۆی دەڕوانێت کە لەناوچەکەدا گەلێکی کۆڵنەدەرن و سەرکەتووش بوون لــەوەی شــارەکان بــاکووری

---

١ - کۆمەڵەی تەگژە نێودەوڵەتیەکان ICG

International Crisis group, 2006. Iraq and the kurd: The Brewing battle Over Kirkuk. Middle East Report No.56, 18July:4.

عێراق بگۆڕن بۆ ناوەندی ئیداری و بازرگانی لەسایەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا- بەتایبەتیش لەکاتی بەراوردکردنی بەچالاکی کوردانی کۆچەری.

دیسان بەدیدی تورکمان، کۆچەرانی کورد لەشارەکێشە لەسەرەکانی ئێستادا تازەن و لەبناغەشدا کۆچەریی گوندنشینن و خراپی بژێوی ژیانیان لەناوچە گوندنشینەکان کە گیرۆدەی یاخیبوونی عەشایری بوو لەبیستەکاندا وایکرد لەدوای سالّی ١٩٢٧ روولەو شارانە بکەن، کەنەوتی تیادا دۆزرابووەوە.

لەزۆر رووشەوە ئەو بەیەکداچوونەی رەهەندی ئیتنیکی و رەهەندی چینایەتی، رەگەزی یەکلاییی کەرەوە بوو لەدروستبوونی دوژمنایەتی نێوان تورکمان و کورد.حنا بتاتۆش سەرنجی ئەوەی داوە" قەرزدەرەکان تورکمان بوون و قەرز وەرگرەکانیش کورد بوون، گەورە بازرگان و خاوەن کۆگاو پیشەوەرەکان تورکمان بوون و کرێکارانی نەوت و رەنجدەرو فرۆشیارە بچووکەکانیش کورد بوون". بەلاّم ئاماژە بەبوونی زۆرێك لەتورکمانی هەژاریش دەکات"ئەو ژمارەیەی کوردیش کەم نەبوون کە گوزەرانیان باشبووە".

لەو ژینگەیەی کە لە سەدە بیستەمدا بارودۆخی عێراقی تێدابووە و یادەوەری جەنگی یەکەمی جیهانیش هێشتا لەلای خەلّکی بەزیندوێتی ماوەتەوەو دەولّەتیش لەهەولّی گێڕانەوەی دیاریکراو و راڤەکردنی تایبەتی یادەوەریی مێژوویی بووە تابەسەر هاولاّتیانیدا بیسەپێنێت، ئەمە جگە لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و سۆسیالیزم کە لەنێو چینە هەژارەکانی عێراقدا گەشەی کردووە، ئەودەم نائۆقرەیی نێوان کوردو تورکمان حەتمی بووەو ئەگەری توندوتیژیش بەبەردەوامی لەئارادا بوو.

گێڕانەوەی چەوسانەوە لای تورکمان

بەدیدی تورکمان سەدەی بیستەم، ئەو ماوەیەیە کە تیایدا کاری تیرۆریستی لەلایەن دەولّەت و ئەو هێزانەی کە دەولّەت هانیداون لەدژیان ئەنجامدراوە، هەروەها کوردیش گەرەکێتی بەزۆر لەسەر زێدی خۆیان وەدەریان بنێن.

لەگێڕانەوەی ئەو رووداوانەدا تورکمان تەرکیز دەکاتە سەر سێ پرسی سەرەکی: کوشتارگە، تەعریب، بەکوردکردن(تەکرید).

کوشتارگە

لەسەدەی بیستەمدا تورکمانەکان بەدەست ئەو پەلامارە رێکخراوانەوە ئازاریان چەشتووە، کە روو بەڕووی بوونەتەوە هەرچەندە ئەو دەستدرێژی و پەلامارانە لەبناغەدا رووداوی دابڕاو بوون، بەڵام هەندێکیشیان خوێناوی بوونو ئەوەش وایکردووە رەهەندێکی رەمزی بەهێز وەربگرن و ئەوەش نەك هەر لە سووربوون لەسەر نەهامەتیەکانی تورکمان لەسەدەی بیستەمدا بەکاربراوە، بەڵکو بۆ تیشك خستنە سەر ئەو مەترسیانەش بەکاربراوە کە هێشتا مایەی هەرەشەن بۆ سەریان.

دیارە ئەو رووداوانەش کە لەکەرکووکدا لەبیستەکانی سەدەی بیستەم و دواتر روویانداوە بوونەتە هۆی جۆشدانی هەست و سۆزی تورکمان، چونکە ئەوان لەیەکێك لەبەرچاوترین ئەو شارانەی عێراقدا ژیاون کە چاوی لەسەربووە و کراوەتە ئامانج، ئەمە جگە لەوەی بەشێوەیەکی بەدەر لەبەرگریکرن لەجیهانی سیاسەتی پڕ لەمەترسی تێوەگلاون، بەجۆرێك هاوپەیمانیەکان سەرباری ستەمکاری، ناکۆکیەکانیان قۆستۆتەوە و توندوتیژییان بەشێوەیەکی لەناکاوو توندو وێرانکارانە وەك ئامرازێك بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی نەخشەی سیاسی بەکارهێناوە.

کاتێکیش لەسەدەی بیستەمدا چەند دینامیکێکی سیاسی لەعێراقدا لەبۆچوونی چینایەتی و نەتەوایەتی و کۆمۆنیستیدا ئاوێزان بوون بە سیمبول و ئەو هەست و سۆزەی کە ریشەکەی ناکۆکی ئیتنیکی بووە بە بۆچوونی خاوەنەکانیان، ئەوا ئەرکی دەوڵەت بەرێژەیی ئاسان بووە بۆ دۆزینەوەی زەمینەیەك کە تیایدا کوردو تورکمان لەدژی یەکتری پەنا بۆ چەك بەرن لەژێر دروشمی جۆراو جۆرادا، کە دواجار هەوویان ئەنگێزەی ئیتنیکییان لەدواوە بووە.

زیاد پەنگخواردنەوەی نێوان کوردو تورکمان بەتایبەتیش لەدوای رووداوەکانی ١٩٥٩ی کەرکووکدا، لە یادەوەری زۆرێك لە تورکمانەکاندا تائێستاش ماوەتەوەو وەك بەڵگەیەك لەبەرامبەر دلڕەقی کوردو مەترسیەکی چاوەڕوانکراو لەو ناوچەیەی کە کورد تیایدا باڵادەستە بەبیر دەهێنرێتەوە.

گێڕانەوەی تورکمانی بۆ مێژووی کەرکووك بەروونی ئەوە دەردەخات، کە ئەوان وەك ستراتیژێکی بەرنامەبۆدارێژراو و هەندێك جاریش وەك ستراتیژێکی ئامادەکراوی پێشوەخت لەو توندوتیژییە دەڕوانن کە تورکمانی کردوەتە ئامانج تا لەنیشتیمانی خۆیاندا وەدەریان بنێن.

ئەو هەستکردنەش بە بوونی پیلانێك هەستێکی رۆچووە لەقوڵاییدا و ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە.یەکەمین رووداویش کە چاودێرانی تورکمان لەکاتی هەڵوەستەکردنیان لەمامەڵەکردن لەسایەی دەوڵەتی نوێی عێراق ئاماژەی بۆ دەکەن کوشتارگەی ٤ی ئایاری ١٩٢٤ی کەرکووکە.

دیــدی تورکمــانیش لەبەرامبــەر ئــەو رووداوەدا، بەیەکــەمین دەرفــەت دادەنرێــت کــە بەپشتیوانیکردنی سیستمی نوێی پادشـایەتی، ئیمپراتۆریــەتی بریتانیــایی قۆســتیۆتیەوە بــۆ لاوازکردنی ئەوان، چونکە تورکمان وەك پاشماوەی عوسمانیەکان تەماشاکراون بــەوەی کــە هــیچ وەلائێکیان بۆ عێراق نییــە و پەیوەندیــەکی سروشــتی بەئایــدیۆلۆژیای ناســیونالیزمی بــزۆزی ئەنادۆڵەوە دەیانبەستێتەوە.

بەپێی ئەو بۆچوونەش مایەی هەڕەشەن بۆ ســەر ســەقامگیری عێــراق – بەتایبــەتیش کــە ئەوان پشتیوانیان لەدەســتبەکاربوونی مــەلیك فەیســەڵی یەکــەم لەســەر تــەختی پادشــایەتی نەکرد.لەبەرئەوە شانۆیەك لەلایەن بەریتانیەکانــەوە بــەهاوکاری لایەنــە عێراقیــەکانی تــر بــۆ تورکمان ئامادەکرا و کرانە ئامانج.

ئەو لایەنە عێراقیانەش کە تەواو ئامادەییان هەبوو تورکمان ملکەچ بکەن، هێــزی لیڤــی Levies- بوو کە ئەندامە بەسەربازگیراوەکانی لەو ئاشووریانە بــوون کــە لەهــەرێمی هــەکاری تورکیاوە هەڵهاتبوون.

پێدەچێت ئەو پریشکەی کە بووە هۆی هەڵگیرسانی ئاگری ململانێکە بەتــەنیا دەمەقاڵــەی نێوان سەربازێکی سەر بەهێزەکانی لیڤی و شوانکارەیەکی تورکمانی نــەبوویێت، کــە وای لــە بەریتانیەکان کرد رێگە بەهێزی لیڤی بــدەن پــەلاماری تورکمــانی کــەرکووك بــدەن و نزیکــەی ۲۰۰کەسیان لێبکوژن هەروەك سەرچاوە تورکمانیەکان ئاماژەیان پێکردووە[1]. رەنگــە ئــەوەش وەك بەشێك بێت لەو بەرپرسیارێتیەی کە هێزی لیڤی لەئەستۆی دەگرێت لەوەی کەروویدا.

بڕوانە سەرهەنگ ئارِ.ئێس.ستافۆردR.S.Stafford" ئەو ئاژاوەیەی کــە لەسەردەســتی ئــەو ســەربازە رێکخراوانــە روویــدا بــەدەر لــە قــەبارەی ئیســتفزازەکە، لەکەیــەکی مەترســیدارە بەناووناوبانگی باشی ئاشووریەکانەوە[2].

رووداوێکی دی لەرووداوەکانی کێشمەکێشی نێوان تورکمان و سیستم پادشـایەتی لــە۱۲ی تەموزی ساڵی ۱۹٤٦روویدا، کــە شانۆکەشــی ناوچــەی گاوربــاغی بــوو لەکەرکووك.ئــەوەبوو کرێکارانی نەوت کە تورکمان بانگەشەی ئەوەدەکات زۆربەیان تورکمان بــوون، مانگرتنێکیــان

---

۱ -کۆبەرلو ، هەمان سەرچاوە. دیسان بڕوانە ئەهرمزی Al-Hirmizi هەمان سەرچاوە: ۷۹-۸۹.

2 - Stafford, R.1934." Iraq and the Problem of the Assyrians." International Affairs , 13, 2, March –April: 158-184,quote at 163.

راگەیاندووە لەپێناو باشکردنی هەلومەرجی کار کردنیان بەڵام یەکە سەربازیەکان بەپشتیوانی پۆلیش تەقەیان لە مانگرتوەکان کردووە.

رووداووی گاوربـاغی، ئەگـەر لەگۆشـەنیگای ئیتنیکـی لێیبڕوانرێـت کـەزیاتر لـە کوشتارگەکەی ساڵی ١٩٢٤ئاوەژوو کراوە ئەوا وەك فاکتەرێك لەپشـت مانگرتنەکـەوە یـاخود لەپشت بەپەرچدانەوەی حکومەتەوە دەردەکەوێت.

هەرچی نووسەرانی چەپڕەویشە کوشتارگەکە وەك بەڵگەیەك بۆ "پەرەسەندنی رۆحی خـەباتگێڕی لەبزوتنەوەی سەندیکاییدا " باس دەکەن١. بەڵام نووسەرانی ناسیۆنالیستی تورکمـانیش رووداوەکـە وەك "نموونەیەکی ئاشکرای سیاسەتی چەوسانەوەی نەتەوەیی"چاو لێدەکەن٢.

لێکدانەوەی راستی رووداوی گاورباغی هەرچییەك بێت، ئەوا بێگومان لەبیرەوەری تورکمان و لەبەراوردکردنیدا بەرووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ کاڵتر دیارە.

هەرچی کوشتارگەی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکووکیشە لەسایەی ئـەو کەشـە سیاسـیەدابوو کـە سەرتاپای عێراقی گرتبوەوەو پریشکەکەشـی لەئاسـتی ناوخۆییـدا لـەو بارودۆخـەدابوو، کـە بەدابەشبوونی ئیتنیکی و کۆمەڵایەتی —ئابووری نێوان تورکمانو کورد بارگاوی ببوو. ئـەوەی جێگەی گومانکردنیش نییە ئەوەبوو کە لەژێر ئاڵای شیوعیەکاندا ئەوانەی جـەنگان زۆربـەیان کورد بوون و ئەوانەش کە کرابوونە ئامانج زۆربەیان تورکمان بوون.

رەنگەئەو کوشتارگەیەی کەرکووك لەهەر رووداوێکی تر کاریگەری زیـاتری هـەبووبێت لـە رەواندنەوەی ئەو وێنە پەمبەیەی کەعێراق لە کۆتایی پەنجاکاندا هەیبوو، بەو پێیـەی وڵاتێـك بوو تیایدا هۆشیاری نیشتیمانیی عێراقی گەڵاڵە ببوو.

بەلای تورکمانیشەوە تەمووزی ساڵی ١٩٥٩ئـەو سـەردەمەیە کـە تیایـدا پەیوەنـدییان لەگـەڵ کـورددا بـەجۆرێك گـۆڕانی بەسـەردا هـات، کـە چـاککردنەوەی ئاسـان نـەبێت، بـەوجۆرەی کـە لەپەیوەندیەکی پێکەوژیانەوە بۆ پەیوەندی کێبڕکێ لەسەر بناغەی ئیتنیکی گۆڕانی بەسەردا هات.

لەرۆژگاری رژێمی بەعسیشدا هەڵاوێردکردن لەدژی تورکمان زۆربـوو، ئـەوەبوو زۆرێـك لـە سەرکردەکانیان لەماوەی نێوان ١٩٧٩- ١٩٨٠ ئیعدام کران، کاتێك سەددام ریزەکانی حـزب و

---

١ - بۆ نموونە بڕوانە :

Anne, A.2003."Daring for Victory : Iraq in Revolution 1946-1959." International Socialism Journal, issue 99, Summer, published on line at http://pubs.socialistreviewindex.org.uk/isj99/alexander.htm

2 - Al-Hirmizi, A2005.The Turkmen Reality of Iraq. Istanbul: Kerkuk vakfi:91.

سوپای لەهەر هەڕەشەیەکی چاوەڕوانکراو پاکتاو کرد، هەروەها زۆرێك لەتورکمانی شیعە بەهۆی ئینتیمایان بۆ حزبی دەعوەی قەدەغەکراو لەناوبران.

بەڵام کوشتارگەی ١٩٥٩ لەکۆبیرەوەری تورکماندا ماوەتەوە و چەسپاوە، ئەویش بەو پێیەی هۆشدارییەکە نەك هەر لەبەرامبەر ئەو مەترسیانەی لکاون بەسیاسەتەوە لەعێراقدا بەڵکو هۆشدارییە لەبەرامبەر رق و کینەی قوڵ و نەبوونی متمانە کە پێشتر بەبەردەوام لەنێوان کوردو تورکماندا لەئارادابوو.

بۆیە لەساڵی ١٩٥٩ و بەدواوە ئەو بۆچوونەی کە باس لەپێکەوەژیانی نێوان کوردو تورکمان دەکات لەکەرکووکی فرە ئیتنیکدا بیرۆکەیەکی تەواو دوورە.

تەعریب

تەعریب- کەبەگشتی پەیوەست بوو بە سیاسەتی راگواستنی کورد لەکەرکووك و دەوروبەری فراوانی- کاریگەری ترسناکی لەسەر تورکمانیش هەبوو.

لەراستیدا تورکمانەکان زۆرجار دەڵێن و بگرە باوەڕیشیان بەوەیە، کە ئاستی کاریگەربوونیان بە سیاسەتی تەعریب زۆر زیاترە لەکاریگەری ئەو سیاسەتە بۆ سەر گروپە ئیتنیکیەکانی تر، بەتایبەتیش کە رژێمی بەعس دەیزانی کەرکووك لەبری ئەوەی شارێکی زۆرینە کورد بێت، ئەوا بەپێی مێژوو شارێکی تورکمانیەو لەرووی کلتووریشەوە بەتورکمانی دەمێنێتەوە.

بۆیە هەرخوێندنەوەیەکی ئەدەبیاتی تورکمانیش یەکسەر ئەوە دەردەخات، کەچۆن تورکمان لەمێژووی کەرکووك دەنۆرێت لەسەدەی بیستەمدا ئەویش بەو پێیەی لەمێژوودا قوربانیەکی سەرەکی سیاسەتەکانی رژێمی بەعسی بوون و دیسان کەچۆن لەئێستاشدا بەدەست کوردەوە بەهەمان شێوە دەناڵێنن، ئەگەر چی رەنگە ئازارەکەی کەمتر بێت[1].

هەڵبەت تۆمەتبارکردنی کورد بەبوونی هەڵمەتی "تەکرید"لەدواتردا چارەسەری دەکەین، بەڵام رەگەزێکی تر هەیە کە رەهەندێکی کوردی هەیە لەپرسی تەعریبکردندا کە بەتوندی تەرکیز دەکاتە سەرتورکمان.

---

١ -بۆنموونە بڕوانە

Jerjis,S.2006.The Turkmen of Iraq:Underestimated, Marginalized and Exposed to Assimialtion. Nijmgan: Benda Print House.

دیاره تورکمان زۆر هەستیارن بەوەی کە دەوترێت نەهامەتی کورد لە نەهامەتی تورکمان زیاترە و پێیان وایە ئەوان نەیانتوانیوە لەبەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا وەك قوربانی ئەو بەپەندبردنەی کە دەزگاکانی دەوڵەت لەبەرامبەریاندا مومارەسەی کردوە وێنای خۆیان بکەن. هەروەها ئەوباوەڕەش لەئارادایە کە کورد توانیویەتی میراتی تەعریب لەخزمەت پرۆژەی ئیتنیکی خۆیاندا تەوزیف بکەن.

لەلایەك مەیلی ئەوەی کە کورد هاوبەشی نەهامەتیەکانی ماوەی حوکمڕانی بەعسن و لەلایەکی تریشەوە بەو پێیەی کورد رکابەرن لە بەگەڕخستن و تەوزیفکردنی ئەو جێکەوتەی تەعریب لەموزایەدە ئیتنیکیەکانیاندا، یەکێکە لەشەقڵە باوەکانی نێو گێڕانەوەی تورکمانی.

لەروانگەی تورکمانەوە، تەعریب پرۆسەیەك بوو کەریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەی دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی. بەجۆرێك تەعریب پەیوەندیەکی تۆکمەی هەیە بەزەرورەتی دڵنیابوون لە کۆنترۆڵکردنی تەواوی حکومەتی ناوەندی- کە حکومەت گەرەکی بوو کۆپی خۆی لەوەی فۆرمێکی ناسیونالیستی عەرەبی سوننی هەبوو بسەپێنێت- بۆ کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووك.

یەکەم شەپۆلی تەعریبیش لەگواستنەوە خێزانەکانی باشوورو ناوڕاستی عێراقەوە بۆ کەرکووك دەستی پێکرد تا لە پیشەسازی پەرەسەندوی خێرایی نەوتیدا کاربکەن، ئەمە جگە لەوەی لەتەواوی کەرتەکانی دەوڵەتدا پۆستیان پێدرا.

هەروەها لەشارەکەدا گەڕەکی نوێ دروستکرا، بەڵام تورکمان روو بەرووی پرۆسەی راگواستنی بەزۆر نەبوونەوە. دیسان جارێکی تر تورکمان لەچیرۆکێکی تردا لەگەڵ کورددا بەشداربوون لەتێڕوانینان بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەڵات لەلایەن حزبی بەعسەوە لەساڵی ١٩٦٨دا، ئەویش بەو پێیەی دەرفەتێکی تر بوو بۆ قۆناغێکی نوێی وێرانکاری تەعریب. بەڵام تورکمان لەوەدا لەگەڵ کورد ناکۆکن کە پێیان وایە ئەوان ئامانجی سەرەکی پرۆسەی راگواستن بوون، چونکە رژێمی فەرمانڕەوا دەیزانی تورکمان لەکەرکووکدا "زۆرینە" پێکدەهێنێت[1].

بەڵام بەپێی ژمارە رەهاکان و ئامارەکانی دانیشتوان بە روونی دەردەکەوێت، ژمارەی ئەو کوردانەی بەپرۆسەی تەعریب کاریگەربوون زۆر زیاترە لەژمارەی تورکمان.

---

١ - ن.أحمد ،التغيير الديموغرافي القسري لسكان كركوك. لندن ، مركز كربلاو للابحاپ ولدراسات، ل ٤٤٦.

دیسان وەك ئاشكراشە توركمانیش بەر پرۆژەی فراوانتری راگواستن كەوتوونو زۆرێكیش لە مەرسومە كۆمارییەكان و رێنماییەكانی دەزگا ئەمنی و موخابەراتیەكان بەئاشكرا ئاماژەیان بەوەداوە كە توركمانیش جێی بایەخی تایبەتن.

بۆ نموونە لە بەرواری ٦ی ئایاری ١٩٨٠دا، بەرێوەبەرایەتی هەواڵگری سەربازی بەپێی گشتاندنی ژمارە ١٥٥٩، فەرمان دەدات بە گواستنەوەی بەرپرسانی توركمان لەكەركوك و یەكێیش لەبڕگە سەرەكیەكانی ئەو گشتاندنە ئەم رێنماییانەی لەخۆگرتووە:

"دیاریكردنی شوێنی كاری فەرمانبەرانی توركمان لە فەرمانگە رەسمیەكان، بۆئەوەی بەرەو پارێزگاكانی تر دووربخرێنەوەو دابەشبكرێن و رێگریان لێبكرێت لەوەی لەپارێزگای كەركووكدا چڕ نەبنەوە......"

لە ٣٠ی تشرینی یەكەمی ١٩٨١ ئەنجوومەنی سەركردایەتی شۆڕش- مجلس قیادە الپورە(باڵاترین دەسەڵات لەنێو رژێم و لەدەرەوەی بازنەی تەسكی سەرۆك) مەرسومی ژمارە ١٣٩١ی دەركردوە و بەو پێیەش رێگە بەدوورخستنەوەی توركمان لەكەركوك دەدات.

هەروەها بڕگەی ١٣ی مەرسومەكەش ئاماژەی بەوەكردووە"ئەو رێنماییانە بەدیاریكراوی فەرمانبەران و كرێكارانی توركمان و كوردی نیشتەجێی كەركوك دەگرێتەوە"١.

هاوكات ئەندامانی حزبی بەعس بەتایبەتیش پلە بەرزەكان هاندەدران بەرەو كەركوك بچن و لەوەشدا جگە لەچوون هیچ بژاردەیەكی تریان نەبوو٢.

پاكتاوكردنی نەژادی لەسیاسەتی بەعسدا تەنیا یەك رەگەزی لەخۆگرتبوو ئەویش سنووردراكردنی نفوزی توركمان بوو لەكەركووكدا. ئەو توركمانانەی لە كەركووكدا مابوونەوە روو بەرووی سیاسەتی توانەوەی تەواو بوونەوەو بەوەش رژێم لەمەرسومی ژمارە ٨٩ی سەركردایەتی شۆڕش كە لە ٢٤ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ پاشگەزببوەوەو هەوڵیدا سیاسەتێكی بەرنامە بۆدارشێژراو بۆ تەعریبكردنی كەركوك و خەڵكە ناعەرەبەكەی جێبەجێ بكات.

بەپێی مەرسومی ژمارە ٨٩ مافە كلتووریەكانی توركمان دەستبەر دەكرێت- لەوانەش مافی فێربوون بەزمانی توركمانی لە قوتابخانەكانیاندا. بەڵام دوای چەند ساڵێكی كەم رژێم لەو

---

١ - هەمان سەرچاوە، ل ٤٤٨.

٢-جەرجیس Jerjis ، هەمان سەرچاوە، ٧.

بەڵێنەی پاشەکشەی کردو بەتـەواوی وازی لـە فێربـوون بـەزمانی تورکمـانی بـۆ بەرژەوەنـدی سیستمی فێربوونی عەرەبی هێنا.

جگە لەوەش ناوی خوێندنگە بەرەچەڵەك تورکیەکانیشی گۆڕی و لەبری ئەوە پەنای بۆ ناوی بەعسی و ناودارانی مێژووی عەرەبی برد.

بۆنموونە لەبری ناوی"یەڵدز لەر" پەنای بۆ "الفجر الجدید" برد ولەبری "یدی قەرداش "یش ناوی "بەعس " و پاشان قادسیەی داناو دیسان ناوی "دۆغرولـوق" ی بـە نـاوی"عومـەر بـن عەبدولعەزیز" گۆڕی.

بەهەمان شێوە سەرلەنوێ ناوی تورکی گەڕەکەکانی ناونایەوە، ئـەوەبوو گـەڕەکی "یـەنی تیسا"ی کرد بە"بـەعس" ونـاوی بـازاڕی "قۆریـە"ی گـۆڕی. هـەروەها گـەڕەکی "جیقـۆر" بەگەڕەکی "عەرەبی " ناونا و تیپی تۆپی پێی "قەرداش" بووە "شباب التأمیم".

هەڵبەت ناوچە تورکمانیەکانی نێو قوڵایی کەرکووکیش لەبارێکی باشتردا نەبوون بەبەراورد بەناوی گوندەکان کە لەماوەی شەو رۆژێکدا ناوەکانیان گۆڕدران.

ئەوەبوو خەڵکی گوندی "شیرینجا بولاق" تووشی شۆك بوون کاتێك بینیـان نـاوی گوندەکـەیان کراوە بە"یەرموك"(ناوی ئەو شەڕەیە کە تیایدا سوپای موسڵمانان بەسەر ئیمپراتۆریەتی بەیزەنتیـدا سەرکەوتن)، و ئەوەش هیچی کەمتر نەبوو لەو دۆشدامانەی خەڵکی "زندانە" کە لەپڕێکدا خۆیـان بینییەوە لەنێو میسردا دەژین١. خۆ هیچ نەبێت ئەوانە گوندێکی بەعەرەبکراویان هەبوو کە تیایـدا بێدارببنەوە، بەڵام زۆرێك لە گوندو گەڕە تورکمانیـەکانی کـەرکووك زۆر بەئاسـانی خـاپوور کـران، بەتایبەتیش لەدەیەی نەوەدەکاندا. لەقەڵای دێرینی کەرکووکدا کە بەپێی سەرچاوە تورکمانیـەکان ٩ گەڕەك هەبووە، هەرهەموویان لەگەڵ زەویدا تەختکران٢.

دیسان تورکمان ئاماژە بە خراپبوونی بژێوی ئابوورییـان دەدەن، کاتێـك رژێمـی بـەعس کـار ی لەسەر تەنگەتاوکردنی ژیانیان کردووە لە کەرکووکدا.یەکێك لـەو رەگەزانـەی کـە لـەو سیاسـەتەدا

---

١ -کۆبرلـو ، هـەمان سەرچـاوە،٣٩٧-٩٨. بـەڵان لەسـیاقی عیراقیـدا دەکرێـت ئامـاژە بەوشەی"مصـر" و"کۆکەشی أمصار"ە بکرێت، کە بەواتای ئەو شارەی هێزی چەکدار تێیـدا مۆڵیخـواردووە و ئـەوەش لـەکاتی فتوحاتەکاندا باو بووە.

٢ -ئەغالیك و مەیدان ویدی کزلەرو ویوکاری محلە کارا تەپە لیر و تنکچلەر ونووسـینگەی کوبەیسـی و همـام وزێدان (لەلای جەریس تۆمارکراوە، هەمان سەرچاوە، ل ١١).

پەنای بۆ بردووە بەتایبەتی دانەمەزراندنی دەرچووی زانکۆکان بووە، کە زۆرێکیان پزیشك و ئەندازیارو زانا بوون و هەروەها ڕێگەشی پێنەداون لە شوێنە ناحکومیەکانیشدا کاربکەن. لەکاتێکدا وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەزیفەی بەپێی بڕوانامەی زانکۆیی دیاری کردووە، ئەوا لیژنەی کاروباری باکووری سەر بەحزبی بەعس خاوەنی دوا قسەی خۆی بووە لە رازاییبوون لەسەر دامەزراندن.

دەرئەنجام "هەموو ئەو تورکمانانەی کە بەشێوەی مەرکەزی لەلایەن وەزارەتەوە لەناوچە تورکمانیەکان دامەزرێنرابوون، دواتر دامەزراندنیان رەتکرایەوە"١.لەبری ئەوەش وەزیفە لەناوراست و باشووری عێراق خرایە بەردەم تورکمان و بەوەش ژمارەیان لە کەرکووك کەمکرایەوە.٢

لەبەرئەوەی تورکمان پێیوایە سیاسەتی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق فۆرمێکی سۆزدارانە دەبەخشنە رووی بوونیان لەکەرکووکداو ئەو لایەنەش بۆ بەشەرعیکردنی مافەکانیان لەداهاتوودا بەکار دەهێنن، ئەوا گرنگی ئەوە لەچیرۆکی تێکۆشانی تورکمان لە کەرکووکدا بەگشتی بەپلەی دووەم دێت، ئەویش پاش ئەو پەیوەندییە نائۆقرەو مێژووە قورسەی لەنێوان تورکمان و کورددا هەیە.

دیارە ئەو مەسەلەیەش مایەی سەرنجە ئەگەر بێتوو قەبارەی ئەو نەهامەتیانە بەهەند وەربگرین کە تورکمان لەسەر دەستی رژێمی بەعس بەتایبەتی چەشتوویانە، بەلام سەرباری ئەوە پرسی سەرەکی لەوتاری سیاسی هاوچەرخی تورکماندا بریتییە لە پەیوەندیان بەکوردەوە.

بەکوردکردن(تەکرید)

دوا رەگەز لەدیدگای تورکمانیەوە بەتایبەتی تەرکیز دەکاتە سەر ئەو مومارەسانەی کە کورد لەساڵی ١٩٩١ەوە لەدژیان دەیکات.لەلای هەندێك تورکمانیش هەستێکی بەهێز لەدژی کورد هەیە، کە پەیوەندی بەو ماوە زۆر دیاریکراوەوە هەیە.

---

١ -جەرجس Jerjis هەمان سەرچاوە، ل١٢.

٢ -دیارە ئەم ستراتیژەش دەرهەق بەکوردو ئاشووریەکانیش جێبەجێکراوە. بەلام بەهەمان شێوە لەگەڵ زۆربەی ئەو نووسینانەی بەم دواییانە بەپێنووسی ئەوخەڵکەی بەرەچەڵەك ئینتیمایان بۆ ناوچەکە هەیە لەبارەی کەرکوکەوە نووسراون ، ئەوا توانای هاوسۆزی لەگەڵ بارودۆخی پێکهاتەکانی تریش توانایەکی تەواو سنووردارە.

بەشێوەیەکی تایبەتیش زۆرێك لەتورکمان لەبڕوایەدان کە کوردانی هاوردەی نوێ لەگۆڕەپانەکـەدا نەك هەر سیاسەتی دەوڵەتیان بەگەڕخستووە بۆ پتەوکردنی پێگەیان، بەڵکو دەستیشیان کردووە بـە جێبەجێکردنی کۆپیەکی کوردی لە سیاسەتی تەعریب- کە بەکوردی کردنە.

لەراستیشدا تورکمان دوودڵ نین لەئاماژە کردنیان بەو نەهامەتیانـەیان کەهـەرگیز هیچـی لەنەهامەتی کورد لەدەست سیاسەتی تەعریب کەمتر نەبوەو بگرە دەبێت بەرگـەی کاریگـەری بەکوردکردنیش بگرن.

ئەو کێشەیە لەپەیوەندی نێوان تورکمان و کورد لـۆژیکی خـۆی بەدەسـتهێنا پـاش ئـەوەی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١ دامەزرا. زۆرێـك لـەتورکمان وابەسـتەبوون بـە ناسـنامەی میراتگری شەرعی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کە دواتر چەندان کوشـتارگەی دووبـارە لەسـەر دەسـتی کورد دەرهەقی ئەنجامدرا و پێشیان وایە هەرێمی کوردسـتان هەڕەشـەبۆ سـەر مانـەوەیان دروسـت دەکات لەرێگەی ئەو سـتراتیژانەی کـە ئامـانج لێـی ریشەکێشـکردنی تورکمـان یـاخود توانـەوەو ملکەچکردنیانە. لەبەر ئەو هۆیە زۆرێك لەسـەرکردە کوردەکـان خۆیـان لـە تەلزگـەدا دەبیننـەوە و کاتێکیش کە جموجۆڵ دەکەن "هـەروەك لێیـان چـاوەڕوان دەکرێـت" بەئاراسـتەی خزمـەتکردن بـە ئەجندەی ناسیونالیزمی کوردی ئەوا دواجار دەرفەتێکی سیاسی واتادار لەبەردەم تورکمان لەهەرێمی کوردستاندا نامێنێتەوە یاخود کاتێك لایەنە کوردیەکان جاروبار لەگەڵ بـەرەی تورکمـانی عێراقیـدا پێکدادەدەن ئەوا مەترسیەکانی تورکمان لەترسی ریشەکێشکردن زیاد دەکات.

دەمێکیش سەرانی کورد هەوڵ دەدەن بەفـەرمی ئـیعتراف بـە تورکمـان بکـەن لەرێگـەی بەشداریکردنیان لە دامـەزراوە خۆجێیـەکانی فەرمانڕەوایـدا ئـەوا تۆمـەتبار دەکـرێن بـەوەی کاردەکەن بۆ درزخستنە نێو یەکێتی تورکمـان و دڵدانـەوە ولایـەنگریکرتنی گروپێـك لەسـەر حسابی گروپێکی تر.

دیارە ئەودوژمنایەتیەش خراپتربوو کە تورکیـا دەسـتی وەردایـە نێـو کاروبـاری هـەرێمی کوردستانەوە. هەرچەندە تورکیا بەدوای هۆکـارێکی "رەوا"دا بـۆ دەسـتێوەردانی لـەکاروباری باکووری عێراقدا دەگەڕێت، بەڵام جگـە لـەهۆکارەکانی پشـت ئاسایشـی نەتەوەییـەوە ئـەوا نەهامەتی تورکمان پاساوێکی گونجاو بۆ ئەو دەستێوەردانەی دەستەبەردەکات.

تورکمان لەهەرێمی کوردستاندا

هەستی دوژمنایەتی نێوان کوردو تورکمان لەدەیەی نەوەدەکاندا گەیشتە ترۆپکێکی نوێ و مەترسیدار و مەترسیەکانی تورکمان بەدامەزراندنی هەرێمی کوردستان لەدوای کشانەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقی لەباکووری عێراق لەساڵی ١٩٩١ بەدیهات.

وەك گۆڕانکاریەکی نوێش کە لەماوەی شەوو رۆژێکدا روویدا، کورد مومارەسەی باڵادەستی خۆی لەسەر ئەو خاکەدا کرد، کە هێشتا تورکمان خۆیان بەخاوەنی شەرعی دەزانن.

بەنیگەرانیەوە تەماشاکردنی تورکمان لە ئەگەری وەرچەرخانی هەرێمی کوردستان لەقەوارەیەکی وەك دیفاکتۆوە بۆ قەوارەیەك لەسەر بناغەی یاسایی، بەبۆچوونی ئەوان کاردەکات بۆ ئەوەی شارەکانی "تورکمان ئیلی" بخاتە نێو سنوورەکانیەوە.

جوگرافیای سیاسی هەرێمی کوردستان تا ئاستێك تەرزی ئەو کێشانەی راڤەدەکرد کە بەدرێژای دەیەی نەوەدەکان روویدابوو.گەورەترین گردبوونەوەی تورکمان لەهەولێردا بوو، کە لەواقیعدا پایتەختی هەرێمە- ئەو شارەی کە زۆرجار تورکمان ئاماژە بەوە دەکات کە پێگە ئیداری و ئابووریە باڵاکان لەوشارەدا لەدەستیاندابووە، ئەگەر چی ئەوان دامەزرێنەری راستەقینەی نەبوون(ئاشووریەکان دامەزرێنەری شارەکەن).

لەوسۆنگەیەشەوە تورکمان بەشێوەیەکی بەرچاو دەچنە نێو ناکۆکییەوە، زۆرجاریش دەچنە کێشمەکێشەوە لەگەڵ هێزە دەسەڵاتدارەکانی شارەکەدا- لەپاش ساڵی ١٩٩٦ لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی. بەدرێژایی ئەو ماوەیەش کە لەدەیەی نەوەدەکان مابووەوە، تورکمانی هەولێر کەتبوونە نێو تەنگوچەڵەمی پەیوەندی گرانی سێکۆچکەیی- نێوان خۆیان و پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەنقەرەوە.

پەنگخواردنەوەی نێوان کورد و تورکمان بەدرێژایی دەیەی نەوەدەکان زیاتر بوو، کاتێك هەریەك لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان بەو پێیەی دوو هێزن و هەژموونی سیاسی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە، هەربۆیە لەدیدی تورکمانەوە هەوڵی پەراوێزخستنیان دەدەن و کلتووریان لە ناسنامەی باوی کوردستاندا لووش دەدەن.

لەروو بەڕوو بوونەوەی ئەو بارودۆخە نوێیەشدا، لە٢٤ی نیسانی ساڵی ١٩٩٥بەرەیەکی سیاسی نوێ دامەزرا، کە پارتە تورکمانیەکانی لەخۆگرتبووە- بەرەی تورکمانی عێراقی- بە پشتیوانی لەئەنقەرەوە کە لەتەقەلای ئەوەدابوو بەپێی توانا گوشاری توند بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

لەنێو بەرەی تورکمانیدا هەشت رێکخراوی عێراقی هــەن، ئەمــە جگــە لــەوەی نوێنــەرانی کۆمەڵە تورکمانیەکانی دەرەوەش بەئەندام قبوڵکراون[١].

پەیوەندی نێوان بەرەی تورکمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان پەیوەندیەکی نـائۆقرە بـوو، ئەو نائۆقرەییەش بەتێپەڕبوونی ساڵانی نەوەدەکان زیادیکرد.ئەو تورکمانانــەی پەیوەنـدیان بـە بەرەکەوە هەبوو گلەییان لەو گیچەڵ پێکردنانە دەکرد کە لەلایەن دەزگا ئەمنیە کوردیەکانــەوە دووچاری دەبوونەوە و زۆرجاریش ئەو پەنگخواردنەوانە شێوەیەی توندی وەردەگرت.

بۆنموونە لەئازاری سـاڵی ٢٠٠٠دا راپـۆرتی رێکخـراوی چـاودێریکردنی مافـەکانی مـرۆڤ دەڵێت، دەزگا ئەمنیەکانی سەر بـەپارتی دیمـوکراتی کوردسـتان پـەلاماری بارەگـای بـەرەی تورکمانی داوە لەهەولێر و ئەوەش بووەتە هۆی کوژرانی دوو کەس لەپاسەوانەکانی.

دوای ماوەیــەکی درێــژخایان لــە ململانێــی نێــوان هــەردولا و لەچوارچـێوەیەکی فـراوانتر لەپەیوەندی ئاڵۆزی نێوان پارتی دیموکراتی کوردسـتان و ئەنقــەرە و وەك بەرپەرچـدانەوەی ئــەو هەڕەشـــەیەی کـــە بـــەرەی تورکمـــانی دروســـتی کردبـــوو، پـــارتی دیمـــوکراتی کوردســـتان دەستپێشخەریکرد لە دروستکردنی رێکخراوی سیاسی تورکمانی پشتیوانکار لــە دامەزرانـدنی هەرێمی کوردستان و دروستکردنی دامەزراوەکانی.

هەڵبەت زۆرێکیش لەلایەنگرانی بەرەی تورکمانی لەسەر هــەقبوون کــە پێیــان وابــوو ئــەو هەنگاوە هەوڵدانێکە بۆ کڕینی بێدەنگی بەرهەڵستی تورکمان و لێکترترازاندنی پەیوەندیەکانی بەئەنقەرەوە.

لەتشرینی دووەمدا رابیتەی نیشتیمانی تورکمان دامەزرێنرا کە لە چوار پـارت لەهــەولێرو ناوچەکانی دەوروبەریدا چالاکیان هەبوو، پێکهێنرا و رابیتەکـەش هەڵوێسـتی پشـتیوانکردنی خـۆی بـۆ هــەرێمی کوردســتان لــەزاری جــەودەت نــەجار- ئەنــدامی کۆمەڵــەی رۆشــنبیری

---

١ - رێکخراوی بەرەی تورکمانی عێراقی حزبی نیشتمانی تورکمانی و بزوتنەوەی سەربەخۆخوازانی تورکمان و بزوتنەوەی تورکمانی عێراقی ودامەزراوەی تورکمان ئیلی بۆ هاریکاریو رۆشنبیری وحزبی دادوەری تورکمـانی و کۆمەڵەی برایەتی تورکمانی و یــەکێتی نیشـتمانی تورکمــان ئیلـی و کۆمەڵــەی رۆشــنبیرانی تورکمــان ئیلــی لەخۆگرتووە(ترکمن ئۆغلۆ Turkmenoglu هەمان سەرچاوە،١٧).

تورکمانیــەوە ڕاگەیانــد- " یــەکێتی ڕیزەکــانی تورکمــان بووەتــە واقیــع دەرئــەنجامی ئــەو دەستکەوتانەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستی هێناون"١.

پارتی دیموکراتی کوردستان کە پشتیوانی لەرابیتــەی نیشــتیمانی تورکمــانی دەکــات بــەو پێیەی دەنگــی ڕاســتەقینەی تورکمانــە، ئــەوا لەبەرامبــەردا بــەرەی تورکمــانی عێراقــی وەك بوکەڵەیەکی دروستکراوی دەستی سەرانی کورد تەماشای دەکات و پێیوایە ئــەو رابیتەیــە بــۆ یاریزانێکی سیاسی گرنگ گۆڕاوەو بوونیشی هەرچەندە لەهەولێردایەو ئەوەش بۆخــۆی مایــەی ناکۆکبوونە، بەڵام لەرووی کردەییەوە بووەتە هۆی لاوازکردنــی بانگەشــەی بــەرەی تورکمــانی بەوەی کە تەنیا نوێنەری دەنگی تورکمان بێت.

پوختە

گرفتــی تورکمــان لــە خســتنە رووی پرســەکەیاندایە، کــەخۆی لــەبارودۆخیان لەعێراقــدا دەبینێتەوە، بەهەلومەرجی ئێستاشەوە بەدەر لەوواقیعانەی لە پێشتردا هەبوون، بارودۆخێکە پەیوەستە بە بوونی گروپێك لەدانیشتوان لەسەر پانتاییەکی زەوی، بەڵام تاکەکانی ئەو گروپــە لەسەرجەم سەنتەرە شارنشینە گەورەکاندا کەمینە پێکــدەهێنن. تەنانــەت ئەگــەر ژمارەشــیان بگاتە نزیکە سێ ملیۆن کەس(کەئەوەش زۆر دوورە)، ئەوا دابەشبوونی جوگرافیایان وایکردوە ئاستەم بێت بەچەشنی کورد بەشێوەیەکی عەمەلی سەرچــاوەی مرۆیــی خۆیــان ئامــادەو گــرد بکەنەوە. دەرئەنجامی ئەوەش تورکمــان شکســتی هێنــاوە لــەوەی کــە بتوانێــت بەشــێوەیەکی ڕێکوپێك تیغی هەر هەڵبژاردنێك بکات کە ئەنجامدراون.

بێگومان تورکمان(بەتایبەتیش ئەوانەی پەیوەستن بە بەرەی تورکمانییەوە) هۆکارگەلێك بــۆ ئەوە پێشکەش دەکەن، لەوانەش مانۆڕە کوردیەکان، کە ئەگەر تۆقاندنی ڕاستەوخۆش نەبێت، بەڵام ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە دەنگی بەهێزی تورکمان لەهەندێك ناوەنــد و لەســاتەوەختە یەکلاکەرەوەکاندا بەڕوونی بەخامۆشی دەمێنێتەوە.

تێگەیشتن لە کێشمەکێش لەگەڵ کورد دا تەنیا لەمیانەی ئیعترافکردنی فەرمی دەبێت بــە پێگەی تورکمان لەنێو پێکهاتەکانی عێراقدا.

---

1 -Quoted in Radio Free Europe/ Radio Liberty."Iraq :Iraqi Turkmen From Coalition Organization."

ئەوەی مایەی تێبینیکردنیشە لەهەڵوێستی تورکمان بەگشتی تەرکیزکردنیانە لەسەر ئەو بارودۆخەی کە لەسەردەمی عوسمانیدا تیایدا بوون، تەنانەت لەمێژووی عێراقی نوێی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمیشدا.

لەکاتی گەڕانیش بەدوای هۆکاری دوژمنایەتی نێوان توێژیەکانی تورکمان و کورددا رەنگە جیاوازی چینایەتی لەپشت هۆکارەکانەوە بێت.

لەراستیدا لەدەستدانی پێگەی نایاب و بەرتەسکبوونەوەی نفوز لەلایەك و رق و کینەی چینایەتیش لەبەرامبەر دەوڵەمەندێتی پەیوەست بەوپێگەیەوە، لەلایەکی ترەوە پەیوەندی نێوان کوردو تورکمانی تا ئاستێك لەباربردووە کە رەنگە زۆرێك لەشێکاران وەك خۆی مافیان پێنەدابێت. جگە لەوەش ناکرێت کاریگەری کوشتارگەی ١٩٥٩ لەزۆر هەڵوێستی تورکمان بەرامبەر بە کورد بەهەند وەرنەگیرێت.

کوردیش لەلای خۆیەوە متمانە بەتەواوەتی متمانە بەو تاك و رێکخراوە تورکمانیانە ناکەن، کە داوای پشتیوانی یان دەستێوەردان لەکاروباری هەرێمی کوردستان لەتورکیا دەکەن.

لەگەڵ دژواری لە قبوڵکردنی هەندێك تێزی پەڕگیرانە لەدیدگای تورکمانەوە(لەوانەش ژمارەی دانیشتوان)و ئیشکالیەتی قبوڵکردن بەوەی کە ژمارەیان ئەوەندە زۆرە، تا لەتوانایاندا هەبێت تەحەددای کۆنترۆڵی کورد بکەن لەهەر ناوچەیەك لەناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا یان لەناوچە کێشە لەسەرەکاندا بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واقیعی حاڵ ئەوەیە، کە تورکمان پێکهاتەیەکی خاوەن دەنگی بەرزەو لەتوانایدا هەیە پاڵ بەتورکیاوە بنێت بۆ ئەوەی دەست لەکاروباری عێراق و کوردستان وەربدات.

رەنگە لەوەش گرنگتر ئەوەبێت ئەو پێکهاتەیە لەگەڵ مەسیحیەکاندا مەحەك بێت بۆ هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەسەڵات رۆیشتوو لەماوەی ساڵانی داهاتوودا، ئەویش وەك هێزێك بۆ مامەڵە کردنی لەگەڵ کەمینەکانی نێو سنووریدا - جا لەکەرکووك یان لەدەرەوەیدا بێت.

فەسڵی سێیەم

روانگەی کوردی، گەڕاندنەوەی "قودس"

ڕەنگە داواکردنەوەی کەرکووك لەلایەن کوردەوە هاوشێوەی دۆزی فەڵەستینی بێت لەتوانای بەرهەمهێنانی وتاری سیاسی گرنگ لەسەرتاپای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوڕاستدا.بگرە کاتێك تێکئاڵۆزکاوی جیۆ- سیاسی هەردو پرسەکە بەتەك یەکەوە دادەنرێن، ئەوا ڕەنگە گۆڕانکاریەکانی پەیوەست بە هەرێمی کوردستان و داهاتووی کەرکووك لەسەرو کاریگەری ئەگەری ئەو وەرچەرخانەوە بێت کە بەئەرێنی و نەرێنی لەخاکی فەڵەستینیدا روودەدات.

ئەو بەهانەگرتنەی کەئەو داواکاریە پشتی پێدەبەستێت، بەهانەگرتنێکی راستەوخۆیە و لەشێوەی ئاگادارکردنەوەیەکدایە بۆ ئەوانەی کەلەداهاتوودا بیر لەسیناریۆ ئەمنیەکان دەکەوەو چاوەڕوانی ئەوە دەکەن کە کورد واز لەداواکردنەوەی شارەکە دەهێنێت. یەکەم، ئەو بارودۆخە ژمارەیەکی زۆرو زەوەندی مرۆڤ دەگرێتەوە، چونکە ئایندەی هەرێمی کوردستان مایەی بایەخپێدانی نزیکەی پێنج ملیۆن مرۆڤ و دانیشتوانی گشتی عێراقە کە ژمارەیان لەنێوان ٢٤-٢٨ملیۆن کەسدایە.

هەروەها ئەوەی لەهەرێمی کوردستان روودەدات بەو دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی یاخود سەربەخۆییەی کە هەیەتی- کاریگەری راستەوخۆی لەسەر تەواوی دانیشتوانی کورد دەبێت،

جا لەتورکیا یان لەئێران و سوریاو قەوقازدابن یاخود تەنانەت لەشوێنەکانی دیکەی عێراقیشدا بن. خۆ ئەگەر ئەو گروپانەی دانیشتوان بەدیـدەبگیرێت، ئـەوا ئـەو ژمارەیـەی کـە دەکرێـت کاریگەربن دەگاتە ٢٥ ملیۆن کەسی تر.

جگە لەوەش سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی سیستمی سیاسی لەعێراقدا بەهەرشێوەیەك بێت بۆ جێکردنەوەی هەرێمی کوردستانێکی فراوانتر یاخود ئەوەی پەیوەندی پتەوتری بەبارودۆخەکـەوە هەیە، ئەوا سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی سیستمی دەوڵەتانی خۆرهەڵاتی ناوڕاست تا نیشتیمانی سەربەخۆی کوردییش بچێتە ریزیانەوە، کاریگەری ڕاستەوخۆی بۆ سەر تەواوی ناوچەکە دەبێت.

ئەمانە تەنیا ئەگەر نین، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بـە بـارودۆخی کـوردەوە هەیـە کـە لەئێستادا لەتورکیاو سوریاو عێراق و ئێراندا بووەتە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ.

لەئاهەنگەکانی نەورۆزی ساڵی ٢٠٠٨ لەدیاربەکرو لە ماردین لە تورکیا بەبەشداری زیـاتر لەیەك ملیۆن کەس بوو، کە ئەوەش ڕەوانەکردنی هێمایەك بوو بۆ ئەنقـەرە بـەوەی هەوڵـەکان بەمەبەستی قەدەغەکردنی ڕێکخراوە کوردیـەکان بـە (پـارتی کرێکـارانی کوردسـتان)یشـەوە دووچاری شکستێکی گەورە بووەتەوە.

خۆ ئەگەر ئەو ژمارەیە کاریگەری بۆ سەر هەڵوێسـتی دەزگـا ئەمنیـەکان نـەبێت، ئـەوا ڕاستیەك خۆی لەوەدا دەبینییەوە، کەزۆرێك لەخۆپیشاندەرەکان ڕەنگەکانی پـارتی کرێکـارانی کوردستانی قەدەغەکراویان پۆشیبوو، کە بەدڵنیاییەوە ئەوەش پشتگوێ ناخرێت.

لەئێرانیش هێشتا پەنگخواردنەوەی ئیتنۆ_سیاسی لەشارو شارۆچکە کوردنشـینەکانی کـە رابـوونی بزوتنـەوەی ناسـیونالیزمی کـوردی بـەخۆوە دەبینێـت تونـدە لەبەرەنگاریبوونـەوەی دامەزراوەئایینیەکان و هەژموونی فارسو ئازەرەکانی سەربەوان.

لەسوریاش ڕۆژگارێکی زۆرە هەریەك لەشـارەکانی قامیشـلۆو ئـافرین سـەنتەری چـالاکی نەتەوەیی کوردە- بۆیە هەردو شارەکەش جێی بایەخی دەزگا ئەمنیەکانی سـوریان لەکاتێکـدا شارو شارۆچکەکانی دی لەنێویشیاندا حەلەب و دیمەشق کەوتوونەتە ژێر کاریگـەری داواکـاری زۆری دانپێدانان بەو ژمارە گەورەیەی کورد کە لەو شارانەدا نیشتەجێ بوون[1].

---

[1] بڕوانە

Lowe, R.2006. The Syrian Kurds: A People Discovered . Chatham House Briefing Paper (January): London: Chatham House.

پاشان بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی بووەتە خاوەنی رەهەندێکی نێو دەوڵەتی و لەنێو کوردیشدا بزوتنەوەکە لەهەرەتی نوێبوونەوەدایە، ئەمە جگە لە ئاسانی لەپەیوەنیگرتنی نێوانیان و برەودان بەو پەیوەندییانە لەرێگەی هێزی جیهانگیرییەوە.دیسان لەئێستادا کورد لەدیدو ئیماندا یەکانگیرن لەوەی قوربانی ئەو زوڵمانەن کە لەسەدەی بیستەمدا دەرهەقیان کراوە.

هەرلەوسۆنگەیەشەوە لەهەنووکەدا بەبایەخەوە لەوگۆرانکاریانە دەڕوانن کە گەورەترین سیمبولی پرۆژەی نەتەوەیی کوردە- هەرێمی کوردستان و خەباتی بەردەوامی، ئەویش نەك هەر لەپێناو مانەوەدا بەڵکو لەپێناو پتەوکردنی پێگەی خۆی و تەحەددیکردنی عێراق و تورکیاو ئێران و سوریا و زۆرێکیش لەکورد پێیان وایە ئەوە ململانێی بوونە.

لەبەرئەوە هەرێمی کوردستان بووەتە سەنتەری کورد لەجیهاندا.سەبارەت بەم گەلە کە بەرۆژو سەعات، هەستی نەتەوایەتی لەبرەودانداپە- پرسی گرنگی ئەوەیە کە چۆن هەرێمی کوردستان لەشەڕی دامەزراندنی نیشتیمانی کورد دەرباز دەکات تا هێزە دراوسێکان نەیپلیشێننەوە یان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وازیلێبێنێت سیس بێت و بپوکێتەوە، لەکاتێکدا هێشتاچارەنووسی کۆماری مهاباد کە زیاتر لەنێو سەدەیە لەیادەری میللی کورددا بەزیندوێتی ماوەتەوەو بەچەشنی ئاگادارکردنەوەی سەرانی کوردە لەدوژمنایەتی هاوسێکان لەدروستکردنی نیشتیمانی کوردی و ئالوگۆڕی بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان، ئەمە جگە لەو غەدرەی لەسەردەمێکی نوێتردا لێیکراوە.١

دیدی لۆژیك بۆ بارودۆخەکە، لەگەڵ تێگەیشتنی روون لە مێژووی سیاسی نزیك، دەردەکەوێت کە گەڕاندنەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێم پێویست نییە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتیش کە هەرێم بەبەشێك لەعێراقی فیدراڵی بمێنێتەوە.

دیارە کەرکووك تەنیا بۆ چەند رۆژێك نەبێت، کە لەساڵی ١٩٩١دا هێزی پێشمەرگە کۆنترۆڵی کرد، بەرەسمی بەشێك نەبووە لەهەرێمی کوردستان. بەڵام هەستی نەتەوایەتی (لەم بارەدا هەستی کوردو هەروەها نەیارانی کوردستان)یش دینامیکی ئەوە پێکدەهێنێت، کە لەتوانایدا هەبێت سەرجەم لۆژیکەکان ئاوەژوو بکات.

---

١ - بڕوانە

Eagleton, W .1963. The Kurdish Republic of Mahabad.London: Oxford University Press.

زۆر بەسادەیی کەرکووك و هەموو ئەوانەش کەلەکەرکووکدا بەچەشنی سیمبولن، لەروانگەی کوردەوە و لەپێگەی ئەو کەسانەشەوە کە پێویستە کورد لەئێستاو داهاتوودا مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، گرنگ و یەکلاکەرەوەن لەم سیناریۆیانەدا. داهاتووی کەرکووك بەو پێیەی سەنتەری ئابوورییەو لەوەشگرنگتر کە رەمزی سەروەری کوردە لەناوچەکەدا، ئەوا لەپرۆژەی ناسیونالیزمی کوردیدا کە هەوڵی زامکردنی بوونی"کوردستان" وەك واقیعێکی سیاسی و گوزراشتێکی جوگرافیایی دەدات، کەرکووك ترۆپکە.

پرسی ئایندەی کوردو بوونی کوردستان یەکێکە لەو پرسەچارەنووسسازە نەتەوەییانەی، کە لەسەدە بیست و یەکدا پێویستی بەچارەسەر هەیە.

هەڵکشانی ناسیونالیزمی کوردی

زۆرێك لەبارەی رەچەڵەکی کوردەوە نووسراوە، بەڵام ئەوانەی نووسراون پارادۆکسن، چونکە لەلایەك شێکاری گەلێك هەن کە بەدوای بنەچەی دێرینی کورددا دەگەڕێن کە بۆ ئیمپراتۆریەتی میدەکان و بگرە بەر لە حسی و خۆرییەکان دەگەڕێتەوە. لەلایەکی تریشەوە کەسانێك هەن بەوجۆرە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد دەکەن کە بریتین لە گردبوونەوەیەکی مرۆیی ناهاوچەشنی لەدانیشتوانی چیاکان و بەتێپەڕبوونی رۆژگارو سەدەکان بوونەتە خاوەنی یەك مومارەسەو کەلتوورو رۆشنبیری یاخود وەك یەکیان لێهاتووەو بەچەند شێوەزارێك یان زمانێك دەدوێن، کە لەچوارچێوەی گروپەلاوەکییە دیاریکراوەکانی سەر بە خێزانی هیندوئەوروپایی پۆلێن دەکرێن. پاشان ئەوەی کە هاوبەشە لەنێوانیاندا جگە لە پەراوێزێك لەوەی کە لەگەڵ گەلانی دەوروبەریاندا کۆیان دەکاتەوە چیتر نییە.

دیارە بۆچوونی دووەمیان زیاتر لەنێوئەکادیمیستە خۆرئاواییەکاندا بڵاوە، بەجۆرێك چەمکی ناسنامە دارێژراوەکان لەپێشترو پەسەندکراوترە لەنێوەندی سۆسیۆلۆجستەکاندا.

هەرچی پەیوەستیشە بەکورد و گەشەی درەنگ وەختی نەتەوەیی و فرە شێوەزار (یان تەنانەت زمانەکانیشیان کە بەبۆچوونی ئەوانەی لەمشتومڕدان، دژی یەکانگیری پرۆژەی ناسیونالیزمی کوردییە) و دینامیکی سیاسەتی دابەشبووی نوێیان، ئەوا زۆر جار ئەو بیرۆکەیەی کە باس لەبوونی کورد دەکات وەك گەل و نەتەوەیەکی تایبەت- ئەمە سەرباری ئەوەی سەر بەو گەلانەن کە بەر لەهەزاران ساڵ لەناوچەکەدا ژیاون- رەتدەکرێتەوە ئەویش بەو پێیەی تێڕامانێکە لەلای ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بەسەرەتاکان هەیە.

چـەمکە نوێیـەکان، کـە لـەپێکهێنانی ناسـنامەدا لـە ئیعتیبـارە ئیتنیکیـەکان دوور دەکەونەوەو باس لەتوانای پەیوەندیەکانی بەر لە پیشەسازی دەکەن لە سەرهەڵدانی بزوتنـەوەی ناسیونالیستیەکانی سەدەی بیستەمدا، کەرەنگە ئەمە لەچەند روویەکەوە باوەڕپێهێنـەر بێـت بەڵام ناتوانێت راڤەیەکی تەواو بۆ ئەو جیاوازیانـەی، کەهەیـە لـەنێوان کـوردو هاوسـێکانیدا پێشکەش بکات.

چـونکە کۆمـەڵگەوکـەلتووری کـوردی- بگـرە تەنانـەت دینامیکـە سیاسیەکانیشـیان دەرهاویشـتەی ژینگـەی شـاخاوی کـوردە، بـەو تەحەددییانـەش کـە بـەرزی و نزمـی زەوی سەپاندوونی و ئەو ریتمەی ژیانیش کە لەناوچە بـەرزەکان هەیـەو کاریگـەری لەسـەر گەشـەو کارلێکردنە ناوخۆیەکان کردووە.

هەڵبەت بەحوکمی ئەوەی ژیانیش لە سروشتێکی دژواردا هەربەتەنیا گـران نییـە، بـەڵکو سروشتیش ئاستەنگ دروست دەکات لەبەردەم بەیەکگەیشتن و مامەڵەکردنی خەڵکەکەدا.

هاوکات ستراکچەری سروشتیی رێکخراوی سیاسی و کۆمەڵایـەتی کـوردی ستراکچـەرێکی خۆماڵی و هۆزگـەرایی ریشـەداکوتراوە و بـەپێی چـەمکە سـنووریە هەرێمایەتیـەکان و ئـەو وابەستەییەی کە پەیوەندی خزمایەتی دیاری دەکات دروستبووە١.

دیسان ئەو لایەنانەش لەژێر حەتمیەتی جوگرافیایدا کاریگەرییان بۆ سەر چالاکی ئابووری و ئینتیمای ئایینی و گەشەی سیاسی هەبووە، بەڵام کورد بە گۆشەگیری مایەوە، ئـەویش نـەك هەربەتـەنیا لەگـەڵ گـەلانی تـردا بـەڵکو تەنانـەت لـە نێـوان خۆشـیاندا، ئەمـە سـەرباری بەردەوامبوونی زمانی کوردی بەشێوەزارە جۆربەجۆرە ناوخۆییەکان و دیسـان کـەمێك درەنـگ کەوتن لە دروستبوونی هۆشیاریەکی نەتەوایەتی یەکانگیر لەنێوانیاندا.

گێڕانـەوەی مێـژوویی کـورد لـەبارەی کەرکوکـەوە وردبینیەکـەی چـەندە بێـت یـاخود لەبەرامبەریشدا وێناکردنی تورکمان و عەرەبیش جۆراو جۆربێت- ئەوا ئاشـکرایە کـە لـەنێو نێوەندی دەستەبژێری رۆشنبیری کورد و سەرکردە سیاسیەکان و جەماوەریشـیان بەگشـتی کـە تینووی مەعریفەن، باوەڕوایە کە کەرکووك لەدێر زەمانەوە شارێکی کوردی بـوەو ناسـنامەی کوردبوونیش لەبەرامبەر ئەو نەهامەتی و تەنگوچەڵەمانەی رووداوەکان بەسەریاندا سـەپاندووە خۆراگربووە، لەوانەش ململانێی عوسمانی و سەفەویەکان، کۆچی تورکمان و پەلاماری مەغۆل

1 -Bruinessen,M. van.1992.Agha,Shaikh and State:The Social and Politial Organization of Kurdstan London: ZedBooks:51

و سەرهەڵدانی ئیسلام یان ئەو ڕووداوانەی کە تیایدا میرنشینە کوردیەکان بەسەر ستەمی ژیارو ئیمپراتۆریەتەکاندا سەرکەوتوون.

خۆ ئەگەر ئەو ڕووداوانە وەك ئەوەی باسی لێوە دەکرێن ڕوویان دابێت یان ڕوویان نەدابێت، ئەوا هێندەی ئەوراستەیە گرنگ نییە کە ملیۆنان مرۆڤ باوەڕیان بەوەیە کە بەڵی بە کردەکی ڕوویانداوە.

کەوابوو مەسەلەکە لەوەدانییە کە تیۆرەسازە هاوچەرخەکان دەیلێن لەبارەی دروستبوونی نەتەوەو ناسنامە لەغیابی هاوچەشنی کورد یاخود بێ بنەمابوونی فیکری بۆ چەمکەکانی ڕەچەڵەکی بەرایی و تایبەتمەندی نەتەوەیی، کەرەنگە ئەوەی ئەوان بۆی دەچن دروست بێت بەڵام بیرورای ئەوان لەمومارەسەکرنی لەسەر ئەو بارودۆخەی کە لەکوردستان و کەرکووکی ئەمڕۆدا هەیە بێ واتایە، گرنگ ئەوەیە خودی کورد چۆن لەخۆیان و مێژوو و نەتەوەو داهاتوویان دەنۆڕن.

هەرێمی کوردستان

پێویستە لەروانگەی مێژووی و جوگرافیایی فراوانترەوە لە داهاتووی کەرکوكو هەڵوێستی کورد لەبارەیەوە بڕوانین. ئەوەی لەعێراقی ئەمڕۆدا ڕوودەدات لەلای کورد زیاتر نییە لەوەی کەدەبوو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا ڕووبدات- کاتێك عێراق لەسەروبەندی دروستکردندا بوو کوردی خستە نێو سنووری خۆیە.

سەبارەت بەکوردی عێراق، تراژیدیایان لەدەمجکردنیاندایە بەدەوڵەتێك کە وتارێکی ناسیونالیزمی حوکمی دەکات و خاوەنەکەشی گەلێکی ترە کە ئەویش عەرەبە، لەکاتێکدا کورد لەناوچەیەکدان کە گرنگ و یەکلاکەرەوەیە لە برەودان بەدەوڵەت لەرێگەی ئەو سامانە سروشتیەی کە هەیەتی جا بوونی ئاو یان نەوت بێت.

کورد پێیوایە کە دەبوو سەربەخۆیی بەدەست بهێنن تا لەگەڵ بارودۆخیان وەك نەتەوەیەك کە لەهەرێمێکی دیاریکراودا دەژین بگونجێت١.هەروەها کورد ناڕازییە لەوەی بەزۆرو زاڵمانە بەعێراقەوە دەمجکراون.

---

١ - لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی بەشێوەیەکی خراپ یەکێتیی کورد لەبەریەکهەڵوەشایەوە و بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردیش لەو ئاستەدا نەبووکە بتوانێت پرسی نەتەوەیی بەشێوازێك پێشنیاز بکات کە ببێتە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی. جگە لەوەش تا ئیستا ئاستەمە بتوانرێت سنووری جوگرافیای کوردستان دیاری بکرێت .

سەرباری ئـەوەی کـورد لەچوارچـێوەی دەوڵـەتی عێراقـی و لەوەتـەی دامـەزراوە گوزارشـتیان لەناڕازیی خۆیان کردووە، بەڵام ئەو هەمووارکردن وگۆڕانکاریەی لەئێستادا بەسەر سنووری ناوخۆیـدا دێت چالاکیەکی کەمێك نوێیە و لەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سـەرکەوتنانەی کـە کـورد لـەکاتی هەڵگرتنی چەك لەدژی حکومەتەکانی عێراق لەشەستەکانی سەدەی رابردووەوە بەدەستی هێناون.

پاش ئەوەی سەرچاوەی بێزاری بوون بـۆ دەوڵـەت و بـەر لەشەسـتەکانیش لـە پانتاییـەکی خۆجێیدا قەتیس ببوون، بەڵام لەساڵی ١٩٦١دا پەرەسەندنی بزوتنەوەی کوردایەتی بووە هـۆی جاڕدانی شۆڕشی ئاشکرا و ساڵانی دواتریش لەودەیەیەدا هێزی پێشمەرگەکۆنترۆڵی پانتایـەکی فراوانی خاکی کرد.

بۆیەکـەم جـاریش لەسـاڵی ١٩٧٠دا لـەوتاری رەسمـی دەوڵـەتی عێراقـدا نـاوی هـەرێمی کوردستان هێنرا، کاتێك حکومەتی عێراقی هەوڵیدا ئاشتی لەگەڵ مەلامسـتەفای بـارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان فەراهەم بکات و پاشان لەهـەمان سـاڵدا بەیاننامـەی ئـازای واژۆ کرد، کە تیایدا بەرەسمی ئیعتراف بە بوونی ناوچەی کوردی و خاوەن مافی ئۆتۆنۆمی کراوە.

ئەوەبوو ئەو ناوچـەیە لـە سـاڵی ١٩٧٥ بـە عەمـەلی هەرەسـیهێنا، دوای ئـەوەی ئێـران پشتیوانیکردنی بۆ کورد راگرت، بەڵام سەرلەنوێ لەنێو ئەو پشێویەی بەهۆی شکستی عێـراق لە کوەیت سەریهەڵدابوو، ناوچەکە زیندوو بوەوەو پاشانیش راپەڕینەکان بوونە مایەی هەڕەشـە بۆ سەر رژێمی بەعس.

ئەو راپەڕینەی کە لەباشـووری عێـراق سـەریهەڵدا، باکووریشـی گرتـەوە- راپەڕینەکـە لەسەرەتادا رەمەکی بوو بەڵام دواجار لەماوەی دەیەی نـەوەدەکان لـە بـاکووردا جیابوونـەوەی (هەرێمی کوردستان)ی وەك دیفاکتۆیەك لێکەوتەوە.

بە دەربڕینێکی وردتر، خودی سەددام سنووری هەرێمی کوردستانی دیاری کـرد، کاتێـك فەرمانیدا بەکشانەوەی فەرمانبەرانی دەوڵـەت لەناوچـەکەدا بـەر لـەوەی گـەمارۆی ئـابووری بەسەردا بسەپێنێت.

لەقۆناغی یەکەمدا کە لەبنەڕەتدا مەلا مستەفا بارزانی رابەرایەتی لایەنی کوردی دەکرد- بەڵێنیدا دەستکەوتێکی زۆر بەدەستبهێنێت بەڵام دواجار لەسەر پەیژەی کـەرکوك گیرێخـوارد، پاش ئەوەی روون بـوەوە، کـەرژێمی بـەعس بـەلێنی خـۆی جێبـەجێ ناکـات سـەبارەت بـە وتووێژکردن لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان.

بەڵام قۆناغی دووەم لەبەدیهێنانی بڕێکی گەورەتر لە مافی ئۆتۆنۆمی، کە پێشتر کورد ئەوەی بەخۆوە نەدیبوو، سەرکەتوو بوو، بەڵام کەرکووك وەك خەونێکی بەدینەهاتوو مایەوە- نەخراوەتە سەرناوچەکەو لەگەڵ بەردەوامی لەبەکارهێنانیدا بەڵگەیە لەسەر تراژیدیای کوردو وروژاندنی هەستی هاوکاری نەتەوایەتی.

لەساڵی ۱۹۹۱ بەدامەزراندنی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرلەنوێ نەخشەی خۆرهەڵاتی ناوڕاست بەپراکتیکی کێشرایەوە، لەکاتێکدا هەرێم وەك قەرەیەکی دیفاکتۆ لەئارادا بوو، کەبگرە لە دەیەی یەکەمی ژیانیدا قەوارەیەکی نایاسای و نیمچە سەربەخۆش بوو، بەدەست ململانێی ناوخۆییەوە گیریخواردبوو. لەکاتێکدا دەستەبژێری سیاسی لەپێناو گەیشتن بە ئاستی راستییە ناوخۆی و هەرێمایەتیەکان لەهەولڵداندابوون، هەرێمی کوردستان لەبەرایییەکانیدا بەنائۆقرەیی بەئاراستەی هەڵوەشانەوەو گەڕانەوەی بۆ نێو بازنەی دەسەڵاتی ناوەندی عێراقی دەچوو[1].

هەروەها لەسایەی سزا نێو دەوڵەتیەکان و گەمارۆی ناوخۆیی کە رژێمی بەعس سەپاندبوونی، هەلومەرجی ئابووری لە یەکەمی دەیەی نەوەدەکاندا زۆر خراپبوو، بەڵام پێگەو ئاستی هەرێمی کوردستان لەساڵی ۱۹۹٦ گۆرانکاری بەسەردا هات.

ئەوەبوو لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆگرامی نەوت بەخۆراکی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان، کۆبۆنی خۆراك و یارمەتی پزیشکی گران بەهابەچەشنی ناوچەکانی تری عێراق روویان لەهەرێمی کوردستان کرد.بەڵام ئەو پرۆگرامە بەواتای سیاسی پڕ بایەختر بوو چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکانی ناچار کرد بەلانی کەمەوە دان بەو واقیعەدا بنێن کە لەباکووری عێراق روودەدات.

ئەوەش لەکاتێکدابوو هەریەك لە نەتەوە یەکگرووەکان و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەرووی یاساییەوە نەیانتوانی مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دیفاکتۆی کوردیدا بکەن(هێشتا بەغداد بەرپرسیاری فەرمی بوو)، بەڵام نوێنەرانیان لەسەر زەوی جگە لە کارکردن لەگەڵ هاوشانەکانیان لەهەرێم رێگەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو.

---

۱ - بڕوانە

Stansfield, G. Iraqi Kurdistan: Political Development and Emergent Democracy London:Routled Cuzon.

ئەوەبوو ئۆفیسی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بـەخێرایی و چـالاکانە بوونـە خـاوەنی فۆرمێکی دامەزراوەیی و گەلی ناوچەکەش بەپەرۆشەوە بیریان لە داهاتوو دەکردەوە، کە رەنگە تیایدا بڕیار لەچارەنووسیان بدرێت.

لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٧ و بەدواشـەوە، سـەرانی کـورد بەمتمانەیـەکی زۆرەوە لەهـەوڵی رێکخستنی کاروباری هەرێمی کوردستاندا بوون و هەوڵەکانیشیان بووە مایـەی ئیعترافکردنـی رەسمی بەهەرێمی کوردستان لەدەستووری عێراقدا، کە لەساڵی ٢٠٠٥ بڕیاری لەسەردرا.

بەڵام بەپێی ئەو دەستوورە تەنیا چوار بۆ پێنجی کورد لەنێو چوارچێوەی سنووری هـەرێمی کوردستاندایە، بۆیە ئـەوەش زەمینـە سـازی بـۆ کێشـمەکێش خۆشـکرد، کاتێـك ئـارەزووی سەربەخۆبوونی کوردی(هەرچەندە بەشێوەیەکی رێژەیی سەربەخۆیە لەنێو سنووری عێراقدا) بەر ئارەزووی ناسیونالیزمی عەرەبی کەوت، کە ترسی لەئەگەری خواستی سەربەخۆبوونی کوردیو مەترسی بۆ سەر یەدەگی نەوتی هەیـە لەهـەر ململانێیـەکی هەرێمیـدا.لەبـەر ئـەوە زۆرێـك لەشێکاران پێیان وایە بارودۆخی عێراق لەپاش سـاڵی ٢٠٠٣، (بـەرمیلێکی تەقەمـەنی) یـە ئـــەویش بـــەهۆی فراوانبـــوونی کێشمەکێشـــی ناســـیونالیزمی و فشـــار خســـتنە ســـەر سەرچاوەکان(الموارد) و دەستێوەردانی هەرێمی لەو کەشە بارگاویـەی شـاری کـەرکووك تیایـدا دەژی١. بەڵام راستیەکیش هەیە کە ئەوەیە_ ئەو بارودۆخـەی کـە پەنگخواردنەوەیـەکی تونـد باڵی بەسەردا کێشاوە- دانەچووە بەرەو دیمەنی کارەساتبار وەك ئەوەی وێنای بۆ دەکرێت.

لەراستیشدا ئەوە پێویستی بە هەڵوەستەکردن و تەرکیز خستنە سەر ئەو بڕیارانە هەیە کـە سەرکردایەتی کوردی دەیدات، جا لەهەوڵی چارەسەریدا بێت لەرێگەی دروسـتکردنی دیفـاکتۆ لەکەرکووك و داگیرکردنی لەدەرەوەی دەستوو یاخود دۆزینەوەی چارەسـەری یاسـایی لەرێگـەی گەیشتن بەتەوافوق لەبەغدادو پاشان کـارکردن بـۆ بەشـداریکردنی کۆمەڵگـەی نێـو دەوڵـەتی بەنوێنەرایەتی نەتەوەیەکگرتووەکان.

لەدیدگای کوردەوە هیواو پێشبینیی واقیعییـان لەوەدایـە، کـەرکووك و ناوچـەکانی تـری کێشە لەسەر لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا یەکبگرێتەوە، پاشان شەرعیەتدان بە سنووری نـوێی لەچوارچێوەی دەستوورو یاساکانی دەوڵەتی عێراقی.

---

١ - بۆ ئاشنا بوون بەو شیکارییەی باس لەوە دەکات کە کەرکوك بەرمیلێك تەقەمەنییە یان نا بڕوانە:
O'leary, B.2005." Nationalities, Oil and Lank: Kirkuk and the Kirkuk and the Disputed territories." In Stansfield , G.,and Lowe,R.,(eds)The Kurdish Policy Imperative. London Chamtham House.

هەروەها کورد وایدەبینن ئەوە مافی خۆیانە پاش ئەو میراتە مێژووییەی بەهۆی داگیرکاری و سوکایەتیپێکردنەوە لەسەر دەستی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سەدەی بیستەم گیرۆدەی ببوون١.دیارە هیچ شتێك لەو خواستەدا نویٚ نییە لەراستیدا زۆرینەی ناسیونالیتی کوردیش پێیان وایە هەڵوێستی کوردی بەوجۆرەیە کە خەباتیان لەو پێناو ئەو مافەدا لەدوای هەرەسی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە بەردەوام بووە و ئەوەش لەودوور و نزیك پەیوەندی راستەوخۆی بە سامانی نەوتی پارێزگای کەرکووکەوە نەبووە.

بگرە کەرکووك ناوچە کێشە لەسەرەکانی دیکەش، لەوانە شەنگال، مەخمور، حەمدانیە، خانەقین و بەلەدروز- کە گردبوونەوەی گەورەی دانیشتوانی کوردی تێدایە بەشێکی جیا نەکراوەن لەپرسی گەورەی کورد لەعێراقدا. بەڵام کەرکووك بەسروشتی حاڵ لەزۆر روەوە جیاوازترە لەناوچە کێشە لەسەرەکانی تری نێوان حکومەتی هەریمی کوردستان و حکومەتی عێراقی و بەداخیشەوە زۆر بەسادەیی ئەو کاریگەرییەی کە بوونی نەوت لەپشت ئەنگێزەکانی لایەنە ناکۆکەکانەوە مومارەسەی دەکات فەرامۆشکراوە.

لەکاتێکدا شەنگال_کە هەڵکەتووی نێو پارێزگای نەینەوایە- و لەرووی جوگرافیاشەوە دوورە لە سەنتەرەگەورەکانی دانیشتوانی کوردەوە، بەڵام رەنگە دەڤەرێکی خاوەن رەهەندی سۆزدارانە بێت لەداواکاری کوردا، لەوەش گرنگتر لەرابردوودا نەببوە جێی کێشەکەکێشی گەورە(لەبەر ئەوەی کورد لە بارێکی وەهادا نەبوو بیپەرژێتە سەر ئەوەی لەسەر ئەو ناوچە دوورەی هەڵکەوتووی خۆرئاوا، بکەوێتە ململانێوە)، کە خاوەنی سەرچاوەی سروشتیش نییە.

دیارە حەمدانیەش بەهەمان شێوەیە- کە ناوچەیەکی ترەو دەکەوێتە پارێزگای نەینەواوە- کە زۆربەری دانیشتوانەکەی کلد و ئاشوورین ئەو ناوچەیەش لە هەرسەرچاوەیەکی سروشتی بێبەشە.

لەلایەکی ترەوە، ناکرێت کەرکووك بەهەمان شێوە باسی لێوە بکرێت، چونکە شارەکەو پارێزگاکە لەسەر یەکێك لەکێڵگە زەبەلاحەکانی نەوت لەعێراقدا دانیشتوەو ئەوەش جێی بایەخی ئەوانەیە کە دەیانەوێت لەچنگی کورد بەدوور بیگرن، جا هەر لەو ژمارە زۆرەی

---

١ - یەکێك لە شەقڵە باوەکانی نێو نووسینە سیاسییە کوردییەکان ئەوەیە ،کوردستان لە کۆتایی جەنگی یەکەی جیهانییەوە بەداگیرکراو دادەنرێت.

دانیشتوانی غەیرە کورد تا ئەو لایەنانەی کە حکومەتی عێراقیان پێکهێناوەو تا دەگاتە هێـزە هەرێمایەتیەکان لەپێش هەمووشیانەوە تورکیا.

دیارە کورد نکۆڵی لەوە ناکات نەوت لەو هۆکارانەیە کە لەپشت پەیوەستبوونی دەستەبژێرە جیاجیاکانە بەکەرکووکەوە.هەروەها کورد دەڵێت دەیانەوێت دڵنیا بن لـەوەی سـامانی نـەوتی بەفیڕۆ ناچێت و ئەوەی بەکاریشی دەهێنێـت دەبێـت بەکارهێنانەکـەی لەبەرژەوەنـدی گشـتی عێراقیەکاندا بێت. بەڵام ئەوانەی گومانیان هەیە ناتوانن ئەو توانایـەی کـە کـورد لـە دەسـت بەسەراگرتنی پیشەسازی نەوت بەدەستی دەهێنن فەرامۆش بکەن لەوەی کاریگەری بکەنە سەر رەوتی رووداوەکانی ئێستا و بەرزکردنەوەی داواکاریەکانی تریان لەداهاتوودا.

لەدیدی کوردەوە بارودۆخەکە تەنیا لەبوونی هایدرۆکاربۆندا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو لـەوە زیاترە و پێویستە مرۆڤ دوورتر لەپرسی نەوت بڕوانێت.چونکە کەرکووك لە زهنی گشتی کوردا رەمزێکی مەزنە.

هەروەها کەرکووك بەدرێژایی نیوسـەدە زیـاتر ئەگـەر کـەمتر نـەبێت کۆڵەکـەی خواسـتی ناسیونالیزمی کوردی بووە لەعێراقدا و لەلای کورد مەغزای خۆی هەیەو بەلایانەوە بەچەشـنی "قودس" ەیان لەزۆرکاتدا "دڵ"ی کوردستانە.

بەڵام داخۆ بۆچی کەرکووك ئەو پێگەیـەی لـە زهنـی کـورددا هەیـە ئـەوا ئـەو پرسـیارە لەجێگەی خۆیدایە. ئایا هۆکارەکە نەوتە؟ زۆرێکی کورد لەشەقام و لەسەر ئاستی سەرکردایەت سیاسیشدا چاویان لە سامانی نەوتی کەرکووك بڕیوە، بەڵام مەسەلەکە پێویستی بە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیری جیۆ- سیاسی نییە بۆ ئەوەی کە روون بێت، نەوتی کەرکووك هیچ بەهایەکی نابێت گەر توانای گەیاندنی بەبازاڕ نەبێت، کوردستانیش بەو پێیەی ناوچەیەکەو دەرچەی ئاویی نییە ئەوا هەمیشە بارمتەی دەست و ویستی هێزەکانی دەوروبەریەتی.

پاڵنەری سەرەکی پشت داواکردنی کەرکووك لەلایـەن کـوردەوە، دەلالـەتی رەمـزی قـوڵی لەلای بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی لەعێراق هەیە.

جا لەبەرئەوەی کەرکووك یەکێکە لەسـەنتەرەگەورەکانی دانیشـتوانی کـوردو بۆجـارێکیش لەلایەن کوردەوە نەکەوتوەتە دەستیەوە (جگـە لـەو چـەند رۆژە نـەبێت کـە پشـێوی و ئـاژاوە سەرتاسەری عێراقی گرتبووەوە) ئەوا پێگەی کەرکووك خەریکە لەلای کـورد دەبێتـە ئەفسـانەو هەروەها دەشبێتە بەڵگەی کۆتایی سەرکەتنی هەوڵەکانیان لەپێناو مافی ئۆتۆنۆمی راستەقینە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا.

پوخته

تێگەیشتن لە هەڵوێستی کوردی لەبەرامبەر کەرکووك ئاسانەو رووبەروو بوونەوەشی گرانە. بەجۆرێك کورد باوەڕی بە مافی مێژوویی نەگۆڕی خۆی هەیە و پێشیانوایە ئەو داوکاریەی سەبارەت بەکەرکووك و پارێزگاکە بەرزی دەکەنەوە داوایەکی رەواو عادیلانەیە و بوونی تورکمان و عەرەب و ئاشووریش لە کەرکووکدا بوونێکی رەوایە بەلاّم تۆماری مێژوویی دەریدەخات کە گومان لە ئەوە ناکرێت کەرکووك بەکوردی دەمێنێتەوە.

خۆ ئەگەر دەفتەری تۆمارەکانیش ئەوە دەرنەخەن ئەوا هۆکارێکی زۆرهەن، کە بەشێوەیەکی شێلگیرانە وەرنەگیراون، لەوانەش هەوڵی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بۆ گۆڕینی دەفتەری تۆمارەکان(سجل) یاخود گوشارێکی بەرنامەبۆ دارێژراو لەسەر دانیشتوانی کەرکووك بۆ ئەوەی خۆیان بەعەرەب تۆمار بکەن نەك بە کورد.

رەگەزی دووەم، کەرەنگە پەیوەندیەکی زیاتری بەبابەتەکەوەهەبێت، ئەو زوڵمە ئابرووبەرانەیەیە کە حکومەتەکانی عێراق ئەنجامیان داوەو هەروەها ئەو بێدەنگیەش کە کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەبەرامبەر دیدی کورد لە داواکردنەوەی کەرکووکدا هەیبووە.بۆیە کورد لەوبڕوایەدایە گەڕانەوەیان بۆ کەرکووك و خستنەوەی شارەکەو پارێزگاکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەر بەتەنیا لەگەڵ مێژووی ناوچەکەدا هارمۆنیا نابێت بەڵکو تەنیا رێگەی رەواو ئەخلاقیشە.

فەسڵی چوارەم

جێبەجێکردنی ڕێسا کلاسیکییەکان

ڕوانگەی عەرەب سەبارەت بەبارودۆخی کەرکووك لە چەند ڕوویەکەوە زۆر بەتوندی ڕوو بەڕووی زەمکردن بوەتەوە، بەجۆرێك لەئێستادا هەر بەتەنیا لەعەرەب ناڕوانرێت وەك ئەوەی هێزێکی بەرپرسن لە تەعریبکردن، بەڵکو هێشتا لەزۆرکاتدا بەبۆچوونی لایەنە ناکۆکوکان لەسەر داهاتووی شارەکە، عەرەب بەسوودمەندی سیاسەتی تەعریب دادەنرێن بەوەی زەوی و کار و دەرفەتی دیکەیان لەسەر حسابی خەڵکی ڕەسەنی کەرکووك فەراهەکردووە.

هەروەها ئەرکی دەستنیشانکردنی ئەوەی کە کێ دانیشتوانی ڕەسەنی کەرکووکە دووچاری کۆمەڵێك تەنگو چەڵەمە دەبێتەوە لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی کوردی و تورکمانی وەك یەك و ئەرکەکەش لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبیدا دژوارتر دەبێت. بەڵام ئەو ئەرکە جگە لە تەنیا لایەنێکی "کێشەی عەرەبی" لەکەرکووکدا چیتر نییە. بۆیە پێویستە پرسێکی تر ی زۆر ئاڵۆزتر بەدیدە بگیرێت کە ئەویش هەر بەتەنیا دیاریکردنی مێژووی نیشتەجێبوونی عەرەب نییە لەناوچەکەدا و زۆرینەی عەرەبیش جا لەدانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەکە یاخود هاوردەکان بن وایدەبینن کە لەبنەڕەتدا نابێت داهاتووی کەرکووك جێگەی بەرباسخستن بێت.

چونکە کەرکووك- وەك ئەوەی پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە- خاوەن مێژوویەکی دوورو درێژەو بەو پێیەش کە شارێکی عێراقییە ئەوا تەماهی - گۆڕینەوەی شوناس- لەگەڵ ئەم گروپی ئیتنیکی یان ئەویتریان ناکات بەڵکو موڵکی سەرجەم عێراقییەکانە.

خۆ ئەگەر حکومەتەکانی پێشووی عێراق بەدەستی ئەنقەست خەڵکانی عێراقییان لەو شارەدا نیشتەجێکردووە، ئەوا بەپێی ئەو لۆژیکە نیشتەجێبوونیان نابێتە گرفت.

بەڵام تەحەددی راستەقینە، کە پێویستە بەری پێبگیرێت هەوڵەکانی کوردە لەوێناکردنی کەرکووك بەو پێیەی لەرووی مێژووییەوە موڵکی ئەوانەو هەروەها گەڕانەوەشی بۆ سەر هەرێمە نەتەوەییەکەیان کە رۆژێك لەرۆژان ناوچەیەکی عێراقی کۆزمۆپۆلیتی بوو.

وەك ئەوەی ئاشکراشە، لەشەستەکان و دواتریشدا عەرەب وەك ئامرازێت بۆ گۆڕینی تایبەتمەندییەکانی کەرکووك وەك شارو پارێزگا گوازراونەتەوە بۆ ئەوەی لەو شارەدا نیشتەجێبکرێن و ئەوەش ببێتە هۆی سەقامگیری، هەرچەندە بۆ خۆی لەسنووری کەرکووکدا ژمارەیەك هۆزی عەرەبی بوونیان هەبووە.

لەباشووری خۆرئاواو باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگاکەدا بنەماڵەو عەشیرەتی عەرەبی سوننی ناودار و ناسراو هەن، کە پەیوەندی بەربڵاوی خێزانییان هەیە و دەشڵێن ئەوان هاوردە نەکراون و بەتەبایی لەگەڵ هاوڵاتیانی دیکەی غەیرە عەرەبدا دەژین.

دەکرێت پاساوی لایەنی عەرەبی بۆ سێ تەوەری ناوازە شیتەڵ بکرێن، تەوەری یەکەم، خۆی لەرەوایەتی بوونی عەرەب لەکەرکووکدا دەبینێت، بەتایبەتیش عەشیرەتەکانی عوبێد و جبورو حەدید کەبوونیان عەشیرەتانەش لەپارێزگاکەداو هەروەها و رۆڵیشیان لەکاروباری شارەکەدا مێژوویەکی درێژی هەیە. هەروەها عەرەب دەڵێت گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستانی زۆرینە کورد، ئیشکالێکە لەبەرامبەر ئەو مێژووەدا.

هەرچی تەوەری دووەمیشە لەپاساوەکەیاندا خۆی لەو بڕوایەی عەرەبدا دەبینێتەوە، بەوەی کە کورد زیادەڕۆیی لە وێناکردنی نەهامەتیەکانی سەر دەستی حکومەتە عێراقییەکان دەکەن و ژمارەی راگوازراوانی کورد، کە پێویستە سەر لەنوێ نیشتەجێ بکرێنەوە گەورە دەکرێن.

پاساوی نێو تەوەری سێیەمیشیان پاساوی "نیشتمانپەروەری عیراقی"یە، بەجۆرێك کی عەرەبی کەرکووك ناڕازین لەبەرامبەر هەڕەشەکانی سەر سەلامەتی عیراق کە لەمومارەسەی "زیادەڕۆیی" سەرانی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتووە.

دیسان عەرەبی کەرکووك لەو بڕوایەدان پاڵنەری سەرانی کورد نەوتەو پێیان وایە کورد لەپێناو بەرژەوەندی عیراقدا کار ناکەن، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندی خۆیاندا کاردەکەن.
هەروەها لەبری چوونە پاڵ کوردستان، (زۆر جار عەرەب بەتەوافوق لەگەڵ تورکمان) کۆمەلێك ئەڵتەرناتیڤی دیکە دەخەنە روو، لەوانەش مانەوەی کەرکووك وەك پارێزگایەکی عیراقی یاخود بەخشینی تایبەتمەندییەك بەکەرکووك.
بەر لەچوونە نێو شیکاری ئەو سێ بڕوبیانوەوە، پێویستە یەکەمجار روونبکرێتەوە کە عەرەبەکانی کەرکووك کێن.
دیارە ئەوانیش بەشێوەی حاڵەتی تورکمان و کورد کوتلەیەکی هاوچەشن نینولەتەك عەرەبی سوننەدا ژمارەیەکی زۆری شیعە هەیە.
ئەو عەرەبانەش کە لەماوەجیاوازەکاندا نیشتەجێبوون هەڵوێست و دیدی جۆراوجۆریان هەیە لەسەر چۆنیەتی نیشتەجێبوون و کاتی نیشتەجێبوونیان لەکەرکووکدا.
دیسان هەندێك عەرەبیش لەدەرەوەی شارەکەو دەوروبەری پارێزگاکەدا دەژین، کە بەزۆریش لە (ناوچەی حەویجە بەتایبەتی)چڕبوونەتەوە، کە ئەویش وەك هەوڵێك بۆ زیادکردنی رێژەی عەرەبە ناونووسکراوەکانی فەرمانگەی نفوسی کەرکووك لکێنراوە بە پارێزگاکەوە.

عەرەبی کەرکووك

لەرۆژگارێکی دووردا کەرکووك پێنتی کۆبوونەوەو بەیەکگەیشتنی عەشایرە عەرەبە کۆچەریەکانی خۆرئاواوباشوور بووە کەلەگەڵ کوردو تورکماندا لەناوچەکەدا ژیاون.
بەر لەوەی کەرکووکیش ببێتە ناونیشانی کێشمەکێشی ئیتنیکی، پێویستە بەویژدانەوە بوترێت، کە پەیوەندی نێوان عەرەب و ئەوانیتر پەیوەندیەکی ئیشکالی نەبووە، بەڵکو لەیەك خاکدا لەگەڵ گروپەکانی تردا بۆ چەند سەدەیەك هەڵیانکردووە.
دیسان زۆربەی بەڵگەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن، پێکهاتە ئیتنیکیەکانی کەرکووك لەگەڵ یەکتریدا بە تەبایی ژیاون بەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی عیراقیودۆزینەوەی نەوت لەناوچەکەدا.
بەشێکی لاوەکی لەعەرەبی کەرکووك لەچوارچێوەی پێکهاتە سیاسی- کۆمەلایەتیە تەقلیدیەکەیدا ئینتیمایان بۆ سوننی هەیە و ئەوانیش لە سێ عەشیرەتی سەرەکی پێکهاتوون،

که هەریەك لە عوبێدوجبورو حەدیدە، ١کە تا سەردەمانێکی نزیك دێرینترین بنەماڵە عەرەبییە تکریتیەکانی کەرکووك بوون، کە لەسەدەی هەڤدەیەمەوە لە ناوچەکەدا دەژین.

دیارە عەشیرەتەکانی دیکەش لەکۆتاییەکانی ماوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا روویان لەکەرکووك کردووە و تا ئیمرۆش لەحەویجەدا عەرەب بەتایبەتیش ئەندامانی عەشیرەتی عوبێد زۆرینەیان پێکهێناوە، ئەویش دوای ئەوەی لەماوەی سییەکاندا حکومەتی عیراقی نیشتەجێیکردن٢.

ئەو عەشیرەتانەو تیرەکانیان بەشی خۆرهەڵاتی تۆڕێکی فراوانی هۆزە عەرەبییە سوننەکانیان پێکهێناوە، کە لەخۆرئاوای پارێزگای نەینەواوە درێژبووەتەوە و بە باشووری پارێزگای هەولێردا تێدەپەڕێت تا لەباشوورەوە دەگاتە کەرکووك و دیالە.

بەهەمان حاڵەی کورد بەشێك لەو عەشیرەتە کۆچەریانە لەشاری کەرکووکدا نیشتەجێبوون، بەتایبەتیش پاش گەشەی شارەکە لە سییەکان و بەدواوە و هەروەها سەرهەڵدانی ژمارەیەك گەڕەك لەلای خۆرئاوای شارەکەوە.

لەکاتیکدا عەرەبی رەسەنی کەرکووك(ژمارەیەکی کەمبوون، کە ئەو دەم نەدەچوونە ئەو خانە فراوانەوە) بانگەشەی ئەوەیان نەدەکرد، هاوشێوەی ژمارەی کورد بن نە لەشارەکەو لە پارێزگاکەدا- بەڵکو ژمارەیان بەپێی ئاماری ١٩٥٧ نزیکەی ٤٣ هەزار عەرەب بوون بەبەراورد لەگەڵ ٤٦ هەزار تورکمان و ١٧٨ هەزار کوردی.

بەشێکی تری عەرەبەکان بە (الوافدین- هاوردەکان) ناودەبرێن و ئەوانەش عەشیرەت وبنەماڵەعەرەببە سوننەکان ناگرێتەوە، کە بەشێوەیەکی ئۆرگانی بەرەو ناوچەکە کۆچیان کردووە و تیایدا جێگیر بوون و لەلایەن پێکهاتەکانی تریشەوە ئیعتراف بە شەرعیەتیان دەکرێت.

عەرەبە هاوردەکان کە حکومەتی عیراقی بەئەنقەست نیشتەجێیکردون و پاشان بوونیان (جا درکیان بەوە کردبێت یان نا) ی لەسیاسەتێکدا بەکاربردووە، کە ئامانج لێی گۆڕینی بونیادی کۆمەڵایەتی بووە تا دەسەڵاتی رژێمی بەعس لەشارەکەدا تۆکمەتر بێت.

ئەم بەشەی دانیشتوان لەبنەڕەتدا سەر بەناوچەیەکی دیاریکراوی عێراق نین، هەرچەندە زۆربەی تاکەکانی سەر بەبنەماڵە هەژارە شیعەکانی باشووری عێراقن و زۆرکات لەهەشتاکاندا بەهۆی جەنگی ئێران- عێراقەوە کۆچیان پێکراوە یاخود رژێم لەناوچە گرنگەکانی باشوورەوە

---

١ - کۆمەڵەی تەنگەژە نێودەوڵەتییەکان JCG هەمان سەرچاوە، ٥.

٢ - نوری تاڵەبانی ، هەمان سەرچاوە،٣٣.

بەرەو کەرکووك رایگواستون تا نەبنە مایەی هەڕەشە لە ناوچە ئەسڵیەکانی نیشتەجێبوونی خۆیان.

هاوکات زۆرێك لەو عەرەبە هاوردانە بەچەشنی کوردو تورکمان خۆیان بەقوربانی دادەنێن و بگرە هەندێکیشیان پێیان وایە لەبارودۆخێکی خراپتردان، چونکە کۆچکردن تەنیا ڕێگە چارەی بەردەمیان بووە و لەئێستاشدا تۆمەتبار دەکرێن بەوەی بەکرێگیراوی بەعس بوون.

هەڵبەت ئەوەی پەیوەستە بەسیاسەتەکانی رژێمی بەعسەوە لەدوای رووخانی رژێمی سەددام حسێن لەساڵی ٢٠٠٣دا کاردانەوەی خراپو چاوەڕوانکراوی هەبوو بۆ عەرەبە هاوردەکان.

ئەوەبوو کاتێك تورکیا ئامادە نەبوو لەباکووری عێراقەوە پشتیوانی لەئەمریکا بکات، هێزی پێشمەرگەی سەر بەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان راستەوخۆ خۆیان لەهێڵەکانی پێشەوەی پرۆسەی وەدەرنانی هێزە عێراقیەکان لەناوچەکانی باشووری هێڵی کەسك و کەرکووك بینییەوە.

بەجۆرێك تەنانەت زۆرێك لەعەرەبە نیشتەجێبووەکانی پارێزگاو شاری کەرکووك بەر لەچوونی هێزی پێشمەرگە هەڵهاتن، ئەویش لەترسی تۆڵە سەندنەوەی کورد کە لەئێستادا بەهێز بوون.

ئەوان لەوبڕوایەدا بوون، کە هێزی پێشمەرگە دەیەوێت دەست بەسەر هەموو شتێکی پارێزگای کەرکووکدا بگرێت و ئەوەی کە سەیریشە هەندێك لە عەرەبە هاوردەکان لەو قەناعەتەدا بوون، گرێبەستی ئەو زەویانەی کە سالانێکی زۆرە کشتوکاڵیان تێدا کردوەو لێیدا ژیاون، لەباشترین باردا مایەی گومانن. ئەوەی جێی سەرنجە لەکەشێکیدا، کە لەرووی سیاسی و ئێتینکییەوە بارگاوی بوو، هیچ بەڵگەیەك دەری ناخات، عەرەبە هاوردەکان لەسەردەستی پێشمەرگە گەڕاوەکان کوشتارگەیان دەرهەق کرابێت[١].

لەگەڵ ئەوەشدا کاتێك شەڕ کۆتایی هات، روون بووەوە کە گەڕانەوەی عەرەبە هەڵهاتووەکان ئاستەمە چونکە خانووبەرەکانیان کورد تیایدا نیشتەجێبوون یاخود لەلایەن پێشمەرگەوە پاسەوانی دەکران.

روانگەی عەرەبی هەڵوێستی جۆراو جۆر لەبارەی داهاتووی کەرکووکەوە دەخاتە روو، کە ئەوەش بەگشتی بەلأم بەشێوەیەکی هەمیشەیی نا، رەنگدانەوەی دابەشبوونی نێوان عەرەبە

---

١ - رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ HRW، هەمان سەرچاوە، ٢٨.

ڕەسەنەکان و هاوردەکانیانە، هەروەها هەڵوێستە جۆراوجۆرەکان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣وە، کەوتنە ژێر کاریگەری بەهێزی گۆڕانکاریەکانەوە.

بۆنموونە لەلای عەرەبە سوننیە دێرینەکانی کەرکوك کە خاوەنی ئەزموونی دوورو درێژن لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ عەشیرەتە کوردیەکان و سەرۆکەکانیاندا، جۆرە پەیوەندیەکی بەرچاو لەنێوان ئەوان و سەرانی هەرێمی کوردستاندا دروستبوو، بەتایبەتیش کە هێزی سوننی هێزێکی گەورەیە کاتێك لەگەڵ عەشیرەتە سوننیەکانی باکووری عێراق بەگشتی و ئەوانەی پارێزگای نەینەواو موسڵ بەتایبەتی دەنگیان دەکەن بەیەك.

هەروەها لەنێو ریزەکانی ئەو پێکهاتەیەدا بەدیاریکراویش عەرەبەکانی باکوور کە داوای چارەسەرێکی تایبەت دەکەن لەسەر بنەمای "یەکەمجار کەرکوك".

ئەو کەسانە بەو پێیەی خەڵکی کەرکووکن لەبری ئەوەی دوای پرۆژە گەورەکانی وەك ئۆتۆنۆمی کورد یان سیستمی ناوەندی دەوڵەتی عیراقی بکەون، دیدێکی سیاسییان هەیەو کاری لەسەردەکەن.

دیارە لەنێو عەرەبە هاوردەکانیشدا دیدوبۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، هەندێکیان دان بەوەدا دەنێن بوونیان لەشارو پارێزگاکەدا ناشەرعییە، کە رەنگە ئەوە هاندانی رێکخراوە کوردیەکانی لەپشتەوە بێت و پێیان قبوڵ بێت بەرەو زێدی ئەسڵی خۆیان بگەڕێنەوە لەبەرامبەر قەرەبووکردنەوەیەکی گونجاودا.

بەڵام ئەوانیتر هەڵوێستێکی توندیان گرتووەتە بەر و لەژێر ئاڵای موقتەدا سەدردا- کە دژ بە فراوانبوونی هەرێمی کوردستانە، هێزی خۆیان کۆکردوەتەوە.

ئەو هەڵوێستانەی، کە هێزەکانی پێکهاتەی عەرەبی لە کەرکوك دا وەریدەگرێت لەلاپەڕەکانی دواتردا بەرباس دەخرێن.

کەرکووك عێراقییەو بۆ عێراقییەکانە

لەدیدگای پێکهاتەی عەرەبی کەرکوکەوە ئەوەی کە زیاتر مایەی نیگەرانییانە داواکردنەوەی شارەکەیە لەلایەن کوردەوە.بەپێی ئەم روانگەیەش کورد بەردەوام بەدرێژایی ماوەی سەدەی بیستەم لەزیادکردنی ژمارەی خۆیاندابوونو کێشمەکێشیان لەگەڵ بەغداد لەدروستکردنی ئامرازی پروپاگەندە کردندا بەکارهێناوە، کەدواجار بەو جۆرە کاریکردووە

کورد لانەوازو بێ نیشتیمانن و بوونەتە ئامانجی سیاسەتەکانی بەعس لە ممارەسەکردنی پاکتاوی نەژادیدا.

بەدیدی زۆرێك لەعەرەبی کەرکووك بەتایبەتیش عەشیرەتە سوننەیەکان، کە پێشتر پشتیوانی رژێمی پێشوو بوون، ناکرێت بوترێت کوردو بگرە تورکمانیش ئازاریان چەشتووە، لەکاتێکدا ئەو عەشیرەتانە لەئێستادا تەنگەتاووبێ بەشن‌و داوای چارەسەردەکەن.

لەکاتی هەڵوەستە کردنیش بەتایبەتی لەدەیەی نەوەدەکاندا، عەرەبی کەرکووك پێیوایە ژمارەی ئەو کوردانەی، کە راگوازراون زۆر کەمترن لەو بەدەیان هەزار کەسەی کە پارتە کوردییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن.

لەراپۆرتی ساڵی ٢٠٠٦، گروپی تەنگژە نێو دەوڵەتییەکان International Crisis Group ئاماژەی بە وتەی "عەبدولڕەحمان ئەلعیسا" یەکێك لەسەرۆکانی پێکهاتەی عەرەبی کەرکووك کردووە، کە"رژێم لەماوەی ١٩٩١- ٢٠٠٣، ١١٨٥٦کوردی لە پارێزگای کەرکووك اگواستووە"، کە ئەو ژمارەیەش زۆر کەمترە لەو ژمارانەی کە زۆرجار حکومەتی هەرێمی کوردستان باس لێوەدەکات.

سەرباری ئەوەش پاساوی عەرەبی جیاوازە لەگەڵ ئەوەی بە بانگەشەکردنی کورد دادەنرێت لەوەی کە قوربانین، بێئەوەی ئیعتراف بە نەهامەتی عیراقییەکانی تر بکرێت (لەنێویشیاندا عەرەب بەتایبەتیش هاوردەکان) لەسەر دەستی رژێمی بەعس.

زۆرێك لەو عەرەبانەی لەهەشتاکاندا روویان لەکەرکووك کردووە، بەویستی خۆیان نەبووە و زۆر بەسادەییش زۆرێك لە خێزانەکان جگە لەگواستنەوەیان بۆ کەرکووك رێگەیەکی تر لەبەردەمیاندا نەبووە، ب ۆیە نە مەنتقی و نە ئەخلاقییشە وەك ئەوەی ئەوان قسەی لەسەر دەکەن گرفت و دەرهاویشتەی پرۆسەی تەعریبی هەشتاکان و نەوەدەکان لە دەیەی یەکەمی هەزارەی سێیەمدا بەپرۆسەی بەکوردکردن پاداشت بدرێتەوە.

هەرلەو سۆنگەیەشەوە لەوبڕوایەدان پێیان خۆش بوو بێت لەگواستنەوەیان یاخود نا ئەوا بەپێی ئەو یاسایانەی لەو دەمەدا کاری پێکراوە مافی خۆیان بووە بگوازنەوە.

لەو روانگەیەشەوە یاسای ریفۆرمی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٧٠، کە سنوورێك بۆ موڵکداری زەوی و زار دیاری دەکات و دەست بەسەر زۆرێك لەزەوی و زاری گەورە مەلاکەکاندا دەگرێت و یاساکانی دواتریش، کە پەیوەستبوون بەدەست بەسەراگرتنی ئەو زەویانەی کە خاوەنە ناعەرەبەکانی لەلایەن حکومەتەوە راگوازراون وزەویەکانیان چۆڵ کردووە، ئەگەر چی یاسای زاڵمانەبوون بەڵام رێوشوێنی

یاسایی بوون و زەویەکانیان لەبەرامبەر پارەیەکی رەمزیدا بەکرێداوەتەوەو بەوەش کەلێنێکیان لەئابووری کەرکوك پێ پڕکردوەتەوە و دیسان وەك هاولاتیانی عیراقییش ئەو مافەیان هەبووە[١].
لەبەر ئەوە بەدیدی زۆرێك لەعەرەبی کەرکوك گەشەی کۆمەلایەتی - ئابووری لەو پارێزگایەدا روویداوە، بەوپێیەی بەشێکی جیانەبوەوەیە لەئابووری نیشتیمانی و عیراقی و دیسان بەهەمان شێوە کەرکوکیش بەشێکی جیانەکراوەیە لەعیراق.

هەربۆیە وەك عیراقی مافی ئەوەیان هەیە وەزیفە لەهەرشوێنێکی عیراقدا قبول بکەن، بەکەرکوکیشەوە.

لەسەر ئەو بناغەیەش بوونیان لەکەرکووکدا ماوە ٣٠ سال دەبێت و بەشێك لەخێزانە عەرەبە سوننیەکانیش بوونیان لەو ماوەیە زیاترو بوونێکی تەواو رەواشە.

خۆ ئەگەر عەرەب بۆ ماوەی چەند دەیەیەکدا لەناوچەکەدا دەژین ئەوا تەواو ئاوێزانی ژیانی کۆمەلایەتی و کەلتووری و سیاسی کەرکووك بوون و هیچ شتێك نییە بە ناوچە ئەسلیەکانی خۆیانەوە بیانبەستێتەوە.

لەبەرئەوە سەیر نییە کە پێکهاتەی عەرەبی لەکەرکووك بەچاوێکی دوژمنانە لەو بیرۆکەیە بڕوانن کە دەلێت کەرکووك"کوردی"یە یاخود کورد مافی ئەوەی هەیە خاوەنی شارەکە بێت لەسەر بناغەی تایبەتمەندی ئەو نەهامەتیەی لەسەر دەستی رژێمی پێشوو چەشتوویانەو هەروەها ئەو دەستکەوتانەش کە "هاوردە" یاخود عەشیرەتە عەرەبە سوننیەنیشتەجێبووەکان بەدەستیان هێناوە.

لەبەر ئەو هۆیەش زۆرێك پێیان وایە نابێت کەرکووك بخرێتە سەرهەرێمی کوردستان و ئەو پەیوەندیەی کە ئێستا لەگەل بەغداد هەیەتی پارێزگاری لێبکرێت، ستراتیژی یەکخستنی عەرەب، سوننەو شیعە، بەبەشداریکرنی تورکمان لەپرسەکەیاندا.

دیسان هەندێکی دیکەش دەیانەوێت کەرکووك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە، ئەویش بە گۆرێنی بۆ هەرێمێك.

پێداگری عەرەب لە سەر جیاوازبوونی کەرکووك

بنەمالە عەرەبە سوننە دێرینەکانی نیشتەجێی کەرکووك و دەوروبەری پێیان وایە سەردەمانێکی زۆرە ئیعتراف بەوە کراوە کە کەرکووك بەشێکە لە عیراقی فرە ئیتنیکی،

---

١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٧-١٨.

زۆرجاریش لەگەڵ ئاماژە کردن بەبوونی زۆرینەی تورکمان لەشارەکەدا، بەڵام بەناسنامەیەکی تەواو"عیراقی"یەوە.

خۆئەگەر زۆرێك لەو بنەماڵانە پەیوەندی تۆکمەیان بەرژێمی پێشووی عیراقەوە هەبوبێت ئەوا سەیریش نییە، کە تێڕوانینیان بۆ شارەکە لەرووی پراکتیکییەوە بەرجەستەی هەمان هەڵوێستی حکومەتی عیراقی بکات بەر لە ساڵی ٢٠٠٣.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو تێڕوانینە سەنگی خۆی هەیە نەك هەر لەنێو عەرەبی سوننەی دەرەوەی کەرکوك بەڵکو لەنێو زۆرێك لەخەڵکی کەرکوکدا.

ئەم جۆرە بیرکردنەوە باوەی نێو عەرەبی سوننە لەسەر سێ ئاست کاردەکات، کاتێك پەیوەست دەبێت بە مەسەلەی پێشنیاری چارەسەری"کەرکووکیانە" بۆ پرسی داهاتووی کەرکوك.

ئاستی یەکەم بەدیدێکی ئاستەم و مەحاڵ لەئەگەری ژیان لەسایەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا دەڕوانێت.ئەو رەگەزە سایکۆلۆژیایە بەتەنیا کاردانەوەیەکی گرژبوو نییە لەلایەن دەستەیەك، کە بەرژەوەندیەکانیان لەگەڵ رووخانی رژێمی بەعسدا زیانی بەرکەوتووە، بەڵکو قەناعەتێکی چەسپیوە، کە لەسەر ئیمانێکی قوڵ بە پیرۆزیی دەوڵەتی عیراقی کاردەکات.

ئەم لایەنەش لەسەر ئاستی پراکتیکی پەیوەستە بەئاستی دووەمەوە، کە خۆی لەو قەناعەتەی عەرەبی سوننەدا دەبینێتەوە کە پاڵنەریانە بەبیرکردنەوە لەپێشنیازکردنی پرۆژەی "یەکەمجار کەرکوك".

ئەو باوەڕەی لەم ئاستەدا باوە ئەوەیە، کە سەرانی کورد بەنهێنی و نیمچە نهێنی پلان بۆ دابەشکردنی عیراق و جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی دادەنێن.

بەپێی ئەو لۆژیکەش، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ئەو ئامانجەی بەدیبهێنێت پێویستی بەفراوانبوون و خستەپاڵی کەرکوك هەیە، تا سەرچاوەی پێویستی دارایی بۆ مانەوەی کوردستانی سەربەخۆ دەستەبەر بکات.

جا بۆئەوەی ئەوە روونەدات عەشیرەتە عەرەبە سوننەکانی باکووری عیراق هەڵوێست و ئامانجی هاوبەش وەردەگرن بۆ لەخۆگرتنی ئەوەی بە پلانی فراوانخوازی کوردی دەزانن.

هەرچی ئاستی سێیەمیشە لەبیرکردنەوەی لایەنە عەرەبییە سوننەکان و پاڵپێوەنانیان بەئاراستەی پێشنیازکردنی ئەو سیاسەتەی لەسەر بنەمای"یەکەمجار کەرکوك" کاردەکات، لەو سۆنگەیەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کەرکوك جیاوازە وەك شارێکی عیراقی کۆزمۆپۆلیتی فرە ئیتنیك، کە لەنێو خۆیاندا گشت پێکهاتە نەژادی و ئایینەیەکان بەئاشتیانە و تەبایانە

چەندان سەدەیە پێکەوە دەژین. بۆیە لەبەرژەوەندی کەرکووکدایە وەك سەنتەرێکی ئۆرگانی و ئابووریی نەوتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەکوردستان بەرێوەببرێت، تەنانەت ئەگەر ئەوە راگەیاندنی هەرێمێکی فیدرالیش بخوازێت.

بەلام سەبارەت بەوەی کە قەوارەیەکی لەوجۆرە چۆن حوکم دەکرێت، ئەوا ئەو پرسیارە بەکراوەیی لەبەردەم بانگهێشتکارانی ئەم پرۆژەیەدا دەمێنێتەوە.

پوختە

هەلۆێستی روانگەی عەرەبی لەبارەی داهاتووی کەرکووکەوە زۆر لەیەکتری جیاوازن، هەندێکیان وەك پرسێکی ناوازە لەپرسی کەرکووك دەڕوانێت، کە پێویستی بە بایەخێکی تایبەت هەیە.

هەندێکی دیکەشیان دەلێن هەربیرکردنەوەیەك لەکەرکووك وەك ئەوەی شارێکی عیراقی نەبێت بیرکردنەوەیەکی رەتکراوەیە، بەلام هەردولا لەیەك بابەتدا هاوبەشن، کە ئەویش قەناعەت و بگرە باوەڕبوونەوە بەوە ئەو گۆڕانکاریانەی لەسروشتی دەسەلاتی سیاسی عیراقدا روویانداوە گۆڕانکاریی کاتییەو ئەگەر لەئێستاشدا کورد بەهێزن ئەوا لەمنزیکانەدا رژێمی پێشوو دەگەڕێتەوە.

رەنگە ئەوە شیاوبێت بەلام ئەو واقیعەی لە هەنووکەدا هەیە ئاماژەیە بۆ بوونی قەوارەیەکی سیاسی و سەربازی دامەزراوو بەتوانای کوردی، کە ناکرێت پشتگوێ بخرێت.

هاوکات سەرانی سیاسی عەرەب داواکارییەکان بەرزدەکەنەوە سەبارەت بەوەی، کە دەبێت پێگەیان لەکەرکووکدا چۆن بێت بەلام لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی دابەشبوونی نێوان سوننەو شیعە لەسەرتاسەری عیراقدا ناتوانن بەیەك دەنگ خواستەکانیان بخەنەروو.

لەگەڵ رۆیشتنی عەرەبە هاوردەکان لەکەرکووك، کە زۆرینەیان شیعەن، پارتە شیعەکان بەدیاریکراویش ئەنجومەنی بالای ئیسلامی بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم ئامادەییان پیشانداوە بۆ دەسپێکردنی تاوتوێکردنی داهاتووی کەرکووك لەگەڵ کورد ئەویش لەچوارچێوەی وتارێکی فراوانتر لەبارەی فیدرالیزم لەعیراقدا.

هاوکات پارتەکانی تر بەتایبەتیش سوننەیەکانیان ئامادەنین ببنە لایەنێك لەمشتومڕی لەو جۆرەدا.

بارودۆخەکە وەك ئەوەی هەیە زۆر ئالۆزە لەگەڵ ئەوەی زۆرێك لەسیاسییە شیعەکانیش بەتوندی لەبەرامبەر هەلۆێستی کورد لەسەر مەسەلەی کەرکووك راوەستاونەتەوە بەلام ئەو راستیەی کە دەبێت ئیعترافی پێبکرێت، نەبوونی یەکێتی نێوان دەستەبژێرە سیاسییە عەرەبەکانە لەسەر داهاتووی کەرکووك.

دیارە داواکاری نەیارانەی سەرسەختی دژ بەکورد لەلایەن هەندێك لەسیاسییە عەرەبەکان لەبەراوردکردنیدا بە هەڵوێستی یەکگرتوو و تۆکمەی کورد، هەڵوێستێکی ناواقیعیانەیە.

پێداچوونەوە

دەکرێت لەرووی مێژووییەوە گەشەی کەرکووك لەسەرئاستی فەمانڕەوایی بەگشتی و لەسەرئاستی پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی بەشێوەیەکی تایبەت بۆ سێ قۆناغی زەمەنی جیاواز دابەش بکرێت.

قۆناغی یەکەم، بەپێوەری زەمەن درێژخایانترە و دروستبوونی کەرکووك تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی دادەپۆشێت.

بێگومان لەو ماوەیەدا کە هەزاران ساڵی خایاندووە، رووداوگەلێك روویانداوەو هەمیشەش ژیانی مەدەنی و ناوچە قووڵەکان لەباری هارمۆنیدا نەبوون، بەڵام لە ماوەی فەرمانڕەوایی عوسمانییەکاندا، کەرکووك فرە ئیتنیکی دانیشتوانی بەخۆوە دیوەو لەگەڵ دامەزراوەکانی حوکمڕانی و دابەشکردنی بڕیادراندا هەڵیانکردوە. هەرچی قۆناغی دووەمیشە ماوەی سەدەی بیستەم دادەپۆشێت، کە لەدارِمانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانییەوە دەستپێدەکات و کەرکووکیش دەچێتە سەر عیراق تا بەرووخانی رژێمی سەددام لەساڵی ٢٠٠٣ دا تاج دەنێتە سەر.

لەو سەدەیەدا بەدیاریکراوی پەردە لەسەر هێڵی روو بەڕووبوونەوەی ئیتنیکیو چینایەتی هەڵگیرا ئەویش بەیارمەتی ئەو پێگە ستراتیژییەی، کە لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی نوێدا پێیدەناسرایەوە، ئەو دەوڵەتەی لەسەر بناغەی ئایدیۆلۆژیای وابەستەبوون بە ناسیونالیزمی عەرەبی دامەزرا.

هاوکات لەگەڵ گەلاڵە بوونی سیستمی جیۆ- سیاسی لەماوەی سەدەی بیستەم لەخۆرهەلاتی ناوڕاستدا، کاردانەوەی هێڵی روو بەڕووبوونەوە کەلەکەرکووکدا دیاردەیەك بوو بەهۆی دەستێوەردانی هێزی هەرێمیی بەدیاری کراویش تورکیاو ئێران بەرەو خراپبوون چوو.

قۆناغی سێیەمیش لەگەڵ داگیرکردنی عیراق بەڕابەرایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەساڵی ٢٠٠٣ دا دەستپێکرد و ئەو قۆناغەش هێشتا بەردەوامە.

لەوماوەیەدا بەدیاریکراوی پێویست بوو لەسەر بڕیاردەرانی عیراقی نوێ ململانێ بکەن لەگەڵ پاشماکی بەجێماوی مومارەسەی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی سەدەی بیستەم و هەروەها مامەڵەش بکەن لەگەڵ گەلدا، کە تازە ئازادبوو لە کۆت و بەندی دکتاتۆری و چەمکەکانی ناسنامە کە لای تاکەکانی بەئینتیما تەقلیدی و بەراییەکان خەست بووەتەوە.

لەتەك مامەڵە کردن لەگەڵ کەڵەکەبوون و خواستانەدا دەبــوو بڕیــاردەران لــەعیراقی نوێــدا لەچوارچێوەی سیتمێکی نوێی حوکمڕانیدا کاربکەن، کە لەژێر کاریگەری بەهێزی نفوزی هێزە گەورەکان(ویلایەتە یــەکگرتوەکان بــەدیاریکراوی) بچەســپێنرێت و لــەپاش جــەنگیش لەســەر شێوەی رێککەوتن و دامەزراوەی سیاسی ودواجاریش دەستووری نوێی عیراق دەربکەوێت.

هاوکات داهاتووی کەرکوك لە گۆڕانکاریەکانی گۆڕەپانی سیاسی گۆشەگیرکرا ئەویش بەو پێیەی ئالۆزتر بوو، هەربۆیە سەرانی عیراقی هەندێك جار وەك بــارێکی تایبــەت مامەڵــەیان لەگەڵ کەرکوك دەکرد و دانوستانەکانیان لەبارەی ئایندەی کەرکووکەوە بــۆ وادەکــانی تــر دوا دەخست. بەڵام پاش پێنج ساڵ لەرووخانی سەددام چیتر لــەتوانادا نــەما داهــاتووی کــەرکوك فەرامۆش بکرێت، بەجۆرێك ئەو تەنگژەیەی کە لەساڵی ۲۰۰۳وە دادەمرکێنرایەوەبووە مایەی هەڕەشە نەك هەر بۆسەر لەباربردنی ئارامی باکووری عیراق بــەڵکو بــۆ ســەرتەواوی سیســتمی سیاسی و ئەو گۆڕانکاریانەی کە ماوەی پاش ۲۰۰۳ بەخۆوە دیوویــەتی و لەئێســتادا بووەتــە جێی بایەخ.

بەشی سێیەم

ململانێ لەسەر کەرکووك لەپاش جەنگ

فەسڵی یەكەم

هەڵكشانی كورد

بەهاتنی رۆژی ٩ی نیسانی ٢٠٠٣، كە كەركووك كەوتە ژێر كۆنترۆڵی تێكەڵەیەك لەهێزی تایبەتی ئەمریكاوپێشمەرگە، مێژووی داهاتووی شارەكە بەبڕیارێكی ئەنكەرە كە پێش مانگێك دابووی گۆڕانكارییەكی ریشەیی بەخۆوە بینی.

ئەوەبوو دوای مانگێك لە سازشی خەوشدارانەی نێوان واشنتۆن و ئەنكەرە، لە١ی ئازاردا ئەندامانی پەرلەمانی توركیا دەنگیان دا بۆ بەرژەوەندی یاسایەك كە رێگە بە هێزەكانی ئەمریكا دەدات لەخاكی توركیا بەرەی دووەم بكەنەوە١. بەڵام دەنگ نەدانی ١٩ پەرلەمانتار

١٣٤- بۆ زانیاری زیاتر لەسەر وردەكاری لایەنە ئابوورییەكان و سازشكردنەكانی پشتی پەردەوە بڕوانە بۆنموونە: Defense& Foreign Affairs Daily - راگەیەنرا كەویلایەتە یەكگرتوەكان بەدوای بەدیلی توركیادا دەگەڕێت بۆ ئەوەی لەململانێی لەگەڵ عێراقدا پشتی پێبەستێت ،هەرچەندە ناكۆكی خۆرئاوا-توركیای پشتگۆێخست كە خۆی لە یەكێتی سەرجەم قسەكەران بەتوركی دا دەبینییەوە.٢١(٢٥) ١٩ شوبات و هەروەها Irish Times,2003:Turkey holds out on U.S.use of bases

" توركیا سوورە لەسەر هەڵوێستی خۆی لەدژی بەكارهێنانی بنكەكانی لەلایەن ویلایەتە یەكگرتوەكانەوە" ،٢٠ شوبات :١٢.

بەواتای ئەنجامی کۆتایی دەنگدانەکە - ٢٦٤ پەرلەمانتار لەگەڵ یاساکەو ٢٥١ پەرلەمانتاریش دژ بەیاساکە بوون- بەوەش دەنگی زۆرینەی پێویست بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە بەدەستنەهات.بەپێی ڕێککەوتنی یەکەم کە پێدەچێت لەکانونی یەکەمی ٢٠٠٣دا سازکرابێت، خاکی تورکیا بەکاردەهێنرێت بۆ چوونەژوورەی ٨٠ هەزار سەرباز لە هێزە زەبەلاحەکەی ئەمریکا بۆ نێو باکووری عێراق. لەبەرامبەریشدا تورکیا کۆمەکی ئابووری وەردەگرت و مافی بەشداریکردنی راستەوخۆی هەبوو لەدیاریکردنی سیاسەتی باکووری عێراق لەدوای جەنگ.

دەقی کۆتایی پرۆژە یاساکەش کە پێشکەش بە پەرلەمان کرابوو ڕیگەی بە ٦٢ هەزار سەربازی ئەمریکی دەدا بەرەی باکوور بکەنەو بۆ ئەوەش بنکە تورکییەکان بەکاربهێنن لەبەرامبەر گەرەنتی قەرزی ئەمریکی بەبەهای ٣٠ ملیار دۆلار و لەوەش گرنگتر رازیبوون بوو بە چوونە ژوورەوەی ٤٠ هەزار سەربازی تورکی بۆ نێو کوردستانی عێراق١.

ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاساکە لەلایەن پەرلەمانی تورکیاوە شوێنکەوتی جۆراوجۆری لێکەتەوەو ئەوەش زیانی بە پێگەی ستراتیژی تورکیا گەیاند لەناوچەکەدا.هەڵبەت شتێکی بەڵگەنەویستی بوو کە واشنتۆن لەدەرئەنجامی دەنگدانەکە بێزار بێت.

پاش ئەوەی ڕێگەی نەدرا بە فیرقەی چوارەمی پیادەی خاوەن قەڵغانی چڕوپڕ لەبەکارهێنانی کەنارەکانی تورکیا، کەبۆماوەی دوو هەفتە لەسەر کەشتییەکان مابوونەوە، ویلایەتەیەکگرتوەکان ناچار بوو پەنا بۆ پلانێکی بەدیل بەرێت و ئەوەش کاری هێزی کۆماندۆزی دەخواست لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا (بە فەرماندەیی ئەمریکا) ئەوەبوو دواجار ١٠٠٠- ٢٠٠٠ سەربازی لەلیوای ١٧٣ی مجەوقەل بەکارهێنرا.

ئەمە جگە لەرەهەندی ئابووری کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئەنقەرە سازشی لەسەر دەکرد لەبارەی وردەکاری شتی سەخیفی وەك ئەوەی کە کێ هەقی تێچوونی ئەو کاردی ناسنامانە دەدات کە سەربازەکان هەڵیانگرتووە یان دەبێت ئەمریکا چەند پارەی بەنزین بدات لەماوەی مانەوەی لەتورکیادا. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

Richburg,K.B.and P.Slevin"Turks Near Deal Given U.S. Access To Bases, Aid Pact Would Open Northern Front in War." The Washington Post, 22February:A01

١٣٥- بڕیاربوو ئەو هێزە تورکیاییە مافی چاودێری پڕچەککردنی سوپای ئەمریکا بۆ هێزە کوردییەکان و دامەاڵینی ئەو چەکانەش لەدوای کۆتایی هاتنی پرۆسە جەنگیەکان پێبدرێت . بۆ زانیاری پتر بڕوانە:- : Cockburn, P.2003."Iraq Crisis :

Turky Close to Agreeing Deal With American Military. The Independent,25 February:5.

لەگەڵ بوونی ٣٠٠٠ سەرباز لە سەر خاکی باکووری عیراق و راوەستانی شەڕ ئەستەم بوو هێزەکانی ئەمریکا کۆنترۆڵی ئەو رووداونە بکەن کە لەشارە گەورەکانی باکوور روویانـدا-بەتایبەتیش لە موسڵ و کەرکوك. لەبەرئەوە لەرووی لۆجستییەوە مەحاڵ بوو ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکرێت کە ویلایەتە یەکگرتوەکان دابوویە تورکیا بەر لەجەنگ سەبارەت بە" رێگریکردن لەبەلێشاوچوونی دانیشتوان بەرەو کەرکوك و موسڵ "لەکاتی داگیرکردنی ناوچەکەدا١.

تورکیا لەقۆناغە جیاجیاکاندا بەشێوەیەکی زارەکی پابەندبوونی هەردو پارتە کوردییە سەرەکییەکەی مسۆگەر کردبوو بەوەی کەهیچ کامیان لەیەك لاوە نەچنە کەرکووکەوەو کاریش بکەن بۆ رێگرتن لە"جولەی پەنابەران و کۆچپێکراوان بەشێوەیەکی رەمەکی"٢.پاش ئەوەی تورکیا توانای نەما بەسەر کاریگەری راستەوخۆی رووداوەکانەوە پەنای برد بۆ هەڕەشەو گوڕەشەکردن بەڵام دواجار گشت هەڕەشەکانی نەزۆك بوون سەبارەت تێپەڕاندنی ئەو هێڵە سوورەی کە تورکیا دابینابوو.

بۆنموونە ئەوە دەوترایەوە کە دیپلۆماتکارێکی باڵای تورکی وتبووی "نەرمێتی" لەهەڵوێستی تۆکیادا نانوێنرێت وهۆشداری ئەوەیدابوو تەنانەت کەجموجۆڵی هاولاتیانی مەدەنی بە ئیستفزاز دادەنرێت.

هەروەها گەورە بەرپرسێکی تری سەربازی تورکیا زۆر لەوە زیاتر رۆیشتبوو، کە وتبووی هەر پێشمەرگەیەکی کورد بۆ سەعاتێك لەو دوو شارەدا بمێنێتەوە ئەوا " روو بەرووی بەرپەرچدانەوەی سەربازیی دەبێتەوە" ٣.

هەڵوێستی تورکی لە١٠ی نیساندا بەشێوەیەکی بەرچاو لاوازبوونی پێوە دیاربوو، کاتێك کەرکوك بەبێ بەرگریکردن بەیاوەری هێزە تایبەتەکانی ئەمریکا کەوتە دەست پێشمەرگەکانی

136-Boulton, L.2003."U.S. and Iraqi Groups in Deal to Prevent Chaos in Northern Iraq." The Financial Times, 19 March:3.

١٣٧- بۆنموونە بڕوانە کوردستانی نوێ:- Kurdistan Nuwe(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraqi PUK leader says Kurdish forces will not enter Kirkuk Mosul" "رابەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەعێراق دەڵێت هێزی کوردی ناچنە نێو موسڵ و کەرکوکەوە" ٢١شوبات ٢٠٠٣(Lexis Nexis)

3 - Pan.P.P.2003."Turkish Offcials Back Away From Threats to Invade Northern Iraq." The Washington Post,12April:A23.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە و راگەیاندنی (ی.ن.ك)یش رایگەیاند: چوونە ناوەوەی پێشـمەرگە بۆ بەپیرەوەچوونی سەرهەڵدانی خۆرسکانەی"راپەڕینی سەراپاگیرییە لەدژی رژێمی بەعس"١.

لەو سەروبەندەشدا سەرچاوە سەربازییەکانی ئەمریکا باسیان لـە"راپـەڕینی فـرە نـەژاد " دەکرد کە تیایدا کوردو تورکمان و عەرەب و مەسیحییەکان بەشدارن"٢.

بەڵام بەپشتبەستن بە وەی لە رۆژنامەی تایمز- Times دا هاتووە، چوونە ناوەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بۆ نێو شـاری کـەرکووك بەسـەرکەوتووانە پلانێکـی وردی بـۆ دارێـژراو بوو"کـە شـیاوە ببێتـە سـیناریۆیەك لـە سـیناریۆکانی هۆلیـۆد، چـونکە ئەمریکاییـەکانی هەڵخەڵەتاندو بە تورکەکان پێکەنی و گزیشی لە عیراقییەکان کرد٣".

هەروەها دەشیزانی کە دەبێت وەك دیفاکتۆیـەك کـۆنترۆڵی کـەرکووك بکـات و هەڕەشـەی تورکیاش پشتگوێ بخات. ئـەوەبوو رۆژی پێـنج شـەممە لـەخۆوە راپـەڕینی خۆڕسـکانە، کـە هاوکاتبوو لەگـەڵ پاشەکشـەی یەکـە عێراقییـەکان سـەریهەڵدا٤. ئاشـکرابوو کـە"(ی.ن.ك) ئامادەییەکی تەواوی هەبوو بۆ کـەوتنی کـەرکووك. لـەماوەی رۆژێکـدا نزیکـەی ١٠ هـەزار پێشمەرگە و بەدواشیدا یەکەی پۆلیس لەناوچە جیاجیاکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی لەهـەرێمی کوردستان چوونە شارەکەوە.

هاوکات سەرکردایەتی حزبەکە دەستپێشخەریکرد بە دامەزراندنی بارەگای پرۆسەکانی لە بینـای ئەنجوومەنی شارەوانی و دیاریکردنی سەرۆکەکەی و دەستیشکرا بە دابەشکردنی کارتی "سـەلامەتی هاتوچۆکردن" بەسەر گشت هاوڵاتیانی عیراق لەسەر شێوەی کارتی ئەندامێتی لە (ی.ن.ك)دا ٥.

بەوتەی هوشـیار زێبـاری سـەرکردەی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان چـوونە نێـو کەرکووکـەوە هەنگاوێکی یەکلایەنە بووە لەلایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە ئەمریکاییەکانی بێزارکرد٦.

---

1 - KurdSat TV(BBC Montoring Middle East).2003." Iraq Kurdish PUK TV reports capture of Kirkuk." 10 April(LN).

2- M.orris, H.2003."U.S.Solers Begin to Replace Peshmerge in Kikuk." The Financial Times,12 April:2.

3 -Llyod,H.2003."Kurdish ploy brought early end to looting and violence." The Times,12 Apirl:4.

4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

5-Cockburn.P.2003."The Iraq Conflict: Kurdish Victory Provokes Fears of Turkish. Invasion: The Battle of Kirkuk". The Independent, 11 Apirl:4

لای خۆشـیـەوە مەسـعود بـارزانی سـەرۆکی (پ.د.ك) بێزاربـوونی خـۆی لەپێشـێلکردنی بەرچاوی رێککەوتننامەکە لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان پیشانداو رایگەیاند"ئێمە پابەندبووین و نەچووینەتە ناوەوە تا ناسنامەی کەرکوك نەشێوێت، بەڵام ئەو چوونە ناوەوەیە کـە روویـدا وایلێکردم ترسم لە داهاتووی کەرکوك هەبێت"١.

پێناچێت رێککەوتنێکی روون هەبێت لەنێوان چاودێران لەسەر قـەبارەی تاڵانکـاری و ئـەو توندوتیژییەی هاوکاتی رووخاندنەکە بوو.هەندێك لەرۆژنامەنووسان کە لەو شوێنەدابوون، باس لە"ئاژاوە" و دوو رۆژ لە "تاڵانکارییەکی مەبەستداروپلان بـۆ دارێـژراو دەکـەن" کـە لەسـەر دەستی کەسانی کورد ئەنجامدراون.

هاوکات راپۆرتەکان زیاتر باسیان لەوروژاندنی میلشیا چـەکدارییەکانی سـەر بـە سـەرجەم پێکهاتە نەژادیەکان کردووە کە شارەکەیان تاڵانکردووە، ئەمە جگە لە گۆڕانی"خۆشـی بـۆ تینوێتی نەژادی بۆ خوێن".

لای خۆیەوە وتەبێژی بەرەی تورکمانیی عیراقـی هێـزی پێشـمەرگەی سـەر بـە یـەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی تۆمەتبار کرد بەوەی "کوشتارگە" دەرهەق بە تورکمانی شارەکە ئەنجام دەدات و لەهەمان کاتیشدا "ئەحمەد مرادلی" نوێنەری بەرەکە لەتورکیا ئەندامانی (ی.ن.ك)ی تۆمەتبار کرد بەدەستدرێژی و تاڵانکردنی "تۆماری نفوس و تاپۆو بەڵگەنامەی موڵکـدارێتی، کە بوونی تورکمان لەکەرکوك دەسەلمێنن"٢.بەڵام رێکخراوی چـاودێری مافـەکانی مـرۆڤ کـە نوێنـەرانی لـەو توێژەرانـە بـوون کـە لـەکاتی رووخانـدا لەکـەرکوك بوونیـان هـەبوو،

---

1 - Williams, D.2003."Kirkuk Seize Oil Hub in Norther Iraq." The Washington Post,11 April: A01.

2- رۆژنامەی ئەلحەیات (BBC Montitoring Middle East)،٢٠٠٣. سەرۆکی پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان لـەبارەی تاڵانکاری لەبکوری عێراق و بوونی ئەمریکا، ١٤ نیسان (LN).

3- Vick, k., Vogel.2003."Kurds's Looting Sweeps Across Liberated Kirkuk;U.S. Forces Take Action Late in Day."The Washington Post ,12 April:A23.

4- Daraghi, B.2003."Ethnic tensions theaten hopes for peace in Kirkuk." The Washington Times,13 April: A05.

5- Taylor,C.2003."Euphoria Gives Way to Ethnic Lust." The Ausralian,14April:14.

1-Anatolia.2003."Turkmen Front's Muratli Says PUK Entered Karkuk Disregarding Commitments."10April(World News Connection(WNC).

2- Human Rights Watch.2004."Claims in Conflict: Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq."16(4)(E).August:50.

3- NTV,(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq:"No systematic attacks" against Turkmens in Kirkuk."13 Apirl(LN)

هەڵسەنگاندنێکی وردتریان کردو رایانگەیاند"ئەو سەردەستدرێژیانەی کە چەکدارانی کورد ئەنجامیانداوەوچاوپۆشی لێناکرێت سروشتێکی دیاریکراویان هەبوەو روونیش نییە، کە ئاخۆ رەزامەندی رەسمی سەرانی کوردیان بەدەستهێناوە.

لەراستیدا تەنیا ئاماژە بە چەند کردیەکی کوشتن و دەستدرێژیکردنی تر کراوە، کەرەنگە سەرانی کوردیش_لەژێر گوشاری هاوپەیمانە ئەمریکاییەکانیاندا هەنگاوی کارایان نابێت بۆ ریگرتن لەرووادانی دەستدرێژی فراوانتر کە هێزەکانیان ئەنجامی بدەن١.

ئەوەی مایەی سەرسوڕمانیشە تیمێکی ١٥ کەسی لەچاودێرانی تورکیایی گەیشتنە هەمان دەرئەنجام و لەراپۆرتەکەیاند ئاماژەیان بەوە داوە:"هیچ جۆرە دەستدرێژییەکی پلان بۆداڕێژراو لەدژی تورکمان لەئارادا نەبووە" و تۆماری تاپۆو نفوسیش "لەناونەچوون بەڵام هەندێکیان رووبەڕووی تالآنکاری بوونەتەوە" وژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەش بەفەرمانی جەلال تالەبانی رابەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەشارەکە پاشەکشەیان کردووە٣. کاتێکیش لە ١٢ی نیسان هێزەکانی ئەمریکا لەلیوای ١٧٣ی مجەوقەل چوونە شارەکەوە، کۆتایی بە خراپترین تالآنکاری هات وهێمنییەکی بەئاگا باڵی بەسەر شارەکەدا کێشا.ئەوەبوو هێزەکانی ئەمریکا کە بەرەسمی کۆنترۆڵی شارەکەیان کردبوو، رووبەڕووی ئەرکێکی گرانبوونەوە، کە ئەویش نیوەندگیری بوو لەنێوان لایەنە ناکۆکە خاوەن داواکارییە جیاجیاکاندا، ئەمە جگە لەجیاکردنەوەی نێوان هێزە ئەمنییە شەرعی و ناشەرعییەکان و هەروەها گەشبینییەکی تائاستێك لەرادەبەدەر یش بۆ دامەزراندی "ناوچەی داماڵراو لەچەك"لە کەرکووکدا.

ئەفسەرێکی لیوای ١٧٣ تەنگەتاوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەوردی کورت دەکاتەوە کاتێك کە وتی" ئەوە تەنیا ململانێیە لەپێناو دەسەڵاتداو ناکرێت بکەوینە نێو چنگییەوە"٢.

لەماوەی کەمتر لەهەفتەیەك بارودۆخەی شارەکە ئاسایی بوەوە. لە١٣ی نیساندا رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەراپۆرتێکیدا بلاویکردەوە، هێزە کوردییەکان کۆتاییان بەپاشەکشەکردنیان لەشارەکەدا هێنا.لە١٥ی نیساندا راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بلاویکردەوە، کە نەخۆشخانەکان بەشێوەیەکی ئاسایی کاری خۆیان رایی دەکەن و تەزووی کارەباش بۆ زیاتر

---

2 -Dilanian, K.2003."Playing Diplomat for aDay: AN.J Army Captain out to Secure a Compound on Kurdish Turf Ended up a Man in the Middle." The Philadelphia Inquirer,13 Apirl:A16

لەناوەڕاستی دانیشتوانی شارەکە گەڕێنراوەتەوەو ئاویش بۆشارەکە بەردرایەوە١. لە١٧ی نیساندا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا سەرپەرشتی پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی کرد، کە نوێنەری سەرجەم پێکهاتەکانی شارەکەی لەخۆگرتبوو بۆیارمەتیدانیان لەبەڕێوەبردنی خزمەتگوزاریەکانی شارەکە٢.

لەسایەی نەبوونی داتای باوەڕپێکراوی دانیشتواندا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتی بە تەنیا بژاردەیەك بەست کە لەبەردەمیدا بوو ئەویش پێکهێنانی ئەنجوومەنەکە بوو لە٢٤ ئەندام و هەروەها دابەشکردنی کورسییەکانی ئەو ئەنجوومەنە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر هەر چوار پێکهاتەی سەرەکی شارەکەدا(کوردو تورکمان و عەرەب مەسیحی)٣.

وادیاربوو لانی کەم لەرووکەشدا کەرکوك سەرکەوتوو بوو لە بەدوورگرتنی لەخوێنڕشتنی ئیتنیکی کە زۆرێك بەر لەجەنگ چاوەڕوانیان دەکرد.بەڵام ژێر بەژێر، چەند رووداوێکی نیگەرانکەر بەپێچەوانەی ئەوەوە کەوتنەوە. لە١٤ی نیساندا ئاژانسی هەواڵی خۆرهەڵاتی ناوڕاست بڵاویکردەوە، هێزی پێشمەرگە تورکمانێکی خەڵکی کەرکوکی لەگەڵ منداڵە حەوت ساڵانەکەیدا کوشتووە٤. لەهەمان رۆژدا پێنج عەرەب و سێ کورد لەپاش پێکدادانێکی نێوان هێزە کوردی و عەرەبیەکان لەقەزای حەویجە کە بەمۆڵگەی عەرەبە سوننەکان دادەنرێت لەباشووری خۆرئاوای شاری کەرکوك کوژران٥. لەوسەروبەندەدا رۆژنامەی ئینەتەرناشیوناڵ هیراڵد تربیون لە١٥ی نیساندا بڵاوکرایەوە، کە بەرپرسانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە گوندێکی دەرەوەی داقوق فەرمانیانداوە بەدەرکردنی عەرەبەکان لەناوچەکەدا٦.

لەراستیدا زۆربەی ئەو دینامیکانەی کە دەبوو ئاراستەی داهاتووی کەرکوك دیاری بکەن بەهەفتەیەك لەپاش هەرەسەی شارەکە روونبوونەوە. ئەوەبوو تورکیا خۆی دوورە پەرێزگرت لە دیبەیت(مونازەرە) لەبارەی ئایندەی شارەکەوە، هەروەك رۆژنامەی ئینتەرناشیونال هیراڵد

---

1 -Brayati.2003."Iraq:Kurdish Paper Reports KDP Helping Kirkuk Hospitals to Continue Work."19 April (WNC).

2 -MENA.2003."Calm begins to return to Iraq city of Kirkuk." 19 Apirl(WNC).

3-بێگومان دەزانین کە وشەی مەسیحی ئاماژە نییە بۆ وەسفی ئیتنیکی بەڵام بەگشتی هێما کردن بۆ کلدو ئاشووری و ناوبردنیان بەمەسیحی تەنیا لەبەر ئاسانکارییە.

4 -MENA(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq: Kirkuk Tense After Kurdish Forces Kill Two Turkmens."14 April(WNC).

5-Cockburn ,P.2003."The Iraq Conflct: Tensions Boil Over Between Kurds and Arabs in North." The Independent.14April:4.

6 -Chivers, C.j.2003."Iraqi Arabs are Driven from Homes by Kurds." The International Herald Tribune, 15April:3.

تریبـونیش ئامـاژەی پێـدابوو کـە جـەنگ زۆر لەسـەر سـوپای تورکیـا دەکـەوێت. هـەروەها فەرماندەکانی ئەو سوپایەش، کە بەدرێژایی نیو سەدەیە پەیوەندیـەکی تایبـەت بـە ویلایەتـە یەکگرتوەکانـەوە دەیانبەسـتێتەوە، ئـەو پەیوەندیـەیان لەدەسـت نـەداو بگـرە دەرفـەتی جێپکردنەوەی ستراتیژی خۆیان لەباکووری عیراق مسۆگەرتر کرد ١.

هاوکات هێزی پێشمەرگەی سەر بە (ی.ن.ك) بەئاشکرا ئەوەیڕاگەیاندبوو، کە کەرکوك بۆ تورکیا هێڵی سوورەو نابێت یەکلایەنەو بەژمارەیەکی زۆر بێتە ناو شارەکەوە، دیـارە لـەڕووی پراکتیکیشەوە وەك شێکارێکی ستراتیژی ئاماژە پێدابوو"تورکەکان زۆر دەسـتخەڕۆ بـوون"٢. دواکەوتنی تورکیاش لەسەرەتاوە لەبەرپەرچدانەوەی ئـەو سـنوور بەزاندنـە بەرچـاوەی کـوردی عـیراق کردبوویـان وایکردبـوو لەراسـتگۆیی هـەر هەڕەشـەیەکی تورکیـا کەمبکاتـەوە کـە لەداهاتوودا بیکات.

لەبنەڕەتدا هەرپێشوەخت و زوو تورکیـا توانـای ئـەوەی نـەبوو پـەنا بـۆ تۆقانـدن بـەرێت لەرێگەی بەکارهێنانی چەکەوە تا کاریگەری لەسەر رووداوەکـانی کـەرکوك هـەبێت. دیسـان بژاردەی تورکیا لەنائامادەیی بژاردەکانی تردا- بەکارهێنانی بـەرەی تورکمـانی وەك هێزێکـی نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیەکانی تورکیا و بەرەنگاریبوونەوەی خواستەکانی کورد- بەڤیتۆی پەرلەمانی تورکیا دووچاری گورزێکی کوشندە بوەوە.

بەرپرسانی سەربازی و مەدەنی ئەمریکایی هـەر لەسـەرەتاوە بـەدوو دڵییـەوە مامەڵـەیان لەگەڵ بەرەی تورکمانی دەکرد و پێیان وابوو کە ناتوانێت ببێتە بریکاری بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا٣. هەروەها بانگەوازە دووبارەکـانی بـەرەی تورکمـانیی عیراقـی بـۆ سـوپای تورکیا بۆ دەستتێوەردانی سەربازیی لەپاش هەرەسی راستەوخۆی کـەرکوك و ئـارەزووی ئـەو بەرەیە لە بزواندنی پەنخواردنەوە ئیتنیکییەکان کـە زیـادەڕۆیی بـە بانگەوازەکانیـەوە هـەبوو،

1- Cowell, A.2003." Turkey's Stand Against the War in Iraq Costs it Influence in Region." The International Herald Tribune,19 April:4.

2- Pran." Turkish Offcials Back Away F rom Threats to Invade Northern Iraq." Op.cit

١ - بەواتایەکی وردتر بەرەی تورکمانی درێژکراوەی بەرژەوەندی سیاسەتی دەرەوەی کەرتێکی دیـاریکراوی دەوڵـەتی تـورکی بـوو. هاوکات هێزە تایبەتەکانی تورکیا بەرەی تورکمانی لەسـاڵی ١٩٩٥ دروسـتکردو دواتـر لەلایـەن هێـزە چـەکدارەکانی تورکیـاوە لەئەستۆ گیرا.

نەیانتوانی ئاستی میللی بوونی یاخود ناووناوبانگی وەك هێزێـك کـە کـار لـەپێناو ئـارامی و هێمنی کەرکووکدا دەکات، بەرزبێتەوە.

تەواو دژ بە چانسـی لەبارچـووی تورکیـا، کـورد لەجەنگـدا وەك هێزێکـی هەژمونگـەر لەکەرکووك هاتە دەرەوەو بەو پێیەش کـە تەنیابەشـداربوویەکی نـاوخۆیی بـوون لـە پرۆسـەی "ئازادی عێراق"دا، کورد هاوپەیمانێکی سروشتی هێزەکانی ئـەمریکا بـوون هەربۆیـە لەگـەڵ راوەستانی شەڕو ئەو بارودۆخەی هاتە ئاراوە هێزەکانی ئەمریکا پەنای بۆ بردن.

ئەوەبوو دامەرزاوەی حوکمڕانی لەکەرکووك هەرەسیهێنا هەروەك چۆن لەزۆربەی شـارەکانی تردا ئەوە روویداو بەرپرسانی ئیداری لەبەعسییەکان لەترسی تۆڵە سەندنەوە بە پۆل بەئاراستەی باشوور قوچاندیان.دواتر هێزە کوردییەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و لەگەڵ ئەو ئەزموونەی لەدە ساڵی حوکڕانییان لەهەرێمی کوردستان بەدەستیان هێنابوو پێشڕەوییان کرد و هێزی ئاسایشـی لێوەشاوەو باوەڕپێکراودەستەبەرکراو تەنیا بژاردەی مەنتقیش ئەوەبوو، کە کورد لـەحوکمڕانی شارەکە پێشەنگ بێتو کۆنترۆڵی بکات.هەرچـەندە بەرپرسـانی ئـەمریکایی هـەوڵی زۆریانـدا بۆئەوەی لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کـەرکووك هاوسـەنگ بـن، بـەڵام زیاتر وەك پێویستییەك پشتیان بەکورد دەبەست.

هەروەها ئەو بارودۆخەش کە راستەوخۆ لەپاش جەنگ هاتە ئاراوە دەریخست ئـەو ئەرکـەی کەخراوەتە ئەستۆی نزیکەی دوو هەزار سەرباز لـە لیـوای ١٧٣ ی مجەوقـەل بـۆ ئیـدارەکردنی شارەکەچەندە گران و ئالۆزە.

دیسان جێگیر کردنی لیوای ١٧٣ لەژینگەیەکی نامۆو نـەیار کـە چـەندان گروپـی نـاکۆك بەیەکتری لەخۆگرتووە ئەرکێکی ئاستەمە، لەبەر ئەوەی دەبێت ژیانی ئابووری زیندوبکرێتەوەو سەر لەنوێ کۆڵەکە ماددییەکان و چوارچێوەیەکی سیاسیش لەبنەڕەتـەوە بـۆ شـارەکە بنیـات بنرێتەوە.

لەهەمان کاتدا دەبوو ئەو هێزە جیاوازی بکات لەنێوان دۆست و دوژمن راستی و خەیاڵ لە "گێڕانەوەی تێکئالۆزکاو"ی پێکهاتەکانی شارەکەدا.

دواجار پرسی کەرکووك بەهەموو ئالۆزیەکانیەوە لەگەڵ چرکە ساتی لاوازبـوونی دەسـەڵاتی رژێمی پێشوودا دەرکەوت. ئەو وەسـفەی کـە رائیـد گـرای Major Grey لـەبارەی ململانێـی کەرکووك و سروشتی بارودۆخی شارەکە کردبووی گوزراشتێکی ناوەزابوو کە وتبووی ململانێکە " شتێك لە شەڕە دەمانچەو شەڕە چەقۆو شتێك لەگەمەی شەترەنجی بەرجەستەکراوی تێدایە".

لەراستیدا ململانێ لەسەر داهاتووی کەرکووك فرە ئاستە و جیاجیایە بەڵام کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەیە. لەسەر ئاستی ناوخۆیدا، ململانێ لەسەر کێبڕکێکردنی نێوان هێزە تێکئاڵۆزکاوەکانە بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکە بەواتایەکی وردتریش کورد لەهەوڵی تۆکمەکردنی هەژموونیانن بەسەر ئەو واقیعەی هەیە لەکاتێکدا عەرەب و تورکمان تێدەکۆشن بۆ رێگرتن لە کۆنترۆڵکردنی کوردو دواجاریش داماڵینی لە رەوایەتی. لەسەر ئاستی نیشتمانییش ململانێکە کوردی رووبەڕووی عەرەب کردوەتەوە.

هەروەها هەردو پارتە کوردییەکە هاوهەڵوێست بوون لەبەیاساییکردنی داواکردنەوەی کەرکووك لەدەستووری عیراقیدا.هەڵبەت رێککەوتن لەسەر میکانیزم و چوارچێوەی کاتی بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر رەزامەندی ئەو دوو پارتە بوو لەسەر دەستوور و پشتیوانیکردنیان بۆ ئەو دوو حکومەتەی کە زۆرینە تیایدا عەرەبی شیعە بوون.

لەم کاتەدا زۆرینەی سەرانی سیاسی عەرەب دژی ئەوەن کەرکووك بلکێنرێت بە هەرێمی کوردستانەوە ولەهەوڵی ئەوەشدابوون پەنهانی و ناأوونی ماددە دەستوورییەکانی پەیوەست بەکەرکووك بقۆزنەوە بۆ دواخستنی پرۆسەکەو پەکخستنی و ئەوەش دەچێتە پاڵ ململانێی ناوخۆی و نیشتمانی بۆ کۆنترۆڵکردنی کەرکووك کەئەوەش دوو ئاستی تەواوکەرن لەئاستەکانی شیکردنەوەی —هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتی- کەدەکرێت قورسایی کاریگەریان لەئایندەدا هەبێت.

هەرچی ئاستی هەرێمایەتییە، ململانێی کوردی- کوردی لەنێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەپێناو کۆنترۆڵکردنی شارەکەدا تا هەنووکە ململانێیەکی بێدەنگ و داپۆشراوە، کە لەکاتی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڕەشەی بەرەو هەڵکشان دەکات، لەبەرئەوەی دوور نییە ئەوە کاریگەری بۆ سەر هاوسەنگی ئەو هێزە فشۆڵە هەبێت کە لەگەڵ کۆتایی جەنگدا لەهەرێمی کوردستان هاتوەتە ئاراوە.دیسان رەنگە ئەو ململانێیە روو لەهەڵکشان بکات ئەگەر هاتوو کورد لەبەر هەرهۆیەك بێت کەرکووك لەدەستبدات و هەر پارتێکیش لەهەوڵی ئەوەدابێت ئەویتریان وەك مەڕی قوربانی بەکاربهێنێت. دواجار لەوململانێیەی لەپێناو کەرکووکدا هەیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تورکیا و پاشانیش هەریەك لەئێران و سوریا دەستوەردەدەن.

دیاره هیچ شتێك ئەو سێ دەوڵەتە کۆناکاتەوە جگە لەئەزموونی هاوبەشیان نەبێت لە حوکمکردنی دانیشتوانی کوردی رق لەدڵ و خواستی هاوبەشیان بۆ لەباربردنی خواستەکانی کورد لەباکووری عێراق.

سەرجەم ئەو ئاستانەش بەشێوەیەکی ئۆرگانی پێکەوە گرێدراون سەربای ئەگەری جیاکردنەوەیان بەشێوەیەکی شێکاریانە و کارکردنیش بە بەبەراوردکاریەکەی رائید گرای لەگەڵ رووبەری شەترەنجی خاوەن هەرسێ رەهەند، ئەوا ئەو جوڵانەی لەسەر ئاستێکدا روودەدەن کاریگەرییان دەبێت لە ستراتیژە جۆربەجۆرەکانی سەر ئاستەکانی تر و دەچنە ژێر کاریگەرییەوە.

بۆنموونە هەوڵە رێکخراوەکانی کورد بۆ وەرگێڕانی نفوزی سیاسییان لەسەر ئاستی نیشتمانی بۆ "خاوەنداریێتی" کەرکووك بەشێوەیەکی رەوایانە بووەتە هۆی هەڵکشانی پەنگخواردنەوەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و ئەوەش زیانی بەهەوڵەکانیان داوە بۆ بە شەرعیکردنی فەرمانڕەواییان لەشارەکەدا.

لەوسەروبەندەدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یاریزانێکی سەرەکی بووە لەسەرجەم ئاستەکان سەرباری ئەو مشتومڕەی لەئارادایە لەبارەی ئەوچەند ستراتیژە دوور بەیەکەی لەسەر ئاستە جیاجیاکان پراکتیزەی کردوون.

لەسەر ئاستی ناوخۆیشدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتی زۆری بە کورد بەستووە بەو پێیەی بەتواناترو و باوەڕپێکراوترین هاوپەیمانی بووە لە بنەبڕکردنی یاخیبوونی چەکداری. لەو ئاستەشدا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشکدار بووە لە چەسپاندنی دەسەڵاتی کوردی وەك دیفاکتۆیەك، بەتایبەتیش لەبواری ئاسایشدا. بەڵام هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەسەر ئاستی نیشتیمانی لەو پرسەدا زۆر دوودڵ بووە.

رەنگە"بەدوورگرتنی پرسەکە" گوزراشتێکی شیاوتربێت لەوەسفکردنی ستراتیژی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەو ئاستەدا کە وایکردوە دەستی هەبوبێت لە دواخستنی چارەسەر بەو جۆرەی خزمەت بە بەرژەوەندی کورد بکات. بەڵام چارەسەرکردنی پرس و بارودۆخی کۆتایی کەرکووك ناکرێت بۆ هەمیشەیی دوابخرێت.

سەرەتای ململانێکە

لەسەر ئاستی ناوخۆیدا ململانێ لەپێناو کەرکووکدا کوردی لەبەرامبەر روو بەڕووبوونەوەی عەرەب و تورکماندا دانا. هەرچی بەرپرسانی ئەمریکاشە هەوڵیدا بەجۆرێك لەجۆرەکان لەمامەڵەکردنیان لەگەڵ هەرسێ پێکهاتە سەرەکی شارەکەدا باڵانسێك رابگرن.

لەوسەروبەندەدا پێکهاتەی بچووکی مەسیحی کەژمارەی ئەندامەکانی کەمترە لە ٥٪ی دانیشتوان جگە لە بژاردەی دوورە پەرێزی لەو ململانێیە و مانەوەی لەسەر هەڵوێستی بێلایەنی چیتری لەبەردەمدا نەبوو.

هاوکات لەگەڵ چوونە ناوەوەی ئەمریکاییەکان بۆ ناو شاری کەرکووك لەگەڵ هێزی لیوای ١٧٣ بەفەرماندەیی ولیام مایڤیل (William Mayville) هەوڵیاندا واخۆیان پیشانبدەن کەپارسەنگ راگرو خاوێنن.

ئەوەبوو سەرۆکی شارەوانی کە لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە و رکابەرەکەشی کەلە(پ.د.ك)ەوە دانرابوون لابران. هاوکات فەرمان بۆ هێزی پێشمەرگە دەرکرا کە شارەکە بەجێبهێڵن.

لە١٧ی نیساندا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە لەدوای جەنگ یەکەمین حکومەتی لۆکاڵی(خۆماڵی) لەکەرکووك پێکهێنرا. لیژنەی ئیداری نوێی کەرکووك کە لە(٢٤) ئەندام پێکهاتبوو، هەر(٦) ئەندامێکی سەر بە پێکهاتەیەکی سەرەکی شارەکە بوون لەگەڵ تەرخانکردنی (٦) کورسی بۆ بچووکترین پێکهاتەی شارەکە کە مەسیحییەکان بوون[1].

هەروەها مایڤیل هەوڵیدا هاوسەنگیەکی هاوشێوە لەپۆلیسی شارەکەدا بەدیبهێنێت. لەدیدارێکیدا لەگەڵ گۆڤاری ستارز ئاند سترایپز (Star and Strapes)، ئەو فەرمانده سەربازییەی ئەمریکا دەڵێت" هەرپۆلیسێك لەگشت پێکهاتەکان (عەرەب و ئاشووری وکوردو تورکمان) پێیڕاگەیەنراوە رۆژی دواتر بچێتە سەر کارەکەی. ئەوەبوو ئەوانیش ئەوکارەیان کردو پێکەوە دەست بەکاربوون، رۆژی دواتریش قەبارەی تیمەکە بووە دوو هێندەو رۆژی پاشتریش ژمارەیان زیادیکرد.

زۆرینەی پۆلیس بێچەك بوون و لەزۆر کاتدا بەهەماهەنگی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا کاریان دەکرد[2]. پێکهاتەی هێزە ناچەکدارەکانی پۆلیس بەشێك بوو لە پلانی ئەو دەمەی

---

1 - پێکهاتەی مەسیحی لەکەرکوکدا بەزۆری لە کلدان و ئاشووریەکان پێکدێن و لە٣٪ی دانیشتوانی کەرکوکیش پێکدەهێنن.

2 - Dougherty, K."Army aMayor' Plas for Diversity in Kirkuk's Future." Stars and Stripesm4 May.

نایڤیڵ بەڵام لەکۆتاییدا جێبەجێکردنی مـەحاڵبوو بـۆ گـۆڕینی کـەرکووك بـەرەو ناوچـەیەکی لەچەکداماڵدراو.

بۆ سەلماندنی جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژە بەشێوەیەکی هاوسەنگ هێزەکـانی ئـەمریکا لـە ٢٦ی نیساندا هەڵیانکوتایە سەرەبارەگای سەرجەم بارتە سیاسییە گەورەکان لەوانەش(پ.د.ك و ی.ن.ك) و دەست بەسەردا گرتنی چەکەکانیان.

لەبەرایی ئایاردا خێرایی دەستێوەردانی ئەمریکی بەهەمان شێوە سەرکەوتنی بەدەسـتهێنا لە بەدوور راگرتنی کێشمەکێشێك کە خەریکبوو بۆ رووبەڕوبوونەوەی خوێناوی نێوان عەرەب و کوردە گەڕاوەکان لەنزیك شارۆچکەی مەخموور بگۆڕدرێت. کێشمەکێشـەکە پەیوەنـدی بـەمافی بەروبوومی عەرەبەوە هەبوو کە لەسەر زەوی و زاری کورد کشتوکاڵیان کردبوو.

چارەسەری ئەمریکایەکان لەوەدابوو کەداهاتی فرۆشراوی بەروبوومەکە لـەنێوان عـەرەب و کورددا دابەش بکرێت بەڵام چارەسەرەکانی ئەمریکا لەراگرتنی باڵانس و یەکسـانیکردندا هـەر زوو مایەپوچی پێوەدیاربوو.

ئاژانسی هەواڵی خۆرهەڵاتی ناوڕاست لەراپۆرتی رۆژی ٢٦ی نیساندا ئاماژە بـەوە دەکـات کە" یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان تەواو کۆنترۆڵی سەرجەم بینا حکومەیەکانی لەناوچـەکەدا کردوەو گشت فەرمانبەرە عەرەب و تورکمانەکانیش بەفەرمانبـەری کـوردی گۆڕیون.هـەروەها زانکۆکانی شارەکەش لەپاش گۆڕینی فەرمانبەرەکانی بەفەرمانبەری کورد زیانیان بەرکەوت١.

لەوچوارچێوەیەدا بەرەی تورکمانیی عیراقی کەخاوەن دەنگێکی بلـندە بانگەشـەی ئـەوەی دەکرد کە پارتە کوردییەکان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئـەمریکای فریـوداوە کاتێـك" پیـاوانی میلشیا جل و بەرگی پۆلیسیان پێ لەبەرکراوەو بەسەرجەم جێگاکاندا بڵاویانکردونەتەوە"٢.

بەهـــەمان ئاراســـتە سەرچـــاوەکانی راگەیانـــدنی تورکیـــا بڵاویـــانکردەوە، کـــە نزیکـەی(١٠٠٠)کـەس لـەپیاوانی پۆلیسـی سـەر بـە (ی.ن.ك) ئـەرکی دەورییـە (پـاترۆڵ) لەشارەکەدا دەبینن شان بەشانی هێزەکانی ئەمریکا.

سەرچاوەیەی راگەیاندنی سەر بە (پ.د.ك)یـش کـە رۆژنامـەی برایـەتی بـوو، تەئکیـدی کردەوە کە (١٥٠٠) بەرپرس لەپیاوانی پـۆلیس و چـاودێرانی هاتووچـۆو ئەفسـەری ئاسـایش

1- MENA(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq:U.S.Forces Begin to Disarm Factions in Kirkuk.",26April(LN).

2 -ANSTV(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraqi Turkmen rep says Kurds "seized' state posts in Kirkuk."26 April(LN).

لەهەولێرەوە رەوانەی کەرکووك کراون و ئیدارەی پێشووی شارەکەش لەسەروبەندی هەڵوەشاندنەوەدایە١. بەپێی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لەسەرەتای ئایارەوە نزیکەی (٣٠٠) پۆلیسی شارەکە لەکۆی (٥٠٠) پۆلیس هەموویان لەکوردن و هاوکاتیش کەرتی راگەیاندنی شارەکە لەلایەن کوردەوە کۆنترۆڵکراوە بەتایبەتیش لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە.

لەسەرەتای ئایاردا تەلەفیزیۆنی کەرکووك کە لەلایەن ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرا بەرنامەکانی خۆی بەهەرچوار زمانی شارەکە پەخشدەکرد و هەرچی بەرەی تورکمانیشە تۆڕێکی رادیۆی و تەلەڤیزیۆنی تایبەت بەخۆی دامەزراند، بەڵام پەیامنێرانی مەیدانی لەرۆژنامەی کریستیانساینس مۆنیتەر ئاماژەیان بەوەدا کە سەرجەم کەناڵەکانی رادیۆو تەلەڤیزیۆن و رۆژنامەکانی کەرکووك لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە کۆمەکی دارایی دەکرێن و بۆ ئەوەمەبەستەش ئەو پارەتە سەرمایەی خۆی لە پایتەختەکەیەوە کە سلێمانییە دابەش دەکات٢.

باڵا دەستی کورد لەشارەکەدا بێ هاوتابوو هەرچی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بوو دەستەوەستان بوو بۆ رێگیکردن بەواتایەکی ساکارتر کورد خاوەنی ئەزموون بوو بەبەراورد بە ێکهاتەکانی دیکەی شارەکە. هەرچەندە لەسەرەتادا لێپرسراوانی ئەمریکی هەڵوێستێکی لایەنگرانەیان بۆ کورد نەبوو بەڵام وادیاربوو ئەوە بۆچوونی ێکهاتەکانی تر نەبوو(بەتایبەتیش بەرەی تورکمانیی عیراقی) لەشارەکەدا، لەبەرئەوە لەدوای جەنگ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پشتی بە پرانسیپی نوێنەرایەتی کردن لەسەر بناغەی تەواو یەکسانی نێوان پێکهاتەکانی شارەکە بەست لەدابەشکردنی کورسیەکانی حکومەتە لۆکاڵیەکەدا.

بەرەی تورکمانی وایان لەو پلانە دەڕوانی کە بەڵگەی لایەنگرێتییە بۆ کورد چونکە دانیشتوانی تورکمان لەشارەکەدا ژمارەیان لەکورد زیاترە بەڵام بەلانی کەم ئەوە تەنیا لەدیدی بەرەوە بوو. دواتر بارودۆخەکە بەدابەشبوونی ریزەکانی پێکهاتەی تورکمانی ئاڵۆزتر بوو. ئەوەبوو لەسەرەتادا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (٦) کورسی بۆ تورکمان لەلیژنەی کەرکووك بۆ بەرەی ناوبراو تەرخانکردبوو بەڵام دوای سکاڵای رێکخستنەکانی تری تورکمانەکانی تر هەروەك راپۆرتەکان ئاماژەیان پێکردبوو، ویلایەتە یەکرگتوەکانی ئەمریکا (٥) ئەندامی لیژنە شەش کەسیەکەی لەتورکمانەکانی سەر بەبەرەی ناوبراو گۆڕی بەنوێنەرانی پارتە تورکمانیەکانی تر

---

1 -Brayati (BBC M onitoring Middle East).2003."Iraqi Kurdish police sent to Maintain security in Kirkuk."27April(LN).

2 - Pusher,I.R.2003."Free Media Blosson in Iraqi City." The Christian Science Monitor ,29April(LN).

کە پەیوەندی تۆکمەیان بە کوردەوە هەبوو١. دەرئەنجامی ئەو کارەش بەرەی تورکمـانی ڕێنمـایی بـۆ تەنیا ئەندامەکەی خۆی لەلیژنەکەدا دەکرد کە بایکۆتی کۆبوونەکان بکات و ئـەمریکاش لەلایـەن خۆیەوە بە ئێکجارەکی ئەو ئەندامەی بەرەی تورکمانی لەلیژنەکە دەکرد.

حوکمڕانی کەرکووك

کاتێـك ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا لـەکۆتایی ئـادارا دەسـتیکرد بـەئامادەکاری "هەڵبـژاردن"ی ئەنجوومـەنی نوێنەرایـەتیکردن کـە پـتر گـەرموگۆڕی لـەخۆگرتبوو، مشـتومڕی هاوشێوەی بەدواوە بوو.

ئەفسەرێکی ئەمریکایی کە بەرپرسی ڕێکخستنی ئەو پرۆسە سەختەبوو کە کـەوتبووە ئەسـتۆی وڵاتەکەی زۆر بە کورتی و پوختی رایگەیاند: بەمدواییانەدا هیچ سەر ژمێرێکـی ورد ڕێکنـەخراوە و لەبەرامبەر تەعریبکردنی حزبی بەعسیشدا بۆ ناوچەکە وتی: ئەوەی کۆنترۆڵی هەرچـییەك بکـات و زۆرینەی دانیشتوانی پێکهاتە فرە نەژادەکانی کەرکووکیش هەرکێیەك بێت ئەوە بۆخـۆی فیشـەك نانە بەتاریکییەوە، چونکە پرسەکە تەنیا لە دیدی سەرژمێرییەوە مەسەلەیەکە تیایـدا رادەمێنیـت خـۆ ئەگـەر شتێکیشـمان لـەکاری توندوتیـژی تایـەفی و رق و کینـەی ئیتنیکـی و زۆرێـك لەنامتمانەیشمان خستە پاڵ ئەوا پرسەکە ڕەهەندی زلکردن وەردەگرێت٢. ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمریکا هەڵبژاردنی ناراستەوخۆی دیاریکرد بۆ هەڵبژاردنی (١٥٦) نوێنەر کەنوێنەرایەتی هەرچـوار پێکهاتە ئیتنیکیەکەی دەکرد لەگەڵ هەڵبژاردنی (١٤٤) نوێنەری تر(ئەویش دیسان لەهەڵبـژاردنی سوپای ئەمریکا بوون) تا نوێنەرایەتی " سەربەخۆکان" بکەن.

کۆی ئەو (٣٠٠) نوێنەرە لەرێگەیەکی زانستییەوە نەبوو کە ژمارەیـان لـەو هۆڵـەدا جێگـەیان نەدەبوەوە کە پرۆسەی دەنگدانەکەی تێدا ئەنجام دەدرا. لەدوای هەڵبژاردنیش نوێنەرایـەتی پێکهاتـە جیاجیاکان کە لە(٦) نوێنەری هەرپێکهاتەیەك بوون، ئەمە جگـە لـە هەڵبـژاردنی (٦) ئەنـدامیتر وەك نوێنەرایەتی سەربەخۆکان دیاری دەکران. ئامانجیش لـەوە ئـەوەبوو، کـە پرۆسـەکە فـۆرمێکی تەوافوقی وەربگرێت و لەگەڵ ئەو سیستمەدا بێتـەوە کـە لەهەڵبـژاردنی ئەنجوومـەنی نوێنەرایـەتی موسڵ لەسەرەتای ئایاردا پشتی پێبەسترابوو.

---

1 -Jamawar(BBC M onitoring Middle East).2003."Iraqi Turkmen Front Reportedly Excluded from Kirkuk Administrstion."29April(LN).

2 -Quoted from Sgt,1st Class Todd Oliver,"Election Process,"173rd Airborde brigade Iraq stories.(www.173raairborne. Com/Iraq-stories.htm

ئەو سیستەمەی کە لەموسڵ جێبەجێکرابوو بەمۆدێلێکی گونجاو بۆ کەرکوک دادەنرا، لەبەرئەوەی ئەوەی لەو ئەنجوومەنەوە سەرچاوەی گرتبوو لەلای پێکهاتە ئیتنیکییە جیاجیاکانی موسڵ مایەی پەسەندکردن بوو١.

هەڵبژاردنی راستەوخۆی ئەنجوومەنەکە لەکەرکوك لەڕووی لۆجستی و لە وەهلومەرجەی کە ئەو دەم لەئارادابوو دژواربوو، لەکاتێکدا ئەو دەستەیەی تەواو دروستکراوی ئەمریکا بوو ئەوەندە شەعبیەتی سیاسی نەبوو کە رەنگبوو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا روو بەڕووی تۆمەتبارکردن بکاتەوە لەدیاریکردنی کەسەکان و ئەوپێکهاتانەی کە ئینتیمایان بۆیان هەبوو.

لەبەرئەوە ئە سیستەمە لەوکاەدا لەبارتربوو تا جێبەجێ بکرێت و ئامانجیش لەدانانی کەسە سەربەخۆکان لەئەنجوومەنی نوێنەران " ئەو پرۆفیشناڵانە بوون کە بیرکردنەوەیان دوورتر بوو لە ناسنامەی ئیتنیکی و سیاسی ئەو کاتەی کە تیایدا بوون"٢. سەرباری ئەو سیستەمەی کە لەکەرکووکدا پەیڕەودەکرا، چارەسەرێکی تەوافوقی شیاو بوو بۆ پڕکردنەوەیەکی پێویست ئەگەر نا ئەوا هەرلەسەرەتاوەمشتومڕ دەهاتە ئاراوە.بۆ نموونە لەرۆژی ٢٤ی ئایاردا کە رۆژی دەنگدان بوو (٥) ئەندامی وەفدی عەرەبی لەدەوازەی هۆڵەکە دەستگیرکران ئەویش لەسەر بنەمای زانیاری ئەوەی کە ئەو کەسانە سەرجەمیان لەگەورە بەرپرسانی حزبی بەعسن.

هەروەها نوێنەرانی تورکمانیش گلەیی ئەوەیان دەکرد کەهیچ کەسێك لەنێونوێنەرە سەربەخۆکاندا نوێنەرایەتیان ناکات بەڵکو دوو کەسیش لەوان لەهۆڵەکە دەرکران.

هاوکات هەڵبژاردنی هەرشەش ئەندامە سەربەخۆکە _ پێنج کوردو مەسیحییەك- مەسەلەیەکی ناکۆکبوو، چونکە بەوە ژمارەی کورد لەنێو ئەنجوومەنەکەدا بووە(١١) ئەندام و ژمارەی مەسیحییەکانیش بوونە (٧)ئەندام و هەروەها عەرەب(٦) ئەندام و تورکمانیش (٦) ئەندام.

لەنوێنەرە سەربەخۆکان (٥) یان کوردبوون و هیچ جۆرە ئینیتمایەکیان بۆ هەردو حزبەسەرەکیەکەی کورد نەبوو، بەڵام بێگومان نوێنەرانی تورکمان و عەرەب وایاندەڕوانی

١- زۆرینەی سوننەی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا، عەرەبێکیان هەڵبژارد کە ئەفسەرێکی خانە نشینکراو بوو(غانم البصو) بۆپۆستی پارێزگار لەگەڵ جێگرە کوردەکەی(خەسرەو گۆران) کە سەر بە (پ.د.ك) بوو، هەروەها هەڵبژاردنی ئاشووری و تورکمانێك وەك دوو یاریدەدەری پارێزگار. بەڵام جیاوازی نێوان موسڵ و کەرکوك ئەوەیە لەموسڵ ململانێ نییە لەسەر ئەوەی کام پێکهاتە زۆرینەیە بەڵام لەکەرکوك ململانێیەکی گران لەسەر ئەو پرسە هەیە.

2 - ئۆلیڤەر، هەمان سەرچاوە.

کەهەڵبژاردنی ئەو کوردانە بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنەکە بەواتای پشتیوانی روونی ئەمریکایی بۆ بەرژەوەندی کورد.

هاوکات تورکمان بێزاری خۆیان پیشاندا لەبەرئەوەی دوو ئەندام لەو شەش ئەندامەی هەڵبژێردرابوون بەوەناسرابوو کە پەیوەندیەکی پتەویان بە(ی.ن.ك) ەوە هەیە. لەوەڵامدانەوەی هەموو ئەوانەدا هەردو وەفدی تورکمانی و عەرەبی بایکۆتی دەنگدانی هەڵبژاردنی پارێزگاریان کرد، کەبڕیاربوو لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکە ئەنجامبدرێت.

بەپێی سەرچاوەیەکی راگەیاندنیش بارودۆخەکە بەرەو نائۆقرەیی چوەو داوا لەمیجەر ژەنەراڵ ریمۆند ئۆدێرنۆ Major General Ramond Odierno کراوە کە سەرپەرشتی دەنگدانەکەی دەکرد دەست لەمەسەلەکە وەربدات و سەرلەنوێ چاو بە هەڵبژاردنەوەی ئەندامە سەربەخۆکاندا بخشێنێتەوە ۱.

لەدوای پاشەکشەی هەرسێ کاندیدی عەرەبەکان بۆ پڕکردنەوەی پۆستی پارێزگار کێبڕکێ کەوتە نێوان (عەبدولڕەحمان مستەفا) کۆنە پارێزەر وکاندیدی سەربەخۆی کورد و (مستەفا کەماڵ یایجلی)، کاندیدی بەرەی تورکمانی.

هاوکات کێبڕکێ بۆ پۆستی جێگری پارێزگار کەتە نێوان (ئیسماعیل حەدیدی) کاندیدی سەرەبەخۆی عەرەبەکان کە سەر بنەماڵەیەکی دێرینی عەرەبی کەرکووك بوو لەگەڵ دوو کاندیدی تورکمانەکان کە ئەوانیش هەریەك لە(تەحسین کەهیە) سەرۆکی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی و (عەلی مەهدی) پاڵێورای بەرەی تورکمانی بوون۲.

لە۲۸ی ئایاردا ئەنجوومەنەکە بەئەندامێتی (۳۰)کەس و بەزۆرینەی (۲۰)ئەندام دەنگیان بۆ (عەبدولڕەحمان مستەفا)دا بۆ ئەوەی ببێتە پارێزگارو لەهەمان کاتیشدا (ئیسماعیل حەدیدی) بۆ پۆستی جێگری پارێزگار هەڵبژێردرا. هاوکات (۳) یاریدەدەر بۆ پارێزگار دیاریکران کە ئەوانیش هەریەك لە(حەسیب رۆژبەیانی) بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی نیشتەجێکردنەوەی کۆچپێکراوان و (عیرفان کەرکووکی) لەتورکمانەکان بۆ سەرپەرشتیکردنی ریشەکێشکردنی بەعس و (سەرگۆن لازار) لەمەسیحییەکان بۆ رێکخستنی کاروباری پارێزگار.

---

1 -Meixler, L. 2003."Ethnic Tensions Flare in New council." The Gazette, 26 May:A17.

۲- روو بەڕوبوونەوەی هەردو کاندیدی تورکمانەکان کە یەکێکیان شیعەو ئەویتریشیان سوننەو سەر بە بەرەی تورکمانی خاوەن زۆرینەی سوننی بوو، ئاماژەیەکی پێشوەخت بوو بۆ ئەو تەنگو چەڵەمانەی کە بەرۆکی بەرەی دەگرت لەوەی بەردەوام خۆی بەتەنیا نوێنەری پێکهاتەی تورکمانی کەرکوك بزانێت.

بو شێوەیە تائاستێك پێکهاتەی ئیتنیکی ئەنجوومەنەکەو پێکهاتەی تیمە دەسەڵاتدراەکەی هاوسەنگی پێوە دیاربوو. کورد لەئەنجوومەنەکەدا گەورەترین کوتلە بوون کە (١١)کورسیان هەبوو بێئەوەی ببنە زۆرینە، لەبەرئەوە پێویست بوو لەسەریان هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنەکانی تر ببەستن بۆ زامنکردنی رازیبوون لەسەر رێکارەکانی ئەنجوومەنەکە.

هەرچەندە هەڵبژاردنی پارێزگارێکی سەربەخۆوجێگرە عەرەبەکەی و یاریدەدەرەکانی لەکوردو تورکمان و مەسیحی نوێنەرایەتی پێکهاتەی ئیتنیکی کەرکوکیان دەکرد بەڵام پرۆسەکەو دەرئەنجامەکانی کاردانەوەیەکی دژواری لای سەرانی سیاسی عەرەب و تورکمان لێکەتەوە.

(وەسفی عاسی عوبێدی) سەرۆکی کوتلەی عەرەبی لەئەنجوومەنەکە گلەیی ئەوەیدەکرد " تەنیا گرفتی ئیمە لەگەڵ دەرئەنجامەکەدا ئەوەیە کە پێشوەخت لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە بڕیاری لەسەردراوە١".

هاوکات وتەبێژی بەرەی تورکمانی رەخنەی لەئەنجامی دەنگدانەکە گرت و بەناخاوێن وەسفیکرد و هەمان هەڵوێستی (عاسی)دووبارە کردەوە، کە ئەنجامەکان پێشوەخت زانراوبووە کە لیژنەکە بەئەندامێتی (٣٠)کەس و هەڵبژاردنی پارێزگاری نوێ و بوونی (٢٠)کورد دەکەوێتەوە٢. ئاماژەدان بەبوونی(٢٠) کورد لەئەندامێتی ئەنجوومەنەکەدا ببوە بەشێك لە سکاڵای بەرەی تورکمانی بەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی مەنهەجی بەلای بەرژەوەندی کورددا دەیشکێنێتەوە لەکاتێکدا وەك ئاشکرابوو ژمارەکان تەواو لەجێی خۆیاندا نەبوون٣. بەڵام بەگشتی سکاڵای بەرەی تورکمانی لەخراپبوونی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی لەئەنجوومەنەکەو پەراوێزخستنی لەدەزگای جێبەجیکردندا هەروا بێ پاساو نەبوو. تەنیا کەسێك تورکمانی کە لەپۆستی جێبەجێکردندا بوو (عیرفان کەرکووکی) ی سەرکردەی پارتی گەلی تورکمانی بوو کە پەیوەندیەکی بەهێزی بە(ی.ن.ك)ەوە هەبوو.

---

1 - Clover, C. 2003."Kurds Win Back Control of Kirkuk After Local Elections ." The financial Times, 29 May : 11.

2 - MENA (BBC Monitoring Middle East) .2003. " Iraqi Turkmens Refuse to Recognize Kirkuk Election." 29 May (LN).

3 - لەراستیدا هەر بیست ئەندامی ئەنجوومەنەکە بۆ بەرژەوەندی کاندیدەکەی کورد دەنگیاندا ، کە یانزەیان کوردو حەتیان مەسیحی و دووانەکەی تریشیان مەسیحی بوون.

عیرفان کەرکووکی بەو پێیەی داکۆکیکاری بەردەوامبوو لەهەڵوێستی کورد لەدژی هەڵمەتەکانی بەرەی تورکمانی، بەرەی ناوبراو پییوابوو کە عیرفان کەرکووکی دەنگێکی (ناڕەوا) یەو ناکرێت بەناوی تورکمانەوە قسەبکات.

بەهەمان شێوە ئسماعیل حەدیدی جێگری پارێزگار کەسێکی کورد نەبوو بەڵکو بەرەگەز عەرەب و سەر بەیەکێك لەخێزانە عەرەبە دێرینەکانی کەرکووك بوو بەڵام ناسراوبوو بەوەی پشتیوانی لە هەوڵەکانی نەهێشتنی ئاسەواری سیاسەتی تەعریب دەکرد کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە پراکتیزە کرابوو.

لەبەر ئەوەی کورد لەپرۆسەکەدا بەبراوەیی هاتنە دەرەوەو بوونە خاوەنی کوتلەیەکی گەورە کە کۆنترۆڵی ژمارەیەك کورسیان لەئەنجوومەنی پارێزگاکەدا کردو نەیاری سەرەکیان لەکەرکووکدا کە خۆی لەبەرەی تورکمانیدا دەبینییەوە بەتەواوی پەراوێزخران.

ئەوەبوو پۆستە حکومییە هەستیارەکان لەلایەن کوردەوە یاخود لەلایەن پێکهاتە ئیتنیکیەکانی ترەوە بەڕێوەدەبران کە هەڵوێستی دیارو هەوادارییان بۆ کورد بەگشتی هەبوو یاخود بەلانی کەمەوە دژی کورد نەبوون.

لەروانگەیەکی فراوانترەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان واتایەکی رەمزی گەورەتری بۆ بایەخی پرۆسەکە هەبوو، لەگەڵ زیادەرۆیی نەکردن لەرۆڵی رەمزەکان لەسیاقی پرسی کەرکووکدا ئەوا کورد لەم ساتەوەختەوە کۆنترۆڵی کەرکووکیان کرد پاش ئەوەی زۆربەی پۆستە ئیداری و پێگە سیاسیەکانیان لەشارەکەدا کەوتە دەست.

بەم واتایەش شاری کەرکووك وەك دیفاکتۆیەك شارێکی (کوردی)یە نەك تورکمانی و عەرەبی، بەڵام نەپارێزگارو نە ئەنجوومەنەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ مومارەسەی دەسەڵاتی خۆیان نەدەکرد لەسەر ئاستی بڕیارداندا.

هەروەك میجەر ژەنەراڵ ئۆدێرنۆ لەرۆژی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکەدا بۆ نوێنەرەکانی روونکردەوە : سوپای ئەمریکا پارێزگاری لەمافی خۆی دەکات لەبەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەدژی کاندیدەکان و گۆشەگیرکردنی هەر ئەندامێکی هەڵبژێردراو و رەتکردنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکە[1].

١- لەگەڵ بوونی ٢٥٠٠ سەربازی ئەمریکایی، ویلایەتە یەکگرتوەکان زۆر بەگران خۆی بە باڵادەست دەزانی لە شارەکەدا.ئەوەبوو واشنتۆن پشتی تەواوی بە هێزە ئەمنیەکانی ناوخۆیی دەبەست بەتایبەتیش هێزی هەردو پارتە کوردییەکە و بەتەنیاش هیچی پێنەدەکرا و کوردیش زۆر پێویستی بە ئەمریکا بوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکانی لەو شارەو لەعێراقدا.

هاوکات ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی باج وەرگرتنی نەبوو بەڵکو دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەبوو لەتەرخانکردنی سەرچاوە ماڵییەکان کە لەبەردەستدابوون.

ئەوەبوو بەشی زۆری ئەو سەرچاوە داراییانە لەدوو سەرچاوەوە دەهاتن کە ئەوانیش پرۆگرامی وەڵامدانەوەی باری نائاسایی Commandres Emergency Response Program (CERP) و هەردو پارتە سەرەکیەکەی کورد کەهەریەکەیان پارەیان دەبەخشییە پرۆژەکانی ژێرخان و موچەی کارمەندانی کوردیان لەشارەکەدا دەدا.

بێتوانایی ئەنجوومەنەکە شتێکی حەتمی بوو چونکە ئامانجی سەرەکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەدروستکردنی ئەو ئەنجوومەنەدا بۆ ئیدارەکردنی کارای شارەکە نەبوو بەڵکو بۆ نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتە ئیتنیکیە تێکئاڵۆزکاوەکەی شارەکە بوو بۆ بلاوکردنەوەی ئارامی کە لەدوای جەنگ لەبەردەم ئەگەرەکانی تەقاندنەوەدا بوو.

هەرچەندە کورد لەو پشت بەیەکتر بەستنە بەسوود بوون بەڵام بەڵگەی ئەوە لەئارادا نییە کە سوپای ئەمریکا وەك بژاردەیەکی ستراتیژی پشتیوانی لەکورد کردبێت لەسەر حسابی پێکهاتەکانی تر.

بۆنموونە کۆمپانیای نەوتی باکوور هەر بەدەست بەڕێوەبەرانی دێرینی عەرەبەوە بوو سەرباری نارەزایی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. هاوکات ویلایەتە یەکگرتوەکان سوور بوو لەسەر ئیدارەکردنی کێشەی موڵکداریێتی و گەڕانەوەی کوردە راگوازراوەکان لەسەر بنەمای یاسایی . بەدوور لە پرۆسەی سیاسیش بۆ چەند جارێك سوپای ئەمریکا چالاکانە و لەچەند بۆنەیەکدا پارێزگاری لەدانیشتوانی عەرەب کرد کە بەشێوەیەکی نایاساییانە لەسەر زەوی و موڵکی خۆیان لەلایەن کوردە گەڕاوەکانەوە دەرکرابوون.

حوكمڕانی عێراق

لەسەر ئاستی نیشتمانی ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا روو بـەڕووی کێشـەگەلێکی هاوشێوەبووەوە بەڵام بەشێوەیەکی فراونتر. ئەوەبوو بەغدا راستەوخۆ لەپاش جـەنگ رووبـەڕووی تالآنکاریەکی فراوان بووەوە و شوێنەواری دەزگای دەسەڵاتداری لەناوچوو.

هــەروەها ژێرخــانی شــارەکە لەژێرکاریگــەری هەڵمەتــەکانی بۆردومــانکردن و(١٠) ســاڵ لەسزاکان و دیسان تالآنکاری فراواندا دارِماو هیچ پلانێکی ئاشکراش نـەبوو بـۆ مامەڵـەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە کێشانەدا٠

لەسەر ئاستی حوکمڕانیش وەزارەتـی بـەرگری ئـەمریکا" پـەنتاگۆن" لەپەردەپۆشـکردنی داگیرکارییەکەی پشتی بە عێراقییەکانی تاراوگە بەست بۆحکومەتی ئینتیقالی.

بڕیاریشبوو " ئەنجوومەنی سەرکردایەتی " لە(٧) سەرکردەی سیاسیی عێراقی بەرچاو دابمـەزرێت، کە بە"گروپی حەوت" ناونراو ئەرکێکی گرنگی پێڕاسپێردرا بۆ پاش رووخاندنی رژێمی بەغداد.

بەڵام بانگکردنەوەی ژەنەراڵ جای گارنەر Genral Jay Garner ودامەزرانـدنی پـۆل بریمـەر Paul Bremer لەپۆستی حاکمی مەدەنی لـەبری گارنـەر لـەئایاری ٢٠٠٣دا ئاماژەیـەك بـوو بۆگـۆڕانی ریشەیی لەکاروان و فەلسـەفەی داگیرکاریـدا. بەپێچـەوانەی گارنـەریش کـە ئـەرکی سەرپەرشـتی رادەستکردنەوەی دەسـتبەجێی دەسـەڵات بـوو بـۆ دەسـت عێراقییـەکان وەك زەمینەسـازییەك بـۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکالەماوەی شەش مانگـدا، ئـەوا ئامـانجی بریمـەر زۆر لـەوەزیاتر بـوو، کەئەوەش هەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق و سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەو سـوپایەو ریشەکێشـکردنی بەعسی لەهەڵمەتێکی گشتگیردا لەخۆگرتبوو، ئەمە جگە لەگۆڕینی ئابووری عـیراق بـۆ ئـابووری بازاڕی ئازادو هەڵبژاردنی دامەزراوەیەکی حوکمڕانی فراوانترو بەردەوامتر.

دەرئـەنجامی ئـەو پەرەسـەندنەش لـە١٣ی تـەمووزدا بـەڕەسمی ئەنجوومـەنی حـوکمڕانی پێکهێنــرا. هاوکــات وەك خواســتی ئاشــکرای بریمــەریش کــەخۆی لەکۆکردنــەوەی ســەرجەم پێکهاتەکانی گەلی عێراقدا دەبینییـەوە، ئەنجوومـەنی حـوکمڕانی (٣٠) ئەنـدامی عـەرەبی شیعە(تێکەڵەیەك لەعەلمانی وئایندارەکان) و (٥) عەرەبی سـوننەو (٥)کـورد و (١) تورکمـان و(١) مەسیحی لەخۆگرتبوو، کە ئەوەش رەنگدانەوەی خەملاندنی باوی خۆرئاوابوو سـەبارەت

بە قەبارەی ژمارەیی پێکهاتەکانی دانیشتوانی عێراق نەك خەملاندنی پێکهاتـەکان خۆیـان١.
لەسەر ئەوبناغـەیەش هەڵوێستی بەڵێنداریێتی بەرەی تورکمانی سەبارەت بەوەی کـە تورکمـان لە١٠- ١٥٪ی دانیشتوانی عێراق پێکدەهێنن لەلایـەن ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکاوە لەقۆناغێکی پێشوەختدا رەتکرایەوە٢.

وەك دامەزراوەیـەکی دەسـەڵاتداریش ئەنجوومـەنی حـوکمڕانی دەسـتەیەکی بێواتـاو بـێ دەسەڵاتبوو، بەڵام لەسیاقی پرسی کەرکووکدا ئەنجوومەنەکە لەبەردەم دوو هۆکاری گرنگدابوو. یەکەمیان ئەوەبوو کە دەخوازرا ئەندامانی ئەنجوومەنی حوکمڕانی رۆڵێکی کاریگەریان هـەبێت لەئامادەکردنی دەستووری کاتی عیراق و بە(٥) ئەندامیش لەئەنجوومەنەکەدا کورد پێگەیـەکی بەهێزی هەبوو بۆ زامنکردنی پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان لەو بەڵگەنامەیەدا.

دووەم، کاردانەوەی سەرانی سیاسی تورکمان لەسەر ئەوەی کەتەنیا یەك کورسـیان هـەبوو لەئەنجوومەنی حوکمڕانیدا رووناکی خستە سەر لایەنـە ئاشـکراکانی ئـەو هەڵوێسـتەی، کـە تورکمان هەیبوو لەبەرامبەر مەسەلەی ئیتنیکی و تایەفی و وێناکردنیان بۆ ئەو پرسە.

ئەوەبوو کاردانەوەی سـەرانی سیاسـی تورکمـان بەگشـتی جۆرێـك لـەواقوڕمان و تووڕەبـوونی پێوەدیاربوو لەبەرامبەر ئەو پشکەی لەئەنجوومەنەکەدا بۆ تورکمان تەرخانکرابوو، ئەمـە جگـە لـە ناسنامەی ئەو ئەندامە تورکمانـەی کـەدیاریکرابوو. ئـەوەبوو (ئایـدن بـەیاتلی) ئەنـدامی لیژنـەی راپەڕاندنی بەرەی تورکمانی رایگەیانـد: کەتووشـی شـۆك بـووە لەبەرامبـەر بڕیـاری تـەرخانکردنی (١)کورسی و ئاماژەی بەوەشکرد کە"دانیشتوانی تورکمان هێنـدەی ژمـارەی دانیشـتوانی کـوردن، لەبەرئەوە پێویستە تورکمانیش ئەوەندەی نوێنەرانی کورد نوێنەریان لەئەنجوومەنەکەدا هەبێت٣.

---

1 - Bremer, L.P. III (with Michael McConnell). 2006.May Year in Iraq: The Struggle to Build a Future of Hope . New York : Simon and Schuster, especially Chapter 4.

٢- لەبیرەوەرییەکانی بریمەردا بیرۆکەیەکی ئاشکراو روون پێشکەش دەکـات سـەبارەت بەبایـەخ پێنـەدانی ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئەمریکا بەتورکمان. سەرباری بانگەشەکانی بریمەر لەچەند بۆنەیەکدا لەبارەی ئەوەی سەرکردایەتی ئەنجومەنی حوکمڕانی سەرکردایەتیەکی نوێنەرایەتیانە نەبووە چـونکە نوێنـەرانی تورکمـان و مەسیحی و ژنانی لەخۆنەگرتوە.دیارە لەگەڵ بوونی سونگیول چاپوك وەك تەنیا نوێنەری تورکمـان لەئەنجوومەنەکـەدا بـەڵام لەلایـەن بریمەرەوە تەنیا بۆ جارێکیش لەدەقەکەدا ناوی نەهێناوە.

3 - Anatolia (BBC Monitoring Middle East). 2003. " Turkey : Turkmen Party Official Snubs U.S. on Election of Iraqi Governing Council. " 16 July (LN).

لەمیانەی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییەش کە لەمانگی ئاب لەشاری بەغداد بەڕێوەچوو بەرەی تورکمانی لەبەیاننامەیەکدا کەئاراستەی پۆل بریمەری کرد، تیایدا رایگەیاند: ژمارەی تورکمان "کەهەر لەناوچەی تەلەعفەرەوە دەستپێدەکات و بەباشووری خۆرهەڵاتی بەغداد کۆتایی دێت زیاتر لە (٣) ملیۆن کەسن".

بۆیەعەدالەت وادەخوازێت ژمارەی نوێنەرانی تورکمان لەئەنجوومەنەکەدا لە(٣) ئەندامی تورکمان کەمتر نەبێت و هەروەها ژمارەیەك وەزیریش لەسیاسییە ناودارەکانی تورکمان هەڵبژێردرێت، کەلەگەڵ رێژەی دانیشتواندا بێتەوە١.

بڕیاری هەڵبژاردنی "سونگیول چاپوك" وەك نوێنەری تورکمان لەلایەن پۆل بریمەر، نارەزایی بەرپرسانی بەرەی تورکمانیی عیراقی لێکەوتەوە.

چاپوك ئەندازیاری مەدەنی، ژنە تورکمانێکی سوننی خەڵکی رەسەنی کەرکووك بوو، کە کاری مامۆستایشی کردبوو. ئەو وەك وەرگێڕێك کاری بۆ دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی لەکەرکووکدا کردبوو، هەربۆیە سەرنجی ئەو دەسەڵاتەی بۆلای خۆی راکێشابوو.

هەڵبەتە تەنیا ئەزموونی سیاسی چاپوك کەشایەنی باسکردن بووبێت ئەوەیە، کە سەرۆکایەتی رێکخراوێکی ژنانەی عێراقی کرد، ئەوەش ئەو باگڕاوندە بوو کە بریمەر بەدیاریکراوی بەشوێنیدا دەگەڕا بۆ ئەوەی " سیمای عێراقی نوێ " پێشکەش بکات، بەڵام چاپوك نەیتوانی شەعبیەت لەنێو زۆرینەی سەرکردە سیاسیەکانی تورکماندا بۆخۆی مسۆگەربکات.

لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیشدا"سنان ئەحمەد ئاغا" سەرکردەی بەرەی تورکمانی بێزاری خۆی لەبەرامبەر دامەزراندنی چاپوك پیشانداو وەسفێکی سەیری ئەو ژنەی کرد بەوەی " هونەرمەندێکی گەورەیەو هیچ پەیوەندیەکی بەسیاسەتەوە نییەو رۆژێك لەرۆژانیش هیچ چالاکییەکی سیاسی نەبووە"، هەروەها دانانی چاپوکی بە"خیانەتکردن" لەتورکمان وەسفکرد٢.

هاوکات عەبباس ئەلبەیاتی ئەینداری گشتی یەکێتی ئیسلامی تورکمان هاوڕابوو لەگەڵ سەرۆکی بەرەو نارەزایی خۆی پیشاندا و رایگەیاند: چاپوك وەرگێڕی ئەمریکایە نەك نوێنەری تورکمان٣.

---

2 – Turkmenali.2003."Iraqi Turkmen Front Submits demands to U.S. Civil Administrator."15August(L.N).
2-MENA(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq Turkmen Front Rejects Turkmen Appointed to Governing Council."15July(LN).
3 -Anatolia(BBC Monitoring Middle East).2003."Turkey:Turkmen Party Official…"op.cit(LN).

لەیاداشتێکدا کە ئەلبەیاتی بڵاویکردەوە، تیایدا ئماژەی بەوەکردووە تورکمانی شیعە کە لە ٥ ٪ی تورکمان پێکدەهێنن تورەو نائومێدن بەوەی کەهیچ کەسێك لەئەنجوومەنەکەدا نوێنەرایەتیان ناکات١. لەبەر ئەوە سەرانی بەرەی تورکمانی بڕیاریاندا کەچاپوك نوێنەرایەتی تورکمان نەکات چونکە سەر بەرێکخراوەکەیان نەبوو.

هاوکات سەرانی تورکمانی شیعەش رایانگەیاند: کەچاپوك نوێنەرایەتی ئەوان ناکات لەبەرئەوەی سوننەیە. هەڵوێستی بەرەی تورکمانیی عیراقی بەواتای ئەوەی بەرژەوەندی تورکمان تەنیا لەلایەن ئەندامێکی بەرەکەوە نوێنەرایەتی دەکرێت، لەکاتێکدا هەڵوێستی ئەلبەیاتی ئەوەبوو کە ناکرێت تورکمانی شیعە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی تورکمانی شیعە بکات.

بەو پێیەی بەرەی تورکمانی رێکخراوێکی سوننە بوو، ئەوە وایکرد ناکۆکیەکی سەرەکی لەهەڵوێستی تورکماندا سەرهەڵبدات و پەردە لەسەر رووی ئەو گرفتانە هەڵماڵێت کە ئاستەنگ بوون لەبەردەم هەوڵەکانی بەرەی تورکمانی بۆ جۆشدان و ئامادەکردنی تورکمان لەژێر پەیداخی خۆیاندا.

دیسان ئەو بەرەیە راستگۆیی خۆی لەدەستدا لەبەرامبەر بانگەشەکردنی بۆ ئەوەی کە خۆی وەك نوێنەری شەرعی تورکمان پیشان دەدا.

بەراگەیاندنی ئەو (٢٥) کاندیدە بۆ ئەندامێتی وەزارەتەکان لەسەرەتاکانی ئەیلولدا رەوشەکە بۆ تورکمان باشتر نەبوو، جگە لە"بەیان جەبر" یش نەبێت کەبە" بەیان باقر سۆلاغ" یش دەناسرێت و ئەندامی شیعی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عێراق بوو(بەر لەگۆڕینی ناوەکەی) کەوەك وەزیری نیشتەجێکردن و ئاوەداکردنەوە دامەزرێنرا، ئەوا (رەشاد مەندان عومەر) تەنیا نوێنەری تورکمان بوو کە لەحکومەتدا کرابووە وەزیری نوێی زاست و تەکنەلۆژیا.

دامەزراندنی عومەر کە ئەندازیارێکی مەدەنی و تێکەڵ بەسیاسەت ببوو، بەشێوەیەکی هەرەمەکی دانرا کاتێك چاپوك لەلیستێکی (٥٠) کەسیدا لەنێو کاندیدەکانی تورکماندا دەستنیشانیکرد٢.

لەلێدوانێکیشیدا بۆ رۆژنامەی " کریستیان ساینس مۆنیتەر"، چاپوك بەراشکاوانە ئاماژەی بەشێوازی هەڵبژاردنی ئەو وەزیرە کردو رایگەیاند: کەسیقی ئەو (٥٠) کەسەم

---

1 - Al Hayat ((BBC Monitoring Europe).2003."Iraq Communities Demand Rpersentation Governing Council."1Augst(LN).

2- Pusher,I.R.2003."New Step Toward Ireaqi Self-Rule." The Christian Saience Monitor,.2September(http//www.csmonitor.com/ 2September(http//www.csmonitor.com/2003/0902/p06s01-woiq.htm1).

خوێندەوە، ناوی ئەو کەسانەم دەستنیشانکرد کە چانسی زیاتریان هەبوو، دواتـر وەك چـاپوك دەڵێت چاوم نوقاندو سورەتی فاتیحەم خوێندو بەچاونوقوی پەنجەم خستە سەر ناوەکـان و نـاوی وەزیری زانست و تەکنەبۆژیای نوێی عیراقم دەستنیشانکرد.

بەپێچەوانەی ئـەوەوە کـورد (٥) پۆسـتی وەزاری لـەکۆی (٢٥) وەزارەت پێـدرا لەوانـەش پۆستی وەزارەتی دەرەوە کە دەستکەوتێکی گەورەبوو. هەڵبەتە رۆڵی ئەنجوومەنی حـوکمڕانی و حکومەت لەئیدارەکردنی کاروباری عێراقدا پەراوێزخرابوو بۆیە بڕیارەکانیان جێبەجێ نەدەکرا، ئەگەر بهاتبایە لەگەڵ بیروڕای بریمەردا ناکۆك بووایە.

دیسان پێشوەخت بریمەر وەزیرەکانی لەسەر بناغەی موحاسەسەی تایفی بژاردە دەکـرد کـە دەبـوو رەنگدانـەوەی پێکهاتـەکانی کۆمەڵگـەی عێراقـی بووایـە. بـەڵام ئـەو دامەزراندنانـە گرنگییەکی رەمزی هەبوو بەتایبەتیش بۆ کوردو تورکمان.

دیارە کورد یەکێکە لەپێکهاتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی عێراقـی و هەرچـی تورکمـان و مەسیحییەکانیشە خرانە خانەی پێکهاتەیەکی ترەوە، بەوجۆرە ئـیتر لـەو سـاتەوە و لـەرووی پراکتیکییەوە تورکمان هیچ قورساییەکی لەسیاسەتی نیشتیمانیدا نەما.

پەنگخواردنەوە تایەفییەکان لەکەرکووکدا

رووداوە ئەمنییە مەترسیدارەکان لەچەند مانگی یەکەمی داگیرکاری لەکەرکووکـدا کـەم و ناو بەناو بـوون بـەڵام ئـەوەی زیـاتر مایـەی نیگـەرانی بـوو، ئـەوەبوو کـە سـەرانی سیاسـی بەتایبـەتیش سـەرانی بـەرەی تورکمـانیی عیراقـی دەسـتیان کـرد بەئیسـتغلالکردنی کـارە توندوتیژیەکان بۆ مەرامی سیاسی، یەکێکیش لەو دیمەنانە کاردانەوەی بەرەی تورکمـانی بـوو لەبەرامبەر کوژرانی باوك و کوڕێکی تورکمان کە لەناوەڕاستی مانگی نیساندا بوو.

بەگوێرەی رۆژنامەی(ئاغی) چالاکوانانی تورکمان ئاڵایەکی تورکیایـان ئاڵانـد لـە تـەرمی کوڕەکەو پاشان وێنەی تەرمەکیان گرت و پیشانی رۆژنامەنووسانی بیانیان دا.

چاودێرێکی بیانی بۆمافەکانی مرۆڤ کە لەشوێنی رووداوەکە بوو رایگەیاند: ئەوەی مایـەی نیگەرانیە ئەوەیە، ئەو کارەی کە بەرەی تورکمـانی کردوویـەتی نـەك هـەر تۆمـەتبارکردنی کـوردە بـەڵکو کوژرانەکـەیان وەك سـیمبولێکی ئیتنیکـی بـۆ بانگهێشـتکردنی تـورك و

رزگارکردنیان بەکاریان بردووە١. دیسان هەروەك یەکێك لەوکارە توندوتیژییە دەگمەنانەی کە لەنێوان تورکمان و کورد روویدا و لەهەمان کاتیشدا بە رووداوێکی مەترسیدار دەژمێردرێت، ئەو هێرشە چەکدارییە بوو، کە لەمانگی ئابدا کرایە سەر مەزارێکی شیعەکان لەتوزخورماتوو کە تورکمانەکان سەردانی دەکەن.

لەو هێرشەدا (٥- ٧) تورکمان و (٣)کورد بەفیشەك کوژران و لەگەرمەی پشێویەکانی دوای ئەو رووداوەش لەشاری کەرکووك خۆپیشاندانێکی دژی بەو هێرشە سازکراو لەوەشدا (٢) تورکمانی تر کوژران.

هاوکات لەلایەن بەرەی تورکمانیەوە ئۆباڵی رووداوەکە خرایە ئەستۆی پێشمەرگەکانی سەر بە(ی.ن.ك) و هەروەك ئەو بەرەیە هەوڵیدا رووداوەکە بۆ بزواندنی هەست و تورەیی بقۆزێتەوە.

هەروەها بەرەی تورکمانی کەژاوەیەکی بۆ گواستنەوەی تەرمی تورکمانەکان بەرەو نەجەف بەرێخست تالەویێ بەخاك بیانسپێرن.

رۆژنامەی "تورکمان ئیلی" زمانحاڵی بەرەی تورکمانی مەراسیمی بەخا سپاردنەکە وا وەسفدەکات:" تەرمی شەهیدەکان لەکەژاوەیەکدا گوازرانەوە بۆ شاری نەجەفی ئەشرەف تا لەوێ بەخاك بسپێردرێن، بەگەیشتنی کەژاوەکەش بە بەغداد رووی کەژاوەکە لە هوتێل فەڵەستین کرا کە رۆژنامەنووسانی بیانی تیایدا نیشتەجێبوون. ئەوەبوو تەرمەکان پیشانی راگەیاندنی جیهانی دران بۆ ئەوەی جیهان لەوە دڵنیا بێتەوە کە لەعێراقدا ئاسایش بەرقەرار نییەو ئەوانیش لەسایەی سەرکوتکردندا دەژین٢". بەڵام ململانێی تورکمانی کوردی زیاتر خۆی لەشەڕی سەرزارەکی و گوتاری گاڵدانئامێزویەکتر تۆمەتبار کردندا دەبینیەوە.

هەر رووداوێکیش کە لەنێوان تاکەکانی هەردو پێکهاتەکەدا روویان دەدا بەشێك بوون لە پیلانگێڕی ئەمریکا- کورد بۆ کۆنترۆڵکردنی شارەکەو سڕینەوەی ناسنامەی تورکمانبوونی (بەپێی ماس میدیاکانی پەیوەست بە بەرەی تورکمانی).

هەرچی پەیوەندی بە کوردو عەرەبیشەوەیە ئەوا پرسەکانی پەیوەست بە مافی موڵکدارێتی و گەڕانەوەی کوردانی راگوازراو بۆ ناوچەکەو چارەنووسی هاوردەکان دەیبزواند.

---

1 - O'Loughlin,E.2003."Oil-rich Kirkuk a Fertile Ground for Racial Rivalry." The Age,18 April:10.

2 - Turkmenali.2003."Iraqi Turkmen March in Kirkuk Protesrs Tuzkhurmatu Incident."24 August(WNC).

سەرباری ئەوەی ئەو سیناریۆیە ئەگەری رووداوگەلێکی کاری توندوتیژی پێوەدیاربوو بەڵام رووداوەکانی پەیوەست بە راگواستنی مەرنهەجی و بەزۆری عەرەب لەسەرخاك و ماڵی خۆیان شتێکی هەڵاوێردکراو بوو.

هاوکات بەپێی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ Rights Wacth Human باس بەوە دەکرا کە (ی.ن.ك) لە شاری خانەقین نزیکەی (٦٠٠) خێزانی عەرەب (نزیکەی ٤٠٠٠کەس)ی دەرکردوە لەکاتێکدا پێدەچوو نزیکەی (٢٠٠٠) عەرەبیش لەباشووری شارەکەدا دەرکرابن دوای ئەوەی لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانەوە هەڕەشەیان لێکرا کە لەسەر خاکی کوردان کۆمەڵێك گوندیان دروستکردبوو١.

لەهەمان شاردا چەند رووداوێکی تۆقاندن لەدژی ئەو عەرەبانە ئەنجامدران کە موڵك و ماڵی کوردیان داگیرکردبوو بەڵام گشت ئەو رووداوانە وەك ئەو حەمامی خوێنە نەبوون کە زۆرێك بەر لەجەنگ چاوەڕوانیان دەکرد، ئەوەش چەند هۆیەکی لەپشتەوە بوو یەکەمیان، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کە هەوڵێکی راستگۆیانەی دا بۆ رێگرتن لە رووداوی پرۆسەی پاکتاوی نەژادی " پێچەوانە".

لای خۆشیەوە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ پێیوابوو کە بەرپرسانی ئەمریکی " هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەیان ناوە بۆ رێگرتن لە راگواستنی بەزۆری عەرەب و ئەوانیتر لەکەسانی بێدەسەڵات.... کاتێکیش هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا جێگیر دەبن ئەوا سیاسەتێك پەیڕەو دەکەن، کەرێگە نادات بە"ماڵ چۆڵکردن" تا ئەو دەمەی میکانیزمی چارەسەر بۆ کێشەی موڵکدارێتی دەدۆزرێتەوە٢. دووەم، سەرانی هەردو پارتە کوردیەکە پابەند بوون بە پرۆسەی رێکخراوو یاسایی بۆ گەڕاندنەوەی کورد بۆ ناوچە تەعریبکراوەکان و چارەسەرکردنی کێشەی موڵکدارێتی بەواتای دان بەخۆداگرتن لەزۆربەی جموجۆڵەکانیاندا.

سێیەم، زۆرێك لەعەرەبە هاوردەکان بەتایبەتیش لەناوچە گوند نشینەکاندا لەکاتی جەنگدا بەویستی خۆیان رۆیشتنیان هەڵبژاردو ئەو زەویانەیان بەجێهێشت کە موڵکی خەڵکانی تر بوون.

دواجار ئەو کوردە راگوازروانەی کە موڵك و ماڵیان درابووە عەرەب سەر لەنوێ نیشتەجێکرانەوە کە بەشێکیش لەوانە لەکەرکوکدا بوون.

١- رێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ.

aClaims in Conflict..Op.cit:35 Watch Human Rightch ,

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو،٤٣.

بێگومان بەچەند ستراتیژێکی جیاواز گۆڕانکاری لەپێکهاتەی دانیشتوانی شاری کەرکووکدا روویدابوو، لەوانە خاپوورکردنی تەواوەتی چەند گەڕەکێکی کوردنشین، ناوچەی شۆڕیجە یەکێکە لەو نموونانەی کەخەڵکەکەی دەرکراو تیایدا گەڕەکی نویٛ(گەڕەکی قادسییە) بۆ عەرەبی هاوردە دروستکرا١. دیارە هیچ لەو ستراتیژانەش راستەوخۆ موڵك ومالّی کوردیان نەبەخشییە عەرەبە هاوردەکان و ئەوەش وایکرد کە پرسی کوردانی گەڕاوە نەبێتە هۆی دەرکردنی بەزۆری ئەو عەرەبانەی کە لەماڵەکانیاندا نیشتەجێببوون.

لەراستیدا گرفتی کوردە گەڕاوەکان بۆ شارەکە گرفتێکی لۆجستی بوو کەهیچ پەیوەندییەکی بە نائۆقرەیی خەڵکەکەوە نەبوو. دیسان زۆرێکیش لەکوردە گەڕاوەکان خانوویان نەبوو تابۆی بگەڕێنەوە، هەروەها رێنمایش بۆ ئەوانیتر دەرچوو لەچاوەڕوانیدابن تا ئەو دەمەی میکانیزمێك بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی موڵکدارێتی دەبینرێتەوە.

ئەوەبوو ناوەندی کاتی وەك پەناگەیەك لەشارەکەدا دروستکران لەوانەش یاریگەی شۆڕیجە کە لەمانگی حوزەیراندا پتر لە(٧٠٠) خێزانی گەڕاوەی لەخۆگرت کە لەبارودۆخێکی دژوارو سەختدا ژیانیان بەسەر دەبرد. زۆرێکیش لەو رووداوە توندوتیژانەی کە لەمانگەکانی یەکەمی پاش جەنگ روویاندا لەنێوان کوردو عەرەبدا، کاردانەوەی ئەو کێشمەکێشانەبوون کە لەشاروگوندە هاوسێکانی کەرکوك روویاندابوو.

بۆنموونە لەناوەڕاستی مانگی ئایاردا لەدەرەوەی کەرکوك ئاگر لە گوندە عەرەبییەکان بەردراو شەڕ لەنێوان عەرەبی خەڵکی کەرکوك و کوردا لەسەر شەقامەکانی شارەکە روویداو ئەوەش بەلانی کەمەوە کوژرانی (١٠) کەسی بەدواوە بوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی هاویندا کارە توندوتیژیەکان لەکەرکوك بەرەو ئاقارێکی زۆر خراپ و مەترسیدار چوون.

سەرهەڵدانی یاخیبوونی چەکداری

زۆربەی چاودێران دەستپێکی یاخیبوونی چەکداری لەعێراقدا بۆ رووداوەکانی فەلوجە دەگەڕێننەوە کە لەکۆتایی نیسانی ٢٠٠٣دا روویاندا.

---

2 – لەسەردەمی رژێمی بەعسیدا رێگە بە کورد نەدەدرا ببنە خاوەنی موڵك و زەوی و زارو خانوو بەڵکو لەخانووی کرێدا نیشتەجێ دەبوون.

ئەوەبوو لەمیانەی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایی کە لەشارەکەدا سازکرابوو لەدژی داگیرکردنی خوێندنگەیەك لەلایەن سوپای ئەمریکاوە کوژرانی (١٧)کەس و بریندار بوونی (٧٥)ی تری لێکەوتەوە، کاتێك هێزە ئەمریکاییەکان تەقەیان بەنێو خۆپیشاندەرەکاندا کرد.

لەماوەی نێوان ١ی ئایارو ڕۆژی ڕاگەیاندنی کۆتایی هاتنی پرۆسە سەربازییە گەورەکان و ٢١ی تەمووز، (٣١) سەربازی ئەمریکایی لەسەر دەستی یاخیبووەکان کە ریزەکانیان لەفراوانبووندا بوون، کوژران.

دەرکەوتنی یەکەم ئاماژەش بۆ سەرهەڵدانی بەرگری رێکخراو لەدژی بوونی ئەمریکا لەپارێزگای کەرکوك لەناوەڕاستی مانگی ئایاردا بەدیکرا، کاتێك کاروانێکی سەربازیی سوپای ئەمریکا لەگوندی" سیحا" لەسەر رێگەی کەرکوك- حەویجە کەتە بۆسەیەکەوە.

لەسەرەتای حوزەیرانیشدا یەکەمین کاری رێکخراوی تێکدەرانە لەدژی دامەزراوە نەوتییەکان لەکەرکوك راگەیەنرا١. ئیتر لەو رۆژە بەدواوە هەفتانە هەوڵی پەکخستنی هەڵمژین و رەوانەکردنی نەوت لەو بۆریەدا دەدرا کە لەباشووری کەرکوکەوە بەرەو پاڵاوگەی بێجی درێژ ببوەوە.

لەماوەی نێوان مانگەکانی حوزەیران و کانوونی یەکەمی ٢٠٠٣، لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە (٨٤) کاری تێکدەرانە لەدژی دامەزراوە نەوتی و گازییەکان لەعێراقدا تۆمار کران٢.

بەهاتنی کانوونی یەکەم هێرشە یەك لەدوای یەکەکانی سەر دامەزراوە نەوتییەکان عێراقی دەوڵەمەند بەنەوتی ناچارکرد (٤٠٪)ی پێداویستی ناوخۆیی لەسووتەمەنی هاوردە بکات.

هەر لەهەمان ماوەدا بەنزیکەیی (١٨) هێرش کرایە سەر وێستگەکانی وزەی کارەبا لە کەرکووکداو یەکەمین هێرشیش کە لە٢٩ی ئەیلوولدا بوو، بوە هۆی بڕینی کارەبای کەرکوك، کە ئەوەش وایکرد وێستگەی هەڵمژین و رەوانەکردنی ئاو رابوەستێت و بەدرێژایی (٣) رۆژ دانیشتوانی کەرکووك بێ ئاو بمێننەوە.

ئەوە وایکرد سوپای ئەمریکا لەتەموزدا ناچاربێت پەنا بۆ ئەو کارەبەرێت کە رژێمی پێشوو پەنای بۆ دەبرد لەپێدانی پارە بە عەشیرەتەکانی ناوچەکە بۆ پاراستنی ئەو بۆریانەی کە بەزەویەکانیاندا رەتدەبوون.

دیارە هەنگاوەکانی یەکەمی ئەو تاقیکردنەوەیە جێی دڵنیابوون نەبوون، بۆنوونە رێککەوتنێك لەگەڵ شێخ عاسی عوبێدی بەبڕی (٦)هەزار دۆلار لە١٧ی تەموزدا بۆ ماوەی ٣

1 - Anatolia(BBC Monitoring Europe).2003."Turkish Foreign Minster Confirms Pipeline Blast was Sabotage."13June(LN).

2 -Agence France Press.2003." Iraq Es Oil Pipelines Hit83 Times since Saddam Fell: Official."11December.

مانگ ئیمزا کرا بەڵام لەوماوەیەدا هێرشەکان بۆ سەر ئەو بۆریانە زیادیان کردو ئەوەش وایکرد خودی شێخی ناوبراو دەستگیربکرێت۱. بۆیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی درێژخایان بۆ کێشەکە دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی لەعێراق گرێبەستێکی بەبڕی (٤٠)ملیۆن دۆلار لەگەڵ کۆمپانیای Erinys ی باشووری ئەفریقا ئیمزا کردبۆ پێکهێنانی هێزێك کەئەرکی پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکان بێت بەڵام بەچاودێری سوپای ئەمریکا.

کاتێکیش مەشق و راهێنان بە(۱۰) هەزار پۆلیسی تایبەت بە کەرتی نەوتی کرا، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەرپشتی بە عەشایرە عەرەبە سوننەکان دەبەست، لەهەنگاوێکیشداکە جێگەی مقۆمقۆ بوو داوا لەهێزی پێشمەرگە کرا دامەزراوە نەوتییەکان بپارێزن۲.

هاوپەیمانی عەرەبی- تورکمانی

لەبەراییدا یاخیبوونە چەکدارییەکە بەشێوەیەکی ناوبەناو ژێرخانی دەکردە ئامانجی پەلامارەکانی، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات توندوتیژییەکانی ئەو یاخیبوونە رووی لەهەڵکشان کردو کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو بۆ سەر پەیوەندییە ئیتنیکیەکانی کەرکووك و ئەوەش وایکرد ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا زیاتر پشت بە هێزە ئەمنییە کوردیەکان ببەستن وگومان لە پێکهاتە ئیتنیکیەکانی تر بکات بەتایبەتیش عەرەبی سوننە.

ویلایەتە یەکگرتوەکان لەهەوڵەکانی بەردەوامبوو بۆ پێکهێنانی پۆلیسی فرە ئیتنیك بەجۆرێك رێژەی هەر پێکهاتەیەك هێندەی قەبارەی دانیشتوانەکەی ژمارەی خۆی لەپۆلیس هەبێت.

---

۱ - Mulholland,R.2003."The Iraqi Sheikh, the American l and the Oil Piplines."Agence 11December.

۲- Khabat (BBC Monitoring International Reports). 2003."Iraq: Kurdish Peshmergas Start Protecting Oil in Dibs."8 November (LN).

کاتێك مەشقی پۆلیسی عێراقی تەواو بوو ژمارەیان ١٤ هەزار پۆلیس بوو لەسەر تاسەری عیراق و ٦٤٠٠کەسیشیان لە باکوور جێگیر ببوون، کە زۆربەشیان سەر بەهێزی پێشمەرگە بوون هەروەك پیتەر براون بەرێوەبەری ئۆپەرەیشنەکان لە کۆمپانیای Erinys دانیپێدا دەنێت و بێ دوودڵی دەڵێت: زۆربەی ئەو پۆلیسانەی کە لە پاییزدا بەگەڕخران سەر بەهێزی پێشمەرگە بوون کە ئەو کات لەبەردەستدا بوون .

هەروەها براون دەڵێت لەو دەمەدا پلانێکی گشتگیر نەبوو بۆئەوەی کورد لەپێشتر بێت لەبەرامبەر گروپەکانی تر بۆ بەکارخستنیان. دیسان پەنابردنی کۆمپانیای ئارینیس بۆ عەشایرە عەرەبیەکان وەك هەوڵێك بوو بۆ راستکردنەوەی جیاوازی لە ژمارەی نێوان کوردو گروپەکانی تردا.

Pelham.N.2004."Iraq Questhon capability of Group Guarding Oil Facilities ." Financial Times ,10 August:7.

ئەو جۆرە لێکترنزیککردنەوەیە سیستمی کۆتای لێکەوتەوە و بەوەش پشکی کورد لەنێو هێزەکانی پۆلیسدا لە(٤٠٪)، عەرەب(٢٧٪)، تورکمان(٢٥٪)، مەسیحی(٨٪) بوون کاتێکیش ئەو سیستمە جێبەجێکرا رێژەی نوێنەرایەتیکردنی کورد گەورەتربوو.

بەوشێوەیە هەریەك لە مەسیحی و تورکمانەکان دووچاری دژواری بوونەوە لەپڕکردنەوەی ئەو پۆستانەی کەبۆیان تەرخانکرابوو١. ئەو پرسەش کە پەیوەندی بە متمانەو ئەمەکداری نێوان پۆلیسە عەرەبەکانەوە هەبوو لەپاییزو سەرەتای زستانی ٢٠٠٣دا لەگەڵ هەڵکشانی یاخیبوونی چەکداری گومان و بەڵگەکان لەسەر تێوەگلانی پۆلیسی عەرەب لەهێرشە چەکداریەکاندا زیادیکرد.

بۆنموونە لەسەرەتای کانوونی یەکەمدا هێزەکانی ئەمریکا (٢٤)عەرەبیان دەستگیرکرد کە لەنێویاندا (٥) ئەفسەری پۆلیسی تێدابوو، کە بەشداربوون لەو پیلانەی بۆ پەلاماردانی بنکەیەکی سەرەکی هێزەکانی ئەمریکا لەفڕۆکەخانەی کەرکووك دارێژرابوو، ئەوەش بەماوەیەکی کەم دوای ئەو هەڵمەتە هات کە هێزە کوردی و ئەمریکاییەکان لەشارۆچکەی حەویجە ئەنجامیانداوبوو بۆ گەڕان بە دوای ئەو کەسانەی هێرشیان کردبووە سەر هێزەکانی هاوپەیمانان.

دیارە ئەنجامی ئەو هەڵمەتەش دەستگیرکردنی (٣٤)کەسی گومانلێکراو بوو ئەمە جگە لەوەی دەستیش بەسەر بڕێکی زۆری چەکی سووك و (٥) سەکۆی موشەکیدا گیرابوو، بەڵام هەروەك پەیامنێری رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر کەیاوەری هێزەکانی ئەمریکا بووە، ئاماژەی بەوەکردوە ئەو کارە توڕەبوون و بێئومێدی لەنێو خەڵکی شارۆچکەکەدا بەجێهێشتوە٢.

لەنێو ئەو دەستگیرکراوانەی حەویجەدا (موقەدەم عەواد جبوری) فەرماندەی پۆلیسی ئەو شارۆچکەیەی تێدابوو کە بەدرێژای ماوەی پرۆسەکە رێگەی پێنەدرابوو بچێتە ناو حەویجەوە. ئەمە جگە لەوەی زۆرێکیش لەپۆلیسی حەیجە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوەدەستگیرکران.

---

١ -سەبارەت بەپڕکردنەوەی پشکی تورکمان بڕوانە: Turkmenali (BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq Kirkuk Police Mount Turkmen Recruitment Drive Following Incidents."10September(NL).

سەبارەت بەجێبەجێکردنی سیستمی موحاسەسە کە لەلایەن دەسەڵاتی نێودەوڵەتی هاوپەیمانانەوە پشتیوانی لێدەکرا بڕوانە: voice of the Mujahidin (BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq Es Kirkuk police "excludes from service"350 Kurds-Shr'I radio."18September (LN).

1-Blanford, N.2003."U.S.Raid Gets(Mixed) Results." The Christian Science Monitor,4 December:06.

هەڵبەتە ئەو جۆرە ڕووداوانە کە زۆرجار ڕوویان دەدا ڕۆڵیان نەبوو لەکەمکردنەوەی ئەو پیشخواردنەوەیەی لەنێوان عەرەبی کەرکووك و هێزەکانی ئەمریکادا هەبوو.

جگە لەوەش ئەو ڕووداوانە لەلای پێکهاتەکانی تر ڕۆڵێکی سەرەکیان هەبوو لەدروستکردنی ئەو بۆچوونەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەشێوەیەکی مەنهەجی لایەنگری لەبەرژەوەندی کورد دەکات بەتایبەتیش لەپرسە ئەمنیەکاندا.

کورد لە"هێزی بەرگری میللی" دا کە تازە پێکهێنرابوو زۆرینە بوون و لەرووی ژمارەشەوە زۆر زیاتر بوون لەپێکهاتەکانی تری نێو هێزەکانی پۆلیس. هەروەها زۆربەی پۆستە باڵاکانیشیان لەدەستدابوو، دیسان هێزە ئەمنیەکانی سەر بەهەردو پارتە سەرەکیەکەی کورد بەشێوەیەکی دەستکراوە لەشارەکەدا کاریان دەکرد و بەردەوام بوونیش لە پرۆسەی ریشەکێشکردنی بەعس و دوورخستنەوەی ئەو بەعسیانەی کە پلەو پایەی بەرزیان لەو حزبەدا هەبوو، لەنێو دەزگا ئەمنی و ئیداریەکانی شارەکەدا دوژمنایەتی لای عەرەب زیاتر کرد.

دەستەی ریشەکێشکردنی بەعس لەکەرکووکدا بەسەرۆکایەتی تورکمانێك "عیرفان کەرکووکی" بوو، کە ئەرکەکانی بەجۆشەوە جێبەجێدەکرد و هەمان جۆش و خرۆشی دەستەی نیشتمانی هەبوو بۆ ریشەکێشکردنی بەعس.

ئەوەبوو گشت ئەو حزبیانەی کە پلەی لێپرسراوی فیرقەو سەروتریان هەبوو دوورخرانەوە. بەهاتنی مانگی ئەیلولیش دەستەکە سەرکەوتوو بوو لەدورخستنەوەی نزیکەی (١٠٠٠) بەعسی لەفەرمانگە جۆربەجۆرەکانی شارەکەدا.

دوژمنایەتی عەرەبی کەرکووك و تورکمانیش پێکەوە بەوشێوە هەڵکشاوە وایکرد ئەگەری هاوپەیمانی ستراتیژی لەنێوان ئەو دوو پێکهاتەیەدا بێتە ئاراوەو (عەبدولفەتاح ئەلموسەوی) نوێنەری موقتەدا سەدریش سەردانی کەرکووك بکات بۆ جۆشدان و ئامادەکردنی بەرهەڵستکارانی دژ بە کورد و ویلایەتە یەکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕێکخراو.

بەماوەیەکی کەم لەپاش گەیشتنی موسەوی بۆ کەرکووك، سەردانەکەی یارمەتیدەر بوو بۆ ڕێکخستنی ناڕەزایی لەدژی هەڵکردن و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردی لەشارەکەدا، ئەنجامی ئەوەش ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستیکرد بەداگرتنی ئاڵای کوردو دیسان ئەوەش لەشۆڕیجە سەربازانی ئەمریکا ی لەلایەن کوردەوە ڕووبەڕووی بەردبارانکردن کردەوە.

لەئەیلولدا موسەوی پێکهێنانی "هێزی پاراستن"ی عەرەبی- تورکمانی هاوبەشی ڕاگەیاند بۆ بەرەنگاریبوونەوەی " ئیستفزازی کورد" و " ئەنجوومەنی عەشایرەکان" و ڕێکخستنی چالاکییە سیاسیەکان لەدژی کورد.

لەهەمان مانگدا (٣٤) بزوتنەوەی سیاسی تورکمانی وەك سەرچاوە تورکمانیەکان ئاماژەیان پێکردوە١، کۆنگرەیەکی سێ ڕۆژەیان لەکەرکووك سازکرد بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێی بەرەی تورکمانی و دارشتنی ستراتیەکان بەئامانجی بەرەنگاریبوونەوەی هەژمونگەرایی کورد لەشارەکەدا٢.

هەر لەو کۆنگرەیەدا دوو حزبی تورکمانی شیعی و خودی موسەوی و ژمارەیەك لەسەرانی عەشیرەتە عەرەبییە سونەکان ئامادەبوون. کاتێکیش لە(فاروق عەبدوڵڵا عەبدولڕەحمان" سەرۆکی بەرەی تورکمانی پرسیارکرا سەبارەت بەوەی کەئامادەبوونی سەرانی عەشایرە عەرەبیەکان بەواتای پێکهێنانی هاوپەیمانی تورکمانی- عەرەبی لەدژی کورد لەوەڵامدا وتی: پێشتر لەشارەکەدا تەعریبکردن هەبوو بەڵام لەئێستادا تەکرید(بەکوردیکردن) هەیە. ئێمەش هەرگیز ئەوە پەسەند ناکەین بەڵکو ئامادەین تێبکۆشین لەپێناو ڕێگرتن لەوکارەو لەگەڵ عەرەبیش لەسەر ئەو پرسە هاوڕاین٣.

لەکانوونی یەکەمدا خۆپیشاندان و خۆپیشاندانی دژ روویاندا، پاش ئەوەی هەواڵی ئەوە لەئارادابوو کەسەرانی کورد لەبەغداد پرۆژەیەکیان پێشکەش بەئەنجوومەنی حوکمڕانی کردوە سەبارەت بەئیعترافکردن بەهەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی فیدراڵی.

لە٢٢ی کانوونی یەکەمدا نزیکەی(١٠) هەزار کورد لەشەقامەکانی کەرکوکدا بڵاوبوونەوەو پشتیوانی خۆیان بۆ خواستی فیدراڵی و گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان پیشاندا.

لەبەرامبەریشدا سەرانی سیاسی تورکمان و عەرەب خۆپیشاندانێکی دژیان سازکردو تیایدا هەڕەشەی ڕژاندنی خوێن و فرمێسکیان کردو هەروەها خۆپیشاندانی کوردیان بە ئیستفزازی وەسفکرد٤. ئەنجامی ئەوەش لە٣١ی کانوونی یەکەمدا لەنێوان (٢- ٢٠) هەزار عەرەب و تورکمان

---

1 - Kurdistan Nuwe(BBC Monitoring Middle East).2003."Iraq: Official Confirms Dismissal of Ba Æathists from Government Posts in Kirkuk."3October(LN).

2- Turkish Probe .2003. " Turkmens Seek U.S. to End Kurdish Domination in Kirkuk . " 21 September (LN).

3 - Unlu , M . 2003. " New Leader of Turkmens Says Turkey Won Æt Intervene in ITF Æs Policies." Turkish Daily News ,17 September.

4 - Konya (BBC Monitoring International Reports). 2003. " Turkish Agency : Iraqi Turkmen Official Says Kirkuk Will Never be Kurdish City ." 23 December (LN).

کەژمارەیان بەپێی خەملاندنەکان جیاوازبوون لەوانەش خەملاندنی موسەوی، خۆپیشاندانێکی ناڕەزاییان لەدژی پرۆژەکەی کوردو جاڕدانی فیدراڵی سازکرد و خۆپیشاندەرانیش ڕژانە سەرشەقامەکان و گەمارۆی بارەگای(ی.ن.ك) یان دا و ١لەو میانەشدا تەقەکردن ڕوویداو بەهۆشیەوە (٥)کوژراو(٢٠) بریندار کەوتنەوە کەسەرجەمیان لەخۆپیشاندەرەکان بوون.

دواتر گێڕانەوەکان جۆربەجۆربوون، هەرچی تورکمانە ڕایگەیاند: پێشمەرگەکانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان تەقەیان لەو خۆپیشاندانە ئاشتیانەیە کردوە بەڵام لای خۆشیانەوە ڕاگەیاندنی کوردی وایبلاوکردەوە، کەخۆپیشاندەرەکان تێکەڵەیەك بوون لەبەعسیو پەڕگیرەکانی نێو بەرەی تورکمانی کە وێنەی سەددامیان بەرزکردوەتەوەو تەقەیان لەبارەگەکەی یەکێتی کردووە٢.

دیارە گێڕانەوەی لایەنی کوردی بۆ ڕووداوەکان پشتیوانی عەقید(ولیام مایڤیل) ی فەرماندەی لیوای ١٧٣ی بەدەستتهێنا٣. هەرچی ڕۆژنامەی تورکیش دەیلی نیوز- Turkish Daily News یشە شرۆڤەکردنێکی قوڵترو ژیرانەتری بۆ ڕووداوەکە هەبوو.

لەو ڕۆژنامەیەدا هاتبوو، کە بوونی کورد نوێنەری موقتەدا سەدر ڕۆڵی هەبووە لەپاڵنان بە تورکمانەوە بۆ هاوکاریکردنی عەرەب و دواتریش دەگاتە ئەو بۆچوونەی کەنووسەر بڵێت خۆپیشاندانی تورکمان و عەرەب لەدژی کورد کە توندوتیژی بەدواوە بوو دەرهاویشتەی ئەو هاوپەیمانێتییە نهێنیە نەنووسراوەی نێوان تورکمانی شیعەی هەواداری سەدرو عەرەبی سوننەی لایەنگری سەددامن٤.

دیارە جیاکردەوەی ڕاستی لەدرۆلەسیاقی بارودۆخی کەرکووکدا ئەرکێکی گرانە بۆ ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەخەنە ئەستۆی خۆیان بەڵام بەهاتنی ساڵی نوێ نەدەکرا سێ ڕاستی بەرچاو پشتگوێ بخرێن.

یەکەمیان، کارە توندوتیژیەکان لەکەرکوکدا ڕوویان لەهەڵکشانکرد و ڕوو بەڕووبوونەوەی نێوان پێکهاتەکان و پەلاماردانی چەکداریش لەدژی یەکتری وەك یەکە.

1- Agence France Press . 2003. " Arabs , Turkmen demonstrate against kurds in Kirkuk ." 31 December.

2-KurdSat (BBC Monitoring Middle East) .2004. " Iraq : U.S. Colonel Says Demonstrators Fired at Kurdish Party Office in Kirkuk ." 1 January (LN).

3- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

4 - Candar , C. 2004. " Revisiting the Kirkuk Issue." Turkish Daily News , 10 January (LN).

دووەم، پێکهاتە ناکوردییەکانی تر لەکەرکووکدا پێیان وابوو باڵا دەستی کورد دەرئەنجامی دەستێکەڵاوکردنیانە لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا.

سێیەم، ئۆپۆزسیۆنی رێکخراو لەدژی هەژموونی کورد دەستیکردوە بەخۆدەرخستن لەشێوەی هاوپەیمانیی ستراتیژی نێوان تورکمان و عەرەب و گشت بەرەو پێشچوونەکانی داهاتووش مزگێنی خڕو ئارامییان بۆ شارەکە پێنییە.

نوێکردنەوەی ئەنجوومەنەکە

لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)دا و لەچوارچێوەی رێککەوتنامەی ١٥ی تشرینی دووەم، پرۆسەی سەرلەنوێ رێکخستنەوەی حکومەتە خۆجێییەکان لەسەرتاسەری عێراق دەستیپێکرد.

رێککەوتننامەکە چوارچێوەیەکی کاتی بۆ گەڕاندنەوەی سەروەریی بۆ عێراق و سیستمێکی تەواوکاری بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی کاتی نیشتمانی دانا و بەو پێیەش بێت دەبوو لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤دا سەروەری بۆ عێراق بگەڕێتەوە.

بەپێی ئەو سیستمەش لەسەرجەم پارێزگاکاندا کە ژمارەیان ١٨ پارێزگایە لیژنەی رێکخستن پێکهێنراو هەر یەکێکیش لەو لیژنانە (١٥) ئەندامی لەخۆگرتبوو، هەڵبژاردنی ئەندامەکانیش بەپێی فۆرمێکی ئاڵۆزبوو، کەئامانج لێی رێگەخۆشکردن بوو بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان دەست لەئەنجامەکان وەربدات و مەرامیش لە پرۆسەکە جێبەجێکردنی یەك پێودانگبوو.

لەبنیادنانی پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا لەرووی ژمارەی ئەندامان و رێژەی دانیشتوان مۆدێلی ئەنجوومەنی پارێزگای موسەنا بەنموونە وەرگیرا بۆ نوێکردنەوەیان واتە لەبەرگرتنەوەی دابەشکردنی دانیشتوان کە لەدامەزراندنی ئەنجوومەنی ئەو پارێزگایەدا وەك بنەمایەك پشتی پێبەسترابوو.

بەپێی ئەو فۆرمە (١٢) کورسی بۆ نوێنەرانی عەشایرو (١٢) کورسی بۆ حزبە سیاسیەکان و (١٢) کورسی بۆ رێکخراوە مەدەنیەکان و (٢) کورسی بۆ ژنان و (٢) کورسیش بۆ زانایانی ئایینی تەرخانکرابوون، کە کۆی کورسییەکانیش (٤٠) کورسی بوون بەڵام ئەو کارە بۆ هەندێك لە پارێزگاکان گونجاو نەبوون١.

1 - International Crisis Group. 2004."Can Local Government Save Iraq" Brussels:ICG Middle East Report,33,27October:11.

لەکەرکووکدا ئەو فۆرمە پشتگوێخرا ئەویش لەترسی ئەوەی نەبا کاریگەری لسەر بارودۆخی ئیتنیکی بەجیبهێڵیت کە بۆخۆی پیشی خواردبوەوە.
بۆیە لەبری ئەوە سوپای ئەمریکا ئەو دەرفەتەی قۆستەوە بۆ زیاتکردنی ژمارەی نوێنەرانی عەرەب لەئەنجوومەنی پارێزگاکەدا ئەویش وەك هەولڎانێك بۆ رێگریکردن لە یاخیبوونی چەکداری.
ئەوەبوو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لە(٤٠)ئەندام پێکهێنرا، کە (١٣) کوردو (١٢) عەرەبو (٨)تورکمان و (٧) مەسیحی لەخۆگرتبوو، هەرچەندە (٢) لەنوێنەرانی عەرەب بایکۆتی ئەنجوومەنەکەیان کرد.
بەوجۆرە ئەنجوومەنێکی بنکە فراوان بۆ پارێزگای کەرکوك پێکهێنرا کە (١١) لەئەندامەکانی خەڵکی دەرەوەی شارەکە بوون دیسان لەڕووی رەگەزیشەوە ژمارەی ئەندامە ئافرەتەکان لە(١) ئافرەتەوە بۆ (٤) ئافرەت بەرز بوونەوە، بەڵام زیادکردنی نوێنەرایەتی عەرەب هیچ گۆڕانکاریەکی جەوهەری لەهاوسەنگیی هێزی پێکهاتەکانی ناو ئەنجوومەنەکەدا دروست نەکرد، چونکە بوونی(١٣) ئەندام لەنوێنەرانی کوردو(٧) مەسیحی و (٢) ئەندامی پێکهاتەکانی تر لە لایەنگرانی کورد بەسبوون بۆ ئەوەی پارێزگاری لە زۆرینەی پێویست بکەن و کارەکانی ئەنجوومەنەکە رایی بکەن و بەوەش کورد باڵادەست بێت بەسەر پۆستە گرنگ و ئیدارییەکانی شارەکەدا.
بۆیە نوێکردنەوەی شارەکە شتێکی ئەو تۆی نەکرد کە نیگەرانی تورکمان و عەرەب برەوێنێتەوە لەبەرامبەر هەژموونگەرایی کورد بەسەر کەرکوك و دەستێکەڵاوکردنی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵیاندا[1].

کورد پارێزگاری لەباڵادەستیان دەکەن

سەرباری ئەوەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بەو پێکهاتە نوێیەوە لەڕووی تیۆرییەوە لەئەنجوومەنەکەی تر بەهێزتر و لەڕووی یاسایشەوە دەستبەکارتر بوو بەڵام لەڕووی رێکخستنەوە پەیوەندیەکانی نێوان بەغدادو پارێزگاکان هێشتا لەژێر رکێفی یاسای ژمارە (١٥٩)ی ساڵی ١٩٦٩ی پارێزگاکاندا مابوو کە لەرۆژگاری بەعسدا دەرچووبوو.

---

[1] - بەهەمان شێوەی ئەنجوومەنە بنەڕەتیەکە ، کارێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ رازیکردنی نوێنەرانی تورکمان جگە لە دامەزراندنی زۆریەی ئەندامە تورکمانەکانی ئەنجوومەنەکە نەبێت.

بەپێی ئەو یاسایە تەنیا لەسەر کاغەز دەسەڵاتی فراوان دەدرایە حکومەتی خۆجێی و هەتا دەرچوونی فەرمانی ژمارە (٧١) لەلایەن دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی لەنیسانی ٢٠٠٤، بەپێی رەوشە خۆجێییەکان کارەکانی رایی دەکرد.

لەکەرکووکدا پرۆسەی نوێکردنەوەی ئەنجوومەنەکەی دەرفەتێك بوو بۆ سنووردارکردنی نفوزی پارتە سیاسیەکان بەتایبەتیش پارتە کوردییەکان و کاریگەریان لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکە.

لەوسیاقەدا سەرچاوەکانی راگەیاندن بڵاویانکردەوە کە" ئەنجوومەنەکە لەتوانایدایە بەپێی دەسەڵاتە نوێیەکان بەڕێوەبەری فەرمانگە حکومیەکان و بەدوور لەفشاری حزبی بژاردە بکات و ئەو فەرمانبەرانەش لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت کە بەرژەوەندی حزبی لەسەرو پێداویستی شارەکەوە دادەنێن١. هەروەها هیواوابوو دەستکردنەوەی ئەنجوومەنەکە ببێتە هۆی هەمووارکردنی پێکهاتەی ئیتنیکی لەپۆلیسی شارەکەدا بۆ ئەوەی باڵادەستی کورد سنووردار بکرێت و هەروەك "ولیام مایڤیل"یش ئاماژەی پێکردبوو تا مافی عەرەب و تورکمان زامنبکرێت٢.

بیرۆکەی گرەوکردن لەسەر دەرکەوتنی ئەنجوومەنەکە بەشێوەیەکی کارا و سەربەخۆ لەڕووی سیاسی ودوور لەفشاری حزبی تەنیا بیرۆکەیەکی ساویلکانە بوو چونکە لە باشترین باردا بینینی ئەو رۆڵە بەلانی کەم پێویستی بە سەرچاوەیەکی دارایی سەر بەخۆ هەبوو تا ئەنجوومەنەکە موچەی فەرمانبەرانی خۆی بدات، بۆیە لەنەبوونی سەرچاوەیەکی لەوجۆرەدا دارایی شارەکە هەر لەدەستی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی و هەردو پارتە کوردییە سەرەکیەکەدا مایەوە.

فەرمانی ژمارە(٧١) ی دەرچوو لەلایەن دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی سەبارەت بەرێکخستنی کاری پارێزگاکان کاریکرد لەسەر روونکردنەوەی ئەو دەسەڵاتە یاساییەی کە ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەیانە بەڵام تەنیا تائاستێکی دیاریکراو.

ئەوەبوو ئەنجوومەنەکان دەسەڵاتی ئەوەیان پێدرا کە بەرپرسە لۆکاڵییەکان دابمەزرێنن، جگە لە فەرمانەدەی پۆلیس نەبێت، هەروەها مافی ڤیتۆشیان هەبوو لەسەر دامەزراندنی ئەو کەسانەی کە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە لەپارێزگاکان دادەمەزرێنران٣.

---

1 - Agence France Press . 2004. " Kirkuk Appoints Arabs , Women Councillors to Calm Tensions in Northern Iraq. " 15 January (LN).

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٣- ئەوەی پەیوەست بوو بە دامەزراندنی فەرماندەی پۆلیس ،بەپێی بڕگەی٦(٢) لەفەرمانی ژمارە ٧ی ئەنجوومەنی پارێزگا تەنیا رێگە بە و پاڵێوراوانە دەدرا کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە لەبەغدادەوە پێشتر دیاری کرابوون . هەروەها وەزارەتی ناوخۆ بۆی هەبوو بەرێوەبەرەکانی پۆلیس دوور بخاتەوە.

بەڵام فەرمانی ژمارە(٧١) باسی دەسەڵاتەکانی یاسادانان نەکردووەو هیچ ئامرازێکی باج وەرگرتن و داهاتی بەشێوەیەکی سەربەخۆ دەستەبەر نەکردووە بۆ ئەنجوومەنەکان.لەبەر ئەوە نەتوانرا کۆنترۆڵی ئەنجوومەنەکان بکرێت و کۆتایی بە هەژموونی کورد لەشارەکەدا بهێنرێت و کوردیش هەولێدا دەسەڵات دابەش بکات.

سەرۆکی نوێی ئەنجوومەنەکە، کەسێکی تورکمان (تەحسین کەهیە" و هاوپەیمانی بەرەی تورکمانی نەبوو، دیسان جێگری فەرماندەی پۆلیسیش (تۆرهان عەبدولڕەحمان) و بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکەش بەهەمان شێوە تورکمان بوون.

هاوکات جەلال تاڵەبانی رابەری(ی.ن.ك) یش لەسەردانێکیدا بۆ تورکیا کە لە حوزەیرانی ٢٠٠٤دا بوو، ئاماژەی بەئەگەری دابەشکردنی دەسەڵات کرد لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانەتر لەکەرکووکدا و وتی: "هیچ کەس و لایەنێك نابێتە کەمینە" و بەو جۆرەش بڕیارەکان بەکۆدەنگی دەدرێن١.

هەروەها راپۆرتەکان باسیان لەوە دەکرد کە تاڵەبانی پێشنیازیکردوە کە ئەگەر هەیە بەلیستی هاوبەش لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا بەشداری لەو هەڵبژاردنەدا بکەن کە لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا بەڕێوەدەچێت٢.

لەو قۆناغەدا کە بەرەی تورکمانی هیچ گومانێکی لەوەنەبوو کە تورکمان زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن هەربۆیە بیرۆکەی رێکەتنی لەسەربنەمای یەکسانی سیاسی بەهەند وەرنەگرت و، ئەوەش باشتر روونبوەوە کاتێك داوا لە کەرکووك کرا نوێنەری خۆی بۆ بەشداریکردن بۆ ئەو کۆنگرەیەرەوانە بکات کە تیایدا ئەنجوومەنی نیشتمانی دیاری دەکران، ئەو کۆنگرەیەی کە چارەنووسی شکستهێنان بوو٣.

ئەوەبوو کورد پێشنیازی وەفدێکی (٢٠)کەسی کرد کە هەر پێکهاتەیەك (٥) ئەندامی بەشداری تێدابکەن بەڵام سەنگویل چاپوك کەتەنیا نوێنەری تورکمان بوو لەئەنجوومەنی

1 - Anatolia (BBC Monitoring Euroe). 2004 ." Premier Conveys Turkey Æs Viiews to Turkmen, Iraqi Kurd Leaders." 23 June (LN).

2 - Turkmenali (BBC Monitoring Middle East), 2004. " Iraqi Turkmen Writer Views Kurdish Leader's Turkey Visit, Kurd-Turkmen Ties ." 10 July (LN).

٣- پێویست بوو ئەنجوومەنی نیشتیمانی لەگەڵ ئەنجوومەنی حوکم وەك جۆرێك لەدەستەی راوێژکاریی پەرلەمانی –سەرەتایی کاربکات. وەك چاوەڕوانیش دەکرا کاریگەری لەسیاسەتدا هەست پێنەکراو بوو.

حوكمڕانیدا پێشنیازەکەی کوردی بەنادادپەروەرانە وەسفکرد چونکە وەك ئەو وتی کەرکووك زۆرینەی تورکمانە[1].

دەرئەنجامی ئەو تەنگوچەڵەمانەی نێوان پێکهاتە ئیتنیکیە جیاوازەکان، پرۆسەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی هەڵوەشایەوەو ئەوەش وایکرد کە ڕێکخەرانی کۆنگرەکە بۆ خۆیان نوێنەرانی کەرکووك هەڵبژێرن.

هەڵبەت گەیشتن بە فۆرمێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات ئەرکێکی سەخت و گرانە ئەویش نەك هەر لەبەرنەبوونی تەوافوق لەسەر ئەوەی کام پێکهاتە دەبێتە زۆرینە بەڵکو هەڵوێستی هەرسێ پێکهاتە سەرەکییەکە ش زۆر جیاوازن و ئەوەش بەگشتی بۆ ئەو دەم لەهەرپرسێکی تر - داهاتووی کەرکووك، سەرسەختانەتر بوو.

بۆیە ئەو پرسە بەردەوام بوو لە ئیستبدادکردنی ژیانی سیاسی شارەکەو ئەگەری گەیشتنیشی بەتەوافوق بۆ هەر پرسێکی تر بەئەگەرێکی دوور دانا.

---

1 - Constable, P.2004."key Iraqi Conference On Trak To Open;Delegates Will Choose Interim Oversight Body.". The Washington Post,28 July:A12.

فەسڵی دووەم

سەرکەوتنی کورد

یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت

لەئازاری ساڵی ٢٠٠٤ دا بە واژوو کردنـی دەسـتووری کـاتی لەبەغـداد کـە بـە" یاسـای ئیدارەی کاتی دەوڵەت" ناوزەد کراوە، پرسی کەرکووك بەرەو پێشچوو.

بەر لەوەش چارەسـەرکردنی ئاسـەواری سیاسـەتی تـەعریب کەلەلایـەن رژێمـی پێشـوەوە پەیڕەوکرابوو ئاسان نەبوو، هەربۆیە سیاسەتی(تەعریبی پێچەوانە)ش کە بەئاراستەی لابردنی زوڵم و ستەمی پێشوو بوو، بە کۆدەنگیەکی فراوانی زۆرینەی پێکهاتەکانی شارەکە پشتیوانی لێدەکرا، بەڵام ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت سەرلەنوێ مەسەلەکانی تێکەڵاو بەیەکتری کردەوە.

فۆرمی ٨- ١

دەقی ماددەی(٥٨) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت

ئـــ _كومەتی كاتی عێراقی و لایەنە پەیوەندیدارەكان بەتایبەتش دەســتەی بــالاَ ئــەركی چارەسەكردنی كێشە موڵكدارییەكان بەشێوەیەكی خێرا لەئەستۆ دەگرێت ئەویش بەگرتنە بەری رێوشوێنەكان لەپێناو لابردنی ئەوستەمەی كە دەرئەنجامی مومارەسەكانی رژێمی پێشووبوون و خۆیان لەگۆڕینی پێكهاتەی دانیشتوانی چەند ناوچەیەكی دیاریكراودا دەبینەوە لەوانەش شاری كــەركووك، كــە خــۆی لــە راگواســتن و دوورخســتنەوەی زۆرە ملێــی تاكــەكان لەشــوێنی نیشتەجێبوونیان و هێنانی كەسانی نــامۆ بەناوچــەكە و بێبەشــكردنی دانیشــتوانی رەســەنی ناوچەكە لەكاركردن و (تصحیح القومیە_ راستكردنەوەی نەتەوە)دا بەرجەستە دەكات.

جابۆ چارەسەركردنی ئەو زوڵم و ستەمە پێویستە حكومەتی كاتی ئەم هەنگاوانە بنێت:

١_ئەوەی پەیوەست بە راگوازراوو دوورخراوەو كۆچپێكراوان و كۆچكردووانە و لەگەڵ یاسای دەستەی بالاَ بۆ چارەسەركردنی كێشەی موڵكداری و رێكارە یاساییەكانی تــر دەگونجێــت ئــەوا پێویستە حكومەت لەماوەیــەكی دیــاركراودا راگوازراوەكــان بۆســەر مــاڵ و مــوڵكی خۆیــان بگەڕێنێتەوە.

خۆ ئەگەر ئەوە بۆحكومەت ئاستەم و گران بوو ئەوا پێویســتە بەشــێوەیەكی دادپەروەرانــە قەرەبوویان بكاتەوە.

٢_سەبارەت بەو كەسانەی كە بەرەو ناوچەو زەوییــەكی تایبــەت گوازراونەتــەوە پێویســتە حكومەت بەپێی ماددەی (١٠) لەیاسای دەستەی بالاَ بۆ چارەسەركردنی كێشــەی موڵكــداری دەست بەكار بێت یاخود لەلایەن دەوڵەتەوە زەوی نوێ لــەنزیك شــوێنی نیشــتەجێبوونیان لــەو پارێزگایەی كە لێوەی هاتوون پێیان بدرێت یاخود لەبری تێچــوونی گواســتنەوەیان لەوناوچــانە قەرەبوو بكرێنەوە.

٣_سەبارەت بەو كەسانەی لەدامەزرانــدن و وەســیلەكانی تــری بــژێوی ژیــان بێبەشــكراون بەمەرامی ناچاركردنیان لەسەر كۆچكردن لــە زێــدی خۆیــان، واپێویســت دەكــات حكومــەت هانیانبدات بۆ دەستەبەركردنی دەرفەتی نوێی كاركردن لەناوچەكانی خۆیان.

٤_ هەرچی پەیوەستە بە (تصحیح القومیە) ئەوا دەبێت حكومــەت ســەرجەم بڕیارەكــانی تایبەت بەو پرسە رەتبكاتەوەو رێگە بەو كەسە زیان لێكەوتووانە بدات بەدوور لە فشار مافیان هەبێت لەدیاریكردنی ناسنامەی نیشتمانی و ئینتیمای نەژادییان.

ب_ دیسان بۆ مەرامی سیاسی رژێمی پێشوو دەستکاری سنووری ئیداری کردووە بۆیە پێویستە لەسەر سەرۆکایەتی و حکومەتی کاتی عێراقی رێنمایی بداتە ئەنجوومەنی نیشتمانی لەپێناو چارەسەرکردنی ئە گۆڕانکاریانە.

هاوکات ئەگەر نەتوانرا سەرۆکایەتی کۆدەنگی لەسەر ئەو رێنماییانە بەدەستبهێنێت ئەوا پێویستە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەشێوەیەکی بێ لایەن و شیاو بەکۆی دەنگ تاوتوێی ئەو بابەتە بکات و رێنمایی پێشکەش بکات.

دیسان ئەگەر ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی رەزامەندی بەدەستبهێنێت ئەوا پێویستە ئەنجوومەنەکە داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی دیاری بکات بۆ ئەوەی ئەرکی دادوەرییەکی خوازراو رابپەڕێنێت.

ج_ یەکلاییکردنەوەی زەوییە کێشە لەسەرەکان دوابخرێت لەوانەش کەرکووك تا ئەو کاتەی رێکارەکانی سەرەوە تەواو دەبن، هەروەها ئەنجامدانی پرۆسەیەکی عادیل و شەفافی سەرژمێریکردن تا ئەو کاتەی دەستووری هەمیشەیی پەسەند دەکرێت. دیسان پێویستە ئەو یەکلاییکردنەوە لەگەڵ بنەماکانی دادوەری کۆك بێت و ویستی دانیشتوانی ئەو زەویانە رەچاو بکرێن.

ماددەی(٥٨) باس لەهەڵگرتنی ئەو زوڵم و ستەمە دەکات کە دەرئەنجامی مومارەسەی رژێمی پێشوو بوون ئەویش لە گۆڕینی دیۆگرافیای چەند ناوچەیەکی دیاریکراو بەکەرکووکیشەوە، بەڵام ئەو ماددەیە میکانیزمێکی رۆشنی نییە بۆ گەڕاندنەوەی کۆچپێکراوان بەشێوەیەکی رێکو پێك، ئەمە جگە لەوەی ماددەکە ناڕوونییەکی پێوە دیارە لەبارەی ئەو کەسە هاوردانەی کە تازە هێنراونەتە ناوچە دیاریکراوەکان١.

دیسان هەمان ماددە لەگەڵ هەردو بڕگەی(ب) و(ج) و ماددەی (٥٣) چەند بڕیارێکی گرنگی دواخستووە بۆ پاش واژۆکردنی دەستووری هەمیشەیی لەوانەش بڕیاردان لەبارەی گۆڕانکارییە ئیدارییەکان لەسنووری پارێزگاکەو دوا بارودۆخی کەرکووك٢.

١-بەپێی بڕگەی ٢ لەماددەی٥٨ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت "ئەو کەسانەی کە بۆ ناوچە دیاریکراوەکان راگوازراونئەوا ئەگەر بکرێت لەلایەن حکومەتەوە کاردەکرێت بۆ سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەیان یاخود لەلایەن دەوڵەتەوە ئەگەر کرا قەرەبووکردنەوەیان زامنبکرێت یاخود لەنزیك ئەو پارێزگایەی کە لێوەی هاتوون لەلایەن دەوڵەتەوە ئەگەر کرا پارچە زەوییەکیان پێبدرێت یان قەرەبووی تێچوونی گواستنەوەیان بۆ ئەو ناوچانە بکرێن". بەکارهێنانی چەند جارەی وشەی(ئەگەر) واتە هیچ شتێك لەوانە بەزۆر ناکرێت.

١-بەپێی بڕگەی (ب) لەماددەی٥٢ رێگە نادرێت سنووری پارێزگاکان لەقۆناغی ئینتیقالیدا گۆڕانکاری بەسەردا بهێت لەکاتێکدا ماددەی(ج)هەریەك لە بەغدادو کەرکوکی هەڵاوێرد کردوەو بەمافی پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانی دەزانێت لەنێوان خۆیاندا هەرێمەکان پێکبهێنن.

بڕگەی (ب) هێڵە گشتیەکانی پرۆسەیەکی سنووردارکراو بەئامانجی سەرلەنوێ گەڕاندنەوەی سنوورەکان بۆ بەر لەوەی کە لەلایەن رژێمی بەعسەوە رەنگڕێژکرابوو پێشنیاز دەکات، تا ئەو دەمەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کە لە(٣) ئەندام پێکهاتووە بەکۆی دەنگ زنجیرە رێنماییەك دەردەکات سەبارەت بە هەمواركردنی سنوورە ئیدارییەکان و رەوانەکردنی ئەو رێنماییانە بۆ بەردەم دەسەڵاتی یاسادانان بەمەبەستی پەسەندکردنیان١. بەڵام هەرچی بڕگەی (ج) ی ماددەکەیە هێڵە گشتیەکانی پرۆسە سێ هێڵییەکەی دیاریکردوە کە دەبێتە چارەسەری پرسی کەرکووك بەشێوەیەکی کۆتایی- ئاسایی کردنەوەو ئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوان بەشێوەیەکی خاوێن و شەفاف.

پاشان بڕیاردان بەو جۆرەی لەگەڵ پرانسیپی دادوەری گونجاو بێت و ویستی هاولاتیانی ئەو ناوچانە بەهەند وەربگرێت. رێککەوتن لەسەر دۆزی کەرکووك چارەسەرێکی سازاندن و میانگیری لەلای کورد پێوە دیاربوو، چونکە چارەسەری کۆتایی دواخرا بۆ ئەو دەمەی کە دەستووری هەمیشەیی پەسەند دەکرێت هەربۆیە دەستەواژەی " ویستی هاولاتیان" جێگەی بایەخی خۆی هەبوو کە ئەوەش بەواتای چارەسەرکردن لەسەر بنەمای پرسی میللی دەبێت.

لەهەمبەر ئەو چارەسەرە تەوافوقیەدا کورد لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتدا زۆرینەی ئەوەیان بەدەستهێنا کە خوازیاریبوون٢.

دیارە ئەوەش بۆخۆی گرنگیەکی یەکلاکەرەوەی هەبوو کاتێك توانیان " ڤیتۆی کوردی" لەسەر ماددەی (٦١)، بڕگەی(ج) بەکاربهێنن. لەو ماددەیەدا هاتووە کە دەستووری

٢- لەکاتێکدا ئەگەر سەرۆکایەتی نەیتوانی بەکۆدەنگی رازیبێت لەسەر کۆمەڵێك رێنمایی ئەوا ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەکۆدەنگی دادگایەکی بێلایەن دروست دەکات...هەرکاتێکیش ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی نەیتوانی لەسەر دادگاکە رازیبێت پێویستە ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی داوا لە ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بکات کەسایەتیەکی ناسراوی نێودەوڵەتی دابنرێت بۆ داوەریکردن.

٢- سەرباری ئەوەی کورد تەنازولی زۆریان پێشکەش کرد سەبارەت بە ئیدارەکردنی سامانە سروشتیەکان و مافیان لە ڤیتۆکردنی یاساکانی حکومەتی ناوەندی، بەڵام لەبەرامبەریشدا چەندان دەستکەتیان بەدەستهێنا. بۆنموونە ماددەی ٥٣(أ) ئیعتراف بە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەنێت. ماددەی ٩ زمانی کوردی بەزمانی رەسمی عێراق دەناسێنێت.

بەپێی ماددەی ٥٤ ئاسایشی ناوخۆی هەرێم بەدەست حکومەتی هەرێمەوە دەبێت و هەروەها مافی وەرگرتنی باج و روسماتی لەناو هەرێمدا دەبێت...... سەبارەت بە دەستکەوتەکانی کورد لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتدا بڕوانە:
O'Leary,B.2005."Power-Sharing, Pluralist Federation and Federacy." In The Future of Kurdistan in Iraq,eds.O'Leary,B.,J.McGarry,and Khalid Salih. Philadelphia:University of Penssylvania Press:47-91.

هەمیشەیی لەرێگەی راپرسییەکی میللی و زۆرینەیەکی سادەوە پەسەند دەکرێت ئەویش ئەگەر بێتوو لەلایەن سێیەکی دەنگدەران لە (٣) پارێزگا یان زیاتر رەتیان نەکردەوە.

بەوجۆرە مافی ڤیتۆ هێزێکی سیاسی بە دانوستکارانی کورد بەخشی بۆ ئەوەی داکۆکی لە دەستکەتەکانی کورد بکەن وەك ئەوەی لە یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتدا هاتوەو بەوەش کاریگەرییەکی گەورەیان دەبێت لەسەر پرسی کەرکوك لەدەستووری هەمیشەییدا١.

هەڵبەت ئیدارەی کاتی دەوڵەت شتێکی ئەوتۆی نەکرد بۆ ئەوەی ئاستی پەنگخواردنەوە ئیتنیکییەکانی کەرکوك هێوربکاتەوە، هەروەها بە رەتکردنەوەی داواکاریەکی تورکمان سەبارەت بە ئەنجامدانی بەپەلەی پرۆسەی سەرژمێریکردن و دواخستنی ئەو سەرژمێرە بۆ دوای نەهێشتن و لابردنی ئاسەواری تەعریب پرسی هەریەك لەگەڕاوە کوردو تورکمانەکان و چارەنووسی عەرەبی هاوردەی کر بە پرسێکی سیاسیکراو.

هەرچەند لەسەرەتادا کورد بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە کەرکوك مافی خۆیانە بەڵام یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت میکانیزمێك دەستەبەر دەکات بۆ گۆڕینی هەژموونی ژمارەیی بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەوەی کە شارەکە بۆ کێ دەگەڕێتەوە.

بەواتایەکی راشکاوەتر لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی کوردی گەڕاوە بۆ شارەکە کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە دەتوانن بیانگەڕێننەوە ئەوا دەرفەتی بەدەستهێنانی کەرکوك زیاتر دەبێت. لەبەر ئەوە ئاسان نییە پاڵنەرە پاساودارەکان کە خۆی لە لابردنی ئەو زوڵم و ستەمەدا دەبینێتەوە کە پێشتر هەبوون لەپاڵنەری سیاسی پەتی- دووربخرێنەوە کە دواجاریش گەڕانەوەی کەرکووکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

لەرۆژی واژۆکردنی بەڵگەنامەی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتدا پیشخواردنەوەی ئیتنیکی لەکەرکووکدا بزوا، ئەوەبوو بەبەشداری دەیان هەزار کورد وەك ئەوەی راپۆرتەکان ئاماژەیان پێکردووە گردبوونەوەیەکی ئاهەنگئامێزیان سازکرد و تیایدا ئاڵای کوردییان بەرزکردەوەو ئاڵای عێراقیشیان سووتاند ئەوەش لەئەنجامی تێگەیشتنێکی هەڵە بوو لەوەی کە پێیان وابوو یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت بڕیاریداوە بەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ کورد٢.

١- پێدانی مافی ڤیتۆ بەکورد مشتومڕێکی زۆری بەدواوە بوو ، کە لەلایەن پیاوانی ئاینی نەجەفەوە دژایەتی زۆر دەکرا، لەنێویشیاندا ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی. بەجۆرێك کە خەریکبوو ئەو ناکۆکییە ئیمزاکردنی بەڵگەنامەکە لەباربەرێت. بۆوردەکاری زیاتر بڕوانە: Allawi,A.A.2007.The Occupation of Iraq: Winning the War,Losing the Peace .New Haven Yale University Press:222-224.

2 -Beaumont,P. 2004."Premature Rejoicing in Kirkuk." The Guardian,9March:13.

دواتر ئاهەنگەکە بەپێکدادان لەگەڵ چەند گروپێکی عــەرەب و تورکمــان و کــوژرانی (۳) کەس کۆتایی هات. واژۆکردنی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت لەکاتێکــدا بــوو کــە پەیوەنــدی ئیتنیکی بۆخۆی پەنگخواردوبوو، هەربۆیە لەکۆتایی کانوونی دووەمدا نزیکەی (۲٥۰) کــەس لەشێخانی عەشیرەتە عەرەبیەکان لەشارەکەدا کۆبوونەوەو دژایەتی کردنی خۆیان بۆ فیــدراڵی و گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان راگەیاند. یەکێك لەرێکخــەرانی کۆبوونەوەکــە وتی: " ئێمە ئــەمڕۆ لێــرەین تــا بێــژین کــە ئێمــە دژی فیــدراڵین و کــەرکووکیش شــارێکی عەرەبییە"[1].پاشتر لەکۆتایی شوبات و سەرەتای ئازاردا و لەماوەی دوو هەفتــەدا بارەگاکــانی بەرەی تورکمانی تالآن کران، هەروەك راپۆرتەکان ئاماژەیان پێدابوو[2].

هاوکات ئەوەش وایکرد کە سوپای ئەمریکا هاتووچــۆکردن لەشــارەکەدا قەدەغــە بکــات. لەسەرەتادا نیسانیشدا ئەندامانی تورکمان و عەرەب لەئەنجوومەنی کەرکووك پاشەکشــەیانکرد وەك نارەزاییــەك لەبەرامبــەر هەژموونگــەرایی کــورد، هەربۆیــە ســەرۆکی ئەنجوومەنەکــەش ناچاربوو چالاکیەکانی هەڵپەسێرێت.

لەوبارودۆخە هەموارەدا هەوڵەکان بۆچارەسەرکردنی ئەو پرسە ئاڵۆزە و گەڕانەوەی کوردانی راگوازراو جگە لەپەنگخواردنەوەی زیاتر هیچی تری لێنەکەوتەوە.

ساغکردنەوەی کێشە موڵکدارییەکان

بەدرێژایی ساڵی ۲۰۰۳ ئەو هەوڵانــەی کــە دەســەڵاتی ئیئــتلافی کــاتی دابــووی لــەپێناو نوێکردنەوەی میکانیزمێکی یاسایی بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی موڵکــداری لــەعێراق جگــە لەهەوڵی لێکتر دابڕاوو شکستخواردوو هیچی تر نەبوون[3].

لەساڵی ۲۰۰٤دا دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی رازی نــەبوو لەســەر پێکهێنــانی لیژنەیــەك بــۆ چاوخشاندن بە سکالآکانی پەیوەست بە موڵکدارێتی، سەرباری ئەوەی یاسای پێکهێنانی لیژنە لە۲٤ی حوزەیرانی ۲۰۰٤ پەسەند کرا.

1 -Agence France Press.2004." Arab Tribes Rally Aginst Iraq Oil City's Inclusion in Kurdsh Region." 27 January.
2 -Agence France Press.2004."Iraq Kurds Ransack Turkmen Party Offices Again."3 March.
3 - Humman Rights Watch.2004."Claims in Conflict: Reversing Ethnic Cleansing in Northern Iraq."16(4)(E):58.

بەپێی دەقی یاساکە کە ئاماژە بە پێکهێنانی لیژنە لۆکاڵییەکان دەکات لەسەرجەم پارێزگاکانی عێراقدا هەر لیژنەیەك لە دادوەرێك و بەرێوەبەری نووسینگەی تۆمارکردنی عەقارو نووسینگەی موڵکدارێتی گشتی پێکدێت.

هاوکات لەسەر پێداگری کورد لەسەر دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی یاسای ئەسڵی مەرجدار کرا کە لە(کانوونی دووەم) دەرچوو، بەو پێیەش سکاڵای پەیوەست بە موڵکدارێتی پێشکەش بە لیژنەی ئەو پارێزگایە بکرێت کە موڵکەکانی تێدایە، دیارە ئەوەش ئەو بەندە بوو کە لەلایەن دەسەڵاتی ئیئتلافەوە لەو یاسایەدا لەمانگی حوزەیران بڕیاری گۆڕینی درا.

بەبۆچوونی رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ ئەو بەندەی کە یاسا ئەسڵییەکە لەخۆی گرتووە" پاڵنەرێکی سیاسی ئاشکرای هەیە" لەبەر ئەوەی بەو جۆرە دارێژراوە کە هانی گەڕانەوەی کورد بۆ کەرکووك بدات تا سکاڵاکانیان پێشکەش بکەن[1].

جگە لەوەش ئەو یاسایەی کە لە حوزەیراندا دەرچوو کۆمەڵێك رێنمایی سەبارەت بە پرسە رێکارییەکان لەخۆگرتبوو بەڵام نادیاری بەپرسە چارەنووسسازەکانەوە دیاربوو.

بۆ نموونە پرسی پەیوەست بە چارەنووسی " ئەو دانیشتوانانەی کە تازە بەتازە نیشتەجێکرابوون". یاساکە زمانی یاسای ئیداری کاتی دەوڵەتی دووبارە کردبوەوەو بەو جۆرەش دەکرا ئەو کەسانە سەر لەنوێ نیشتەجێبکرێنەوە و قەرەبوو لەدەوڵەت وەربگرن و ببنە خاوەنی موڵکی نوێ.

نەبوونی ناچارکردن لەدەقەکەدا بەئەنقەست بوو بەڵام لەبناغەدا بۆخۆی دژ بە هەڵوێستی نەگۆڕی کورد بوو کە دەبوو ئەو عەرەبانەی لەچوارچێوەی تەعریبدا بۆ کەرکووك هێنرابوون بۆزێدی خۆیان بگەڕێنرێنەوە ئەویش لەپێناو ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە.

دیسان لەیاساکەدا باس لە سەرچاوەی پێدەری قەرەبووکردنەوەکە بۆ ئەو کەسانە نەکراوە کە رۆیشتنیان هەڵبژاردبوو تا سەر لەنوێ لەجێگەکانی تردا نیشتەجێبکرێنەوە.

لەبری ئەوەش پۆل بریمەری سەرۆکی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی یەك لایەنە بڕی(١٨٠)ملیۆن دۆلاری تەرخانکردبوو بۆ یارمەتیدانی دەستەی تایبەت بە چارەسەری کێشەی موڵکدارێتی ئەویش تەنیا بەدوو رۆژ بەر لە رادەستکردنەوەی سەروەریی بەعێراق.

هاوکات لە کۆتایی حوزەیران و لە میانەی سەردانی بۆ شارەکەدا بریمەر نوێکردنەوەی

١ - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(سندوقی کەرکووك)ی ڕاگەیاند، کـە بودجـەی ١٠٠ ملیـۆن دۆلاری بـۆ دابینکرابـوو تـا لەساغکردنەوەی کێشە موڵکدارییەکاندا یارمەتیدەر بێت.

دوای سەردانەکانی لە کانوونی یەکەم و شوباتی ٢٠٠٤ بۆ کەرکووك، ڕێکخەری چـاودێری مافـەکانی مـرۆڤ تێبـینی ئـەوەیکرد" لەبـەر نـەبوونی میکانیزمێـك، ئـارامی لەبـەر ئـەو ڕاگوازراوانە هەڵگرتووە کە لەگەڵ خێزانەکانیان بەرەو کەرکووك دەگەڕێنەوە ١.

بەهاتنی سەرەتای حوزەیران دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی ژمارەی ئەو عەرەبانەی کـە لەلایـەن کوردەوە بەشێوەیەکی نایاسایی دوورخراوبوونەوە بە(١٠٠) هەزار کەس مەزەندە دەکـات کـە لەنێو چادرگەکانی دیالەو سەلاحەدین و کەرکووکدا نیشتەجێبوون٢.

پوختەی بەڵگە نامەکە ئەوەیە کە" تائێستا کارێکی توندو تیژی ئـەوتۆ نییـە بـەڵام ڕق و کینەیەکی زۆر هەیە کە پەنگیان خواردوەتەوەو ڕەنگـە پیاهەڵپـژانی ئیتنیکـی لێبکەوێتـەوە، ئەگەر بێتوو بەزووترین کات بارودۆخەکە چارەسەر نەکرێت"٣.

بەڵام نەبوونی سەرچاوەی دارایی و کادێری لێوەشاوە پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی و هەڕەشەی پەنابردن بۆ توندوتیژی وایانکرد، کە بەرەو پێشچـوونی کـاری دەسـتەی چارەسـەری کێشـەی موڵکدارێتی لەکەرکووکدا سست بێت٤.

هەڵبەت دەستەکە لەلایەن پارێزەری کورد(تەحسین حامد یاسین)ەوە سـەرۆکایەتی دەکـراو لەلایەن دادوەرێکی تایبەت بە تاوتوێکردنی سکاڵاکانی پەیوەست بە کێشەکانی موڵکـدارێتی پشتی پێدەبەسترا، کە دیسان لیژنەکە (٣) دادوەری کوردو تورکمان و عــەرەبی لـەخۆگرتبوو، ئەمە جگە لە تیمێکی یاسایی کە (٢٨) پارێزەرو (١٤)یاریدەدەری لەخۆگرتبوو٥.

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو،١٧ز.

٢- بڕوانـە http://www.cpa-iraq.org/budget/PRB/May 15-prb.html) CPA program Review Board Minutes,15 May 2004

نازانرێت کە چۆن دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی گەیشتوەتە ئەو ژمارەیە یاخود چۆن توانیویەتی جیاوازی بکات لـەنێوان ئـەو عەرەبانـەی بەویستی خۆیان ڕۆیشتوون و ئەوانەش کە بەزۆر دوورخراونەتەوە(بەشێوەیەکی نایاسایی).

3 - United Press International.2004."100,000Arabs evicted by Kurds in Iraq."11June.

٤- بۆ وردبوونەوەی زیاتر بڕوانە: Lawrance Q.2008. Invisible Nation: How the Kurd's Quest for Statehood is Shaping Iraq and the Middle East. New York: Walker&Company:223

5 - Steele, J . .2004. " Oil Town Looks to Property Tribunal for Justice ." The Gurdian ,8 July . (www.gurdian .co.uk /world / 2004/ jul/08/Iraq.jonathansteele)

بەهاتنی سەرەتاکانی ئەیلولی ٢٠٠٤ سوپای ئەمریکا ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەسەرتای ساڵەوە لەکەرکووك نیشتەجێ بوون بە (٧٧) هەزار کەس مەزەندە دەکات١.

دەستەی چارەسەری کێشەی موڵکداریێتی زیاتر لە(٥) هەزار سکاڵای تایبەت بە موڵکداریێتی بەدەست گەیشت کەزۆربەیان سکاڵای کورد بوون، بەڵام هیچ کامیان تەماشا نەکران بۆیە کورد بێزاربوو لەوەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەئەنقەست دەستی دەستی دەکات تا خۆی لە دوژمنایەتی رای گشتی عەرەبی بەدوور بگرێت.

سەرۆکی پێشووی دەستەی چارەسەرکردنی کێشەی موڵکداریێتی دەڵێت" تێدەگەم ئەوان نایانەوێت عەرەب بۆ سەر زێدو ناوچە ئەسڵییەکانی خۆیان بگەڕێننەوە بەڵام دیسان ناشخوازن کورد تورە بکەن، لەبەر ئەوە بەگرتنە بەری رێو شوێنی بیروکراسی هەموو شتێك دوا دەخەن"٢.

بەرەو پێشچوونی کارەکانی دەستەکە بەو شێوە سستەزیانی بۆ سەر ئارامی هەبوو، کاتێکیش کوردو تورکمانە گەڕاوەکان هەستیان بەنائومێدی دەکرد لەوەی کە یاسا هیچیان بۆ ناکات ئەوا پەنایان بۆ توندوتیژی دەبرد ئەویش وەك رەفتارێك بۆ ساغکردنەوەی کێشەکان بەتایبەتیش لەقەزاو ناحیەکانی دەرەوەی کەرکووك.

پێشتر لەشارۆچکە کوردییەکانی وەك مەخمور، کوردە گەڕاوەکان بەیارمەتی هێزی پێشمەرگە کەوتبوونە دوورخستنەوەی عەرەبە هاوردەکان لەسەرماڵو زەویەکانیان٣. هەرچی تورکمانە گەڕاوەکانیشە کەخاوەنی هێزی سەربازیی نەبوون تاپشتیوانیان بکات هیچ رێگە چارەیەکی تریان لەبەردەمدا نەبوو تاپەنای بۆ بەرن بۆیە لەچاوەڕوانی چارەسەری یاسایدا بوون.

لەئەیلولی ٢٠٠٣شدا لەشارۆچکەی بەشیری تورکمانشین ئەفسەرانی سوپای ئەمریکا رۆڵی نێوبژیوانیان بینی بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی کاتی تەوافوقی لەنێوان تورکمانە گەڕاوەکان و عەرەبە هاوردەکان کە زەوی ئەوانیان بەگەڕحستبوو بۆخۆیان.

ئەوەبوو رێککەوتن لەسەر ئەوەی چاوەڕوان بن تا ئەو دەمەی میکانیزمێك بۆ ساغکردنەوەی یاسایی کێشەی موڵکداریێتی دەدۆزرێتەوە.

---

1 - Agence France Press. 2004. "Iraqi property Commission Failing .167,400 Displaced Persons Since March : US." 3 September (LN)

2 - Packer , D. 2004 ." The Next Iraq War : What Kirkuk's Struggle to Reverse Saddam's Ethnic Cleansing Signals for the Future of Iraq ." The New Yorker ,4 October.

3 - Filkins , D. "Kurds Dvancing to Recalim Land in Northren Iraq." The New York Times,20 June:1.

له ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤دا بەهۆی نەدۆزینەوەی میکانیزمێك لەلایەن دەسەڵاتی ئیئتلاف و جێنەهێشتنی شارۆچکەی بەشیریش لەلایەن عەرەبەوە بووە هۆی پێکدادانی خوێناوی چەند جارەی نێوان هەردو پێکهاتەی تورکمان و عەرەب لەو شارۆچکەدا١.

هەرچی بری ئەمنی ناوخۆی شاری کەرکووکیشە لەماوەی ساڵێکدا رووی لەخراپبوون کرد، لەمانگی شوباتدا یەکەم هێرشی خۆکوژی روویداو ئەوەش ژمارەیەکی زۆر قوربانی لێکەوتەوە، کاتێك لەدەرەوەی بنکەی پۆلیسی رەحیماوا کە دەکەوێتە ناوچەیەکی کورد نشینەوە کەسێکی خۆکوژ خۆی تەقاندەوەو دەرئەنجام کوژرانی (١٠)کەس و بریندابوونی(٤٥)ی دیکەی بەدواوە بوو.

دواتریش گروپێك بەناوی کەتیبەکانی موجاهیدینی عێراق بەرپرسیارێتی خۆی لەبەرامبەر ئەو تەقینەوە خۆکوژییە پیشاندا، کە ئەوەش یەکێك بوو لەو زنجیرە تەقینەوانەی کە هێزە ئەمنییەکانی کردبووە ئامانج و هەروەك ئاماژە رەسمییەکانیش ئاماژەیان پێکردبوو بەتەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤دا (٥٠٣) هێرشی تیرۆریستی لەکەرکووکدا بەرەسمی تۆمار کرابوون٢.

هەروەها (غافڵکوژی- لەناکاوکوژی) سیاسی لەماوەی ئەو ساڵەدا بەشێوەیەکی بەرچاو رووی لە هەڵکشان کردو لەوەشدا هاولاتیانی سەر بەگشت پێکهاتەکان کرانە ئامانج و سەرانی سیاسی تورکمانیش ژمارەیەکیان لێکوژرا لەوانەش دوو سەرکردەی دیاری بەرەی تورکمانی، کە یەکێکیان سەرۆکی حزبی تورکمان ئیلی بوو کە لە مانگی تەموزدا کوژراو ئەوی دیکەشیان (ئیبراهیم ئیسماعیل) بەرێوەبەری پەروەردەی کەرکووك بوو کە لە مانگی ئابی ئەو ساڵەدا کوژرا و دیسان سەرکردەیەکی تری حزبی تورکمان ئیلی لەمانگی تشرینی یەکەمدا ناکاوکوژ کرا.

لەنێو ئەو کەسایەتیە ناودارانەی کەلەماوەی ئەو ساڵەدا رووبەڕووی لەناکاوکوژی بوونەوە (غازی تاڵەبانی) برازای جەلال تاڵەبانی بوو، کە بەڕێوەبەری ئاسایشی کۆمپانیای نەوتی باکوور بوو، هەروەها کوژرانی (شێخ خادم ئەلهانی) سەرۆکی ئەنجوومەنی شیعی لەکەرکووك کە ئەوئەنجوومەنەش یەکێك بوو لەو رێکخراوە دەگمەنانەی داکۆکی لە بەرژەوەندی عەرەبی شیعە لەکەرکووك دەکرد.

دیسان پارێزگاری کەرکووك لەماوەی (٢٠٠٤)دا بۆ دووجار هەوڵی کوژرانی درا بەلام لەهەردو هەوڵەکەدا دەربازی بوو، هاوکات بەهۆی ئەو شەپۆلە لەغافڵکوژی، لەمانگی

---

1 - Kurdistan Nuwe(BBC Monitoring Interational Reports).2004."Iraq: Turkmen, Arab Settlers Clash Over Land Ownership." Augst(LN).

2 - Kurdistan Nuwe(BBC Monitoring International Reports). 2004."Iraq : Official Statistics show 503" Terrorist" Acts in Kirkuk in Six Months."30July(LN).

ئایاردا سەرجەم چالاکیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك هەڵپەسێردران ئەویش لەپێناو سەلامەتی گیانی ئەندامەکانیدا.

هەڵبەت ئەو لەناکاو ژییەی کە دەکرا تەرزێکی روونی نەبوو جگە لەوە نەبێت ئەوانەی دەکرانە ئامانج خاوەنی پێگەی سیاسی بوون و ئەوەش تەنیا بارگرژی و گومانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی لێدەکەوتەوە.

حکومەتی کاتیی عێراقی

لەگەڵ هەلکشانی ئاستی کارە توندو تیژیەکان لەمانگی نیسان لەسەر ئاستی عێراقدا، دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی لەهەوڵدا بوو بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێکی تەوافوقی تا گەڕاندنەوەی سەروەریی عێراق مسۆگەربێت[1].

ئەوەبوو (ئەلئەخزەر ئیبراهیمی) وەزیری پێشووی دەرەوەی وڵاتی جەزائیر لەچوارچێوەی تیمێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان راسپێردرا بۆ ئەوەی پێدانی شەرعیەتی نێو دەوڵەتی بەهەڵبژاردنی حکومەتی کاتی عێراقی ببەخشێت تا سەروەریی بۆ عێراق بگەڕێنرێتەوە.

هەرچی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش بوو خوازیاری دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز بوو تا پشتیوانی تەواو لەپرۆسە سەربازیەکانی بکات لەوانەش گەمارۆ شکستخواردوەکەی فەلوجە کە لەلایەن واشنتۆنەوە بە پێویست دەزانرا بۆ تێکشکاندنی یاخیبوونی چەکداری.

جگە لەوەش ویلایەت یەکگرتوەکانی ئەمریکا بەدوای سەرۆك وەزیرێکی هاوپەیمان و متمانە پێکراودا دەگەڕا تا بتوانێت لەرێگەی ئەو کەسەوە کۆنترۆڵی پرۆسەی ئینتیقالی بکات.

ئەیاد عەلاوی کە پێشتر پەیوەندی بە دەزگای هەواڵگری (CIA)ی ئەمریکاییەوە هەبوو کاندیدێکی نموونەیی بوو کە مەرجەکانی ئەمریکای تێدابوو.

هەرچی هەڵبژاردنی کەسایەتیەکانیش بوو بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری تەنیا فۆرمێکی مەراسیمی هەبوو، کە ببوە مایەی مشتومڕ.

---

[1] - پلانی پۆل بریمە بۆ گەڕانەوەی سەروەری بۆ عێراق خۆی لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی سێ قۆناغیدا دەبینییەوە تا دەگەیشتە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کاتی لە کۆتایی ئایاری ٢٠٠٤دا. بەڵام ئەو پلانە لەبارچوو کاتیك ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی کە ئەو کاتە بەهێزترین دەنگ بوو لەسیاسەتی عێراقیدا پشتیوانی ئامادە نەبوو پشتیوانی هەرپرۆسەیەك بکات کە هەڵبژاردنی راستەوخۆ لەخۆ نەگرێت.

دیارە بژاردەی شیاوی ئەمریکاش بۆ ئەو پۆستە (عەدنان پاچەچی) بوو کـە کەسـایەتیەکی میانڕەوو دیموکراسخوازو لیبرالْ و خـاوەن سـەنگێکی نێـو دەولـەتی بـوو١. بـەلاَم ئەنجومـەنی حوکمڕانی لەهەلْوێستێکی دەگمەنیدا (غازی یاوەر) ی هەلْبژارد بۆ پۆستی سـەرۆك کۆمـاری، کە کەسایەتیەکی سەر بەعەرەبی سوننی بوو.

لەبەرامبەر پێنەدانی پۆستی سەرۆك کۆماری بەکورد، بێزاربوونی لای کـورد دروسـتکردو لەنامەیەکی هاوبەشی تونـدئامێزیش کـە ئاراسـتەی جـۆرج بوشـی سـەرۆکی ئـەمریکا کـرا، هەریەك لە جەلال تالْەبانی و مەسعود بارزانی گلەیی ئـەوەیان کـرد، کـە" عێـراق ولاَتێکـی خاوەن دوو نەتەوەیە.... هەربۆیە کارێکی مەنتیقییە کە عەرەب یـەکێك لـە پۆسـتە بالاَکـان (کەخۆیان هەلْیدەبژێرن) بگرنە دەست بەلاَم پێویستە پۆستەکەی تر بۆ کورد بێت٢.

هەر لەو نامەیەدا ئیدانەی دەسەلاَتی ئیئـتلافی کـاتی کـراوە لەبەرامبـەر هەولـەکانی بـۆ رەتکردنەوەی دانپێدانان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرژەوەندی سیستمی فیدرالْی کە هەر (١٨)پارێزگاکە دەبێتە بنـەمای ئـەو سیسـتمەیەو دیسـان هەرِەشـەی ئەوەشـکرابوو کـە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بژاردەیەکی تری لەبەردەمدا نیە جگە لە بەشداری نـەکردن لە حکومەتی ناوەندی و دامودەزگاکانیدا، ئەوە لەکاتێکدا بـوو لـە میانـەی دانوسـتانەکانی تایبەت بە یاسای ئیدارەی کاتی دەولـەت هـەولْی ئـەوە دەدرا یاسـاکە لەلایـەن ئەنجوومـەنی ئاسایشەوە بەرِەسمی بناسرێت.

کاتێکیش لـە ٨ی حوزەیرانـدا لەلایـەن ئەنجوومـەنی ئاسایشـی نێـو دەولْەتیـەوە بڕیـاری ژمارەی(١٥٤٦) دەرکرا، باس لە یاسای ئیدارەی کاتی دەولـەت یـاخود هـەرێمی کوردسـتان نەکرابوو٣. دەمێکیش کە لە ٣٠ی حوزەیراندا بەرِەسمی سەروەری بۆ حکومەتی کـاتی عێـراق

1 - Allawi, The Occupation of Iraq, op.cit:285

2 - Kurdistan Observer.2004."Letter From Barzani and Talabani to President Bush."June. www.home.cogego.ca//kurdistan3/5-6-04-letter-bush-from-b-and-htm)

٣ - ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش لەگەلْ ئەوانیتردا کەوتە ژێر فشاری ئایەتوللاَ سیستانی لەوەی کە ئاماژە بە یاسای ئیدارەی دەولْەتی کاتی نەکات لە بڕیاری ئاسایشی نێودەولْەتیدا .

ئەوەبوو لە ٦ی حوزەیراندا لەو نامەیەیدا کە ئاراستەی ئەنجوومەنی ئاسایشی کرد سیستانی دەلْێت یاسای ئیدارەی کاتی دەولْەت نـا شەرعییە لە بەر ئەوەی لەلایەن دەستەیەکی هەلْبژێردراوەوە ئامادە نەکراوە.

یەکێك لەنیگەرانیەکانی سیستانی پەیوەندی بەو بەندەوە هەبوو کە مافی ڤیتۆی دابووە کورد و پێیوابوو کـە ئـەوە میکانیزمێکـەو دەکرێت لەلایەن کەمینەوە (نا شیعی) بەکاربهێنرێت بۆ پەکخستنی ئیرادەی زۆرینەی شیعە. بەگشتی ئەو مەغزای ئەو ماددەیە بوو.

گەڕێنرایەوە باری یاسایی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت جۆرە نادیارییەکی پێوەدیاربوو بەتایبەتیش ماددەی (٥٨) و ڤیتۆی کوردی.

وەك قەرەبووکردنەوەیەکیش بۆ کورد چەند پۆستێکی وەزاری گرنگیان پێدرا لەوانەش یەکێك لەپۆستەکانی هەردو جێگری سەرۆك کۆمار(رۆژ نوری شاوەیس لەپ.د.ك) و جێگری سەرۆك وەزیر بۆکاروباری ئاسایشی نەتەوەیی(بەرهەم سالّح لە ی.ن.ك) و پۆستی وەزیری دەرەوەش درایە (هۆشیار زێباری لە پ.د.ك).

تێکڕای کورد لەکۆی (٢٦)پۆستی وەزاری (٥)پۆستی وەزاری وەرگرت و زۆرینەی پۆستەکانی دیکەش بەدەست شیعەوە بوون.

دیسان بۆ جارێکی تر بەشێوەیەکی بەرچاو تورکمان پەراوێزخران و تەنیا نوێنەری تورکمانیش لەحکومەتی کاتیدا(رەشاد مەندان عومەر) بوو کە ئەویش شارەزاییەکی ئەوتۆی لە کاری سیاسیدا نەبوو، کە وەك وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا لەپۆستەکەی خۆیدا مایەوە.

وەك ئەوەی چاوەڕوانیشدەکرا کاردانەوەکانی زۆربەی سەرانی سیاسی تورکمان نەرێنی بوو، بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمان لەدوو توێی بەیاننامەیەکدا ئاماژەی بە وەکرد کە پەراوێزخستنی تورکمان ناچاریان دەکات پەنا بۆ چەك هەڵگرتن و دەست سووربوونیان بەخوێنی عێراقیەکان بەرن.

هەر لەبەیاننامەکەدا داواکراوە لەپێناو مومارەسەکردنی دیموکراسی و دادوەری و یەکسانیدا یەکێك لەپۆستەکانی جێگری سەرۆك کۆمار یاخود جێگری سەرۆك وەزیر و سێ پۆستی وەزیری بۆ تورکمان تەرخان بکرێت، چونکە ئەوە لەگەڵ قەبارەی دانیشتوانی تورکمان کە ژمارەیان زیاتر لە ٣ ملیۆن کەسە کارێکی گونجاوە١.

بەڵام نوێنەرایەتیکردنی کورد بەبەراورد بە نوێنەرایەتی تورکمان لەحکومەتی کاتی عێراقدا کە نوێنەرایەتیەکی تەواو بوو لەجێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)دا وەك خۆی پراکتیزە نەکرا.

هاوکات بۆ روو بەڕوبوونەوەی بارودۆخی خراپی ئەمنی، لەنیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤دا ئەیاد عەلاوی سەرۆك وەزیر کۆمەڵێك ئەولەویەتی دیکەی هەبوو، تەنیا بەشداریکردنیشی کە واتایەکی هەبووبێت لەچارەسەرکردنی پرسی کەرکووکدا پێکهێنانی لیژنەیەکی حکومی بوو لە جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) کە سەرۆکەکەی حەمید مەجید موسای سکرتێری حزبی شیوعی بوو.

---

1 - Turkmenali(BBC Monitoring Middle East).2004."Iraqi Turkmen Parties Rejcet Delay in Kirkuk Council Elections."27 November(LN).

زەمینەسازی بۆ هەڵبژاردنەکان

لەکۆی ئەو پرسە ئاڵۆزە جۆراوجۆرانەی کە سروشتی ماوەی خۆئامادەکردنەکانی بۆ هەڵبژاردنی فیدراڵی و لۆکاڵی لە کانوونی دووەمی٢٠٠٥دا دیاریکردبوو، ئەو دیبەیتە بوو کە زۆرترین مشتومڕی لەکەرکووك لێکەتەوە سەبارەت بە خواستی هەردو پارتە کوردییەکە لەبارەی دواخستنی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ کاتی جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت و گرێدانی ئەوە بە پرسی رێگەدان یاخود رێگە نەدان بەکوردانی گەڕاوە لەتۆمارکردن و دەنگدان.

لەبەرایی تشرینی یەکەمدا ئەو پرسە مشتومڕی بەدوای خۆیدا هێنا کاتێك دەرکەوت کە حکومەتی کاتی عێراقی بێتوانا و نائامادەیە لەجێبەجێکردنی بڕگەکانی ماددەی (٥٧)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت.

لەپاش کۆبوونەوەیەکیش کە لەنێوان مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لە (١٧)ی تشرینی دووەمدا بەڕێوەچوو وتەبێژێك بەناوی(ی.ن.ك)ەوە رایگەیاند: هەردو سەرکردە رێکەوتوون لەسەر ئەوەی کە پێویستە هەڵبژاردنەکان ئەنجام نەدرێت گەربێتوو یەکەمجار حکومەتی عێراقی کێشەی کورد بەپێی ماددەی(٥٨) چارەسەر نەکات کە بارودۆخی کەرکووك بۆ کورد سروشتی دەکاتەوە[١].

لەناوەڕۆکدا هەردو سەرکردەی کورد داوای دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەکەن بۆ باشکردنی دەرفەتی بردنەوە لەدەنگدان تا کورد پارێزگاری لە کۆنترۆڵکردنی شارەکە بکات و لەقۆناغە جیاجیاکانیشدا کورد ترسی ئەمنی وەك هۆکارێك بۆ دواخستنی هەڵبژاردنەکان کردە بەهانە. بەڵام هەرگیز ئەو پاساوێکی باوەڕپێکراو نەبووە لەلای کورد لەگەڵ ئەوەی یارمەتیدەر بووە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتیەکی بەرژەوەندیخوازانەی کاتی لەنێوان کوردو پارتە

١- لەسایەی نەبوونی داتای باوەڕپێکراو کە سەرچاوەکەی سەرژمێری دانیشتوان بێت ، رژێم لەتۆمارکردنی دەنگدەراندا پشتی بەو کۆبۆنە دەبەست کە لەچوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەخۆراك لەنەوەدەکاندا و بەسەر پەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرکرابوو. هەرچی گەڕاوەکانیش بوون بۆ کەرکوك خاوەنی کۆبۆنی خۆراك نەبوون بۆ ئەوەی وەك کەرکوکی بەڵگەکانیان بخەنە روو.

عێراقیەکانی تردا، بەتایبەتیش لایەنە عەرەبییە سوننەکان کە ئەوانیش دیسان لەگەڵ دواخستنی هەڵبژاردنەکاندا بوون.

لەو کۆبوونەوەیەشدا کە لەتشرینی دووەم لەهاوینە هەواری دوکان سازکراو تیایدا زۆرینەی کوتلە سیاسیە عێراقییەکان ئامادەی بوون کۆدەنگیەك هەبوو لەسەر دواخستنی هەڵبژاردنەکان لەسەرتاسەری عێراق ئەویش بەهۆی ناهەمواریی رەوشی ئەمنیەوە.

بەڵام دواخستنی هەڵبژاردنی نیشتمانی لەبەرژەوەندی کوردو پارتە سەرەکیەکانی شیعەدا نەبوو، چونکە ئەو ناوچانەی کە تیایدا رەوشی ئەمنی فاکتەرێکی سەرەکی بوون بۆ رێگریکردن لەبەشداریکردن بۆ بەردەم سندوقەکانی دەنگدان دەڤەرە سوننییەکان ببون و ئەوەش بەپێی ئەو سیستمەی کە لەهەڵبژاردندا پەیرەو دەکرا واتای کەمی رێژەی دەنگدەران لەو ناوچانەو زیادبوونی ئاستی نوێنەرایەتیکردنی لایەنەکانی تری دەگەیاند.

لەبەرئەوە هەڵوێستی کورد خۆی لەبانگەشەکردن بۆ سازاندنی هەڵبژاردنی گشتی و دواخستنی لەکەرکووکدا دەبینییەوە.

هاوکات بەرەی تورکمانیی عیراقی باوەڕی بە لۆژیکی پاساوەکانی کورد نەبوو بۆیە بەرپەرچدانەوەی بەرە بەم جۆرە بوو " ئێمە رایدەگەیەنین کە ئەو داوایە رەتدەکەینەوە چونکە بارودۆخی ئەمنی لەشاری کەرکووك رێگر نییە لەئەنجامدانی هەڵبژاردن، پاشان جێبەجێ نەکردنی ماددەی (٥٨) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت بەهانەیەکی بەهێز نییە بۆ دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك[1].

پێدەچوو کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن ئەو هەڵوێستەی بەرەی تورکمانی بەهەند وەرگرتبێت، ئەوەبوو لە(١٢)ی کانوونی یەکەمدا کۆمسیۆن بڕیارێکی دەرکردو بەو پێیەش داواکاری کوردی سەبارەت بە دواخستنی هەڵبژاردن لەکەرکووکدا رەتکردەوە و ئەوەش کۆتایی هێنا بە ئەگەری ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکووك بەر لە هەڵبژاردن، بەڵام دیسان ئەوە گومانی دروستکرد

1- Kurdistan Newsline (BBC Monitoring Middle East). 2004(LN)."Iraq:Kurds Threaten to Boycott Kirkuk Governorate Election."22December .

پاش رۆژێك لەبلاوبوونەوەی نامەی کوردەکان یەحیا عاسی حەدیدی لەکۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەکەرکوك دەستیکێشایەو و دواتریش ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك پێکهاتەی کۆمسیۆنەکەی لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی وەك یەکی هەر چوار پێکهاتە ئیتنیکییەکە دروستکردەوە.

لەوەی ئایا کوردە گەڕاوەکان کە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەیان نزیکەی ١٠٠ هەزار کـەس دەبوو، ئامادەن بۆ ئەوەی ناویان لەتۆماری دەنگدەرانی پارێزگای کەرکووکدا تۆماربکرێت١.

جگە لەوەش ئەو دەستەیەی کە دەسەڵاتی هەبوو لەپێدانی مافی بەشداریکردنی دەنگـدەردا کۆمسیۆنی هەڵبژاردن بوو لەکەرکوك کە لە (١٠) ئەندام پێکهاتبوو، واتە لە (٦) عەرەب و (٢)تورکمان و ئاشوورییەك و کوردێك. یەکێکیش لەو بڕیارانەی ئـەو کۆمسـیۆنە دەریکردبـوو رێگەدان بوو بەگەڕانەوەی ئەو عەرەبانەی کەرکووکیان بەجێهێشتبوو تا بەشـداری لەدەنگـدانی پارێزگاکەدا بکەن.

جا لەترسی ئەوەی نەبا کوردانی گەڕاوە لەلیستی دەنگدەرانـدا بەئەنقەسـت دووربخرێنـەوە، سەرکردایەتی کورد دەستیکرد بەهەڵمەتێکی فراوان لەدژی کۆمسیۆنی هەڵبژاردن لە کەرکووك و گومانکردنی لە خاوێنی کارەکانی ئەو کۆمسیۆنە.

لەناوەڕاسـتی کـانوونی ئەکەمـدا ئەنـدامانی کـورد لەئەنجوومـەنی پارێزگـای کـەرکووك نامەیەکیان ئاراستەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی عیراقی کردو تیایدا ناڕەزایی خۆیـان پیشـاندا لەبەرامبەر قەبارەو ژمارەی کورد لە پێکهاتەی کۆمسیۆنەکەدا.

هەروەها لەنامەکەدا (یەحیا حەدیدی) تۆمەتبار دەکرێت بە وەی کە لەهەتیوەکانی رژێمی بەعسەو بەوەش ناسراوە کە دوژمنی کوردە.دیسان جێگرەکەشی ئەندامی بـەرەی تورکمانییـەو چارەی کوردی ناوێت.

نامەکە بەو هەڕەشەیە کۆتایی دێت کە دەڵێت :" ئەگەر هەڵبژاردنی کەرکووك دوا نەخرێت و ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت جێبەجێنەکرێت ئەوا بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کەرکووك دەکەین"٢.

ئەگەری بایکۆتکردنی کورد بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی کەرکووك (بەڵام نەك بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی گشتیی نیشتمانی) لەڕووی پراکتیکییەو هەڕەشـەیەکی راسـتەوخۆ بـوو بـۆ سـەر شەرعیەتی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن.

جا لەبری زیاتر ئاڵۆزکردنی پەیوەندی نێوان پێکهاتـەکان کـە بـۆ خـۆی پـەنگخواردبووەوە، حکومەتی کاتی عێراقی هاتە پێشەوە بۆ گەیشتن بەرێککەوتنێك لەگەڵ سەرکردایەتی کورد.

---

1 - Kurdistan satellite TV(BBC Monitoring Middle East).2005."Iraq Kurdish Leader Reports "good result"on Kirkuk in Baghdad Talks."15january(LN).

2 - Turkmenali (BBC Monitoring Middle East) .2005. " Iraqi Turkmens Protest Against Kurdish Domination in Kirkuk."27Janury(LN).

بە پێی ئەو ڕێککەوتنەش هەروەك جەلال تاڵەبانی ڕایگەیاند: ئەو (١٠٨) هەزار هاوڵاتیەی بێبەش کراون لەمافی دەنگدان ئەوا ئێستا ئەو مافەیان بۆ گەڕێنراوەتەوە.

ئەوەبوو ماوەی تۆمارکردن بۆ ١٥ ڕۆژیتر درێژکرایەوەو ئەو پێیەش هەرکورد تورکمانێك کە هەڵگری ناسنامەی باری کەسێتی کەرکووك بن ئـەوا بۆیـان هەیـە بەشـداری دەنگـدان بکـەن بێئەوەی ناوی خۆیان تۆمار بکەن١.

لەبەرامبـەردا لایـەنی کـوردی ڕازیبـوون بـەوەی عـەرەب هاوردەکـان مـافی دەنگـدان و ناوتۆمارکردنیان هەبێت. وەك دیاربوو ئامانج لەو ڕێکەتننامەیە ڕازیکردنی کورد بوو بەڵام ئەو ڕازیکردنەش کاردانەوەی توندی لای بەرەی تورکمانی لێکەوتەوە.

(ڕیاز سری کەهیە) سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی بەراشکاوانە سەبارەت بە ڕێکەتننامەکە وتی: هەڵبژاردنەکە ساختەکاری تێدا کراوە چونکە هەموو لایەك دەزانن کە چ لایەنێك براوەیـە لەو هەڵبژاردنەدا....و ئەمڕۆ ئابڕووچوونی هەڵبژاردنە لەکەرکووکدا٢. دوای غەزەلێکی کورت و ئەگەری بایکۆتکردنی لەلایەن بەرەی تورکمانییەوە ڕاوبۆچوونی بەرەی ناوبراو بـە سیاسـەتی بەشداریکردن کۆتایی هات لەگەل ڕەتکردنەوەی شەرعیەتی دەنگی کورد لەکەرکووکدا٣.

لیستە حزبییەکان

لەبەرایی کانوونی یەکەمدا سەرانی هەردو پارتە کوردییەکە بـەرەسمی پێکهێنـانی لیسـتی برایەتی کەرکووکیان ڕاگەیاند بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك.

لیستی برایەتی کەرکووك نوێنەرایەتی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بوون لە هەڵبـژاردنی گشتی لەسەر ئاستی فیدراڵی بەڵام لەگەڵیـدا لەکۆنگرەیـەکی ڕۆژنامەوانیـدا جـەلال تاڵـەبانی ڕایگەیاند: لیستی برایەتی کەرکووك " چەپکە گوڵ" ەو نوێنەرایـەتی سـەرجەم پێکهاتـەکانی

1 - Turkmenali (BBC Monitoring Middle East) .2005. " Iraqi Turkmen Front Decides to Participate in Kerkuk Council Elections." 28 January (LN).
2 - Turkmenali (BBC Monitoring Middle East) . 2005. " Iraqi Turkmen Front Decides to Participate in Kirkuk Council Elections." 28 January (LN).
3 - KDP Satellite TV (BBC Monitoring International Reports).2005. " Iraq : Kurdish Leaders From Joint Election List, Discuss Topical Issues. " 2 December (LN).

پارێزگای کەرکووك دەکات، بەو جۆرە بەبۆچوونی تاڵەبانی لیستی برایەتی بەتەنیا لیستی کورد نەبوو بەڵکو کوردستانی بوو لەنوێنەرایەتیکردنی ئەوانیتردا١.

لەڕووی تەکنیکییەو ئەوە راستبوو بەڵام هەندێك نارۆشنیش بوو چونکە باڵا دەستی پارتە کوردییەکان بەسەر لیستی برایەتیەوە دیارو بەرچاو بوو.

لەتەك هەردو پارتەسەرەکیەکەی کورددا (١٠) پارتی تر بەشدار بوون لەوانەش یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان(کە جەماوەریبوونی لەزیادبووندا بوو)، حزبی شیوعی کوردستان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان(پارتێکی بچکۆلە بوو).

لەڕووی فرەیی ئیتنیکییەوە تورکمان بە نوێنەرایەتی لیستی پارتی گەلی تورکمان و پارتی یەکێتی تورکمانی عێراقی بەشدارییان کردبوو، هەروەها ژمارەیەك عەرەبیش وەك سەربەخۆ لە لیستی برایەتیدا پاڵێوراو بوون.

لەڕووی رەگەزیشەوە فرەیی هەبوو چونکە سێیەکی پاڵێوراوانی لیستەکە لەژنان بوون. هەرچەندە لیستی برایەتی ئەو "چەپکە گوڵە" نەبوو کە تاڵەبانی بانگەشەی بۆ دەکرد بەڵام کورد تەنیا پێکهاتەی ئیتنیکی بوو کە هەوڵی شێلگیرانەی دا بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانی لەگەڵ لایەنە ئیتنیکیەکانر تردا.

لەنێو ئەو پارەتە تورکمانیانەی کە بەشدار نەبوون لە لیستی برایەتی کەرکووك پێشنیازی پێکهێنانی لیستی تورکمانی کرا کە جیاواز بوو لەو بەرەیەی کە هەبوو هەرەندە لە ژێر کۆنترۆڵی ئەو بەرەیەدا بوو.

جگە لە چوار پارتە سەرەکیەکەی تورکمان پارتی نیشتمانی تورکمانی، پارتی تورکمانی ئیلی، پارتی سەربەخۆی تورکمان و بزوتنەوەی ئیسلامی تورکمانی لیستەکەی تورکمان هەریەك لە پارتی وەفای تورکمانی و پارتی دادو رزگاری لەخۆگرتبوو٢.

لەگەڵ راگەیاندنی ئەو بەرەیەش (فاروق عەبدوڵلا عەبدولڕەحمان) سەرۆکی بەرەی تورکمانی رایگەیاند: ئەو پارتانەی لەو لیستەدا کۆبوونەتەوە نوێنەرایەتی ٩٠٪ی کۆمەڵگەی تورکمانی

بەرەی تورکمانی لەقۆناغە جیاجیاکاندا لەنێوان ٤-٦ پارتی سیاسی لەخۆگرتبوو. لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی 1 -٢٠٠٥بەرەی تورکمانی ٤ پارتی لەخۆ گرتبوو.

2 - Al-Mustaqbal web site (BBC Monitoring Middle East).2004. "Iraq Turkmen Front Leader on Participation in Elections , Situation in Kirkuk ." 30 November (LN).

دەكەن و بەوەش (٢٥) كورسی لە پەرلەمانی نیشتمانیدا مسۆگەر دەكەن، بەڵام ئەو خەملاندنەی بەرەی توركمانی لەبنەڕەتدا تایبەت بوو بە حزبە سوننیەكانی توركمان.

هەروەك سەرۆكی بەرەی توركمانی ئاماژەی پێكرد دابەشبوونی تایەفی نێوان توركمانەكان بەنزیكەیی پەنجا بەپەنجایە لەگەڵ ئەوەی ئەو رێژەیەش جێگەی ناكۆكییە. هەرچی پارتە شیعەكانی توركمانیشە كە زیاتر لە یەكێتی ئیسلامی توركمانی عێراقدا كۆببوونەوە بەلیستی جیاوازو بەدوور لە لیستی بەرەی توركمانی لەكەركوك بەشداری هەڵبژاردنیان كردو لەسەر ئاستی نیشتمانیشدا چوونە نێو ئیئتلافی یەكگرتووی عێراقییەوە[١].

سەبارەت بە پارتە عەرەبیەكانیش لەبارودۆخێكی دژوارتردا بوون ئەوەبوو لەسەر ئاستی نیشتمانی پارتە سوننەكانی عەرەب پابەندی دەستەی زانایانی موسڵمانان و لەگەڵ بایكۆتكردنی هەڵبژاردندا بوون. بەڵام كەركوك لەلایەن ئەو دەستەیەوە هەڵاوێركراو بگرە فەتواش بۆ لایەنگرانیان لەو پارێزگایەدا دەركرا تا بەشداری هەڵبژاردن و دەنگدان بكەن.

دیسان ئەوەش واینەكرد كە رێگر بێت لەپاشە كشەی یەكێك لە كوتلە عەرببیە سوننە سەرەكیەكانی كەركوك (بەرەی یەكگرتووی عەرەبی) بەشەش رۆژ بەر لە هەڵبژاردنەكان، ئەویش وەك نارەزاییەك لەبەرامبەر بڕیاری كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكان سەبارەت بە رێگەدان بە كوردانی گەڕاوە بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بدەن.

دیارە ئەو پاشە كشە كردنە وایكرد هەردو پارتی گەورەی عەرەبە شوننەكان لەگۆڕەپانەكەدا بمێننەوە كە ئەوانیش گردبوونەوەی نیشتمانی عێراق و گردبوونەوەی كۆماریی عێراق بوون.

هەرچی عەرەبی هاوردەشە كە سەر لەنوێ لەكەركوك نیشتەجێكرابوونەوە زۆربەیان شیعە بوونو خاوەنی رێكخراوێك یان دەنگێكی سیاسی یان پارتێك نەبوون كە نوێنەرایەتی بەرژەوەندییەكانیان بكات هەرچەندە هەندێك پارتی نێو ئیئتلافی یەكگرتووی عێراقی لەبنەڕەتدا شیعە بوون لەوانەش ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی(بەر لەگۆڕینی ناوەكەی) و حزبی دەعوە

١- یەكێك لەو رێكخراوانەی كە پەیوەندی بە بەرەی توركمانییەوە نەبووە، بزوتنەوەی ناسیونالیزمی توركمانە ، كە بزوتنەوەیەكی زۆر پەرگیرە و دەنگۆی ئەوەش لەئارادایە كە پەیوەندی بە رێكخراوی "گورگە بۆرەكان"ەوە هەیە كە رێكخراوێكی نیمچە سەربازییە لە توركیا.

که پارێزگاریان لەمانەوەی خۆیان لەکەرکووکدا دەکرد، بەڵام پێنەدەچوو ژمارەیەکی ئەوتۆی شیعەی شارەکە لەخۆیان کۆبکەنەوە، هەربۆیە دواجار تێکەڵ بەهاوپەیمانی ئیسلامی تورکمان بوون١.

هەرچی پارتی سەرەکی مەسیحیەکانیشە کە لەدەرەوەی لیستی برایەتی کەرکووك بەشداری هەڵبژاردنی کرد، بریتی بوو لە بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووری کە بەناوی " لیستی نیشتمانی رافیدێن" دابەزی٢. سیستمی هەڵبژاردن کە لەکانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ لەسەر ئاستی فیدراڵی و لۆکاڵی جێبەجێکرا شێوەیەك بوو لەشێوەکانی نوێنەرایەتی رێژەیی لیستە حزبیەکان کە کورسی لەپەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان تەرخان دەکرد بەو جۆرەی لەگەڵ دەنگی هاتووی پارتەکان گونجاوبێت٣.

پشت بەستنیش بەو سیستمە هۆکارێکی لۆجستی (دەکرا بەبێ سەرژمێریی دانیشتوان بێ گەڕانەوە بۆ نەخشە رێژکردنی سنووری بازنەکانی هەڵبژاردن جێبەجێ بکرێت) و سیاسی(لەلای سەرجەم پێکهاتە ئیتنیکیەکان دەرفەتی گونجاوی نوێنەرایەتی کردنی هەبوو) هەبوو٤.

دیسان سەربای ناڕەزاییەکان لەبەکارهێنانی سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی بەڵام پەنابردن بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیستمە لەچوارچێوەی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥دا کاریگەری گەورەی لەسەر

١- رەنگە ئەو بزوتنەوەیەی کە موقتەدا رابەرایەتی دەکرد زیاد لەهەر رێکخراوێکی تری عەرەبی شیعی لەکەرکوك پشتیوانی جەماوەری بەدەستهێنا و لەتوانایدا هەبوو جەماوەری عەرەبی شیعە لەشارەکەدا جۆش بدات بەڵام سەدر ئامادە نەبوو لەسایەی داگیرکاریدا بەشداری هەڵبژاردن بکات.

٢- بەڵام لیستی نیشتملنی رافیدێن بەشەش پاڵێوراو بەشداری هەڵبژاردنی کەرکوکی کرد کە ئەوەش بیگومان بۆ خۆی هەڵسەنگاندنێکی رەشبینانە بوو بەڵام بۆ خۆ سەپاندنی ئەو لیستە واقیعی بوو.

٣- بەپێی ئەو سیستمەی کە دواجار بە ژمارە ٩٦ (یاسای هەڵبژاردن) لەلایەن دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتییەوە دەرچوو ، عێراق بووە یەك بازنەی هەڵبژاردن کەپشت بە (Quota Hare یاخود بەکۆی دەنگەکان لەسەر کۆی ژمارەی کورسییەکان) دەبەستێت لە دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان بەسەر حزبەکاندا. یاساکە رێژەی دیاریکراوی دەنگەکانی دەستنیشان نەکردووە بۆ ئەوەی بچنە پەرلەمانەوە. واتە هەرپارتێك پشکی خۆی بەدەستبهێنێت ئەوا نوێنەرایەتی دەبێت.

٤- لەبەر چەند هۆیەکی جیاواز سییستمی یەك بازنەیی سزای ئەو پارتە بچووکانە دەدات کە خاوەنی بنکەیەکی هەڵبژاردنی پەرتبووی جوگرافیاین و ئەو سیتمەش کەپشت بە بنکەی نوێنەرایەتی رێژەیی دەبەستێت لەو گرفتە بەدوور دەبێت.

٣- بیر لە فرەجۆری لە سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی کرایەوە ، بۆنموونە دانانی پارێزگاکان وەك بازنەی هەڵبژاردن و پاشان تەرخان کردنی ژمارەیەك کورسی بۆ هەر پارێزگایەك بەپێی ژمارەی دانیشتوانەکەی، ئەو سیستمەش دواجار جێبەجێکرا لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥. بەڵام بریمەر لە لەحوزەیرانی ٢٠٠٤ بە رێنمایی راوێژکارانی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو پێشنیازەی رەتکردەوە لەبەرئەوەی پرسەکە بووە مایەی مشتومڕێکی زۆر.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:

بەشداربوونی دەنگدانەکە هەبوو١، چونکە رێژەی نزمی دەنگدەرانی سوننە (یان گرپەکانی تر) رەنگدانەوەی دەبێت لەلاوازبوونی نوێنەرایەتیان لەنێو دەستەی راسپێردراو بەئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیی عێراق (واتە ئەنجوومەنی نیشتمانی).٢ دیارە ئەوەش مەسەلەیەکی گرنگ بوو کە لەپارێزگا فرە ئیتنیکیەکان رەچاودەکرابوو لەوانەش کەرکوك کە پەیوەندی بە کۆنترۆڵکردنی پارێزگاکەوە هەبوو.

دیسان سەربای هەرەشەی گروپە چەکدارییەکان بەوەی لەرۆژی هەڵبژاردندا شەقامەکان بۆ رووباری خوێن دەگۆرن، لەشاری کەرکوك هەڵبژاردن بەبێ رووداوێکی ئەوتۆ بەرێوەچوو، کە ئەوەش بەپلەی یەکەم دەگەرایەوە بۆ ئەو رێوشوێنە ئەمنیە توندو تۆڵەی لەکەرکوك و سەرتاسەری عێراق گیرابووە بەر کە تیایدا هاتوچۆکردنی گشت ئۆتۆمبیلێك قەدەغەکرابوو.

ئەوەی پەیوەندی بە هەڵبژاردنەکانی کەرکووکیشەوە هەبوو خۆی لە ئاراستەکردنی تۆمەتی ساختەکاریدا دەبینییەوە.

ئەوەبوو رۆژێك لەپاش هەڵبژاردنەکان بەرەی تورکمانی یەکەم نامەی نارەزاییان ئاراستەی کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان کرد و لیستی تۆەتبارکردنەکەش ئەوەی لەخۆگرتبوو کە "ژمارەیەکی زۆر لەدەنگدەران بۆ چەند جارێك دەنگیان داوە" و " رێگەش بەدەنگدانی کەسانی مردو"ش دراوە، ئەمە جگە لەوەی پێشێلکاری یاسایی لەکاتی تۆماری دەنگدەران و دەنگداندا هەبوو٣.

لەوسەروبەندەدا سیاسییە عەرەبە سوننەکانی حەویجە رایانگەیاند: کە لەکۆی (٣٨) ویستگەی دەنگدان تەنیا (١٩) ویستگەیان کراونەتەوو بەوەش کۆی (٩٥) هەزار دەنگدەری عەرەبی شارۆچکەی حەویجە لەدەرفەتی دەنگدان بێبەش کراون چونکە کارتی دەنگدانەکان کەمی هێناوە.

Dimond , L. 2005. Squandered Victory : The American Occupation and the Bungled Effort to Bring Democracy to Iraq. New York : Times Books : 269.

٢- لەبارە ئاساییەکاندا ناماقوڵ و نا عادیلانە لە سیستمدا نییەبەجۆرێك پاداشتی ئەوانە بکات کە بەژمارەیەکی زۆر دەنگدان هەڵدەبژێرن و سزای ئەوانەش بدات کە لەماڵەکانیان دەمێننەوە. بەڵام نەدەزانرا کە ئایا عەرەبی سوننە مانەوەیان لەماڵەکانیان هەڵبژاردووە یاخود پابەندبوون بەبایکۆتکردن یان ترس لەوەی ببنە ئامانجی کارە تیرۆریستیەکان.

3- Assyrian International News Agency . 2005. " Iraqi Turkmen Document Details Kurdish Election Rigging in Iraq." 6 February (www.aina.org/news/200506115345.htm)

ڕێگەدان بە (١٠٠) هەزار کوردی گەڕاوە لەناو نووسین و دەنگدان بەلای سەرانی سیاسی عەرەبو بەرەی تورکمانیشەوە مایەی نیگەرانی بوو. بەوتەی شێخی یەکێك لەخێڵە گەورەکانی عەرەب " ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەر لە دەستپێکردنی زانرابوو"١.

هاوکات پارتە مەسیحیەکانیش تۆمەتی مەترسیداریان ڕاگەیاندو باسیان لە پێشێلکاری و ڕێگریکردن لەدەنگدەران کرد بۆچوونە نێو سەنتەرەکانی دەنگدانەوەو ئاماژەیان بەوەکرد کە لەسەر ئاستی فراواندا ڕێگری کراوەو لەکەرکوك و موسڵیش بەشداریکردنی ئاشووریەکان دابەزیوە بەهۆی هەڵمەتی تۆقاندنەوە کە لەلایەن مەسعود بارزانی بەر لەهەڵبژاردن دەستی پێکردبوو٢.

سەربای ئەو لێکۆڵینەوانە" تیۆری" ی لەسەرجەم سکاڵاکان کران سەبارەت بە ڕوودانی پێشێلکاری بەلام نەبوونی چاودێری نێودەوڵەتی لە نێو ولات لەرۆژی دەنگداندا وایکرد لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەربەخۆ کارێکی ئەستەم و دژوار بێت.

هەرچی هەڵبژاردنەکانی کەرکوکیشە بەبێ پێشێلکاری بەڕێوە نەچوون بۆیە ئەو ساختەکاریانەی کە ڕوویاندا بەس بوون بۆ ئەوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەشێوەیەکی دراماتیکی بگۆڕن٣.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

لە١٣ی شوباتدا کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی و ئەنجوومەنەکانی هەر(١٨) پارێزگاکە و پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی پەسەند کردو لەکەرکووکیش ئەنجامەکان بەمجۆرە بوون:

---

1 - Kurdish Life .2005. "Free and Fair Elections a Fable." Winter: 2. (www.findarticles.com /p /articles/mi-m0SBM/is-n13805780/pg-1)

2 - Assyrian International News Agency .2005. " Kurds Prevent Assyrian Representation .Continue Divisive Formula in Iraq."28 March (www.aina. Org/releases /20050328112133.htm)

٣- دوای ئەوەی بایکۆتکردنی عەرەبی بەهەند وەرگیرا ،دۆخی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا نەبوو کە لەژێر چاودێری چاودێرانی نێودەوڵەتی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان لەکەرکوك بەڕێوەچوو.

خشته ٨- ١

ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووك، کانوونی دووەم/ ٢٠٠٥

ژمارەی کورسییەکان لەسەرئاستی پارێزگای کەرکووك	ڕێژەی دەنگەکان	ژمارەی دەنگەکان	پارت
٢٦	٥٩.١	٢٣٧٣٠٣	لیستی برایەتی کەرکووك
٨	١٨.٤	٧٣٧٩١	بەرەی تورکمانی
٥	١٠.٨	٤٣٦٣٥	گردبونەوەی کۆماریی عێراقی
١	٣.١	١٢٦٧٨	ئیئتلافی ئیسلامی و تورکمانی
١	٣.١	١٢٣٢٩	گردبوونەوەی نیشتمانیی عێراقی
سفر	٠.٤	١٨٥١	بزوتنەوەی نیشتمانی
سفر	٠.٤	١٥٥٤	لیستی نیشتمانیی رافدێن
سفر	٤.٤	١٧٧٥١	ئەوانیتر
٤١	١٠٠	٤٠٠٨٩٢	کۆ

سەربای ئیدانەی فراوانی لایەنی عەرەبی و بەرەی تورکمانی و تۆمەتبارکردنی کورد بەساختەکاری هەڵبژاردنەکان و دەستکاریکردنی ئەنجامەکان، لیستی برایەتی کەرکووك نزیکەی لە ٦٠٪ی دەنگەکانی بۆخۆی مسۆگەر کردبوو.

هەڵبەتە ژمارەی ئەو دەنگدەرە عەرەب و تورکمانانەی لەترسی کاری توندو تیژی یاخود وەك رێزێك بۆ بایکۆتکردنی عەرەبی سوننە لەسەرئاستی نیشتمانی بەشداری دەنگدانیان نەکردبوو ژمارەیەکی زۆربوون، لەکاتێکدا توانای رێکخستن لەلای هەردو پارتە کوردییەکە و دابینکردنی ئارامی لەو گەڕەکانەی کە زۆرینەی دانیشتوانیان کورد بوون لەشارەکەدا وایانکرد رێژەی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا زیاد بکات لەبەر ئەوە سەیر نەبوو کە هێزی دەنگدانی کورد جۆرە گەورەییەکی پێوەدیاربێت.

هەڵبژاردنەکان ئەزموونێکی تاڵ بوون بۆ لیستی نیشتمانی رافیدێن چونکە(١٥٠٠) دەنگ کە ئەو لیستە لە هەڵبژاردنەکانی کەرکووکدا کۆی کردبوەوە بەش نەبوو بۆ ئەوەی زامنی نوێنەرایەتی کردنی بکات لەئەنجوومەنی پارێزگاکەدا. دیسان لەپارێزگای نەینەواش دەنگەکانی ئەو لیستە تەنیا(٤٦٠٠) دەنگ بوونو ئەوەش کەمتر بوو لەوەی کە لێی چاوەڕوان دەکرا بەڵام ئەو ژمارەیە بەس بوو بۆ ئەوەی تەنیا یەك کوردسی لەئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا مسۆگەر بکات.

لەسەر ئاستی نیشتمانییش سەرچاوەی سەرەکی دەنگەکانی لیستی نیشتمانیی رافیدێن دەنگی دەنگدەرانی تاراوگە بوون کە پتر لە نیوەی کۆی دەنگەکانی بۆ مسۆگەر کرد[1]، و بەش ئە لیستە توانی تەنیا بەکورسییەك بەشداری پەرلەمانی عێراق بکات کە ئەویش لەلایەن "یونادم کەنە" ی سەرکردەی بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووری پڕکرایەوە. بەڵام ئەو ژمارەیە لیستی نیشتمانیی رافیدێنی بێزار کرد چونکە لەکۆی شەش ئەندامی مەسیحی لەپەرلەماندا چواریان سەر لە لیستی کورد(هاوپەیمانی دیموکراسی کوردستانی) هەڵبژێردرابوون.

هەرچی ئەدای هەردو کوتلە سەرەکیەکەی عەرەبیش گردبوونەوەی نیشتمانیی عێراقی و گردبوونەوەی کۆماریی عێراقی- بەشێوەیەکی نەرێنی لەهەڵبژدنەکاندا کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە بەشداریبوونی سوننەکان لەئاستێکی نزمدا بوو کە ئەوەش دەگەڕایەوە بۆ ئەگەری ئەنجامدانی کاری توندو تیژی یاخود بەشداری نەکردنی سوننە لەسەر ئاستی نیشتمانی.

بێگومان کارێکی گرانیشە کە بزانرێت کام لەو دووفاکتەرە رۆڵی کاریگەریان هەبوو، بەڵام لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا کە لەکانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ بەڕێوەچوو توندو تیژییەکان لەکەرکووکدا لەو پەڕیدا بوو. هەربۆیە هانی عەرەبی سوننە درا بەشداری دەنگدان بکەن و

١- کۆی ئەو دەنگانەی لیستی رافیدێن لەعێراق بەدەستیهێنا ٣٦٢٥٥دەنگ بوو کە ١٨٥٣٨دەنگی دەنگدەرانی دەرەوەی وڵات بوون.

ئەوەش حزبە عەرەبیە سوننەکانی کەرکووك دوو هێندەی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ دەنگیان بۆ خۆیان فەراهەمکرد.

ئەوەبوو گردبوونەوەی کۆماریی عێراقی (٥) ئەندامی گەیاندە ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك، کاتێك توانی ئەوەندەی ژمارەی دەنگ مسۆگەر بکات کەسێ هێندە لەبەرامبەر ئاستی نیشتمانی زیاتر بێت١.

کە ئەوەش بەواتای زۆرێك لەلایەنگرانی گردبوونەوەی کۆماریی پابەندبوون بە بانگەوازەکەی دەستەی زانایانی موسڵمانان کە تیایدا داوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی کردبوو لەسەر نیشتمانیو بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی کەرکووکدا.هەرچی گردبوونەوەی نیشتمانیی عێراقیشە (١٢) هەزار دەنگی لەهەڵبژاردنی پارێزگای کەرکووك بەدەستهێنا کە ئەو ژمارەیەش بەس نەبوو بۆ ئەوەی کورسییەك لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك مسۆگەربکات.

هەروەها لەسەر ئاستی هەڵبژاردنی نیشتمانیشدا بەهەمان شێوە گردبوونەوەی کۆماریی بایکۆتی هەڵبژاردنەکەی کرد٢.ئەم جۆرە دەنگدان و دەرئەنجامانەی هەڵبژاردن، عەرەبی شیعەی کەرکووك(کە لەڕووی ژمارەوە زۆرتربوون) ی تووشی واقوڕمان کردبوو.

سەبارەت بەدەنگدەرانی عەرەبی شیعە لەکەرکووکدا دەنگەکانیان لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا چوو بۆ ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی کە بەتەنیا لەو پارێزگایەدا (١٩) هەزار دەنگی بۆ خۆی مسۆگەر کردبوو چونکە پارتێکی تر نەبوو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی عەرەبی شیعە بکات جگە لە ئیئتلافی ئیسلامی تورکمانی نەبێت. لەراستیدا زۆرینەی عەرەبی شیعەی کەرکووك شارەکەیان بەجێهێشتبوو یاخود ناوی خۆیان بۆ دەنگدان تۆمار نەکردبوو یان زۆر بە سادەیی لەرۆژی هەڵبژاردندا روویان لە سندووقەکانی دەنگدان نەکرد.

١- لەکەرکوك گردبوونەوەی کۆماریی لەهەڵبژاردنی پارێزگاکەدا زیاتر لە ٤٣ هەزار دەنگی بە دەستهێنا بەڵام لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا تەنیا ٦٠٠٠هەزار دەنگی دەستەبەرکرد.

٢- گردبوونەوەی کۆماریی عێراقی لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا تەنیا ٧٦٥ دەنگی لەکەرکوك بەدەستهێنا. کۆی دەنگەکانیش کە گردبوونەوە لەهەڵبژاردنی نیشتمانی بەدەستیهێنابوو زیاتر لە١٨ هەزار دەنگ بوو، کە پترلە ١٥ هەزاردەنگی لە سەلاحەدین بوو.

لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی بەرەی تورکمانی

ئەوەی سەیر بوو لەهەڵبژاردنەکانی کانونی دووەمدا ئەدای خراپی بەرەی تورکمانی بوو لەسەر ئاستی لۆکاڵی و نیشتمانیدا. لەهەڵبژاردنەکانی پارێزگای کەرکووکدا بەرەی تورکمانی تەنیا (٨) کورسی مسۆگەر کرد کاتێك کەمتر لە (٧٤) هەزار دەنگی بۆخۆی دەستەبەرکرد. لەهەردوو پارێزگای نەینەواو دیالەش کە تیایدا تورکمان رێژەیەکی گەورەی دانیشتوان پێکدەهێنن (بەبۆچوونی بەرە)، نەیانتوانی هیچ کورسییەك لەئەنجوومەنی ئەو دوو پارێزگایەدا دەستەبەربکەن[١]. بەڵام لەئەنجوومەنی پارێزگای سەڵاحەدین ئەویش بەهۆی کەمی بەشداریکردنی عەرەبی سوننە لەهەڵبژاردنەکەدا بەرەی تورکمانی توانی کورسی بۆخۆی مسۆگەر بکات[٢]. لەسەرئاستی فیدراڵیش بەرەی تورکمانی کەمێك زیاتر لە ١٪ی دەنگەکانی لەسەرتاسەری وڵاتدا بەدەستهێناو ئەوەش بەس بوو بۆ دەستەبەرکردنی (٣) کورسی لەپەرلەمانی نیشتمانیدا[٣].

کاتێکیش ئیتر بەرەی تورکمانی لەئەگەری بایکۆتکردنی هەڵبژاردن دوورکەوتەوە، داوای لەلایەنگرانی کرد تەئکید لەسەر "هێزی تورکمان" بکەنەوە، چونکە بەرە نوێنەرایەتی لە ٩٥٪ی کۆمەڵگەی تورکمان دەکات. لەبەرامبەر ئەدای خراپیشی لەهەڵبژاردنەکاندا هیچ شرۆڤەیەکی نەبوو جگە لەوەی کە ئۆباڵی ئەو ئاستەخراپەی بخاتە ئەستۆی کورد بەوەی کە بەشێوەیەکی بەربڵاو ساختەکارییان لەو هەڵبژاردنەدا کردووە.

بێگومان دوو شرۆڤەی بەدیلی دیکەش هەبوون کە لەبەرژەوەندی بەرەی تورکمانیدا نەبوون ئەوانیش ئەوەبوون، کە بەرەی تورکمانی زۆر زیادەڕۆیی کردبوو لە خەمڵاندنی رێژەی تورکمانی

١- لەهەڵبژاردنی پارێزگای دیالە بەرە کەمتر لە ٠.٥٪ی دەنگەکانی بەدەست هێنا. لە نەینەواش پشکی بەرە لەدەنگەکان کەمتر لە٢٪ بوو.

٢- رێژەی بەشداربووانی دەنگدەران لە سەلاحەدین بەگشتی لە ٣٠٪ کەمتر بوون و بەو رێژە کەمەی بەشداربووانیش بەرەی تورکمانی توانی ٤ کورسی لەئەنجوومەنی پارێزگاکە بۆخۆی مسۆگەر بکات لەکاتێکدا ژمارەی دەنگەکانی لە ١٥ هەزار کەمتر بوو.

٣- لەراستیدا ئەوەی بەرەی تورکمانی بەدەستیهێنابوو لەکەرکوك بەبەراورد بە ئەدای لەسەر ئاستی نیشتمانی سەرکەوتن بوو.ئەوەبوو لەکۆی ٩٥هەزار دەنگ کە لەسەرتاسەری عێراق بەدەستیهێنابوو ٦٥ هەزاری لەکەرکوکدا بوو.

دانیشتوانی کەرکووك و لەلایەکی تریشەوە دەرکەوت کە بەهیچ شێوەیەك بەرە نوێنەرایەتی لە ٩٥٪ی کۆمەڵگەی تورکمانی ناکات.

دیارە ئەم دوو شرۆڤەیەی دواتر راسترن چونکە ئەگەر بێتوو سەرجەم ئەو دەنگانە کۆبکرێنەوە کەچوون بۆ پارتە تورکمانەکان لەکەرکووك (گریمان گشت دەنگەکان کە چوون بۆ ئیئتلافی ئیسلامی و تورکمانی دەنگی تورکمان بوون) ئەوا تێکرای دەنگەکان لە(١٠٠)هەزار دەنگ کەمترن و هەرچی بەرەی تورکمانیشە سێ بۆ چواری ئەو ژمارەیەی بەدەستهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێکرای ژمارەی دەنگی تورکمان کەمتر بوو لەچارەکی کۆی دەنگەکانی کەرکووك.رەنگە نزمی رێژەی بەشداربوون هەندیك لێکدانەوەی خۆی هەبێت بۆ دابەزینی ئاستی جەماوەریبوونی پارتە تورکمانیەکانی عێراق وبەدڵنیاییشەوە ئەوە یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی دەنگدانی کەسانی نیشتەجێی تاراوگە١.

ئەوەی زیاتریش بەرەی تورکمانی جاڕسکرد دەنگدانی دەنگدەرانی تورکمان بوو بەلیستە ناتورکمانیەکان لەنێویشیاندا لیستە کوردییە جیاجیاکان.

هەروەك وەزیری دەرەوەی ئەو دەمەی تورکیا (عەبدوڵلا گیول) باسی لە شکستی بەرە بەم جۆرە کرد: دەڵێن ژمارەی ئەو تورکمانانەی کە دەنگیان بەبەرەی تورکمانی داوە کەمترە لەو دەنگانەی کە تورکمان داویانە بەلیستی کوردی و شیعەکان.

ئاخۆ ئەوە سەیر نیە؟ بەرەی تورکمانی شکستی هێنا لەبەدەستهێنانی پشتیوانی رۆشنبیرانی تورکمان تا بیانخاتە سەر لیستەکەی خۆی٢.

خراپی ئەدای بەرەی تورکمانی لەهەڵبژاردنەکاندا وایکرد تورکیا چاو بە هەڵوێستی خۆی لەباکووری عێراق بخشێنێتەوە، هەر بۆیە لەسەر ئەو بنەمایەش هەڵوێستی خۆی راستکردەوە و بەکردەیی وازی لەبەرەی تورکمانی هێناو لەبری ئەوە هەوڵەکانی خۆی لەکوردستان بەگەڕخست ئەویش بە تێکەڵاوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و دروستکردنی پەیوەندی باش لەگەڵ سەرانی کورددا٣. بەوەش ئیتر بەرە کەمێك ئامادەیی ئەوەی هەبوو گوتاری توند ئامێزی خۆی

١- لەکۆی نزیکەی نزیکەی ٣٥ هەزار تورکمان لە تورکیا کە پێشبینی دەکرا زۆرێکیان دەنگ بدەن بۆ بەرژەوەندی بەرەی تورکمانی بەڵام لەراستیدا کەمتر لە ٤٠٠٠هەزار دەنگیان دا.

2 - Birnad, M . A. 2005. " Imitation Raki Won't Affect Us " (!). Turkish Daily News , 5 March (www.turkishdailynews.com.tr/ article.php?enewisd =7476

3-International Crisis Group . 2006. Iraq and the Kurds: The Brewing battle over Kirkuk ." Brussels : ICG Middle East Report 56,18 July : 21.

هێوربکاتەوەو دانی بەوەشدانا کە دوژمنایەتی سەرسەختی بۆ خواستەکانی کورد شکستی هێناوە لەبەدیهێنانی هەر دەستکەوتێکی بەرچاو لەهەڵبژاردندا.

لەدوای هەڵبژاردنەکانیش (ریاز سری کەهیە) سەرۆکی پارتی تورکمان ئیلی رایگەیاند: چیتر بەرەی تورکمانی دژ بەوە نییە کە دەستوور لەچوارچێوەی سیستمی فیدراڵی لەسەر ئاستی گشتی عێراقدا ئیعترافی بە هەرێمی کوردستان کردووە.

هەروەها داوای (گفتوگۆی جددی کرد لەگەڵ سەرکردایەتی کورد) لەبارەی داهاتووی کەرکووك و پێشنیازیکرد کەرکووك" قەوارەیەکی فیدراڵی سەربەخۆ بێت کە لەلایەن کوردو تورکمان و عەرەبەوە بەڕێوە ببرێت"١.

لەکۆتایی مانگی ئازاریشدا زۆرێك لەگەورە سەرانی بەرەی تورکمانی بەدوور لەو نەریتەی کە پێشتر هەیانبوو (جەلال تالەبانی) یان وەك سەرۆك کۆماری عێراق دەستنیشانکرد.

هاوکات (فاروق عەبدولڕەحمان) بەیاننامەیەکی رەسمی دەرکردو ئاراستەی "خاوەن شکۆ جەلال تالەبانی " کردو تیایدا رەناوی تورکمانەوە پیرۆزباییی لێدەکات و هیوای " خێرو سەرکەوتن" ی بۆ دەخوازێت٢.

وەك ئەوەی تەواو روونبووەوە ستراتیژی بەرەنگاریبوونەوە کە لەلایەن بەرەوە پەیڕەو دەکرا نەك هەرشکستی هێنا لەبەدەستهێنانی پشتیوانی میللیدا بەڵکو درزیشی خستە نێو ریزەکانی بزوتنەوەکەوە.

---

1 - Dawde ,S. 2005. " New Strategy for Turkmen Bloc. " The Journal of Turkish Weekly Opinion , 10 March (www.turkishweekly.net/comments.php?id =434).

2- Turkmenli (BBC Monitoring Middle East) .2005 . "Turkmen Leader Congratulates New Iraqi President." 11 April (LN).

ئەندامەکانی تری بەرەی تورکمانی جوامێرییان کەمتر بوو .بۆ نموونە ئەحمەد مورادلی نوێنەری بەرە لە ئەنقەرە تەقەلایەکی ئازایانەی دا بۆ ئەوەی شتێکی ئیجابی بدۆزێتەوەو لەبارەی هەڵبژاردنی تالەبانییەوە بیلێت. لەکۆتاییشدا وتی: "ئێمە دڵنیاین لەوەی کە تالەبانی هەمان هەڵەی سەددام دووبارە ناکاتەوە" ، بەڵام دەبوو بەر لەوە ئاماژە بەوە بدات کە بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆك کۆمار بەڵگەیەکی تری براوەیی کوردە لەنێوان پێکهاتە ئیتنیکیەکانی تردا.

بڕوانە

(BBC Monitoring International Reports) .2005." Iraqi Turkmen Front Announces Support for Talabani as President."13
April (LN).

لەسەرەتای مانگی ئازاردا (عەبدولقادر بازرگان) ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی تورکمان ئیلی و ئەندامی دامەزرێنەری بەرەی تورکمانی رایگەیاند: بڕیاری بەرە بەبەشدارینەکردنی لەگەڵ لیستی کوردیدا " هەڵەیەکی تەکنیکی" بوو، هەروەها رەخنەی لەسەرکردایەتی بەرەی تورکمانی گرت بەوەی ملی بۆ خواستەکانی ئەنقەرە شۆڕکردووە.

لەکۆنرگەی چوارەمی بەرەی تورکمانی کە لەماوەی(٢٢- ٢٤) ی نیساندا سازکرا، لایەنەکانی نێو ئەو بەرەیە پیوەندیەکانی نێوانیان لەو پەڕی نائۆقرەیدا بوو.

ئەوەبوو لقی بەرە لەهەولێر بەسەرۆکایەتی (عەبدولقادر بازرگان) پاشەکشەی کردو لەبەرەی تورکمانی جیابوەوە، دواتریش لە دیدارێکیدا بازرگان رەخنەی توندی ئاراستەی بەرەو پەیوەندیەکانی بەتورکیاوە کردو رایگەیاند: بەرەی تورکمانی گەمەیەکە بەدەست تورکیاوە و نارەزایشی پیشاندا بەرامبەر بەوەی کە بەرەی تورکمانی بووەتە ئامرازی دەستی بێگانە١.

دیسان ئەوەی زیاتر بازرگانی بێزارو تورە کرد تەرکیزی بەرەی تورکمانی بوو لەسەر کەرکووك ئەویش لەسەر حسابی لقی هەولێر کە خودی بازرگان سەرۆکایەتی دەکرد، ئەمە جگە لەنەزۆکی ستراتیژی روو بەڕووبوونەوە کە بەرەی تورکمانی لەبەارمبەر کورددا پشتی پێدەبەست٢.

لەکۆنگرەی چوارەمی بەرەدا ئەوە ئاشکرا بوو کە قەیرانێکی قووڵ لەنێوان سەرانی سیاسی تورکماندا هەیە بەتایبەتیش ئەوانەی لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورددا کاردەکەن لەگەڵ ئەو سەرکردە تورکمانانەی لەدەرەوەی ئەو ناوچانەن.

1- Ridolfo , K. 2005. " Iraq Will the Turkmen Spilt Break Turkish Interference ? "RFE/RL,6 May.

٢- لەنیسانی ٢٠٠٣ لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو بەماوەیەکی دیارکراو ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرە مەڵبەندی کارەکانی لەهەولێرەوە بۆ کەرکوك گوازرایەوە. دواتریش بەرە پشکی شێری لەداهاتی خۆی بۆ کەرکوك تەرخان کرد کە ئەویش لەسەر حسابی لقەکانی تری بوو. هاوکات هەڵوێستی نەیاری بەرە لەبەرامبەر دوو پارتە کوردییەکەدا زۆر لەسەری کەوت بەتایبەتیش لەو پارێزگایانەی کە کورد تیایدا باڵادەست بوون. لە هەولێر کە تورکمانی تێدایە بەرە لەهەڵبژاردنی پارێزگادا کەمتر لە ٠.٣٣٪ی دەنگی بەدەستهێنا.

سەرکەوتنی کورد

بێگومان بەگشتی هەڵبژاردنەکان لەسەرجەم ئاستەکاندا بۆ کورد سەرکەوتن بوو، لەسەر ئاستی نیشتمانیدا هاوپەیمانی دیموکراسی کوردستانی (٧٥) کورسی لەپەرلەمانی عێراق مسۆگەر کرد کاتێك نزیکەی (٢٦٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێنا.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیشدا لیستە کوردییە جیاوازەکان زۆرینەیان لەهەردو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواو کەرکووك دابینکردو لەپارێزگای سەلاحەدینیش چەند کورسیەکی ئەنجوومەنەکەیان بەدەستهێناو لەدیالەش بوونێکی گەورەیان لەئەنجوومەنی پارێزگاکەدا هەبوو١. ئەمە جگە لەوەی لە هەرسێ پارێزگا کوردییەکاندا هەرد پارتە گەورەکەی کورد بەجیا بەشداری هەڵبژاردنیان کرد.

هەڵەتە هەموو ئەو ئەنجامانەش وایانکرد کورد لە(٥) پارێزگادا باڵادەست بن، کە دوو لێکدانەوەش بۆ سەرکەوتنی پارتە کوردییەکان لەئارادابوو.

یەکەمیان بەشداری تەواوو زۆری دەنگدەرانی کوردودووەمیشیان بایکۆتکردنی عەرەبی سوننە بوو لە هەڵبژاردنەکاندا. هاوکات هەرسێ پارێزگا کوردییەکەی عێراق لەسەر تاسەری وڵاتدا بەرزترین رێژەی بەشداریکردنی دەنگدەرانیان تۆمارکرد، کە ئەوەش بۆ سەقامگیری باری ئەمنی و پەرۆشی گەلی کورد لەو ساتەوەختەدا بۆ دیموکراسی دەگەڕایەوە٢.

لەسەر ئاستی نیشتیمانیشدا ئەو ئەنجامانە دەرفەتی لەبەردەم کورددا خۆشکرد تا رۆڵێکی سەرەکی ببینن لە پێکهێنانی حکومەتی نوێدا و لەئامادەکردنی دەستووری هەمیشەیشدا کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبوو.

دیسان لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش بردنەوەی کورد بەزۆرینە زەمینەی سازاند بۆ کۆنترۆڵکردنی هەردوو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەواو کەرکوکی فرە ئیتنیك و دەستەبەرکردنی

١- کورد لەکۆی ٤١ کورسی ، ٣١ کورسی لەئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا و لەکەرکوکیش ٢٦ کورسی و لە لەسەلاحەدین ٨ کورسی و لە دیالەش ٧ کورسی بۆخۆی مسۆگەر کرد.

٢- پارڕێزگا کوردییەکان بەرزترین رێژەی بەشداریکردنیان لەهەڵبژاردنی وڵاتدا تۆمارکرد(دخۆك ٩٢٪،هەولێر ٨٤٪، سلێمانی ٨٢٪). بەپێچەوانەی ئەوەوە رێژەی بەشداریکردن لە ناوچە سوننیەکان لەنزمترین ئاستدا بوون، بۆنموونە رێژەی بەشداریکردن لە ئەنبار لەهەڵبژاردنی نیشتمانیدا تەنیا لە٢٪ بوو.

سیّ بۆ چواری کورسیەکانیان بەڵام لەپارێزگای نەینەوا وەك رێزێك بۆ واقیعی دانیشتوان کە تیایدا عەرەبی سوننە زۆرینە پێکدەهێنن، ئەندامانی کورد لەئەنجوومەنەکەدا بڕیاریاندا بە هێشتنەوەی (دورويد محەمەد کەشمولە) لەپۆستەکەیدا وەك پارێزگاری نەینەوا[1].بەڵام لەکەرکووکدا کورد سەلماندنی کە ئامادە نین دەستبەرداری باڵادەستیان بن.

پێکهێنانی ئەنجوومەن

ئەو (٢٦) ئەندامەی کە لەسەر لیستی برایەتی کەرکووك هەڵبژێردرابوون تائاستێکی لەبار نوێنەرایەتی ئەو پارتانەیان دەکرد کە لەژێر سایەی ئەو لیستەدا بوون. پشکی (ی.ن.ك) بریتی بوو لە(٧) کورسی بەو پێیەی گەورەترین پارتی کوردی بوو لە کەرکووکدا.هەرچی پشکی (پ.د.ك) یشە (٥) کورسی بوو.

هاوکات(٣) کورسی تر بەر یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و (٣) کورسی تریش بەر حزبی شیوعی کوردستان کەوت.

بنکەی نوێنەرایەتیکردنی لیستی برایەتی کەرکووك بەجۆرێك فراوان بوو کە هەریەك لە حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی نیشتمانی ئاشووری و پارتی گەلی تورکمان و پارتی یەکێتی تورکمانی عێراقی سەرو کورسییەکیان بەرکەوت و هەرچی سەربەخۆکانیشە بوونی خاوەنی (٤) کورسی[2].

لەسەرئاستی ئیتنیکی ئەندامانی لیستی برایەتی کەرکووك کە (٢٦) ئەندام بوون بەسەر (٢٠) کوردو (٣) عەرەب و (٢) تورکمان و (١) مەسیحیدا دابەش ببوون. لیستی برایەتی کەرکووك بەو پێیەی زۆریەی کورسیەکانی ئەنجوومەنەکەی لەدەستدا بوو دەیتوانی پارێزگار بەبێ پشتیوانی پارتەکانی تر هەڵببژێرێت بەڵام لەڕووی پراکتیکیەوە شەرعیەتی حکومڕانی کورد لەو پارێزگایەدا پشتی بە یەکگەیشتن لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا دەبەست لەسەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات تا لای هەموو لایەك پەسەندبێت.

١- کەشمولە لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٤ لەپاش کوژرانی پارێزگای پێشوو لەپۆستەکەیدا دانرا.

٢- بەهۆی بەشداریکردنی هەردو پارتەکە لە لیستێکی هاوبەشدا داتای تەواو نییە لەسەر ئەوەی بیسەلمێنێت بنکەی جەماوەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان فراوانترە لە پارتی دیموکراتی کوردستان. بەڵام تەنانەت بەرپرسانی (پ.د.ك) لە کۆبوونەوە تایبەتەکانیاندا دان بەوەدا دەنێن کە (ی.ن.ك) لەکەرکوکدا گەورەترین پارتە و ئەوەش رەنگدانەوەی لە دابەشکردنی کورسییەکانی لیستی برایەتی کەرکوك و رێژەی نوێنەرایەتی کردن هەیە لە دەستەکانی تری پەیوەندیدار بە بەرکوك لەوانەش لیژنەی ماددەی ١٤٠.

ئەو گرفتە هەنووکەییەی کە رووبەڕوی سەرانی سیاسی عەرەب و تورکمان دەبوەوە ئەوەبوو کـە رێککـەوتن لەگـەڵ کـورد لەناوەڕۆکـدا بـەواتای پەسـەندکردنی شـەرعیەتی ئـەنجامی هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئیعترافکردنێکی لەو جۆرە لەئارادا نەبوو.

ئەوەبوو رۆژێك دوای پەسەندکردنی رەسمیانـەی ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکان (جـەمال شـان) ئەندامی بەرەی تورکمانی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی وەسـفکرد بـە پلانێـك لـەدژی تورکمـان و عەرەب، لەکاتێکدا (شێخ عەبدولڕەحمان مونشد ئەلعاسی) لەگردبوونەوەی کۆمـاریی عێـراق رایگەیاند: هەڵبژاردنەکان خاوێن نەبوەو پێشبینی کرد شەڕی ئەهلی لەکەکوکدا بەرپابێت١.

سەبارەت بەکوردیش ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تەئکیدکردنـەوە بـوو لەسـەر (کوردبـوون) ی کەرکوك یان وەك جەلال تاڵەبانی وتی: ئەنجامەکە ناسنامەی کوردستانی بوونی کەرکووکە٢.

رزگار عەلی لە (ی.ن.ك) رایگەیاند: ئێمە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی کەرکوك نادەین... بەڵکو گەرەکمانە ناسنامەی کوردبوونی کەرکوك ئاشکرا بکەین. بەدڵنیاییەوە ناسنامەی کەرکووکی کێشە لەسـەر بـەدیاریکراوی سەرچـاوەی نـاکۆکی نێـوان پێکهاتـە ئیتنیکیـەکان بـوەو لـەو رێگایەشەوە هەڵبژاردنەکان شتێکی ئەوتۆی چارەسەر نەرکرد کە جێگەی باسکردن بێت.

لەگەرمەی ئاراستەکردنی ئەو تۆمەتانەشدا کە لەپاش هەڵبـژاردن لـەئارادابوون چاوەڕوان دەکرا لیستی برایەتی کەرکوك تووشی ئاستەنگ بێت لەدۆزینەوەی فۆرمێك بـۆ دابەشـکردنی دەسەڵات بەو جۆرەی هەموولایەك رازیبکات.

لایەنـەکانی کوتلـەی عـەرەبیش داوایـانکرد پۆسـتەکانی حـوکمڕانی بـەپێی رێـژەی هەرپێکهاتەیەك دابەش بکرێت نەك لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. وادیاربوو کوتلەی تورکمانیش بەهەمان شێوە لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە دابەشکردنی پۆستەکان لەسەر بنەمای ئەو هێزە بێت کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان جەختیان لەسەر کردوەتەوە.(تەحسین کەهیە) کـە تـەنیا تورکمانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك بوو کە سەربە ئیئـتلافی ئیسـلامی و تورکمـانی

---

1 - Anie ,M. and J. Spinner. 2005. " Regional Kurdish Victory Could Lead to Conflict : Results Anger Turkmens and Arabs in Kirkuk. " The Washington Post , 14 February : A08.

2- KurdSat (BBC Monitoring Middle East). Iraqi Kurdish Leader Talabani Hails Poll Success in Kirkuk ." 15 February (LN).

بوو رایگەیاند: مافی خۆمانە کە چەند پۆستێکی دیاریکراو بگرینە دەست١. ئەوەش ئەو ناکۆکییە بنەڕەتیە بوو لەبارەی سروشتی دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتەی کە کورد لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بدەستیهێنابوو تابگاتە فۆرمێك و تیایدا دان بەمافەکانیدا بنرێت لەگرتنە دەستی پۆستە هەستیارەکانی نێو حکومەتی پارێزگای کەرکووك.

بەڵام داواکاری عەرەب و تورکمان لەدابەشکردنی دەسەڵات وەك ئەوە وایە ئەو هەڵبژاردنە کە بەدیدی ئەوان ساختەبوو رووینەدابێت.بەپێی ئەنجای هەڵبژاردنەکەش پۆستەکانی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کەوتنە دەست کوردو هەرچی پۆستەکانی جێگری پارێزگارو یاریدەدەری سەرۆکی ئەنجوومەنەکەشە خرانە بەردەم لیستەکانی تر.

لەسەر ئاستێکی قوولتریشدا ململانێکە رەنگدانەوەی لەسەر دابەشبوونی ریشەیی هەبوو لەبارەی داهاتووی شارەکەوە. هەروەك (موحەمەد کەمال) ئەندامی لیستی برایەتی کەرکووك رایگەیاند: ئێمە پۆستە هەستیارەکان نادەینە ئەوانەی ئیعتراف بەکوردبوونی شارەکە ناکەن و لەجێبەجێکردنی ماددەی (٥٨)دا هاوکار نین٢.

ئەوەی کە پتر بارودۆخەکەی ئالۆزتر کرد ئەو ناکۆکیانە بوون کە لەنێوان هەردو پارتە کوردیەکەدا هەبوون سەبارەت بە کۆمەڵێك پرس کە لەئینتیمای پارێزگارەوە دەستیپێدەکرد تا دەگەیشتە دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوانیاندا لەسەر ئاستی پارێزگاکەدا٣.

سەرئەنجامی ئەو هەلومەرجەش پرۆسەیەکی سیاسی پەککەوتوو بوو، ئەوەبوو لەماوەی درێژکراوەی یەکەمین کۆبوونەوەی رەسمی ئەنجوومەنی پارێزگاکە لە ١- ٢٩ی ئازار، ٢٢ کۆبوونەوەی جیا لەنێوان کوتلە جیاجیاکانی شارەکەدا سازکران بێ ئەوەی بگەنە تەوافوقێك لەسەر شێوازی دابەشکردنی دەسەڵات. لەناوەڕاستی ئازاریشدا هەریەك لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان گەیشتنە رێککەوتن لەسەر مانەوەی (

3- Sanders, E. 2005. " The Conflict in Iraq : Kurds Wield New Power in Kirkuk Politics . " The Los Angels Times, 27 March: A5.

2 - Tharwa Review of Events in Iraqi Kurdistan. 2005. " Groupin Kirkuk Far from Making Concessions . "17 -23 May (www.tharwa project.org/ node/2620#Groups-in-kirkuk-far-from-making-concessions)

٣- لەفەسڵی دەیەمدا بەتێرو تەسەلی لەم پرسانە دەدوێین.

عەبدولڕەحمان مستەفا) وەك كەسايەتيەكی سەربەخۆ لەپۆستی پارێزگاردا بەلاّم بەهاتنی كۆتايی ئازارداهێشتا كەركووك نەببووە خاوەنی حكومەتێكی دەستبەكار.

لە٢٩ی مانگی ئازارو لە كۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا وابڕياربوو تيايدا هەرسێ پۆستی جێبەجێكاری پارێزگارو جێگرەكەی و سەرۆكی ئەنجوومەن هەڵبژێردرێن بەلاّم نوێنەرانی كوتلەی عەرەبی و بەرەی توركمانی ئامادە نەبوون ئەويش وەك بەهانەيك لەبەرامبەر پێداگرتنی كورد لەسەر دابەشكردنی پۆستەكان.

بەپێی ژێدەرێكی راگەياندنی(ی.ن.ك) لەسەرەتاكانی ئاياردا هەردو پارتە كورديیەكە رێككەوتن لەسەر دابەشكردنی پۆستە جێبەجێكارەكان و بڕياريشدار بەهێشتنەوەی پارێزگار لەپۆستەكەيداو (عيرفان كەركووكی) يش وەك نوێنەری توركمان كە لەكوردەوە نزيك بوو بەوەكالەت بكرێتە جێگری پارێزگارو (رزگار عەلی) كە سەر بە (ی.ن.ك) بوو بكرێتە سەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگارو نوێنەری (پ.د.ك)يش بۆ سەرۆكی ئەنجوومەنی شارەوانی كەركووك.

لە٩ی ئاياردا ليستی برايەتی كەركووك لەدووتوێی ياداشتێكدا ليستەكانی تری ئاگادار كردەوە كە دەست بە دوا گفتوگۆی جددی و فراوان بكەن لەپێناو كەركووكدا.

لەياداشتەكەدا هەڕەشەی ئەوەشكرابوو كە ئەگەر لەماوەی (٣) رۆژدا وەلاّمێكی ئيجابييان دەست نەكەوێت ئەوا مافی ئەوەيان هەيە ئەنجوومەنی پارێزگاری كەركووك و ئيدارەكەی وەك ئەوەی بەرژەوەندی بالاّی پارێزگاكە دەيخوازێت پێكدەهێنرێت١.

لە١٢ی ئاياردا كوتلەی توركمانی تەئكيدی لەسەر خواستی وەرگرتنی پۆستی جێگری پارێزگار كردەوەو كوتلەی عەرەبيش بەياننامەيەكی توندی دەركردو تيايدا دواخستنی پێكهێنانی حكومەتی پارێزگاكە بۆ كاتێكی تر دەكات٢.

دياربوو دەستپێشخەريەكی هاندەرانە لەئارادا نەبوو بۆ گەيشتن بە تەوافوق، هەربۆيە لە ٢١ی حوزەيراندا ليستی برايەتی كەركووك (عەبدولڕەحمان مستەفا)ی بۆ پۆستی پارێزگارو (رزگار عەلی) بۆسەرۆكی ئەنجوومەنی پارێزگاكە دياری كردەوە.

---

1 - Kurdistani Nuwe(BBC Monitoring Middle East). 2005."Efforts to Form Kirkuk Council Continue Despite Differences Among Lists."11May(LN).

2 -Kurdistani Nuwe(BBC Monitoring Middle East). 2005."Iraqi Turkmens Demand Post of Kirkuk Deputy Governor." 14May(LN).

هەروەها لەسەر ڕێنمایی سەرکردایەتی هەردو پارە کوردییەکە لیستی برایەتی پۆستی جێگری پارێزگارو یاریدەدەری پارێزگاری بەبەتاڵی هێشتەوە تا دواتر لەلایەن نوێنەرانی پێکهاتە ئیتنیکیەکانی دیکەوە پڕ بکرێتەوە.

پاش نزیکەی شەش مانگ لە هەڵبژاردن کەبوکوك بووە خاوەنی جۆرە حکومەتێك بەلاّم لەتوانایدا نەبوو ببێتە حکومەتێکی کاراو ئیعتراف پێکراو لەلایەن زۆرینەی پێکهاتە ناکوردیەکانی کەرکووك بۆ ئەوەی ڕەوایەتی بەدەستبهێنێت.

هەرچەندە لیستی برایەتی کەرکووك لەڕووی تەکنیکیەوە بۆی هەبوو بەدوور لە دەنگی کوتلەکانی تر فەرمانڕەوا بێت بەلاّم بەشداری نەکردنی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە هەردو کوتلەی تورکمانی و عەرەبی لەدەنگدان یاخود نائامادەبوونیان لەکۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنەکە وایکردبوو حکومەتەکەی پارێزگای کەرکووك ئەو شەرعیەتەی نەبێت تاموماەسەی دەسەلاّتی چالاکانەی خۆی بکات لەناوچە نا کوردییەکاندا و دەبوو ئەو دینامیکیەتە بنەڕەتییەش بۆ ماوەی دوو ساڵو نیوی داهاتوو ببێتە هۆی ئیفلیجکردنی فەرمانڕەوایی لەو پارێزگایەدا.

کێ حوکمی کەرکووك بکات ؟

لەنەبوونی حکومتێکی کارا لەپارێزگاکەدا، کە پشتیوانی سەرجەم پێکهاتە ئیتنیکیەکان بەدەستبهێنێت ئەو بڕیارە گرنگانەی کە پێویست بوون لەکەرکووکدا بدرێن لەشوێنەکانی تر دەدران.

ئەو ڕەوشە تەمومژاوی و تێکئالۆزکاوەی کە هێڵەکانی دەسەلاّت پێیگەیشتبوون ئاستەم بوو ئەوە دیاری بکرێت کە کێ حوکمی پارێزگاکە دەکات ئەگەر چی کەسانێکیش هەبن حوکم بکەن.

ئەوەبوو تابڕیاردان لەدەستووری هەمیشەیی کارکردن بە بەندەکانی یاسای ئیدارەی کاتی دەولەت و فەرمانەکانی دەسەلاّتی کاتی ئیئتلاف بەردەوامبوو لەدیاریکردنی شێوازی دابەشکردنی دەسەلاّت لەنێوان بەغدادو پارێزگاکاندا.

بەپێی ماددەی (٢٥) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەولەت هەندێك دەسەلاّتی تایبەت بەسترابوونەوە بە حکومەتی فیدراڵی لەکاتێکدا ماددەی (٥٧) سەرجەم دەسەلاّتەکانی تری بەخشیبووە پارێزگاکان.

سەبارە ب پرسی دەستبەسەردا گرتنی بودجەش، پارێزگاکان بەتەواوی لەمەسەلەی داراییدا پشتیان بە حکومەتی عێراقی دەبەست لەکاتێکدا ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەڕووی

تیورییەو بۆیان هەبوو بەپێی ماددەی (٥٦، بەشی أ) داهاتی خۆیان بەشێوەیەکی سەربەخۆ لەرێگەی باج و رسوماتەوە زیاد بکەن، بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە لەو قۆناغەدا پارێزگاکان نەیاندەتوانی چاوەڕوانی دەستەبەرکردنی سەرچاوەی دارایی و ژێرخانی ئابووری بکەن.

ئەوەش بەواتای مەرکوك بەردەوام بوو لەپشت بەستنی تەواوی بە بەغدادو هەردو پارتە کوردییەکە و کەمێکیش بە کۆمەکی دارایی ئەمریکا بۆ ئاوەدانکردنەوە.

لەبەرامبەریشدا ئەوە رێگەی بەحکومەتی ناوەندی دا کە جێبەجێکردنی ماددەی (٥٨) دوا بخات.

گەڕانەوەی ژمارەیەکی زۆری کوردیش بۆ پارێزگاکە پێویستی بە شوێنی نیشتەجێبوونی تازەو وەبەرهێنانی گەورە هەبوو لەبونیاتی بنچینەیی کەرکووك کە داتەپیبوو. بەڵام سەرچاوەی دارایی تەرخانکراو لەلایەن حکومەتی عێراقییەوە وەك سیاسیە کوردەکان ئاماژەیان پێداوە بەس نییە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان.

لای خۆشیەوە (نەسرین بەرواری) وەزیری شارەوانی و ئەشغالی گشتی روونیکردەوە: لەو بوارەدا حکومەت بەڵێنی زۆریداوە هەروەك پێشتریش پۆل بریمەر بەڵێنیدا بوو (١٠٠) ملیۆن دۆلار بۆ کەرکووك تەرخان بکات بەڵام ئەوەی جێبەجێ نەکرد.

جەعفەری بەڵێنیدا بە تەرخانکردنی (٥٠) ملیۆن دۆلار دیسان ئەوەش نەهاتە دی، بۆیە چارەسەر ئەوەیە کە سووربین لەسەر ئەو بڕە پارە بەڵێن پێدراوە.... چونکە پێداویستیەکانی کەرکووك گەلێکن.

هەروەها پرسەکانی خاوێنکردنەوەی ئاوو ئاوەڕۆو رێگاوبان و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەو دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون هەر هەمووی پێویستیان بە پارەیەکی زۆر هەیە[1]. لەبری ئەوە بودجەی ساڵانەی کەرکووك دیاریکرا بە (٧٦) ملیۆن دینار واتە (٥٠٠) هەزار دۆلار کە ئەوەش نەیدەتوانی ژێرخانی خراپی ئابووری کەرکووك ببوژێنێتەوە.

لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٥دا بەم جۆرە وێنای کەرکووك دەکرێت: ژیان کولەمەرگییەو ئەو خزمەتگوزاریانەی کە حکومەتی خۆجێیش پێشکەشی دەکات سەرەتایی و وەك پێویست نین. هێشتا تەزووی کارەبان دەبچڕێت و لەهەندێك ناوچەشدا ئاوی خواردنەوە زۆر کەمە و رێگاو بانەکانیش پڕ لەچاڵ و چۆڵن و ئەوەش کاری شۆفێری مەترسیدار دەکات.

1- Khabat (BBC Monitoring Middle East) .2005, "Iraqi Minister Comments on Delayed Funding for Kirkuk Reconstruction." 17 November (LN).

هاوکات تۆڕی ئاوەڕۆ لەکەرکووکدا بوونی نییەو ئەوەش وایکردوە کەرکووك یەکێك بێت لە پیسترین شوێنی سەر ڕووی زەوی. خۆڵ و خاشاك لەگشت جێگەیەکی شارەکەدا هەیەو هەموانیش شەقامەکانیان کردوەتە سەرە نوێلك١.

ناڕوونییەکی تری یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت لەوەدابوو کەجاروبار بەریەك کەوتن لەنێوان ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی زۆرینەی کوردو حکومەتی ناوەندی دروست دەبوو سەبارەت بە دەسەڵاتی دامەزراندن، بەتایبەتیش کەچوارچێوەیەکی یاسایی دیاری نەکرابوو بۆ دامەزراندن و لابردنی بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگاکە کەئایا دەسەڵاتی ئەنجوومەنی پارێزگا یاخود دەسەڵاتی وەزارەتی ناوخۆی بەغدادا بێت٢.

بۆنموونە لەکانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد وەزارەتی ناوخۆ بڕیاریداوە بەگواستنەوەی ژمارەیەك لەئەفسەرانی پۆلیسی کورد لەکەرکووکەوە بۆ دیالە لەوانەش (لیوا فەهمی) سەرۆکی هەواڵگری کەرکووك و عەقید رزگار نەجم خەتاب بەڕێوەبەری پۆلیسی هاتوچۆ یاخود دوورخستنەوەو خانەنشینکردنیان٣.

هەروەها مشتومڕێکی توند هاتە ئاراوە لەسەر هەوڵی لابردنی بەڕێوەبەری پەروەردەی کەرکووك(شەن عومەر موبارەك) لەلایەن ئەنجوومەنی کەرکووکەوە کە کەسێکی تورکمان بوو.

بەڵام ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لەژێر رکێفی تورکماندا مایەوە بەجۆرێك لەکۆی (٣٠)وەزیفەی باڵای ئەو بەڕێوەبەرایەتیەدا (٢٦)یان بەدەست تورکمانەوە بوون و ئەوەش بێزاری لای دانیشتوانی کورد دروستکردبوو٤.

1- Kirkuk Media . 2005. "Everybody's Business is nobody's Business in Kirkuk." 15 April reposted at (www. indybay.org/newsitems/2005/04/05/17315131.php).

٣ - بەپێی فەرمانی (٧١) ی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی سەبارەت بە چاکسازییەکانی حکومەتی خۆجێی، دامەزراندنی بەڕێوەبەرەکانی پۆلیسی پارێزگاکان دەسەڵاتێکی هاوبەشە. لەکاتی بوونی پۆستێکی بەتاڵدا وەزارەتی ناوخۆ لەبەغدا لیستی کاندیدانی کارامە پێشکەش بە ئەنجوومەنی پارێزگا دەکات و ئەوانیش کاندیدێك بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێرن. هەروەها دەکرێت بەڕێوەبەرابەتی پۆلیس بەبڕیاری وەزارەتی ناوخۆ بەزۆرینەی دوو بۆسیی دەنگی ئەنجوومەنی پارێزگا دووربخرێتەوە.

3- Khabat (BBC Monitoring Middle East).2005. Iraqi Ministry Replaces Kurdish Officials in Kirkuk ,Diyala."20 December (LN).

٢- عومەر موبارەم لەزۆر کاتدا دەکرایە ئامانجی نەیارانەی هەڵمەتەکانی راگەیاندنی کوردی لەبەرامبەر رێگریکردنی لەدابەشکردنی پرسیاری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بەزمانی کوردی و بێبەشکردنی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کوردی لەکەرکووك لەسەرچاوەکان. لەهۆکارەکانی تریش وەك (یوسف سەعید) بەڕێوەبەری پەروەردەی کوردی لەکەرکوك ئاماژەی پێکردوە پەروەردەی

دامەزراوەیەکی تریش کە بەرووی کورددا داخرابوو کۆمپانیای نەوتی باکوور بوو، هەرچی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتیشە دەسەڵاتی بەرێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکانی دابووە حکومەتی کاتی عێراق کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە دەسەڵاتی دامەزراندن و دوورخستنەوەی لەکۆمپانیای نەوتی باکووردا هەبوو.

لەسەتایساڵی ٢٠٠٥دا هێشتا زۆرینەی کادێرەکانی ئەو کۆمپانیایە عەرەب بوون، بەجۆرێك لەکۆی (١١) هەزار فەرمانبەرو کرێکار (٨) هەزاریان عەرەب و تەنیا(٥٠٠) کەسیان کورد بوون١. بەڵام هەریەك لە کۆمپانیای نەوتی باکوور و بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگای کەرکوك دووحاڵەتی دەگمەن بوون چونکە بوارە هەستیارەکانی تر بەدەست کوردەوە بوون.

هەرچی هێزەکانی پۆلیسی نیزامیشە جۆرە هاوسەنگیەکی ئیتنیکی شیاوی لەخۆگرتبوو بەجۆرێك کورد لە ٤٠٪ی ئەو هێزانەیان پێکدەهێنا بەڵام ئەو دەزگا جۆربەجۆرانەی کە پرۆسەکانی بنەبرکردنی تیرۆریان بەرێوەدەبرد سەرجەمیان لەژێر کۆنترۆڵی کورددا بوون و خۆیان لەدەزگا ئەمنی و هەواڵگریەکانی هەردو پارتە سەرەکیەکەی کورددا دەبینیەوە، کە لەگەڵ هەڵکشانی قەبارەی کردەوە چەکداریەکاندا ئەوانیش چالاکیەکانیان لەزیادبوندا بوون، بەڵام دیسان یەکەی خزمەتەکانی باری نائاسایی (الگواریو) لەسەرجەم پێکهاتە ئیتنیکیەکان پێکهاتبوون و لەلایەن عەقید خەتاب عەبدوڵلاوە کە سەر بە (ی.ن.ك) بوو سەرپەرشتی دەکرا.

هەڵبەتە لەبنەبرکردنی تیرۆردا پشت بە بەهێزە کوردیەکان دەبەسترا کە باوەرپێکراووکاراو خاوەن ئەزموون بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا رووداوە گەورە ئەمنیەکان لەکەرکوکدا شتێکی دەگمەن بوون سەرباری پێکهاتە سوننییە گەورەکەی و بوونی پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی لەو شارەدا٢. هاوکات

گشتی پارێزگای کەرکوك هەر هەماهەنگی و هاوکاری رەتناکاتەوە بەڵکو پەنا بۆ سەرجەم ئامرازەکان دەبات بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەمماندا...بروانە:

Abdullah , S. 2005. " The Dire Situation of the Directorate of Kurdish Education in Kirkuk. " 20 April

1 - Kurdistani Nuwe (BBC Worldwide Monitoring). 2005. " Iraqi Kurdish PUK Official Says Oil Company Not Employing Enough Kurds . "21 February (LN).

١-ئەوەی جێگەی سەرنجە رادیۆی گشتی نیشتمانی لەویلایەتە یەکگرتوەکان( ) هەواڵێکی لەسەر کەرکوك بڵاوکردەوە کەگوایە لەکەرکوك شتی وا روونەداوە. کەرکوك ئەو شارەی کەوتوەتە باکوری خۆرهەڵاتی عێراق ململانێی ئاشکراو بەرچاوی نێوان پێکهاتە ئیتنیکیەکانی بەخۆوە نەدیوە ئەوەش مایەی هێما بۆ کردنیەتی. بروانە

پرۆسەکانی لەناکاوکوژی و تەقینەوەی بۆمب لەسەر ڕێگاکان بەردەوام بوون و ئەوانەش مایەی نیگەرانی بوون بەڵام تەنیا هێرشی خۆکوژی کە زۆرترین قوربانی بەدواوە بوو لەوکەرکووکدا ئەوەبوو کە لە ١٤ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٥دا لەدەرەوەی بانکێکی ناوچە کوردییەکان روویدا و لەئەنجامدا (٢٠) کەس کوژران و (٨٦)ی تریش بریندار‌بوون. بەڵام دیاربوو کارابوونی تەکتیکەکان کە لەلایەن هێزە ئەمنیە کوردیەکانەوە جێبەجێدەکران زۆر دەکەوتن چونکە مەترسی پشت بەستن بەو هێزانە بەشێوەیەکی سەرەکی دەبوو ئەندامانی پێکهاتە ئیتنیکیەکانی تر بکاتە ئامانج بەتایبەتیش عەرەب و ئینجا تورکمان.

دیسان ئەوەش بووە هۆی تاوسەندنی پەنگخواردنەوە ئیتنیکیەکان کە هەردەبوو بەو جۆرە بێت و لەگەڵیشیدا بارودۆخەکە لەحوزەیراندا ناهەموارتر بوو کاتێك رۆژنامەی واشنتۆن پۆست چەند پەرەگرافێکی لەبروسکەیەکی دزە پێکراوی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بڵاوکردەوە، کە تیایدا دەستی تۆمەتبارکردن بۆ دەزگا ئەمنیە کوردیەکان درێژ دەکات سەبارەت بەئەنجامدانی کۆمەڵێك کاری جۆراو جۆر لەدەرەوەی یاسا لەوانەش دەستگیرکردنی هەرەمەکی و راگواستنی نهێنی وکاری رفاندن.

بەپێی بروسکەکە ئەو چالاکیانە لەچوارچێوەی" دەستپێشخەرییەکی هەماهەنگ و فراوانی نێوان هەردو حزبە کوردیەکەدا بەرێوەدەچێت لەپێناو مومارەسەکردنی دەسەڵات لەکەرکووك بەو جۆرەی کە زۆر بێزارکەرە". ئەمە جگە لەوەی بووەتە هۆی تاوسەندنی پەنگخواردنەوەیەکی ئیتنیکی ١.

قەبارەی ئەو مومارەسانە روون نەبوون بەڵام لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٥دا لەلایەن سوپای ئەمریکاوە (١٨٠) حاڵەتی رفاندنی دژ بە یاسا تۆمارکران و سەرانی سیاسی عەرەب و تورکمانیش ئەو ژمارەیەیان گەیاندە نزیکەی (٦٠٠) حاڵەت.

دیارە کێشەکە لەبەکارهێنانی ئەو تەکتیکانەدا نەبوون کە لەسەرتاسەری عێراق بۆ بنەبڕکردنی تیرۆر پەنای بۆدەبرا بەڵکو پەیوەندی بە راستییەکەوە هەبوو ئەویش ئەوەبوو ئەو

National Public Radio (NPR).2005. " (Lack of Violence Despite Ongoing Ethnic Tensions in Kirkuk . " Broadcast 18 April (LN).

1 - -Fainaru, S., and A. shadid .2005. " Kurdish Officials sanction Abductions in Kirkuk : U.S. Memo Says Arabs, Turkmens Secretly Sent to the North ." The Washington Post, 15June : A01

هێزانەی پۆلیس لەبەکارهێنانی ئەو شێوازەیاندا کە(بەپلەی سەرەکی) سەر بە پێکهاتەیەکی ئیتنیکی بوون لەسەر حسابی پێکهاتەکانی تر ئەنجامیان دەدا.

چاوپۆشینیش لەکارایی ئەو جۆرە تەکتیکانە لەکەمکردنەوەی ئاستی توندوتیژییەکان لەکەرکووکدا ئاسەواری خۆی هەبوو لەسەر تاوسەندنی پەنگخواردنەوەی توندی تایەفی لەو پارێزگایەدا.

حکومەتی ئینتیقالیی عێراقی

لەسەرئاستی نیشتمانیدا هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم وایانکرد کە کورد لەپێگەیەکی ئایدیالی ئەوتۆدا بن کاریگەرییان لەسەر ناوەڕکی دەستووری هەمیشەیی هەبێت.

هاوکات سەرباری بالا دەستی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بەسەر زۆرینەی رەهای کورسیەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانیدا بەڵام ماددەی (٣٦) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت ئاماژەی بە زۆرینەی دوو بۆ سێ دەکرد لەپێکهێنانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کە لە (٣) پێکدێت.

هەروەها رێککەوتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەکۆدەنگی لەسەر کاندیدی پۆستی سەرۆك وەزیران دەرفەتی بەکاندیدی براوە دەدا دەسەڵاتی پێکهێنانی حکومەتی هەبێت و کابینەی حکومەتەکەشی پێشکەش بە پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی رەزامەندی زۆرینە بەدەستبهێنێت.

بەڵام ئەوە لەڕووی پراکتیکیەوە دەبوو لەپێکهێنانی هەرحکومەتێکدا پشتیوانی دوو بۆ سێی پەرلەمانتاران بۆخۆی مسۆگەر بکات تا بەشداریکردنی کورد لەو پشتیوانیکردنەدا جگە لەزەرورەتێکی حسابی چیتر نەبێت، ئەگینا زۆرینەی دوو بۆسێی نێو پەرلەمان کە لەکۆی (٢٧٥)کورسی دەگەیشتە (١٨٣) کورسی دەیتوانی لەڕووی تەکنیکیەوە بەبێ بەشداریکردنی کورد حکومەت دروست بکات، بەڵام ئەوەش وایدەخواست سەرجەم کوتلەکانی نێو پەرلەمان بەشداربن بەلیستی عێراقییەشەوە کە لەلایەن ئەیاد عەلاوییەوە سەرۆکایەتی دەکرا.

هەرچەندە ئەولیستە هەڵوێستی دژ بە هەڵوێستی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بوو لەزۆربەی پرسە گرنگەکاندا بەڵام دیسان نەدەکرا لاتەریك بکرێت ئەگەر چی لەڕووی حسابییەوە ئەوە کارێکی شیاو بوو. لەو سۆنگەیەشەوە بەشداریکردنی کورد ئەگەر لەڕووی حسابیەوە گرنگ نەبووبێت ئەوا لەڕووی سیاسیەوە جێگەی بایەخ بوو.

هەرچی کوردە لەناوەڕاستی هەردو تای تەرازووەکەدا دەستەوەستان نەبوو بەڵکو کۆمەڵێك داواکاری خستە بەردەم ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی لەوانەش پۆستی سەرۆك کۆمارو پەرلەکردن لە جێبەجێکردنی ماددەی(٥٨)دا.

وادیاربوو بەهاتنی بەهاری ٢٠٠٥ ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی رازیبوو بە داواکاریەکانی کورد سەبارە بە کەرکووك و لە ٧ی نیسانیشدا جەلال تاڵەبانی وەك یەکەم سەرۆك کۆماری کورد لەعێراق دەست بەکار بوو١. هەرچەندە پۆستی سەرۆك کۆمار پۆستێکی تەشریفییە بەڵام ئەوە سەرکەوتنێکی رەمزی گرنگی بۆ کورد تۆمارکرد ئەویش بەهۆی ئەو پەیامەی کە لەنێو سیستمی سیاسی نوێی عێراقی دووانە نەتەوەدا ئاراستەیانکرد٢.

کاتێکیش حکومەتەکەی" ئیبراهیم جەعفەری" سەرۆك وەزیر لە ٣ی مانگی ئایاردا سوێندی یاسایی خوارد، لەو حکومەتەی کە ژمارەی وەزیرەکانی (٣٧) بوون (٨)پۆستی وەزاری درایە کورد٣، و نوێنەرایەتی تورکمانی شیعەش لەرێگەی (جاسم موحەمەد جەعفەر) ی وەزیری نیشتەجێکردن و ئاوەدانکردنەوە بوو.

جەعفەر لەدایکبووی دوزخورماتوو و جێگری سەرۆکی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عێراق بوو، کە پارتێکی تورکمانی شیعە بوو لەچوارچێوەی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقدا بەشداری هەڵبژاردنەکەی کرد.

١- بڕوانە کەنالی ئەلجزیرە(BBC Monitoring International Reports) ٢٠٠٥، راپۆرتێك لەبارەی وەڵامی سەرکردەیەکی تورکمانی لەسەر رێکەوتنی نێوان کوردو ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی(شیعی) سەبارەت بە کەرکوك، ١١ی ئازار(LN).

٢ - تەنیا دەسەڵاتی راستەقینە لەدەست ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی جگە لە ناونانی سەرۆك وەزیر، دەسەڵاتی ڤیتۆکردنی پرۆژە یاساکانە کە لەلایەن پەرلەمانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت. بەلام ڤیتۆیەکی لەوجۆرەش پێویستی بەرێکەوتنی ئەندامانی ئەنجوومەنەکە هەیە بەکۆدەنگی. بەڵام هەندێك ئاستەمیش بوو وێنای ئەو سیناریۆیە بکرێك کەتیایدا نوێنەرانی پارتە باڵادەستەکانی نێو پەرلەمان (ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی و هاوپەیمانی کوردستانی بەکۆدەنگی رێکبکەون لەسەر ڤیتۆکردنی یاسایەك کە پشتیوانی زۆرینەی پەرلەمانی بەدەست هێنابێت.

٣- هەشت پۆستەکەن رۆژ نوری شاوەیش جێگری سەرۆك وەیر،هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوە،بەرهەم ساڵح وەزیری پلاندانان و پەرەپێدان،نەسرین بەرواری وەزیری شارەوانی و ئەشغالی گشتی،جوان فوئاد مەعسوم وەزیری پۆستەوگەیاندن،عەبدوللەتیف رەشید وەزیری سەرچاوە ئاوییەکان،نەرمین عوسمان وەزیری ژینگە، عەبدلباست کەریم مەولود وەزیری بازرگانی،ئیدریس هادی وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی.

هەرچی تورکمانی سوننەشە کە خۆی لە بەرەی تورکمانیدا دەبینییەوە لەنێو ئەنجوومەنی وەزیراندا فەرامۆشکرابوون. هاوکات کوردیش لەگەڵ ئەوەی پێگەی بەهێز و دەسەڵاتی سیاسی باڵایان هەبوو بەڵام هەر زوولەدروستکردنی پەیوەندیەکی بەسوودو گونجاو لەگەڵ سەرۆك وەزیر هیوابڕاو بوون.

ئەوەبوو لەکاتی رێو رەسمی سوێندخواردنی یاساییدا، ئیبراهیم جەعفەری بەئاشکرا دەستەواژەی " عێراقی دیموکراسی فیدراڵی " فەرامۆش کردو لەوەش خراپتر لەدیدی کوردەوە ئەوەبوو لەمیانەی وتەکەیدا جەعفەری کە لەبەردەم پەرلەماندا خوێندیەوە باسی لە لەکەرکووك و جێبەجێکردنی ماددەی(٥٧) نەکرد، بەڵکو باسی لە ئەولەویاتی کاری حکومەتەکەی کرد لەماوەی ئینتیقالیدا.

دیارە ئەو سەهوکردنەشی بەئاشکرا بەئەنقەستبوو کە بەسەر سەرکردایەتی کوردو راگەیاندنی کوردیدا گوزەری نەکرد[١]. دواخستنی درێژخایانی پێکهێنانی حکومەتی نوێ دەرفەتی ئەوتۆی لەبەردەم حکومەتی ئینتیقالی نەهێشتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە سەرەکیەکەی کە ئامادەکردنی دەستووری نوێ بوو.

لە١٠ی ئایاردا پەرلەمان لیژنەیەکی (٥٥) ئەندامی بۆ نووسینەوەی دەستوور دیاریکرد و پشکی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقیش کەخاوەنی ٥١٪ی کورسیەکان بوون (٢٨) ئەندام بوولەلیژنەی نووسینەوەی دەستووردا.

هاوکات پشکی هاوپەیمانی کوردستانییش کە لە٢٧٪ی کورسیەکانی لەدەستدا بوو بەس بوو بۆ ئەوەی بە ١٥ ئەندام لەلیژنەی نووسینەوەی دەستووردا بەشداری بکەن و هەردو لیستەکەش بەتێکڕای ٤٣ ئەندام لەباروەدۆخێکی وەهادا بون کە دەیانتوانی ناوەڕۆکی دەستووری نوێ بنووسنەوە.

---

١ – بۆ نموونە بڕوانە فریاد رەواندوزی،٢٠٠٤ لەبارەی(ئەجندەی جەعفەری و ماددەی ٥٨)، رۆژنامەی ئەلئیتیحاد(BBC) . Monitoring Middle East

هەرچی عەرەبی سوننەشە تەنیا دوو ئەندامیان گەیشتنە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور کە ئەوانیش یەکێکیان سەر بە ئیئتلافی یەکگرتووی عێراق و ئەوی تریشیان سەر بە ئیئتلافی عێراقییە بوو[1].

هاوکات بەرەی تورکمانیش بەنوێنەرێك لەو لیژنەیەدا بەشدار بووکە ئەوەش جاری یەکەم بوو لەدامەزراوەیەکی سیاسیی نیشتمانی گرنگدا لەسەرو قەبارەی راستەقینەی خۆیەوە بەشداری بکات[2].

هەڵبەت کێشەی سەرەکی ئەو لیژنەیەش نەبوونی نوێنەرایەتیکردنی عەرەبی سوننە بوو کە ئەوەش بۆخۆی کێشەیەك بوو کە هەڕەشەی لە شەرعیەتی سەرلەبەری پرۆسەکە دەکرد[3].

راپرسی لەسەر دەستوور

لەماوەی نیوەی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا بڕیاربوو کە پرسی کەرکووك لەسەر ئاستی نیشتمانی بەشێك بێت لەدوا گۆڕانکاریەکانی- بەدیاریکراویش نووسینی دەستووری هەمیشەیی لەتشرینی یەکەمدا، هەروەها بەدواشیدا هەڵبژاردنی نوێی نیشتمانی لە ١٥ی کانونی یەکەمدا بەڵام گرفتی هەرە گەورەی نێو گرفتە زۆرو زەوەندەکان کە ئەو پرۆسەیەی پەکدەخست نائامادەیی عەرەبی سوننە بوو لەهەر بەشداریکردنێکی پڕواتا- بەدانانی (١٥) کەسی تر لەعەرەبی سوننە کە بەگشتی نوێنەرایەتی بەرژەوەندی سوننەیان دەکرد لەنێو لیژنەی ئامادەکردنی دەستوور کێەشەکەچارەسەر کرا.

---

1 - دابەشکردنی کورسییەکان لەلیژنەکەدا بەپێی نوێنەرایەتی کوتلە سیاسیەکان بوو، بەم جۆرە: ئیئتلافی یەکگرتووی نیشتمانی ٢٨کورسی، هاوپەیمانی کوردستانی ١٥کورسی، لیستی عێراقییە ٨کورسی، لیستی رافیدێن ١ کورسی، بەرەی تورکمانی ١ کورسی، یەکێتی گەل ١ کورسی،لیستی کادێران و دەستەبژێری نیشتمانی ١ کورسی. لیژنەکە بەسەرۆکایەتی شێخ هەمام حەمودیبوو لەئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی، هەرچی فوائاد مەعسومیشە لەهاوپەیمانی کوردستانس پۆستی جێگری یەکەمی سەرۆکی لیژنەکەو عەدنان جەنابیش لەلیستی عێراقییە پۆستی جێگری دووەمی سەرۆکی لیژنەکەی لەدەستدابوو.

٢ - ژمارەی کورسی بەرەی تورکمانی لەپەرلەماندا نزیکەی ١.١٪ بوو لەکۆی کورسیەکانی پەرلەمان کە ئەوەش بە کورسیەك لەلیژنەکەدا نوێنەرایەتی دەکرد واتە ١.٨٪ لەکۆی کورسیەکانی لیژنەکە.

٣ - بۆ هەڵسەنگاندنی رەخنەیی لەپرۆسەی نووسینەوەی دەستوور و گرفتەکانی پەیوەست بە غیابی نوێنەرایەتی عەرەبە سوننەکان و هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی بڕوانە:

The International Crisis Group .2005. Iraq : Don't Rush the Constitution . Brussels : CGI Middle East Report 42, 8June: 3-5

بڕیاریش بوو لیژنەکە لەسەر بناغەی تەوافوق کاربکات بەڵام زۆربەی بڕیارەکانی پەیوەست بە پرسە ناکۆکەکان لەلایەن گروپێکی بچووکی سەرانی شیعە(بەشێوەیەکی سەرەکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەوەدەمەدا) و سەرانی کورد لەپشت دەرگا داخراوەکانەوە دەدران١.

دواتریش ڕەشنووسی دەستوور پێشکەش بەئەنجوومەنی نیشتمانی کرا، هەرچی دەقەکەشە کۆمەڵێك چارەسەری تەوافووقیی گران و تێکئاڵۆزکاوی نێوان کوردو عەرەبی شیعەی لەخۆگرتبوو.

لەپێش هەموو ئەو چارەسەرە تەوافوقیانەش سیستمی فیدراڵی بوو کە پرۆژەی دەستوورەکە لەخۆی گرتبوو بەتایبەتیش میکانیزمی پێکەوە لکاندنی پارێزگاکان لەدروستکردنی هەرێمە فراوانترەکاندا٢. بەهەمان شێوە لەو ناکۆکبوونانەدا دابەشکردنی دەسەڵات بوو لەنێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان سەبارەت بە کەرتی نەوت و گاز.

بەپێی ماددەی (١١٢)، ئیدارەکردنی سامانی نەوت و گاز بەشێوەیەکی هاوبەشە لەکاتێکدا ماددەی(١١٥) لەکاتی ناکۆکی لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکان بەر لەیاسای فیدراڵی گرنگی دەدات بەیاسای هەرێمەکان٣. جگە لەوەش ماددەی (١١٢) ڕۆڵی حکومەتی فیدراڵی

---

١ – لەرووی مەبدەئییەوە دەبوو بیرۆکەی بڕیارە تەوافوقیەکان بەڵگەنامەی مامناوەندو پەسەندکراوی لای سەرجەم پێکهاتەکانی لێبکەوێتەوە. بەڵام لەڕووی عەمەلییەوە هەڵوێستی ئەندامانی عەرەبی سوننە لەلیژنەکەدا سەبارەت بەپرسە سەرەکیەکانی وەك فیدراڵی و ناسنامەی دەوڵەتی عەرەبی و کەرکوك زۆر لەهەڵوێستی کوردو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامییەوە دوور بوو بەجۆرێك هەرچارەسەرێکی تەوافوقی مەحاڵبوو لەماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا.

٢ – ماددەی(١١٩) کە لەدواساتەکاندا هەموارکرایەوە لەسەر پێداگری ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی مافی دایە پارێزگاکان لەدروستکردنی هەرێمە فیدراڵی فراوانتر . بەپێچەوانەوەی یاسای ئیدارەی کاتی کەسنوورێکی بر قەبارەی هەرێمەکان دەستنیشان کردبوو.دیارە ئەوەش زەمینەی خۆشکرد لەبەردەم ئەگەری پێکهێنانی هەرێمی(سۆپەر) کە (٩) پارێزگالەباشووری عێراق لەخۆبگرێت.ئەو ئەگەرەش سوننەکانی نیگەران کرد.

٣ – نائۆقرەیی لەوەدا سەرهەڵدەدات کە ماددەی(١١٠) فرەیی لە تایبەتمەندێتییەکانی حکومەتی فیدراڵیداهەیە بەبێ ئەوەی ئەو تایبەتمەندێتیانە ئیدارەی کەرتی نەوت و گاز ودابەشکردنی داهاتەکان بگرێتەوە. هەروەها ئەو دوو پرسە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەماددەی(١١٤) دا بوپێیەی تایبتمەندێتی هاوبەشن باس نەکراون. بەڵام ماددەی(١١٥) دەڵێت: هەموو ئەوانەی لەتایبەتمەندێتی دەسەڵاتی فیدراڵیدا نییە لەدەسەڵاتی هەرێمەکاندایە، کە ئەوەش ئاماژەیە بۆ "کیڵگەکانی ئێستا" هەروەك وەك (عەلی عەلاوی) هێمای پێداوە. بەواتای دوورخستنەوەی حکومەتی فیدراڵی لەبەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانەی کە لەداهاتوودا ئاشکرا دەکرێن. بڕوانە:
Allawi, The Occupation of Iraq. Op.cit :414-415

دیاریکردووە لەئیدارەکردنی کێڵگە نەوتییەکانی (ئێستا) واتە ئیدارەکردنی ئەو کێڵگانەی لەداهاتوودا ئاشکرا دەکرێن دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هەرێمەکانەوە.

دیسان ئەوەی کە مایەی نیگەرانی بوو نەك هەربەلای عەرەبی سوننەوە بوو بەڵکو بەلای هەمووانەوە ماددەی(١٤٠) و پرسی کەرکووك بوو.

فۆرمی ٨- ٢

دەقی ماددەی ١٤٠

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکار هەنگاوی پێویست دەنێت بۆ تەواوکردن و راپەڕاندنی پێداویستیەکانی ماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی عێراق لەقۆناغەکانی ئینتیقالی بەگشت بڕگەکانیەوە.

دووەم: بەرپرسیارێتی لەحکومەتی ئینتیقالیدا دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکاری هەروەك ئەوەی لەماددەی (٥٨)ی یاسای ئیدارەی کاتی بۆ قۆناغی ئینتیقالی(گواستنەوە) هاتوەو بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەڵبژێردراو بەپێی ئەو دەستوورە تا تەواوی (بەسروشتیکردنەوە"ئاسایی کردنەوە"، سەرژمێرو پاشان راپرسی لەکەرکووك و ناوچە دابڕاوەکانی تر بۆ دیاریکردنی ئیرادەی هاوڵاتیانی) بەئەنجام دەگات ئەویش لەماوەیەکدا کە دوا وادەکەی ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٧)ە.

لەگەڵ دیاریکردنی ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ وەك دوا وادە بۆ کۆتایی هات بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆسە سێ قۆناغیەکە (بەسروشتیکردنەوە و سەرژمێری دانیشتوان و راپرسی) بۆ دیاریکردنی داهاتووی کەرکووك. بەچەند واژەیەکی بەرجەستەکراو لەئێستادا سەرانی کورد خاوەنی میکانیزم (دەنگی میللی) و خشتەیەکی دەستووریی دیاریکراون بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

تەنیا تەقەلایەکی راستەقینەش بۆ رەواندنەوەی مەترسیەکانی عەرەبی سوننە دانانی مادەی(١٤٢) بوو لەدوا ساتەکاندا بۆ ئەوەی لەماوەی چوار مانگ لەدوای پێکهێنانی حکومەتی نوێ هەمواری دەستوو بکرێت. هەڵبەتە ئەو رێکارە کاتییە بۆ هەموارکردنی

دەستوور کارێکی ئاسان نییە وەك ئەوەی لەهێڵە گشتیەکانی ماددەی(١٢٦)دا هاتووە بەڵام دیسان ئەو ڕێکارەش دەکەوێتە بەر" ڤیتۆی کوردی"١.

هاوکات لەبەرامبەر پشتیوانی هەرد پارتە سەرەکیەکەی کورد و ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی و مەرجەعی ئاینی ئایەتوڵڵا "عەلی سیستانی" بۆ دەستوور تەنیا ڕێگە لەبەردەم عەرەبی سوننەدا بریتی بوو لە سوود وەرگرتن لە"ڤیتۆی کوردی" لەیاسای ئیدارەی کاتی بەندێك خرایە نێو یاسای ئیدارەی کاتی ئەویش بەپێداگری کورد کە بەپێی ئەو بەندەش ڕەشنووسی دەستوور پەسەند ناکرێت ئەگەر بێتوو دوو بۆ سێی دەنگدەرانی سێ پارێزگا یاخود زیاتر ڕەتیبکەنەوە.

هەرچەندە ڕەتکردنەوە لەرووی پراکتیکییەوە زامنکرابوو لەهەردو پارێزگای ئەنبار و سەلاحەدینی خاوەن زۆرینەی سوننە بەڵام دیسان بەهی کەمی داتای ئاماری ورد لەعێراقدا زۆر روون و ئاشکرا نەبوو کە ئاخۆ لەتوانای عەرەبی سوننەو گروپەکانی تردا هەیە لەوانەش بەرەی تورکمانی و بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووری دەنگی پێویست کۆبکەنەوە بۆ ئەوەی دوو بۆ سێی ٣ پارێزگا تێپەڕێنن٢. هاوکات ڕەتکردنەوەی دەستووریش بە (نا) لەهەریەك لە ئەنبارو سەلاحەدین و نەینەوا سەرکەوتنی بەدەستهێنت- بەڵام لە نەینەوا شکستی هێنا لەبەدەستهێنانی ڕێژی دوو لەسەر سێی.هاوکات لە زۆربەی پارێزگاکانی تری عێراق دەنگدەران بەزۆرینە رازیبوون بە ڕەشنووسی دەستوور٣.

---

١ – بڕیاربوو ئەو کۆمەڵە تەعدیلاتانە کە بۆ پەرلەمان پێشنیاز کرابوون لەسەر بنەمای زۆرینەی سادەی پەرلەمان و بەراپرسی گشتی بڕیاری لێبدرێت. هەروەها دەکرێت بەزۆرینەی دوو بۆ سێی دەنگدەرانی ٣پارێزگا یان زیاتر ڕەتبکرێتەوە.

٢ – جگە لەماددەی (١٤٠)یش، دژایەتی بەرەی تورکمانی بۆدەستوور لەوەدابوو کە ئیعترافی بەتورکمان نەدەکرد وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی(سێیەم) لەدوای عەرەب و کورد. هەروەها بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووریش دژی دەستوور بوو لەبەرئەوەی بەئەنقەست کلد لەئاشوورییەکان لەسەربنەمای ئیتنیکی جیاکرابوەوە و بەبۆچوونی بزوتنەوەکەش ئەوە لەبەر یەکهەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی مەسیحی بوو لەعێراق.

٣ – پارێزگای دیالە لەبارێکی هەڵاوێردکراودابوو چونکە دەستوور لەو پارێزگایەدا ڕەزامەندی زۆرینەیەکی سادەی بەدەستهێنا کاتێك ٥١٪ بۆ بەرژەوەندی دەستوورەکەو ٤٨٪یش لەدژی دەستوور دەنگیان دا.

ئەنجامی دەنگدانیش لەکەرکووك زیاتر لەهەرپارێزگایەکی تر نزیکتر بوو بەجۆرێك لەکۆی (٥٤٢) هەزار دەنگ بۆ بەشداریکردن لەو راپرسیەدا پتر لە (٣٤٠) هەزار (٦٣٪) بۆ بەرژەوەندی رەشنووسی دەستوور دەنگیان داو کەمتر لە (٢٠٠) هەزار دەنگدەریش (٣٧٪) لەدژی رەشنووسی دەستوورەکە بوون.

بەگشتی پتر لە (١٤٠) هەزار دەنگدەری تر بەشداری راپرسیەکەی تشرینی یەکەمیان کرد ئەو ژمارەیەش ئاماژە بوو بۆ زیادبوونی ئاستی بەشداریکردنی عەرەبی سوننە و فراوانبوونی بنکەی دەنگدان.

هاوکات ئەو ئەنجامانەش دەریانخست کە کورد تەنیا پێکهاتەیەکی ئیتنیکی نییە کە بۆ بەرژەوەندی رەشنووسی دەستوور دەنگیان داوە.

بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم و دواتریش هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم، لایەنی کوردی توانی(٢٦٠) هەزار دەنگ لەکاتی راپرسیەکەدا لەوناوچانەدا کۆبکاتەوە ئەوەش بەواتای نزیکەی(٨٠) هەزار دەنگ کە بە(بەڵێ) بوو بۆ دەستوور دەنگی کورد نەبووبەڵکو دەنگی شیعەی کەرکووك بوو(تورکمان و عەرەب پێکەوە).

لەسەر ئاستێکی فراوانتریشدا راپرسیەکە واتایەکی قووڵی هەبوولە تارێگەی دەستوورەوە قەبارەی دانیشتوان بەهەند وەربگیرێت و لەو سۆنگەیەشەوە خاوەنداریێتی کەرکووك بەدەنگدانێکی میللی و لەکاتی زانراودا دیاری بکرێت.

دەبوو ئەنجامی ئەو دیبەیتە حەتمی و بێ کۆتاییە لەبارەی ناسنامەی راستەقینەی شارەکە لەرێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەژمارەیەکی سادە یەکلایی ببێتەوە.

تەحەددی بەردەم هەردو پارتە کوردییەکەش خۆی لەگەڕانەوەی ئەو ژمارەیەی هاوڵاتیانی کورددا لەکاتێکی گونجاو بۆ پارێزگاکە دەبینییەوە کە هێندە بەس دەبێت بۆ بردنەوە بەزۆرینەیەکی سادە لەو راپرسیەی کە لەکانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧دا ئەنجام دەدرا.

لەرووی دانیشتوانەوە پێویست بوو کوردانی راگوازراو بۆ کەرکووك و عەرەبە هاوردەکانیش بۆ پارێزگا ئەسڵییەکانی خۆیان بگەڕێنرێنەوە.

لەڕووی جوگرافیایشەوە پێویستی دەکرد کەرکووك بۆ سنووری ئیدارەی ئەو دەمە بگەڕێنرێتەوە کە دەستی بەعسی پێڕانەگەیشتبوو، ئەویش بەگەڕانەوەو خستنە تەکی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردنشین بوون.

لەرووی لۆجستیشەوە ئەو ئەرکانە تەواو ئاڵۆزبوون کە دەبوو بەزوویی جێبەجێ بکرێن لەبەرامبەر ئەو دژایەتیە توندەی کە لەلایەن کوتلە سیاسیەکانی ترەوە دەکران.

هەرچی پابەندبوونی راگەیەنراوی کوردیش بوو ئاسایکردنەوەی رەوشی کەرکووك بوو لەرێگەی ئامرازە نیزامی و یاساییەکانەوە کە گێرۆدەی پرۆسەی دەستی دەستی پێکردن و دواخستنی بەئەنقەست ببوو، کە ئەوەش بەروونی بەدیدەکرا.

بۆنموونە کارەکانی دەستەی بالاّ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی مولّکدارێتی زەوی و زار کە کیسەڵ ئاسا بەڕێوەدەچوو هیچ ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو.

بەهاتی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ دەستەکە زیاتر لە ١٠ هەزار سکالاّی بەدەست گەیشت بەڵام تەنیا ٢٥ کەیسیان بینران١.

لەدوای نزیکەی ساڵێکیش دەستەکە نزیکەی(٢٥٠٠) کەیسی لەکۆی (٣٥) هەزار کەیسی پێشکەشکراو چارەسەرکرد کە زۆربەی لەلایەن کوردەوە خرابوونە بەردەمی.

تا ئەو دەمەش حکومەتی عێراق هیچ سەرچاوەیەکی دارایی بۆ قەرەبووکردنەوەی کوردە گەڕاوەکان و ئەو عەرەبانەی کەرکووکیان بەجێهێشتبوو دەستەبەر نەکردبوو کە بەدیدی کوردیش حکومەتی جەفەری بەئەنقەست هەوڵی پەکخستنی ئاسایی کردنەوە دەدات، هەربۆیە هەردو پارتە کوردییەکە لەدەرەوەی ئەو چوارچێوە کە یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت دایناوبوو کاریان بۆ گۆڕینی دیموگرافیای کەرکووك دەکرد.

سەرانی سیاسی تورکمان و عەرەبیش پارتە کوردیەکانیان تۆمەتبار دەکرد بەوەی کورد لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ کەرکووك دەگوازنەوە تا تیایدا نیشتەجێیان بکەن. بگرە کوردانی ناعێراقی دەهێننە شارەکەوەو لەبەرامبەریشدا پارتە کوردییەکان ئەو تۆمەتانەیان رەتدەکردەوە.

بەڵام بەهاتنی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥ ئاشکرابوو، کە کورد لەگەڵ پرۆسەکەدا ئارامی لەبەر بڕاوەو بەئاشکرا لەلایەن خۆیانەوە دەست بەکاربوون و پرۆژەکەش لەلایەن (ی.ن.ك) ەوە لەسەرئاستێکی بەرز لەرێکخستن دەستپێکرد.

رۆژنامەی واشنتۆن پۆست بلاّویکردەوە کە (ی.ن.ك) ئەندازیاری بەگەڕخستووە بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی کۆکرێتی لەباکووری کەرکووك و بەشێوەیەکی قیستیش (٥) هەزار دۆلاری بۆ هەر خێزانێکی کوردی گەڕاوە تەرخان کردووە.

رزگار عەلی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك کە سەر بە (ی.ن.ك) ە رایگەیاند" ئامانج لەو دەستپێشخەرییە ئەوەیە کە ئایا دانیشم و دەست بۆ حکومەتی فیدراڵی

---

1 - Wong, E . 2005."Kurds' Return to City Shakes Politics in Iraq. " New York Times, 14 March:A01.

پانبکەمەوە یاخود ئەو برە پارەیە خەرج بکەم..... چاوەڕوانی جەعفەری ناکەم تا ئیمزا لەسەر پارچە کاغەزێك بکات ئەو رۆژگارە بەسەر چوو حکومەتی ناوەندی حوکمڕان بێت١.

بەپێی خەملاندنی سوپای ئەمریکا ژمارەی ئەو کوردانەی بۆ کەرکووك گەڕاونەتەوە لەماوەی ساڵی ٢٠٠٥دا بە دەیان هەزار کەس دەبن و تێکڕای ژمارەشیان لەوەتەی رژێمی سەدامی رووخاوەو گەڕاونەتەوە لەنێوان(٨٥- ٣٥٠) هەزار هاوڵاتی کورد دەبن٢.

سەرانی سیاسی عەرەب و تورکمانیش بەبەردەوامی ژمارەی کوردە گەڕاوەکان بە (٣٠٠-٤٠٠) هەزار کورد هەژمار دەکەن، بێگومان ئاستەمیشە تەئکید لەو ژمارە خەملێنراوە بکرێتەوە کە پاڵنەری سیاسییان لەپشتەوەیە. بەڵام بەڵگەی تەواو ورد لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکووك ئەو ئەنجامانە بوون کە پارتە جۆراوجۆرەکان لەهەڵبژاردنی یەکەم و دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا بەدەستیان هێنا بەتایبەتیش هەڵبژاردنی نیشتمانی کە لە ١٥ی کانوونی یەکەم ئەنجامدراو تیایدا پارتەکان بەنوێنەرایەتی سەرجەم پێکهاتەکان چالاکانە بەشدارییان کرد، کە ئەوەش بۆخۆی وردترین پێودانگە لەنێوان هەردو دەنگدانەکەدا.

---

1 - Fainaru, S. 2005. " Kurds Reclaiming Prized Territory in Northern Iraq , Repatriation by Political Parties Alters Demographics and Sparks Violence . " The Washington Post ,30 October A01.

2 - Wong ,E . 2005 " Kurds Are Flocking to Kirkuk , Laying Claim to Land and Oil ." The New York Times , 29 December :A12.

فەسڵی سێیەم

ئاوەڕدانەوە لەدەستکەتەکانی کورد

هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم/ ٢٠٠٥

هەڵبژاردنە گشتییە فیدراڵییەکان کە لە کانوونی یەکەمدا بەڕێوەچوو لانی کەم لەسێ ڕووەوە لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم جیاوازتر بوو.

یەکـەم، نزیکـەی (١٣٠٠) چـاودێری نێودەوڵـەتی سەرپەرپشـتی هەڵبـژاردنی کـانوونی یەکەمیان لەناوخۆی وڵاتدا دەکرد، لەکاتێکدا لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمدا چـاودێرانی نێودەوڵەتی بەناچاری لەئوردونەوە سەرپەرشتیان دەکرد.

ئامادەبوونی چاودێران بەواتای بەدواداچوون بۆ هەرپێشـێلکاریەکی هەڵبـژاردن و بڕیـاردان لەسە ئەو پێشـێلکاریانە بەشـێوەیەکی خێـراو بـاوەڕپێکراو. لەبـەر ئـەوە بەگشـتی ئـەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم خاوێن و زیاتر متمانە پێکراو بوو بەبەراورد بەهەڵبژاردنـەکانی کانوونی دووەم.

دووەم، لانی کەم بەشداریکردنی چالاکانەی دوو گەورە کوتلە لەنوێنەرانی عەرەبی سـوننە (بەرەی تەوافوقی عێراقـی و بـەرەی دیـالۆگی نیشـتمانی) سـەلماندی کـە سـەرجەم پێکهاتـە

سەرەکیەکانی گەلی عێراق بۆجاری یەکەم لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم لەنێوان خۆیاندا لە کێبڕکێدابوون.

سێیەم، سیستمی هەڵبژاردن لەگەڵ ئەوەی بەشێوەی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بوو بەڵام لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا لەپێناو ئەوەی ئەنجامەکان کاریگەری کەمتری لەسەر بەشداریکردنەکان هەبێت سیتمەکە راستکرایەوە و لەبری ئەوەی وڵات ببێتە تەنیا یەك بازنەی هەڵبژاردن ئەوا بەپێی سیستمە نوێکە هەرپارێزگایەك لەهەر ١٨ پارێزگاکەی عێراق کرایە بازنەیەکی هەڵبژاردنی سەربەخۆو هەرپارێزگایەکیش لەئەنجوومەنی نوێنەریەتیدا پشکی لەکورسی بۆ تەرخانکرا.

ئەویش لەسەر بناغەی ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو لەو پارێزگایەدا١. بەواتای هەرپارێزگایەك ژمارەیەکی دیاریکراو لەنوێنەران هەڵدەبژێرن ئەویش بەدەر لە ڕێژەی بەشداربووان لە دەنگدەرانی ناوخۆی پارێزگاکەدا٢.

هەروەها لەهەرپارێزگایەکیشدا کورسیەکان بەپێی پشکی هەر قەوارەیەکی سیاسی لەدەنگی دەنگدەران دابەشکران و بەپشت بەستنیش بە ژمارەی دەنگدە تۆمارکراوەکانی کەرکووك کە لەرۆژی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا (٥٧٦) هەزار دەنگدەر بوون، (٩) کورسی درایە ئەو پارێزگایە.

دیسان جگە لە بەشداریکردنی هەردو گەورە کوتلەکەی عەرەبە سوننەکان کوتلە سەرەکیەکانی دیکەش کە نوێنەرایەتی ئەو هێزانەیان دەکرد لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی

١- ٢٣٠ کورسی لەکۆی کورسییەکانی پەرلەمان(٢٧٥) کورسی بەم جۆرە دابەشکران. دواتر کورسییە "قەرەبوویی" و " نیشتمانی" بەسەر ئەو پارتانەدا دابەشکران کە لەسەر ئاستی نیشتمانی سنوورێکی دیاریکراویان تێپەڕاند، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاکاندا کورسییان بەدەست نەهێنا.پاشان بەسەر پارتەکانی تردا دابەش کران بەشت بەستن بە فۆرمی موحاسەسەی نیشتمانی.

٢- لەبنەڕەتدا ئامانج لە و هەموارکردنە زامنکردنی ئاستێکی دیاریکراوبوو لەنوێنەرایەتیکردنی عەرەبی سوننە لە ئەنجوومەنەکەدا. بۆنموونە پارێزگای ئەنبار ٩ کورسی پێدراو بەو شێوەیەش ٩ نوێنەر هەڵبژێردران جا ڕێژەی دەنگدەران ١٪یان لە ١٠٠٪ بێت.

دووەمدا بەشداربوون لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمیشدا بەشدارییان کرد[١]. لەچوارچێوەی ململانێش لەسەر کەرکووك ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم لەبەردوو هۆ گرنگ بوون:

یەکەم، لەبەر ئەوەی قەبارەی نوێنەرایەتیکردنی کورد لەپەرلەمان و حکومەت و تواناکانی کورد لەبەکارهێنانی گوشار بۆ پاڵنان بەکوتلەکانی ترەوە دیاری دەکات تا هەنگاو بنێن بەرەو جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠).

دووەم، بەشداریکردنی سەرجەم پێکهاتەئیتنیکییە سەرەکیەکان و ئارەزووی ئاشکرای عێراقییەکانیش بۆ دەنگدان لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنیکی تایەفی ئەوەی سەلماند کە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان تائێستا وێنەیەکی وردتر لەبارەی قەبارەی ژمارەو رێژەی پێکهاتە ئیتنیکیە جیاجیاکانی سەرتاسەری عێراق و هەرپارێزگایەکیش دەبەخشێت، هەربۆیە هەڵبژاردنەکان لەخۆیدا ئامارێکی نزیکەیی و ئامادە بوو کە دەکرێت لەرێگەیەوە پێکهاتەی ئیتنیکی کەرکووك بۆ جاری یەکەم لەدوای ساڵی (١٩٥٧)ەوە ئاشکرا بکات.

ئەنجامی هەڵبژاردنەکان

ئەم خشتەیەی لای خوارە ئاماژەیە بۆ دابەشکردنی دەنگەکان لەکەرکووك بەسەر کوتلە سەرەکیەکاندا کە لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا لەکێبڕکێدابوون.

جا بەمەرامی بەراوردکاری، خشتەکە دەنگی ئەو کوتلانە دەردەخات کە لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمدا بەدەستیانهێناوە.

١- ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بەرەسمی لە هەریەك لە رەوتی سەدرو حزبی فەزیلەی لەخۆگرتبوو بەڵام کۆنگرەی نیشتمانی عێراقی بەسەرۆکایەتی ئەحمەد چەلەبی لەدەستدا، لەکاتێکدا ئەو گۆڕانکاریەی بەسەر لیستی کوردیدا هات چونە دەرەوەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی بوو.

خشتەی ۹- ۱

ئەنجامی هەڵبژاردنی نیشتمانیی کانوونی یەکەم و دووەمی ۲۰۰۵ی کەرکووک

ژمارەی کورسییەکان لەئەنجومەندا- هەڵبژاردنی کانوونی	جیاوازی دەنگەکان (%)	ڕێژەی سەدی لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم	ڕێژەی سەدی لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم	ڕێژەی سەدی لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم	دەنگەکان بەهەزاران لەهەڵبژاردنی کانوونی یەکەم	دەنگەکان بەهەزاران لەهەڵبژاردنی کانوونی دووەم	پارت
۵	۵.۷-	۵۳.٤	۵۷.۱	۵۷,۸+	۳۱۲.۸	۲۳۷	هاوپەیمانی کوردستانی
۱	۱٤+	۱٤	-	۸۲.۱+	۸۲.۱	- -	بەرەی دیالۆگی نیشتمانی
۱	۵۰۷-	۱۰.۹	۱۸.٤	۱.۹-	٦۳.۷	٦۵.٦	بەرەی تورکمانیی عێراقی
۱	۵.۹+	۵.۹	- -	۳٤.۷+	۳٤.۷	- -	بەرەی تەوافوقی
۱	۱.۲+	۲.۹	۱.۷	۲۱.۲+	۲۷	٦.۸	ئاشتەوایی رزگاریخواز
سفر	- ۱.۵	۳.٤	٤.۹	- ۰.۱	۱۹.۷	۱۹.۸	ئیئتلافی نیشتمانیی عێراقی
سفر	- ۳.٤	۲.۲	۵.٦	- ۹.۳	۱۳.۱	۲۲.٤	لیستی نیشتمانی عێراقییە
سفر	- ۳.٤	۲.۲	۵.٦	- ۹.۳	۱۳.۱	۲۲.٤	لیستی نیشتمانیی رافیدێن
- -	- ۵.٤	٦.۸	۱۱.۳	- ٤.۱	٤۰.٦	٤٤.۷	ئەوانیتر
۹	-	-	__	__	۵۹۵.٤	۳۹۷.۲	کۆ

زانیارییەکانی نێو خشتەی ٩- ١ وێنەیەکی روون لەسەر ئەو کاریگەرییە دراماتیکییە پێشکەشدەکات کە بەشداریکردنی عەرەبی سوننە لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا هەیبووە بەجۆرێك لەو دەنگدانەدا بەبەراورد بە کانوونی دووەم نزیکەی(٢٠٠) هەزار دەنگدەر زیادیکردوەو زۆربەی ئەو دەنگانەش چوونەتە پاڵ یەکێك لەوسێ کوتلە سوننییە.

هاوکات پشکی دەنگەکانی هاوپەیمانی کوردستانیش (٧٥) هەزار دەنگی تر زیادیکردوە و بەپێچەوانەی ئەوەش ژمارەی دەنگەکانی هەریەك لە ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بەرەی تورکمانی و لیستی نیشتمانیی عێراقی لەنێوان هەردو هەڵبژاردنی یەکەم و دووەمدا کەمیکردووە، لەگەڵ ئەوەی لەماوەی ئەو دەنگدانەدا تێکرای ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو نزیکەی(١١٥) هەزار دەنگدەری تر لە کەرکووك زیادی کردووە١.

ئەوەی زیاتر جێگەی سەرنجە کاریگەری بەشداریکردنی عەرەبی سوننەیە لەدابەشکردنی پشکی پارتەکانی تر لەدەنگەکان.

بۆنموونە پشکی لیستی کوردی بەنزیکەی (٦) خاڵی سەدی لەرێژەی ٥٩٪ لەکانوونی دووەم بۆ ٥٣٪ لەکانوونی یەکەم پاشەکشەی کردووە، سەرباری ئەوەی زیاتر لە (٧٥)هەزار دەنگی تری لەهەڵبژاردنی کانوونی یەکەمدا بۆ خۆی مسۆگەر کردووە.

دیارە رێژەی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا گەیشتە (٨٦٪) و بەگشتیش دەنگدەران لەسەر بناغەی ناسنامەی ئیتنیکی دەنگیان بەلایەنی هەڵبژێردراو دا.

هەڵبەت ئەنجامەکان بەلای تورکمانی کەرکوکەوە مایەی رەزامەندی نەبوو هەرچەندە بەرەی تورکمانی بەرەی تورکمانی ناسنامەی ئیتنیکی خۆی راگەیاندبوو بەڵام بەوەشەوە کەمتر لە ١١٪ی دەنگەکانی بۆخۆی دەستەبەر کرد.

لەو هەڵبژاردنەدا حزبی سەرەکی تورکمانی شیعە (یەکێتی ئیسلامیی تورکمانی عێراقی) چوە پاڵ لیستی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بەڵام خودی ئەو ئیئتلافەش لەکەرکووکدا (١٩٧٠٠) دەنگی بەدەستهێنا، واتە نزیکەی(٣.٤٪) لەتێکرای دەنگەکان.هەرچی کوردیشە

١ – لەماوەی نێوان هەڵبژاردنی کانوونی دووەم و یەکەمدا ژمارەی دەنگدەرانی تۆمارکراو لەکەرکوك لە ٥٧٦هەزارەوە بۆ ٦٩١هەزار بەرزبوەوە.

ئەنجامەكان ئاماژەیەكی پۆزەتیڤ بوون و دەریاندەخست كە گەورەترین پێكهاتەی ئیتنیكییە لەپارێزگای كەركووكدا ئەویش بەجیاوازیەكی زۆر بەبەراورد بە پێكهاتەكانی تر.

لەگەڵ ئەوەی هێزی ئەو ژمارەیە بەسە بۆ ئەوەی زۆرینەی دانیشتوان پێكبهێنن بەڵام ئەو پرسە لەبەردەم ئەو راپرسییەدا كە بڕیارە لەسەر ئایندەی كەركووك سازبكرێت بەكراوەیی دەهێڵرێتەوە. بەهەرحاڵ بەهاتنی كانوونی دووەمی (٢٠٠٥) كورد رێژەیەكی گەورە لەدانیشتوانی كەركووك یان زۆرینەیەكی رەها بەپەراوێزێكی سادە پێكدەهێنێت[١].

لەسەرئاستی فیدراڵی(نیشتمانی) بەشداریكردنی هەردو گەورە كوتلەكەی عەرەبی سوننە بەشێوەیەكی گشتی كاریگەرییەكی بەرچاویان هەبوو لەدابەشكردنی كورسیەكانی پەرلەمان و تەرازووی هێزە سیاسیەكان.

بەپێی خشتەی(٩- ٢) هەردو كوتلەنوێیەكەی عەرەبی سوننە لەنێوان خۆیاندا كەمێك كەمتر لە٢٠٪ی دەنگەكانیان بەدەستهێناو ئەو رێژەیەش بەس بوو بۆ ئەوەی بەرەی تەوافوقی عێراقی (٤٤)كورسی و بەرەی دیالۆگی نیشتمانیش (١١) كورسی بۆخۆیان دابین بكەن.

ئەنجامی ئەوەش پشكی ئیئتلافی یەكگرتووی نیشتمانی بەرێژەی لە ٧٪ دابەزینی بەخۆوە بینی سەرباری زیادبوونی پشكی لە دەنگەكان كە بەنزیكەیی (٢) ملیۆن دەنگی تری بۆخۆی كۆكردەوە، بەڵام لەگەڵ دابەزینی رێژەی سەدی وایكرد (٢٠) كورسی پەرلەمان لەدەست بدات و بەوەش زۆرینەی نێو پەرلەمانی لەكیس بچێت و نەتوانێت كۆرنترۆڵی پەرلەمان بكات.

هاوكات بەپێی ژمارەی كورسی و رێژەی دەنگەكان هاوپەیمانی كوردستانیش زیانی بەركەوت ئەویش بەهۆی بەشداریكردنی فراوانی عەرەبی سوننە و ئەدای یەكگرتووی ئیسلامی

١- سەرباری بەرزی رێژەی بەشداربووان لەهەڵبژاردنەكانی كەركوك بەڵام نزیكەی ١٤٪ی دەنگدەرانی تۆماركراو زیاتر لە (٩٠) هەزار كەس دەنگیان نەدا. هاوكات پارێزگا كوردییەكان لەسەر ئاستی وڵات بەرزترین رێژەی بەشداریكردنیان لەهەڵبژاردنەكاندا تۆمار كرد. بۆیە بەدوور دەزانرێت ئەو توێژەی دەنگدەرە تۆماركراوەكان كە بەشداری دەنگدانیان نەكرد رێژەیەكی بەرزی كوردی لەخۆگرتبێت. ئەگەر وامان دانا لەنێو ئەو (٩٠) هەزار كەسەدا كوردی تێدا نەبێت ئەوا لە ٥٣٪ی دەنگدەران كەدەنگیان بۆ بەرژەوەندی هاوپەیمانی كوردستانی داوە نزیكەی زیاتر لە ٤٥٪ لەكۆی ژمارەی دەنگدەرانی تۆماركراوی كەركوك پێكدەهێنن.

کوردستان کە سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکانی کردو توانی (١٥٠) هەزار دەنگ و (٥) کورسی بۆخۆی مسۆگەر بکات١.

دیسان ئەو هەڵبژاردنە ئەدایەکی نائومێدانەی بۆ بەرەی تورکمانی تۆمارکرد ئەویش بەو پێیەی تەنیا پارت بوو کە لەژێر ئالآی ئیتنیکیدا بەشداری هەڵبژاردنی کردو لەسەرتاسەری عێراقیشدا کەمتر لە (٩٠) هەزار دەنگی بۆخۆی بەدەستهێنا کە زۆربەی دەنگەکانیش لەکەرکووك و کەمتر لە ٠.٠٢٪ ی ئەو دەنگانەش لەهەولێرو لە **٣٣**٪ یشی لەدیالە بوون.

بەوشێوەیە لەرووی پراکتیکیەوە دەرکەوت بەرەی تورکمانی لەدەرەوەی سنوورەکانی کەرکووك ئەو هێزە سیاسییە باوەڕپێکراوە نییە.

ئەوەبوو لەپارێزگای نەینەوا بەرەی تورکمانی لەگەڵ بەرەی تەوافوقی عێراقی هاوپەیمانی بەست بەڵام هیچ کاندیدێکی پێشنیاز نەکرد.

بەو شێوەیە لەکاتێکدا ژمارەیەك پاڵێوراوی بەنەژاد تورکمانی لەلایەن کوتلەکانی ترەوە بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵبژێردران و بەرەی تورکمانیش بۆخۆی تەنیا یەك کورسی لەپەرلەمانی عێراقدا بەدەستهێنا.

١- ئەوە هۆکارێك بوو بۆ دابەزینی ژمارەی کورسییەکانی لایەنی کوردی لەگەڵ دوورکەوتنەوەی زیاتر لە نوێنەرایەتی ڕێژەیی لەو سیستمەی کە لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا جێبەجێ کرا. ئەنجامی بەرزبوونەوەی ڕێژەی دەنگدەران و تەرخانکردنی کورسی پارێزگاکان لەسەر بنەمای خەملاندنی ژمارەی دانیشتوان لەبری ڕێژەی بەشداربووان لەدەنگداندا بۆ کورد قازانجێکی ئەوتۆی نەبوو. گەورەترین لایەنی براوە ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی(٤٧.٧٪کورسی بەدەستهێنا واتە بەرێژەی ٤١.٢٪ دەنگەکان) و گەورە حزبە عەرەبیە سوننییەکان بوون.

خشتەی ٩- ٢

ئەنجامی هەڵبژاردنی فیدراڵی لەکانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥دا

پارت	ژمارەی کورسی	رێژەی سەدی ٪	ژمارەی دەنگەکان بەهەزاران	رێژەی سەدی دەنگەکان
ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی	١٢٨	٤٦.٥	٥٠٥١.١	٤١.٢
هاوپەیمانیی کوردستانی	٥٣	١٩.٣	٢٦٤٢.٢	٢١.٧
بەرەی تەوافوقی عێراقی	٤٤	١٦	١٨٤٠.١	١٥.١
لیستی نیشتمانیی عێراقی	٢٥	٩.١١	٩٧٧.٣	٨
بەرەی دیالۆگی نیشتمانی	١١	٤	٥٠٠	٤.١
یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان	٥	١.٨	١٥٧.٧	١.٣
ئاشتەوایی رزگاریخواز	٣	١.١	١٢٩.٨	١.١
پەیامخوازان	٢	٠.٧	١٤٥	١.٢
بەرەی تورکمانی	١	٠.٤	٨٨	٠.٧
لیستی رافیدێن	١	٠.٤	٤٧.٣	٠.٤
لیستی ئەمەی عێراقی(میسال ئالوسی)	١	٠.٤	٣٢.٢	٠.٣
بزوتنەوەی یەزیدی لەپێناو پێشکەوتن و چاکسازیدا	١	٠.٤	٢١.٩	٠.٢

سەرچاوە: htt:middleeastreference.org.uk/Iraq.0512results.html

لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمدا، تورکمان ئۆباڵی ئەدای خربی بەرەی تورکمانی خستە ئەستۆی کورد بەوەی کە ساختەکاری فراوانیان کردووە بەڵام هەڵبژاردنـەکانی کـانوونی یەکـەم بەسەرپەرشتی چاودێرانی نێودەوڵەتی و رێکخراوە ناحکومیەکان بەڕێوەچوو، ئەمـە جگـە لـە بەشداریکردنی(٤٠٠) چاودێری باوەڕپێکراوی عێراقی.

لەکۆی (١٩٨٥) سکاڵا کە گەیشتبوونە دەست کۆمسـیۆنی سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان، کۆمسیۆن بڕیاریدا کە(٥٨) لەو سکاڵایانە سکاڵای جددین(سکاڵای سوور) ن١، کە لە(٨٪)ی ئەو سکاڵایانەش لەکەرکووك بوون بـەڵام کۆمسـیۆنی سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان دانـی نـەنا بەدروستی هیچ کام لەوسکاڵایانە.

جگە لـەوەش سیسـتمی وردبـینی پـێش و پـاش هەڵبژاردنـەکان تـەنیا (٧) پێشـێلکاری ئاشـکراکرد کـە لەویسـتگەکانی دەنگـدانی کـەرکووك کـە ژمارەیـان ١٤٨٨ویسـتگە بـوو روویاندابوو٢.

دیارە هەڵبژاردنەکان لەکەرکووك دوور نەبوون لەمشتومڕ ئەوەبوو چوار رۆژ بەر لەدەنگـدان کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان راپـۆرتێکی بڵاوکـردەوەو ئامـاژەی بـەوەکرد کـە لـەو هەڵکشانەچاوەڕوان نەکراوە دەڕوانێت کە لەتۆمارکردنی دەنگدەرانی پارێزگاکەدا روودەدەن٣.

لەرۆژانی دەنگدانیشدا بەرەی تورکمانی بەگومانەوە باسی لەو پێشێلکاریانەی کورد کرد کە بەئاشـکرا دەیکـەن و ئـەوەش خـۆی لەهاتووچـۆی ئۆتۆمبیلەکانـدا دەبینێتـەوە لەکاتێکـدا هاتوچۆکردن لەکاتی هەڵبژاردنەکان لەسەرتاسەری عێراقدا قەدەغەکرابوو.

لەچیرۆکێکی باوەڕپێ نەکراویشدا وتەبێژی بەرەی تورکمانی رایگەیاند: کـە سـەدان هـەزار کورد بەشـێوەیەکی نایاسـایی لەهـەرێمی کوردسـتانەوە روویـان لەکـەرکووك کـردوە لـەپێناو

---

١ – سکاڵای(سوور) ئەو سکاڵایانە بوون کە دەکرا کاریگەربن لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان .

2 --Fischer, J.2006. "Council of representative Election Report Iraq: December 15,2005 , Final Report." Center for Transitional and Post- Conflict Governance,20 February.

٣ – لەراستیدا ئەو مشتومڕی لەسەر پرۆسەی تۆمارکردن بۆ بەشـداریکردن لەراپرسـی لەسـەر دەسـتوور هاتـە ئـاراوە. بەگشـتی ٨١هەزار دەنگدەر تۆمار کـران کـە زۆربـەیان کـورد بـوون و دواتـریش کۆمسـیۆنی بـاڵای سـەربەخۆی هەڵبژاردنـەکان هەڕەشـەی رەتکردنەوەی دەنگی ئەو ٨١ هەزار کەسەی کرد کە بەشداری هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمیان کردبوو. بەڵام دواجار لەژێر فشاری کورددا کۆمسیۆن پاشگەز بوەوە.

دەنگداندا١. بەڵام بەگشتی هەڵبژاردنەکان بەخاوێنترین هەڵبژاردن دەژمێردرێن بۆ بارودۆخێکی وەك ئەو دەمەی عێراق.

هاوکات بەرپرسێکی هەڵبژاردنی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند: کە هەڵبژاردنەکان بەپێی نۆرمە نێودەوڵەتیەکان بەرێوەچوەو وتیشی " مرۆڤ ئەوەی لەسەرە کە بێژێت هەڵبژاردنەکان شەفاف و باوەڕپێکراو و باش بووە"٢.

بەزمانێکی حسابی پەتیش هاوپەیمانی کوردستانی کە شتێك لەهێزی سیاسی لەدەست دا بەڵام هەڵوێستی راوێژکارانەی لەبەرامبەر کوتلەکانی تر لەهەندێك رووەوە بەهێزو تۆکمە بوو.

لەگەڵ ئەوەی ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی بەجیاوازیەکی گەورە مەزنترین کوتلەی سیاسی نێو پەرلەمان بوو بەڵام هەرزوو دووچاری دابەشبوونی ناوخۆیی هات و لەسەر پۆستی سەرۆك وەزیر دەستی بە دانوستان کرد.

لەوسەروبەندەدا جگە لەیەکگرتووی ئیسلامی کوردستان لایەنی کوردی بەردەوام بوون لەسەر هەڵوێستی یەکگرتوویان لەکاتی دانوستانەکان لەسەر پێکهێنانی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی.

هەرچەندە لەرووی هەژمارکردنەوە دەشیا زامنی زۆرینەی ٣/٢ی پێویست بکرێت لەپێکهێنانی حکومەتی نوێ بێ پشتیوانیکردنی کورد بەڵام دوورخستنەوەی کورد لەحکومەتی یەکێتی نیشتمانی لەرووی سیاسییەوە کارێکی مەحاڵ بوو.

لەبەرئەو سەرکردایەتی کورد لەتوانایدا بوو رۆڵێکی دروستکەر بگێرێت وەك (نێوەندکار) ی نێوان کوتلە جیاجیاکان و بەوەش پابەندبوونی خۆی لەسەر پرسی یەکێتیی عێراقی پیشاندا.

لەنێو ئەو (هێڵە سوورانە) ی یەکەم، کە کورد نەخشاندی دوورخستنەوەی بەرەی تەوافوقی عێراقی یاخود لیستی عێراقییە بوو بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی لەحکومەتی یەکێتیی نیشتمانیدا٣.بەڵام خەمی سەرەکی سەرکردایەتی کوردی بەدەستهێنانی گەرەنتی بوو لەبارەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەلایەن هەرحکومەتێکی داهاتوو.

---

1 - Turkish Daily News (Internet Version –www).2005. (Turkmens complain Kurds cheated in elections in Kirkuk."17 December." (WNC).

2 –CNN.com 2005. "Iraqi Protests Continue in Kirkuk ."29 December (LN).

٣– بەشداریکردنی لیستی عێراقییە لە حکومەتی یەکێتی نیشتمانی لەهەندێك ناوەندا دژایەتی دەکرا بەتایبەت لەلایەن موقتەدا سەدرەوە چونکە سەرۆك وەزیری ئەو دەم ئەیاد عەلاوی پشتیوانی لەهەوڵەکانی ئەمریکا دەکرد بۆ لەناوبردنی سوپای مەهدی لەساڵی ٢٠٠٤دا.

هەروەك تاڵەبانی رایگەیاند: هاوپەیمانی کوردستانی هیچ داواکارییەکی نییە جگـە لـەوە نـەبێت کە هەمووان پێویستە بزانین لەبارەی پێویستیی جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠ی دەسـتوور١. ئـەو داواکاریە کوردی خستە سەر رێگەی بەریەککەوتنی راستەوخۆ لەگەڵ هـەردو کوتلـە سـەرەکیەکەی عەرەبی سوننەوهەروەها کوتلەکانی دیکەی نێو ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقیش.

لەبەراییدا ئەو ململانێیە لەشێوەی شەڕێکی ئـاڵۆزو درێـژکراوە بـوو لەسـەر رێککـەوتنی کاندیدی سەرۆك وەزیران و لەبەر نەبوونی تەوافوقیش لەسەر ناوەکە هەڵبژاردنە ناوخۆییـەکانی ١٢ی شـوباتی ٢٠٠٦ بردنـەوەی ئیـبراهیم جەعفـەری سـەر بـەحزبی دەعـوەی لێکەوتـەوە لەبەرامبەر عادل عەبدولمەهدی پاڵێوراوی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسـلامی لـەعێراق(ئـەو کات) کە(٦٤)دەنگ بۆ جەعفەری و (٦٣)دەنگیش بۆ عەبدولمەهدی بوو٢.

زۆربەی دەنگەکانیش کە بۆجەعفەری دران لەرەوتی سەدرییەوە بوون، ئەوەبوو بەماوەیەکی کەمیش لەدوای دەنگدان دەنگۆی ئەوەهەبوو کە موقتەدا سەدر هەڕەشـەی پاشەکشـەپێکردنی لایەنگرانی لەئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی کردووە، ئەگەر بێتوو (عادل عەبدولمەهدی) لـەبری جەعفەری بژاردە بکرێت٣.

بڕیارەکەی سەدر بۆ پشتیوانیکردن لە جەعفەری لەو سـۆنگەیەوە سەرچـاوەی گرتبـوو کـە دوژمنـایەتیەکی دێرین هەبوو لەنێوان ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشـی ئیسـلامی و رەوتـی سـەدر، ئەمە جگـە لـەوەی سـەدریەکان لـەرووی سیاسـییەوە جەعفـەری لەسـەر زۆر پرسـی گـرنگ لەسەدرییەکانەوە نزیکتر بوو.

---

1 -Garwood, P. "Iraqi Kurds Flex Muscles over Kirkuk in Talks on New Government." The Associated Press , 15 February.

٢- دووکاندیدەکەی تر بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران هەریەك لە (نەدیم جابری) لەحزبی فەزیلـە و(حسـێن شەهرسـتانی) کەسـایەتی سەربەخۆ بوو کە بەر لە پرۆسەی دەنگدان پاشەکشەیان کرد.

٣-پێدەچێت ئەو هەڕەشەیە کاریگەری لەسەر هەندێك لە سەربەخۆکان هەبووبێت بەئاراسـتەی دەنگـدان بـۆ بەرژەوەنـدی جەعفـەری چونکە ئەویان پێ باشتربوو لەو پشێوییەی کە رەنگە لەگەڵ کشانەوەی سەدریەکان بێتە ئاراوە... بڕوانە Worth , R. F., and S. Tavernise . 2oo6. " Radical Cleric Rising as Kingmaker in Iraqi Politics ." The New York Times,16 February: A18.

بەرلەوەی پرۆسەی دەنگدانیش بەڕێوەبچێت موقتەدا سەدر بەرنامەیەکی (١٤) خاڵی پێشکەش بە جەعفەری کرد کە لەنێویدا خشتیەکی کاتی لەخۆگرتبوو سەبارەت بە پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا ودواخستنی دامەزراندنی هەرێمە فیدراڵییە خاوەن ئۆتۆنۆمیەکان، ئەمە جگە لە وەرگرتنی هەڵوێستێکی توند لەبەرامبەر خواستی کورد لەبارەی کەرکووکەوە.

بەوتەی نوێنەری سەدرییەکان (بەها ئەلئەعرەجی) ڕەوتەکەیان پێیوابوو کە جەعفەری نزیکە لەجێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەوە١.

هاوکات هەریەك لەتەوافوقی عێراقی و لیستی عێراقییە لەدژی کاندیدکردنی جەعفەری راوەستان ئەویش لەبەرچەند هۆیەکی جیاواز، هەرچی کوردیشە هێرشیان کردە سەر جەعفەری لەبەرئەوەی وەك ئەوان دەڵێن هەوڵی جددی نەداوە لەجێبەجێکردنی ماددەی(٥٨)ییاسای ئیدارەی کاتیدا٢.

بەوتەی سیاسەتمەدارێکی کورد کە پێشتر ئەندامی ئەنجوومەنی حوکمڕانی بوو، جەعفەری لەساڵی رابردووەوە سەرۆك وەزیری لەدەستدایەو کوردیش هەمیشە کێشەی لەگەڵداهەیە... ئەویش بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ماددەی (٥٨)٣.

کاتێکیش جەعفەری لەکۆتایی شوباتدا بێ ئاگادارکردنەوەی تاڵەبانی سەردانێکی لەناکاوی بۆ تورکیا ئەنجامدا بۆ دیداری ڕەجەب تەیوب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیر بۆ تاوتوێکردنی کۆمەڵێك پرس لەنێویشیاندا پرسی داهاتووی کەرکوك کورد بەوە تەواو بێزار بوو٤.

دواتر لەئازاردا بەپێی ئەو راپۆرتەی کەرۆژنامەی(چاودێر)ی کوردی کە لەلایەن (ی.ن.ك)ەوە پشتیوانی دەکرێت بڵاویکردەوە، جەعفەری چاوی کەتووە بە بەرپرسانی پێشووی بەعس (ساڵح موتڵەگ- سەرۆکی بەرەی دیالۆگی نیشتمانی- و مشعان جبوری سەرۆکی کوتلەی

١- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢ - ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دژی مانەوەی جەعفەری بوو لەسەرۆکایەتی حکومەتدا. دەنگۆی ئەوەش هەبوو زەلکای خەلیل زاد داوای لە عەبدولعەزیز حەکیمی سەرۆکی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی کردبێت حکومەتی داهاتوو لەلایەن جەعفەرییەوە دروست نەکرێت چونکە سەرۆك بوش وادەخوازێت.. بڕوانە: Allawi The Occupation of Iraq , op cit, 443.

3 - Negus, S .2006. " Kirkuk Disputes Dedevils Iraq' Political Crisis . " The Financial Times ,11Mach :9.

٤ – بەپێی سەرچاوە کوردیەکان خاڵێکی تری ناکۆکییەکان لەوەدا بوو کە جەعفەری بەبێ کورد بەئەندامێتی تورکمان وەفدەکەی پێکهێنابوو.

ئاشتەوایی و رزگاریخواز) لەو دیدارانەشدا جەعفەری تەئکیدی بۆکردونەتەوە کە هەرگیز رێگـە بەگەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان نادات١.

خۆئەگەر بەتەنیا کورد دژ بە کاندید کردنی جەعفەری نەبووبن ئەوا رەتکردنـەوەی بـەردەوامیان لەو حکومەتەدا کە جەعفەری سەرۆکایەتی دەکرد بۆخۆی گورزێکی گورچـك بـڕ بـوو بـۆ دەرفـەتی مانەوەی، هەربۆیە دواجار جەعفەری ئامادەیی خۆی بۆ وازهێنان لە پۆستەکەی راگەیاند.

ئەوەبوو نوری مالکی لەبری ئەو خۆی دانا ئەویش بەو پێیەی هەر هیچ نـەبێت لای گشـت کوتلەکان کەمێك پەسەندبوو، هەربۆیە لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٠٦دا حکومـەتی نـوێی یـەکێتی نیشتمانی رەزامەنـدی پەرلـەمانی بەدەسـتهێنا و هەریـەك لەپۆسـتەکانی بـەرگری و نـاوخۆو نەوتیش بەشێوەیەکی کاتی درانە وەزیرەکان.

حکومەتی نوێ کە لە(٣٧) وەزیر پێکهـاتبوون، پۆسـتەکان دابەشـکران لەسـەر بناغـەی نوێنەرایەتی رێژەیی کوتلە بەشداربووەکانی نێو ئیئتلافی دەسەڵاتدار٢.

پشکی کورد(٦) پۆست بوو کە دوانیان پۆستی گرنـك بـوون(جێگـری سـەرۆك وەزیـر بـۆ بەرهەم ساڵح لە (ی.ن.ك) و وەزارەتی دەرەوە بۆ هۆشـیار زێبـاری لـە(پ.د.ك). بەگشـتی هەردوپارتە سەرەکیە کوردییەکە پشکی هاوپەیمانی کوردستانیان نیواو نیو دابەشکرد٣.

هاوکات جەلال تاڵەبانی لەپۆستی سـەرۆك کۆمـاردا مایـەو یـەك لایەنـە مـافی ڤیتۆشـی لەدەستدا بوو لەبەرامبەر داڕشتنی هەریاسـایەك کـە دژ بەبەرژەوەنـدی کـورد بێـت٤. کـورد بەوپێیەی لایەنێکی

---

1 - Chawder (BBC Monitoring International Reports). 2006. " Al-Ja'afari Won't let Kirkuk Return to Kurdistan ."28 March (LN).

٢ - تەنیا گەورە کوتلە کە بەشداری حکومەتی نیشتمانی نەکرد بەرەی دیـالۆگی یشـتمانی و حزبـی فەزیلـەی ئیسـلامی بـوون . یەکەمیان بەحکومەتی تایەفی و دووەمیشیان بەحکومەتی دەستی ئەمریکای وەسفکرد ئەمە جگە لەوەی وەزارەتی نەوت نـەدرابووە حزبەکەیان. هاوکات ٤ حزبی بچووکی دیکەش کە لەنێویاندا یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی تێدابوو بەشداری ئـەو حکومەتـەیان نەکرد. بەگشتی ئەو لایەنانەی بەشداری حکومەتەکەیان کرد لەکۆی ٢٧٥ کورسی ٢٤٠ کورسییان بەدەستەوە بوو.

٣ - پارتی دیموکراتی کوردستان وەزارەتەکانی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن(بەیان دزەیی)، پیشەسازیو کانزایی(فەوزری حەریری کە ئاشووری بوو) بەدەستەوە بوو، لەکاتێکدا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان وەزارەتەکانی سەرچـاوە ئاوییـەکان(لـەتیف رەشـید)و ژینەگە(نەرمین عوسمان)ی بەدەستەوە بوو.

٤ – ئەوە جیاوازییەکی گرنگ بوو لەدەسەڵاتەکانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بەپێی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت . هـەروەها وەك دەستووریش دیاری دەکات مەرجی یەکەم، رێکەوتنی ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتییە بـەکۆدەنگی لەسـەر بـەکارهێنانی مـافی ڤیتۆ . هەرچی دووەمیشە کۆدەنگییە لە پەسەندکردنی بڕیارەکاندا.

بنچینەیی بوون لە حکومەتی نوێی یەکێتی نیشتمانی و خاوەنی شـوێنگەی هەسـتیاربوون دەسەلاتی سیاسیدا، لەسەر ئاستی فیدرالی و لە پێگەیـەکی بـەهێزەوە دەجـولان و دەرفـەتی ئەوەیان هەبوو خزمەت بەبەرژەوەندی خۆیان بکەن لەمەسەلەی کەرکووکدا.

بەپێچەوانەی ئەوەوە تاکە نوێنەرەکەی بەرەی تورکمانی هیچ پۆستێکی وەزاری بۆ تـەرخان نەکرابوو سەرباری ئەوەی لەڕووی تەکنیکییەوە لایەنێك بوون لە حکومەتی یەکێتی نیشتمانی.

تەنیا تورکمان لەحکومەتدا(جاسم موحەمەد جەعفەر) ی وەزیری وەرزش و لاوان بوو، کە تورکمانێکی شیعەی سەر بەیەکێتی ئیسـلامی تورکمـانی بـوو کـە لەسـەر لیسـتی ئیئـتلافی یەکگرتووی عێراقی هەلبژێردرابوو.

پەراوێزخستنی سیاسیانەی تورکمان بەتایبەتیش بەرەی تورکمـانی لەسەرتاسـەری عێـراق لەو قۆناغەدا بەتەواویی بەئەنجام گەیەنرا.

بەنێو دەولەتیکردنی پرسی کەرکووك

بەرەی تورکمانی وەسیلەیەکی ئەوتۆو ئاشکرای نـەبوو بۆکاریگـەری خسـتنە سـەر ژیـانی سیاسی لەسەر ئاستی نیشتمانی بەلکو تەنیا توانایـەکی سـنوورداری هـەبوو بـۆ پەکخسـتنی رەوتی رووداوەکان لەسەر خاکی کەرکووك.

تەنیا بژاردەی راستەقینەی بەردەم بەرەی تورکمانی بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات تێوەگلانی هێزی دەرەکی بوو لەململانێکەو رێگرتن بوو لە جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)، کە بێگومان تورکیا سەرچاوەیەکی بەلگەنەویستی پشتیوانیکردنی بوو.

بـەلام پەیوەنـدی نێـوان ئەنقـەرەو هـەرێمی کوردسـتان لەسـالی ٢٠٠٦دا تـەواو ئـالۆز پێوەدیاربوو بەجۆرێك کە ئەو دەم پەیوەندییـە ئابوورییـە گەشەسـەندوەکانی نێـوان هـەردولا- بەهای سالانەی

زیاتر لەیەك ملیۆن دۆلار بوو وایکرد بەرەنگاریبوونەوەی ستراتیژی نێوانیـان تێچـوونێکی گران بەها بکەوێت.

دیارە رەگەزێکی ئالۆزی دیکەش، هەلبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی داهاتووی سـالی ٢٠٠٧ی تورکیاو دابەشبوونی رووکەشانەی نێوان مەدەنیخوازان و دامـەزراوەی سـەربازی بـوو

لەدەوڵەتی تورکیا سەبارەت بە ئیعترافکردن بە مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و وتووێژکردنی راستەوخۆ لەگەڵیدا.

دیسان لەسایەی ئەدای خراپی بەرەی تورکمانی لەدووەم هەڵبژاردندا ئاشکرابوو کە پشت بەستن بەبەرەی تورکمانی بۆ سەرپەرشتیکردنی بەرژەوەندیەکانی تورکیا لەعێراقدا نەك هەر ستراتیژێکی دۆڕاوەبەڵکو کاریگەرییەکەی پێچەوانەشی هەیە.

رۆژنامەی "میللییەت" ی پڕفرۆش پشت بەستوو بە بەرپرسانی تورك کەهێمای بەناوەکانیان نەکردووە، باسی لەوە کردوە حکومەتی تورکیا ئیعترافی بەوە کردووە" تورکمان کوتلەیەکی هاوچوونیەك" نین و بەرەی تورکمانیی عێراقیش کە وا خۆی دەردەخات نزیك بەتورکیایە پێدەچێت زیان بە یەکێتی تورکمان بگەیەنێت١. لەوچوارچێوەیەدا دامەزراوەی توێژینەوەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تورکیا کە خاوەن نفوزێکی فراوانە، لە مانگی نیساندا راپۆرتێکی بڵاوکردەوە و تیایدا بەتوندی دەستی تۆمەتبارکردن بۆ سیاسیەکانی تورکیا "بەئاراستەی تورکمان" درێژدەکات.

بەپێی راپۆرتەکە "شکستی مۆدێلی بەرەی تورکمانی لەئێستادا روونبوەتەوە و سووربوونیش لەسەر ئەو مۆدێلە تەنیا تورکمان لاواز دەکات"٢. هاوکات توێژینەوەکە تورکمانی عێراق وەسفدەکات بەوەی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەشبوون، بەتایبەتیش تورکمانی سوننە کە لەبری ئەوەی ریزەکانیان یەکبخەن بەردەوام پەرتەوازە دەبن.

هاوکات لەتوێژینەوەکەدا رێنمایی ئەوەدراوە پشت بەو ستراتیژە ببەسترێت، کە لەسەر پەیوەندی دیپلۆماسی دروست دەبێت و دواجاریش دەگاتە ئەوەی " بەهۆی بارودۆخ و راستییە سیاسیەکانی عێراقی نوێ تورکیا ناتوانێت درێژە بەسیاسەتی ئێستای بدات لەبەرامبەر تورکماندا.... هەربۆیە پێویستە لەسەر تورکیا سیاسەتێکی جیاوازو نوێ یاخود مۆدیلێکی جیاوازتر بۆ تورکمان دابڕێژێت٣. وەك کاردانەوەیەك لەبەرامبەر ئەو شکستە ئاشکرایەی کە بەرەی تورکمانی دوچاری بووەوە،

---

1 - -Idiz, s. 2006. " Ankara's Self-Criticism Regarding the Turkmens. " Milliyet (Internet version –www) ,31 January (WNC).

2 - Cetinsaya, G .2006. The New Iraq, The Middle East and Turkey : A Turkish View , Foundation for Political ,Economic and Social Research (SETA), Report SEL-406 :47-48.

٣ -هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٨.

حکومەتی تورکیا لەوەرچەرخانی بۆ هێزێکی سیاسی باوەڕپێکراو لەعێراقدا، پەیڕەوی سیاسەتێکی چاپووکترو بەرەنگاریبوونەوەی کەمتری کرد لەبارەی پرسی کەرکووکەوە.

بەئاشکرا لێدوانی لێپرسراوانی تورك هەژماری بۆ دەکراو هەوڵیشیان دەدا خۆیان لە گاڵدان بەدوور بگرن. بۆنموونە راستەوخۆ لەدوای چاوخشاندنەوە بەبارودۆخی عێراق لەدوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم، ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا کە خاوەنی باڵادەستیەکی زۆرە لەوڵاتەکەیدا بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا رایگەیاند: پرسێکی هەستیاری وەك کەرکووك پێویستە بەجۆرێك چارەسەربکرێت کە بەلای سەرجەم عێراقییەکانەوە پەسەندبێت١.

لەسەر ئاستی چارەسەرکردنیش بۆ پرسی کەرکووك تورکیا ژمارەیەك پێشنیازی پێشکەش کرد لەوانەش بەشداریکردنی (UN) بەرۆڵێکی گەورەتر لەو پرسەدا، لەپێشنیازێکی دیکەشدا کە لەرووی پراکتیکیەوە جێبەجێکردنی ئاستەم بوو، تورکیا داوایکرد هەوڵبدات سەرجەم دانیشتوانی عێراق دەنگ لەسەر داهاتووی کەرکووك بدەن٢. بەڵام دواتر ئەوەی کە تورکەکان لەپێشنیازکردنی پرۆژەیەکی گونجاوو دیاریکراودا پێیگەیشتن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا هەوڵەکانیان بوو بەر لە راپرسی بۆ نێوبژیوانیکردن لەنێوان کوتلە عێراقییەکان لەسەر سازدانی رێککەوتنێك کە پەیوەندی هەبێت بەگۆڕینی ناوەڕۆکی ئەو پرسیارەی کە لەراپرسییەکەدا دەکرێت.

بیرۆکەکەش ئەوەبوو کەواز لەبژاردەی چوونە پاڵی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بهێنرێت و بارودۆخێکی تایبەت بە کەرکووك ببەخشرێت. خۆئەگەر ئەو فۆرمەش درایە راپرسییە گشتیەکە ئەوا ئەنجامەکان لەلایەن زۆرینەوە بە"بەڵێ" دەبێت، بەڵام ئەگەر بێتوو پرسیار لەهاوڵاتیان بکرێت کە ئایا گەرەکیانە بەشێك بن لە هەرێمی کوردستان ئەوا دەرئەنجامەکان بە شێوەیەکی دابەش بوو دەبێت٣.

1 (Milliyet internet version –WWW). 2006. " Turkey : MIT Issues Secret Report on Kirkuk, Iraqi Kurds' Intensions ."29 December (WNC).

٢- دوا پێشنیاز لە سەر ئەو راپرسییەی کە لەسەر ئاستی عێراق لەبارەی کەرکوکەوە خرایە روو، لەلایەن کوردەوە دەرفەتی پەسەند کردنی نەدەبوو چونکە وەك دۆڕاو لەو راپرسیە دەهاتنە دەرەوە. بڕوانە: (Milliyet (Internet Version –WWW) .2006 ."Turkish Columnist Views Ankara's Assessments, Expectations Regarding Iraq. " 31 January (WNC); Milliyet (Internet Version- WWW) .2006. " Turkey : Erdogan Seeks Special Statue for Kirkuk in Meeting With Rice. " 28 April (WNC).

3- Turkish Daily News . 2006 . " Turkey Seeks Pre-Referendum Deal on Kirkuk's Statues." 10 August (LN).

بەپێی بڕیارەکانی ماددەی ١٤٠ دەنگدان لەسەر بەخشینی بارودۆخێکی تایبەت بە کەرکوك کارێگی گونجاوە چونکە ماددەکە سروشتی ئەو پرسیارەی دیاری نەکردوە کە لەدەنگدەران دەکرێت.

جگە لەو تەقەلایەش وزەکانی تورکیا خۆی لەدواخستنی وادەی راپرسیەکەدا دەبینیەوە، هەرچی بەرەی تورکمانیشە خۆی خستبووە پاڵ تورکیاوە ئەویش نەك هەربۆئەوەی تورکیا وەك ئامرازێك مومارەسەی نفوزی راستەوخۆی بکات لەسیاسەتی عێراقدا بەڵکو دیسان پاساوێکی گونجاو تا دەست وەربدات لە پرسێکی ناوخۆیی کە چارەسەرکردنەکەی ئەرکی عێراقییەکان خۆیان بوو.

نیازی ئاشکرای تورکیا لەپاراستنی "براکانی کە هەڵگری هەمان ناسنامەی ئیتنیکی"بوون لە زوڵمی کوردو رێگری کردنیش لەوەی کەرکوك بکەوێتە ژێر" هەژموونی ئیتنیکی " دیسان ئەنجەتێکی پڕگرفت بوو بۆ تورکەکانن چونکە بەهەمان شێوە پشتی بەجیاوازی ئیتنیکی نێوان تورك و کورد دەبەست کە رۆژگارێکی دوورو درێژە تورکەکان لەوڵاتی خۆیاندا لەهەوڵی نکۆڵی کردنی کورددان.

هاوکات بەرەی تورکمانیش لای خۆیانەوە بەردەوام بوون لە تۆمەت بەخشینەوە بەرامبەر بەکورد لەکەرکووکدا بەوەی کاری شەرمەزارانە و کوشتار ئەنجام دەدەن بۆیە داوای دەستێوەردانی سوپای تورکیایان دەرکرد[١].

هەڵکشانی کارە توتدو تیژییەکان

لەبەرایی ساڵی ٢٠٠٦دا کەرکوك بەبەراورد بە زۆربەی پارێزگاکانی تری عێراق بووە مۆڵگەی بڵاوبوونەوەی کاری توندوتیژی. خشتەی(٩- ٣) داتاو زانیاری بەراوردکاری لەبارەی ئەو هێرشە چەکداریانە دەخاتە روو، کە رۆژانە لەپارێزگا هەڵبژێردراوەکاندا روو دەدەن.

خشتەی ٩- ٣

داتای بەراوردکاری ژمارەی رۆژانەی پەلامارە چەکدارییەکان لەپارێزگا هەڵبژێردراوەکاندا.

١- بۆزانیاری زیاتر لەسەر نموونە جۆراوجۆرەکان لەبەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانە لەلای نوێنەری بەرەی تورکمانی بڕوانە:
Anatolia. 2007. " Turkey : ITC Chairman Ergec Warns of Approaching Danger in Kirkuk." 8 January (LN); Turkish Daily News. 2006. " Turkmen Official Warns Against Massacre in Iraq's Kirkuk ." 8 January (LN); Turkish Daily News. 2006. " Iraqi Turkmen Complain of Kurdish Attacks ."14 March (LN).

پله	مامناوەند شوبات٢٠٠٥ ئاب ٢٠٠٦	ئایار – ئاب٢٠٠٦	شوبات- ئایار ٢٠٠٦	ئاب ٢٠٠٥ حوزەیران ٢٠٠٦	شوبات- حوزەیران ٢٠٠٥	پارێزگا
١	٢٥.١	٣٠.٣	٢٨.٩	٢١	٢٠.٣	بەغداد
٢	٢٢.١	٣١.١	٢٢	٢٣.٣	١٢.٣	ئەنبار
٣	١٢.٨	١٥.٥	١٣.٧	١٣.٨	٨	سەلاحەدین
٤	٩.٢	١٠.٣	٧.٦	٨.٥	١٠.٤	نەینەوا
٥	٧.٨	١٤.٥	٨.٣	٥.٤	٣.١	دیالە
٦	٤.٢	٤.٨	٤.٣	٤.٧	٣.١	کەرکووك
٧	١.٧	٢.٤	٢	١.١	١.٢	بەسرە
١٨	٠.٠٠٣	سفر	سفر	سفر	٠.١	دهۆك

سەرچاوە: Iraq Index:Tracking variable of Reconstruction&Security in Post-Saddam Iraq.The Brokking Institution,December 21,2007,P.27

www.brookings.edu/saban/media/Files/centers/Iraq%20Index/index20071221pdf

لەماوەی نێوان شوبات و ئایاری ٢٠٠٦دا پارێزگاکە رۆژانە دووچاری (٤.٣) هێرشی چەکداری دەبوەو بەوەش کەرکووك لەئاستی کارە توندو تیژیەکاندا لەپلەی شەشەمدا بوو لەنێوان پارێزگاکانی تری عێراقدا١. لەشوباتدا "گریگ فۆرد- Greg Ford" یەکێك لەئەفسەرانی هەواڵگری ئەمریکا لەبارەی زیادبوونی کارە توندوتیژیەکان لەماوەی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمدا دەڵێت سەرجەم پێکهاتە ئیتنیکیەکانی کردوەتە ئامانج. هەروەك ئاماژەی بەوەکردوە لەکانوونی دووەمدا کەرکووك (٢٥)تاوان یاخود هەوڵی ناکاوکوژی

١- بۆزانینی زیاتر بڕوانە: The Brookings Institution .2007. Iraq Index: Tracking Variables of Reconstruction & Security in Post Saddam Iraq .21 December: 27. www.brookings. edu / saban /- / media / Files / Centers /Saban / Iraq % 20 Index / index 20071221.pdf).

بەخۆوە دیوە١. بەبەراورد بەپارێزگای دهۆك کەهیچ پەلامارێکی رۆژانەی تۆمارنەکردووە کەرکووك جێگەیەکی مەترسیداربووە بەڵام دیسان بەبەراورد بەپارێزگایەکی وەك ئەنبار کە رۆژانە لەمامناوەندی پەلامارە چەکداریەکان (٢٢) هێرش بوون لەرۆژێکدا ئەوا کەرکووك مێرگی ئاشتی و ئارامی بوو، لەگەڵ ئەوەی وەك نەینەواو دیالە پێکهاتەی فرە ئیتنیکی لەخۆگرتووە.

لەسەرەتای حوزەیرانی ٢٠٠٦ ەوە گروپە چەکداریەکان دەستیان بە زنجیرەیەك هەڵمەتی تەقاندنەوە کرد کەماوەی دوو مانگی خایاندو ئەوەش گیان لەدەستدانی بەکۆمەڵی بەدواوە بوو.

لە١٢ی حوزەیراندا (٢٢) کەس کوژران و (٤٣) ی دیکەش بەهۆی هێرشی خۆکوژی و تەقینەوەی بۆمب لەرێگەی ئامێری کۆنترۆڵەوە بریندار بوون.

لەمانگی تەمووزیشدا (٦) تەقینەوەی ئۆتۆمبیلی بەمینرێژکراو روویاندا کە گەورەترینیان لە(٢٣ی) تەموزدا بوو لەکەرکووك، وەك راپۆرتەکانیش ئاماژەیان پێداوە پتر لە (١٠٠) کوژراوی بەدواوە بوو٢.

لەپاییزیشدا ئاستی پەلامارەکان روویان لەهەڵکشان کرد و بەتەنیا لەمانگی ئەیلولدا (١٦) هێرش لەرێگەی ئۆتۆمبیلی بەمینرێژکراو تۆمارکران. لەهەولێکیش بۆ رێگرتن لەگێژاوی توندوتیژی، قەدەغەکردنی هاتووچۆکردن لەکەرکووك راگەیەنراو لەمیانەی پرۆسەیەکی ئەمنی فراوانیشدا بەناوی (کلیلی ئاسایش) کە تیایدا لە(١٤) هەزار سەربازی عێراقی بەشداربوون پشتێنێکی ئەمنی بەدەوری شارەکەدا دروستکراو لەلایەن هێزەکانی پۆلیسیشەوە لەناوکەرکووکدا دەستکرا بە پشکنین.

لەبەشی باشووری شارەکەش خەندەق لێدرا تاکۆنترۆڵی چونە ناوەوەو هاتنە دەرەوەی شار بکرێت. ئەنجامی ئەو پرۆسەیەش دەستگیرکردنی(١٥٠) چەکدارودەست بەسەرداگرتنی بڕێکی زۆر لەچەکی لێکەوتەوە بەڵام کاریگەری گشتی لەسەر ئاستی توندوتیژیەکان دیاریکراو نەبوو.

ئەوەبوو تەنیا هەفتەیەك بەسەر پرۆسەکەدا گوزەری نەکرد(٧) ئۆتۆمبیلی بۆمرێژکراو لەیەك رۆژدا تەقێنرانەو ئەوەش کوژرانی(١٤) کەس و برینداربوونی (٧٢)ی تری لێکەوتەوە.

1-National Public Radio . 2006 . " Unrest Worsens in Iraq ." 2 February (LN).
2 - KDP Satellite TV (BBC Monitoring International Reports).2006. " Iraqi Kurdish TV : Car Bomb Kills More than 100 in Kirkuk . " 23 July (LN).

بەپێی داتاکانی سوپای ئەمریکا تاکۆتایی تشرینی یەکەم شاری کەرکووك رووبەڕووی(٢٠) تەقینەوەی خۆکوژی بوەتەوەو لەمانگی ئابیشەوە(٦٣) تەقینەوەی بۆمبی چێنراوی لەسەر رێگەکان بەخۆوە دیوە١.

بەر لەراپرسی لەسەر ماددەی ١٤٠، زۆربەی سەرچاوەکانی راگەیاندنی خۆرئاوا هەڵکشانی کارە توندوتیژیەکانی کەرکووکیان گرێ دەدا بە"پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی لەرادەبەدەر". بەدڵنیاییشەوە پەنگخواردنەوە هەبوو لەنێوان پێکهاتە ئیتنیکیە جیاوازەکانی کەرکووك کە هۆکارەکەشی ئەو راپرسییە بوو کە پێشنیازکراو. هەروەك ئەفسەرێکی سوپای ئەمریکا ئاماژەی پێدابوو چەکدارەکان لێوەشاوە بوون لەبەکارهێنانی تەکنیکە تیرۆریستیەکانیان، ئەوە جگە لەهەڵمەتەکانی پروپاگەندەو راگەیاندنیان لەپێناو هێشتنەوەی نیگەرانییەکان... و تاوسەندنی پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی، بەڵام زۆربەی کارە توندوتیژیەکان رق و کینەی نەژادی بەدواوە نەبوو٢. زۆربەی ئەو تەقینەوانەکە ئەودەم لەکەرکووکدا روویان دەدا دەخرانە ئەستۆی گروپە چەکداریەکانی وەك "ئەنسارولسوننە، کەتیبەکانی شۆڕشی بیست" کە زۆربەی ئامانجەکانیشیان هێزە ئەمنیەکانی شارەکە بوو نەك گروپێکی دیاریکراوی ئیتنیکی٣. بەڵام زۆربەی پێکراوەکانی ئەو پەلامارانە سەر بەهێزە کوردیەکان بوون و هێرشبەرەکانیش زۆربەیان عەرەبی سوننە بوونو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە واتای ئەوەی نەدەگەیاند کە ململانێی ئیتنیکی لەئارادایە هێندەی گوزراشتبوو لەراستیەکی سادە کە ئەوەیش ئەوەیە کورد زۆرینەی هێزە ئەمنیەکان پێکدەهێنێت.

---

1 - Howard, M . 2006." Iraq: As Violence Grows ,Oil- Rich Kirkuk Could Hold Key to Iraq's Future :Tribal Chiefs Call for Return of Saddam while Kurds Eye New Federal State ." The Guardian , 27 October:21.

2 - United Press International . 2006. " Iraq urged to lessen Kirkuk ethnic tension ." 21 April.

٣ - زۆربەی ئەو تەقینەوانەی زۆرترین قوربانی مەدەنی لێدەکەتەوە لەدژی هێزە ئەمنیەکان و رەمزەکانی دەسەڵاتی سیاسی بوون.

خشتەی ٩- ٤

ڕێژەی کوژراوانی پۆلیس لەتێکڕای ژمارەی کوژراوانی (٩)پارێزگای عێـراق کـە تونـدترین توندوتیژی بەخۆوە دیوە(ئایاری ٢٠٠٣- تشرینی یەکەمی ٢٠٠٦)١

ڕێژەی پۆلیسە کوژراوەکان لەکۆی گشتی %	کۆی گشتی	کوژراوانی مەدەنی	کوژراوانی پۆلیس	پارێزگا
١٨	٢٢٧٠	١٨٦١	٤٠٩	دیالە
١٦	١١٩٢	١٠٠٥	١٨٧	کەرکووك
١٤	١٦٩١	١٤٥٢	٢٣٩	سەلاحەدین
٩	٢٧٤٩	٢٥١٤	٢٣٥	ئەنبار
٨	١٨٩٩	١٧٣٩	١٦٠	بابل
٧	١٨٣١	١٥٧٢	٢٥٩	نەینەوا
٣	١٠٦٢	١٠٣١	٣١	کەربەلا
٣	١٨٣١	١٧٦٨	٦٣	بەسرە
٣	٢٨٨٦٩	٢٨١٥٤	٧١٥	بەغداد

سەرچـاوە: Iraq Index:Tracking variable of Reconstruction&Security in Post-Saddam Iraq.The Brokking Institution, October 29,2006,p.22

www.brookings.edu/saban/media/Files/centers/Iraq%20Index/index2001029pdپە

یانگەی برۆکنز Brokking Institution لەنێو پەراوێزەکانیدا سوودی لەمانەش وەرگرتووە:

"Iraq Body Count: War Dead Figures",BBC News ,October 23,2006

١ - کۆی ژمارەی کوژراوەکان زۆر کەمترە لە زۆربەی خەملاندنەکان چونکە داتاکان لەرێکخراوی بۆدی کاونـت(Body Count)ەوە وەرگیران کەهەرحاڵەتێکی مرد لەسەرچاوە ئیعلامییە سەربەخۆکانەوە تەئکید دەکەنەوە.

هەروەك لەخشتەكەدا هێمای پێكراوە كەركووك بەبەراورد بە پارێزگاكانی تری عێراق جگە لەدیالە نەبێت بەرزترین رێژەی لەكۆی گشتی كوژراوان تۆماركردووە، كـە ئـەوەش رێژەیـەكی بەرزی كوژراوانی پۆلیسەو بێگومـانیش كـەركووك جێگەیـەكی مەترسـیداربوو بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا بەگشتی لەكاری توندوتیژی تایەفی بەرچاو بەدوور بوو هەروەك ئـەوەی لـەدوای چـەند مانگێك لەتەقاندنەوەی سەربازگەیەك بەغداد روویدا.

رۆژنامەی گاردیان Guardian ی بەریتانی بارودۆخی كەركووك بەم جۆرە پوختدەكاتەوە" لە كەركووك.... جگە لە یاخیبوونی چەكداری شەڕی ئیتنیكی سەریهەڵنەداوە"١. ئـەوەی سـەیر بوو بەلای زۆرێك لەچاودێران دوورە پەرێزی كەركووك بوو لەو گرژی ئیتنیكی- تایەفیەی شارە فرە ئیتنیكەكانی تری گرتبووەوە.

بەوجۆرە لەنیسانی ٢٠٠٣دا پەنگخواردنەوەی تایەفی نێـوان پێكهاتـە ئیتنیكیـەكان خـۆی لەگوتارەكاندا دەبینییەوە وەك لەوەی خۆی لەتوندوتیژی جەستەییدا ببینێتەوە.

هەڵبەت سەرە رمی شەڕی زارەكی لەلایەن سەرانی سیاسی توركمانەوە پەنای بۆدەبرا، لـە ئازاری ٢٠٠٦دا نووسینگەی بەرەی توركمانی لەئەنقەرە بەیاننامەیەكی دەركردو تیایدا داوا لە ویلایەتـە یـەكگرتوەكانی ئـەمریكا دەكـات " چارەسـەرێك بدۆزێتـەوە و كۆتـایی بـە كـاری ئابرووبەرانەی لایەنی كوردی بهێنێت كە دەرهەق بە توركمان دەیكات"٢. لەكانوونی دووەمـی ٢٠٠٧دا گەورە سەركردەیەكی توركمانی پێشـبینیكرد كوشـتارگەیەكی چـاوەڕوانكراو لـەدژی توركمان ئەنجام بدرێت لەلایەن زیاتر لە (١٠٠) هەزار پێشمەرگەوە، كە ئەوەش بەشێك بـوون لەو (٤٠٠) هەزار پێشمەرگەیەی لەناوشاری كەركووكدا بڵاوكرابوونەوە، كە ئـەو قەبارەیـەش باوەڕپێكردنی ئاستەم بوو٣. لەتەمووزدا سەركردەیەكی بەرچاوی توركمان پارتـە كوردیـەكانی بەئاشكرا تۆمەتبار كرد بەوەی لەتەقینەوە خۆكوژیەكانی قەزای دوزخورماتودا تێـوەگلاون كـە

---

1 -Steele, J. 2006. " Comment & Debate : Iraq is already Enduring Two Wars . Could it Survive a Third ?: The Competing Claims of Arabs , Turkmens and Kurds in the Oil –rich Iraqi North are an Explosion Waiting to Happen ." The Guardian , 1 December :39.

2 - Turkish Daily News . 2006 "Iraqi Turkmen Complain of Kurdish Attacks ."14 March.

3 - Anatolia .2007. "Turkmen Official Warns Against Massacre in Iraq's Kirkuk . "8 January (LN).

تیایـدا تورکمـان کراونەتـە ئامـانج و چـەندان قوربـانی لێکەوتوەتـەوە[1]. هاوکـات بـەپێی خەملاندنەکانی بەرەی تورکمانی ژمارەی کوردە هاوردەکان بۆ کەرکووك لەو پەڕیدایە بەجۆرێك بەر لەهەڵبژاردنـەکانی کـانوونی یەکـەم ژمارەکـە بـە(٣٠٠) هـەزار و لەسـاڵی ٢٠٠٧یشـدا بە(٦٠٠) هەزارو دواتریش ئەو ژمارەیە گەیشـتوەتە (٦٥٠) هـەزار کـەس کـە تـازە ناویـان تۆمارکراوە[2].

بێگومان ئەو ژمارانە زۆر بەئاشکرا ژمارەیەکی خەیاڵین بەڵام ئامانجی خۆیان پێکا چـونکە کورد لەنەبوونی سەرژمێری دانیشتواندا نەیدەتوانی لەو ژمارانە دڵنیا بن.

زۆرکات سەرانی کـوردیش لەلایـەن خۆیانـەوە لـەگوتاری گاڵـدانئامێز دوور دەکەوتنـەوە، هەروەها لەو دەمەدا کورد لەبەرامبەر جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)یشدا هۆکاری خۆی هەبوو لە هێورکردنەوەی پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی و نەژادی نەك تاودانی.

هاوکات سەرانی کورد چەند کارێکی ئیستفزازییان کرد کە ناکرێت نکۆڵییـان لێبکرێـت و لەهەمان کاتیشدا کاردانەی پێچەوانەیان هەبوو لەسەر ئامانجی گشتی کـورد ئـەوەبوو لـە ١ی ئەیلولی ٢٠٠٦دا مەسعود بارزانی بڕیـاری قەدەغـەکردنی بەرزکردنـەوەی ئـاڵای عێراقـی دا لەهەرێمی کوردستان کە ئەو کارەش چووە خانەی ئیستفزاکردنەوە.

لەگەڵ ئەوەی ئە بڕیارەی بارزانی پاساوی خۆی هەبوو بـەڵام ئـەو هـەنگاوە مشـتومڕێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، ئەوە جگە لەوەی بـووە بەهانەیـەك بـۆ ئەوانـەی کـە دەیانـەوێت ئاستەنگ لەبـەردەم هەوڵـەکانی کـورد لەسـەر پرسـەکەیان دروسـت بکـەن[3]. سـەبارەت بـە پروپاگەندە سەیرەکانی نەیانی کوردیش لەمەڕ ئەوەی پارتە کوردیەکان سـەرقاڵی گواسـتنەوەی کوردن لەشارۆچکەکانی دەوروبەرەوە بەرەو کەرکووك تا ژمارەی کورد بەر لە راپرسییەکە زیـاد بکەن بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدا نەبوو ئەو پروپاگەندانە بسەلمێنێت.

---

1 - Anatolia .2007 . "Turkmen Group in Turkey Hold Kurds Responsible for Tz Khurmatu Blast ." 9July (WNC).

2 - Anatolia .2007 ." Iraqi Turkmen Leader Warns Kirkuk is æa Powder Keg' . " 10 January (LN).

٣- ئەو خاڵە ماقوڵەی کە بارزانی وروژاندی خۆی لەئالای عێراقیدا دەبینیەوە کە ئالای بەعسیەکان بوو کە ئەوەش بۆ کورد بەواتای ئەو نەهامەتیەی کە دووچاری بوەتەوە. بەڵام ئەو هەڵوێسـتەی بـارزانی دەرفـەتێك بـوو بـۆ ئەوانـەی دەیـانگوت کـورد کـەرکوك و نەوتەکەی دەوێت تا زامنی توانای دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بکات لەمانەوەدا

هاوكات لەراپۆرتە باوەڕپێكراوەكانیشدا هاتبوو كە هەردو پارتە كوردیەكە گوشارێكی زۆریان

خستوەتە سەر كوردە راگوازراوەكان تا بۆ سەرماڵ و حاڵی خۆیان لەكەركووك بگەڕێنەوەن كەهەندێك جاریش دژ بەویستیان بوو١.

هەروەها بەردەوام ترس لەوتەكنیكانە هەبوو كە دەزگا ئەمنییە كوردیەكان بۆ بەرەنگاریبوونەوەی گروپە چەكداریەكان پەنایان بۆ دەبرد و دەكەوتنە خانەی پێشێلكردنی مافەكانی مرۆڤەوە٢.

چەقبەستن لەئەنجوومەنی پارێزگاكەدا

لەسەر ئاستی سیاسی پەیوەندی نێوان لایەنەكانی نێو ئەنجوومەنی پارێزگا پەیوەندیەكی كرچ وكاڵبوو. لەناوەڕاستی نیساندا ئاژانسی فرانس پرێس وێنەیەكی نیمچە جوانی لەسەر "حكومەتی خۆجێی كەركووك كە دەزانن پێكەوە كاربكەن" پێشكەشكرد.

هەروەك لەسەر زاری (تەحسین كەهیە) ئەندامی ئەنجوومەنەكە بلاویكردەوە: ئێمە وەك ئەنجوومەن بەردەوام دەبین لەسەر كاركردن و ئەوەی لەدەستمان بێت دەیكەین بۆ درێژەدان بەدیدارو مامەڵەكردن لەگەڵ یەكتری و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی كێشەكانمان٣.

تەنانەت رائید ڤیكتۆر ڤاسكویز - Major Victor Vasquez لەسوپای ئەمریكا زۆر گەشبینانە وتی: كاتێك گەیشتمە كەركووك پێویستی بەوە نەدەكرد ئەو خەڵكە هانبدرێت بۆ ئەوەی رێكبكەون لەسەر شینێتی ئاسمان.. ئەوان ئێستا دەتوانن بەكۆدەنگی لەسەر پرۆژەو كارە گرنگەكان رێكبكەون٤.

بەلام چاودێرانی تر بەشێوەیەكی كەمتر سەرسوڕمانی خۆیان پیشاندا لەئاستی هاوكاری نێوان پێكهاتە ئیتنیكیەكانی ئەنجوومەنەكە هەروەك گروپی تەنگژەی نێو دەوڵەتی(The Internation Crisis) كە باسی لە "رێگەی داخراو" كرد لەكاری ئەنجوومەنی پارێزگای

١- بۆنموونە بڕوانە: Farrel ;, S. 2007. " As Iraqis Vie for Kirkuk 's Oil ,Kurds Are Pawns ." The New York Times , 9 December.

٢- بڕوانە رێكخراوی چاودێری مافەكانی مرۆڤ. Human Rights Watch ,Reaping the Whirlwind ,op cit.

3 - A fence France Press ." Northern Iraq City's Fragile Ethnic Mix Persevers ." 17 April.

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کەرکووك و هێمای بەوەدا ئەندامانی تورکمـان و عـەرەب کـە لەهـەمان کاتـدا لـەبڕیارەکانی ئەنجوومەنەکەدا بەشدارن لەکاتی دەنگداندا ئامادە نابن بۆ ئەوەی نەگەنە هیچ ئەنجامێك١.

لەسەرەتای ئایاری ساڵی(٢٠٠٦) و بەدواوە هەڵوێستی ئەندامانی عەرەب و تورکمـان زۆر روون نـەبوو، بۆنموونـە لـەئایاردا راپۆرتـەکان باسـیان لـەوە دەکردکـە گروپێکـی هاوپـەیمان لەئەنـدامانی عـەرەب کارەکانیـان لـەنێو ئەنجوومەنەکـەدا هەڵپەسـاردووە ئـەویش بـەهۆی "هەڵکوتانی بەردەوام بۆ سەر ماڵی شـێخە ناسـراوەکانی عەشـیرەتی ئەلعوبێـد و تۆقانـدنی خێزانەکانیان لەوشارەدا٢.

پێدەچوو ئەو هەڕەشەیە سوودی نەبێت چونکە کوتلەی عەرەبی ناڕازی بوون لەسـەر ئـەوەی ئەندامانی کورد لەئەنجوومەنەکەدا باڵادەستن، باڵادەستیەکی ناعادیلانە٣. لـە ١٠ی تشـرینی یەکەمی ٢٠٠٦ دا بایکۆتی کۆبوونـەوەی ئەنجوومەنەکـەیان کـرد وەك کاردانەوەیـەك لەسـەر نەبوونی ئەنـدامانی دادپـەروەر لەلیژنـەی مـاددەی ١٤٠دا٤. بـەڵام وەك لێپرسـراوانی کـورد ئاماژەیـان پێـدابوو بـایکۆتکردنی ئەنـدامانی عـەرەب و تورکمـان لەدڵسـۆزییانەوە نـەبووە، بۆنموونە رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە رایگەیاند: لەکۆبوونەوەی هەفتانەدا بەشدار نـابن بەڵام موچە وەردەگرن و خاوەنی ئیمتیازاتن و هەنـدێکیش لـەو ئەندامانـە شـەڕەکانیان تـەنیا لەپێناو دەستکەتدایە، هەندێکی تریشیان بەشداری لیژنەکان دەبن بەڵام بەشداری کۆبوونەوەی هەفتانە نابن تا ئاشکرا نەبێت کە جەنابی لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی پارێزگادا بەشدارە٥.

١- گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان: International Crisis Group .2006. " Iraq and the Kurds : The Brewing battle over Kirkuk." Op cit: 9.

2 - Al-Hayat (BBC Monitoring International Reports).2006 . " Al-Ubayd Tribe Threatens to Boycott Iraq Political Process ." 25 October (LN).

3 - Associater Press World stream . 2996. " Arab ,Turkmen Members Boycott Meetings of Kirkuk Provincial Council ."16 November .

4 - Hawlati (BBC Monitoring International Reports). 2007. úIraqi Turkmen Official Accuses Kurds of Trying to Control multi-Ethnic Kirkuk . " 15 February (LN).

ئەو لیژنەیەی لەئابی ٢٠٠٦دا دروسترا لەسەرەتادا دوو ئەندامی تورکمانی لەخۆگرتبووکەهیچ کامیان نوێنەرایەتی بەرەی تورکمانیان نەدەکرد.

٥- ئەنسـاتی رادیـۆی بـەریتانیاBBC. (BBC Monitoring International Reports) . 2007. "Iraqi Kurdish Paper Interviews Kirkuk Governorate Council Chairman ." 30 October (LN).

بایکۆتکردنی هەردو کوتلەی عەرەبی و تورکمانی لەکارەکانی ئەنجوومەنەکەدا رەنگدانەوەی بەیەکگەیشتنی ستراتیژییان بوو چونکە هەردولا بەتوندی دژی جێبەجێکردنی مـادەی ١٤٠ و هەژمورونی کورد بوون لە پێگەکانی دەسەلات لەو پارێزگایەدا.

سەرباری ئەو ستمە هاوبەشە زۆرخالّی تر هەبوو هەردوکوتلەکە لەسەری ناکۆك بـوون، بۆنموونـە هەردولا رێك نەدەکەوتن لەسەر ئـەوەی کامیـان پۆسـتی جێگـری پارێزگاربگرنـە دەسـت هـەروەك بەرپرسێکی ئەمریکاییش بەزمانێکی باوکانە وتی: وەك ئەوە وایە پارچـە شـیرینییەکت بەدەسـتەوە بێت و نەتوانیت دابەشی بکەیت بۆیە دەیدەیتە هەردو منداڵەکەت تابۆخۆیان بڕیاری لەسەر بدەن١.

ناکۆکی لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتە ئیداریەکان لەرایی کردنی کاروباری رۆژانـەی کـەرکوك کاریگەری ئەوتۆی نەبوو چونکە ئەنجوومەنی پارێزگاکە وەك ئەوەبوو بێدەسەلات بێت لەبڕیاردانەدا.

لـەدوای بڕیـاردانیش لەسـەر دەسـتوور، کـەرکوك لـەڕووی تەکنیکییـەوە بـوو یـەکێك لـە پارێزگاکانی دەرەوەی هەرێمەکان بەلام بوونی دەسـەلات لـەلای ئـەو جـۆرە قەوارانـە لەچـاوەڕوانی یاسایەکدا بوو.

ماددەی (١٢١) بڕگەی(٥) لەدەستوور حکومەتی هەرێمەکانی سەرپشك کرد لەرێکخستنی هێزی ئاسایشی ناوخۆدا بەلام ئەو مافەی نەبەخشییە پارێزگاکان. لەبەرئـەوە هێـزی پۆلیسـی کەرکووك لەڕووی تەکنیکییەوە لەژێرکۆنترۆلّی بەغدادا بوو.

هەروەها وەزارەتی ناوخۆی عێراقیش بەردەوام بوو لەسـەر سیسـتمی موحاسەسـەی نێـوان پێکهاتە ئیتنیکیەکان لـەهێزی پۆلیسـدا و دەسـەلاتی دوورخسـتنەوەی فەرمانـدەی پۆلیسـی کەرکووکیشی لەدەستی خۆیدا هێشتەوە٢.

لەئـەیلوولی ٢٠٠٦ دا هێزەکـانی ئـەمریکا بەرپرسـیارێتی ئـەمنییان لـە ناوچـەکانی دەرەوەی کەرکووك رادەستی هێزە عێراقییەکان کردەوە١، ئەو هێزانەش کە ژمارەیەکی بەرچـاو لەپێشـمەرگەی لەخۆگرتبوو بەلام لەڕووی تەکنیکییەوە لەلایەن وەزارەتی بەرگری لەبەغدادەوە بەرێوەدەبرا.

---

1 –Agence France Press . 2006 . " Northern Iraq City's Fragile ethnic Mix Perseveres ." 17 April.

٢ – وەزارەتـی نـاوخۆ لەمارسـی ٢٠٠٦دا مومارەسـەی ئـەو دەسـەلاتەی کـرد کاتێـك فـەرمانێکی دەرکـرد سـەبارەت بـە خانەنشینکردنی لیوا "شێرکۆ شاکر عەلی" فەرماندەی پۆلیس. بڕوانە" الفرات" ٢٠٠٦. وەزارەتی ناوخۆ فەرمانـدەی پـۆلیس دوور دەختەوە،٨ماس(WCN).

هەرچی دۆسیەی ئەمنی ناو شاری کەرکووکیشە لەڕووی ئەمنییەوە دەسەڵاتێکی ڕاستەقینەی لەدەستدا نەبوو.

بەهەمان شێوە حکومەتی عێراقی دەسەڵاتی دامەزراندنی لەچەند سەنتەرێکی هەستیارو کۆنترۆڵکردنی قەبارەی بودجەی پارێزگاکەی لەدەستی خۆیدا هێشتەوە، هەرچەندە پارەی تەرخانکراو بۆ ئەو بودجەیە بڕێکی کەم و بەشێوەی قیست دەگەیشت و هەروەها دواش دەکەوت[2].

لەبەرامبەر بێبەشکردنی حکومەتی کەرکووك لە پێدانی دارایی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوەو نەبوونی سەرچاوەیەکی سەربەخۆی داهات، حکومەتی خۆجێی نەیتوانی هیچ جۆرە پێشکەوتنێك بەدەستبهێنێت لەسەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی خراپی شارەکەدا.

زۆربەی پرۆژە گەورەکانی ئاوەدانکردنەوەی ژێرخانی شارەکە لەرێگەی یارمەتی دارایی ویلایەتە یەکگرتوەکانەوە (لەرێگەی پرۆگرامەکانی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان) یاخود بەکۆمەك و سەرپەرشتی هەردو پارتە کوردییەکە ئەنجام دەدران[3]. دواجار لەهەردو بارەکەشدا حکومەتی خۆجێی رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو کە جێگەی هێما بۆکردن بێت.

زیادەرۆیی هەردو پارتەکە لەنێو دامەزراوەکانی حوکمڕانی کەرکووك و دەستێوەردانی راستەوخۆیان لەرایی کردنی کاروبارەکانی گرفتێکی سەرەکی بوو لەلاوازکردنی دەسەڵاتی بەرپرسە هەڵبژێردراوەکان.

لەئاماژە دانێکیش بەهەوڵی هەردو پارتەکە لەیارمەتیدان بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکە، پارێزگای کەرکووك سوپاسگوزاری و لەهەمان کاتیشدا نائومێدبوونی خۆی پیشاندا" هەردو پارت هەوڵیانداوە زۆربەی گوندەکان ئاوەدان بکەنەوەو رێگا و بانەکان قیرتاو بکەن و کوچەو کۆڵانەکانی کەرکووکیش کۆنکرێت بکەن، ئەمە جگە لەوەی پشتیوانی لەوەرزش و خوێندن و زانکۆکان دەکەن

---

1 - Defence Department Documents and Publications. 2006 . Iraqi Army Takes the Lead in Kirkuk Provence ." 1 September (LN).

٢ – بۆ ساڵی ٢٠٠٦بودجەی پارێزگا هەرهەمووی کەمێك لە ٨١ملیۆن دۆلار زیاتر بوو بەڵام لەحوزەیراندا تەنیا لە١٠٪ی درا.بڕوانە:

Govari Gulan . 2006. " Iraq: Kirkuk Official Criticizes Central Government Inaction ." 20 March (WNC).

٣ – لەساڵی ٢٠٠٦ کۆمەڵێك پرۆژە بەسەرۆکایەتی تیمی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکان دەستپێکرد لەوانەش نۆژەن کردنەوەی وێستگەی شەمەندەفەری کەرکوك و دەستکردن بە دروستکردنی ریسایکلین بۆ لەخۆگرتنی خۆڵ و خاشاك.

بەلاّم خۆ ئەگەر ئەو کارانە لەرێگەی خۆمانەوە بکرانایە ئەوا باشتر دەبوون چونکە ئێمە کێشەی هاولاّتیانی خۆمان دەزانین و هەروەها خواست و داواکاریەکانی خۆشیان دەخستە بەردەممان١.

هەندێك لەماس میدیا کوردیەکان کەمتر موجامەلەیان دەکرد بۆ نموونە رۆژنامەی" رێگای کوردستان" زمانحالّی حزبی شیوعی کوردستانی، (پ.د.ك)و(ی.ن.ك) ی تۆمەتبار دەکرد بەوەی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی کەرکووکدا جێدەستی ئەوانی پێوەدیارە بەلاّم ئەوکەسانەی کە کۆمەکی دارایی وەردەگرن لەلایەن ئەو دوو پارتەوە مەرجی ئینتیمابوونی حزبیان بۆدانراوە.

بەپرسانی ئەمریکایی بەبێ سەرکەوتنێکی بەرچاو لەهەولّدابوون بۆ سنووردارکردنی نفوزی حزبە سیاسیەکان بەتایبەتیش هەردو پارتە کوردییەکە لەژیانی سیاسی کەرکووکدا.

بۆنموونە لە تەموزی ٢٠٠٦دا کۆنسولّگەی ئەمریکا لە کەرکوك هەموو هەولّی خۆی بەگەڕخست بۆ دروستکردنی بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن کە ژمارەیەك پارتی کوردیشی لەخۆگرتبوو بۆ دژایەتیکردنی هەژموونی (پ.د.ك) و(ی.ن.ك) ٢، بەلاّم وەك ئەوەی لێیچاوەڕوان دەکرا ئە هەولّە بێئاکام بوو.

هەروەها هەولّەکانی سوپای ئەمریکاش بۆ دوورخستنەوەی نفوزی حزبی لە نێو هێزی پۆلیسدا هەولێکی نەزۆك بوو٣.

راستیەکی ئاشکرا لەئارادابوو ئەویش ئەوەبوو کە زۆربەی کۆمەکە داراییەکان کەڕوویان لەکەرکوك دەکرد لە (پ.د.ك) و(ی.ن.ك) ەوە سەرچاوەیان گرتبوو. دیسان زۆربەی کارمەندانی هێزە ئەمنیەکان و بەرپرسانی ئیداری شارەکەش کورد بوون و جگە لەپارێزگاش سەرجەمیان سەر بەو دوو پارتە بوون.

1- Kurdistani Nuwe . 2006. " Iraq :Kirkuk Governor's Complaints Against Baghdad Regarding Article 140, "21 June (WNC).

٢ – گرفتەکە لەوەدا بوو کە هەرچوار پارتی پەیوەندیدار (بزوتنەوەی دیموکراسی میللی و پارتی رزگاری کوردستان و پارتی چارەسەری دیموکراسی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراسیخوازان) خاوەنی سەرچاوەی دارایی نەبوون و بنکەی جەماوەری ئەوتۆشیان نەبوو تا ئۆپۆزسیۆنێکی باوەڕپێکراو لەدژی هەردو پارتە فەراهەم بکەن.

٣- عەقید مایکلّ براودەر (Colonel Michael Browder)ئەفسەری ئەمریکایی و بەرپرس لە سەرلەنوێ رێکخستنەوەی هێزی پۆلیس داوای گەرەنتی نووسراوی لە(ی.ن.ك وپ.د.ك) کرد کەدەست لەکاروباری پۆلیس وەرنەدەن. هاوکات دەنگۆی ئەوەهەبوو کە(ی.ن.ك) ئامادەیە ئیمزا بکات بەلاّم(پ.د.ك) مەرجی ئەوەی دانا کە دەبێت حزبە عەرەبییەکانیس ئەو بەلێننامەیە ئیمزا بکەن.

کۆتایی هێنان بەنفوزی هەردو پارتە یان سنووردارکردنیان نەك هەر ئاسان نەبوو بەڵکو دەکرا کاردانەی پێچەوانەشی هەبێت چونکە هەردو پارتەکە بەپراکتیکی بۆخۆیان دامەزراوەی تۆکمەو بڕیاردەربوون لەکەرکووکدا.

لیژنەی ماددەی ١٤٠

لەهەمبەر پشتیوانیکردن لەحکومەتەکەی مالکی، هەردو پارتە کوردییەکە بەنووسراو گەرەنتی تەواوی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) یان بەدەستهێنا.

بەپێچەوانەی جەعفەری مالکی راشکاوانە پابەند بوو بەو بەڵێنە و ئەوەش لەو وتارەیدا رەنگیدایەوە کە لەئابی ٢٠٠٦دا پێشکەشکردو تیایدا بەرنامەی حکومەتی نوێی یەکێتی نیشتمانی ئاشکراکرد. بەپێی بڕگەی (٢٢)ی ئەو بەرنامەیەی حکومەت کە لە(٣٤) خاڵ پێکهاتووە" تەئکید لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوور کراوەتەوەو وادەش بۆ تەواوکردنی هەرقۆناغێك لەسێ قۆناغەکە دیاریکراوە".

بڕیاریش بوو قۆناغی ئاساییکردنەوە(بەسروشتیکردنەوە) کە گەڕاندنەوەی شارو شارۆچکەکانی بۆ سەر کەرکوك کە بەشێکبوون لەو پارێزگایە لەخۆگرتبوو، بەهاتنی ٢٩ی ئازاری ٢٠٠٧ تەواو بێت و لە ٣١ی تەموزیشدا سەرژمێری دانیشتوان بکرێت و دوا بەدوای ئەوەش لە ١٥ی تشرینی دووەمدا راپرسی سازبکرێت. لەحوزەیرانیشدا مالکی یەکەمین هەنگاوی پراکتیکی نا بەرەو پێکهێنانی لیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)[١]. هاوکات مشتومڕ لەسەر کۆی رووەکانی لیژنەکە کرا کە بەرەسمی بەلیژنەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەناسرێت. لەسەرەتادا ئەندامێتی لیژنەی ماددەی(١٤٠) بەم جۆرە بوو:

---

١ – دواتر لیژنەیەك بۆ سەرپەرشتی کردنی کاری لیژنەی ماددەی ١٤٠ لەبەغدادو هەولێر پێکهێنرا.

خشتەی ٩- ٥

ئەندامێتی لیژنەی ماددەی(١٤٠) لەسەرەتای پێکهێنانیەوە

ناو	پۆست	ئینتیمای سیاسی	نەتەوە/ تایەفە	تێبینییەکان
هاشم شبلی (سەرۆکی لیژنە)	وەزیری داد لەحکومەتی عێراقی	پارتی نیشتمانیی دیموکراسی/ لیستی نیشتمانیی عێراقییە	عەرەبی- سوننە	لەئازاری (٢٠٠٧) وازیهێنا
جەواد بولانی	وەزیری ناوخۆ لەحکومەتی عێراقی	سەربەخۆ/ ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی	عەرەبی- سوننە	
نەرمین عوسمان	وەزیری ژینگە لەحکومەتی عێراقی	(ی.ن.ک)/ هاوپەیمانیی کوردستانی	کوردی	
محەمەد ئیحسان	وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم /حکومەتی هەرێم	(پ.د.ك)	کوردی	
بابەکر سدیق کاکە رەش	ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆك	(ی.ن.ك) لیستی برایەتی کەرکوك	کوردی	
تەحسین کەهیە	ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك	یەکێتی ئیسلامی تورکمانی	تورکمانی- شیعە	لەنیسانی (٢٠٠٧) دەست لەکارکێشانەوەکەی لەلایەن سەرۆك وەزیر رەتکرایەوە(١)
جاسم محەمەد جەعفەر	وەزیری وەرزش و لاوان لەحکومەتی عێراقی	یەکێتی ئیسلامی تورکمانی / ئیئتلافی یەکگرتووی عێراقی	تورکمانی- شیعە	لەتشرینی دووەمی ٢٠٠٦ دەستیکێشایەوە
محەمەدخەلیل جبوری	ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك	گردبوونەوەی کۆماریی عێراق	عەرەبی- سوننە	لەشوباتی ٢٠٠٧ دەستی کێشایەو ە و لە نیسانی ٢٠٠٧ لەو هەنگاوەی پەشیمانبوەوە
ئاشور یەڵدا	ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك	بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووری	کلدو- ئاشووری	

١ - دیدارێکی نووسەر لەگەڵ (تەحسین کەهیە)،برۆکسل،٢٤ی حوزەیرانی ٢٠٠٨.

وادیارە پێکهاتەی لیژنەکە لەڕووی ئیتنیکییەوە بۆ ئەو ئەرکە گونجاو بێت کە سێ عـەرەب و سێ کوردو دوو تورکمان و یەك مەسیحی کارەکان جێیەجێ دەکـەن و ئـەوەش ڕەنگدانـەوەی وردو سیمای دیموگرافیای کەرکووکە. بەڵام دیسان دوو کەلێن لەئارادان، یەکەمیان نائامادەیی عەرەبی شیعەی دانیشتوانی کـەرکووك و دووەمیشـیان نـەبوونی تورکمـانی سـوننەیە یـاخود بەواتایەکی وردتر نوێنەری بەرەی تورکمانی.

بێگومان ئەو نائامادەییەش هەڕەمەکی نەبووە، چونکە کورد ئەوەیان سەپاندو پێیان وابوو بوونی نوێنەری بەرەی تورکمانی دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی خێرای ماددەکەدا.

ئەوەش بۆخۆی گرنگیەکی تایبەتی هەبوو چونکە دەبـوو بڕیارەکـانی لیژنەکـە بـەکۆدەنگی بێت و نەبوونی نوێنەری بەرەی تورکمانیش لەو لیژنەیەدا مانگرتنی (٩) ئەندامە تورکمانەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی بەدواوە بوو.

لای خۆشیەوە (عەلی مەهدی) ئەندامی ئەنجوومەنەکە رایگەیاند: هاوسەنگی لەپێکهێنانی لیژنەکەدا نییە و نوێنەری تورکمانیش لەلیژنەکەدا لەلایەن پارت و بزوتنەوە تورکمانیەوەکانەوە هەڵنەبژێردراوە١. تەنانەت ماس میدیا کوردییەکانیش نیشانەی پرسیاریان لەسـەر حیکمـەتی دوورخستنەوەی بەرەی تورکمانی لەبەشداریکردنیان لەلیژنەکەدا دانا.

بۆ نموونە رۆژنامەی(ئاسۆ) کە توندرەوی بەرەی تورکمانی رەتدەکاتەوە دەڵێت "ئێمە هێشتا دەزانین یەکلایی کردنەوەی ململانێکان بەبێ بوونی بەرە بەشێوەیەکی سروشتی بەدینایەت بۆیە گەرەکمان نییە بەرەی تورکمانی پشت گوێ بخرێت و ئیستفزاز بکرێـت٢.لەتشـرینی یەکەمـدا نیگەرانیەکانی تورکمان رەوییەوە کاتێك مالکی برِیاریدا یەکلایەنـە دوو ئەنـدام بـۆ لیژنەکـە زیاد بکات (ئەحمەد ئەلبەراك- عەرەبی شیعەی عـەلمانی) و(ئـەنوەر بەیرەقـدار- تورکمـانی سـوننی و سـەرۆکی پـارتی دادی تورکمـانی سـەر بەبـەرە). یەکـەمیان ئەنـدامی پێشـووی ئەنجوومەنـەی حـوکمڕانی و سـەرۆکایەتی لیژنـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی زەوی و زارو

1 رۆژنامـەی ئاسـۆ - Aso (BBC Monitoring International Reports).2006 . Iraqi Turkmen Leader Supports Kirkuk Normalization ,No Referendum û Paper ." 14 September (LN).

٢ - رۆژنامەی ئاسۆ

Aso (BBC Monitoring International Reports).2006 . " Iraqi Kurdish Newspaper " " Comments on Formation of
Kirkuk Status Committee ." 27 August (LN).

موڵکدارێتی دەکردو دانانیشی لەلیژنەکەدا ناکۆکبوونی لەسەر نەبوو بـەڵام هەڵوێسـتی کـورد لەبەرامبەر دانانی بەیرەقدار ساردو سڕییەکی پێوەدیاربوو.

قادر عەزیز، نوێنەری بـارزانی لەلیژنـەی جێبـەجێکردنی مـاددەی (١٤٠) رایگەیانـد: ئێمـە نارازین لەبەرامبەر زیـادکردنی تورکمانێـك لەبەرئـەوەی دانـانی ئەنـدامێکی نـوێی تورکمـان دژی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) ەو ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەکەدا دروست دەکات١.

وەك رێزگـرتنێکیش لەتەحـەفوزی کـورد لەسـەر ژمـارەی تورکمـان لەلیژنەکـەدا (جاسـم موحەمەد جەعفەر) لە ٢٢ی تشرینی دووەم دەست لەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد.

پێکهاتەی ئیتنیکی –تایەفی لیژنەکە سەرباری فرەییەکـەی کێشـەکانی سـادە دەکـردەوەو لەسەرەتاشدا کارەکانی لیژنەکە بەشێوەیەکی باش بەرەو پێشەوە هەنگاوی دەنا.

لەکۆتایی مانگی ئابدا لیژنەکە یەکەم کۆبوونـەوەی خـۆی سـازکردو (٥) لیژنـەی فـەرعی دروستکرد بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ رووە جیاوازەکانی ماددەی(١٤٠) و وادەشی بۆ تـەواوکردنی جێبـەجێکردنی هـەرقۆناغێك لەسـێ قۆناکە(ئاسـایکردنەوەو سـەرژمێریکردنی دانیشـتوان و راپرسی) دیاریکرد٢. هاوکات حکومـەتی عێراقـی دەستپێشـخەری کـرد لـەدابینکردنی (٢) ملیۆن دۆلار بۆخەرجی لیژنەی ئیـداری و بەڵێنیشـی دا بەدەسـتەبەر کردنـی (٢٠٠) ملیـۆن دۆلاری تر بۆ قەرەبووکردنەوەی خەڵکانی ناوچە دابڕاوەکان (ئەوانەی ئەو ناوچانە چۆڵ دەکەنو ئەوانەش کە بۆ ئەو جێگایانە دەگەڕێنەوە)٣.

لەناوەڕاستی کانوونی یەکەمدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان گەشبینی خۆی بەئاسۆی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ پیشاندا.

هەروەها ئاماژەیکرد بەدوا کۆبوونەوەی خۆی لەگەڵ نوری مالکی لەبەغداد" ئەز ئاسوودەم بـە هەڵوێسـتی سـەرۆك وەزیـرو سـەرۆکی لیژنەکە..چـونکە هەرهـەموویان تەئکیـد لەسـەر

1- Hawlati (BBC Monitoring International Reports). 2006 . " Iraqi Kurds Object TO Adding Turkmen TO Kirkuk Committee ." 26 October (LN).

٢- بڕیاربوو تاکۆتـایی تـەموز قۆنـاغی یەکـەمی ئاسـایی بوونـەوە تـەواو بێـت و قۆنـاغی دووەمیش(سـەرژمێری دانیشـتوان) لەناوەڕاستی مارس و هەرچی قۆناغی سێیەم(راپرسی)یشە لە ناوەراستی تشرینی یەکەم ئەنجام بدرێت.

٣- لیژنەی ماددەی ١٤٠ تەنیا بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکوك نییە بەڵکو بۆ سەرجەم ناوچەکانی عێراقە وەك لە مـاددەی (١٤٠/٥٨)دا ئاماژەی پێکراوە بە(جێناکۆك) بەڵام روون نیە کە ئاخۆ تەوافوق هەیە لەسەر ئـەوەی ئـەو ناوچـانە سـەر بەگروپێکـە یاخود لەسەر شێوازی دیاریکردنی سنووری ئەو ناچانە.

بەدەستووری بوونی ماددەکەو جێبەجێکردنی دەکەنەوە...لەڕاستیدا ئەوەی لە بەغداد بینیم جەخت لەسەر سووربوونیان لەجێبەجێکردنی ئەو ماددەیە دەکاتەوە١. رەنگە ئەوە ترۆپکی گەشبینی کورد بووبێت لەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا.

ئەگەر کۆدەنگیەکی فراوان لەنێوان لایەنە ناکۆکەکان هەبووایە لەسەر گشت رووەکانی ماددەی ١٤٠ کە هەوڵێك بوو بۆ راستکردنەوەی سیاسەتەکانی رژێمی پێشوو ئەوا چوار بڕیارە یەکەمییەکانی لیژنەکە مشتومڕی فراوانی بەدوادا نەدەهات٢.

بەپێی ئەو بڕیارانە رێگە بەگەڕانەوەی ئەو راگوازراوانە بۆ کەرکووك دەدرا کە لەماوەی نێوان ١٩٦٨- نیسانی ٢٠٠٣ راگوازرابوون لەگەڵ قەرەبووکردنەوەیان بەپارچە زەویەك و ١٠ ملیۆن دینار.هەروەها گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەوانەی کەرژێمی پێشوو لە وەزیفەکانیان لەکەرکووك دووریخستبوونەوە.

دیسان قەرەبووکردنەوەی عەرەبە هاوردەکانی کەرکووك بەبڕی ٢٠ ملیۆن و پارچە زەوییەك.

هاوکات لیژنەکە سەرجەم ئەو گرێبەستانەی هەڵوەشاندەوە کە موڵکداری زەویەکانی دابووە ئەو عەرەبانەی لەچوار چێوەی هەڵمەتی تەعریب کردندا نیشتەجێکرابوون٣. هەروەك دواتریش موحەمەد ئیحسان روونیکردەوە، ئەو بڕیارانە هەربەتەنیا کەرکووك ناگرێتەوە بەڵکو گشت ناوچە جێناکۆکەکان لەخانەقینەوە تا شەنگال دەگرێتەوە٤.

ئەو مشتومڕەی لەسەر ئەو بڕیارانە هاتنە ئاراوە پەیوەست بوون بەوەی کە ئایا عەرەبی هاوردە جگە لەناچارکردن بۆ ئەوەی بڕۆن بژاردەیەکی تر لەبەردەمیاندا هەیە یان نا؟ ئەو زمانە عەرەبییەی بەڵگە نامە ئەسڵییەکەی پێداڕێژرابوو ئاماژە بەناچاربوون دەکات بەڵام راپۆرتەکان

1- Kurdistan Satellite TV. 2006 . " Iraqi Kurdish PM Says Breakthrough Made Talks with Baghdad ." 20 December (WNC).

٢- لەگوتاری سەرجەم لایەنەکانی کەرکوك بەبەرەی تورکمانی و گردبوونەوەی کۆماریشەوە لەرووی مەبدەئییەوە بانگەشە بۆ پشتیوانیکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور دەکەن.

٣- دوا بڕیار ئەو زەویانەش دەگرێتەوە کە بەزۆر لەخاوەنەکانیان داگیر کراون بۆدروستکردنی سەربازگە تیایاندا.

4 -Kurdistan Satellite TV .2007 . " Iraqi Kurdish Minster Says Nobody to be Forced to Leave Kirkuk ". 8 February (LN).

باسیان لەوە دەکرد ئەو زمانە ئەوە نەبووە کە ئەندامانی لیژنەکە لەسەری ڕێکــەوتوون کاتێـك ڕەزامەندیان لەسەر بڕیارەکان داوە١.

هاوکات لێدوانی بەرپرسانی کورد لەتەشویش خستنە سەر پرسەکە زیـادیکردو دەمێکـیش لەکەناڵی ئەلجزیرەوە پرسیار لە(موحەمەد ئیحسان) کرا لەبارەی بڕیارەکان، ئەو تەئکیدی لەوە کردەوە کە سروشتی بڕیارەکان خۆبەخشانەیەو ناچارکردن نییە بەڵکو هەڵبژاردنە.

ئەو کوردانەی کە لەو ناوچانەوە ڕاگوازراون ناچار نـاکرێن بـۆ ناوچـە ئەسـڵیەکانی خۆیـان بگەڕێنەوە هەروەك چۆن عەرەبی هاوردەش ناچار نەکراون بۆ زێدی خۆیان بگەڕێنەوە٢.

پاش هەفتەکیش (ڕزگار عەلی) نەیارانی بڕیارەکانی لیژنەکەی بە شۆڤێنیســت و پاشمـاوەی بەعسی هەولوەشاوەو تیرۆریست وەسفکردو وتی "ئێمە ناتوانین هەر بەعەرەب بڵێین کـەرکووك بەجێبهێڵن بەڵکو بەهەموو ئەو خێزانانە دەڵێین کە لەشارەکەدا نیشتەجێ کراون، پێویستە بـۆ ناوچە ئەسڵیەکانی خۆیان بگەڕێنەوە٣.

بڕیارەکان لەزۆر ناوەندا کاردانەوەی تونـدیان لێکەوتــەوە، (موحەمــەد خـەلیل) ئەنـدامی لیژنەی ماددەی ١٤٠ کە ئیمزای لەسەر دەقــی ئەسـڵی بڕیارەکـان کردبـوو هەڕەشـەی دەسـت لەکارکێشانەوەی کرد گەر بێتوو بڕیارەکان هەموار نەکرێنەوەو وتی: ئێمــە ئــەو بڕیـارە تازانـە ڕەتدەکەینەوەو بەراگواستنی بەزۆری دادەنێین٤.

هاوکات دەستەی زانایانی موسڵمانیش کە ڕێکخراوێکی ئـایینی عــەرەبی ســوننی خـاوەن نفوزێکی فــراوانن و پەیوەنـدیان بەبــەرەی تەوافوقــەوە هــەبوو ســەرکۆنەی بڕیارەکـانی کـردو

١- گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان، ICG, ٢٠٠٧-٦.

٢ - کـەناڵی ئـەلجزیرە. Al-Jazera (BBC Monitoring International Report).2007 ." Iraqi Kurdish Minister Denies Forcible Deportation of Arabs From Kirkuk ." 8 February (LN).

3 - Muhammed ,A. 2007. " Article 140 to Translate Talks about Kirkuk to Deeds ." The Kurdish Globe ,14 February.

4 –Senanayake ,S. 2007 . " Iraq : Committee Decision Increases Tensions in Kirkuk ." Radio Free Europe /Radio Liberty , 8 February (www.rferl.org /featuresarticle/2007/02/3a63f415-eb59-4a80-b97e-64c245661555.html)

رایگەیاند: پرۆسەی پاکتاوکردنی نەژادی لەپارێزگای کەرکوك لەلایەن ژمارەیەك پارتی سیاسی دیارکراوەوە ئەنجام دەدرێت١.

لە٩ی شوباتدا لەشاری کەرکوك نزیکەی هەزار کەسایەتی سوننی و شیعی لەکۆنگرەیەکدا لەژێر دروشمی "عێراقی بوونی کەرکوك و یەکێتی عێراق" دا بەشداییان کرد کە لەو شارەدا بەرێوە دەچوو.

ئەو کۆنگرەیە وەك نارەزاییەك بوو لەدژی بڕیارەکان و هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە وا لەدانیشتوانی کەرکوك دەکات پەنا بۆ بەگری چەکداری بەرن٢.

بەهەمان ئاراستە وتەبێژی بەرەی تورکمانی رایگەیاند: دەکردنی بڕیاری لەو جۆرە لەکاتێکی وەك ئێستا پێکدادانی نێوان نەتەوەکانی بەدواوە دەبێت.

هاوکات نوێنەری موقەدا سەدر لەکەرکوك بەڵێنیدا کە" ئێمە نە بەهێزو نەبەشتی تر کەرکوك بەجێناهێڵین"... خۆگەر کوردیش ناچارمان بکەن لەشارەکەدا بڕۆین ئەوا کاردانەوەی مەترسیدار لەدژیان روودەدات٣.

جگە لەوەی کە ناوەڕۆك و زمانی دەقی بڕیارەکان مشتومڕی لێکەتەوە، دیسان لەرووی یاسایشەوە نائارامی دروست دەکرد.

لای خۆشیەوە کورد رایگەیاند: کە بڕیارەکانی لیژنەکە هێزی یاسایی خۆیان هەیەو پێویست بەئیمزای سەرۆك وەزیر ناکات تابچنە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام کورد لەتوانایدا نەبوو بێ هاوکاری حکومەتی عێراقی بڕیارەکان جێبەجێبکات.

پەسەندکردنی چوار برشیارەکەش لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە تا ٢٩ی ئازاری خایاند و ئەو دواکەوتنەش پاساوی خۆی هەبوو بەتایبەتیش لەپاش تەقینەوەکەی کۆتایی شوبات کە سەربازگەیەکی کردبوە ئامانج و لەگەڵ خۆیدا بارودۆخێکی ناهەمواری هێنابووە ئاراوە.

١-سەرچاوەی پێشوو.

2 - Al-Bayyina, (BBC Monitoring Middle East). 2007 " البينه "

" Iraqi Shi'I leader in Tehran , Seeks to Revive U.S.- Iran Dialogue on Iraq. " 9 February (LN).

3 - Senanayake,S. 2007 ." Iraq: Committee Increases Tensions in Kirkuk." Op.cit.

جگە لەوەش سروشتی ناکۆکبوونی بڕیارەکان خۆیان و دواکەوتنەکەش تووڕەبوونی بەرپرسانی کوردی لێکەوتەوە١.

لە٣١ی ئازاردا (هاشم ئەلشبلی) سەرۆکی لیژنەکە بەماوەیەکی کەم لەدوای پەسەندکردنی بڕیارەکان لەلایەن حکومەتەوە دەستی لەکارەکەی کێشایەوە٢و روونیشیکردەوە، کە لەکاتی تاوتوێکردنی بڕیارەکاندا هیچ زۆر لێکردنێك نەبووەو بڕیارەکانیش بەهێز جێبەجێ ناکرێن٣.

دەبوو ئەو لێدوانانە یارمەتی دەر بێت لەرەواندنەوەی خەمی ئەوانەی ترسیان لەراگواستنی بەزۆری عەرەب هەبوو بەڵام لەراستیدا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو لەهێوکردنەوەی ئەو نارەزایەتیەی لەدژی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لەئارادابوو.

پەنگخواردنەوەی زیاتری کورد و تورکمان

بەهاتنی سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ و بەرەو پێشچوونی کیسەڵ ئاسای پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)، ئەنقەرە روو بەرووی ئەگەری ئەوەبوەوە کە بەکۆتایی ساڵ کەرکووك بکەوێتە ژێر چەپۆکی کوردەوە. بەڵام بژاردە(ئۆپشن)ەکانی تورکیا سنووردداربوون، هەرچی دەستێوەردانی راستەوخۆی سەربازیی بوو ئەگەرێکی دوور بوو ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك.

هاوکات بەرەی تورکمانیش لەرووی هێزی سیاسیەوە نەیدەتوانی رێگری بکات لەجێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش تەنیا هێز بوو کاریگەری راستەقینەی لەسەر کورد هەبێت.

ئەوەی بارودۆخی ستراتیژیی کوردی ئاڵۆزکردبوو، زنجیرە پەلامارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان بوون لەدژی ئامانجەکانی تورکیا کە لەئایاری ٢٠٠٧ بەدواوە لەبنکەکانیان لەکوردستانی عێراقەوە دەستیان پێکرد لەوانەش کردەوەیەکی خۆکوژی کە لە ٢٢ی ئایار لەئەنقەرە ئەنجامیان داو تیایدا (٨)کەس کوژران و پتر لە(١٠٠) کەسی تریش بریندار بوون.

١- بۆنموونە قادر عەزیز، نوری مالکی تۆمەتبار کرد بە بەفیڕۆدانی کات، دواجار تا کۆتایی بەپاساوی بەپاساوی ئەوەی وادەکەی بەسەرچووەو کاتی ئەوە لەبەردەستدا نەماوە دەکرێت ماددەی ١٤٠ وەك دیفاکتۆیەك بەسەر کورد دا بسەپێنرێت. بڕوانە: Plani, S. 2007 ." Iraqi Kurdish Official Criticizes PM's æ Negative Attitude' on Kirkuk Article." Aso (BBC Monitoring International Reports)12 March (LN).

٢ - سەرباری پروپاگەندەی ماس میدیاکان، ئەلشبلی ئەوەی رەتکردەوە کە دەست لەکارکێشانەوەکەی پەیوەندی بە ناکۆکی لەگەڵ حکومەت و لیستی عێراقیەوە هەبێت. هەرچەندە دەوترێت سەرۆك وەزیر بەنیازی گۆڕینی بووە بەڵام ئەو پێشتر وازی هێناوە.

3 - Hurst ,S . R. 2007. "Iraq Endorses Contentious Plan to Relocate Arabs from Kirkuk ." Associated Press, 31 March.

دیـاره ئـەوەش هەڵبــژاردنی پەرلــەمان(لەنیســانی ۲۰۰۷) و ســەرۆکایەتی(لەتەمووزی ۲۰۰۷)دا دووچاری مەترسی سیاسی کردەوە، بەتایبەتیش مەترسی بۆ سەر سیاسیەکانی نێــو پارتی دادوگەشەپێدانی فەرمانڕەوا.

بۆیە گرتنە بەری هەڵوێستێکی ئاشتەوایی و ئاسانکارانە لەبەرامبــەر کــەرکوك و پرسـی کورد ترسی ئەوەی هەبوو لەلایەن پارتی کاری ناسیونالیزمی پەڕگیرو راستەڕەوی تورکیاوە کــە لەباری بوژانەوەدا بوو موزایدە بکات۱.

تورکیا کاردانەوەیەکی توڕەی هەبوو لەبەرامبەر مەرسومێکی مەسعود بارزانی ســەبارەت بە داگرتنی ئالای عێراقی هەربۆیە زنجیرەیەك هەڵمەتی دژ بەیــەك لــەنێوان هــەولێرو ئەنقــەرە رووی لە هەڵکشان کرد.

لەئــەیلوولی ۲۰۰٦دا شــاندێکی پەرلــەمانی تورکیــا ســەردانی هــەرێمی کوردســتانی کــرد بــۆ هێورکردنەوەی ئەو نائۆقرەییەی کە لەئارادابوو بەڵام ئەوە دەرئەنجامێکی تەواو پێچەوانەی لێکەوتەوە.

تۆرهان جۆمیز پەرلەمانتاری بەرچاوی پارتی دادوگەشــەپێدان لەگەڕانەوەیــدا بــۆ ئەنقــەرە سوکایەتی بەدەستکەوتەکانی کورد کردو چەندان دەســتەواژەی نــاجۆری بــەکارهێناو نــاڕەزایی پیشاندا بەوەی کە پێویستە هەرگیز راپرسی نەکرێت چونکە شەڕی ئەهلی بەرێوەیە۲.

هاوکات رەجەب تەیوب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیریش لەکانوونی دووەمی ۲۰۰۷دا بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا ئاماژەی بەوە کرد شەرشێکی ناوخۆی گەورە لەکەرکووك سەرهەڵدەدات، ئەگەر رێگە بەسازدانی راپرسی بدرێت هەربۆیە ناکرێت تورکیا وەك تەماشاکەرێك لەکورسیەکانی دواوە لەدیمەنی عێراق بڕوانێت۳.

۱- هەڵبژاردنەکانی ۲۰۰۷ی تورکیا سەلماندیان کە هەڵبژاردنێکی ئاڵۆزو پڕناکۆکین. یەکێك لەو بڕیارە سەیرانەی کەپارتی دادوگەشە پێدان دای ، پێشکەشکردنی پاڵێوراوێکی ئیسلامی بوو بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار کــە کــە بــۆ ســەردەمانێك ئــەو پۆســتە پەناگــەی عەلمانیەت بوو لەدژی ئیسلامگەرایی.

2-Anatolia .2006. "Turkish Deputies Visit North Iraq ,Draft Report ,Warn Against Kirkuk Referendum ." 6October (WNC).

جۆمیز رایگەیاند کە دەچیتە کەرکوکەوە هەست بەپشێوی دەکەیت ،، کەئەوەش دەرئەنجامی ئەو جەنگەیە کە بەهۆی خۆنەســازاندنی ٦٠٠ هەزار کورد لەگەڵ ژیانی شارەکەدا هاتوەتە ئاراوە.

Turkish Daily News. 2006 ." Comez Reports on Tour of Northern Iraq." 8 October (LN).

3 - Civaoglu, G.2007." Bleachers and Mevlana ." Milliyet (Internet Version – WWW), 18 January (WNC).

پەیمانگەی ستراتیژی نێودەوڵەتی تورکیا_ Turkish Gloal Strategy Institue، لەئەنقەرە میوانداریێتی کۆنگرەی "کەرکووك ٢٠٠٧"ی کرد.

بۆ بەشداریکردن لەو کۆنگرەیەدا داوەتنامە ئاراستەی سەرجەم پێکهاتەئیتنیکیەکانی عێراق کرا جگە لەکورد نەبێت کە داوایان لێکرابوو بۆچوونی نووسراوی خۆیان پێشکەش بکەن.

لەبەرامبەر دا سەرانی کوردو حکومەتی عێراقیش سەرزەنشتی سازدانی کۆنگرەکەیان کردو بەدەستێوەردانێکی بیٚ پاساو لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەسفیان کرد.

بەوجۆرە نائۆقرەییەکان لەشوباتدا رووی لەهەڵکشان کرد کاتێك بەرپرسی لقی دیاربەکردی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی سەر بەکورد تۆمەتبار کرا بەهاندانی نەژادپەرستی کاتێك وتبووی " هەرهێرشێك بۆ سەر کەرکووك هێرشکردنە بۆ سەر دیاربەکر"١. دواتریش بارزانی هەڕەشەی ئەوەیکرد کە رێگە بەتورکیا نادرێت دەست لەپرسی کەرکووك وەربدات و بەدەستێوەردانیشی ئەوا ئەوانیش دەست لەکاروباری دیار بەکرو شارەکانی تری تورکیا وەردەدەن٢.

لەبەرامبەر ئەو لێدوانانەدا "کورساد توزمان" وەزیری دەوڵەتی تورکیا ئەوانەی ئاگادارکردەوە کەوەك ئەو وتی دۆستی تورکیا نین دەبێت چەپۆکی پۆڵاینی وڵاتەکەیان بچێژن٣.

جگە لەلێدوانەکانیان، تورکیا هەڵمەتی دیپلۆماسی خۆی چڕکردەوە بەمەرامی پەیداکردنی پشتیوانی لەپێناو دواخستنی راپرسییەکەدا.

دواتریش ئەنقەرە پلانی خۆی بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی کەرکووك لەکۆبوونەوەیەکی داخراوی پەرلەمان کە لەکانوونی دووەم بەڕێوەچوو ئاشکرا کرد.

بەپێی پلانەکە دەبوو هەمواری دەستوور بکرێتەوە بۆ دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) و بارودۆخی کەرکووکیش بۆماوەی (١٠) ساڵ بخرێتە ژێر چاودێریی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە٤.

---

1 - Milliyet . 2007. " DTP To Invite Talabani, Barzani To Celebrate Nevruz in Diyarbakir." 26 February (WNC).

2 - Mroue , B. 2007 ." Kurdish Leader Warns Turkey Not to Intervene in Kirkuk ." Associated Press World stream ,7 April(LN).

3- Anatolia . 2007 ."Turkey Minister Tuzmen Views Barzani Remarks , Threatens æIron Fist'." 9April (WNC).

4. 2007. "Turkish Government Said to Propose 10-Year UN Control of Kirkuk ." 19 January (LN).-

بەڵام بێگومان کورد مافی ڤیتۆی هەیە لەهەمووارکردنی دەستوورو بەڵنیایشەوە ڕێگە بەهەر هەوڵێك نادەن بۆ گۆڕینی ماددەی(١٤٠) ١، بۆیە باشترین دەرفەت لەبەردەم تورکیادا ئەوەبوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قایل بکات بەوەی گوشار بخاتە سەر کورد بۆ ڕازیبوونیان بەدواخستن بەڵام واشنتۆن بۆخۆی لەپرسی کەرکووکدا تێوەگلابوو.

پەرەسەندنی هەڵوێستی ئەمریکا لەکەرکووکدا

هەتاوەکو سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ ویلایەتە یەگرتووەکانی ئەمریکا لەزۆرجاردا پارێزگاری لە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆی دەکرد لەمەسەلەی دووڕپەرێزبوونی لەجێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)دا.

دیارە هەڵوێستی واشنتۆن ئەوەبوو کە پێویستە دەستووری عێراقی بەتەواوەتی جێبەجێ بکرێت و داهاتووی کەرکووکیش لەلایەن عێراقیەکان خۆیانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بەبێ دەستێوەردانی دەرەکی –تەنانەت لەدوای جاڕدانی ڕاپۆرتی بیکەر- هاملتۆن Baker- Hamiltion، کە لەلایەن گروپی لێکۆڵینەوەی عێراقی- Iraq Study Group لەکانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوکرایەوە.

ئامۆژگاری ژمارە(٣٠) لەراپۆرتەکەدا کەرکوك بە (بەرمیلێك بارود) وەسفدەکات و داوای دواخستنی راپرسییەکە دەکات، ئەمە جگە لە نێوبژیوانی نێو دەوڵەتی بۆ بەدوورگرتن لە سەرهەڵدانی کاری توندوتیژی نێوان پێکهاتە جیاوازەکان٢.

راپۆرتەکە لەلایەن سیاسییە کوردەکانەوە کاردانەوەیەکی دوژمنکارانەی لێکەوتەوەلەکاتێکدا ئەو ئامۆژگارییە سەبارەت بە پرسی کەرکوك لەلایەن جۆرج بوشی سەرۆکی ئەمریکاوە پشتگوێخرا، کاتێك ستراتژی خۆی راگەیاند بەرەوانەکردنی هێزی سەربازیی نوێ بۆ عێراق لەساڵی داهاتوودا٣.

---

١ – ماددەی ١٤٢کە لەدواساتەکان لەدەستووردا نووسرا، وەك هەوڵێك بوو بۆرازیکردنی عەرەبی سوننە کە بەو پێیەش باس لە پرۆسەیەکی کاتی دەکرێت لەپێناو هەمووارکردنی دەستوور بەڵام لەگەڵ پێدانی مافی ڤیتۆی کوردی کە دەکرێت لەو چوراچێوەیەدا دوو بۆ سێی دەنگدەرانی ٣ پارێزگا یان زیاتر هەر هەمووارکردنێك رەتبکەنەوە کە نەیخوازن.

٢- بۆ بینینی تەواوی راپۆرتەکە بڕوانە ئەم سایتە: www.usip.org / isg / Iraq-study-group-report/ report/ 1206/Iraq-study-group-report.pdf.

٣- بۆ زانیاری زیاتر لەسەرکاردانەوە جۆراوجۆرەکان کەزۆربەیان سلبیبوون وەك ئەوەی لەراپۆرتی بیکەر-هاملتۆندا هاتووە بڕوانە گۆڤاری ئەلەکترۆنی:

Stratigic Insights (Volume VI, Issue 2) ,especially O'Leary B.,"Iraq's Future 101:The Failings of the Baker-Hamilton Report,"

لەناوەڕاستی کانوونی دووەمدا روس ولسن- Ross Wilson، باڵیۆزی ئەمریکا لـەتورکیا سەرلەنوێ تەئکیـدی لەسـەر هەڵوێسـتی نـەگۆڕی وڵاتەکـەی کـردەوەو رایگەیانـد: پێویسـتە داهاتووی کەرکووك لەلایەن عێراقیەکان خۆیانەوە بڕیاری لەسەر بدرێت١. دوای هەفتەیەکیش نیکۆلاس بیرنز —Nicholas Burns، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا سەردانی ئەنقەرەی کـرد بـۆ ئـەوەی پـەیامێکی هاوشـێوە بگەیـەنێت٢. یەکـەمین ئامـاژە بـۆ روودانـی سـوکە گۆڕانکاریەك بەڵام گرنگ لەهەڵوێستی ئەمریکا لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٧ دا بوو، کاتێك گەورە بەرپرسـێك لـەوەزاراتی دەرەوەی ئـەمریکا سـەرلەنوێ جـەختی کـردەوە لەسـەر هەڵوێسـتی وڵاتەکەی بەرامبەر بە جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) بەڵام پێداگریشی کرد لەسەر ئـەوەی کـە پێویستە کەوتنەوەی هەر دەرئەنجامێك نیگەرانی سەرجەم لایەنەکان لەبەرچاو بگیرێت.

هێماشیکرد بەرووداونی گۆڕانکاری لەسیاسـەتی پەیوەسـت بـە ئەگـەری دواخسـتنی ئـەو ماددەیەو وتی " ئێمە هەڵوێستمان لەدیارکردنی کاتدا نییەو خۆمان لەقەرەی ئـەو مەسـەلەیە نادەین، دیسان بۆ ئێمە نییە کە بڵێین دەبێت وادەکە لە ٣١ی کانوونی دووەمدا بێت یان نا٣.

لەتەمووزدا زاڵمای خەلیل زاد، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لەعێراق لەرۆژنامەی نیویۆرك تایمز وتارێکی بڵاوکردەوەو تیایدا داوای دەستێوەردانی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لەچارەنووسی پرسی کەرکووکدا.

بەوتەی خەلیل زاد پێویستە نێردەیەکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان روو لـەعێراق بکـات و سەرپشك کرابێت لەیارمەتیدانی چارەسەرکردنی بارودۆخی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان٤.

---

www.ccc.nps.navy.mil/si/2007/Mar/introMar07.asp

1- MENA . 207." U.S. Ambassador :Future Of Kirkuk To Be Determined by Iraqis ." 16 January (WNC).

٢- بەوتەی برنز(Burns) ئاسودە دەبین کاتێك گوێبیستی دەسەڵاتدارانی تورکیا بـین بـەڵام ئـەوەی زۆر گـرنگترە مامەڵـەکردنی دەسەڵاتدارانی عێراقە لەگەڵ ئەو پرسەدا.

3 -(Turkish Daily News. 2007." U.S. Says Kirkuk Decision Up to Iraqis ."20 January)

٤- زاڵمـای خـەلیل زاد: Khlilzad, z.2007 ."Why the United Nations Belongs in Iraq."New York Times,20 July (www.nytimes.com /2007/07/02/opinion/20khalilzad.html? r =2&oref=slogin)

بەهاتنی مانگی ئاب هەڵوێستی ئەمریکا خۆی لەلێدوانێکی راین کرۆکەر- Ryan Croker ی باڵیۆزی نوێی ئەو وڵاتەدا دەبینیەوە کە رایگەیاند: زۆر دووره دەرفەت هەبێت راپرسییەکە بەر لەوادەی دیارکراوی خۆیدا کە کانوونی یەکەمە سازبکرێت١.

لەبەر ئەوە کاتێك وەرزی هاوین تەواو بوو کورد تەواو بێ دەرەتان بوون لەپێداگریان لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) لەکاتی دیارکراوی خۆیدا.

ماددەی (١٤٠)جێی پرسیارە

سەرباری ئەوەی سەرکردایەتی کورد تا درەنگانێك باوەڕی نەدەکرد بەحەتمیەتی دواکەوتنی جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) لەوادەی خۆیدا تا ئەو کاتەی بەر لە دوو رۆژ لەوادەی جێبەجێکردنی قۆناغی یەکەم لەکۆی هەرسێ قۆناغی پرۆسەکە باوەڕی هێنا، کاتێك ئەنجوومەنی وەزیران رەزامەندی پیشاندا لەسەر ئەو چوار بڕیارەی کە یەکەمجار لەلایەن لیژنەی ماددەی(١٤٠)ەوە دەرکرابوو.

ئەوەبوو لەگەڵ ئەو پێشکەتنە کەمەی لەقۆناغی ئاسایی کردنەوە بەدیهاتبوو بەڵام وادەی جێبەجێکردنی قۆناغی دووەم (سەرژمێری دانیشتوان) کە لەتەمووزدا بوو بەسەرچوو٢. لەراستیدا مالکی تا مانگی ئاب سەرۆکی نوێی بۆ لیژنەی ماددەی ١٤٠ لەجێگەی ئەلشبلی دانەنا٣. سەرۆکی نوێی لیژنەکە کە(رائید فەهمی) وەزیری زانست و تەکنەلۆژیا بوو، کە یەکێك بوو لەسەرکردەکانی حزبی شیوعی عێراق کەوەك پەرلەمانتارێك لەسەر لیستی عێراقییە هەلبژێردرابوو.

---

1 - Senanayake, S." Iraq: Kirkuk Referendum Likely to be delayed ." Radio Free Europe/ Radio Liberty ,13 September

٢ - کاتی سازدانی سەرژمێری دانیشتوان بەسەرچوو،کە بڕیاربوو لەتەموزدا بکرێت ، ئەوەش گورزێکی کوشندە بوو درا لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، چونکە سەرژمێری دانیشتوانی گشتی کەرکوکیشی دەگرتەوە کە بڕیاربوو لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧ ئەنجام بدرێت کە ئەوەنەکرا.

٣- کورد گەیشتە ئەو باوەڕەی کە حکومەت پەنا بۆ خۆدزینەوە دەستی دەستپێکردن دەبات بەڵام دۆزینەوەی کەسێك کەلای هەمووان پەسەندبێت و ئامادەبێت "کاسی ژەهر" بنۆشێت

کە خۆی لە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ دا دەبینێتەوە کارێکی وائاسان نەبوو.

دواكەوتنی جێگرەی ئەلشبلی و هاوكارینەكردنی وەزارەتە پەیوەندیدارەكانی عێراق لەگـەڵ لیژنەكەدا كوردی گەیانادە ئەو باوەڕەی كە حكومەتی بەغـداد بـێ بـەڵێن دەرچـووە لەپابەنـد نەبوونی بەدەستوورەوە.

لەكۆتایی تەمووزدا سەرۆك مەسعود بارزانی حكومـەتی بـە "دەسـتی دەسـتی پێكـردن" تۆمەتباركردو لەهەڵگیرسـاندنی شـەڕی نـاوخۆش وریـای كـردەوە گـەربێتوو مـاددەی(١٤٠) جێبەجێ نەكرێت١.

لەهەمان كاتدا لەگەڵ هاتنی سەرەتای حوزەیران شـێوازی وتارەكـانی بـارزانی گۆڕانكـاری بەسەردا هات.

لەوتەیەكیدا كە لە ١٩ی حـوزەیران لەشـاری دهـۆك پێشكەشـی كـرد تەئكیـدی لەسـەر دژایەتیكردنی خۆی بـۆ دواخسـتنی ماددەكـە (بـەبڕیارێكی سیاسـی) كـردەوە، بـەڵام دانـی بەوەشدانا كە ئەگەر دواخستنەكە بۆكاتێكی كەمەو هۆكارەكانیش تەكنیكین نەك سیاسی ئـەوا دەكرێت پەرلەمانی كوردستان بڕیارێك لەوبارەیەوە دەربكات٢.

ئامادەبوونی بارزانی بـۆ جیـاوازیكردن لـەنێوان هۆكـاری تـەكنیكی و هۆكـاری سیاسـی لەمەسەلەی دواخستنەكەدا گـرنگ بـوو لەبەرئـەوەی دواجـار دەرفـەتی بەخشـیە چارەسـەری تەوافوقی و میانگیری٣.

لەراستیدا ئاستەنگە تەكنیكیەكان كە رێگر بوون لەجێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠دا خۆیـان لە دەیان هەزار سكاڵای پەیوەست بە كێشەی موڵـداری لەكـەركووك دەبینییـەوە كـە لـەڕووی یاساییەوە كاری لەسەر نەكرابوو.

ئەمە جگە لە هەزاران كەس كە دەبوو بەرەو كەركووك یـان لەكەركووكـەوە بگوازرێنـەوە، لەگەڵ تەواوكردنی بەڵگەنامە پێویستەكان.

دیسان دەبوو ئەو چوار ناوچەیەی كەركووك كە رژێمی پێشوو لێی دابڕیبوو بگەڕێنەوە سەر پارێزگاكە١.

1-Hendawi, H. " Kurdish Leader Warns of " Civil War" over Kirkuk ." Associated Press World Stream,31 July.

2- Kurdistan Satellite TV (BBC Monitoring International Reports). 2007. "Iraqi Kurdish Leader Hints at Accepting Delay on Kirkuk Article."19 June (LN).

٣ - لەراستیدا لەحوزەیراندا لەرۆژنامەی هاوڵاتیدا هاتبوو كە جەلال تاڵەبانی لەگەڵ سەرۆك بوش پێكهاتووە لەسەر درێژكردنەوەی كاتی دیاریكراو بۆ جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠.

هەموو ئەوانەش پێویستیان بە کۆدەنگی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی هەبوو، هاوکات دەبوو سەرجەم ئەو ئاستەنگە تەکنیکیانە کەنەك هەر لەکەرکووك بەڵگو لەگشت ناوچە دابڕاوەکانی تر کە ماددەی ١٤٠ دەیگرتنەوە، هەڵبگیرێن٢.

لەو روانگەیەشەوە مەزەندەی (راین کرۆکەر) سەبارەت بە دواکەوتنی ئەنجامدانی راپرسیەکە لەوادەی خۆیدا دەبڕینێکی لەبار بوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) بەردەوام بوو سەربای ئەوەی دواکەوتنی شتێکی حەتمی بوو.

لەکۆتایی ئەیلولیشدا نەرمین عوسمان، جێگری سەرۆکی لیژنەی ماددەی ١٤٠ رایگەیاند: نزیکەی (٢٠٠٠) کەس لەعەرەبی هاوردە رازیبوون بە قەرەبووکردنەوەو گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئەسڵیەکانی خۆیان و زۆربەی بەندەکانی ماددەی(١٤٠) یش جێبەجێکراون٣.

بەوتەی نەرمین عوسمان بڕیار وایە لەناوەڕاستی تشرینی دووەمدا سەرژمێری تەواوی دانیشتوان لەپارێزگای کەرکووکدا بکرێت لەلایەن وەزارەتی پلاندانانەوە بەڵام روون و ئاشکرا بوو کە بەهاتنی ناوەڕاستی تشرینی دووەم ٤، پرۆسەی ئاساییکردنەوە بەئاراستەی راوەستان چەقیبەستبوو.

لەو قۆناغەدا لەکۆی (٣٦) هەزار داخوازی کە لەکوردو عەرەبەوە پێشکەش کرابوون تەنیا هەزار داوایان تەماشا کرابوون٥.

رێککەوتنی عەرەبی- کوردی

١- بڕوانە فەسڵی دووەم بۆئاشنا بوون بە وردەکاری و نەخشەی پەیوەست بەو گۆڕانکاریانەی لەگەڵ تێپەڕبوونی کات بەسەر سنووری ئیداری کەرکوکدا هاتووە.

٢- هەوڵەکان بۆ زەمینە سازی لەناوچەجێناکۆکەکان بۆ لکاندنیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەئەیلولی ٢٠٠٦ دەستپێکردن کاتێك بارزانی نێردراوی بۆ ئەو ناوچانە رەوانە کرد تا لەرووی ئیداریەوە بەحکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ببەسترێنەوە.دەستپێشخەرییەکەی بارزانی هاوکات بوو لەگەڵ دەنگدانی هەردو ئەنجوومەنی مەندەلی و خانەقین بۆ بەرژەوەندی وونە سەر ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

3 - Agence France Press.2007. "Thousands of Iraqi Arabs Paid to Leave Kirkuk."27 September.

4 - Rozhnama (BBC Monitoring International Reports). 2007. "Census to be Held in Oil-Rich Kirkuk in Mid-Nov 2007."4 October.

چاوەڕوان نەدەکرا لەو کاتەدا (عەلی بابان) وەزیری پلاندانانی عێراق کە سەر بەحزبی ئیسلامی عێراقی بوو پەرۆش بێت لەگەڵ خواستی کورد لەکەرکوکدا.

5- Moutot ,M.2007. "Trouble on the Doorstep of Kirkuk 's Disputed Homes ."Agence France Press,21 November.

لەگەڵ پەککەوتنی پرۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠)، لەسەرتای تشرینی دووەمدا لەناکاو گۆڕانکاری لەگۆڕەپانی سیاسی کەرکووکدا روویدا، کە مایەی پێشوازیکردن بوو ئەویش بەراگەیاندنی رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان لیستی برایەتی کەرکووك و گردبوونەوەی کۆماریی عێراق کە خۆی لەعەرەبەکانی کەرکووکدا دەبینییەوە.

بەپێی بەندەکانی رێککەوتننامەکە هەر پێکهاتەکی سەرەکی دەبێتە خاوەنی ٣٢٪ی پۆستە ئیداریەکانی کەرکووك. هەروەها بەپێی رێکەتننامەکە دامەزراندن لەسەرجەم ئاستەکاندا بوو هەر لە بەڕێوەبەرەکانەوە تا کرێکارەکان، لەگەڵ تەرخانکردنی ٤٪ بۆ مەسیحییەکان.

هەروەها لیستی برایەتی کەرکووك رێکەوت لەسەر دانانی عەرەبێك وەك جێگری پارێزگارو یەکێکی تریسش وەك جێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری.

لەدوای جێبەجێکردنی بەندەکانی رێککەوتننامەکەش ئەندامانی گردبوونەوەی کۆماری کە ژمارەیان (٥) کەس بوو لەنێو ئەنجوومەنی پارێزگاکەدا لە ٤ی کانوونی یەکەمدا گەڕانەوە بۆ سەر کارەکانیان و بەوەش بەڕەسمی کۆتاییان بەبایکۆتکردنەکەیان هێنا کە ماوەیساڵێکی خایاند.

لای خۆشیەوە هاورد کیگان- Howrd Keegan، لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رێکەتننامەکەی بە گرنگ وەسفرکد بەڵام وتیشی ئەوە هەنگاوێکی بچووکە بۆ ئاشتەواییەکی درێژخایان١. لەرووی ستراتیژییەوە رێککەوتنەکە بۆ کورد گرنگ بوو لەبەر ئەوەی کەلێنی خستە نێوان ئەو هاوپەیمانێتیەبەرژەوەندیخوازیەی لەنێوان تورکمان و عەرەب تاتشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ بوونی هەبوو.

بەو رێککەوتنە کوتلەی تورکمانی لەدەرەوەی ئەنجوومەنەکە دووچاری گۆشەگیریەکی خنکێنەر بووەوە.

هەرچەندە فۆرمێك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسان پێشکەش بە کوتلەی تورکمانی کرابوو وەك ئەوەی ماوەیەکی زۆربوو داوای دەکرد، بەڵام ئامادە نەبوو کۆتایی بە بایکۆتکردنەکە بهێنێت و بەپرسێکی تورکمانیش تەئکیدی لەوە کردەوە کە کێشەکانی کەرکووك بەقەرەبووکردنەوەی لایەنێك و پەراوێزخستنی لایەنێکی تر چارەسەر ناکرێت٢.

1 -Faryer, L.2007."Arab Lawmakers Win Power-sharing Deal,Return to Kirkuk-area Council After Yearlong Boycott."Associated Press,4 December.

2-Ibrahim,M.2007."Arabs and Kurds Reach Accord in Iraq's Kirkuk." Agence France Presse, 3December.

بەوتەی کیگـان ڕێکەتنەکـە بەچەشـنی رازیبـوونێکی ناوەخنانـەی لایـەنی عەرەبییـە بـە دەسـتووری عێراقـی لەنێویشـیدا مـاددەی(١٤٠)، بـەلآم لەگـەڵ ئەوەشـدا پابەنـدبوونێکی راشکاوانە ئاشکرا بەدی نەکرا.

لەماوەی چەند مانگێکدا کوتلەی عەرەبی داوای هەڵپەساردنەوەی جێبەجێکردنی مـاددەی ١٤٠و هەڕەشـــەی بایکۆتکردنـــەوەی ئەنجوومەنەکـــەی کـــرد لـــەپای دواکـــەوتنی کـــورد لەجێبەجێکردنی بەندەکانی ڕێکەتننامەکە.

تەنیا چیاکان دۆستن

ئەو ساڵەی کە دەبوو تیایدا بەسـەرکەوتوویی کۆتـایی بـە گەڕانـەوەی"قودسـی کـورد"ی بهێنرێت لەرووی سیاسیەوە ساڵێکی دژوار بوو.

لەگـەڵ تێپـەڕبوونی رۆژەکـانی سـاڵ کـورد تـەواو گۆشـەگیر بـوون و لەهەوڵـەکانیان بـۆ جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠).

لەکانونی دووەمدا راپـۆرتێکی سـالآنەی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتوەکان سـەبارەت بـە مافەکانی مرۆڤ لەعێراق هۆشیاری دەدات لەو "تەنگـژە ناکـاوگیرە"ی کـەرکووك دەگرێتـەوە لەگەڵ دیاریکردنی رەوشی ناهـەمواری کـەرکووك بەتایبـەتیش ئـەوەی پەیوەسـتە بـە مـافی کەمینەکانی عەرەب و تورکمان کە لەروانگەی مافەکانی مرۆڤەوە بەمایەی نیگەرانیـەکی زۆر وەسف کراوە١.

بلآوکردەوەی ئەو راپۆرتـە لـەبارەی بـارودۆخی کـەرکووك کـە بەشـێك بـوو لـەو زنجـیرە راپۆرتانەی گروپی قەیرانە نێودەوڵەتیەکان(خاوەن پێگەیـەکی بـاوەڕپێکراوە) بـلآوی کردنـەوە، ئاماژەیەك بوو بۆ کەمبوونەوەی هاوسۆزی لەگەڵ کورد لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.

هەر لەو راپۆرتەدا رەخنە لەپێداگری کورد کرا لەسەر ئەنجامـدانی راپرسـیەکە و لەهـەمان کاتیشـدا بەهەڵوێسـتێکی دیراسـە بۆنـەکراو وەسـفیدەکات و سـەرلەنوێ تەئکیـد لەسـەر ئامۆژگاریەکی پێشووتر دەکاتەوە سەبارەت بە بەخشینی بارودۆخێکی تایبەت بـە کـەرکووك(

پارادۆکسەکە لەوەدا بوو کە (عەلی مەهدی) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك پێشنیازی فۆرمی (٣٢+٣٢+٣٢+٤)کـرد بـۆ دابەشکردنی دەسەلآت.

1 -UN Assistance Mission to Iraq (UNAMI) .2006."Human Rights Report."1November-31 December:3
www.uniraq.oug/Filelib/misc%20Report%20Nov%20Dec%202006EN.pdf.

هەرێمێکی فیدراڵیی سەربەخۆ)، کە پشت بە فۆرمێك ببەستێت لەدابەشکردنی دەسەڵاتی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکان بەیەکسانی١(ICG April 07).

پاشان رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ HRW لەمانگی تەمووزدا لەراپۆرتێکیدا هێزە ئەمنییە کوردیەکان تۆمەتبار دەکات بەئەنجامدانی پێشێلکاری فراوان لەوانەش مومارەسەکردنی ئەشکەنجەدان وپشتگوێخستنی بنەما یاساییەکان.

هەتاوەکو ساڵی ٢٠٠٧ زۆربەی رۆژنامەنووسانی خۆرئاوا هەرێمی کوردستانیان بە مێرگێکی نیمچە ئارام و پەرەسەندو لەجێبەجێکردنی پێوەرەکانی دیموکراسی وەسف دەکەن بەڵام لەناوەڕاستی ٢٠٠٧دا گێڕانەوەو سەربوردەیەکی جیاواز سەرهەڵدەدات کە تیایدا باس لەپێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و گەندەڵیو مەحسوبیەت دەکرێت لەئیدارەی کوردیدا.

لەکۆتایی ساڵدا گەورە ماس میدیاکانی ئەمریکا کورد بە زیادەڕۆ وەسفدەکەن لەمەسەلەی پەیوەست بە بۆندە نەوتییەکان و هەڵوێستیان لەسەر پرسی کەرکووك٢.

لەراستیدا کورد لەسەر هەردو پرسەکە لەلایەن سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی ناوخۆوە دژایەتی دەکرا.

لەپرسی نەوتدا کورد لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە دەستی کرد بە واژۆکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکانی کنەکردن و بەرەپێدان و بەرهەمهێنانی نەوت لەهەرێمی کوردستاندا٣. بەهاتنی کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی هەرێمی کوردستان واژۆی لەگەڵ پتر لە (٢٠) کۆمپانیای جیهانیدا کرد و یاسای هایدرۆکاربۆنی تایبەت بە هەرێمی کوردستانی لە ئابی ٢٠٠٧دا دەرکرد.

1-International Crisis Group.2007.Iraq and the Kurds:Resolving the Kirkuk Criss.Middle East Report 64,19April:177-18.

٢- بۆنموونە بڕوانە:

O'hanlon,M.,and O. Taspinar."Time for Kurdish for Realism." The Washington Post,18 February:A15;Radio Free Europe/Radio Liberty.2008."Iraq Kurdish Ambitions Generate Backlash."26January, Rubin,A.2008."Kurds' Power Wanes as Arab Anger Rises." The New York Times,1February. www.nytime.com/2008/02/01/world/middleeast/01kurds.html?scp=2&sq=kurds&st=nyt);Oppel,R.A.2007."Kurds reach New Oil deals,Straining Ties With Baghdad."The New York Times,4 October.
www.nytimes.com/2007/10/04/world/middleeast/04/kurds.html?scp-=3sq=kurds&st=nyt.

٣- کۆمپانیای (DNO)ی نەرویژی یەکەم کۆمپانیا بوو گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیمزا کردو بەدواشیدا کۆمپانیای Western oilsandsی کەنەدایی هات.

لای خۆشیەوە حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقی رایگەیاند، ئەو گرێبەستانە بەبێ رەزامەندی وەزارەتەکەیان ئیمزا کراون و نایاسایین، لەگەڵ ئەوەشدا ئە پاساوانەی کە شەهرستانی پشتی بێبەستبوون ئاشکراو روون و نەبوون١.

جگە لەوەش شەهرستانی هەڕەشەی بێبەشکردنی هەرکۆمپانیایەکی کرد کە بۆندی لەگەڵ کورددا ئیمزا کردبێت بەوەی چیتر ناتوانێت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی گرێبەست واژۆبکات و رێگەش نادرێت هێڵە نەوتییەکانی عێراق لەگواستنەوەی نەوتی بەرهەم هاتوودا بەکاربهێنرێن.

هەرچی کوردیشە بەماددەی(١١١) ی دەستوور داکۆکی لەهەڵوێستی خۆی دەکرد بەوەی ئەو ماددەیە مافی ئەوەیان بەخشیوەتە هەرێمەکان نەك حکومەتی فیدراڵی لەوەی کۆنترۆڵی گشت شتێك بکەن جگە لە "کێڵگەکانی ئێستا" نەبێت، ئەمە جگە لەپەنابردنیان بۆ ماددەی(١١٥)ی دەستوور کە ئاماژە بە دەسەڵاتی هەرێمەکان دەکات و لە تایبەتمەندێتی حکومەتی فیدراڵیدا نییە.

کورد بەهانەیەکی بەهێزی یاسایی و دەستووریی لەدەستدا بوو لەوەی بۆندە نەوتییەکان لەگەڵ رۆحی دەستوور و دەقەکەیدا دێنەوە٢.

بەڵام لەغیابی یاسای هایدرۆکاربۆنی فیدراڵیدا پێناسەی "کێڵگەکانی ئێستا"و دیاریکردنیان پێویستیان بەچارەسەری یاسایی هەبوو٣. دیسان پرسێکی تر بۆ کورد هاتە ئاراوە ئەویش ئەوەبوو کە ئاخۆ کێڵگە نەوتییەکانی ناوچە جێناکۆکەکان دەکەنە ژێر رکێفی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی بەشێکن لە هەرێم٤.

---

١ - نازانرێت گرێبەستیە نەوتیەکانی کورد کام یاسا ئەگەر هەبێت پێشێل دەکەن.

٢ - مەبەست لەدەستەواژەی (کێڵگەکانی ئێستا) لەماددەی ١١٢مەبەستدارە واتە ئەو کێڵگانەی لەداهاتوودا دەدۆزرێنەوە هەرچەندە بەرێوەبردنی ئەو کێڵگانەی کە لەداهاتوودا دەدۆزرێنەوە نەدراونەتە دەسەڵاتی هەرێمەکان بەڵام بەپێی هەر شرۆڤەکردنێکی شیاو بۆماددەی ١١٥ ئەو دەسەڵاتە دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمەکان.

٣ - سەرباری ئەوەی پەرلەمانتاران زیاتر لەساڵێك لە مشتومڕی یاسای نەوت و گازی فیدراڵی و نووسینەوەی رەشنووسەکەیدا بوون بەڵام ناوەڕۆکی ناکۆکی ئامێزبوو بەجۆرێك تامارسی ٢٠٠٨دەنگی پێنەدرا. لەراستیدا بۆ کورد یەکێك بوو لەناڕەزاییە سەرەکیەکان. ئەوەبوو کێڵگەکانی نەوت لەهەرچوار پاشکۆی رەشنووسی یاساکەداهاتبوو. هەرچی کوتلەکانی تری وەك سەدرو کوتلەعەرەبیە سوننەکانیشە رەشنووسی یاساکە بەلایانەوە پەسەند نەبوو لەبەرئەوەی دەسەڵاتێکی ئەوتۆ ناداتە حکومەتی ناوەندی لەبەرێوەبردنی پیشەسازی نەوتیدا.

٤ - لەنێو بۆندەکانی بەرهەمهێنان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەرەتای تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ رایگەیاندبوو گرێبەستێك بوو لەگەڵ کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی کوردستانی بۆ برەودان بە کێڵگەی نەوتی خۆرمەڵە. بەگشتی ئەو کێڵگەیە بەشێکە لە کێڵگەی کەرکوك بەلام دەکەوێتە زەوییەکانی پارێزگای هەولێرەوە کە ئەوەش وادەکات بەشێك بێت لەهەرێمی کوردستان.

ئارەزووی کورد لەوەی کێڵگە نەوتییەکانی ناوچەکەیان یەکلایەنە بـرەوی پێبـدرێت نـەبووە هۆی پەیداکردنی دۆستی زۆر بەڵکو ئەوەی کورد پێیگەیشت لـەکانوونی دووەم و لـە میانـەی دانوسـتانەکاندا سـەبارەت بـە بودجـەی فیـدراڵی بـۆی روونبـوەوە ئـەویش دوور کەتنـەوەی کوتلەکانی تر بوون لێی.

کورد چووە دانوستانەوەو سووریش بـوون لەسـەر قەرەبووکردنـەوەیان لەلایـەن حکومـەتی فیدراڵی لەبەرامبەر خەرجی بڵاوکردنەوەی هێزی پێشمەرگە لەدەرەوەی هەرێم بەڵام لەکۆتاییدا دووچاری ململانێیەکی دژوار بوونەوە، تەنانەت لە پارێزگاریکردن لەپشکی بودجەکەیان، کـە لە١٧٪ بوو لەبودجەی فیدراڵی١.

ئەوەی کوردی زیاتر نیگەران کردبوو هاوپەیمانێتی بەربڵاوی نێوان کوتلـە سـوننی و شـیعە جیاجیاکان بوو بەناوی"لێکتێگەیشتنی نیشتمانی" لە بەرەنگاریبوونەوەی خواستەکانی کـورد لەبارەی نەوت و بودجەو کەرکووك٢.

مەرگی ماددەی ١٤٠

لەکاتێکدا سەرانی کورد کەوتبووە شـەڕێکی گرانـەوە لەگـەڵ بەغـداد لـەپێناو پارێزگـاریکردن لەئاستی ئەو پارەپێـدان(تمویـل) ەی کـە بـۆ هـەرێمی کوردسـتان لـەئارادابوو، ئـەوەبوو لـەرووی سیاسییەوە لەئاستێکی ئەوتۆدا نەبوون کە پێداگری بکەن لەچارەسەرکردنی دۆزی کەرکووك٣.

بـەر لـە نزیکـەی هەفتەیـەکیش لـەکۆتایی هـاتنی وادەی دیـاریکراو بـۆ جێبـەجێکردنی مـاددەی(١٤٠)، سـتیڤان دی میسـتورا - Stefan De Mistur a ، نێـردراوی تایبـەتی نەتـەوە یەکگرتووەکان رۆڵی نێوبژیوانی گێڕا لەگەیشتن بە رێکەتن لەسەر دواخستنی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بۆ ماوەی شەش مانگ.

١- کوتلە سیاسیەکان بگرەو بەردەیەکی زۆریان کرد لەوانەش کوتلەی سوننی و سەدرییەکان لەوەی کە دەبێت پشکی کورد لە ١٧٪ ەوە بۆ لە١٣٪ کەمبێتەوە.

٢ - پێدەچوو رێکەوتنی "یاداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نیشتمانی"کە ١٥٠ پەرلەمانتاری فـرە ئینتیمـای لـەخۆگرتبوو زۆرینـەی پێکدەهێنا کە ئەوەش پەرەسەندنێکی مەترسیداربوو بۆ سەر بەرژەوەندی سیاسەتی کوردی.

٣ - هەرێمی کوردستان لەمەسەلەی بودجەدا بەتەواوەتی پشت بە بەغداد دەبەستێت ، جگە لـەوەش زۆربـەی داهـاتی بەردەسـتی هەردوحزبە کوردییەکە لەحکومەتی ناوەندییەوە دێن. لەبەرئەوە تەمویلی حکومەتی ناوەندی گرنگە بۆ ئابووری هەرێم و هێشتنەوەی هەردوپارتەکە لەپێگەی هەژمونگەرایی سیاسی خۆیاندا.

دوای ڕێکەوتەکەش لەلایەن پەرلـەمانی کوردسـتانەوە بەزۆرینـەی دەنـگ لـەکۆتایی کـانوونی یەکەمدا پەسەند کرا بەڵام ڕێککەوتنەکـە لـەبری ئـەوەی پرسـەکە دوابخـات هیچـی نـەکرد جگـە لـەهێنانی چـەند تـوخمێکی نـوێی ئـاڵۆز نـەبێت. بۆنموونـە روون نـەبوو کـە ئەگـەر دواخسـتنی جێبەجێکردنی ماددەکە لەوادەی خۆیدا کە دەستوور بڕیاری لەسەرداوە، واتـەی ئەوەیـە کـە ئـەو ماددەیە رەتکراوەتەوە هەروەك ئەوەی زۆرێك لەنەیارانی مـاددەی(١٤٠) جـەخت لـەوە دەکەنـەوە. بەهەمان شـێوە پەنهانییـەك بەهەلومـەرجی یاسـایی ڕێککەوتنـە نارەسمیەکـەی نێـوان نێـردراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و سەرکردایەتی کوردی و نوری مالکی سەرۆك وەزیرەوە دیاربوو لەوەی کـە ئایـا دەکرێت بەپراکتیکی بەندەکانی ماددەیەکی دەستووری بگۆڕدرێت.

لەچەند بارێکی هاوشێوەی پەیوەست بە دواکەوتنی جێبەجێکردنی وادە دەستوورییەکان بۆنموونـە ماددەی(١٤٢)، لەگەڕان بەدوای چارەسەردا بە پەنابردن بۆ دەنگدان لەسەر درێژکردنـەوەی وادەکـە لەلایەن پەرلەمانەوە کۆتایی دەهات.

بەڵام بێگومان هەرهەوڵێك بۆ درێژکردنەوەی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەدەنگـدانی پەرلەمان شکستی بەدواوە دەبوو، چونکە لەلایەن نەیارانیەوە کـەزۆربوون دژایـەتی جێبـەجێکردنی دەکرا، هەربۆیە دواجار ئەوچارەسەرەی کە کورد ناچاربوون پەسەندی بکەن گواسـتنەوەی ماددەکـە بوو بۆ بەردەم دادگای باڵایدەستووریی فیدراڵی بۆداوەری کردن. بەڵام لەسـەروبەندی ئامادەکاریـەکان بۆ گواستنەوەی ماددەکە، لە٤ی شوباتدا نوری مالکی بڕیاریدا بەهەڵپەساردنی کارکردن بـەماددەی (١٤٠). ئیتر لەو خاڵەدا چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك لەسەر بنەمای ماددەی(١٤٠) تـەواو دوور ئاستەم بوو.

بەشی چوارەم

داهاتووی کەرکووك: ڕەهەندەکانی چارەسەری تەوافوقی

فەسڵی یەکەم

ململانێ لەسەر کەرکووك

کێشەکانی پەیوەست بەجێبەجێکردنی پرۆسەکە

ماددەی (١٤٠) بۆچارەسەرکردنی کێشەیەکی ئاڵۆز –داهاتووی کەرکووك و ناوچەدابڕێنراوەکان نووسراوە- و شکستهێنانیشی خزمەت بە رزگاربوون لەکێشە بنەڕەتیەکە ناکات.

جاگەر بخوازرێت چارەسەرێکی باش بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە ك بۆ عێراق جێگەی بایەخێکی زۆرە، ئەوا گرنگە بزانرێت کەبۆچی ماددەی(١٤٠) بێتوانا بووە لەدەستە بەر کردنی ئەو چارەسەرەدا.

بێگومان کارێکی کۆمەڵێك فاکتەر رۆڵیان هەبووە لەشکستی ماددەی(١٤٠)دا لەوانەش ئەو ئاڵۆزییە یاسای و لۆجستیەی کە پرۆسەکە هەیەتی، ئەمە جگە لەهەڵکشانی هێزی دژ بەمادەی (١٤٠) لەسەر ئاستی فیدراڵیو بەرتەسکبوونەوەی نفوزی پارتە کوردییەکان.

هەروەها دەکرێت بووترێت کەپشت بەستنی سەرانی کورد بەستراتیژێکی هەڵە دیسان پشکی هەبووە لە شکستهێنانی ماددەی (١٤٠). بەڵام فاکتەری یەکلایی کەرەوە دەقی ماددەکە خۆیەتی.

بەواتایەکی تر ماددەی (١٤٠) بۆخۆی ئامرازێکی گونجاو نیە بۆ ئەوەی کورد ئامانجـەکانی خۆی بەدەستبهێنێت.

ئالۆزییە یاسای و لۆجستیەکانی ماددەی(١٤٠)

لەڕووی تیۆرییەوە بەندەکانی ماددەی ١٤٠ زۆر سـادەیە، بـەجۆرێك ئـەو کەسـانەی کـە رژێمی پێشوو دووریخستوونەتەوە یان رایگواستوون دەگەڕێنرێنەوە سەر ماڵو مـوڵکی خۆیـان، هەروەها ئەو کەسانەش کە تازە هێنراونەتە ناوچە دیاریکراوەکان، بگەڕێنرێنەوە بۆ سـەرزێدی ئەسڵی خۆیان و نیشتەجێبکرێنەوە وەك قـەرەبووکردنێکیش پارچـەیەك زەوی و بڕێـك پارەیـان پێبدرێت، لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گۆڕینی سنووری ئیدارەی پارێزگاکـە، کـە لەلایـەن رژێمی پێشوەوە وەك زوڵمێك دەستکاریی کراوە.

تەواو کردنی ئەو قۆناغەش بەر لە گەیشتن بە چارەسەری هەمیشـەیی "ناوچـە دابڕاوەکـان لەوانەش کەرکووك کارێکی پێویست بوو".

خۆ ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت چاوپۆشی لەگرفتەکانی هەردو قۆناغەکانی تـر بکـرێن لەگەڵ ئەوەی ئەم بەندانە سەرجەم ناوچە دابڕاوەکان دەگرێتـەوە ئـەوا جێبـەجێکردنی قۆنـاغی یەکەم لەپرۆسەکە دووچاری ئالۆزی تەکنیکی و لۆجستی بوەوە و بـالاترین دەزگـای لێهـاتووی ئیداریشی هیلاك دەکرد.

لەکۆی ئە چوار رەگەزە کە پرۆسەکە لەخۆی دەگرێت —گەڕانەوەی راگوازراوەکان (زۆربـەیان کوردن) و سەرلەنوێ نیشتەجێکردنەوەی هاوردەکان(الوافدین) کە زۆربـەیان عـەرەبی شـیعەن- لەگەڵ چارەسەری کێشـەی موڵکـدارێتی و گەڕانـەوەی سـنووری ئیـداری کـەرکووك بـۆ بـەر لەدەستکاریکردنی لەلایەن رژێمی بەعسەوە، دەسەڵاتدارانی کـورد تـەنیا دەسـەڵاتی زۆریـان بەسەر رەگەزی یەکەمدا هەبوو.

دوا بەدوای کەوتنی کەرکووك لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە گەڕانەوەی کـوردانی راگـوازراو دەسـتیپێکرد وزۆری گـەڕاوەکانیش بـێ خـانوو ومـاڵ بـوون لەشـارەکەدا. هەربۆیـە کێشـەی موڵکدارێتی لەئارادا نەبوو بەڵام دیسان قـەزاو ناحیەکوردییـەکانی دەرەوەی کـەرکووکیش ئـە گرفتەگەورەیە نـەبوو، چـونکە عـەرەبی هـاوردە لەزۆربـەی حاڵەتەکانـدا بـەر لەگەڕانـەوەی دانیشتوانە رەسەنەکەی کە کورد بوون ئەو جێگایانەیان بەجێهێشتبوو.

ئەو مەسەلە لۆجستیانەی کە پەیوەستبوون بە وردبوونەوە لــەدەیان و بگــرە ســەدان هــەزار کورد لەدەستەبەرکردنی پێداویستی بنچینەیی وەك کارەباو شوێنی نیشــتەجێبوون وچــاودێریی پزیشکی و تۆڕی ئاوو ئاوەڕی پێویست هەموو ئەوانە سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی ژێــر خــانی کەرکووکیان دەخواست، بەڵام هــەرگیز نەویلایەتــە یــەکگرتوەکان و نەحکومــەتی عێــراقیش سەرچاوەی دارایی دابین دەرکرد.

کورتهێنان لەو بودجەیەی کە حکومەتی عێراقــی بۆکــەرکوکی تــەرخان دەکــرد بــەواتای ئەوەی کە دەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگەی پارتە کوردییەکانەوە سوود بەژێرخانی ئابووری کەرکوك بگەیەنێت، دواتریش لەلایەن ئــەمریکاوە لەرێگــەی بەرنامــەی تیمــەکانی سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکانەوە هاوکاری ژێرخانی ئابووری کەرکووك دەکرا.

لەگەڵ ئەوەی گرفتەکانی پەیوەست بــەراگوازراوانی کــورد لەســەر ئاســتی جێبــەجێکردنی قۆناغی ئاســایی کردنــەوە لــەماددەی ١٤٠گرفتگــەلێکی ســادەی ئیــداری بــوو بــەڵام پارتــە کوردیەکانکە کۆنترۆڵی بەڕێوەبەرایەتیە پەیوەندیدارەکانیان کردبــوو لەتوانایانــدا هــەبوو زەوی دابین بکەن بۆ ئەو کوردە گەڕاوانەی کەپێویســتیان پێیبــوو، لەکاتێکــدا زۆربــەی گــەڕاوەکان لەپارێزگا کوردییەکانی ترەوە گەڕابوونەوەو ئەوەش گرفتی گواستنەوەی بەڵگەنامــەکانی تــەواو کەمکردبوەوە.

چارەنووسی ئەوەی کە بە(هاوردە)کان ناودەبران تەحەددیــەکی لۆجســتی زۆر گــەورەتر بــوو بەجۆرێك دەبوو جیاوازی بکرێت لەنێوان توێژەجیاوازەکانی هاوردەکاندا.

ئەوەبوو زۆرێکیان لەو گەڕەکانــەدا نیشــتەجێ کرابوونــەوە کــە لەلایــەن رژێمــی پێشــوەوە دروستکرابوون لــەپێناو کارئاســانی پرۆســەی تــەعریبکردنی شــارەکە، لەکاتێکــدا بەشــێکی تریشیان راستەوخۆ جێگەی دانیشتوانی رەسەنی شارەکەیان گرتبوەوە.

توێژی سێیەمیش لەهاوردەکان هــاتبوون بــۆ کــڕینی ئــەو موڵــك وماڵانــەی کــە لــەپاش دوورخستنەوەی خاوەنی ئەسڵی چەند دەستێکی کردبوو.

بێگومان ناچارکردنی هاوردەکان بەرۆیشــتن یــاخود بەجێهێشــتنی شــارەکە بەخواســتی خۆیــان پرسێکی پڕ لە مشتومڕ بــوو. قــەرەبوو کردنــەوەی ئەوانــەی کــە بۆخۆیــان بەجێهێشــتنی شــارەکە هەڵدەبژێرن پێویستی بە بڕیارێکی سیاســی هــەبوو بــۆ ئــەوەی قــەبارەی قەرەبووکردنەوەکــە دیــاری بکات، کەئەوەش تەنیا لەئازاری ٢٠٠٧ بڕیاری لەسەردراو بۆ ئەو مەبەستەش پارەی پێویستی بــۆ

تەرخانکراو ئەو کارەش لەکۆتاییەکانی هاوینی ۲۰۰۷دا بەدیهات و پرۆسەی دەرکردنی چێکی بانکیش لە۳۰ ئەیلوولی هەمان ساڵ بۆ ئەو خێزانە عەرەبانە دەرچوو کە لەکەرکووك دەڕۆیشتن.

جگە لەوەش پرۆسەکە پێویستی بەهاوکاری چالاکانەی فەرمانبەرانی پارێزگا ئەسڵییەکان هەبوو بۆ گواستنەوەی کارتی نیشتەجێبوون و کۆبۆنی خۆراك ودابین کردنی زەوی بۆ گەڕانەوەیان.

لەزۆربەی حاڵەتەکانیشدا فەرمانبەرانی دەزگا بیرۆکراسیەکانی ئەو پارێزگایانە شیاوی ئەو ئەرکەنەبوون و ئارەزووی ئەوەشیان نەدەکرد کارەکا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ۱٤۰ رایی بکەن.۱

هەروەها پرۆسەکە پێویستی بەرەزامەندی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی عێراق هەبوو لەوانەش وەزارەتی ناوخۆ کەزۆرجار ئەو رەزامەندییە رادەگیرا.۲ یەکلایی کردنەوەی کێشەی موڵکداریێتی جۆرە ئالۆزییەکی لەخۆگرتبوو. دیارە سەرباری نوێکردنەوەی دەزگای ئیداری پەیوەست بەوکارە لە حوزەیرانی ۲۰۰٤ بەفەرمانی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی، بەڵام لەگەڵ هەڵپەساردنی ماددەی ۱٤۰ کەیسەکانی پەیوەست بە کێشەی موڵکداری کە ژمارەیان تەنیا لەکەرکووکدا(۵۰)هەزار کەیس بوو، پێشکەوتنێکی ئەوتۆیان بەدەست نەهێنا کە پێویستیان بەگرتنە بەری رێکاری ئیداری هەبوو.

وەك رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك رایگەیاند: لەوپارێزگایەدا بەتەنیا کەمتر لە ٦٪ی کێشەی موڵکداریێتی تاکۆتایی کانوونی بەکەمی ۲۰۰۷چارەسەرنەکراون، ئەمە جگە لەنەبوونی یارمەتی دارایی پێویست و کادێری ئیداریی لێهاتوو بۆ بەگەڕخستنی دەزگای بیرۆکراسی تایبەت بە سکاڵاکانی پەیوەست بەموڵکداریێتی.

دیسان کێشەی گەورەی نێو پرۆسەکە لەوەدابوو کەلەسەر حسابی لێهاتوویی و کارایی، ئەولەویەت درابووە دەستپاکی و شەفافیەت.

هاوکات بەپێی فەرمانێکی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی کە لەحوزەیراندا دەرچووبوو، سەرجەم سکاڵانی موڵکداریێتی پێویستی بەئامادەکردنی راپۆرتێك هەبوو تا لەلایەن لیژنەی خۆجێی تایبەتمەندەوە لایەنی یاسایی ئەو کەیسە وەك ئەو واقیعەی کە هەیە لەگەڵ پاساوی لایەنە ناکۆکەکان و رێنمایی راوێژکاری لیژنەکە بەپوختی ئامادە بکرێت.

---

1 -Kurdistan Nuwe. 2007. "Iraq's Kirkuk Governor Interviewed on Onership.Other Issues." 6 October (WNC).

۲- بۆنموونە ساڵی ۲۰۰۷، جەواد بۆلانی وەزیری ناوخۆی عیراق بەفەرمانێك گواستنەوەی بەڵگەنامەی باری کەسێکی لەپارێزگاکانەوە قەدەغە دەکات. ئەو فەرمانەش دوای ئەوەهات کە بەهۆی هەڵکشانی توندوتیژی تایەفییەوە پرۆسەیەکی راگواستنی فراوان ئەنجامدراو ئەوەش ئەو بۆکەسانەش بوون کە ماددەی ۱٤۰دەیگرتنەوە.

هەروەها دەکرێت ئەو یاسایەی کە دواتر لیژنەکە دەریدەکات لەماوەی شەش رۆژدا ئیستیئناف بکرێتەوە ئەویش لەرێگەی پێشکەشکردنی نارەزایی نامەیەك بەهۆبەی تەمییز لەبەغدادو ئەوەی پێویستیشە لەسەر دادنووسی فەرمانگەی تەمییز ئامادەکردنی راپۆرتێکی تر دەبێت لەسەر ئەو کەیسەو پێشکەشکردنی بەدادگای تەمییز تا دوا بڕیاری خۆی لەوبارەیەوە بدات.

هەڵبەتە پرۆسەکە وردو خاوێن بوو بەڵام شیاوی دەرکردنی بڕیارەکان نەبوو لەکاتی گونجاودو پێویست بۆ جێبەجێکردنی قۆناغی ئاساییکرددنەوە لەماددەی ١٤٠لەماوەیەکی دیاریکراودا.[١]

رەنگە بکرایە لەرەوشێکی ئارام و لەگەڵ هاوکاری دەزگایەکی ئیداری لێوەشاوەو بەئەزموون ودیسان لەگەڵ یارمەتی سیاسی و ئیداری لەگشت ئاستەکان پرۆسەی ئاساییکردنەوە بەپێی ماددەی ١٤٠لەکاتێکی دیارکراودا بەئەنجام بگەیەنرایە.

بەڵام عێراق کە لەشەڕی ناوخۆییدا نوقم ببوو دەوڵەتێکی شکشتخواردو بوو، هەرچی دەزگا ئیدارییەکەشی بوو لێوان لێو بوو بەگەندەڵی و کێشمەکێشی دەستەو گروپەکان.

ئەوەی کە بۆکوردیش کوشندە بوو فەرمانبەرەکانی ئەم دەوڵەت بوو کە لەسەرگشت ئاستەکان فەرمانبەری بیرۆکراسی و دژ بە پرۆژەکانی کورد بوون لەکەرکووکدا.

پەرەسەندنی هێزی نەیاری دژ بەماددەی ١٤٠

لەسەرەتادا لەسەرئاستی پارێزگا جۆرەسازاندنێکی رووکەش هەبوو سەبارەت بە زەرورەتی راستکردنەوەی هەموو ئەو تاوانانەی کەرژێمی پێشوو دەرهەق بەپێکهاتە ئیتنیکییە جیاوازەکانی کەرکووك ئەنجامیدابوو، بەجۆرێك کارئاسانی بۆ گەڕانەوەی کوردو تورکمان بکرێت بۆ سەر ماڵ و موڵکی خۆیان کە بەزۆرەملێی دەرکرابوون.

دیارە لەنێوان هەردو پێکهاتەی کوردو تورکماندا بەرژەوەندی هاوبەش هەبوو، جگە لەوەش کورد رووبەڕووی دژایەتیکردنێکی گشتگیر بووەوە لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆ خۆسەپاندن بەسەرشارەکەدا ئەویش لەرێگەی زیادکردنی ژمارەیانەوە.

١- ئامادەکردنی ئەم پرۆسەیە نموونەیەکی کلاسکییە لەسەر دوورکەوتنەوەی راوێژکارانی دەسەڵاتی ئیئتلافی کاتی لەشاری بەغدا لەراستییەکانی ژیانی رۆژانە لەعیراقدا.بۆ ئاشنابوون بەچارەسەرەکانی ئەو دوورکەوتنەوانە بڕوانە:

Chandrasekaran, R.2007.Imperial Life in the Emerald City :Inside Iraq's Green Zone. New York: Vintage.

بێگومان سیستمێکی لەو جۆرە بەبێ گرفت لەولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا یان ئەوروپای خۆرئاوا کاردەکات بەلام لەبەغدا کە رۆژانە دادوەران رووبەڕووی ناکاوکوژی دەبنەوە سیستمێکی بێ سوودوو ئالۆزە.

هاوپەیمانی عەرەبی_تورکمانی کە لەناوەڕاستی ۲۰۰۳دا سەریهەڵدا، هاوپەیمانێتیەکی سلبی بوو، واتە تەنیا پاساوی ئەو ڕێککەوتنە بۆ دژایەتیکردنی هەوڵەکانی کورد بوو لەکۆنترۆڵکردنی ئیدارەی شارەکەدا.

هەروەها هەردولا پێکەوە سووربوونی خۆیان لەسەررێگریکردن لەجێبەجێکردنی ماددەی۱٤۰بەگشتی وەك وەسیلەیەك پیشاندا، لەگەڵ ئەوەشدا هێزی نەیاری ناوخۆی دژ بە ماددەی ۱٤۰ڕاستەوخۆ هێندە بەرهەڵستکارێکی گرنگ نەبووە.

بایکۆتکردنی عەرەب و تورکمان بۆ ئەنجوومەنی پارێزگاکە کوردی لەو شەرعیەتە بێبەش کرد کە پێویستیان پێیبوو لەمومارەسەکردنی دەسەلاتێکی ئەکتیڤدا.

دیارە دەسەلاتەکانی ئەنجوومەنەکە دەسەلاتێکی سنووردا بوو بەجۆرێك ئەو کەیسە بایەخێکی لاوەکی هەبوو. ئەو بایکۆتکردنە کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئەو دیدەی کەجیهانی دەرەوە لێیەوە لەململانێی کەرکوکی دەڕوانی.

بەجۆرێك هێزی دژ بە پرۆژەکانی کورد لەکەرکووك و یەکبوونی ئەو بەرهەڵستکارییە توانییان زۆرێك قایل بکەن بەوەی کە سستبوونی پرۆسەی سیاسی بەپلەی سەرەکی دەکەوێتەئەستۆی کوردەوە. بەوپێیەش ڕێگری کردنی کورد لەدابەشکردنی دەسەلاتی یەکسان و وەك یەك لەگەڵ پێکهاتە ئیتنیکییەکانی تردا ڕەوایبوونی دۆزی کورد وگەڕانەوەی کەرکوکی بۆ سەرهەرێم لاواز کرد.

هاوکات ئەوەی تورکمان و عەرەب پێکەوە پێداگرییان لەسەر دەکرد کە گوایە جێبەجێکردنی ماددەی ۱٤۰ دەبێتە هۆی شەڕی ئەهلی، لەلایەن زۆربەی ماس میدیاکانەوە بەبێ لێووردبوونەوە پەسەندکراو بەوجۆرەش ئەگەری سەرهەڵدانی کاری توندوتیژی ببووە پاساوێك لەدژی ئەنجامدانی راپرسی۱.

بەتێپەبوونی کات دژایەتی ناوخۆیی لەگەڵ باشبوونی ئاستی ڕێکخستنی پەرەی سەند، ئەوەبوو ڕاستەوخۆ لەدوای جەنگ عەرەبی کەرکووك لەحاڵەتی پەرتبوون و شلەژاندندا بوون و بەتێپەڕبوونی کاتیش ئەو دەمەی هێزە ئەمنیەکوردییەکان عەرەبیان بەتوندی کردە ئامانج و

۱- بێگومان کوردیش هەندێك جار بۆخۆیان بەهەمان شێوە پەنایان بۆ بەکارهێنانی ئەو تەکنیکە دەبردو هەڕەشەیان لەبارزانی دەکرد ئەگەر بێتوو ماددەی ۱٤۰ جێبەجێ نەکرێت ئەوا شەڕی ڕاستەقینەی ئەهلی ڕوودەدات.

ڕۆیشتنی عەرەبی هاوردەش جا بەزۆر یان ئارەزوومەندانە بووبێت، عەرەبی کەرکووك بۆ داکۆکیکردن لەپرسەکەیان چوونە باری ئامادە باشییەوە.

لەساڵی ٢٠٠٦ ئەنجوومەنی راوێژکاریی یەکگرتوەی عەرەبی لەچوارچێوەی پارت و کوتلە جیاجیاکاندا پێکهێنرا، هەرچەندە ئەنجوومەنی راوێژکاریی عەرەبی خاوەنی ئەزموونێکی سیاسیی نیزامی نەبوو بەڵام رەمزێکی گرنگی بۆ یەکێتی عەرەبی لەبەرەنگاریبوونەوەی خواستەکانی کورد لەعێراق دابین کردو بووە پردێك لەنێوان بزوتنەوە عەرەبیەکانی ناوخۆی کەرکوك١.

هاوکات بوونی لایەنگرانی موقتەدا سەدرلەشارەکەدا هەمان وەزیفەیان هەبوو، کاتێکیش سەدر شکستی خوارد لەهەوڵەکانی بۆ دروستکردنی زەمینەیەك لەکەرکوك تا ملشیای سوپای مەهدی لەشارەکە جێگیر بکات، نوێنەرەکانی رۆڵێکی سیاسی گرنگیان بینی لەجۆشدان و دژایەتیکردنی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆی و نیشتمانیدا٢.

سەرئەنجامی سەرەکی ئەو دژایەتی و بەرەنگاریبوونەوەیەی کورد لەسەر ئاستی ناوخۆدا رێگە خۆشکەربوو بۆ دەستێوەردانی دەرەکی لەپرسی کەرکووکدا.

لەسەر ئاستی عێراقیش پارتە عەرەبیەکان بەسوننی و شیعەوە بەرژەوەندییان لەوەدابوو پارێزگاری لەمافەکانی عەرەبی کەرکوك بکەن لەبەرامبەر زوڵمی کورددا، تورکیاش لەلایەن خۆیەوە رێگەی خۆشکرد تا بەرگری لە تورکمانەکان بکات، لەسەر ئاستی نیشتمانیش ئاراستەکان روەو دروستکردنی بەرهەڵستیەکی رێکخراوتر بوو بۆ روو بەڕوو بوونەوەی کورد.

ئەوەبوو لەدوای بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ نەیارە سەرەکییەکانی کورد لەپرسی کەرکووکدا پارتە عەرەبیە سوننەکان و موقتەدا سەدر- خۆیان بەدوورگرتبوو لەنووسینەوەی دەستووری هەمیشەیی. لەبەرئەوە گۆڕەپانەکە بۆ هاوپەیمانی نێوان کوردو ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی (ئەو کات)چۆڵکرابوو تا دەستوور و ناوەڕۆکی دوا دەقی دەستوورەکە ئامادە بکەن.

- کوتلەکانی ژێر چەتری ئەنجوومەنی راوێژکاری عەرەبی خاوەنی شەش کورسی بوون لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك و نزیکەی 1٥٠کورسیش لەپەرلەمانی عیراق.

٢- لەکۆتاییی ٢٠٠٣ و سەرەتای ٢٠٠٤ هەوڵەکانی موقتەدا سەدر لەپێناو دامەزراندنی فیرقەیەکی سەر بە سوپای مەهدی لەکەرکوك دەستیپێکرد ئەویش بەسەرپەرشتی نوێنەرەکەی عەبدولفەتاح ئەلموسەوی . دوای راپەڕینی یەکەمی سەدریش لەنیسانی ٢٠٠٤دا هێزە کوردی و ئەمریکاییەکان هەڵیان کودتایە سەر مزگەوتی ئەلموسەوی و لە کەرکوك دوورخرایەوە.

سەربای ئەوەی رۆژێك لەرۆژان سەركردايەتی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق پەرۆشی خواستی كورد نەبوون لەگەڕانەوەی كەركووك بۆ سەر هەرێمی كوردستان بەڵام ئامادەبوون پشتیوانی لەماددەی ١٤٠ بكەن ئەویش لەچوارچێوەی سەودانامەیەكی گەورەدا كە دەرفەت بەئەنجوومەنی باڵا بدات بۆ ئەوەی لەسەركاركردنی لەدروستكردنی هەرێمێكی شیعە نشین كە لە(٩) پارێزگای باشوور پێكدێت بەردەوام بێت.

بەشداریكردنی پارەتە عەرەبیە سوننەكان و سەدرییەكان لەهەڵبژاردەكانی كانوونی یەكەمی ٢٠٠٥دا كاریگەریەكی گرنگی هەبوو لەسەر تەرازووی هێزە سیاسیەكانی بەغداد، ئەوەبوو دوو كوتلەی سوننی لەهەڵبژاردنەكانەكاندا بە(٥٥) كورسی نێو پەرلەمان هاتنە دەرەوە، لەكاتێكدا كوتلەی سەدری لەكۆی (١٢٨) كورسی كە ئیئتلافی یەكگرتووی عێراقی بەدەستیهێنابوو تەنیا (٢٩)كورسیان بۆخۆیان مسۆگەر كردبوو لەگەڵ (٢) كورسی پەیامخوازەكان كە ئینتیمایان بۆ سەدرییەكان هەبوو.

جگە لەو كوتلەیەش پارتی فەزیلە (١٤)كورسی و حزبی دەعوە- رێكخستنی عێراق (١٢)كورسی ولیستی نیشتمانیی عێراقییە (٢٥) كورسی وهەرهەمووشیان لەپرسی كەركودا بەئاستی جیاجیا دژ بە كوردن.

لەبەر ئەوە لەهەڵبژاردنەكانی كانوونی بەكەمدا زۆرینەیەك لەپەرلەمانتاران پەیدابوون كە دژ بەجێبەجێكردنی ماددەی ٥٨/ماددەی ١٤٠بوون١.

سەرباری ئەوەش پێكهێنانی حكومەتی یەكێتیی نیشتمانی كە زۆربەی ئەو كوتلانەی لەخۆگرتبوو، بەرهەڵستكارانی ماددەی ١٤٠ ی لە پێگە بەهێزەكانی دەسەڵاتی حوكمڕانیدا دانابوو.

هەرچی قۆناغی ئاسایی كردنەوەش بوو كە ماددەی ١٤٠ لەخۆی گرتووە پێویست بە هاوكاری چالاكانەی وەزارەتە جۆربەجۆرەكانی بەغداد هەبوو، لەنێویشیاندا هەردو وەزارەتی ناوخۆوو بازرگانی كە لەچانسی ئەو كوتلەو كەسایەتیانەدا بوون، كە لەباشترین باردا بەساردو سڕی مامەڵەی لەگەڵ رادەستكردنەوەی كەركووك بۆ كورد كردووە.

١- ناتوانرێت ژمارەی ئەو پەرلەمانتارە نەیارانەی ماددەی ١٤٠دیاری بكرێت چونكە ئیئتلافی یەكگرتووی عیراقی كە ژمارەیەك لە كەسانی سەربەخۆوی لەخۆگرتبوو ، ئەمە جگە لەوەی هەندێك لایەن لەوانەش حزبی دەعوەو لیستی عیراقییە هەڵوێستێكی یەكگرتوویان نەبوو لەبەرامبەر ئەو پرسەدا. هەروەها جیاوازی لە راو بۆچووندا هەبوو هەندێك لەگەڵ رەتكردنەوەی ماددەی ١٤٠ و هەندێكیش لەگەڵ دواخستنی راپرسییەكەدا بوون و ئەو بەیاننامەیەش كە لە كانوونی دووەمی ٢٠٠٨ بەئیمزای ١٥٠ پەرلەمانتار دەركرا لەدژی جێبەجیچكردنی ماددەی ١٤٠ ئاماژەیەكە بۆ قەبارەی نەیارانی ئەو ماددەیە لەئەرلەماندا.

هەڵبەت جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠بەپێی ئەو وادەیە کە دیاریکرابوو پێویست بە هاوکاری راستگۆیانەی سەرجەم قەوارە بەشداربووەکانی پرۆسەکە هەبوو.

کێشەی کوردیش لەوەدابوو کەتەنانەت ئەو کوتلانەش کە سەرسەختانە دژ بەجێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠نین، ئەوەندە پەرۆشی تەرخانکردنی کات و سەرچاوەی دارایی پێویست نەبوون لەجێبەجێکردنی پرۆسەکەدا کە هێشتا لەلای زۆرێك لەهاولاتیانی عەرەب رەتدەکرایەوە.

هاوکات هێزی بەرهەڵستکاری دژ بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ لە ئەنجوومەنەکەدا ئەگەری بەکارهێنانی پرۆسەی تەشریعی بۆ درێژکردنەوەی وادەکە کە لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ تەواودەبوو لەباربرد١.

کورد باش دەیزانی کە ئەنجوومەنەکە لەسەر درێژکرانەوە رازی نابێت بۆیە بەناچاری پشتیان بەو رێککەوتننامەیە بەست کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پشتیوانی لێدەکرا، بەلام دیسان خاوەن دەسەلاتێکی دەستووریی گومانداربوو٢. بەجۆرێك ماددەی ١٤٠ لەسەر زەوی فشۆڵ دەبێت و بەناویش بەدەست دادگای فیدراڵییەوە دەبێت.

لەتەك گەلاڵە بوونی بەرهەڵستی لەسەر هەردو ئاستی ناوخۆی و نیشتمانی، کورد لەدەوڵەتانی هاوسێوە روو بەڕووی دوژمنی چاوەڕوانکراو بوەوە.

ئەو تەنیا خاڵەی کە سەرجەم دەوڵەتانی ناوچەکە لە سەری کۆك بوون لەعێراقدا زەروورەتی لەبەریەك هەڵوەشانەوەی عێراق بوو بەسەر پێکهاتە ئیتنیکی- تایەفیەکاندا. تەنیا خەمی ئەو دەوڵەتانە ئەوەبوو کە کورد دەست بەسەر کەرکوك و کێڵگە نەوتیەکانیدا بگرێت و ئەوەش لەسەر بەخۆبوونیاندا فاکتەرێکی یاریدەدەر بێت.

دیارە تورکیا زیاتر لەلایەنەکانی تر لەبەرژەوەندیدا بوو دژ بەوە بێت، جگە لەئێران و سوریا، ئەنقەرە ترسی ئەوەی هەبوو سەربەخۆبوونی کوردستانی عێراق کاریگەری لەسەر کوردەکانی هەبێت کە لەباری چەوسانەوەدان.

١- لەزۆر باری هاوشێوەدا لەدرێژکردنەوەی دووبارەی کاری لیژنەی هەمووارکردنی دەستووردا سەرۆك وەزیر پشتی بە دەنگدانی پەرلەمان دەبەست.

٢- پاساوەکە ئەوەبوو کە سەرپەرشتی کردنی رێککەوتنێك لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە رێککەوتنێکی دەستووری دەبێت چونکە بڕگەی(ب) لەماددەی ٥٨ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت رێگە بەنێوبژیوانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەدات چارەسەری چەند لایەنێکی دیاریکراوی پرسی کەرکوك بکات کە لەباشترین حاڵەتدا جێگەی پرسیار بووە.

ئەو بڕگە پەیوەندیدارە تەنیا ئاماژە بەوە نێوبژیوانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەدات لەچارەسەرکردنی ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر سنووری ئیداری کەرکوکدا هاتووە نەك پرۆسە سەرەکیەکەی کەرکوك کە سێ قۆناغی لەخۆگرتووە.

هەرگیز رۆژێك لەرۆژان نیگەرانی تورکیا لەبەرامبەر نەهامەتیەکانی هاونەژادە ستەملێکراوەکانی لەکەرکووك ئاشکراو وەك پێویست نەبووە١. گرفتی تورکیا لەوەدابوو کە بژاردەیەکی وای لەبەردەمدا نەبوو توانای مانەوەی مسۆگەر بکات. سووربوونی کوردیش لەسەر پابەندبوونی بەدەستوورەوە وایکردبوو پاساوێکی گونجاو لەبەردەم تورکیا نەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی پەنا بۆ دەستێوەردانی سەربازی بەرێت تاریگری لەکورد بکات دەست بەسەر کەرکووکدا نەگرێت. جگە لەوەش هەرهاتنە ناوەوەیەکی سەربازی بۆ نێو قولایی باکووری عێراق مەترسییەکی بێ مانایە، چونکە هەرهەرەشەیەك بەدەستێوەردان بێ پشتیوانی دەبوو٢. بۆیە نفوزی تورکیا بەجۆرێك لەجۆرەکان سنووردابوو کە ئەوەش بەپلەی سەرەکی خۆی لەوگوشارە دیپلۆماسیەدا دەبینییەوە کە لەدژی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا بەکاری دەهێنا بۆ دواخستنی راپرسیە چاوەڕوانکراوەکەو جۆشدانی رای گشتی جیهانی بۆ دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

بەرپرسانی تورك لەرێگەی گوتارەکانیانەوە توانیان ئەو وێنایە دروست بکەن کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠عیراق بەرەو شەرێکی گشتگیری ئەهلی دەبات وجەنگی هەرێمی لێدەکەوێتەوە٣. بۆیە لەبارێکی وەهاشدا لەبەردەم تورکیادا تەنیا بژاردەی دەستێوەردان لەبەردەمیدا دەبێت. هەڵبەتە ئاسانیش نیە مەزەندەی کاریگەری ئەو گوشارە دیپلۆماسیەی تورکیا بکرێت لەسەر حسابی ئیدارەی بوش لەبارەی کەرکووکەوە، چونکە لەلایەکەوە کورد بەپێچەوانەی تورکەوە چالاکانە بەشدارییان لەپرۆسەی ئازادکردنی عێراقدا کردو دواتریش وەك تەنیا هاوپەیمانێکی متمانە پێکراوی ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لەشەڕی دژ بە گروپە

١- وەك زۆرێك تێبینی ئەوەیان کردووە ئەنقەرە لەسەردەمی سەددام حسێندا بایەخێکی ئەو تۆی نەداوە بە تورکمان و ئەو زوڵمەی کە دەرهەقی کراوە.

١ — دەستێوەردانی سەربازیی بۆ داگیرکردنی کەرکوك دەبووە هۆی لەباربردنی دەرفەتی بەئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا و بێزارکردنی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی، ئەمەجگە لەوەی دەستێوەردانێکی لەوجۆرە کارێکی مەترسیدارە چونکە پانتاییەکی زۆری خاکەکە بەدەست کوردەوە بوو کە ئەوەش وایدەکرد خۆی روو بەڕووی کاری چەکداری و پەلامار بکاتەوە. کێشەی گەورەتریش نەبوونی ستراتیژێك بوو بۆ هاتنە دەرەوەیەکی روون و ئاشکرا.

٢- تورك هەوڵیشیدا پرسی کەرکوك بە بوونی بنکەکانی پەکەکە لەنێو خاکی کوردستانی عیراقدا ببەستێتەوە ، بەلام لەرووی لۆژیکەوە هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان ئەو دوو پرسەدا نەبوو بەڵام لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٧بەدواوە زنجیرەیەك ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی پەکەکە ئەنجامدراو ئەوەش بووە هۆی دروستکردنی نائارامی لەناوچەکەدا و تا وادەی راپرسیەکەش لە کانوونی یەکەمدا ئەو بارودۆخە بەردەوام بوو.

چەکدارییەکان مانەوە[1]. لەلایەکی ترەوە ئەمریکا سەچڵی دەکرد لەگەڵ سەرجەم کوتلەکانی تری عێراق و دەوڵەتانی ناوچەکە ئەگەر بهاتبایە قورسایی خۆی لەپشت جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ەوە دابنایە.

دواجاریش ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دژ بە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ نەبوو بەڵام هەوڵێکی راستەقینەشی نەدا بۆ پێشتیوانیکردنێکی چالاکانە لەپرۆسەکەدا. لەبەرئەوە گرفتی کورد بەتەنیا لەگەورە بوونی هێزە نەیارەکانی ماددەی ١٤٠ نەبوو بەڵکو لەنەبوونی پشتیوانیەکی ئیجابیدا بوو لەهەرسەرچاوەیەکی دیکەوە.

ئایا کەموکورتییەکە لەوستراتیژەدا بوو، کە سەرانی کورد پەیڕەویان کردووە؟

شکستی سەرکردایەتی کورد لەگەڕانەوەی کەرکوك بۆ کورد کە لەچاوەڕوانیدا بوون، کاردانەوەیەکی توندی لەنێو راگەیەنراوی کوردیدا لێکەوتەوە.

راگەیاندنە جیاجیاکان لەتاراوگە رەخنەکانیان ئاراستەی هەردو حزبە کوردییەکە دەکردو شکستی کەرکوکیان دەگەڕاندەوە بۆ گەندەڵی و مەحسوبیەت ونەبوونی لێهاتوویی و پشتگوێخستنی لەلایەن تاڵەبانی و بارزانییەوە.

لەناوخۆشدا میدیای کوردی هەڵسەنگاندنێکی هاوسەنگ و لەبارو وردتری پێشکەش دەکرد، بەجۆرێك کە پشکی گەورە لەبەرپرسیارێتی دەخرایە ئەستۆی حکومەتە یەك لەدوا یەکەکانی عێراق کە کەتەرخەم بووە لەجێبەجێکردنی ماددەکانی(٥٨، ١٤٠) لەکاتی گونجاوولەسەردەمی ئیبراهیم جەعفەریشدا بەئەنقەست هەوڵی لەباربردنی پرۆسەکە درا. بەڵام سەرکردایەتی کوردیش لەو گلەییە دەربازیان نەبوو بەڵکو دووچاری رەخنە بوونەوە کە خۆیان لەم سێ خاڵەدا دەبینییەوە:

یەکەم: هەردو حزبەکە ئەولەویەتی کاریان بەخشیبووە بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی لەسەر حسابی گەڕانەوەی کەرکووك.

---

[1] - توانای هێزە کوردییەکان لە پاراستنی ئۆقرەیی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان و باکووری عیراق بەگشتی بەلای ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە سوودمەند بوو چونکە ئەوە وایکردبوو هێزەکانی ئەمریکا خۆیان بە ناوچەکانی تری وەك بەغداو دیالەوە سەرقاڵ بکەن کە توندو تیژی تیایاندا زیاتر بوو. هەروەها کورد بەناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ فەلوجە لەماوەی گەمارۆدانیدا لە یەکی نیسانی ٢٠٠٤دا بەشداری کرد، ئەمەجگە لەناردنی پێشمەرگە لەچەند بۆنەیەکدا بۆ شاری بەغدا.

دووەم: سەرانی کورد شکستیان هێناوە لەبەگەڕخستنی پێگەی بەهێزی سیاسی کوردلەسەرئاستی فیدراڵی بۆ سەپاندنی چارەسەری پرسەکە.

سێیەم: وردەکاری پرۆسەی پەیوەست بەماددەی ١٤٠نەبووە جێگەی بایەخێکی ئەوتۆ بەتایبەتیش داڕشتنەوەی بەندە پەیوەندیدارەکان. وادیارە ئەو رەخنانە جۆرە راستگۆییەکی پێوەدیارە چونکە کەرکوك جێگەی بایەخەو دەبوو رکابەری نێوان هەردو حزبە کوردییەکە بوروژایە هەروەك زۆرێك لەچاودێران و بگرە بەرپرسانی کوردیش تێبینی ئەوەیان کردبوو، کە هەوڵەکانی هەردو حزبەکە بۆ تۆکمەکردنی نفوزی خۆیان بووە لەکەرکوك لەسەر حسابی یەکترو، ئەوەش وایکردووە کارێکی زۆر گران بێت. کە بێگومان سەرئەنجام بووە هۆی بەهەدەردانی سەرچاوەکان، کەدەکرا بەشێوەیەکی بەسوودتر کەڵکی لێوەبگیرایە١.

رۆژنامەی هاوڵاتی کە بەرۆژنامەیەکی سەربەخۆ دەناسرێت و بەتوندی رەخنە لەهەوڵەکانی ئەو دووحزبە دەگرێت لەکەرکوك دەڵێت: ئەو دوو حزبە سەرقاڵی کۆکردنەوەی هەڕەمەکیانەی خەڵکن لەدەوری خۆیان.

هەروەها تایێستا نەیانتوانیوە خانوو لەقوڕیش بۆ ئاوارە گەڕاوەکان لەوشارەدا دروست بکەن٢. بەڵام ئەوەی کەروون نییە ئەوەیە کە ئاخۆ کێبڕکێی نێوان ئەو دوو حزبە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر هەرەسی پر ۆسەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ هەبووە.

رۆژنامەی هەولێر پۆست لەناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦تۆمەتێکی مەترسیدار ئاراستەی جەلال تاڵەبانی دەکات بەجۆرێك رۆژنامەکە گومان لەوە دەکات، لەوەتەی تاڵەبانی بووەتە سەرۆك کۆماری عێراق هەموو کاتی خۆی تەرخانکردووە بۆ بەرگریکردن لە عەرەبی سوننەو ستایش کردنی شیعەو ماچکردنی سەران و وەزیرا و باڵیۆزان.

1-BBC Monitoring Middle East- Political. 2006. "Iraqi Kurdish Media Note on Corruption 2- 15 June (LN); BBC Monitoring International Reports . 2006 " Iraqi Kurdish Media Note on Corruption 30 Jul to 11 Aug." 13 August (LN).

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بۆچونی ئەو بەرپرسە کوردە لەسەر رۆڵی ئەو دوو پارتە بڕوانە:

Hawlati.2007 . "Iraq's Kirkuk Governor Admits Parties' Invitation in Administration ." 27 January (WNC).

1-Hawlati .2007. " Will the Kurdish leaders admit the demise of Article 140?" 7August (WNC).

هاوکات تاڵەبانی تۆمەتبار کراوە بەکار کردن بۆ پاراستنی بەرژەوەندی(ی.ن.ك) لەسەر حساب و بەرژەوەندی کورد، بەدیاریکراویش رۆژنامەی هەولێر پۆست ئاماژەی بەهۆکاری شکستی تاڵەبانی کردووە لە بەگەڕخستنی پۆستەکەی لەئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بۆ گەڕانەوەی سنووری ئیداری کەرکووك بۆ بەر لەوەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە دەستکاری بکرێت.

بەپێی ئەو رۆژنامەیە ئەگەر سلێمانی دەستبەرداری قەزای چەمچەماڵ بوایە بۆ کەرکووك ئەوا ژمارەی ئەو دەنگدەرانەی کە دەنگیان بۆ(ی.ن.ك)دابوو لەنێو سنووری ئیدارەی پارێزگای سلێمانیدا دەنگەکانیان بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی دەنگدەرانی کەرکووك دەبوو. لەبەر ئەوە لەوەدەمەدا هەر گۆڕانکارییەك لەسنووری ئیدارەی پارێزگاکاندا روویبدایە لەبەرژەوەندی یەکێتیدا دەبوو[1].

هاوکات بەرپرسانی (ی.ن.ك) ئەو تۆمەتانەیان بەتەواوەتی رەتکردەوە بەڵام رۆژنامەی هەولێر پۆست ئەوەی روونکردوەتەوە کە جەلال تاڵەبانی ئامادەیە کەرکووك بکاتە قوربانی بەرژەوەندییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

توندترین رەخنەی میدیای کوردیش کە تەرکیزی کردوەتە سەر شکستی ستراتیژی سەرانی کورد لەلایەن رۆژنامەی هاوڵاتیەوەیە کە پرسیار لەسەر پێداگری سەرانی کورد دەکات لەسەر یەکڕیزی سوننەو شیعەکانی عێراق و ئامادەییان بۆ پشتیوانیکردنی حکومەت بەبێ ئەوەی هەڵوێستی سیاسی بەهێزی کورد وەك گوشارێك لەسەر بەغدا بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ بەگەڕبخرێت.

تەنانەت هەندێك لەماس میدیاکان سەرانی کورد تۆمەتبار دەکەن بەوەی کە زۆرێك لەبڕیارەکانی پەیوەست بە ماددەی ١٤٠یان پەسەند نەکردووە[2]. هاوکات رۆژنامەی چاودێر نزیك بە (ی.ن.ك) ئاماژەی بەوە کردووە کە سەرکردایەتی کورد هەرگیز رۆژێك پلانێکی داڕێژراوی نەبووە بۆ گەڕانەوەی کەرکووك. هەروەها هەژموونی ئەقڵیەتی سیاسیی حزبی

1-BBC Monitoring International Reports .2006 . "Kurdish Editorial Criticizes Iraqi President for not Helping Kurds ."10 May(LN).

2 - Hawlati .2007. "Will the Kurdish leaders admit the demise of Article 140 ?" 7 August (WNC).

سەبارەت بەگەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردستان بەلای هەموانەوە ئاشکرایە١.

قادر عەزیز نێردراوی تایبەتی بارزانی بۆ کاروباری تایبەت بەماددەی ١٤٠- لایەنی کوردی تۆمەتبار دەکات لەشکستهێنان و نەقۆستنەوەی ساتەوەختە یەکلایی کەرەوەکانی پاش جەنگ بۆ خستنە رووی پرسی کەرکووك بەهێزێکی گەورەتر چ جای شکست هێنانیشی لە بەگەڕخستنی پێگەی بەهێزو سەنگی لەبەغدا وەك گوشارێکی سیاسی توند بۆسەر دەسەڵاتدارانی بەغدا٢.

دیارە ئەو جۆرە رەخنانە شیاو نین بەڵام لەبایەخی ئەو هەوڵانە کەمدەکاتەوە کە سەرانی کورد داویانە بۆ بەکارهێنانی هێزی سیاسییان لەپێناو جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ و پەنابردن بۆ ئەو بژاردانەی لەبەر دەستیاندا بووە.

ئەوەی پەیوەستە بەخاڵی یەکەم سەرانی کورد هێزی دانوستانی خۆیان بەکارهێناوە بۆ زامنکردنی پابەندبوونێکی نادیار بەڵام ئەوە بۆ کەرکووك لەیاسای ئیدارەی کاتیدا گرنگ بووە.

پاشان داوای بەڵێننامەیەکی نووسراویان لەئیبراهیم جەعفەری سەرۆك وەزیر کرد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ٥٨ی یاساکەو ئەو داوایەشیان بەدەستهێنا، بەڵام کاتێك جەعفەری پایەندی بەڵێنەکەی نەبوو کورد ئە هێزە بزوێنەرە سەرەکیە بوو کەرێگەی نەدا جارێکی تر جەغفەری بۆ سەرۆکایەتی حکومەت خۆی کاندید بکاتەوە.

دیسان لەبەرامبەر پشتیوانیکردن لەحکومەت یەکێتی نیشتمانیی عێراق بەسەرۆکایەتی نوری مالکی مەرجی رێککەوتنێکی نووسراویان کرد بۆ جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

دواتر مالکی پابەندبوونی حکومەتەکەی بەماددەی ١٤٠ەوە راگەیاند، ئەویش لەمیانەی ئەو وتەیەی کەتیایدا بەرنامەی حکومەتەکەی پێشکەش کرد.

لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٧دا سەرانی کورد هەڕەشەی پاشەکشەیان لەحکومەت کرد ئەگەر بێتوو هەوڵەکانی بەجددی بەگەڕ نەخات سەبارەت بەپرسی کەرکووك.

---

1 - Chawder (BBC Monitoring Middle East – Political). 2007 ." Iraqi Kurdish Leaders fail to Return Kirkuk to Kurdistan Region –Paper ." 21 September (LN).

2 - Hawlati (BBC Monitoring International Reports .) 2007." Iraqi Kurdish Official Blames Government ,Kurds for failures on Article 140." 11 October (LN).

دیارە ئەو پاشە کشەکردنە لەحکومەت دەبووە هەرەس هێنانی حکومەت[1]. بەڵام گرفتی کورد لەوەدابوو کە ئەگەر بەر لەپاشەکشەکردنی ژمارەیەك کوتلەی گرنگ لەحکومەت بکشانایەتەوەئەوا بەزەرورەت حکومەت هەرەسی نەدەهێنا، چونکەحکومەتی یەکێتی نیشتمانی لەپێکهاتە بنەڕەتیەکەیدا لەکۆی ٢٧٥کورسی خاوەنی ٢٤٠ کورسی پەرلەمانی بوو، ئەوەش بەواتای کورسییەکانی هاوپەیمانی کوردستان کە ٥٣ کورسی بوون، لەرووی ژمارەوە پێویست نەبوون بۆ ئەوەی حکومەت پارێزگاری لەزۆرینەی نێو پەرلەمان بکات.

لەدوای پاشەکشەی ئەو کوتلانە گرفتەکە بەجۆرێکی تر دەبوو کە بەدڵنیاییەوە پاشەکشەی کورد دەبووە هۆی هەرەسی حکومەت بەڵام ئەو کات کوتلەی نیشتمانی لەپەرماندا لەزۆرینەی پرسە گرنگەکاندا دژایەتی کوردی دەکرد ئەوەش لەرووی تیۆرییەوە بەلانی کەم ڕێگەی دەدا حکومەتی بەدیل بەبێ بەشداریکردنی کورد دروست بکرێت و نەیاری سەرەکی بەرژەوەندیەکانی کورد بێت. لەبەر ئەوەپاشە کشەکردن لەحکومەت بەهۆی جێبەجیکردنی ماددەی ١٤٠ەوە مایەی هەڕەشە بوو بۆ کورد لەوەی بێ بەش بکرێت لە وەرنەگرتنی پۆستە بەهێزەکانی دەسەلات، بێئەوەی ئەوەش بەزەرورەت ئەنجامی ئەرێنی بۆ پرسی کەرکووك هەبێت. بەو جۆرە پەنابردن بۆ هەڕەشەی پاشەکشەکردن ئەو چەکە سیاسییە نەبوو کە لەرابردوودا پەنای بۆدەبرا. تەنیا بژاردەی بەدیل بۆ کورد جگە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی یەکلایەنە هەڕەشەکردن بوو لەسەر لەبەری پرۆسەی سیاسی.

بەدڵنیایشەوە پاشەکشەی پارتە کوردییەکان لەپرۆسەی سیاسیدا لەحاڵەتێکدا دەبوو پەنای بۆ ببرێت کە تەنگژەی سیاسی بتەقاندایەتەوەو حکومەتی عێراقی ناچاربکردایە بەپیر پرسی کەرکووکەوە بچووبایە.

باشترین کات بۆ پەنابردن بۆ ئەو هەڕەشەیە ماوەی نێوان هەڵبژاردنی کانونی دووەی ساڵی ٢٠٠٥ و پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی بوو لە تشیرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا.

ئەوەبوو لەو ماوەیەدا عەرەبی سوننە بەتەواوەتی لەپرۆسەی سیاسی پاشەکشەیان کردبوو، خۆ ئەگەر کوردیش بەبێ حسابکردن بەهەمان شێوە لەپرۆسەی سیاسیدا پاشەکشەی بکردایە رەنگ بووشتێکی ئەوتۆ روونەدایە.

---

[1] - ئەوکاتەی کورد هەڕەشەی کرد، سەدرییەکانو بەرەوەی تەوافوقی عیراقی ولیستی عیراقییە هەرهەموویان بەهۆکاری جیاجیا لەپێشتردا لەحکومەت کشابوونە دواوە.

بۆیە دەبوو حسابی خۆیان بکردایە کە ئاخۆ هەڕەشەی لەباربردنی سەرلەبەری پرۆسەی سیاسی خزمەت بەبەرژەوەندی کوردەکان دەکات یاخود بەشداریکردنیان لەپرۆسەی ئامادەکردنی دەستووردا دەکرێت بەرژەوەندی کورد لەسەر بنەمای هەمیشەیی بەهێز بکات.

گرفتە راستەقینەکە لەوەدابوو کە هەڕەشەی پاشەکشەکردن پێویستی بەراستگۆیی هەبوو چونکە باجەکانی ئەو جۆرە هەنگاوانە زۆر دەکەوتن. چونکە هاولاتی ئاسایی باجەی دەدا لەبەرئەوەی ٩٠٪ی بودجەی هەرێم پشت بەداهاتی نەوتی حکومەتی ناوەندی دەبەستێت.

بەر لەوەش پشکی هەرە گەورە لە بودجە، ئەوەبوو کەلەچوارچێوەی نەوت بەرامبەر بەخۆراك پشتی پێدەبەستراو لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە سەرپەرشتی دەکرا.

لەبەرئەوە هەرێم وەك قەوارەیەکی خاوەن ئۆتۆنۆمی نەبوو، نەیدەتوانی رۆژێك لەرۆژان لەرووی ئابوورییەوە پشت بەخۆی ببەستێت، بۆیە پاشەکشەکردن لەپرۆسەی سیاسیدا دەبووە هەڕەشەی بڕینی سەرجەم سەرچاوی داراییەکانی هەرێم ١. جگە لەوەش پاشەکشەکردنەکە دەبووە بێبەشکردنی هەردوو حزبەکە لەدەستەبەرکردنی دارایی پێویست بۆ پێدانی موچەی زۆربەی فەرمانبەرانی هەرێم، لەنێویشیاندا پێشمەرگە٢.

بەئاوڕدانەوەیەکیش لەدواوە دەبینین سەرانی کورد لەحسابکردنەکانیاندا هەڵەیان کردوە، بەلام لەو دەمەدا وادەردەکەوت کورد لەتوانایدا هەیە سەرجەم ئامانجەکانی بەدیبهێنێت، جگە لە سەربەخۆبوونی راستەوخۆ نەبێت، ئەویش لەرێگەی پرۆسەی دەستوورەوە چونکە لەپێگەیەکی ئەوتۆدا بوون کە کاریگەری یەکلاکەرەوەیان هەبوو.

بڕیاری ستراتیژیی بنچینەیی کە سەرانی کورد لەسەرەتادا دایان ئەوەبوو، کە هەرێم نابێتە قەوارەیەکی سەربەخۆ تا لەتوانایدا بێت لەداهاتوودا بەرگەی مانەوە بگرێت.

بێگومان خواستی سەربەخۆبوونی دەست بەجێ لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکەوە روو بەڕووی بەرەنگاریبوونەوە دەبووەوە هەرچی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاشە بەڵێنی دابوو پارێزگاری لەیەکپارچەیی عیراق بکات و بەزۆر دەست بەسەرداگرتنی کەرکووك و کێڵگە

- رەنگبوو ئەو هەڕەشەیە راگرتنی پێدانی وزەی کارەبای بەهەرێمی کوردستان لەخۆبگرتایە چونکە هەرێم لەتوانایدا نەبوو وزەی 1کارەبا بەرهەم بهێنێت.

١- ئەو مەسەلەیە تەنیا هەر پەیوەندی بە بێکاری و ئەگەری هەرەسهێنانی ئابوورییەوە نەبوو بەڵکو پرسێکی سیاسیش بوو. هەڵبەت دەستبەرکردنی سەرچاوەی داهاتێکی جێگیر بۆ هەردو حزبەکە وایکردوە کە بتوانن پارێزگاری لەدەسەلاتی خۆیان بکەن ئەویش لەرێگەی تۆڕەکانی مەحسوبیەتەوە کە بەشێوەیەکی باش دروستکراون.

نەوتیەکانیشی دەبوو هاوکات بوایە لەگـەڵ ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی، بـەڵام ئـەوە یارمـەتی کوردی نەدەدا کە لەڕووی ئابوورییەوە بەرگە بگرێت. لەکاتێکدا لەتوانای کـورددا بـوو دەست بەسەرداگرتنی نەوت یان هەناردەکردنی بەبێ هاوکاری ئەوانیتر بەکاربهێنێت، بەڵام بەدیلەکەی مانەوە بوو لەچوارچێوەی عێراقێکی دیموکراسی نامەرکەزی کە ڕێگە بەکورد دەدات پارێزگاری لەهێزە ئەمنیەکان بکەن و خۆیان حوکمی خۆیان بکەن بەبێ دەستێوەردانی حکومەتی ناوەندی.

جگە لەوەش هەرێم بەو پێیەی بەشێکە لە یەکەیەکی گەورەتر ئەوا دەبێتە خاوەنی سامانی نەوتی نیشتمانی و لەئاستی نێودەوڵەتیشدا سنوورەکانی پارێزراو دەبێت.

لایەنێکی تری ئەو حسابکردنانە خۆی لەوەدا دەبینییەوە کە نـاڕەزایی سـەۆرەکی لەسـەرۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ کورد دەڕەوێتەوە، ئەگەر بـۆ هـەموو لایـەك روون بـوەوە کـە کـورد لەچوارچێوەی عێراقدا پابەندن بەداهاتووەوە١.

سەرباری بوونی بەڵگەگەلێك لەسەر ڕاستگۆیی پابەند بـوونی سـەرانی کـورد و مانـەوەیان بەبەشێك لەعێراق (لەگەڵ چەند مەرجێك)بەڵام دیاربوو ئـەوە بـەس نـەبوو بـۆ باوەڕپێهێنـانی زۆرێك بەو مەسەلەیە.بێگومان مەحاڵە بتوانرێـت بەڵگەیـەکی بـبڕاو بـبڕ لەسـەر هێـزی ئـەو پایەندبوونە پێشکەش بکرێت بەڵام لەمیانەی دیدارەکانی هەردو نووسەری ئـەم کتێبـە لەگـەڵ سەرانی کورد لەهەردوپارتەکە اراستەیەکی روون و نەگۆڕ بەرجەستبەبوو، ئەویش ئەوەبوو کـە هیچ کام لەسەرکردەکان لەو بڕوایەدا نین کە سەربەخۆبوون بژاردەیەك بێت بۆ داهاتوویەکی نزیك بەڵکو هەرهەموویان لەو بڕوایەدان کە بەرژەوەندی کورد لەمانەوەیدایە لەعێراقدا٢.

بەدووریش لەو بەڵگانەی کەقسەکان دەیخەنە روو جۆرە تەرزێکی رەفتـاریی لەسـەر ئاسـتی کردەوە هەیە.

هاوکات سەرانی کورد تەئکیدیان لەوە کردوەتەوە ەکە بەمافی خۆیان دەزانن سـەربەخۆبوون لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا رابگەیەنن. چونکە گەڕانەوەی دکتاتۆرێکی عـەرەبی لەبەغـدا و سەپاندنی حوکمی ئایینی بەسەر هەرێمی کوردستان و پابەند نەبوون بەدەستوور و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی گشتگیر لەنێوان سوننەو شیعە، هەرهەموویان پاساون بۆ جیابوونەوە.

1- دیدارەکان.

2- دیدارەکان.

بەڵام کاتێکیش شەڕ لەنێوان سوننەو شیعە لەدوای شوباتی ٢٠٠٦ تاوی سەند، تاڵەبانی لەبری ئەوە وەك بۆنەیەك بۆ جاڕدانی سەربەخۆبوون بەکاربهێنێت رۆڵێکی یەکلایی کەرەوەی بینی لەبەدیهێنانی ئاشتەوایی نێوان شیعەو سوننە لەعێراقدا.

جگە لەوەش کورد هێزی پێشمەرگەیان لەپێناو باشکردنی رەوشی ئەمنی لە بەغداوفەلوجە و لەچەند بۆنەیەکی تریشدا بەکارهێنا.بەڵام ماس میدیاکانی کوردی دەستەوەستان نەبوون لەرەخنەگرتنیان لەتاڵەبانیبەوەی توانای خۆی لە یەکبوونی سوننەو شیعەدا چڕکردوەتەوە. هەربۆیە ئاسان نەبوو وا لەسەرانی کورد بگەیت کە چالاکانە بەدوای پاساوی سەربەخۆبووندا دەگەڕێن.

ئەو وێنە باوەی کە لەنێوان عەرەب و تورکمانی عێراق و تورکەکان و تەنانەت زۆرێك لە ماس میدیاکانی خۆرئاوادا هەبوو، ئەوەبوو کە کورد گەرەکیانە دەست بەسەر کەرکووك بگرن، چونکە بنکەی سەرچاوە داراییەکانیان بۆ کوردستانی سەربەخۆ دەستەبەرکردوە و دەتوانن لەرووی ئابوورییەوە بمێننەوە.

بەڵام ئەو وێنا کردنە هەڵەیەکی ئەو گریمانەیە بوو کە دەست بەسەردا گرتنی کەرکووك دەستبەجێ سەربەخۆبوون دەستەبەر دەکات[١].

بەدڵنیایەوە رەخنەگرتن لەدادگایی کردنی حسابە ستراتیژیە بنەڕەتیەکان کە سەرانی کورد ئەنجامیان دا کارێکی شیاوە، جا سەبارەت بە کەرکووك یان داهاتووی هەرێمی کوردستان بێت بەڵام هەژمارکردنەکان لەسەر هەڵسەنگاندنی واقیعی هێزو لاوازیی لەهەڵوێستی کوردیدا ئەنجام درا.

زۆربەی ئەو بڕیارانەی کە گرفتی گەورەی لەخۆگرتبوو بڕیارە تەکنیکییەکان و پەیوەندیدارەکانی پەیوەست بەداڕشتن وناوەڕۆکی ماددەی ١٤٠ی دەستوورەوە بوون.

١- پرسەکانی پەیوەست بە داهاتووی کەرکوك و دەست بەسەرداگرتنی نەوتی کەرکوك دوو پرسی جوداوازن بەلای کوردەوە و هەریەکەیان بەجیا مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و کوردیش هەمیشە ئامادە بووە بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا بکات. بەڵام پاساوێك دەهێنرێتەوە و دەوترێت کوردکەرکوکی لەبەر نەوتەکەی دەوێت بۆ ئەوەی سەرچاوەیەکیماڵی سەربەخۆی بۆ دابین بکات و باڵادەستبوونی کوردیش لەرووی یاسایی و کردەیی بەسەر کەرکوکدا کورد دەخاتە پێگەیەکی بەهێز بۆ ئیستغلالکردنی سەرچاوەکان لەکاتی سەربەخۆبوونیدا. لەبەرامبەریشدا کورد تەئکید لەوە دەکاتەوە کە بەرپرسیار نین لە هەڵوەشاندنەوەی عێراق و بوونی سیناریۆی ئامادەش دەبێتە هۆی سەربەخۆبوونی کورد چونکە هیچ بەدیلێکی تر نییە.بۆ نموونە شەڕی ناوخۆی نێوان شیعەو سوننەیان ستەمکار لەبەغدا دەسەڵات بگرێتەوە دەست و پێشێلی دەستوور □ گەڕانەوەی سەرکردەیەکی عەرەبی ناسیونالیست یان ئیسلامی بکات. بەو پێیەش هەرگیز دەست بەسەرداگرتنی کەرکوك یان سەرچاوەکانی دوو پرسی جیاواز بەیەکتر نین.-1

لەگرفتەکانی ماددەی ١٤٠

ماددەی ٥٨ لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت گرنگ بوو، چونکە هێڵە پانەکانی بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك و ناوچەدابڕێنراوەکان کێشا بوو.

هەرچەندە ماددەکە چووبووە نێو وردەکاریەکانی هەندێك رووەوە بەڵام زیاتر لەجاڕدانی پرانسیپەوە نزیکتر بوو وەك لەوەی لەپلانی کارکردن نزیکتر بێت،

رەنگە ئەوەش لەو کاتەدا راست بووبێت.

ئەوەبوو کورد ئامادە بوو بۆ گەیشتن بە سازاندن سەبارەت بە کەرکووك بۆ زامنکردنی دەستکەوتنەکانی تری وەك دانپێدانانی دەستوور بەهەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی سنوورەکەی بەر لەجەنگ، ئەمە جگە لە گرتنە دەستی بەرپرسیارێتی ئەمنی هەرێم و بەکارهێنانی زمانی کوردی وەك زمانێکی رەسمی و چەند شتێکی تریش.لەبەرئەوە چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك بەشێوەیەکی کۆتایی دواخرا بۆ دوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی لەرێگەی ماددەی ١٤٠ەوە .

هاوکات زۆربەی ئەو زمانەی کە ماددەی ٥٨ی پێ نووسرابوو گوازرایەوە بۆ نێو دەستووری هەمیشەیی لەگەڵ زیادکردنی سێ روونکردنەوەی گرنگ.

١- دەستنیشانکردنی وادەی ٣١ی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧ بۆ تەواوکردنی هەرسێ قۆناغی پرسەکە.

٢- لەبری دەستەواژەی ناڕوونی (ویستی گەل) دەستەواژەی راپرسی بەکارهێنا.

٣- بەرپرسیارێتی جێبەجێکردنی پرۆسەکەی لەماوەیەکی دیارکراودا خستە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکار کە بەپێی دەستوور هەڵبژێردراوە. جگە لەو سێ روونکردنەوەیەش دەقی ماددەی ٥٨ بەبێ گۆڕانکاری ریشەیی لەدەستووری هەمیشەیدا مایەوە.

دوا بەدوای پەسەند کردنی دەستوور بەماددەی ١٤٠یشەوە لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٥دا، دەبوو لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧دا ماددەی ١٤٠لەوادەی دیارکراوی خۆیدا جێبەجێ بکرایە، چونکە دەستوور ئاماژەی بەوەداوە.

بەڵام لەبەرامبەردا بانگەشەی دژ بە مێژووی کەرکووك و رۆشنبیری و دیمۆگرافیاکەی هاتە ئاراوە، کە بەبەراورد بەخواستی ئەو پاساوەی کە دەیگوت ٨٠٪ی عێراقییەکان ئەو بەڵگەنامەیەیان پەسەندکردووە، کە حکومەتی عێراقی پابەند دەکات بەچارەسەرکردنی کێشەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکان، بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو.

بەکورتی دەبوو ماددەی ١٤٠ لەوادەی خۆیدا جێبەجێ بکرایە، چونکە ئەوە لەدەستووردا هاتبوو بەڵام سووربوونی کورد لەسەر پاساوەکان بەوەی ماددەی ١٤٠ مەسەلەیەکی دەستوورییە، وایکرد کۆمەڵێك مینی یاسایی لەسەر ڕێگەی خۆیان بچێنن.

بۆنموونە ئەوەی پەیوەستە بەپرۆسەی ئاسایی کردنەوەی ماددەی ٥٨بڕگەی (ج)لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت داوای دواخستنی چارەسەری کۆتایی ناوچە دابڕاوەکان دەکات تا تەواو کردنی ڕێکارەکانی سەرەوە١.

ئەو زمانە مەرامێکی لەدواوە بوو بۆیە تائاستێك مەنتقی بوو کە کورد ریز بەندی بکات، چونکە ئەگەر بخوازرێت سەرژمێری دانیشتوان و ڕێکخستنی راپرسی بەر لە تەواوکردنی قۆناغی ئاسایی کردنەوە بکرێت، وەك ئەوەی بەرەی تورکمانی داوای دەکرد، گەرەنتی بۆ کورد تێدا نەبوو، کەژمارەی پێویست دەستەبەر بکات بۆ بردنەوە لەراپرسیدا.

لەسەر ئاستی پارێزگاش بەدڵنیاییەوە گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کە رژێمی پێشوو لەکەرکووکی دابڕیبوو ژمارەی کوردی لەکەرکووك بەپلەیە یەکەم زیاددەکرد بەرامبەر بە پێکهاتە ئیتنیکیەکانی تر٢ .بەڵام ئاسایی کردنەوە یەکێك بوو لەئاڵۆزترین رەگەزەکانی پرۆسەکە.

هەروەها چارەسەری کێشەی موڵکدارێتی کەهێشتا دەیان هەزار کەس چاوەڕوانی یەکلایی کردنەوەی دەکەن پێویستی بە چەند ساڵێکە کە ئەوەش تەنیا لایەنێکی پرۆسەکەیە. بەڵام بەپێی شرۆڤەیەکی گونجاوی دەستوور ناکرێت سەرژمێری دانیشتوان و راپرسی بکرێت تا ئەو کاتەی کێشەی موڵکدارێتی یەکلایی نەبێتەوە.

پێداگری کورد لەسەر دیاریکردنی وادەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ قازانجی پێچەوانەی هەبوو. هەرچەندە ماددەی ٥٨چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەدابڕێنراوەکانی بۆ پاش رازیبوون لەسەر دەستووری هەمیشەیی دواخست، بەڵام ماددەکە نەحکومەتی کاتی بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی و نەحکومەتی ئیبراهیم جەعفەری ناچارکرد کاری خێرا بکەن بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاسایی کردنەوە.

١- بڕگەی دوو لەماددەی ١٤٠ دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناچار دەکات کە بەتەواوەتی سەرجەم قۆناغەکانی پرۆسەکە لەماوەیەکی دیاکراودا جێبەجێ بکات کە دوا کاتی ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧.

٢- بۆنموونە یەکێك لەو ناوچانە چەمچەماڵە کە سەرجەمی دانیشتوانەکەی کوردن.

کاتێکیش کۆتایی بەماوەی دەسەڵاتی سەرۆکایەتی حکومەتەکەی جەعفەری هات پێشکەوتنێکی ئەوتۆ لەجێبەجێکردنی ماددەکەدا بەدی نەهاتبوو، بۆیە کورد گومانیان لادروست بوو. هەروەها پێشیان وابوو کە گومانەکەیان لەجێگەی خۆیدابوو لەوەی کەبەرەو پێشنەچوون بەئەنقەست بووە. دیسان لەبەرامبەر نەبوونی وادەیەکی بڕیار لەسەر دراو کورد روو بەڕووی ئەوەبووەوە، نەیارانی ماددەی ١٤٠ کە گەلێك بوون، دەتوانن جێبەجێکردنی دوابخەن بۆ کاتێکی نادیار و بەوەش بەندەکانی ماددەکە لەئەنجامی جێبەجێ نەکردنی دژایەتی کرا. بۆیە دانانی وادەیەکی پایەند بوو، پێوەری چارەسەرێکی مەنتقی بوو بۆ دواخستنی بەئەنقەست، چونکە حکومەتی ناچار دەکرد ماددەکە جێبەجێ بکات بەپێچەوانەشەوە پێشێلی دەستوور دەکرا[١].

ئەولێکتر نزیککردنەوەیە لێکنزنزیککردنەوەی ئەقلانی بوو بەلاّم لەسێ رووەوە گرفتی گەورەی هەبوو:

یەکەم/ وادە دیاریکراوەکە جێگەی ئەو گەشبینیە نەبوو چونکە نزیك بوونەوە لەوادەی جێبەجێکردن پێویستی بە هاوکاری هەموو لایەنەکان هەبوو لەسەر گشت ئاستە حکومییەکان و دامەزراوە ئیداریەکانیش لەتوانایاندا هەبوو بۆ یەکلایی کردنەوە خێرا بجولێن.

لەراستیدا لەدژی جێبەجێکردنی ماددەی١٤٠چەند کوتلەیەکی گرنگ راوەستانەوە و عێراقیش بۆخۆی دەوڵەتێکی شکستخواردو بوو.

دووەم/ مێژووی جێبەجێکردنی ماددەکە لەرووی عەمەلییەوە وادەیەکی بۆ نەیارانی دەست نیشانکرد تابیکەنە ئامانج، چونکە نەیاران لەئێستادا دەزانن هەموو ئەوەی پێویستیان پێیەتی بریتیە لە دواخستنی بۆ ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧تا سەرلەبەری پرۆسەکە بخەنە ژێر پرسیاری یاساییەوە.هەڵبەت لەبەرامبەر ئاڵۆزیەکانی خودی پرۆسەکە ئەو ئەرکە ئاسان بوو.

سێیەم/ ئاشکراو روون نەبوو کە ئاخۆ ماددەی ١٤٠ چی بەسەر دێت ئەگەر لەوادەی جێیەجێکردنی خۆی تێپەڕی. چونکە زۆر باری هاوشێوە بەسەر لیژنەی هەمارکردنی

١- سەرانی کورد باش دەیانزانی کە کات لەبەرژەوەندی ئەواندا نییە و لەسەرەتاشدا لەسەرئاستی نیشتمانی توانایەکی زۆریان هەبوو ئەویش لەبەرئەوەی عەرەبی سوننە بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کردبوو ئەمە جگە لەوەی کوتلەکانی تریش پەرش و بلاّوبوون. بێگومان هیچ گەرەنتیەکیش نەبوو بۆ بەردەوامبوونی ئەو بارودۆخە بۆ ماوەیەکی درێژخایان بۆیە کورد پێویستی بەزامنکردنی دەستکەوتەکانی بوو.

٢-

دەستووردا تێپەڕیوە. درێژکردنەوەی ئەو مەسەلانەی کە شەرعیەتی دەستوورییان هەبوەو جێگەی گومان بوون، لەپەرلەماندا دەنگیان لەسەر دەدرا، کەئەوەش بۆکورد بژاردەیەکی دووربوو، لەبەرئەوەی لەپەرلەماندا هێزی دژ بەماددەی ١٤٠هەبوو.بۆیە تێپەربوونی وادەکە هەڕەشەی لەسەر لادانی سەرلەبەری پرۆسەکە هەبوو لەسەر ئاراستەکەی و گەڕانەوەی کەرکووکیش وایکرد کورد بەبێ میکانیزمێکی دەستووری و یاسایی بمێنێتەوە١.

یەکێك لەگرفتی شکستی وتووێژ کاری کورد دابڕانی پرسی کەرکووك بوو لەپرسی ناوچە دابڕاوەکانی تر.

ماددەی٥٨/ماددەی ١٤٠دەستەواژەی "ناوچەی جێ لەسەرناکۆك"ی دیارینەکردووە، کە ئەوەش لەرووی تەکنیکیەوە بەواتای هەرململانێیەك لەسەر پارچە زەوییەك لەهەرشوێنێکی عێراق ئەو ماددەیە دەیگرێتەوە.

ئەوەش شتێکی بەڵگەنەویستی بوو ئەو گرفتە پەیوەست بێت بەماددەی(٥٨)برگەی(ب) لەیاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت کە هێڵەگشتییەکانی بۆ چارەسەرکردنی گۆڕانکاریەکان کێشابوو، کە رژێمی پێشوو بەشێوەیەکی زاڵمانە لەسنوورە ئیدارەیەکاندا ئەنجامی دابوون.

لەباری کەرکودا ئەو گۆڕانکاریانە چوار قەزای لەقەزاکانی کەرکووك لکاندبوو بە پارێزگانی ترەوە کە ئەوانیش چەمچەماڵ و کەلارو کفری و دوز بوون، ئەویش بەمەبەستی کەمکردنەوەی رێژەی کوردو تورکمان لەدانیشتوانی کەرکووك بەبەراورد بەعەرەب.چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەش پێویستی بەئەنجامدانی گۆڕانکاری هەبوو لەسنووری ئیدارەی ئەو سێ پارێزگایەدا "سەلاحەدین(دوز)، دیالە(کفری)، سلێمانی(کەلاروچەمچەماڵ)".

دیارە گرفتەکەش لەوەدابوو کەدەستکاریکردنی سنوورە ئیداریەکان لەلایەن رژێمی بەعسەوە زۆر جار لەپێناو ئامانجی سیاسیدا بووە هەروەك ماددەکە ئاماژەی پێکردووە.

ئەو دوو نەخشەیەی لای خوارەوە قەبارەی ئەو دەستکاریکردنانە دەردەخات کە رژێمی بەعس لەسنوورە ئیداریەکاندا لەماوەی ١٩٧٠- ١٩٩٠ئەنجامی داون.

رژێمی بەعس هەندێك پارێزگای وەك ئەنبارو دهۆك و سەلاحەدین بەتەواوەتی گۆڕیوەو پانتاییەکی فراوانی لەزەوی پارێزگاکانی تر لەوانەش کەربەلا دابڕیوە.

١- بڕیاردان لەوەی کە دانانی وادەی کۆتایی هەڵەیەکی تەکنیکی سەرانی کورد بووە کارێکی لەخشتە بەرانەیە، چونکە سەرانی کورد ناچاربوون ئەو وادەیە دیاری بکەن لەبەر ئەوەی ناکرێت ماددەکە بەبێ دیارکردنی وادەیەك بمێنێتەوە بەبەردەوامی بەئەنقەست جێبەجێکردنی دوا بخرێت. ١-

لەڕاستیدا لەکۆی ١٨پارێزگاکە لەسەرنەخشەی ئیداری عێراق لەساڵی ١٩٧٠دا بەئاستەم پارێزگایەك هەبووە نەکەوتبێتە بەر نەشتەرگەری بەعس.

جا لەبەرئەوەی ماددەی ١٤٠ سنووری کەرکووکی لەپارێزگاکانی تر جیانەکردوەتەوە وایلێهاتووە گەڕانەوەی سنووری ئیداری کەرکووك بۆ سەردەمی پێشووی خۆی بەشێك بێت لەئەگەری چارەسەرەکانی ناوچەدابڕێنراوەکان کە دەکرێت بێ کۆتایی بەردەوام بێت.

بەپێی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەتیش پرۆسەی سیاسی کەماددەی ١٤٠ هێڵەگشتیەکانی بۆچارەسەرکردنی ئەو ململانێیانە دەست نیشان کردووە، کۆدەنگی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی کە لە(٣)ئەندام پێکهاتووە کردوەتە مەرجی رازیبوون لەسەر ئەو رێنماییانەی کە بۆدەنگدان پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێن، هەرچەندە ئەم هەنگاوە لەهیچ دەقێکی دیاریکراودا بوونی نییە.

ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی سێ ئەندام لەخۆ دەگرێت عەرەبێکی سوننی(تاریق هاشمی) لەحزبی ئیسلامی عێراقی، شیعەیەك(عادل عەبدولمەهدی) لە ئەنجوومەنی بالای شۆرشی ئیسلامی لەعێراق، کوردێك (جەلال تالەبانی) رابەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

هەریەکەشیان مافی ڤیتۆی هەیە لەبەرامبەر ئەو رێنماییانەی کە پێشکەش بەپەرلەمان دەکرێن. بەوجۆرە چارەسەری پرسی سنووری ئیدارەی پارێزگای کەرکووك مەرجدار بوو بە یەکلایی کردنەوەی کێشە ئالۆزەکانی تری پەیوەست بە سنووری پارێزگاکانی باشوور.

ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر سنووری پارێزگاکانی عیراقدا هاتوون

لەنێوان ١٩٧٠- ٢٠٠٣

بەرپرسانی کورد ئاماژەیان بەوە کرد کەسنووری نێوان هەردو پارێزگای ئەنبارو کەربەلا زیاتر ناکۆکی نێوان دوو پارێزگا بەرجەستە دەکاتن کە لەنێوان پاراێزگایەکی عەرەبی سوننەکە لەژێر دەسەلاتی حزبی ئیسلامی عێراقیدایە لەگەڵ پارێزگایەکی عەرەبی شیعە کە لەژێر کۆنترۆڵی ئەنجوومەنی بالای شۆڕشی عێراقدایە[١]. چارەسەرکردنی ئەو ململانێیەش جیاکردنەوەی پانتاییەکی فراوانی زەوییە لەئەنبار کە بەنەوت دەوڵەمەندەو گەڕانەوەی بۆ سەر کەربەلا.

---

١ - لەدوای هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥، پارتی ئیسلامی عیراقی لە پارێزگای ئەنبار بالادەستبوو چونکە زۆربەی کورسیەکانی ئەنجومەنی پارێزگای بەدەستەوە بوو. بەلام رێژەی بەشداریکردن بەهۆی بایکۆتکردن لەهەڵبژاردندا تەنیا ١٪ بوو بۆیە زۆرینەی کورسیەکانی ئەو پارتە ئیسلامییە رەنگدانەوەی ویستی خەڵکی ئەنبار نەبوو.

دیاره رازیبوونی هاشمیش لەسەر رێوشوێنێکی لەوجۆرە لەرووی سیاسیەوە کارێکی بکوژانەیە١.

لەوچوارچێوەیەدا عەبدولمەهدیش ئامادە نەبوو بەرەو چارەسەر کردنی پرسی سنووری کەرکووك هەنگاوبنێت ئەگەر پرسی سنوورەکانی تریش چارەسەرنەکرێن کە بەلای شیعەوە گرنگە.

بەوجۆرە گەڕانەوەی سنووری کەرکووك بۆ بەر لەهاتنی بەعس پەیوەستە بەکێشمەکێشی سیاسی فراوانترلەعێراقدا، هەرچەندە ئەو پرسە ئاشکراو روونەو چارەسەرکردنیشی ئاسانە.

بەلام گرفتی مەترسیدار لەناوەڕۆکی ماددەی ٥٨/ماددە١٤٠دا دووری نێوان ئەو میکانیزمانەیە کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناوچەجێ لەسەرناکۆکەکان دانراون، هەروەها سروشتی ئەو زەویانەش کە کورد لەهەولی گەڕانەوەیاندایە. بەزمانێکی ساکار پرۆسەی سەرژمێری دانیشتوان /راپرسی لەیەك کاتدا ئامرازی گونجاو نەبوون بۆ چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك و ناوچەدابڕێنراوەکان.

گرفتەکە لەجیاوازی نێوان سروشتی زەویە جێ لەسەرناکۆکەکاندا بوو، جگە لە کەرکووك و ئەو چوارشارۆچکەیەش کەلێی دابڕێنرابوون، چوار جۆر ناوچەی جێ لەسەر ناکۆکی دیکەش هەن، کەرەنگە چارەسەرکردنی ناوچەکانی وەك قەزاکانی ئاکرێ و شێخان لەپارێزگای نەینەوا کە لەساڵی ١٩٩١ ەوە کەوتوونەتە چوارچێوەی ئەو ئیدارەی کە لەهەرێمی کوردستان دامەزراوە، ئاسانترە.

دیارە بابەتی ململانێ لەسەر ئەو ناوچانە تەنیا لەرووی تەکنیکیەوە بووە، نەك لەرووی موڵکدارێتییەکەیەوە.

هاوکات ناوچەیەکی تری هاوشێوەی ئەو دوو قەزایە هەیە(مەخموور)کەبەشێك بووە لەپارێزگای هەولێر بەلام کەوتوەتە دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان، کە ئەوەش دیسان ناکۆکیەکی ئەوتۆ نییە لەسەر کوردبوونی ناوچەکە.

ئەوەی پتر کێشەی لەسەرە ناوچەکانس وەك (خانەقین و مەندەلی)یە لەپارێزگای دیالەو (بەدرە) لەپارێزگای واسیت کە دەکەونە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەشێکن لەپارێزگاکانی تری عێراق.

١- کاتێك سەرانی کورد لەسەر ماددەی ٥٨ دانوستانیان کرد لەگرنگی ململانێی نێوان ئەنبارو کەربەلا بێئاگابوون، بڕوانە:
Kurdistan Nuwe . 2007. "The Effect of Karbala and al-Anbar on Kirkuk ." 6 December (LN).

هەرچی شەنگالیشە تایبەتمەندیەکی خۆی هەیەو بەشێکە لەپارێزگایەکی ناکوردی(نەینەوا) کەدەکەوێتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شەنگال چووەتە پاڵ هەرێمی کوردستان و یەکێك لەگرفتەکانی ئەو ناوچەیەش نەبوونی پەیوەندی جوگرافییە لەگەڵ هەرێمدا. بەجۆرێك لەنێوان هەرێم و شەنگالدا قەزای تەلەعفەر هەیە کەزۆرینەی تورکمانەوشەنگال لەهەرێمی کوردستان جیادەکاتەوە.

لەبەر ئەوە ئەنجامدانی راپرسی لەسەر ئاستی قەزاکان لەتەلەعفەر و شەنگال بەم جۆرە دەبێت کە شەنگال دەنگ بۆ چوونە پاڵ هەرێم دەدات و تەلەعفەریش دەنگ بۆمانەوەی وەك بەشێك لەپارێزگای نەینەوا دەدات و بەوەش گەرشانەوەی شەنگال بۆ کورد بەو جۆرە دەبێت کە تەنیا خاڵی پەڕینەوەی بەرەو هەرێم ناوچەیەکی نەیار دەبێت[1].

بەهەمان شێوە لەرووی خۆرهەڵاتیشەوە کورد دووچاری هەمان گرێ کوێرە دەبێتەوە ئەگەر هاتوو بەدرە بۆ بەرژەوەندی گەڕانەوەی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەنگی دا، چونکە بەلەدروزیش لەقەزای مەندەلی دژی ئەو هەنگاوە رادەوەستێتەوە، ئیتر بەو جۆرە بەدرە لەرووی جوگرافییەوە گۆشەگیر دەبێت لەگەڵ ئەوەی ئاستەمیشە بتوانێت زانیاری ورد لەبارەی پێکهاتەی دانیشتوانی هەردو ناوچەی بەلەدروز و بەدرە بزانرێت. بەڵام پێناچێت ئەو ناوچانە زۆرینەی کورد بن، بۆیە ئەگەر بێتوو لەسەر ئاستی ناوخۆییدا راپرسی ئەنجام بدرێت ئەوا کورد لەو دوو ناوچەیەدا سەرکەتوو نابن.

دیارە گرفتی سەرەکی لە ماددەی ٥٨/ماددەی١٤٠ دایە، چونکە ئەو ماددانە میکانیزمی سەرژمێری دانیشتوان/راپرسی داناوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی پەیوەست بە ناوچە دابڕاوەکان بەڵام ئاستی ئیداری دیاری نەکردوە کەبڕیارە سەرژمێر و راپرسی لەسەر بکرێت.

بۆ نموونە لەسەر ئاستی شار/شارۆچکە رەنگە کورد بەزۆرینەی رەهای دەنگەکان لەگشت ناوچە دابڕاوەکان جگە لەشاری کەرکوك بیباتەوە بەڵام دەرئەنجام کۆمەڵێك گیرفانی کوردی دەبێت کە لەرووی ئیدارییەوە دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڵام لەورووی جوگرافیەوە لەهەرێم دابڕاو دەبن.

لەسەر ئاستی قەزاکانیش رەنگە کورد لەشەنگال و خانەقین بیبەنەوە بەڵام لەوانەیە لە مەندەلی و بەدرەو لەکەرکوکیش بیدۆڕێنن. بەدڵنیاییەوە کورد تەنیا لەسەر ئاستی پارێزگادا

---

[1]- شاری تەلەعفەر مۆڵگەی چالاکی چەکداری بوو، ئەو هەرێمە کەلەسەر سنووری عیراق □ سوریایەخاڵی پەڕینەوەی چەکدارانە بەرەو ناو عیراق.

براوه دەبێت ئەویش ئەگەربێتو ناوچە دابڕاوەکانی بۆ بگەڕێنەوە.دیسان قەزای مەخموریش ئەگەر راپرسی لەسەر بکرێت ئەوا بۆ کورد دەگەڕێتەوە[1].

گریمان راپرسییەکە لەسەر ئاستی یەك ئیدارە ئەنجام دەدرێت ئەوا دەرئەنجامەکەی بۆ کورد جێی مەخابن دەبێت چونکە ناتوانن لەیەك کاتدا بەپێی ئەو میکانیزمەی کە ماددەی ١٤٠هێڵە گشتیەکانی بۆداناوە داوای گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەدابڕێنراوەکان بکەن.

دیارە دوو رێگا هەیە بۆ خۆ بەدوور بگرتن لەو کێشەیە.

رێگای یەکەم/ دەکرێت راپرسی لەسەر ئاستی ئیدارەی جۆراو جۆر بەپێی ناوچە پەیوەندیدارەکان بکرێت.

بەرپرسێکی کوردی دەڵێت پەیڕەوی ناوخۆی ماددەی ١٤٠ رێگای داوە، راپرسی لەسەر ئاستی جیاجیا ولەسەربنەمای یەکە ئیداریەکانی ئەوقەزاو ناحێیانەی کە بۆ سەر کەرکوك دەگەڕێنەوە ئەنجام بدرێت یاخود لەسەر ئاستی سەنتەری پارێزگاکە واتە شاری کەرکوك یان سەرجەم ئەو ناوچانەی کە ناکۆکیان لەسەر راپرسییەکە ئەنجام بدرێت[2].(١٩ئەیلول).

جەوهەری ئەم بەهانە هێنانەوەیەش لەوەدایە ئاستی ئیداری گونجاو بۆ سازدانی سەرژمێری دانیشتوان و راپرسی ئەو ئاستە دەبێت کە کورد زۆرینەی تیادا بەدەستیهێنێت و رەنگە ئەنجامی دەنگدانەکەش بەسەرکەوتوویی کۆتایی بێت. بەڵام ئەم پاساوهێنانەوەیە نەیارانی دژ بە بۆچوونەکانی کورد قایل ناکات.

هاوکات ئاستەمە ئەو بۆچوونە کۆك بێت لەگەڵ دەقی ماددەکە کە ئاماژە بە پرۆسەیەکی خاوێن و شەفاف دەکات تا چارەسەرکردنەکە لەگەڵ پرانسیپی دادوەریدا بگونجێت.

رێگای دووەم/ بۆچارەسەرکردنی ئەم کێشەیە جیاکردنەوەی پرسی کەرکوکە لەپرسی چارەسەری ناوچە جێ لەسەر ناکۆەکانی تر. لەروانگەی ئامانجی کوردیشەوە باشترین چارەسەر بۆ پرسی کەرکوك ئەنجامدانی راپرسییە لەسەر ئاستی پارێزگا.

هەروەك ئەوەی کەنیازی سەرانی کوردیش بووە کاتێك دانوستان سەبارەت بەماددەکە کرا. هەرچی ناوچەدابڕێنراوەکانی تریشە بەشێکن لەپرسێکی فراوانتر کەخۆی لەدیاریکردنی سنووری نێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراقدا دەبینێتەوە. ئەو نەخشانەش کە بەرپرسانی

1- وەك ئاشکرایە هەر راپرسییەك لەسەر شارۆچکەی مەخمور بکرێت ئەوا کورد لەسەر ئاستی هەولێردا براوە دەبێت.

2 - Rozhnama (BBC Monitoring Middle East –Political). 2007. " Iraq Kurdish Official Says Referendum in Kirkuk Possible without Census ." 19 September (LN).

کورد پێشکەشیان کردوە سەبارەت بە ناوچە دابڕاوەکان لەراستیدا نەخشەیەکە کە هەوڵدەدات سنووری هەرێمی کوردستان بەواژەی ئیتنیکی بنەخشێنێت.

پاشان نەخشەکە پابەند نابێت بەسنووری ئیدارییەوە جا لەسەر ئاستی پارێزگا یان قەزاکان بێت. بەڵکو لەبری ئەوە پارێزگاکان لەت دەکات (دیالەو نەینەوا) و لەناوچەکانی تریش قەزاو ناحیەکان لەت دەکات(بەلەدروز و تەلەعفەر)و لەناوچەکانی سێیەمیش دەست بەو سنوورە ئیداریانەوە دەگرێت کە لەئارادان.

راپرسی میکانیزمێکی لەبار نیە بۆ بەشەرعیکردنی سنوورێکی دیاریکراو لەسەربنەمای ئیتنیکی کە ئامانجی راشکاوانە لێی زیادکردنی رێژەی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی دیاریکراوو کەمکردنەوەی قەبارەی پێکهاتەیەکی تریشە بۆ ئەوەی ئەنجامی دەنگدان کە پێشوەخت پلانی بۆ دارێژراوە مسۆگەر بێت١.

ئەمەش بەواتای سنوورێکی هاوبەش کەلایەنی کوردی یەکلایەنە بەسەر بەشەکانی تری عێراقدا دەیسەپێنێت و سنووری لەو جۆرەش پێناچێت بەدیدی کەسانی ناکورد سنوورێکی رەوا بێت.

خۆئەگەر ئامانج نەخشەرێژی سنووربێت ئەوا دەرئەنجامێکی رەوا بۆ رێوشوێنێکی لەوجۆرە پێویستی بە بەشداری کردنی تەواوی لایەنە ناکۆکەکان هەیە.

چارەسەرکردنی پرسی سنوور پێویستی بە پێکهێنانی گروپێك هەیە کەنوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق و نوێنەراینی پارێزگا پەیوەندیدارەکان بەشداری تێدا بکەن لەگەڵ میکانیزمێکی دادوەری ئەگەر هاتوو لایەنە ناکۆکەکان رێك نەکەوتن، بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کەماددەی ١٤٠ئاماژەی بە هیچ کام لەوانە نەکردوە٢.

گرفتی گەورەتر لەماددەی ١٤٠دا لەوەدایە کە میکانیزمی بنەڕەتی کە بۆ یەکلایی کردنەوەی بارودۆخی ناوچەکان دانراوە، دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ خواستی گەڕانەوەی کەرکووك یان ناوچە دابڕاوەکانی تر، بەڵام نەك هەردوکیان لەیەك کاتدا.

زیاد لەوەش ئەگەر ئامانج دیاریکردنی سنوور بێت لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق و ئەوەش کەمترین شەرعیەت بەدەستبهێنێت ئەوا ماددەی ١٤٠ئەو ئامرازە گونجاوە نییە کە ئەو ئامانجە بەدیبهێنێت.

---

١ – بەم پێیە ئەگەر زۆرینەی کورد دەرفەتیان هەبێت ئەوا دەنگ بۆ بەرژەوەندی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ هەرێمی کوردستان دەکات.

تەنیا بەشی ئەم ماددەیە کە رۆڵ دەدات بەنێوبژیوانیکردن ئەوەیە کە پەیوەستە بە سەرلەنوێ سنوور رێژکردنەوەی ئیداری بۆ بەر 2-لەسەردەمی هاتنی بەعس بۆ سەر دەسەڵات.

خۆ ئەگەر شەرعیەت خەمێك نەبوایە ئـەوا كـورد توانـاو سەرچـاوەی ئـەوەی هـەبوو كـە كۆنترۆڵی ناوچەدابڕێنراوەكان بكات و یەكلایەنە سنوورەكانی رابگەیاندایە. بەڵام ئەو رەگەزانەی لەپشت بڕیارێكی وا ستراتیژەوەیە راوەستاون بـۆ ئـەوەی شـەرعیەتی پێبـدرێت گرتنـە بـەری دەستووره لەچارەسەركردنی كێشەی ناوچەدابڕێنراوەكان. بێگومان نەیارانی خواسـتی هـەرێمی كوردی لەسەر نارەزاییەكانیان بەردەوام دەبن بەڵام پاساوەكانیان لاوازتر دەبێـت ئەگـەر هـاتوو پرۆسەكە پێـوەرە دەسـتووری و یاسـاییەكانی بەهەنـد وەرگرتـو پێـوەی پابەنـد بـوو. دیسـان هەرهەنگاوێكی كورد بەئاراسـتەی دەسـت بەسـەردا گـرتنی زەوی بەدڵنیاییـەوە كاردانـەوەی دوژمناكارانەی لەلایەن بەغـدادەوە لێدەكەوێتـەوە و ئـەوەش دەبێتـە هـۆی بـڕینی هێڵـەكانی تەمویل لەلایەن حكومەتی ناوەندەوە بۆ هەرێمی كوردستان. بـەواتای هـەمواركردنی مـاددەی ١٤٠بەشێوەیەكی ریشەیی بۆ ئەوەی كـورد بتوانێـت سـەرجەم پرسـەكانی ناوچـەدابڕێنراوەكان یەكلایی بكاتەوە یاخود دانوستان بكات لەبارەی پرۆسەیەكی نوێ سەبارەت بە وردەكاریـەكانی كەركووك و پرسی دیاریكردنی سنووری هەرێمی كوردستان.

فەسڵی دووەم

کێشمەکێش لەسەرکەرکووک: گرفتەکانی بارودۆخی کۆتایی

پێشبینیکردنی ئەوەی رووداوەکانی عێراق بەچ ئاقارێکدا دەگوزەرێت ئەرکێکی گرانەو ئەوەی پێش رووداوەکانیش بکەوێت جگە لەگێل چیتر نییە.

سەبارەت بە کەرکووک ئەوپێشبینیکردنە مەحاڵە ئەویش بەهۆی ئاڵۆزی و تەنگەتاوی ئەو پرسانەی کە خراونەتە روو. داهاتووی کەرکووک لەسەر ئاستەکانی شێکاری لۆکاڵی و نیشتمانی و نێو دەوڵەتی بەلای لایەنە جیاجیاکانەوە گرنگەو رووداوەکانیش لەسەر هەریەکێك لەو ئاستانە چارەنووسی داهاتووی کەرکووك بەشێوەیەکی بنەڕەتی دیاری دەکات.

بۆنموونە مەرگی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی کاریگەری راستەوخۆی لەسەر پرسی کەرکووك نابێت بەڵام ئەگەر ئەوە عیراق بەئاراستەی جەنگی تایەفیی گشتگیردا بەرێت ئەوا کورد ئەوەیان روونکردوەتەوە کە بەمافی خۆیان دەزانن جیاببنەوە.

بەدڵنیایشەوە بیر لەوە دەکەنەوە بەشێکی کەرکووك و ناوچەدابڕێنراوەکان یان هەر هەموو ئەو ناوچانە بۆخۆیان بەرنەوە.[1]

---

١ - دیدارەکان

بەهەمان شێوە پێدادانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە هەرچەندە ئەوە کارێکی دوورە، ڕەنگە ببێتە لەدەستدانی "گەڕانەوە" ی کەرکووک کە بەدڵی کوردستان دادەنرێت بۆ کاتێکی نادیار.

لەودیدگا فراوانەشەوە دیسان لەوانەیە ئاسان نەبێت پێشبینی دەرئەنجامی پرۆسەکە بکرێت کە دەوکەوێتە ژێر کاریگەری چەندان گۆڕدراوی زۆر و زەوەند لەسەر ئاستە جیاجیاکانی شیکاریکردن.

لەکاتێکدا کە پێویستە بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت پەنهانییەك سەبارەت بەکەرکووك لەئارادایە باشتر وایە پێشبینی سنووره شیاوەکان بکرێت بۆ چارەسەر کردنی بارودۆخی کەرکووك کەکێشەی لەسەرە.

هەڵبەت کۆمەڵێك چارەسەری شیاو هەن بەڵام هەرهەموویان وەك یەك چارەسەری لەبارنین.

بەدیاری کراوی کورد لەوپێگەیەدا نییە کە دەرفەتی ئەوەیان هەبێت سەرجەم ئامانجەکانیان لەو شارەدا لەرێگەی یاساو دەستوورەوە بەدەستبهێنن. لەهەمان کاتیشدا بێ بەشکردنی سەرانی کورد لە چارەسەرکردندا کارەسات دەخوڵقێنێت، بۆیە چارەسەری تەوافوقی مامناوەند لەنێوان ئەوپەڕی هەڵوێستی سەرانی کوردو هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی نەیارانی، لەبارەی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ کورد، لەبارترین ڕێگا چارەیە.

باجی زیادەڕۆییکردن بەماددەی (١٤٠)ەوە

لەڕووی تەکنیکییەوە هێشتا ماددەی(١٤٠) تاکاتی نووسینی ئەم دێڕانە ماددەیەکی زیندووە، بەڵام چارەنووسی ئەو ماددەیە بەرەو نادیاری دەچێت. لەدوای شکستی حکومەتی عیراقی لەجێبەجێکردنی هەرسێ قۆناغەکەی ماددەی(١٤٠)لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧، چارەنووسی ئەو ماددەیە کەوتە دەست دادگای فیدراڵییەوە. ئەم دادگایەش لەژێرکاریگەری ڕەوشی سیاسی عیراقدایە کە لەرۆژگاری ئیدارەی کاتی دەوڵەتەوە بەمیرات بەجێماوە.

دادگای فیدراڵی لە(٩) دادوەر پێکهاتووە لەلایەن (مەدحەت ئەلمەحمود)ەوە سەرۆکایەتی دەکرێت.

دادگاکە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەیاد عەلاویدا دامەزراوە، هەربۆیە زۆربەی ئەندامەکانی لەکەسانی عەلمانی و تەکنۆکرات و نیشتمانپەروەرن نەك لەدامەزراندنیاندا حزبەکان دەستیان هەبووبێت.[1]

---

١ – مەرجی دەستووری عیراقی ئەوەیە، کە بەزۆرینەی دوو بۆ سێی ئەندامانی پەرلەمان لەبری دادگای فیدراڵی دەنگ بدەن ، ئەو دادگایەی بەپێی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت دامەزراوە.

ئەگەر بەدیدێکی سیاسیانەی پراکتیکی ئەو دادگایە لەو پرسە بڕوانێت ئەوا پێدەچێت لەبەرژەوەندی کورددا حوکم بدات لەمەسەلەی کارپێکردن بەماددەی ١٤٠ .١

لەوکاتەدا نوری مالکی سەرۆك وەزیر بە بڕیارێك کارەکانی لیژنەی ماددەی ١٤٠ هەڵپەسارد و زۆرێك لەئەندامەکانی لیژنەکەش کشانەوە و لەهەمان کاتیشدا زۆربەی کوتلە سیاسیەکان جگە لە کورد نەبێت پێیان وایە ماددەی ١٤٠ مردوەو بەخاك سپێردراوە.٢

زۆرێك نیشانەی پرسیارلەسەر رەشنووسی یاسایی درێژکردنەوەی وادەکە بۆ شەش مانگی تر دادەنێن کە لەلایەن ستیڤان دی میستۆراوە لەدواساتدا ئەنجامدرا.

دی میستۆرا رۆڵی نێوەندگیری بینی لەنێوان ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی و سەرۆك وەزیری عێراق و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەدەکرێت لەو چوارچێوەیەشدا رێککەوتنەکە والێکبدرێتەوە کە لەرووی تەکنیکییەوە هەموارکردنی دەستوورە.

ئەو میکانیزمەش کە بۆدرێژکردنەوەی وادەکانی تر بەکارهێنرا دەستوور پێوەی پابەند بوو، واتە دەنگدان لەنێو پەرلەماندا. بەڵام دیارە ئەو بژاردەیە بەلای کوردەوە پەسەند نەبوو ئەویش بەهۆی هێزی دژ بە ماددەی ١٤٠ لەپەرلەماندا. ٣

لەبەرئەوە کورد ناچاربوو خۆی رادەستی بڕیاری دادگا بکات، بەڵام ئەوەی دادگا بڕیاری لەسەر دەدات لەراستیدا ئەوەیە کە ئاخۆ درێژکردنەوە کە کارێکی دەستوورییە.

بەڵام رەنگە کاتێکیش دادگا بڕیاری خۆی بدات، درێژکردنەوەکە کۆتایی هاتبێت بۆیە ئەگەری زیندوکردنەوەی ماددەی ١٤٠بەو فۆرمەی کە ئێستا هەیەتی ئەگەرێکی دوورە.

گرفتەکە قوڵترە لەوەی کە کورد روو بەڕووی دەبێتەوە ئەویش چۆنیەتی قەرەبووکردنەوەی ماددەی (١٤٠)ە بەپرۆسەیەکی نوێ کە لەسەربنەمای یاسایی دابمەزرێت.

دیسان رەنگە دەستوەردانی نەتەوە یەکگرتوەکان لەدانوستانەکان جۆرە شەرعیەتیەکی نێودەوڵەتی ببەخشێتە رێککەوتنەکە سەبارەت بە دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر رێککەوتنێك پێویستە لەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە پەسەندبکرێت یاخود

---

٢ – لەکاتی نووسینی ئەم دێڕانەدا (ئایار/٢٠٠٨) ئاماژەیەك لەئارادا نین بۆ ئەوەی کە ماددەکە ئاراستەی دادگای فیدراڵی بکرێت.

١– سەبارەت بە هەڵپەساردنی کاری لیژنەکەو کشانەوەی ٤ لەئەندامەکانی بڕوانە:

Rozhnama (BBC Monitoring Middle East).2008. "Iraq MP Suspends Work of Constitutional Committee ." 6 February

٣ – پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە دەنگدان لەپەرلەماندا بۆنموونە وەك ئەوەی لەدرێژکردنەوەی وادەی نووسینی دەستوور و تەواوکردنی پرۆسەی ماددەی ١٤٢دا بەکارهێنرا ، دەنگدانێکی گوماندارانەیە کە شەرعیەتیەکی میللی دەداتە درێژکردنەوەکان.

بەشێك بێت لەپرۆسەی ماددەی (١٤٢) کە بەردەوامی هەیە، بەڵام ناکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە پەرلەمان یان لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستوور رێککەوتنامەکە پەسەند دەکەن، کە جگـە لە کۆپییەکی ماددەی ١٤٠چیتر نییە. لەوسۆنگەیەشەوە هەڵوێستی کورد تەواو گرانە چـونکە ئەو بارودۆخەی کە لەئارادایە خۆی لەنەبوونی میکانیزمی یاسایی یان دەستووریدا دەبینێتـەوە تا زەمینە بۆ کورد خۆش بکات لەگەڕانەوەی کەرکووك و ناوچە دابڕاوەکـانی تـر. لەبەرئـەوە دەستکردن بەپرۆسەسەکی نوێ لەلایەن هەموانەوە بەپرۆسەسەکی یاسایی دادەنرێت و ئەوەش وا لەکورد دەخوازێت هەڵوێستێکی مامناوەندی هەبێت چونکە ئەو بارودۆخەی لەئێسـتادا هەیـە چارەسەری هیچ شتێك ناکات و ماددەی(١٤٠) یش رەنگە وەك بەرپرسێکی بـەرەی تورکمـانی دەڵێت بێ واتاو رەتکراوە بێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پرسی دیاریکردنی بارودۆخی کـەرکووك و جێ لەسەرناکۆکەکان کۆتاییان نایەت و سەرجەم لایەنەکانیش لەوبارودۆخە نارازین.

لەواقیعـدا هـەردو پارتـە کوردییەکـە دەسـتیان بەسـەر هێـزە ئـەمنی و زۆرێـك لـە بەڕێوەبەرایەتییەکانی پارێزگاکەدا گرتووەو لەهەمان کاتەشدا حکومەتی بەغدا دەستی بەسـەر قەبارەی ئەو بودجەیەدا گرتـوە کـە بـۆ کـەرکووك تـەرخانکراوەو دەسـەڵاتی دوورخسـتنەوەی هەندێك لەبەرپرسانیشی لەدەستدایە.

لەڕووەکانی تریشەوە بەهێزترین بـوون لەکەرکووکـدا بـوونی هێزەکـانی ئەمریکایـە بـەڵام لەواقیعدا ئیدارەی کەرکووك ئیدارەیەکی کاتیـەو جـۆرە پشـێوییەك بـاڵی بەسـەردا کێشـاوە. هەروەها جۆرە نائۆقرەییەك لەنێوان ئەنجوومەنی پارێزگاو حکومەتی بەغدا لەلایـەك و هـەردو حزبەکەش لەلایەکی ترەوە هەیە کە لەپێناو نفوزدا کێبڕکێ دەکەن. ئەمـە جگـە لـەنائۆقرەیی نێوان سەرانی سیاسی کوردو عەرەب و تورکمان لەسەرتاسەری پارێزگاکـەدا تەنانـەت لـەنێوان پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا کە هەردوکیشیان کوردن.١

١- لەبەرایی ساڵی ٢٠٠٨ عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگار ناکۆکیەکانی خۆی لەگـەڵ رزگـار عـەلی دا وا وەسـفکرد کـە لـەلای هەموان ئاشکرایە.لەم بارەیەوە بڕوانە:

Rozhnama (BBC Monitoring International Reports).2008. (Iraqi Kirkuk Governor defends his Administration of the City ." 8 February (LN).

هاوکات کەرکووك رۆژانە رووبەڕووی کاری توندوتیژی دەبێتەوەو ژێرخانیش بەبەردەوامی دادەڕمێت و سوپایەکیش لە کۆچپێکراوان لەهەڵکشاندایە، کە لەسادەترین خزمەتگوزاریش بێبەشن.١

دیارە هەرچارەسەرێکیش بۆ بارودۆخی کەرکووك یارمەتیدەرە لەدیاریکردنی ئەوەی کەکێ بەرپرسیارە لەچارەسەرکردنی ئەو کێشانە، جا بەو پێیەی کەرکووك پارێزگایەکی دەرەوەی هەرێمە یان بۆخۆی هەرێمێکە یان بەشێکە لەهەرێمی کوردستان ئەوا ئەوە هەنگاوێکە روەو باشتربەبەراورد بەو رەوشەی کەئێستا هەیەتی.

هاوکات ئەو بارودۆخەی کە ئێستا تیایدایە هاندەر نییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و هەوڵەکانی کوردیش بۆ گەیشتن بە رێککەوتن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ هەردو کوتلەی عەرەبی و تورکمانی لەئەنجوومەنی پارێزگاکەدا نابێتە هۆی گەشەی پەیوەندی ئیتنیکی لەباری نێوان سەرانی سیاسی. چونکە ئاستەنگی سەرەکی بریتییە لە ناکۆکی لەسەر داهاتووی کەرکووك، خۆ ئەگەر ئەو پرسەش چارەسەرنەکرێت ئەوا هیچ جۆرە شێوازێکی دابەشکردنی دەسەڵات ناتوانێت بەشێوەیەکی کارا ئیشبکات و واتای هەبێت، لەبەرئەوەی سەرانی هەردوپێکهاتەی عەرەبی و تورکمانی گشت توانای خۆیان بەگەڕدەخەن بۆ رێگری کردن لەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگەڕێتەوە.

باجی ئامادەیی کورد

رەنگە تەنیا شتی خراپتر لەو رەوشەی کە لەئارادایە گەیشتن بێت بەچارەسەر سەبارەت بە داهاتووی کەرکووك بەبێ رەزامەندی کورد، هەڵبەت لەبەرامبەر هێزی دژ بەکورد لەسەر پرسی کەرکووك ئاستەم نەبێت وێنای ئەو سیناریۆیە بکرێت کە تیایدا زۆرینەی کوتلە سیاسیە عەرەبییەکان چارەسەرێك ئامادە بکەن و دواتر لەرێگەی یاسایی و دەستووری پەتییەوە بەسەر کورددا بیسەپێنن.

---

٢ - بەپێی خەملاندنی رێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ و کۆچبەران International Organization for Migration (IOM) ژمارەی خێزانە راگوزراوەکانی کەرکوك تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٥، ٢٢ هەزار خێزان بوون. هەر بەپێی خەملاندنەکانی ئەو رێکخراوە ئەگەر هەرخێزانێك لە ٦ ئەندام پێکهاتبێت ئەوا زیاتر لە ١٣٠ هەزار کەس لەو پارێزگایە راگوازراون.
IOM. 2006." Tameem / Kirkuk ,October –December 2005.Phase II Monitoring " (www. i o m – i r a q. n e t / L I b r a r y / I d p R e p o r t s/ T a m e e m- % 20 K I r k u k %20Phase%20II%20IDP%20Report.pdf)

بۆ نموونە کاتێك ئەرکی لیژنەی تایبەت بەچاوخشاندنەوە بەدەستووردا تەواو دەبێت، ڕەنگە میکانیزمی هەموارکردنی دەستوور بگەڕێتەوە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە رووکارەکانی ماددەی (١٢٦) ی دەستوور دیاری دەکات. کە بەپێی ئەو پرۆسەیەش دەکرێت بەرەزامەندی دوو بۆ سێی ئەندامانی پەرلەمان و رەزامەندی گەل بەزۆرینەیەکی سادە لەراپرسیەکی گشتیدا دەستوور هەموار بکرێت.

هەروەها بۆ لەباربردنی هەمواری پێشنیازکراو لەئەنجوومەنی نوێنەران بۆ نموونە رێگری بکرێت لەوەی کەرکوك بچێتە سەر هەرێم کە ئەوەش پێویست بە (٩٢) دەنگ هەیە مسۆگەر بکرێت و کوردیش تەنیا خاوەنی (٥٨) دەنگە.١

لەبەر ئەوە دەکرێت نەیارانی کورد لەڕووی ژمارەوە چارەسەری پرسی کەرکوك پێشکەش بکەن بەبێ بەشداریکردن و رەزامەندی کورد، بەڵام کارێکی لەو جۆرە ئارامی عیراق بەشێوەیەکی مەترسیدار لەباردەبات و هەرچی سەرانی کوردیشە هەوڵ و سەرمایەی زۆریان بەگەڕخستوە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ئەرێنی پرسی کەرکوك چارەسەربکرێت.

بێگومان دەکرێت هەردو حزبەکە پەنا بۆ چارەسەرێکی تەوافوقی بەرن لەنێو جەماوەری وەڕس و بێزاری کورد بەڵام ناکرێت هیچ کام لەو دوو حزبە رەواج بە چارەسەرێکی سەپێنراوی یەکلایەنە بدەن کە لەدژی بەرژەوەندیەکانی کورد.

لەئاستێکی قوڵتردا ئەو چارەسەرەی کە لەرێگەی دانوستانەوە سەرچاوە ناگرێت پرسیاری ئەوە دەهێنێتە ئاراوە کە ئاخۆ بەشداریکردنی کورد لەداهاتووی دەوڵەتی عیراقیدا چ سوودێکی دەبێت.

تائێستا سەرانی کورد پایەندبوون بەگرتنە بەری ستراتیژێکی سیاسی –زامنی زۆرترین مافی ئۆتۆنۆمی لەچوارچێوەی عیراقدا- کە لەگەڵ زۆربەی جەماوەرەکەیاندا لەدوو بەرەوەی دژ بەیەك دایناون.٢

هاوکات گەرەنییە دەستوورییەکان رێگرن لەوەی حکومەتێکی عەرەبی بەهێز لەناوەندا دەربکەوێتەوە و ماددەی (١٤٠) یش لەزۆر رووەوە بەڵگەی ئەو ستراتیژەیە.

---

١ – هەر لەکانوونی دووەمیساڵی ٢٠٠٨وە لانی کەم ١٥٠پەرلەمانتار دژی هەوڵەکانی کورد بوون بۆ گەڕانەوەی کەرکوك. ماوەتەوە لەچاوەڕوانی ئەوەدابین کە ئاخۆ هاوپەیمانەکانی کورد لەوانەش ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی ئامادەن لەگەڵ کورددا دەنگ بدەن بۆ رێگرتن لەوهەموارکردنەی کە زۆرینەی پەرلەمانتاران پشتیوانی لێدەکەن.

٢ – لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٧ داوا لەدەنگدەرانی هەرێمی کوردستان کرا بەشداری ئەو راپرسییە بکەن کە سەبارەت بە جیابوونەوە لەعیراق کرا و بەو پێیەش زیاتر لە ٩٥٪ لەبەرژەوەندی سەربەخۆیی دەنگیان دا.

هاوکات چارەنووسی ماددەی (١٤٠) ئەوە دەردەخات کە خاوێنی دەستوور لەسەرو گومانەکانەوە نییەو ئەو "گەرەنتی" یانەش کە لەبەندەکانی دەستووردا بەرجەستە بوون لەواقیعدا توانای دەستەبەر کردنیان نییە.

خۆئەگەر زۆربەسادەیی چارەسەرێکی نەرێنی بۆ پرسی کەرکووك بەسەر کورددا بسەپێنرێت ئەوا ئاستەمە وێنای ئەوە بکرێت کە کورد بەردەوام بن لەسەر گرتنە بەری ئەو ستراتیژەی کە پەنایان بۆ بردووە.

لەبەر ئەوە یەکێك لە ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان کە یەك لایەنە کورد لای خۆیەوە رایدەگەیەنێت سنووری هەرێمی کوردستانە کە بەشێك لەناوچەدابڕێنراوەکان و سەرجەم پارێزگای کەرکووك یان بەشێکی لەخۆدەگرێت.[١]

لەراستیدا کاری لەم جۆرە مزگێنی خێری بۆ ئارامی عیراق پێنییە.[٢] یەکێکی تریش لەو بژاردانەی کە کەمتر دراماتیکیە لەلای سەرانی کورد پاشەکشەکردنیانە لەحکومەتەکەی نوری مالکی یاخود پەکخستنی کۆی ماددەی (١٤٢).

دیارە هەردو بژاردەکەش مایەی مەترسین بۆ کورد بەڵام هەریەکێك لەو بژاردەیە بەسە بۆ ئەوەی بارودۆخی عیراق بەرەو ئاژاوە بچێت تا هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٩.

بێگومان بەرژەوەندی لایەنەکانی دژ بە خواستەکاتەکانی کورد لەکەرکووکدا لەوەدایە هەڵوێستێکی مامناوەند وەربگرن کە سەرانی کورد پێی قایل نین و ئەوانیش لەناوجەماوەریاندا رەواجی پێبدەن.

لەبەرئەوە دەشێت کورد و نەیارانیان بگەنە فۆرمی رێککەوتنێکی مامناوەند لەسەر کەرکووك. بەڵام دەبێت سیماکانی رێککەوتنێکی مامناوەند چۆن بێت؟

---

١ – زۆرێك لەناوچە دابڕاوەکانی وەك شەنگال و مەخمود و ئاکرێ لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمدان و دەشکرێت دیسان کورد دەرفەتی ئەوە بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی کوردانی موسڵ کە رێژەیەکی گەورە پێکدەهێنن بخاتە سەر هەرێمی کوردستان و ئەوەش روو بەڕووبوونەوەیەکی مەترسیدار لەگەڵ عەرەبی سوننەدا دروست بکات کە زۆرینەی شارەکە پێکدەهێنن. بەڵام بەدیل ئەوەیە کە ئەو کوردانە لەدەرەوەی هەرێمدا بمێننەوەو لەلایەن ئاسایشی هێزە کوردیەکانەوە بپارێزرێن.

٢ – وەك ئاشکرایە رەنگە ئەمە تەنیا یەکێك بێت لەکاردانەوەکان لەبەرامبەر چارەسەری سەپێنراودا بەڵام ناکرێت بیر لەوە بکرێتەوە کە سەرانی کورد بە چارەسەری سەپێنراو سەبارەت بە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانی تر رازی بن.

پێشنیارەکانی چارەسەری مامناوەند

کەمی ئەو لێکۆڵینەوانەی باس لە ململانێی ئێستای سەر کەرکووك دەکەن رەنگدانەوەی کەمیی شیکاریی مەنهەجی جددییانەی بژاردەکانە لەپێناو چارەسەرکردندا.

بەشێکی زۆری نووسینەکانی سەردەمی نوێ لەبارەی کەرکووکەوە لەو راپۆرتانە پێکهاتوون کە لەمێژووی شارەکەوە وەرگیراون یاخود راشکاوانە دەقی حزبین (بەپلەی سەرەکی) و لەلایەن توێژەرانی کوردو تورکمان نووسراون بۆ پشتیوانیکردن لەبانگەشەی پێکهاتەکانیان سەبارەت بە خاوەندارێتییان بۆ کەرکووك.١

گرفتی ئەو کۆمەڵەئەدەبیاتەش بەزەرورەت ئاماژە نییە بۆ نەبوونی بنەمای زانستی بەڵکو زۆرێك لەو لێکۆڵینەوانە لەبەدۆکیۆمێنتکردنی بەڵگەکاندا ورد بوون بەڵام گرفتەکە لەتەوزیفکردنی ئەو بەڵگانەدایە بۆ خزمەتی" سەلماندن"ی ئەوپاساوانەی کە پێشوەخت بڕیار لەئەنجامەکانی دراون.٢ سەیریش نییە کە توێژەرانی تورك /تورکمان بیسەلمێنن کە کەرکووك شارێکی تورکمانی بووە بەکاتێدا نووسەرانی کوردیش بە هەمان شێوە دەریدەخەن کە بۆچی کەرکووك شارێکی کوردییەو هەمیشەش هەر کوردی بووە.

پاشان بەخەیاڵ کەسیاندا نەهاتووە کە بگەنە چارەسەرێکی تەوافوقی سەبارەت بە داهاتووی کەرکووك.

هاوکات ئەو وتارە کەمانەش کە لەگۆڤارە تایبەتمەندەکان هەن بەهەمان ئاراستەن. بۆنموونە لەوەرزنامەی(Middle East Quarterly)، زستانی ٢٠٠٧، ژمارەیەك تێزی سادەی تایبەت بەپاساهێنانەوەی کوردو تورکمان سەبارەت بەخاوەندارێتی کەرکووك بڵاوکردوەتەوە. هەرچی

---

١ – سەبارەت بەبیۆگرافیای ژیانی کەرکوك کە لەلایەن کەرکوکیەکی بە رەچەڵەك ئەرمەنییەوە نووسراوە ، دەبینیت زۆربەی مێژووی شارەکە لەشێوەی چیرۆکدایە بەڵام سیحرئامێزە.بڕوانە:

Astarjian, H.D. 2007. The Struggle for Kirkuk ;The Rise of Hussein ,Oil and the Death of Tolerance in Iraq. Westport ,CT: Praeger Security International.

٢ – بۆ نموونە نووسینێکی یۆجل گۆجلۆ Yucle Guclu بەناوی(تورکمان و کەرکوك) ،کە لە ١٠٠ لاپەڕە پێکهاتووە، ١٧٩ پەراوێزی لەخۆگرتوە کە ئامانج لێی بۆ سەلماندی تورکمانیبوونی شاری کەرکوکە. هاوکات مێژوو نووسی کورد کەمال مەزهەرەحمەد لەکتێبی (کەرکوك وتوابعها) وردەکاری زۆری لەخۆگرتوە بۆ ئەوەی دەریبخات کەرکوك کوردییە.

تێزەکـەی کـوردە لەلایـەن دکتـۆر نـوری تاڵەبانیـەوە نووسـراوەو بـەوە کۆتـایی هـاتووە کـە ماددەی(١٤٠) لەکاتی خۆیـدا جێبـەجێ بکرێـت و هەرچـی تێـزی نووسـەرو دیپلۆماتکـاری تورکیشە(یوجل گۆجلۆ)یە باس لەدەستێوەردانی نێودەوڵەتی دەکات بۆ ئەوەی کەرکووك نەچێتە سەر هەرێمی کوردستان.١ لەبەر ئەوە تا ئەمڕۆ مشتومڕ لەسەر کەرکووك بەردەوامە لـەنێوان ئەوانەش کە بەرژەوەندی تایبەتیان بەئەنجامەکەی هەیە.

لە نێو ئەو توێژەرە دانسقانەی خۆرئاوا کە بەقوڵایی چـوونەتە نێـو ئـەو پرسـەوە "دیڤیـد ڕۆمانۆ _ David Romano" یە کەشـیکارییەکی مەنهـەجی سـەبارەت بەپرسـی کـەرکووك و داهاتووی پێشکەش دەکات٢.

داهاتووی کەرکووکیش خـۆی لـە ڕێگـەدان بەئەنجامـدانی ریفرانـدۆم وەك ئـەوەی بڕیـاری لەسەردراوە دەبینێتەوە، لەگەڵ پێـدانی بـارودۆخێکی تایبـەت بـە کـەرکووك لەچوارچـێوەی هـەرێمی کوردسـتان و رادەسـتکردنی ئیدارەکەشـی بـە حکومـەتی ناوەنـدی و دواخسـتنی چارەسەرکردنەکەشی بۆ ماوەی (١٠)ساڵ.

لەکۆتایشدا ڕۆمانۆ گورزێك لە چارەسەری تەوافوقی مامناوەند پێشکەش دەکات کە تیایدا ئیدارەکردنی کێڵگە نەوتیەکان بەدەست حکومەتی فیدراڵییەوە دەمێنێتەوە لەگەڵ دۆزینـەوەی بارودۆخێکی تایبەت بە پارێزگای کەرکووك لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا.

دیسان لەسیاقی ئەو بارودۆخە تایبەتەدا ڕۆمانۆ داوای فۆرمێکی سیاسی دەکات کە زامنی نوێنەرایەتی و دابەشکردنی دەسەڵات بکات لەئیدارەی کەرکووك(Consociation)دا.

لەوسەروبەندەدا "برندان ئۆلیری _ Brendan o'lery"باس لەچارەسەری بەڵگەنەویستی بـۆ ناوچە دابڕاوەکان دەکات، کە ئەویش دۆزینەوەی فۆرمێکە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی لۆکـاڵی لەپارێزگای کەرکووك و خودی شارەکە لەژێر سایەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا٣. هاوکات ئۆلیری داوا دەکات کە"فۆرمێکی لۆکاڵی دابڕێژرێت کە زامـنی نوێنەرایـەتی و دابەشـکردنی دەسەڵات لەشاری کەرکووك بکات بێ گوێدانە دوا بارودۆخی پارێزگاکە.٤

---

1 - Talabani, N. 2007. "The Kurdish Case."Middle East Quarterly,Winter ,14 , 1:75-78, and Guclu, Y . " The Turkmen Case." Middle East Quarterly , Winter , 14, 1: 79-86

2 - Romano, D. " The Future of Kirkuk "Ethnopolitics , 6,2, June: 265-283.

3 -O'Leary , B. "Power- Sharing , Pluralist Federation and Federacy ." In The Future of Kurdistan in Iraq .هەمان سەرچاوە ، ل ٧٨

٤- هەمان سەرچاوەی پێشوو

هاوکات گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەیەکی ئەکادیمی نییە، چارەسەری باشی خۆی پێشنیاز کردوە. لەراپۆرتەکەیدا کە لەتەموزی ساڵی ٢٠٠٦ بەناونیشانی "The Brewing Battle Over Kirkuk" بڵاوکراوەتەوە، پێشنیاز دەکات بۆ ماوەیەکی کاتی کە (١٠) ساڵ بخایەنێت بارودۆخێکی تایبەت بەسەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتوەکان بدرێتە کەرکوك کە تیایدا دەسەڵات بەسەر هەرچوار پێکهاتە سەرەکیەکەی شارەکەدا دابەشبکرێت١.

هاوکات ئەم جۆرە رێککەوتنامەیە وەك چارەسەرێکی کۆتایی بۆ بارودۆخی کەرکوك بەکراوەیی بۆ دوای تەواوبوونی ماوەی ئینتیقالی جێ بهێڵرێت. لەگەڵ ئەوەی هەریەك لەم پێشنیازانە ئیستیحقاقی خۆی هەیە بەڵام هیچ کامیان ناچنە نێو قوڵایی وردەکارییەکانەوە٢.

بۆنموونە لەهیچ کام لەو پێشنیازانەدا فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بەو جۆرەی لەگەڵ پێویستی تایبەت بە کەرکووك گونجاوبێت وەسف ناکات.

هەڵبەت جیاوازی هەیە لەنێوان دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بناغەی یەکسانی و دابەشکردنی لەسەربناغەی نوێنەرایەتی رێژەیی.

بەجۆرێك یەکەمیان هەرپێکهاتەیەك پشکێکی یەکسانی دەسەڵات پێدەبەخشرێت و دووەمیشیان دەسەڵات لەسەر بنەمای هێزی فرەیی بۆ هەر پێکهاتەیەکی دانیشتوان دابەش دەکات.

هاوکات هەردوکیان نموونەی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵاتن و دەکرێت لەچوارچێوەی دیموکراسیدا لەسەربنەمای زامنکردنی نوێنەرایەتی و دابەشکردنی دەسەڵات پشتیان پێ ببەستن بەڵام هەریەکەشیان واتای جیاوازیان هەیە بۆ ئیدارەکردنی کەرکووك٣.

بانگهێشتکارانی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات پێیان وایە کەئەوە ئامرازێکە بۆ هێورکردنەوەی بەردەوامی ململانێی ئیتنیکی و دەبێت فۆرمی لەم جۆرەش لەسەربناغەی جێبەجێکردن و لەسیاقێکی دیاریکراودا دۆوست بکرێت.

---

1 -The International Crisis Group . " Iraq and the Kurds : The Brewing Battle Over Kirkuk , Middle East Report 56, 18 July.

١- مەستیان لەرەخنەگرتن نییەو هیچ کام لەو سەرچاوانەش باس لەوە ناکەن کە خاوەنی پرۆژەیەکی تێروتەسەلن بۆ کەرکوك.

2- سەبارەت بەو رەخنانەی لەو شێوازەی نوێنەرایەتی و دابەشکردنی دەسەڵات گیراون بڕوانە:

-Lustick , I .S. 1997. " Liphart , Lakatos and Conscociationalism . "World Politics , 50, 1:88-117.

هەروەها فۆرم(صیغە)ی زامنکردنی نوێنەرایەتی و دابەشکردنی دەسەڵات لە گشت بارەکاندا گونجاو نییە.

ڕەهەندەکانی هەرسێ چارەسەری تەوافوقی

هەر ڕێککەوتنێکی مامناوەند لەسەرکەرکووک پێویستە سێ پرس چارەسەر بکات.

یەکەمیان/ پرسی هەرێمایەتی کەخۆی لە وەدا دەبینێتەوە ئایا کەرکووک دەبێتە بەشێك لەهەرێمی کوردستان یاخود لەدەرەوەی سنووری کوردی دەمێنێتەوە.

دووەم/ پرسی بەڕێوەبردن کە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئایا کەرکووک"بارودۆخێکی تایبەت" ی پێدەدرێت یان نا. هەروەها ئەو بارودۆخە تایبەتمەندە تەنیا شارەکە دەگرێتەوە یان کۆی پارێزگاکەش.

سێیەم/ پرسی حوکمڕانی کەخۆی لەوەدا دەبینێتەوە ئایا کەرکووك بەفۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بەڕێوەدەبرێت و لە بارێکی وەهاشدا شێوازی ئەو فۆرمە چۆن دەبێت.

بۆپتر تێگەیشتن لەم پرسە ئەم خشتەیە کێشراوە کەچوار ئەگەری لەخۆگرتووە:

شێوەی ١١- ١

چوار داهاتوو بۆ کەرکووك

بارودۆخی تایبەتی پێدەدرێت	بارودۆخی تایبەتی پێنادرێت	
٢	١	لەناوهەرێمی کوردستاندا
٤	٣	لەدەرەوەی هەرێمی کوردستاندا

سیناریۆی چارەکی یەکەم/ کەرکووك دەخاتە سنووری هەرێمەوە بێ ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی پێبدرێت. بەپێی ئەم سیناریۆیە پارێزگای کەرکووك دەبێتە یەکەیەکی ئیداری لەچوارچێوەی کوردستان و هاوتای بارودۆخی پارێزگاکانی تری هەرێم دەبێت.

لەم بارەشدا پرۆژەی دەستووری ئامادەکراوی هەرێمی کوردستان هێندە باس لە خۆ بەڕێوەبردنی یەکەکانی هەرێم ناکات.

دەروازە(باب)ی چوارەم لەپرۆژەی دەستوورەکە هێڵە گشتیەکانی ڕێکخستنی ئیدارەی خۆجێیەتی و ئەنجوومەنی شارەوانیەکانی کێشاوە.

هەروەها ئاماژەی بەمافی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنە لۆکاڵیەکان و ئامادەکردنی " بودجەی سەربەخۆ" داوە١. بەڵام نەبوونی وردەکاری لەوبابەدا و نەبوونی وشەی "فیدراڵی" لەهیچ کام لەبەشەکانی پرۆژەی دەستوورەکەدا ئاماژەیە بۆ نەبوونی دەقێکی پەیوەست بە جێبەجێکردنی فۆرمی فیدراڵی لەناوخۆی هەرێمدا.

لەراستیدا ماددەی(٣) رێگە نادات بەپێکهێنانی هەرێمی نوێ لەنێو هەرێمی کوردستاندا.

هەرچی ماددەی(١٤٢) شە، رێگە بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەدات بەعەمەلی یەکلایەنە سنووری ئیداری بگۆڕێت و یەکەی نوێ دروست بکات و یەکەی کۆنیش هەڵبوەشێنێتەوە٢.

دیسان پرۆژەی دەستووری هەرێم لەهیچ کام لەبەشەکانیدا باس لەوە نەکراوە کە یەکە ئیدارەیەکان بوونێکی سەربەخۆیان هەبێت لەحکومەتی هەرێم.

پرۆژەکە بەو شێوەیەی ئێستای سیستمێکی یەکگرتووی توندی هەیە کە راستەوخۆ کەرکووک دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی هەولێرەوە٣. لەبەر ئەوە کەرکووک بەپێی ئەو سیناریۆیە "موڵك"ی کوردە بەواتای بوونی لەچوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا.

سیناریۆی چارەکی سێیەم/ بەو پێیەی ئاماژەی بۆکراوە پێچەوانەی ئەگەرەکەی پێشووترەو کەرکووک دەخاتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان و بارودۆخێکی تایبەتیشی پێ نابەخشێت.

لەرووی پراکتیکییەوە کەرکووك حوکم بکرێت یان نەکرێت ئەوا وەك ئەوەی هەبووە لەنیسانی (٢٠٠٣)وە وەك خۆی دەمێنێتەوەو دەسەڵاتەکانی کە بە "پارێزگاکانی دەرەوەی

---

١ – ئەو کوەتێشنسانە لە Kurdish Globe وەرگیراون کە لەم سایتەدا هەیە:
www.kurdishglobe.net/displayprintableAriticle.jsp.?

٢ – دەقی تەواوی ماددەی ١٤٢ لەدەستووری هەرێمی کوردستان دەڵێت" دابەشکردنی ئیداری لەهەرێمی کوردستان (پارێزگا- شارۆچکە- شارەدێ) و نوێکردنەوەو گۆڕینی ناوەندەکانی و دیاریکردن و دەستکاریکردنی سنوورەکانیان و بەستنەوەیان بە یەکەکانی ترەوە بەیاسا دەبێت".

٢- لەدەقەکانی پێشووتری پرۆژەی دەستووردا کەرکوك پایتەختی هەرێم بووە بەلام بەپێی نوێترین رەشنووسی دەستووری هەرێم هەولێر جێگەی کەرکوکی گرتوەتەوە.

هەرێم" ناودەبرێت، لەدەستووری عیراقیدا وەك پێویست دیاری نەكراون، بەڵام لـەرووی عەمەلییـەوە ئەوا بەدڵنیاییـەوە دەسـەڵاتەكانی دەسـەڵاتی هەرێمـەكان لەبەرامبـەر حكومـەتی فیدراڵیـدا لاوازتـر دەبێت١.

سیناریۆی چارەكی دووەم/ كەركووك دەخاتە نێو هەرێمی كوردستان لەگەڵ پێدانی پێـدانی بارودۆخێكی تایبەت لەچوارچێوەی هەرێمدا. كـە ئـەوەش پێویسـت بەهـەمواركردنی پـرۆژەی دەستووری هەرێم دەكات بۆ ئەوەی ئۆتۆنۆمیەكی فراوانتر ببەخشرێتە ناوچەی نوێی كـەركووك، بەڵام سادەترینیان پێـدانی دەسـەڵاتی سـەربەخۆو جیایـە لەپەیوەنـدی بەحكومـەتی هـەرێمی كوردستانەوە و هاوشێوەی ئەو دەسەڵاتانەیە كە هەرێمەكان لەپەیوەندیان بەحكومەتی فیدراڵی عیراقەوە هەیانە.

لـــەرووی عەمەلییـــەوە كـــەركووك دەبێتـــە "فیـــدراڵی" لەچوارچـــێوەی هـــەرێمی كوردسـتاندا.هەروەك ئـەوەی ئـۆلیری دیـاریكردوە بـەوەی كـە فیـدراڵی بریتیـە لـەفۆرمێكی ئیتیحادی كەبەشێك نابێت لە فیدراڵی لەسەر ئاستی كۆی سیستمەكە، بـەڵكو دەسـەڵاتەكان دابەش دەكات لەنێوان فیدراڵی و حكومەتی ناوەندی وەك ئەوەی لە دەسـتووردا هـاتوەو هـیچ لایەنێكیش ناتوانێت یەك لایەنە بیگۆڕێت.

هاوكات خاوەنی میكانیزمی حوكمكردنەلەنێوخۆو لەئاستی نێودەوڵەتیدا بۆ مامەڵـەكردن لەگەڵ ئەو ئاڵۆزیانەی لەنێوان فیدراڵیەت و حكومەتی ناوەندا دێنە ئاراوە٢.لەباری نموونەیشدا وەك ئـۆلیری دەڵێـت پێویسـتە بـارودۆخی فیـدراڵی و دەسـەڵاتەكانی بـەپێی دۆكیومێنتـە نێودەوڵەتیەكان پارێزراو بێت٣.

٣- بـۆ زیـاتر ئاشـنابوون بـەو مشـتومڕانەی سـەبارەت بەجیاوازییـەكانی نێـوان دەسـەڵاتەكانی هـەرێم و دەسـەڵاتی پارێزگـا نارێكخراوەكانی دەرەوەی هەرێمەكان كراون بڕوانە فەسڵی نۆیەم.

2 - O'Leary , B. 2003. " Multi national Federalism , Federacy ,Power- Sharing and The Kurds ", Keynote address, Cafritz Foundation
Conference Center ,George Washington University ,12 September : 20.

٣- پەیوەندی نێوان فنلەنداو دورگەی ئالانـد حاڵـەتێكی نموونییـە بـۆ پشـت بەسـتن بـە شـێوازی فیـدراڵی تۆكمـەو سەركەوتوو . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەو پەیوەندییە بڕوانە :

Anderson , L. " A Comparative Perspective on Iraq's federal System : Some Concrete Suggestions ." Paper prepared for presentation at the MESA Conference , Montreal , November 2007.

سیناریۆی چارەکی ٤/ بارودۆخێکی تایبەت دەدرێتە کەرکوك بەڵام لەدەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان.لەهەردو بارەکەشدا بەشێوەیەکی گشتی ئۆتۆنۆمیەکی فراوان دەبەخشرێتە کەرکووك لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی حوکمڕانی، جا ئەو دەسەڵاتە لەهەولێر یاخود لەبەغداد بێت.

ئەو داهاتووەی کەرکووك کە بەلای پێکهاتەکانیەوە باشترە

کۆمەڵێك لەئالۆزی پەیوەست بە دیاریکردنی ئەوەی کە بەلای پێکهاتە ئیتنیکی –تایەفییە جیاوازەکانەوە بەباشتر دەزانرێت لەئارادان. قسەکردنیش لەسەر ئەوەی "پێکهاتەکان پێیان باشترە"بەواتای چوونیەکی دیدی پێکهاتەیەکی پەیوەندیدار، کە ئەوەش سادەکردنەوەیەکی گەورەیە.

دووەم، ئەوەی پێکهاتەکان بەپێی گۆڕانکاریە سیاسیەکان پێیان باشترە گۆڕانی بەسەردا هاتووە. هەڵوێستی بەرەی تورکمانی عیراق سەبارەت بە کەرکوك کە لەنیسانی ٢٠٠٣دەوە گۆڕانکاریەکی ریشەیی بەسەردا هاتووە.

دواجار ئەگەری چەند داهاتوویەك لەئارادایە کە لەشێوەی ١١- ١دا روون کراونەتەوە. لەقۆناغە جیاوازەکاندا بەرەی تورکمانی پێشنیازی کردبوو کە کەرکوك پایتەختی هەرێمی نوێی فیدراڵی تورکمانە. بۆنموونە لەکاتێکدا دابەشکردنی کەرکوك بەزۆر یان لەرێگەی ترەوە ناکرێت وەك ئەگەرێك فەرامۆش بکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەشێت بەبێ دوودڵی بگوترێت کە ئەو داهاتووانەی کە لەشێوەی ١١- ١دا ئاماژەیان پێکراوە چاوەڕوانیی لێدەکرێت.

کورد بەوپێیەی یەکێکە لە پێکهاتەکان ئەوا بەکۆدەنگی لەگەڵ ئەوەدان کەرکووك بچێتە سەر هەرێمی کوردستان. ئەوەی کە بەدیاریکراوی پەیوەستیشە بەپرسی کەرکووك بەنزیکەیی جیاوازیەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ هەوڵوێستی هەردو حزبە سەرەکیەکە. بەدڵنیایشەوە رکابەری لەنێوانیاندا هەیە سەبارەت بەوەی کامیان لەکەرکووکدا پیادەی دەسەڵات دەکەن و رەنگە جیاوازییەکیش هەبێت لەسەر شێوازی پێشنیازکردنی پرۆسەکە لەبەغداد. بەڵام هەردو حزبەکوردییەکە پەیڕەوی یەك بەرنامەی تۆکمەیان کردووە لەسەر زەرورەتی گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان یان بەواتایەکی وردتر بەزەرورەت خەڵکی کەرکووك ئەو مەسەلەیە لەراپرسییەکدا بڕیاری لەسەر بدەن.

بێگومان دەستەواژەکان ئەوەندە زۆرنین کە لەنێوان هەردوحزبەکەدا(پارتی و یەکێتی) هەن بۆ ئەوەی هەڵیانبژێرن بەڵام بارزانی لەچەند بۆنەیەکی جیاوازدا ئەوەی راگەیاندووە" ناسنامەی

کەرکووك کوردییەو ناکرێت بگۆڕدرێت"١.هەروەها کەرکووك "دڵـی کوردسـتان"ەو ئامـادەین بجەنگین و لەپێناو ناسنامەی کەرکووکدا گیان بکەینە قوربانی٢.

هاوکات تاڵەبانیش دەڵێت"کەرکووك لەڕووی مێـژوویی و دانیشـتوانیەوە ڕۆژێـك لـەڕۆژان بەشێك نەبووە لەعێراق بەڵکو بەشێك بـووە لەکوردسـتان". دیسـان ئـەوەی زیـاتریش مایـەی وروژاندنە ئەوەیە کە دەڵێت" کەرکووك شارێکی پیرۆزە لەلای کورد هەروەك چۆن قودس لـەلای موسڵمانان پیرۆزەو ئێمەش زیاتر لە٤٠ ساڵە لەپێناویدا خەبات دەکەین"٣.

بەدوور لە ڕەوانبێژیی گوتارخوازی و موزایەدەی ئیتنیکی هەردو سەرکردە، ڕاو بۆچـوونی میـانڕەویش لـەنێو هەردوحزبـدا بـوونی هەیـە ئەوانـەش لەنموونـەی بەرهـەم ئەحمـەد سـالح لەنێو(ی.ن.ك) و هوشیار زێباری لەنێو(پ.د.ك)دا، هەرچـەندە ئـەمانیش هـەمان هەسـتیان بەرانبەر بەکەرکووك هەیە بەڵام زمانێکی دیپلۆماسیتر گوزارشتی لێدەکەن٤.

دیسان لەنێو سەرکردەی پارتـە کوردییـەکانی تر(شـیوعی، زەحمەتکێشـان، یـەکگرتوو) جیاوازیەکی ئەوتۆیان نییە لەگەڵ سەرانی هەردو پارتەکە سەبارەت بەپرسی کەرکووك.

بۆنموونە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی لەچەند پرسێکدا نەیاری ئاشکرای هەردو پارتـە کوردییەکە بووە بەڵام لەمەسـەلەی فیـدراڵی و چارەنووسـی کـەرکووك بـەپێی مـاددەی ١٤٠ پشتیوانی کردووە.

تەنانەت لەدوای پاشەکشەی لەلیستی سەرەکی کوردی لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، یەکگرتوو لەپرۆگرامیدا بەڵێنیدا " هەوڵبـدات بـۆ دیـاریکردنی سـنووری هـەرێمی فیدراڵی کوردستان و چارەسەرکردنی پرسی کورد لەوادەی دیاریکراوی نێو دەستوورو گەڕانەوەی سەرجەم ناوچە دابڕێنراوەکانی تر بۆ سەر هەرێمی کوردسـتان٥. پـاش بردنـەوەی یـەکگرتووی

1- Deutsche Press Agentur .2004. Kurdish Parties Reject Proposed Division of Iraqi Kurdistan ." 6 January (LN).

2- Turish Daily News ."2004. "Barzani : Ready To Fight For Kirkuk ". 10 September (LN).

3 - United Press International .2004. " Talabani : Kirkuk scared for Kurds ." 31 March (LN).

4- Clover ,C .2003. " Dispossessed Kurds beginning to Lose Patience ." Financial Times , 24 May: 8; Congar, Y. 2004."The Kirkuk Incidents and the United States ."Milliyet , 4 January (LN).

٢- بەرنامەی هەڵبژاردنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی ،٢١ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٥، لەم سایتەدا هەیە:

ئیسلامی کوردستان بە(٥) کورسی لەپەرلەمانی عێراق، بڕیاریدا نەچێتە ژێر چەتری فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەختیکردەوە لەسەر"هەرکاتێك مەسەلەکە پەیوەندی بە پرسە چارەنووسسازەکانی وەك فیدراڵی و کەرکووك و سنووری کوردستانەوە هەبێت ئەوا هاوکاری هاوپەیمانی کوردستانی دەکەین"١.

دیارە هاوڕاییەك هەیە لەنێوان سیاسیەکانی کورددا سەبارەت بە پێگەی کەرکووك لەداهاتوودا، واتە پێیان باشە کەرکووك لەچوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستاندا بێت نەك لەدەرەوەیداو ئەوەی پەیوەستیشە بەوەی کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی هەبێت، ئەوا وێنەیەکی زۆر ئاڵۆزی هەیە.

کاتێك کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی هەبێت لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستان ئەوا مافی ئۆتۆنۆمی پێدەبەشێت و ئەوەش وادەکات دەسەڵاتی هەردو پارتە سەرەکیەکەی کورد بەدوور بێت. هەڵبەت لەلای کوردی کەرکووك هەستکردنێکی زۆر بەنائومێدبوون هەیە و دەستەووەستانن لەبەرامبەر رەفتاری ئەو دوو حزبە بەتایبەتیش لەمەسەلەی پەیوەست بەخرکرنەوەی سەرچاوەکان لەپێناو ململانێی کوردی –کوردی لەسەر دەسەڵات لەبری بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی دانیشتووان.

زۆربەی بەڵگەنامەکان لەسەرئەو مەسەلەیە بەڵگەی وەرگیراون بۆیە قەبارەی ئەو هەستکردنە و قوڵێتی بەشێوەیەکی ئاشکراو روون نەزانراوە. دیسان ئەو بەڵگانەش کەراپرسییەکان فەراهەمیان کردووە لەسەر ئەو پرسە کەمن. لەنیسانی ٢٠٠٥دا بەپێی راپرسییەکی گشتی عیراقی کە لەلایەن پەیمانگەی کۆماریی جیهانییەوە Internation Repuplcan Institute- ، سازکروە نزیکەی ٧٣٪ی کورد لەگەڵ ئەوەدا کەرکووك بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمەوە لەکاتێکدا لە١٢٪ی لەگەڵ ئەوەدان کەرکووك لەژێر رکێفی حکومەتی ناوەندیدا بێت و لە٥٪یش لەگەڵ پێدانی بارودۆخێکی تایبەتن بەکەرکووك٢. هاوکات هەرد

---

www.nahrain.com

1 - Kurdistan Nuwe. 2006. "Kurdistan Islamic Union is not ready to join Kurdistan Alliance List in the Iraqi parliament ."27 January(WNC).

3- شێوازی پرسیارکردنەکە بەم جۆرە بووە"کام لەم چارەسەرانە بەلاتەوە گونجاوە بۆ یەکلایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك؟".بژاردە پێشنیازکراوەکانیش" لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدا بێت" یان " لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت" یان " لەدوای پێکهێنانی کومەتی هەمیشەیی چارەسەربکرێت" یان " خەڵکی کەرکوك راپرسی بکەن" یان " بارودۆخێکی تایبەتی پێبدرێت" یان" چارەسەر نەکرێت تا ئەو کاتەی سەرژمێری دانیشتوان دەکرێت" یان" نازانم" بڕوانە:

حزبەکە کوردییەکەش(پارتی و یەکێتی) پێیان باشە کەرکووك راستەوخۆ لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بێت١.

لەسۆنگەی ئەو وتوویژانەی کە لەگەڵ بەرپرساندا کراون و لەگەل ناوەڕۆکی دەستووری هەرێمی کوردستانیش، روونبوەتەوە کە هەردو حزب لەگەڵ ئەوەدانین لەهەرێمدا سیستمێکی سیاسی دابمەزرێت بۆ ئەوەی هیچ کامە لەیەکەکانی بەشێك لەتوانای خۆبەڕێوەبردنی هەبێت، ئەوەش شتێکی بەڵگەنەویستە کەکورد پێی باشترەجۆرێك لەسەربەخۆبوونی بەڕێوەبردنی هەبێت و بەدوور بێت لەحکومەتی فیدراڵی خاوەن زۆرینەی عەرەبی لەبەغداد.

لەبەرئەوە کورد پێیباشە کەرکووك بەم جۆرە ریزبەند بکرێت:

چارەکی(١)	- کەرکووك لەناوهەرێمدا بێت، بیٚ بارودۆخێکی تایبەت
چارەکی(٢)	- کەرکووك لەناوهەرێمدا بێت، لەگەڵ پێدانی بارودۆخێکی تایبەت
چارەکی(٤)	- کەرکووك لەدەرەوەی هەرێم بێت، لەگەڵ پێدانی بارودۆخێکی تایبەت
چارەکی(٣)	- کەرکووك لەدەرەوەی هەرێم بێت، بیٚ بارودۆخێکی تایبەت

سەرباری دابەشبوون و پەروش و بڵاوی عەرەبی عیراقی بەڵام لەسەر پرسی کەرکووك کۆدەبنەوەو جیانابنەوە. لەسەر ئاستی نیشتمانیشدا هەڵوێستی فراکسیۆنە سیاسیەعەرەبییەکان بەسوننی و شیعیەوە لەباشترین باردا لەبەرمبەر گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان سست و خاوە.

دیارە تەنیا هاوبەشی کورد لەنووسینەوەی دەستووردا، ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی بوو لەعیراق، کە لەدوا ساتەکاندا پێکهێنانی گەورە هەرێمەکانی فیدراڵی پەسەندکردو پشکداری کرد لەکارئاسانی سەودانامەیەکی ئاڵوگۆڕکراوی نێوان ماددەی(١١٩) و(١٤٠).

International republican Institute .2005. " Survey of Iraqi Public Opinion April 11-20 ":45
(www.iri.org/mena/iraq/2005-05-05-IraqPoll.asp).

١_ ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە بۆچوونی هاولاتیانی کورد بەهەند وەرناگیرێت لەسەر ئەو پرسە بەڵام لەهەمان کاتیشدا سەرکردایەتی هەردو پارتە سەرەکیەکە بەشداری دانوستانەکان دەکەن لەسەر چارەسەری تەوافوقی میانگیرانە لەسەر پرسی کەرکوك و بەو پێیەش ئەوەی کە زیاتر بەلایانەوە باشە پەیوەندی بەهێزی دەرئەنجامەکەوە هەیە.

هەرچەندە بەرپرسانی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی هیچ جۆرە لێدوانێکی نەرێنییان نەداوە سەبارەت بە هەوڵەکانی کورد بۆ گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانیکردنیان بۆ جێبەجێکردنی ماددەی(١٤٠) ئەو پەرۆشییەی پێوە دیار نەبووە١.

لەراستیدا "عەممار ئەلحەکیم" کەدەکاتە کوڕی سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی(ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی) وخاوەنی نفوزێکی زۆرە لەحوزەیراندا رایگەیاند: ئێم قبوڵ ناکەین کەرکووك بچێتە سەر ئەم یان ئەو پارێزگایانەی تر چونکە کەرکووك عیراقێکی بچووك کراوەیە٢.

جگە لەوە کورد لەگەڵ لایەنەکانی تردا بەریەککەوتن.هەروەها توندترین سیمای نەیاری و دراماتیکی لەبەرامبەر خواستەکانی کورددا پێکهێنانی کوتلەیەکی نوێ بوو لە نێو پەرلەمان بەناوی لێکتێگەیشتنی نیشتمانی(التفاهم الوگنی).

ئەو کوتلەیە کە (١٠) کۆمەڵەی سیاسی عەرەبی لەخۆگرتبوو ژمارەی ئەندامەکانی (١٥٠) کەس بوون وزۆربەشیان دژی گەڕانەوەی کەرکووك بوون بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

ئەوەی کوردیشی نیگەران کردبوو، ئەوەبوو کە ئەو کوتلەیە گردبوونەوەیەك بوو کە دابەشبوونی تایەفی و جیابوونەوەی عەلمانی و ئایینی تێپەڕاندبوو.

لەسەر ئاستی لۆکاڵیدا ئۆپۆزسیۆنی عەرەبی بەگشتی دژ بە پرۆژەکانی کوردبوون لەبارەی کەرکووکەوەو لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠٣)شدا خواستەکانی کورد لەسەر فیدراڵی و کەرکووك پێشکەش بە پەرلەمان کران و ئەوەش کاردانەوەی توندی گردبوونەوەعەرەبی و عەشایرییەکانی کەرکووکی لێکەوتەوە.

لە٣١ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣دا خۆپیشاندانێکی جەماوەریی نارەزاییان لەدژ لکاندنی کەرکووك بەهەرێمی کوردستانەوە سازکرد هەروەك ئەوەی کەناڵی ئەلجزیرە ئاماژەی پێکردووە٣.

دوای ئەوەش گەورە خێڵە عەرەبییەکانی کەرکووك (جبوروشەممەر و عوبێدو بەیاتی و سەعدون) لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٤دا ڕێپێوانێکیان بەشەقامەکانی کەرکووکدا سازکرد وەك نارەزاییەك لەدژی هەوڵەکانی کورد بۆ لکاندنی کەرکووك بەهەرێمی کوردستانەوە.

1- Al-hayat (BBC Monitoring Middle East). 2004. " Official Observes Arab – Kurdish Divisions Within Iraqi Administration ."11 January (LN).

2 - Elaph (BBC Monitoring Middle East).2005. " Report Sees Iraqi Ruling Shi'i-Kurdish Alliance Crumbling Over Kirkuk ."8 July(LN).

3 - Al- Jazeera TV (BBC Monitoring Middle East). 2003.31 December (LN).

بەوتەی یەکێك لەبەشداربووەکان "ئێمە ئەمڕۆ لێرەین بۆ ئەوەی بێژین کە دژی فیدراڵین و کەرکووکیش شارێکی عەرەبییە"١. هەڵبەت سیاسیە عەرەبەکانی کەرکووکیش بەهەمان شێوەی سەرانی کورد ئارەزووی ئەوەیان دەکرد ئاوەژووی گوتارەکانیان بکەن.

بۆنموونە (عەکار ئەلتەویل) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك لەشوباتی ٢٠٠٤دا دەڵێت: عەرەب بەسوننەو شیعەوە هەڵبژاردنیان گەرەکە بۆ راگرتنی فیدراڵیەتی نەژادی، بۆیە رێگە نادەین کەرکووك ببێتە شارێکی کوردی تەنانەت ئەگەر ئەوەش یەك ملیۆن شەهید بخوازێت٢.

لەکاتێکدا ئاشکرا بوو کە عەرەب بەسەرسەختانە دژی ئەوەبوون کەرکووك بەکوردی ببێت کەچی ئەو چارسەرەی کە پێیان باشبوو کەمتر ئاشکراو روونبوو. لەکۆنگرەی عەشایریە عەرەبیەکان کە لەئەیلولی ٢٠٠٤لەتکریت بەڕێوەچوو، باشترین چارەسەر "گەڕانەوەی کەرکووك بوو بۆ سەردەمی بەر لە رووخانی رژێمی پێشووب عیراق"، واتە بالاّ دەستی راستەوخۆی بەغدا٣. بەلاّم لەئایاری ٢٠٠٦دا کوتلەی عەرەبی لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك دۆکیومێنتێکی هاوبەشی لەگەڵ ئەندامانی تورکمان ئامادە کرد کە تیایدا داوای سازدانی راپرسی دەکات لەسەر ئەوەی بارودۆخێکی تایبەتی هەرێم بەکەرکووك بدرێت٤. لەهەمان کاتدا زۆربەی لێدوانی سەرانی سیاسی عەرەب لەکەرکووکدا پێکهێنانی هەرشی قسەکەران ماددەی (١٤٠)و یاسای فیدراڵی کە تازە دەرچووبوو رەتیانکردەوە. (شێخ عەبدولڕەحمان مونشد) لەخێڵەکانی عوبێد رایگەیاند: گرنگترین شت ئەوەیە کە هەرگیز کەرکووك نەبێتە بەشێك لە کوردستان چونکە شارێکی عیراقییەو ئێمەش هەموو رێگاکان دەگرینە بەر بۆ رێگرتن لەدابەشبوونی عیراق٥.

بەهەما شێوە گردبوونەوەکەی ئەو (١٠٠) کەسایەتی و ناودارانەی کە بەشداری کۆنگرەکەیان کردبوو لەژێردروشمی "یەکێتی عیراق وکەرکووك عیراقییە" لەشوباتی ٢٠٠٧دا بەوە کۆتایی هات کە کەرکووك بەهیچ پارێزگایەکەوە پەیوەست نابێت جگە لەبەغداد نەبێت.

---

1 - Agence Press France. 2004. " Arab Tribes Rally Against Iraq Oil City's Inclusion in Kurdish Region ." 27 January (LN).

2- Perlham ,N. 2004. " A Search for Common Ground in Battle- scarred Kirkuk." Financial Times, 11 February :10

3 - Hawlati (BBC Monitoring International Reports).2004. " Iraqi Deputy Prime Minister Rejects Arab Tribes resolution on Kirkuk." 29 September (LN).

4 - Hewler Post (BBC Monitoring Middle East) .2006. " Turkmens Propose Making Iraq's Kirkuk Federal Region ."28 May (LN).

5 - Howard, M .2006." Iraq : As Violence Grows, Oil-rich Kirkuk Could Hold Key to Iraq's Future :Tribal Chief Call for Return of Saddam While Kurds Eye a New Federal States ." The Guardian, October : 22.

هەروەها هەوڵە بەردەوامەکانی کوردیش بۆ ئەوەی کەرکووك بخەنەوە تەك هەرێم ناچـارمان دەکـات پەنا بۆ چەك بەرین و بۆئەوەی بەرگری لەخۆمان و عیراقی بوونی کەرکووك بکەین١.جابۆ خوێندنـەوەی چارەسەری گونجاو لەژێر تیشکی ئەم پێدراوانەدا پێدەچێت ئەوەی بـەلای پێکهاتـەی عەرەبیـەوە باشـە مانەوەی کەرکووکە لەدەرەوەی هەرێمی کورستان و لەژێر رکێفی راستەوخۆی بەغداد.

راپرسیە گشتییەکانی عیراقـیش ئـەوەیان دەرخسـتووە کـە فیـدراڵی پەسـەندنییە لـەلای زۆرینەی عـەرەبی سوننەو شیعە.

1 - Al-Bayyinah (BBC Monitoring Middle East-Political) .2007. " Iraqi Leader in Tehran ,Seeks to Revive US- Iran Dialogue on Iraq." February (LN).

لەراستیدا زۆرینەی عەربی عیراقی پشتیوانی لەرژێمێکی یەکگرتووی پەیوەست بەحکومەتێکی ناوەندی بەهێز دەکەن. پێکهاتەی عەرەبی پێیان باشە پرسی کەرکووك بەم جۆرە ریزبەند بکرێت:

ئەوەی پتر پێیان باشترە
- لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت و بارودۆخی تایبەتی نەبێت چارەکی(٣)
- لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت وبارودۆخێکی تایبەتی هەبێت چارەکی (٤)
- لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بێت و بارودۆخێکی تایبەتی هەبێت چارەکی (٢)

ئەوەی کەمتر پێیان باشترە
- لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بێت و بارەدۆخی تایبەتی نەبێت چارەکی (١)

هەرچی پێکهاتەی تورکمانیشە لەدانیشتوانی عیراق کە قەبارەیان زۆر بچووکترە لەوەی کەسەرانی سیاسیان بانگەشەی بۆ دەکەن، بەشێوەیەکی جۆراو جۆر دابەش بوون.

دابەشبوونی تایەفی و جیۆ_سیاسی. دابەشبوونی یەکەم گرنگییەکی لاوەکی لەپرسی کەرکووکدا هەیە. کاتێك پرسەکە پەیوەستە بەکەرکووکەوە ئەوا ناکۆکی سەرەکی نێوان گرنگترین بزوتنەوەی سیاسی تورکمانی سوننی - بەرەی تورکمانی و پارتی تورکمانی شیعی - یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عیراق، ناکۆکییە لەسەر رەفتار وەك لەوەی لەجەوهەردا بێت.

لەکۆتایشدا هەردووکیان بەتوندی دژایەتی ئەوە دەکەن کەرکووك بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستان. بەڵام سەرانی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی لەلێدوانەکانیاندا سەرسەختانە دژایەتی کورد دەکەن. شێوازی امەڵەی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی بەواتای سیاسی یەکەمجار حزبێکی شیعییەو پشان تورکمانیە. لەکاتێکدا بەرەوەی تورکمانی خاوەنی دەستەواژەی توندی ناسیونالیزمە.

دیارە ئەو جیاوازیەش بووەتە هۆی دابەشبوونی ریزەکانی تورکمان سەبارەت بەپرسی کەرکووك، هەروەك ئەوەی لەکاتی ئامادەکردن و بڕیاردان لەسەر دەستووری هەمیشەیی روویدا.

سەرانی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عیراق کـە بەشـێك بـوون لـە ئیئـتلافی یـەکگرتوویی عیراقی جگە لە بژاردەی پشـتیوانیکردن لەدەسـتوورو بەنـدەکانی ئـەو دەسـتووره بـەماددەی (١٤٠) یشـەوە بژاردەیـەکی تـری لەبەردەمـدا نـەبوو، لەکاتێکـدا بـەرەی تورکمـانی ئـەو دۆکیومێنتەو زۆربەی بەندەکانی رەتکردەوە.

هــەروەها دیــدگای سیاســی بــەرەی تورکمــانی خــۆی لــەوێنای زهــنی "تورکمــان ئیلی"دابەرجەستە دەکات کە ئەویش ئەوەیە هەرێمەکەیان لەخۆرئاواوە تەلەعفەر بۆ مەنـدەلی لەباشووری خۆرهەڵاتەوە درێژ دەبێتەوەو کـەرکووکیش لەناوچـەرگەی ئـەو هەرێمەدایـە، کـە ئەوەش لەرووی جوگرافیاوە بەجۆرێك لەجۆرەکان هەمان ئەو جێگایانەیە کە لەلایـەن کـوردەوە داوا دەکرێتەوەو بەناوچەدابڕێنراوەکان ناودەبرێن و ئەوەش ناسیونالیسـتە کـوردو تورکمانـەکان دەخاتە ململانێیەکەوە لەسەر خاوەندارێتیان بۆ یەك زەوی جگە لەوەش بەبێ کەرکووك تورکمان ئیلی بوونی نییە.

بەو شـێوەیە راوەسـتانەوە لـەدژی گەڕانـەوەی کـەرکووك بـۆ کـورد بەپرسـێکی سیاسـی چارەنووسساو بەلای بەرەی تورکمانیەوە دادەنرێت.

سەرچاوەیەکی تری دابەشبوونی پێکهاتەی تورکمان لەعیراقدا هۆکـاری جیـۆ- سیاسـییە، کەئەوەش تورکمانـەکانی نیشـتەجێی هـەرێمی کوردسـتانی لەتورکمانـەکانی دەرەوەی هـەرێم جیادەکاتەوە.

هێڵی جیاکـەرەوەی نێـوان هـەولێرو کـەرکووك لـەکۆنگرەی چـوارەمی بـەرەی تورکمـانی لەنیسانی ساڵی ٢٠٠٥دا بەگاڵدانی عەبدولقادر بازرگان یەکێك لەسـەرکردەکانی ئـەو بەرەیـە بووە هۆی جیابوونەوەی لقی هەولێری بەرەی تورکمانی.

لەدوو توێی لیستێکی پڕ لەسکاڵا کە ئاراستەی سەرکردایەتی بەرەی تورکمانی کرابـوو، لەوانـەش فەرامۆشـکردنی لقـی هـەولێری بەرەکـەو دەسـتێوەردانی تورکیـا لـەبڕیارەکانی بەرەکـەیان بازرگـان رایگەیاند: لەنیسانی ٢٠٠٣ بەدواوە سیاسەتی بەرەی تورکمانی گۆڕدرا بـۆ رەگەزپەرسـتی دژ بـەکورد بەتایبەتیش کاتێك کە ئەنجوومەنی سـەرکردایەتی بـەرە بـۆ کـەرکووك گوازراوەیـەوە[1]. دیسـان لـەو سەرکردە بەرچاوانەی تر کە لەبەری تورکمانی جیابوونەوە(تۆباڵ ئۆغلۆ) بوو، کـە لـەحوزەیرانی سـاڵی ٢٠٠٦جیابوەوەو گردبوونەوەی سەربەخۆی تورکمانی پێکهێنا.

---

1 - Kurdistan Nuwe (BBC Monitoring Middle East).2005. " Prominent Official Splits up from Iraqi Turkmen Front ,to Set up New Party." 2 May (LN).

هەروەها (کەرخی نەجمەدین نورەدین) کە لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٤جیابووەوە بزوتنەوەی دیموکراسی تورکمانی پێکهێناو سەرجەم ئەو گروپ و ڕێکخراوانەش کە لەبەرە جیابوونەوە(پارتی نیشتمانی تورکمانی، پارتی برایەتی تورکمانی، پارتی گەلی تورکمانی، گردبوونەوەی تورکمانی نیشتمانی) چوونە نێو ئەو لەشکرە گەورەیەی کە پشتیوانیان لەکورد دەکردو دژ بەبەرەی تورکمانی راوەستانەوە.

ئەو ڕێکخراوانە بەئێستاشەوە بەتوندی لە هەڵوێستی کورد دەکەن لەمەسەلەی کۆنترۆڵکردنی کەرکوك لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لەبری حکومەتی بەغداد. بۆچوونی بازرگان کە لەبەرە جیابوەتەوە نموونەیەکی روونە کاتێك پێگەی کەرکووکی لە" نێو جوگرافیای کوردستان" بە هەقیقەت وەسفکردو لەوەش زیاتر ئەوەبوو کەوتی "کەرکوك شارێکی کوردستانییەو هەر دەبێت کوردستانیش بێت"١. بەهەمان شێوە (دکتۆر سەیفەدین دامرچی) سەرۆکی یەکێتی تورکمانی عیراقی زۆر بە سادەیی رایگەیاند" لەبەرژەوەندی سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکووکدایە کە ئەو شارە لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئاوێزان بێت"٢. بەوجۆرە دەتوانرێت پشت بەو سیاسیانەی هەواداری کورد ببەسترێت لەوانەش (وەلید شەریکە) سەرکردەی پارتی گەلی تورکمانی و(عرفان کەرکووکی) جێگری پارتی گەلی تورکمانی لەئەمەکدارییان بۆ پێشکەشکردنی دیدگایەکی بەدیلی ئەو گێڕانەوە دوژمنکارانەیەی کە بەرەی تورکمانی پێشکەشی کردووە٣.

ئەو بزوتنەوە نوێیانە کە بەرەی تورکمانی رەتیان دەکاتەوە لەهەندێك باردا لەسەر هەقە، چونکە پارتی کارتۆنین و لەلایەن "هەردو حزبە کوردییەکەوە دروستکراون و قسەکردن و دەرکردنی بەیاننامەکانیان بەفەرمانی ئەو دوو حزبەیە". لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە دوو ئاماژەی لەخۆگرتووە کە بەرەی تورکمانی ناگرێتەوە٤.

---

1 - Ridolpho , K. 2005." Iraq Will TheTurkmen Split Break Turkish Interference ? Radio Free Europe / Radio / Liberty ,6 May.

2 - Chawder .2006. " Turkmen Official Says US Responsible for Increase in terrorism in Kirkuk ".25 July (WNC).

٢- بۆنموونە شەرکە بەشداریکرد لە رێکخستنی ئەو کۆنگرەیەی کە لەژێر ناونیشانی" پشتیوانیکردن لە ماددەی ١٤٠ کلیلی ئارامی و ئاسایشە لەکەرکوکودا" لە ئەیلولی ٢٠٠٦ لەکەرکەوك سازکرا و تیایدا پشتیوانی لە ماددەی ١٤٠ کرا .

٣- " القدس العربی" ،٢٠٠٦" عیراق: بەرەی تورکمانی خۆشحاڵە بە راپۆرتەکەی گروپی لێکۆڵینەوەی عیراق، کە تیایدا رەخنە لەپارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەگرێت. ١٧ی کانوونی یەکەم(WNC).

یەکەمیان، ڕێژەیەکی گەورەی تورکمان بەتایبەتیش ئەوانەی لەنێو سنووری هەرێمی کوردستان دەژین لەبەرژەوەندیاندا نییە کە ڕوو لە ناسیونالیزمی بکەن کە بە نەیارو دژ بەکورد دادەنرێت.

هاوکات لێدوانی سەرانی ئەو پارتانە تا ئاستێك ڕاستگۆیی تێدایە، چونکە ڕێژەیەك لەتورکمانەکانی کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی کورددا دەژین.

دووەم، هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ ئەوەی دەرخست کە بەرەی تورکمانی بەعەمەلی ئەو هێزە سیاسییە نەبووە کە لەدەرەوەی سنووری کەرکوك پشتی پێببەسترێت. بەڵام سەرباری ئەوە بەرەی تورکمانی لەکەرکووك پارێزگاری لەسەنگی خۆی کرد و بەفراوانترین بزوتنەوەی سیاسی تورکمانەکان لەو پارێزگایەدا مایەوە، ئەویش بەو پێیەی ئەو هێزەیە کە بەوەکالەت بەرگری لەبەرژەوەندی تورکیا دەکات.

بەرەی تورکمانی پێیوایە لەبارترین هەڵوێستی دەبێت بۆ خزمەتی مەرامەکانی ئێستای بێت چونکە هەر چارەسەرێکی تەوافوقی کە لەداهاتوودا پێی دەگەن لەبارەی بارودۆخی کەرکووکەوە ئەوا جێگیر دەبێت کە ئەگەر لەلایەن بەرەو تورکیاوە دژایەتی سەرسەخت نەکرێت١.

خۆئەگەر بڕیار بدرێت لەوەی کە باشترین بژاردەی بەرەی تورکمانی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە لەبارو گونجاوە ئەوا بەتەواوی ڕوون نییە کە ئەم بژاردەیە لەکۆمەڵێك بژاردەی باشەوە سەرچاوەی گرتووە٢ .یەکێك لەو گرفتانە ئەوەیە، کە بەرەی تورکمانی بۆچەندان جار بەتێپەڕبوونی کات هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە ئەویش بەسازاندنی لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەهەڵوێستی ڕەسمی تورکیادا ڕوو دەدەن.

دیسان گرفتێکی تری بەرەی تورکمانی ئەوەیە کەلەتێکەڵەیەك لەپارەتە تورکمانیەکان پێکهاتوەو وەك ڕێکخراوێکی سیاسی بەزەرورەت لەتوانایدا نییە هەڵوێستێکی بەهێزو یەکگرتووی لەبەرامبەر پرسەکاندا هەبێت. ئەوەی پەیوەستە بەخاڵی یەکەم ئەوەیە بەرەی تورکمانی بەر لەجەنگ هەڵوێستی ڕوون بوو، واتە هاوشێوەی نەهجی تورکیا بوو، بەجۆرێك

١- ئەمە واتای ئەوە نییە کە هەریەك لە بەرەی تورکمانی و توکیا مافی ڤیتۆیان هەبێت و دژی هەر چارەسەرێکی تەوافوقی بن کە لەداهاتوودا پێی بگەن. خۆ ئەگەر هیچ کامیشیان ئامادە نەبوون بە قبولکردنی چارەسەری مامناوەند ئیتر ئەوە واتای ئەوە نییە لەبەرامبەر تانەکەیان پاداشت بکرێن.

٢ – ئەوەی بەلای ڕێکخراوە تورکمانیەکانی هەواداری کوردەوە باشە بەهەمان شێوە بەلای کوردیشەوە باشە، بە واتایەش بەپێچەوانەی هەڵوێستی بەرەی تورکمانیە کە شتێکی ئەوتۆی بەلاوە باش نییە و بەو پێیەش لەوشیکاریکردنانەی کە باس لە چارەسەرە تەوافوقیەکان دەکات سەبارەت بە پرسی کەرکوك جێگەی نابێتەوە .

که بەتوندی لەدژی جێبەجێکردنی هەرشێوەیەك لەشێوەکانی فیدراڵی لەعیراق راوەستایەوە١.
دیارە ئەو هەڵوێستەش رەنگدانەوەی وێنایەکی راست بوو سەبارەت بەجێبەجێکردنی سیستمی فیدراڵی لەعیراق کە هەرێمی کوردستانیش وەك یەکێك لەیەکە فیدراڵیە دروست بووەکان بەفراوانی و بە بەهێزی دەمێنێتەوە٢.

لەدوای جەنگیش بەرەی تورکمانی ناچاربوو هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستی خۆی بکاتەوە ئەویش بەهۆی جێبەجێکردنی رۆڵی کارای تورکیا لەرەوتی رووداوەکاندا، کەدواتریش کاریگەری نەبوو لەسەر ئاراستەی رووداوەکان.

پەرەسەندنی راستەوخۆی هێزی سیاسی کورد لەدوای جەنگ وایکرد کە جێبەجێکردنی شێوەیەك بەشێوەکانی فیدراڵی لەعیراق بێتە مەسەلەیەکی پراکتیکی حەتمی.

ئەوەبوو دواتر هەڵوێستی بەرەی تورکمانیی عیراقی دانی بەفیدراڵیەتدا نا بەلاّم لەسەر بناغەی ١٨ پارێزگاکە.

وەك (مستەفا کەمال یایچلی) یەکێك لەبەرپرسانی بەرە دەڵێت، سیستمی فیدراڵی کە بەلای بەرەکەیانەوە باشە ئەوەیە ١٨ حکومەتی هەرێمی بەسەرۆکایەتی پارێزگارانی بەهێز بوونی هەبێت و لەلایەن ئیدارەیەکی نەرمی ناوەندەوە بەرێوەببرێت٣.

هەرچی پەیوەستیشە بەکەرکووك ئەوا هەریەك لە بەرەی تورکمانی و تورکیا دوو گوتاری جیاوازیان هەیە سەبارەت بەناسنامەی ئەو شارە ناکوردییە.

وەك ئەوەی گەورە بەرپرسانی تورکمانیش هەندێك جار ئاماژەی پێ دەکەن کەرکووك " شارێکی عیراقی"یە و هەندێك جاری دیکەش" شارێکی عیراقییە و تایبەتمەندی تورکمانی هەیە" و

٣- بەپێی رۆژنامەی" تورکش دەیلی نیوز" کۆبوونەوەی نێوان ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بزوتنەوە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق کە بە رۆژێك بەر لە جەنگ بەرێوەچوو ، زاڵمای خەلیل زاد دوو مەرجی بۆ بەشداریکردنی بەرەی تورکمانی لەپێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا دانا . یەکێك لە مەرجەکانیش ئەمانە بوون کە سیستمی سیاسی عیراق لەداهاتوودا لەسەر بنەمای فیدراڵی دەبێت، کە ئەو مەرجەش بەلای بەرەی تورکمانیەوە پەسەند نەکرا و بەوەش خۆی لە پێکهێنانی ئەو حکومەتانەدا بەدوورگرت کە لەپاش جەنگ دامەزران.

2 - Turkish Daily News .2003." From the Column :Last- Minute Game to Turkmens ." 16 September (LN).

3 - Cevik ,I.F . Demirelli , and M . Unlu . 2003. "Turkmens Call for Power- Sharing in Administration of New Iraq." Turkish Daily News , 1 July.

جاروباریش بە" شارێکی گرنگی تورکمان" وەسفی دەکەن[1]. بـەدەر لـەو فۆرمـەی هەڵدەبـژێردرێت هەڵوێستی تورکمانی دوو ڕەگەزی نەگۆڕی لەخۆگرتووە. یەکەم، کەرکووك هـەرگیز کـوردی نییـەو هەرچییەکەیش بکەن وەك بەرپرسێکی تورکمانی دەڵێت نابێتە شارێکی کوردی[2].

لەهەمان کاتدا پەیامێکی لێکدژ هەیە کە ناوەندی سیاسی تورکمـانی ئاراسـتەی دەکـەن ئەویش ئەوەیە کە لەلایەکەوە بەرپرسانی بەرەی تورکمانی سەرکۆنەی پرۆژە کوردییەکان دەکەن سەبارەت بە هەرێمێکی فیـدراڵی لەسـەربنەمای ئیتنیکـی و لەلایـەکی تریشـەوە (سـونگیول چاپوك) ئەندامی تورکمانی نێوئەنجوومەنی حوکمڕانی لـەکانوونی یەکـەمی ٢٠٠٣ پێشـنیازی دامەزراندنی " یەکێتی فیدراڵی نێوان هەرێمە تورکمانیەکانی کرد کە دەکەوێتە ئەو ناوچـانەی کە لەتەلەعفەرەوە تامەندەلی درێژ دەبنەوەو کەرکووکیش چەقەکەیەتی[3].

بەرلەهەفتەیەکیش لەو لێدوانە سەرکردایەتی بـەرەی تورکمـانی بەیاننامەیـەکی دەرکـردو تیایدا ئیدانەی بانگەوازەکانی لایەنی کوردی کرد سەبارەت بەدامەزرانـدنی هـەرێمی فیـدراڵی لەسـەربنەمای ئیتنیکـی بـەو پێیـەی"دژ بەیـەکێتی سیاسـی عـێراق و سـەلامەتی خـاکی هەرێمایەتی"یە، لەکاتێکدا پارتی تورکمانی ئیلی کـە یەکێکـە لەپارتـە سـەرەکیەکانی نێـو بەرەی تورکمانی یاداشتنامەیەکی ئاراستەی بریمەر کردو تیایدا داوای دامەزرانـدنی سیسـتمی فیدراڵی دەکات لەسەر بناغەی ٤هەرێمی ئیتنیکی (کوردی و تورکمانی و سونني و شیعی)[4].

کێشەکە لەو پەیامە لێکدژانەدا ئەوەیە کەدژایەتیەکی بنەڕەتی لەنێوانیاندا هەیـە. دەکـرا لەبەرامبەر خواستی کورد سەبارەت بەهەرێمێکی ئیتنیکی ڕابوەستنەوە لەگەڵ پارێزگـاریکردن

---

1 -Unlu , M. 2003. " New Leader of Turkmens Says Turkey Won't Intervene in ITC's Politics ." Turkish Daily News ,17 September ; Turkmeneli (BBC Monitoring International Reports). 2004. " Iraqi Turkmen Official Proposes " Joint Administration " for Kirkuk ." 24 September ;NTV(BBC Monitoring Europe).2003. " Turkey : Foreign Ministry says Kirkuk Iraqi City ,not Belonging to Kurds ." 24 April (LN

2- Konya (BBC Monitoring International Reports). 2003. " Turkish Agency : Iraqi Turkmen Official Says Kirkuk Will Never be Kurdish City ." 23 December (LN).

3 - Turkmeneli (BBC Monitoring Middle East).2003 . " Iraqi Governing Council Member to Propose Federal Turkmen Region ." 30 December.

٤ – هەرچوار هەرێمە پێشنیازکراوەکان: هەرێمێکی کوردی پایتەختەکەی سلێمانی و هەرێمێکی سونني ناوەندەکەی ڕومادی بێـت و هەرێمێکی شیعی سەنتەرەکەی نەجەف و هەرێمێکی تورکمانیش پایتەختەکەی کەرکوك بێت. بڕوانە:

Turkmeneli (BBC Monitoring Middle East).2003 . "Turkmen Party Proposes Iraq Divided into Four Administrative Regions ." 30 December (LN

لەمافەکانی تورکمان و هەنگاونان بەهـەمان ئاراسـتە ئەگـەر هـاتوو هەوڵـەکانی کـورد بـەو ئاراستەیەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، بەڵام کێشەی راسـتەقینە کێشـەیەکی سـتراتیژی بـوو. چونکە دژایەتی تورکمان بۆ هەموو شێوەیەکی فیدراڵی ئیتنیکـی دروسـتکردنی هاوپـەیمانێتی ببوو لەگەڵ عەرەب دژ بە کورد.

هاوکات رەوەجیپێدانی لەگەڵ پـرۆژەی دامەزرانـدنی (تورکمـان ئیلـی) دەیـانتوانی لەگـەڵ کورددا هاوپـەیمانێتی ببەسـتن و لـەدژی بەشـێکی زۆری پێکهاتـەی عـەرەبی رابوەسـتنەوە و دەریشگەوت کە پرۆژەی تورکمان ئیلی تەواو دژ بە هەڵوێستی باوی حکومەتی تورکیایە١.

لەراستیدا هەڵوێستی تورکمانی لەسەر فیدراڵیەت هەڵوێستێکی شـێواو بـوو کـە ئـەوەش ئاماژەیەك بوو بۆ بێ توانایی بەرەی تورکمانی لەبەرامبەر وەڵامدانەوەی هەڵمەتی یەککگرتووی کورد لەپێناو هەرێمێکی ئیتنیکیدا.

دواتر بەرەی تورکمانی ناچاربوو لەروپەڕی رۆژنامەی تورکمان ئیلی زمانحاڵیەوە راسـتەوخۆ پرۆژەکەی چاپوك رەتبکاتەوەو رایگەیاند: " بەرەی تورکمانی کە نوێنەرایەتی خەڵکی تورکمان دەکات هەر پرۆژەیەك رەتدەکاتەوە کە زیان بەیـەکێتی خـاکی عـێراق بگەیـەنێت و بەئـەرکی خۆشی دەزانێت پارێزگاری لەسەروەریی عیراق بکـات و هـەرگیز رازی نـەبێت بەدابەشـکردنی نیشتمان لەژێر پەردەی هەردەمامك و بەهانەو پاساوێکدا"٢.

بـەڵام بـەرەی تورکمـانی لەسـەر ئاسـتی نیشـتماندا خـاوەنی نفـوزی سیاسـی نـەبوو هەربۆیـە دەستەوەستان بوو لەبەرامبەر دانپێدانان بـە هـەرێمی کوردسـتانی خـاوەن مـافی ئۆتۆنـۆمی لەیاسـای ئیدارەی کاتی دەوڵەتدا.

هاوکات لەپاش ئەو ئەدا خراپەی کـە حزبـە تورکمانیـەکان لەهەڵبژاردنـەکانی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٥دا پیشانیان دا، بەرەی تورکمانی ناچار بوو جارێکی تر هەڵوێستی خۆی بگۆڕێت.

---

١ – لەراسـتیدا لـەکۆتایی کـانوونی دووەمـی ٢٠٠٤ سـەرۆك وەزیـری تورکیـا ئـەردۆغان رایگەیانـد: لەواقیعـدا دامەزرانـدنی چوارچێوەیەکی فیدراڵی لەعیراقدا لەسەر بنەمای ناسنامەی ئیتنیکی یان تایەفی ئاییني دروست نییە و هەریەك لە تورکیـاو سـوریاو ئێران بێزار دەکات.بڕوانە:

Turkish Daily News.2004.”press Scanner. Erdogans’ warning on Kirkuk”.28january.

2- Turkmeneli (BBC Monitoring International Reports). 2004. " Iraqi Turkmen Front Rejects Federal Status in Kurdish Region". 17 January (LN).

(تەحسین کەهیە) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووك بێ پێچ و پەنابوو کاتێك لەبارەی بارودۆخەکەوە وتی:" لەئێستادا تورکمان چارەسەری فیدراڵی قبوڵ دەکەن بەڵام دەیانەوێت کەرکووك خاوەن قەوارەیەکی فیدراڵی بێت و باشتریش وایە لەلایەن کوردو تورکمان و عەرەبەوە بەڕێوە ببرێت"١.

پاشان هەرێمی کوردستان وەك دیفاکتۆیەکی دانپێدانراوی یاسایی لەدوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی، بەرەی تورکمانی جگە لە قبوڵکردنی بوونی ئەم هەرێمە هیچ بژاردەیەکی تری لەبەرامبەردا نەمایەوەو ئیتر گشت بایەخی خۆی دا بەوەی کەرکووك لەدەستی کورد بەدوور بگرێت و ئەوەش رەهەندێکی پەککەوتوو بوو لەستراتیژی تورکمانیدا کە ئامانج لێی رێگرتن بوو لەوەی کەرکووك بچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

هەر لەپێناو ئەو مەرامەشدا بەرەی تورکمانی لەهەوڵی جۆشدانی رای گشتی هەرێمایەتی و نێو دەوڵەتیدا بوو لەدژی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠٢. لەئاستی ناوخۆشدا بەرە هەموو هێزی خۆی خستە پاڵ کوتلە عەرەبییەکان بۆ جاڕدانی تورەبوون لەبەرامبەر دەست بەسەرداگرتنی کورد بەسەر شارەکەدا ئەویش لەرێگەی گەڕی خۆپیشاندانەوە.

هەرچی رەهەندی ئیجابی ئەو ستراتیژەیە- ئامادەکردنی پرۆژەیەکی بەرجەستەکراوە کە پێویستە لەکرەکوکدا رووبدات و رووشنەدات- کە لەڕووی بایەخەوە شتێکی لاوەکی بوو. ئەوەبوو هەر لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥ بەدواوە بەرپرسانی تورك و بەرەی تورکمانی باسیان لە لەپاراستنی " بارودۆخی تایبەتی کەرکووك" دەکرد. کە ئەوەش بەدیاریکراوی روون و ئاشکرا نەبوو کەچی دەگەیەنێت. هەندێك جار ئەو فۆرمەئاماژەیەکی راشکاوانەبوو بۆ ئەو بارودۆخە تایبەتەی کە لەماددەی (٥٣)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت دەدرێتە هەریەك لە کەرکووك و بەغداد. لەسەر ئەو بناغەیەش کەرکووك خاوەنی بارودۆخێکی تایبەتمەند دەبێت واتە رێگە نادرێت بچێتە سەر پارێزگاکانی تر بۆ ئەوەی هەرێمێکی فراوانتر دروست بکرێت.

بێگومان واتای بارودۆخی تایبەت تا دوای پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی روون نەبوو، هەڵبەت بژاردەی بەڵگەنەویستی لەبەردەم ئەوانەی رێگر بوون لەهەوڵی کورد بۆ ئەوەی

---

1 - Dawde , S. 2005. " New Strategy for Turkmen Bloc." Institute for War and Peace in Reporting , Iraqi Crisis report, 116, 9 March http: //iwp.net /?p = icr&0= 244910&apc-state = heniicr2005

٢- بەرەی تورکمانی عیراقی لەلایەن زۆرێك لەدەوڵەتانی ناوچەکەوە گوێی لێگیرا لەپێش هەمووشیانەوە ئەنقەرەو ئێران و وڵاتانی عەرەبی . بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کۆکردنەوەی دەوڵەتە عەرەبیە سوننەکان دژی پرۆژەکانی کورد بڕوانە: " Milliyet .2004. Turkish Column : Egypt ,Jordan Will Train Turkmen for New Iraqi Army , Police ." 5 January (WNC).

کەرکووك بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستان لەسەر بناغەی ماددەی(١٤٠)، بۆخۆی هەوڵێك بوو بۆ جاڕدانی کەرکووك وەك هەرێمێك بەپێی ماددەی (١١٩).

ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەسۆنگەی ئەو پێشنیازەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ١٤ ئەندامی عەرەبی و تورکمانی لەئەنجوومەنی پارێزگای کورکوك لەئایاری ٢٠٠٦دا پێشکەشیان کردبوو بۆ سازدانی راپرسی لەسەر دامەزراندنی هەرێمێکی سەربەخۆ لەکەرکووکدا.

هەروەها پێشنیازی رۆڵگێڕانی تورکیا کرابوو وەك نێوەندگیرێك لەسەر شێوازی ئەو پرسیارەی کە لەراپرسییەکەدا دەکرێت ئەویش بەر لەوادەی راپرسییەکەو رێککەوتن لەسەری١.

ئەم لۆژیکە تادوای پەسەندکردنی یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا رەواجێکی زۆری هەبوو. بەپێی ئەو یاسایەش رێگە بە پارێزگاکان دەدرێت بچنە سەر هەرێمەکان بەڵام رێگە نادرێت دوو هەرێم یان زیاتر لەگەڵ یەکتری تێکەڵاوبن، لەبەرئەوە رێگە بەکەرکووك دەدرێت بارودۆخی هەرێمی هەبێت بێئەوەی رۆژێك لەرۆژان بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

بەڵام وادیاربوو بەرپرسانی تورکمان و تورکەکان هەرگیز نەگۆڕ نەبوون لەسەر بەکارهێنانی دەستەواژەی "بارودۆخی تایبەت".

زاراوەکە لەلای هەندێك جۆرێکی تایبەت لەقەوارەیەکی سەربەخۆی دەگەیاند، کەتیایدا سەرجەم نەتەوەو کەمینەکان تیایدا بەشداری دەکەن.٢

هاوکات زاراوەکە بەلای هەندێکی تر لەوانەش دکتۆر سەعدەدین ئارکاچی سەرۆکی بەرەی تورکمانی واتای ئەوەی دەگەیاند، کە بارودۆخی تایبەت یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت دیاری دەکات.

بەبۆچونی ئارکاچ "باشترین چارەسەر ئەوەیە بارودۆخێکی تایبەت بەکەرکووك بدرێت جاسیستمی فیدراڵی دابمەزرێت یان نا، هەروەها پێویستە بەپێی بڕگەی(ج) لەماددەی(٥٣)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەوڵەت مامەڵە بکرێت"٣.

تیمێکی تریش داوایان دەرکرد کەرکوك لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی بەغدادا بمێنێتەوە. لەو کۆنگرەیەشدا کە لەئەنقەرە سەبارەت بە"کەرکووك ٢٠٠٧ بەڕێوەچوو، ئارکاچ سەرۆکی بەرەی

---

1 -Hewler Post(BBC Montoring Middel East).2006."Turkmens Propose Making Iraq's Kirkuk Federal Region."28May(LN).

2 - Steel,J.2006."Comment&Debate:Iraq is already enduring two cici wars.Could is survive athird? The Guardian,1December:39.

3- Elaph (BBC Monitoring International Reports).2007."Iraqi Turkmen Front Leader Discusses Kirkuk.Issue,Turkmen Demands."7March.

تورکمانی پێشتوانی خۆی پیشاندا له سەر رەتکردنەوەی ئـەو راپرسـیەی کـە مـاددەی ١٤٠ئامـاژەی پێکردووە، لەگەڵ دانانی پارێزگای کەرکووك لەژێردەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵیدا"١.

هاوکات ئەنقەره کاری زۆری کرد بۆ رەو رەواجدان به بیرۆکەی بارودۆخی تایبەت، هەندێك جاریش ئامادەبوو پێشنیازی ئەنجوومەنی حوکمڕانی قبوڵ بکات سەبارەت بـەوەی کـە نەتـەوە یەکگرتوەکان بۆ ماوەی (١٠)ساڵ بەر لەدیاریکردنی چارەنووسی هەمیشەیی پارێزگاکـە بخاتـە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە٢. بەگشتی پێکهاتەی تورکمانی بەبەراورد بە پێکهاتـەکانی تـر کـەمتر یەکگرتوو بوو سەبارەت بەپرسی کەرکووك.

سەرباری ناکۆکی نێوان سەرانی سیاسی تورکمانە شیعەو سوننەکان لەسەر ئەو پرسە بـەڵام ناکۆکیەکانیان سادەبوون و ئەوەی لەیەکتریشی دەترازانن ئەو بۆشاییە بوو کـە لـەنێوان بـەرەی تورکمانی و تورکیا و رێکخراوە تورکمانیەکانی هەواداری کورددا لەئارادابوو.

هەریەك لە پارتی گەلی تورکمانی و پارتی برایەتی تورکمانی پێیان باشبوو، لەکرۆکدا هاوشـێوەی ئەو بارودۆخە بوو کە کورد پێی باشبوو، هەربۆیە ئەوانیش دەچنە نێو خانەی ئەوەی کە کـورد بەلایـەوە باشە لە چارەسەرکردنی تەوافوقی بۆ پرسی کەرکووك. لەبەر ئەوە بـەرەی تورکمـانی ئـەوەی پێباشـبوو داهاتووی کەرکووك و بەوجۆرە بێت کە سنوورێك بۆ نفوزی کورد دابنێت.

جگە لەوەش دەستەواژەی"بارودۆخی تایبەت" کە سەرانی بەرە لەلێدوانەکانیانـدا باسـیان لێدەکرد زۆر روون و ئاشکرا نەبوو کە ئاخۆ پێیان باشـە کـەرکووك راسـتەوخۆ لەژێردەسـەڵاتی بەغدادا بێت. دواجار ئەوەی بەرەی تورکمانی و تورکیا پێیـان باشـبوو لەبەنەڕەتـدا جیـاوازی نەبوو لەوەی کە پێکهاتەی عەرەبی پێیان باشبوو.

دەکرێـت بـەم شـێوەی لای خـوارەوە ئـەوە روونبکرێتـەوە کەبـەرەی تورکمانی/تورکیـا بارودۆخەکەی کەرکووکیان بەچ شێوەیەك پیێ باشبوو.

---

1 -Sananayake,S.2007."Turkey Keeps aNervous Eye on Kikruk." Radio Free Europe/Radio Liberty,11,13,23January.
www.rferl.org/newsline/2007/01/5-not/not-230107.asp

2 -Sabah(BBC Monitoring International Reports).2007."Turkish Government Said to Propose 10-Year UN Control of Kirkuk."19January(LN).

ئەوەی پتر پێیان باشبوو
- لەدەرەوەی کوردستان و بێ بارودۆخی تایبەت / لەدەرەوەی کوردستان و بارودۆخی تایبەتی هەبێت، (چارەکەکانی ٣، ٤).
- لەناو کوردستانداو لەگەڵ بوونی بارودۆخێکی تایبەت(چارەکی ٢).

ئەوەی کەمتر پێیان باشبوو
- لەناوکوردستان و بێ بارودۆخێکی تایبەت(چارەکی).

کەوابوو لەگەڵ هەندێك مەرجی لاوەکی ریزبەندی ئەوەی تورکمان پێی باشە هاوشێوەی ئەوەیە کە پێکهاتەی عەرەبی پێی باشە. دواجار ریزبەندی ئەوەی پێکهاتەکان پێیان باشە بەم جۆرە دەکەوێتەوە کە ژمارە (١)باشترینیانەو ژمارە(٤)کەمتر پێیان باشە.

	بێ بارودۆخی تایبەت(کوردوپێکهاتەکانی تر)	بارودۆخی تایبەت(کوردو پێکهاتەکانی تر)
لەناو کوردستان(کوردو پێکهاتەکانی تر)	(١، ٤)	(٢، ٣)
لە دەرەوەی کوردستان (کوردوپێکهاتەکانی تر)	(٤، ١)	(٣، ٢)

سوودی ئەم ریزبەند کردنەی ئەوەی پێکهاتە جیاوازەپەیوەندیدارەکان پێیان باشە لەسەر شێوەی خشتەی ٢ x ٢ ئەوەیە، دەردەکەوێت ئەو خاڵانەکامانەن کە دەکرێت لەرێگەیەوە بگەنە چارەسەری تەوافوقی سەبارەت بە داهاتووی کەرکووك.

کەوابوو تەنیا رێگە بۆ چارەسەرکردنی هەمیشەیی پرسی کەرکووك رێککەوتنی هەردولایە لەسەر فۆرمێکی تەوافوقی هەروەك پێشتر لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە.

بەجۆرێك هیچ لایەنێك بەپێی ئەم پێناسەسە ناتوانێت بارودۆخێکی باشتر بۆ داهاتووی کەرکووك لای خۆیەوە بەدیبهێنێت. بەڵام بەسەیرکردنی ریز بەندی ئەوەی پێکهاتەکان پێیان باشە بەوجۆرەیە ئەوەی بەلای لایەنێکەوە زۆر باشە بەلای لایەنەکەی ترەوە پێچەوانەیە. بەهەمان شێوە هیچ لایەنێك ناچار نییە کە ئەو دەرئەنجامە قبوڵ بکات کە بەلایەوە کەمتر

باشترە. لەوسۆنگەیەشسەوە هەردو چارەکی (١+٣) بەوپێیەی دوو ئـەنجامش چـاوەڕوان کـراون ڕەتدەکرێنەوە. بەواتایەکی تر ئەگەربمەوێت چارەسەری کەرکووك لەرێگەی پرۆسەی دانوسـتان و تەوتافوقەوە بێت، ئـەوا تـەنیا دەرئـەنجام ئەوەیـە کـە بـارودۆخێکی تایبـەت لەناوهـەرێمی کوردستان یان لەدەرەوەی هەرێم بە کەرکووك ببەخشرێت١.

تەنیا گۆڕدراوی بنچینەیش کە دەمێنێتەوە بۆ چارەسەرکردن کە لەزۆر ڕووەوە گـۆڕدراوێکی گرنگە، پرسی فەرمانڕەوایی و ئیدارەیە.

---

١ – بێگومان ئەگەر پرسی کەرکوك لەچوارچێوەی سەودانامەیەکی گشتگیردا چارەسەر بکرێت و بەوپێیەش وایدابنێین کـە کـورد دەست بەرداری کەرکوك دەبێت و لەبەرامبەر ئەوەشدا گشت ناچە جێ لەسەر ناکۆکەکانی تری بۆ دەگەڕێنرێتەوە بەڵام کـارێکی لـەو جۆرە وەك پرۆسەیەکی میانگیر دەمێنێتەوەو ئەنجامەکەشی دەکەوێتە دەرەوەی ئەگەرەکانی شێوەی(٨-١). سەودانامەیەکی لەوجۆرە دەشێت ببێت و بەدوور نەزانرێت بەڵام ئەوەی سەرکردایەتی کوردی لەکەرکوکدا کاری بۆدەکات زۆر گـەورەترە لـەوەی زۆر بەئاسـانی بچێتە ژێر باری ئەنجامەکانی چارەکی ٣.

فەسڵی سێیەم

ململانێی کەرکووک: حکومەتی داهاتووی

پرسی بنچینەیی کە پێویستە لە هەڵسەنگاندنی حکومەتی کەرکووک و ئیدارەکەی لەداهاتوودا چارەسەر بکرێن ئەوەیە کە ئاخۆ دەبێت دەسەڵات لەنێوان پێکهاتە ئیتنیکیە جیاوازەکانی پارێزگاکەدا دابەش بکرێت، کاتێکیش کەدابەشکرا تاچ ئاستێك و چۆن دابەش دەکرێت؟

دابەشکردنی دەسەڵات بەسادەیی بۆ دوالیزمێك کورت ناکرێتەوە، بەڵکو چەند ئەگەرێك هەیە کە لەکۆترۆڵکردنی تەواوی زۆرینەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەربنەمای تەواو یەکسان لە نێوان نێوان پێکهاتەکانی تردا.

لەگەڵ ئەوەشدا وەك هەنگاوی یەکەم گرنگە چەمکی دابەشکردنی دەسەڵات لەدوالیزمێکدا کۆبکرێتەوە کەجیاوازی بکات لەنێوان دەسەڵاتی زۆرینەو دابەشکردنی دەسەڵات کە دابەشکردنێکی واتادار بێت.

بەوجۆرەی وەك ئەوەی لەشێوەی ١١- ١، ١١- ٢ لەفەسڵی پێشووتردا هاتوون، خشتەیەکی □x□ دروست بکرێت و هەرچوار ئەگەرەکان سەبارەت بە داهاتووی کەرکووك

دەربخات، پاش ئەوەی لەفەسڵی رابردوودا دەرکەوت کە چارەسەری تەوافوقی بارودۆخێکی تایبەت جا ئەوە لەناوهەرێمی کوردستان یان لەدەرەوەیدا بێت بە کەرکووک دەبەخشێت.
هاوکات خشتەی ۱۲- ۱ چوار ئەگەر کەماونەتەوە بۆ بارودۆخی کۆتایی کەرکووک پیشان دەدات.

شێوازی ۱۲- ۱
ئەوەی بۆ حکومەتی داهاتووی کەرکووک گونجاوو لەبارە

دەسەڵاتی زۆرینە	دابەشکردنی دەسەڵات	
۲	۱	لەناوخۆی کوردستان(بارودۆخێکی تایبەت)
٤	۳	لەدەرەوەی کوردستان (بارودۆخێکی تایبەت)

لەچارەکی (۱) دا کەرکووک لەناو هەرێمی کوردستان بارودۆخێکی تایبەتی لەئۆتۆنۆمی هەیە و بەپێی رێککەوتنێکیش لەچوارچێوەی سیستمێکدا دەسەڵات لەحوکمڕانی و ئیدارەکردنیدا دابەش دەکرێت.
چارەکی(۲) بارودۆخێکی تایبەت لەناوخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێدانی مافی ئۆتۆنۆمی پیشان دەدات بەڵام بەبێ میکانیزمێکی سیستماتیک بۆ دابەشکردنی دەسەڵات.
بەوجۆرە کورد بەوپێیەی لەڕووی هەڵبژاردنەوە زۆرینە پێکدەهێنێت ئەوا ئیدارەی پارێزگاکە دەگرنە دەست.
هەرچی چارەکی(۳) یشە بارودۆخێکی تایبەت لەئۆتۆنۆمی دەداتە کەرکووک و سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتیشی بۆ دادەنرێت بەڵام لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە.
دواجار چارەکی (٤) ئۆتۆنۆمی دەبەخشێتە کەرکووک بەڵام لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و لەهەمان کاتیشدا دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی زۆرینەی کوردەوە. ئەو دابەشکردنەی کە بەپێی خشتەی (۱۲- ۱) هەیە تائاستێکی شیاو پرۆسەیەکی سادەیە. دیسان بەپێی خشتەی (۱۲-۲) دابەشکردنی دەسەڵات بەم جۆرەی لای خوارەوە کە (۳)گریمانەی لەخۆگرتووە.

یەکەم: هەرپێکهاتەیەك واپێیباشە پشـکی لـە دەسـەڵاتی حوکمڕانیـدا تائاسـتێك لەگـەڵ پێکهاتەکانی تردا زیادبکرێت.

دووەم: کورد بەپێی هەڵبژاردن زۆرینە پێکدەهێنن.

سێیەم: سەرجەم پێکهاتەکام هێندەی بایە بە پێگەی جوگرافی کەرکووك دەدەن هێندە بایەخ بەشـێوەی حکومەتەکـەی نـادەن. لەگۆشـەنیگای ئـەو سـێ گریمانەیـەوە خشـتەی(١٢- ٢) لەبارترین دیدی پێکهاتە جیاوازەکان دەردەخات سەبارەت بە هـەر چـوار ئەگـەرەکان لـەبارەی داهاتووی حوکمڕانی کەرکووکەوە.

خشتەی ١٢- ٢

ئەوەی بەلای پێکهاتە جیاوازەکانەوە لەبارترە بۆ حوکمڕانی کەرکووك

کـــــــــــــــۆنترۆڵکردنی زۆرینە(کوردوپێکهاتەکانی تر)	دابەشکردنی دەسەڵات (کوردو پێکهاتەکانی تر)	
١، ٤	٣، ٢	لەناوهـــــــــــەرێمی کوردســــتان و لەگـــــەڵ بـــــارودۆخێکی تایبــــەت (کوردو پێکهاتەکانی تر)
٤، ١	٣، ٢	لـــەدەرەوەی هـــەرێمی کوردســــتان و لەگـــــەڵ بـــــارودۆخێکی تایبــــەت (کوردو پێکهاتەکانی تر)

سەبارەت بەکورد، چارەکی (٢) لەبارترینە، کە کـەرکووك لەناوهـەرێمی کوردسـتاندایەو دەکەوێتە ژێررکێفی زۆرینەی کوردی. تەنیا تـەنازولکردنیش کـە پەیوەسـتە بـەو دەرئەنجامـە لەلایەنی کوردییەوە، پێدانی بارودۆخێکی تایبەتە بەکەرکووك لەچوارچێوەی هەرێمدا.

بێگومان ئـەوەش هـەمـوارکردنی دەسـتووری هـەرێمی کوردسـتان دەخوازێـت بـۆ ئـەوەی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی ببەخشێتە کەرکووك.

جگە لەوەش دەکرێت کـورد دەسـەڵات دابـەش بکـات، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەڕووی دامەزراوەییەوە ناچارنین. لەو دەرئەنجامەشدا دوو کێشەی گەورە لەئارادان.

یەکەم، دەکرێت دەسەڵاتی فراوان لەبوارەکانی رۆشنبیری و خوێندن و تەنانەت ئاسایش بدرێتە حکومەتی کەرکووك و ئەوەش گران ناکەوێت مە لەدەستووری هەرێمی کوردستاندا جێگەی بکرێتەوە بەڵام ئاخۆ ئەو دەسەڵاتانە لەجێبەجێکردنیدا کەڵکی دەبێت، لەکاتێکدا هەردوو حزبەکەسەرەکییەکە(یەکێتی و پارتی) هەرێمی کوردستانیان لەژێر دەستدایەو دیسان کەرکووکیش دەکەوێتە ژێر رکێفیانەوە، ئیتر ئەو کات دەستوور بەچ جۆرێك زامنی ئۆتۆنۆمی بۆ کەرکووك دەکات و ئەو ئۆتۆنۆمییەش چ واتایەکی دەبێت.

دیارە ئتۆنۆمی راستەقینە ئەوەیە کە حکومەتی کەرکووك راسپێردرێت لەچەند بوارێکی دیاریکراودا سەربەخۆ بڕیار بدات، کەئەوەش لەدەرەوەی حەزو خواستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت و ئەگەر واپێویستیشی کرد دژ بێت، کەبێگومان ئەوە مەحاڵ دەبێت. بۆیە لەوبارەدا تەنیا بژاردە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکی سیاسیە لەنێو ریزەکانی کورد لەکەرکووك بۆ بەرەنگاریبوونەوەی هەژموونی (یەکێتی و پارتی) کەدیسا ئەوەش کارێکی دوورە.

لەبەرئەوە ئەو ئۆتۆنۆمییەی کەدەدرێتە کەرکووك دەکەوێتە ژێر رکێفی ویستی هەولێرەوە.

کێشەی دووەم، لەسیناریۆی چارەکی (٢) کە بەلای کوردەوە زۆر لەبارە و بەلای پێکهاتەکانی تریشەوە کەمتر لەبارەو لەو حاڵەتەشدا نابێتە چارەسەرێکی تەوافوقی.

لەڕووی پێودانگیشەوە ئیشکالە وەك لەوەی چارەسەرێکی تەوافوقی مامناوەند بۆ داهاتووی کەرکووك دابین بکات.

لەرووی پراکماتیشەوە دیسان ئیشکالی دەبێت چونکە تەنیا چارەسەری تەوافوقی مامناوەند لەتوانایدا هەیەلەپرۆسەی سیاسیدا بۆ بەدیهێنانی دەستکراوە بێت.

هاوکات دەرئەنجامی چارەکی(٣) واتە کە کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی هەیە لەگەڵ بوونی میکانیزمێکی سیستماتیك بۆ دابەشکردنی دەسەڵات، بەلای کوردەوە کەمتر پەسەندە وەك لەوەی هەمان سەرئەنجام بەلای پێکهاتەکانی ترەوە زۆر لەبارترە. هەڵبەت هەمان دەرئەنجامی چارەکی (٣) بەهەمان شێوەی دەرئەنجامی چارەکی (٢) بەهەمان هۆکار رەتدەکرێتەوە.

لەرووی تیوریشەوە دەکرێت بەپێی ماددەی (١١٩)ی دەستووری عیراق و بەندەکانی ئەوە پرۆسەیەی کە ئیستادا لەئارادایە، باس لەکەرکووك و بارودۆخی تایبەتی بکرێت لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەوپێیەش رێگە بە پارێزگاکان دەدرێت هەرێمی خاوەن دەسەڵاتی فراوان پێکبهێنرێت بەبەراورد بەو دەسەڵاتەی کە پارێزگاکان هەیانە.

دیاره هەڵپەساردنی ئەو پرۆسەیە بەپێی "یاسای پێکهێنانی هەرێمەکان" کە لەتشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا دەرچووە، لەنیسانی ٢٠٠٨دا کۆتایی هات و ئەوەش ڕێگەی خۆشکرد لەبەردەم پارێزگاکان بۆ پێکهێنانی هەرێمەکان لەسەر بنەمای ئەو ڕێکارە دیاریکراوانەی کە لەماددەی(١١٩)دا بەپێی یاسا هاتووە.

دیسان لەرووی تیۆرییەوە دەکرێت باس لەبارودۆخی تایبەتی کەرکووك بکرێت لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەبێ چارەسەری تەوافوقی بەڵام ئەم میکانیزمە بۆ ئەوەی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت پێویست بە دەنگدانی ڕێژەیەکی دیاریکراو لەو کوردانە هەیە کە دژی ویستی هەردو حزبەکەن، بۆ ئەوەی بەرژەوەندی کەرکووك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەڵام بەووردی نازانرێت ژمارەی ئەو کوردە کەرکووکیانە چەندن، کە لەدەرەوەی هەردو حزبەکەن تا ژمارەیان بەس بێت بۆ دەنگدان ەسەر ئەو پرسە.

ڕەنگە ئەم دەرئەنجامە کارێکی دوور بێت بەڵام مەحاڵیش نییە، هەرچەندە بەپێی دەستوورو یاسا میکانیزمێك نییە بۆ سەپاندنی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر ئیدارەی کەرکووکدا.

دیسان دەستووری عیراقی حکومەتی ناوەندی سەرپشك ناکات بەوەی دامەزراوەو میکانیزمی حوکمڕانی بەسەر هەرێمەکاندا بسەپێنێت.

کەوابوو هەر فۆرمێکی سیستماتیکی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات پێویستی بە دانوستان هەیە بەو پێیەی دەرئەنجامی چارەسەری توافوقی نێوان پێکهاتە ئیتنیکیەکانە.

بەکورتی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات کەشێوازێکی سیستماتیکی هەبێت لەرێگەی هێزو سەپاندنەوە، ناکرێت لەکەرکووکدا بەبێ ڕەزامەندی کورد جێبەجێ بکرێت. هاوکات بەپێی سیناریۆی چارەکی(٣) کورد هیچ پاڵنەرێکی نییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵات و کرۆکی گرفتەکەش لەو دەرئەنجامەدا لەوەدایە کە پێچەوانەی ئەو کێشەیەیە کە پەیوەستە یەچارەکی (٢)ەوە. لەمەی دوایشدا کورد (براوە)یە لەهەردو ئاستەکەدا بەڵام لەیەکەمداکورد (دۆڕاوە) لەهەردو ئاستەکەدا. بەواتایەکی تر نەئەمیان و نە ئەویان چارەسەرێکی تەوافوقی مامناوەند دەستەبەر ناکەن.

کێشەی دووەم، پراگماتیبوونی ئەو چارەسەرەیە کە چارەکی (٣) پێشکەشی دەکات، کەئەوەش ئەوەیە کورد لەتوانایدا هەیە چارەسەرێکی باشتر بەبێ ئەوەی پێویست بە تەوافوق یان هەڵوێستێکی میانگیری و پرۆسەیەکی سیاسی نوێ هەبێت.

بەپێی ئەو پرۆسەیەی کەماددەی (١١٩) لەخۆی گرتووە، کورد بۆی هەیە ببێتە خاوەنی ئەوەی کە چارەکی (٤)پێیگەیستووە، واتە کەرکووك بارودۆخێکی تایبەتی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان هەبێت، بەڵام لەژێر کۆنترۆڵی زۆرینەی کوردیدا بێت.

دیسان کورد ئەم بژاردەیە جێبەجێ ناکات چونکە پاش ئەوەی هەرێمەکان پێکدێن بۆیان نییە تێکەڵ بەهەرێمی تر بن.

بەوپێیەش پێدانی مافی بەهەرێمبوون بەکەرکووك وەك هەرێمێکی سەربەخۆ وادەکات کەرکووك بۆ هەمیشەیی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر تەنیا ئەڵتەرناتیڤ سیناریۆی چارەکی (٣)یە ئەوا ئاستەمە هۆکارێك ببینینەوە، کە رێگە بەسەرکردایەتی کورد نەدات ماددەی(١١٩) کارابکات بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی باشتر لەرێگەی ئامرازە دەستووریەکانەوە.

ئاریشەکانی پەیوەست بە هەردو دەرئەنجانی چارەکی(٢، ٣) کێشەی هاوشێوەن و دەکرێت هەردو دەرئەنجامەکەش وەك چارەسەرێك بسەپێنرێت، لەگەڵ ئەوەی مەحاڵیشە ببێتە هۆی چارەسەرێکی جێگیرو هەمیشەیی.

ئەو راستیەی کە مژدەیەکی خۆشی پێنیە بۆ هەندێك ئەوەیە، کە ئەو دووچارەسەرەی دەکرێت لەڕووی میعیاری و پراگماتییەوە داکۆکیان لێبکرێت بۆ پرسی کەرکووك لەچارەکەکانی (١، ٤) دا هەن.

ئەم دوو بژاردەیە لەنێو هەرێمی کوردستاندا لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی سیستماتیکی لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و لەژێر رکۆنترۆڵی کوددا هەموو لایەنەان بە(براوەیی) و(دۆڕاو) دێنە دەرەوە.

دەکرێت ململانێ لەسەر دیاریکردنی ناسنامەی کەرکووك بۆ ئەو دوو رەهەندە کورت بکرێتەوە □پێگەی کەرکووك و بالادەستی سیاسی.

لەچارەکی (١)دا کەرکووك کوردییە کەدەکەوێتە نێو سنووری هەرێمی کوردستان بەڵام بەو واتایەی بالادەستی سیاسی لەنێوان سەرجەم پێکهاتەکاندا دابەشبووە.

لەچارەکی(٤)دا خاوەنداریێتی کەرکووك بۆ کوردە واتە باڵادەستی سیاسی کوردی بەسەرەوەیە، بەڵام (کوردی) یش نییە، چونکە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان دەمێنێتەوە.

دیاریکردنی ئەوەی کەکامیان باشترین دەرئەنجامە، پێویستە ئەو پرسیارە بوروژێنرێت: "بۆکێ باشترە؟" گریمان هەرلایەنێك ئەولەویەت دەداتە پێگەی کەرکووك لەروی بالادەستی

سیاسی ن کەدەرئەنجامی(١) بۆکورد باشترەو دەرئەنجامی(٤)یش لەلای پێکهاتەکانی تر لەبارترە.

بێگومان واپێویست دەکات بانگەشەکردن بۆ چارەسەر لەسەربناغەی ئەوە بێت کەکێ مافی هەیە باشترین ئەنجام جێبەجێبکات.

بۆنموونە، ئەگەر هەموو پێکهاتەکان گەیشتنە تەوافوق ل ئەوا پێویستە رۆڵێکی گرنگ بگێڕێت لەدیاریکردنی داهاتووی کەرکوك، بەڵام دیسان سازاندن لەسەر هەر ژمارەیەکی گونجاو یان رەوا بوونی نابێت.

هەرچی بەرەی تورکمانیشە پێوەر بۆ قەبارەی دانیشتوانی شاری کەرکوك ئاماری ساڵی (١٩٥٧) ە، کەبە پێوەرێکی شیاوی دەزانێت بۆ ئەوەی داهاتوو و خاوەنداریێتی کەرکوك دیاری بکات. هاوکات کوردیش هەمان ئاماری پێباشەو بەداتایەکی گونجاوی دەزانێت.

دەکرێت لەروانگەی پرانسیپەکانی دیموکراسییەوە گفتوگۆ بکرێت و بەو پێیەش ئیرادەی زۆرینە باڵی بکێشێت بەسەر بانگەشەی کەمینەدا، بەڵام بەرەی تورکمانی عیراق رازی نییە دان بەوەدابنێت بەوەی کە تورکمان زۆرینە پێکناهێنێت سەرباری ئەوەی گشت بەڵگەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کەتورکمان کەمینەیەو زۆرینە نییە.

بگرە بەرەی تورکمانی پێیوایە ئەو بەڵگانە دەرئەنجامی سەرکوتکردنی دەنگەکان و پاکتاوی نەژادی و هێنانی کوردە بۆ کەرکوك. ئەگەر پێکهاتەکانی کەرکوك نەتوانن رێك بکەون لەسەر پرسی ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی رێژەییو بابەتیانە ئەوا چاوەڕوان ناکرێت لەرووی سۆزدارییەوە بسازێن لەسەر ئەوەی، کە کام پێکهاتە لەسەردەمی بەعسییەکاندا پتر تووشی نەهامەتی بوەتەوە. جا بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی جێگیر و هەمیشەیی بۆ پرسی کەرکوك پێویستە بچینە قوڵایی پرسی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە.

روونکردنەوەی زیاتر لەسەردابەشکردنی دەسەڵات

شێوازی ١٢- ١، روونکردنەوەیەکە لەسەر دابەشکردنی دوالیزمی دەسەڵات، واتە دەسەڵات دابەشدەکرێت یاخود دابەش ناکرێت. هەروەها دەشێت پشت بەوە ببەسترێت کە هەرسیستمێکی دیموکراسی کە لەسەر بنەمای زۆرینە یان زامنکردنی نوێنەرایەتی و تەوافوق راوەستابێت، دابەشکردنی دەسەڵات لەخۆبگرێت. جا ئەوە بەشێوەیەکی رێژەیی یان بەکسان بێت لەنێوان لایەنە ناکۆکەکاندا. لەم دیدگایەشەوە گرنگە دابەشکردنی دەسەڵات بەو پێیەی زنجیرێکی پێکەوە لکاوە روون بکرێتەوە.

لەیەکێك لەکۆتاییەکانی زنجیرەکـەدا تـەواو باڵادەسـتی زۆرینـە و لـەکۆتایی زنجیرەکەشـدا دابەشکردنی دەسەڵات لەسەربنەمای تەواو یەکسانی هەیە.

شێوازی (١٢- ٣)، بریتییە لە زنجیرێکی پێکەوە لکاو کە تیایدا گشت مۆدێلەکان وەسف دەکرێن.

شێوازی ١٢- ٣

پلدارییەکانی دابەشکردنی دەسەڵات

.............I	........I	.............I...............
I....................................		
مۆدیلی کـۆنترۆڵکردن	کـۆنترۆڵکردنی زۆیرینـە	دابەشـکردنی دەسـەڵات لەسـەر
بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی	دابەشکردنی کۆنترۆڵکردن بەیەکسانی	

مۆدێلی کۆنترۆڵکردن: دەکرێت ئەم جۆرە بەهەژموونی زۆرینـە بەشـێوەیەکی مەنهـەجی و بەدامەزراوکراو بەسەر کەمینەدا ناوببرێت. ئەم جۆرە مۆدێلـە لەلایـەن"ئیان لوسـتیك- Ian Lustic" لەکۆتایی هەفتاکاندا پێشنیازی کردووە.

بۆ شرۆڤە کردنی خۆبەدەستەوەدانی کەمینەی عەرەبی قەبارە گـەورە لەئیسـرائیل(١٥٪)ی دانیشتوان.

لوستیك مۆدێلەکەی پێشنیازکرد بەو پێیەی رکابەری راسـتەوخۆی ئـەو مۆدێلەیـە کـەکار لەسەر زامنکردنی نوێنەرایەتی ودابەشکردنی دەسەڵات دەکات، شـرۆڤەیەك بـۆ سـەقامگیری سیاسی لەکۆمەڵگە دابەشبووە قوڵەکاندا پێشـکەش دەکـات. بەبۆچـوونی لوسـتیك جیـاوازی گەورەی نێوان هەردو نزیککردەوەکە لەوەدایە، کـە"مۆدێلی دابەشـکردنی دەسـەڵات تـەرکیز دەکاتە سەر ئاڵوگۆڕی هاریکاریی نێوان دەستەبژێرەکان نەك نیشتمانپەروەری ئەویش بەوپێیەی فاکتەری یەکلاکەرەوەیە...لەکاتێکدا نزیکبوونەوە لەدەسەڵات تەرکیز دەکاتە سەر دەرکـەوتنی ئەو پەیوەندیەی کە تیایدا هێزێکی باڵادەسـت لـەلای ئـەو توێـژە کۆدەبێتـەوە کـە لەهـەمان

کاتیشدا توانای سەپاندنی سەقامگیری و کۆت و بەندکردنی چالاکی و دەرفەتی سیاسی توێژێك یان توێژەکانی تر و پاراستنی ئەو پەیوەنییەی هەیە"١.

هەروەها لوستیك لەچارەسەرکردنەکەیدا کۆنترۆڵکردنی ئیسرائیل بەسەر کەمینەی عەرەبیدا دیاری دەکات، کە ئەوەش چارەسەرێکە و سێ ستراتیژی بۆ بالادەستی لەخۆگرتووە- لەبەر یەکترازاندن و پاشبەندێتی و توانەوە- کەتوێژی بالابۆ درێژەدان بەهەژموونی مەنهەجی خۆی بەسەر توێژی ژێرەوەدا پراکتیزەی دەکات.

لەبەریەکترازاندن بەبۆچوونی لوستیك "جیاکردنەوەی کەمینەی عەرەبیە لەدانیشتوانی جولەکە ودابەشکردنی ئەو کەمینەیەیە لەنێوخۆیاندا"٢.

بۆنموونە بەرپرسانی ئیسرائیلی سیسەتێکی هۆشیارانەیان گرتوەتە بەر بەئامانجی لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی نێوان دانیشتوانی عەرەب ئەویش بەپێدانی ئیمتیاز بەدروز و مەسیحی و کۆچەرییەکان(البدو) لەسەر حسابی گروپی عەرەبی کە گروپێکی فراوانترە.

هەروەها لەنموونەی ئەو سیاسەتانە ئیعتراف کردنە بە دروز وەك تایەفەیەکی ئایینی سەربەخۆ بەو مەرجەی دروز ناسنامەی خۆیان بە(دروز) تۆمار بکەن لەنێو بەڵگەنامەو دۆکیومێنتەکان نەك بە عەرەب، ئەمە جگە لەکۆمەککردنی دارایی دەوڵەت بۆگوندە دروزەکان. بەبۆچوونی لوستیك پێبەندێتی(التبعیە)، بریتییە لە پشت بەستنی عەرەب بەزۆرینەی جولەکە بۆ گەیشتن بەسەرچاوە ئابووری و سیاسییە گرنگەکان٣. ئەوەبوو هەڵمەتی بەردەوامی رژێمی ئیسرائیل بۆ رێگرتن لەبوونی بنکەی هێزێکی ئابووری نیمچە سەربەخۆ لەلای دانیشتوانی عەرەب وایکرد عەرەب پاشبەندێتی کەرتی جولەکە بێت لەبواری خوێندن و بەگەڕخستنی هێزی کاروکۆمەکی نێودەوڵەتیدا و بەوەش دووچاری گوشاری ئابووری و ماڵی ببنەوە.

دواجار لوستیك توندنەوە بەم جۆرە وەسفدەکات " لابەلا یارمەتی دەستەبژێری عەرەب یان توێژی هەڵبژێردراو دەدرێت بەمەرامی چاودێری و داماڵین و لێسەندنەوەی سەرچاوەکان٤.

---

1 - Lustick, I"Stability in Deeply in Divided Societies: Consciationalism Versus Contrl."World Politics ,31,31979,p.328.

2 -Kustick, I.,Arabs in the Jewish State:Israel's Control of National Minority ,Ausitn,TX:University of Texas Press,1980,p.77.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل٧٧.

4- هەمان سەرچاوە،ل٧٠.

لەبنەڕەتدا سەرکردە عەرەبییەکان یان ئەو کاندیدانەی کە پێگەی سەرکردایەتیان وەرگـرت، لەرێگەی پارەوە کڕدراون و بەشێوەیەکی ستراتیژی بەگەڕخراون تا سەرکردایەتیەکی یـەکگرتوو سەرهەڵنەدات بۆ ئەوەی داواکاری گروپە عەرەبیە فراوانەکان پێشنیازبکەن.

بە بەکارهێنانی هەرسـێ شـێوازی کـۆنترۆڵکردن لـەماوەی حـوکمی سـەربازیی، ڕژێمـی ئیسرائیل توانی عەرەب بەنرخێکی کەم مل کەچبکات.

بەکورتی ئەو کۆنترۆڵکردنە ستراتیژییەبەشێوەیەکی دروست سوودمەندبووە لەئیدارەی دابەشـکردنی قـووڵی ئیتنیکـی لەئیسـرائیل. هەڵبـەت لوسـتیك لەبـەر هۆکارگـەلێکی بەڵگەنەویستی ئامادە نییە پێشنیازی کۆنترۆڵکردن بکـات کـە بـەو پێیـەی نموونەیـەکی میعیارییە بۆ فەرمانڕەوایی کۆمەڵگە دابەشبووەکان. هەربۆیە مۆدێلەکەی، مـۆدێلێکی شرۆڤەییە وەك لەوەی وەسفی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لوستیك ئامـاژە بـەوە دەکـات کەدەکرێت مۆدێلی کۆنترۆڵکردن لەبارودۆخێکی دیاریکراودا ڕۆڵی خۆی ببینێت، هەربۆیە دەڵێـت:" لەکۆمەڵگـە دابەشـبووە قوڵەکانـدا میکانیزمـەکانی دابەشـکردنی دەسـەڵات سەرنەکەوتووە یاخود ناکرێت سەرکەوتن بەدیبهێنێت، دەکرێـت کـۆنترۆڵکردن مۆدێلێـك بێت بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکان، کە لە چارەسەرە شـیاوەکانی تـر باشترە: شەڕی ئەهلی یان قڕکردن یاخود ڕاگواستن"١.

دیسان سەرباری ئەوەی، کـە ڕۆحـی مـۆدێلی کـۆنترۆڵکردن بـەر نۆرمـەکانی دیموکراسـی دەکەوێت بەڵام ئەزموونی ئیسرائیل دەریخست کـە ئـەو مۆدێلـە بەشـێوەیەکی حـەتمی دژ بـە سیسـتمی سیاسـیی دیموکراسـی ڕاناوەسـتێتەوە. جگـە لـەوەش ئـە مۆدێلـە بـەدوور نییـە لەخەسڵەتەکانی دابەشکردنی دەسەڵات سەرباری ئەوەی کە باڵا دەستی بـەبێ شـێوازی بـەزۆر ناچارکردن بۆخۆی مەرامی کۆنترۆڵکردنە.

هەروەها نکۆڵیش لەوە ناکات کە دەسـتەبژێرە باڵاکـان دەسـتەبژێری نزمتردەتوێننـەوە بـۆ کۆپییەکی بچووکتری دابەشکردنی دەسەڵات، کە ئەوەش ئامانجێکی تەواو نەگریسانەیە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دابەشکردنی دەسەڵات لەئارادایە. بەجۆرێك لـەواتاکان مـۆدێلی کـۆنترۆڵکردن بۆخۆی سنووری دەرەکییە لەوەی، کە لەئیدارەی پەیوەندی ئیتنیکی نێوقەوارەیەکی سیاسـی دیموکراسـی بـە شـێوزایکی (پەسـەند) دادەنرێـت، ئامـانجیش لەوەبریتییـە لەهـەژموونی

1- Lustick, I"Stability in Deeply in Divided Societies .هەمان سەرچاوە

پێکهاتەیەك بەسەر پێکهاتەیەکی ترەوە، بەڵام لەچوارچێوەی دیموکراسیدت کە جۆرێکی شیاو لەدابەشکردنی دەسەڵاتی تێدایە، جا ئەوەش ئەگەر کەمیش بێت.

کۆنترۆڵکردن(دەستبەسەرداگرتن) ی زۆرینە: ئەوەی کەمتر مایەی مشتومڕە مۆدێلی دەستبەسەرداگرتنی زۆرینەیە کە لەسیستمی ویستمنستر(Wenstminster system) دا بەرجەستە دەبێت. بەم پێیە سیستمی زۆرینە پەیوەستە بە یەك بازنەو فرە هەڵبژاردنەوە، کەتیایدا دوو حزبی سیاسی کۆبوونەتەوەو کێبڕکێی یەکتری دەکەن، لەم سیستمەدا براوە هەموو شتێك بەدەست دەهێنێت، بەجۆرێك لەسیستمی پەرلەمانیدا ئەو پارتەی زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی بۆخۆی مسۆگەر دەکات، حکومەت پێکدەهێنێت و سەرجەم پۆستە حکومییەکان دەخاتە ژێر دەست خۆیەوە.

هاوکات حزبی دۆڕاو (کەمینە) هیچ شتێك بەدەست ناهێنێت جگە لەدەرفەتی رەخنەگرتن نەبێت لەحکومەت وەك لایەنێکی بەرهەڵستکار.

بێگومان لەلایەن ئەوانیترەوە دامەزروەو دینامیکی سیستمەکانی زۆرینە بەتێرو تەسەلی تاوتوێکراون، بۆیە پێویست ناکات لێرەدا دووبارە بکرێتەوە[١]. لەو سیاقەشدا دەست بەسەردا گرتنی زۆرینە لەرووی شیکارییەوە لەنێوان مۆدێلی کۆنترۆڵکردن و مۆدێلەکانی دەسەڵات لەزنجیرە بەیەکەوە لکاوەکەی پێشوودا راوەستاوەو دەکرێت بەروونی جیاوازی بکرێت لەنێوان سیستمی زۆرینەو سیستمی دەستبەسەرداگرتن، کە ئامانجیش بردنەوەیە لەهەڵبژاردنی دیموکراسی لەبری ملکەچپێکردنی کەمینە لەرێگەی بەکارهێنانی شێوازەکانی کۆنترۆڵکردن.

هەروەها لەسیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتدا جیاوازە چونکە مەرج بۆ براوە دانانرێت، تا لەگەڵ دۆڕاو (سەرنەکەوتوو) دەسەڵات دابەش بکەن.بەڵام ئەوەش ئەوە ناگەیەنێت کە سیستمی زۆرینە لێکدژی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتە سەرباری ئەو وێناکردنە کاریکاتۆریەی کە پێیوایە دژیەتی.

دیسان پارتی بنکە فراوان، کەزۆر کات لەنێو سیستمی زۆرینەدا بەچەشنی نیمچە هەمیشەیی دەردەکەوێت، لەنێو پەرژەوەندییە هەمە چەشنەکاندا هیچی جیاواز نییە لەحکومەتە ئیئتلافەکانلە سیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتدا.

١- بۆزانیاری زیاتر لەبارەی بنەماسەرەکییەکانی سیستمی ویستمنستەر بڕوانە:

Lijpart, A, Patterns of Democracy: Government From and Perfrnance in Thirty-six Countries, News Haven,CT:Yale University Press,1999,Chapter2.

بەهەمان شێوە دەستاودەستکردنی دەسەڵات شەقڵێکی سیاسی زۆرینەیەو بەو واتایەش دەسەڵات بەتێپەڕوونی کات لەنێوان لایەنەکاندا دابەش دەکرێت. جگە لەوەش سەرباری ئەوەی بردنەوەی پارتێك و بەدەستهێنانی کورسی پێویست لەپەرلەماندا بۆ ئەوەی بەتەنیا دەسەڵات بگرێتە دەست پێویست ناکات داوای دابەشکردنی دەسەڵاتی لێبکرێت، بەلام هیچ شتێك لۆژیکانە ناگۆڕێت ئەگەر دامەزراوەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لەچوارچێوەی سیستمی زۆرینەدا بەکارنەهێنرێت.

هاوکات فیدراڵی زۆرینە (کەنەداو ئوسترالیا) ئاستەکانی حوکمڕانی و دیسان دیاریکردنی ناوچەی زۆرینەی رەشەکان لەهەڵبژاردنی کۆنگرێسی ئەمریکاو زامنکردنی مارۆییەکان (Maoris) لەپەرلەمانینیوزلەندە، هەرهەموویان نموونەیەکن لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و دەکرێت لەچوارچێوەی زۆرینەدا پشتی پێببەسترێت.

هەرچەندە سیستمی زۆرینە لەرووی دامەزراوەییەوە دژ بە دابەشکردنی دەسەڵات نییە بەلام دابەشکردنی دەسەلاتمەرجێکی دامەزراوەیی نییە. هەروەها دەکرێت ئەو کێشە مەترسیدارانە دروست بن کاتێك کۆمەڵگەکان بەشێوەیەکی قووڵ لەسەر بنەمای ئیتنیکی دابەشبوون. بۆیە دەسەڵات و شەرعیەتی سیستمی زۆرینەو دیموکراسی بەگشتی، تەرکیز دەکەنە سەر ئەو گریمانەیەی کە دەکرێت ئەوانەی ئەمڕۆ سەرنەکەوتوو(دۆڕاو) ن سبەی براوەبن.

لەگەڵ دابەشبوونی قووڵی ئیتنیکیدا، پارتە سیاسییە رێکخراوەکانیش لەسەر بنەمای ئیتنیکی دابەشبوون، بەلام مەترسییەکە لەوەدایە کەمینەکان بۆ هەمیشەیی دووچاری هەڕەشەی دوورخستنەوە دەبن لەدەسەلات، لەبەرئەوە هۆرۆفیتز (Horowitz) ئەو مەترسییە بە (دکتاتۆری زۆرینە) ناودەبات لەنێو کۆمەڵگە ئیتنیکییە دابەشبووەکان. لەبەرئەوە پسپۆڕانی بواری دەستوور وەك بژاردەیەکی باش لەدیموکراسی زۆرینە ناڕوانن بۆ کۆمەڵگە دابەشبووەکان١.

دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی

جەوهەری دابەشکردنی دەسەلات لەرێگەی نوێنەرایەتی رێژەییەوە لەبنەڕەتدا خۆی بۆخۆی راڤە دەکات، چونکە پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەپێگەکانی دەسەلاتدا نوێنەرایەتیەکی هاورێژەیە لەگەڵ قەبارەی ژمارەی دانیشتوان. بەپێچەوانەی سیستمی هەڵبژاردنی زۆرینە/

1- Horowitz,D., Ethnic in Conflict, Berkeley:niversity of California Press,1985.p.102.

فرەیی، سیستمی هەڵبژاردن لەسەربنەمای نوێنەرایەتی رێـژەیی پشـکی حزبێـك لەدەنگـەکان راستەوخۆ بۆ پشکی ئەو حزبە لەکورسی پەرلەمان بەشێوەیەکی لەبارو بیَ شێواندن مومارەسە دەکرێت، ئەمە جگە لەوەی سیستمی زۆرینە/ فرەیی ئـارەزوو یەکەمکردنـەوەی نوێنەرایـەتی پارتی کەمینەکان دەکات، کە لەرووی جوگرافییەوە پەرش و بڵاون.

هاوکات لەکۆمەڵگـە دابەشـبووەئیتنیکییەکاندا، پارتـەکانیش لەسـەربنەمای ئیتنیکـی رێکدەخرێن و دەنگدەرانیش دەنگ بەناسنامەی ئیتنیکیان دەدەن و سەرئەنجامی پەرلەمانیش بۆ سیستمی نوێنەرایەتی رێژەیی پەتی هاوشێوەی سەرژمێری دانیشتوانە.

دیسان بەهۆی سیاسەتی فرە حزبییەوە کەسیستمی نوێنەرایەتی رێـژەیی بـرەوی پێـدەدات، مەحاڵە تەنیا حزبێك ژمارەی پێویست لەکورسی بەدەستبهێنێت بۆ پێکهێنانی حکومەتی تاك حزب و بەوەش دابەشکردنی دەسـەڵات لەدەسـتەی جێبـەجێکردن لەسـەر شـێوەی حکومەتـە ئیئتلافیەکان ئەو رێسایەیە کە پەیڕەوی لێدەکرێت.

هەروەها لەسیستمی دابەشکردنی دەسەڵاتدا لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی پێویسـتە ئیئتلافی دەسەڵاتدار نوێنەرایەتی سەرجەم پارتەکان بکـات بـەوجۆرەی لەگـەڵ هێزیـدا لـەنێو سیستمی یاسادانانەدا هاوڕێژە بێت.

دیسان پێویستە پێگەکانی دەسەڵات لەدامەزراوە هەستیارەکانی تـری دەوڵـەت — سـوپاو پـۆلیس و دادگا...هتـد- لەسـەر بنـەمای رێـژەیی دابەشـبکرێت و سیسـتمی موحاسەسـە بەکاربهێنرێت. بەگشتی ئامانج گەیشتنی هەرپێکهاتەیەك/حزبێکی ئیتنیکییـە بـۆ دەسـەڵاتە باڵاکان بەو جۆرەی هاوتای هێزی ژمارەیی بێت لەنێوان دانیشتواندا.

ئەو سیستمە بۆ کۆمەڵگـە دابەشـبووە ئیتنکییـەکان سـیمای ئاشـکراو روونـە، چـونکە سیاسەت ململانێی کێبڕکێی نییە کە تیایدا براوە لەهەموو شتێکدا قـارازاج بکـات، بـەڵکو فۆرمێکە کە هەرلایەنێك شتێك بۆخۆی دەبات و هەڕەشەی دوورخستنەوەی هەمیشەیش لەهیچ لایەنێك ناکات. بەڵام سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات لەسـەر بنـەمای نوێنەرایـەتی رێـژەیی تەنانەت لەشێوە پەڕگیرەکەشیدا نفوزێکی سیاسی رێژەیی بۆ کەمینەکان لەپرۆسەی دروستکردن و بڕیاریدا زامن دەکات.

هاوکات زۆربەی بڕیارە سیاسییەکان جا لەپەرلەمان یاخودلەئەنجوومەنی وەزیراندا بێت ئەوا بەدەنگدانێکی زۆرینەی سادە دروست دەکرێت.

لەکۆمەڵگەیەکدا کە بەسەر دوو پێکهاتەی سەرەکیدا دابەشبووبێت کە یەکێکیان لە٦٠٪ و ئەویتریشیان لە٤٠٪ی دانیشتوان پێکبهێنێت، ئەوا هەرپرسێك کە ئەو دوو پێکهاتەیە لەسەری ناکۆك بن ئەوا دواجار پێکهاتەی زۆرینە پرسەکە یەکلایی دەکاتەوە.

بەوجۆرە کۆنترۆڵکردنی ٤٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمان یان لە ٤٠٪ی پۆستە وەزارییەکان ناکاتە پشکی لە ٤٠٪ی دەسەڵاتی دروستکردنی بڕیار.

دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی

دەکرێت ئەم نزیکبوونەوەیە لە رێسای نوێنەرایەتی رێژەیی لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتی یەکسانی نێوان پێکهاتەکان نەك لەسەر بنەمای دابەشکردنی رێژەیی جیابکرێتەوە، بەو پێیەش پێکهاتەیەك کە لە ١٠٪ی دانیشتوان و پێکهاتەیەکی تریش کە لە٥٠٪ی دانیشتوان پێکدەهێنێت، هەمان پشکی یەکسانی لەدەسەڵات دەبێت.

هەڵبەت جێبەجێکردنی ئەم فۆرمە پەڕگیرەی دابەشکردنی دەسەڵات بەتەواوی وردەکارییەوەدەبێتە هۆی رەتکردنەوەی هەڵبژاردنی رکابەرانەی نێوان پێکهاتەکان، چونکە هەرپێکهاتەیەکی کۆمەڵگە جا هەرلایەك بێت ئەوا ژمارەیەکی وەك یەك لەکورسی پەرلەمانی پێدەدرێت و لەدەزگای حکومەتدا مومارەسەی دەسەڵاتێکی وەك یەك دەکات و نوێنەرایەتیەکی یەکسانیشی بەنوێنەرایەتی پێکهاتەکەی تر لەدامەزراوەکانی دەوڵەتدا دەبێت. بەپێی ئەم سیناریۆیەش تەنیا دەرفەت بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی رکابەرانە لەچوارچێوەی خودی پێکهاتەکە خۆیدا دەبێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتەیە.

هەروەها شەقڵی دامەزراوەیی یەکلاکەرەوەش بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای یەکسانی بریتییە لە مافی ڤیتۆ.

خۆئەگەر لەنموونەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەرەوە باسمان کردن، لەکۆی بڕیارەکاندا پێویستی بە زۆرینەی دوو بۆ سێی بێت لەبری زۆرینەیەکی سادە ئەوا پێکهاتەی زۆرینە کە لە٦٠٪ی کورسییەکانی پەرلەمانی لەدەستدایە، ناتوانێت بەبێ دەنگی پێکهاتەی کەمینە هیچ شتێك تێپەڕێنێت و هەر تێپەڕاندنێکیش پێویستی بە تەوافوقی هەردوو پێکهاتەکە هەیە.

لەو رێگەیەشەوە دەتوانرێت سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵگە مافی ڤیتۆیان هەبێت و بۆ دەرکردنی هەر بڕیارێکیش بەکۆدەنگی رەزامەندی پێکهاتەکان بەدەست بهێنێت.

لەڕووی پراکتیکیشەوە سیستمێك نییە لەجیهاندا کە یەکسانی تیایدا ڕەها بێت لەنێوان پێکهاتەکانیدا، سەرباری ئەوەی سیستمی سیاسی لە (بۆسنە) زۆر لەوەوە نزیکە، بەڵام چەندان قەوارەی سیاسی هەن کە لەبەلژیکاوە بۆ عێراق درێژبوونەتەوەو تیایاندا پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی پراکتیزە دەکرێن بەسەر چەند دامەزراوەیەکی دیاریکراوی حوکمڕانیدا یاخود بەکاردەهێنرێن بۆ بڕیاریدانە دیاریکراوە یەکلاکەرەوەکان.

لەراستیدا دەستنیشانکردنی ئارنت لیهارت – Arend Lijphart بۆ واتای (ڤیتۆی کەمینە) بەو پێیەی توخمێکی یەکلاکەرەوەیە لەچەمکی زامنکردنی نوێنەرایەتی و دابەشکردنی دەسەڵات، گرنگی دامەزراوەکانی دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی ڕووندەکاتەوە لەنێوان میکانیزمە تایبەتمەندەکان ئەویش بە پارێزگاریکردنی کەمینەکان لەنێو کۆمەڵگە دابەشبووەکاندا[1].

ئاماژەکانی دابەشکردنی دەسەڵات لەکەرکووك

لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لە نیسانی ساڵی(٢٠٠٣)ەوە، کەرکووك ٣ حکومەتی بەخۆوە بینیوە کە هەر حکومەتێکیش لەریز بەندی شێوەی (١٢- ١) دا پێگەیەکی کەمێك جیاواز بەپێگەی ئەویتری هەبووە.

لەماوەی نێوان حوزەیران و کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٣دا لەلایەن ئەنجوومەنی شارەوانییەوە کە لە(٣٠) ئەندام پێکهاتبوو ڕاستەوخۆ لەلایەن سوپای ئەمریکاوە دیاریکرابوون و حوکمی کەرکووکیان گرتبووە دەست. دواتر لەکانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٤، حکومەتی ناوخۆیی کەرکووك - ئەنجوومەنی پارێزگا فراوانکرا (نوێکرایەوە)، کە لە (٤٠)ئەندام پێکهاتبوو.

لەپاش هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥)، یەکەم ئەنجوومەنی هەڵبژێردراوی پارێزگای کەرکووك لەهاوینی ٢٠٠٥دا ئەرکی ئیدارەکردنی گرتە دەست کە لە(٤١) ئەندام پێکهاتبوو.

١- هەرچوار ئەو مۆدێلەی خراونەتە روو بەهیچ شێوەیەك سەرجەم ئەو فۆرمە شیاوانە نین بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردانا.

خشتەی ١٢- ١

ئەم خشتەیەی لای خوارەوە پێکهاتەی ئیتنیکی لەو حکومەتانەی کەرکوکدا دەردەخات

ناسنامەی ئیتنیکی	کورسییەکانی ئەنجومەنیشارەوانی (٪)	کورسییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا(٪)	کورسییە هەڵبژێردراوەکانی ئەنجوومەنی پارێزگا(٪)	ڕێژەی سەدی لەدانیشتوان (هەڵبژاردنی کانونی یەکەم/٢٠٠٥	ڕێژەی سەدی دانیشتوان بەپێی ئاماری ١٩٥٧
پۆستە **حکومییەکان**	سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی کوردو جێگرەکەی عەرەب و یاریدەدەرانیشیان کوردو مەسیحی و تورکمان	جێگری پارێزگار عەرەب و یاریدەدەرەکانی کوردو مەسیحی و تورکمان و سەرۆکی ئەنجوومەن تورکمانی	پارێزگار کوردو جێگری بەتاڵ و یاریدەرەکانیش مەسیحی و عەرەبی و سەرۆکی ئەنجوومەن کوردو پارێزگاریش کورد		
کورد	١١(٣٧٪)(٦ +٥سەربەخۆ)	١٣(٣٣٪)	٢٠(٤٩٪)	٪٥٣	٪٤٨
عەرەب	٦(٢٠٪)	١٢(٣٠٪)	٩*(٢٢٪)	٪٢٧	٪٢٨
تورکمان	٦(٢٠٪)	٨(٢٠٪)	١١**	٪١٣	٪٢١
مەسیحی	(٢٣٪)(٦+١سەربە خۆ)	٧(١٨٪)	١***	٪٠.٢	٪٢
تێکڕای ژمارەی کورسیەکان	٣٠	٤٠	٤١		

پلـــەی وردبـــینی لەهەڵبـــــــژاردنی کـانونی یەکـەمی ١٢٠٠٥	٪٥٣	٪٤٨	٪٢٥		
پلـــەی وردبـــینی لەئاماری ٢١٩٥٧	٪٤١	٪٣٧	٪١٣		

***لەنێویاندا (٣) عەرەب هەن کە لەسەر لیستی برایەتی کەرکوك هەڵبژێردراون**

****لەنێویاندا(٢) تورکمان هەن کە لەسەر لیستی برایەتی کەرکوك هەڵبژێردراون**

*****(١) ئاشووری هەیە کە لەسەر لیستی برایەتی کەرکوك هەڵبژێردراوە.ئەو داتایانەی لەم خشتەیەدا پێشکەش کـراون لەسـەربنەمای ئیتنیکییـە نـەك لەسـەر بنـەمای ئینتیمـای سیاسی، لەبەئەوە کورد لەخانەی یەکەمدا بە (١١)ئەندام لەئەنجوومەنی شـارەوانی ریـز بەنـد کراون سەرباری ئەوەی (٥) لەو ئەندامانە وەك کەسانی سەربەخۆ دامەزرێنراون کە سەر بەهیچ پارتێکی سیاسی کوردی نین٣.**

بەهەمان شێوە هەر (٢٦) ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگا لەسەر لیستی برایـەتی کـەرکوك لەخانەی سێیەمدا بەپێی ناسنامەی ئیتنیکی دانراون.

١-ئەم ژمارانە بەکۆکردنەوەی جیاوازی رەهای نێوان رێژەی سەدی پشکی هەرپێکهاتەیەك لـە کورسـییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران وئەو رێژەیەی کە ژمارەی دانیشتوان لەسـەر بناغـەی ئـەنجامی هەڵبژاردنـەکانی کـانونی یەکەمی ٢٠٠٥ بەدەستیهێناوە هەژمارکراون. بەم شێوەیە کورد لە٣٧٪ی کورسیەکانی ئەنجومەنی شـارەوانی مسۆگەرکردوەو لە٥٣٪ی دانیشتوانیش پێکدەهێنن. بەوشـێوەیە بەشـداریکردنیان لەقـەبارەی شـێواندن ٥٣-٣٧=١٦. سەبارەت رێژەی بەعەرەبیش ژمارەکان ٢٧-٢٠=٧ لەبەرئەوە لەگەڵ بەرزبوونەوەی ژمارەکـە ئـەوا نوێنەرایەتی لەحوکمڕانیدا رەنگدانەوەی رێژەی دانیشتوانە بەپلەیەکی کەمتر .

٢- ئەم ژمارانە وەك لە پەراوێزی ٩دا هاتووە لە داتای ئاماری ١٩٥٧دا بەکارهێنراوە.

٣- بەرپەرچدانەوە لەبەرامبەر وەسفی دابەشکردنی پۆستە وەزارییەکان بەدەستەواژەی تایەفی لـەبری ئیتنیمـای سیاسی ئەوەیە کە ئەو کەسانەی سەر بە ئیتنیکەکانی ترن و لەسەر لیستی برایەتی کـەرکوك خۆیـان کاندیـد کردوە جگە لە بەکرێگیراوی کورد چیتر نین و نوێنەری تورکمان و عەرەب و مەسیحی نین.

لــەم سەروبەندەشــدا هەرچــی خانــەی چوارەمیشــە پشــکی هەرپێکهاتەیــەکی ئیتنیکــی بەنزیکەیی لەکۆی دەنگەکانی هەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ دەردەخات. دیارە ئەوەش خەملاندنێکی نزیکەیی و ئامادەیە بۆ ڕێژەی هەرپێکهاتەیەك لەدانیشتوان.

خانەی پێنجەمیش پێکهاتەی ئیتنیکی پارێزگاکە ڕوون دەکاتەوە هەروەك ئەوەی لەئاماری ١٩٥٧دا هاتووە. ئەم زانیاری و داتایانەش ڕێگە بە سازدانی بــەراوردکاری نێــوان پێکهاتــەی ئیتنیکی پارێزگاکە دەدات لــەدوو پــنتی زەمــەنی لەگــەڵ دابەشــکردنی ئیتنیکــی لەهەرســێ حکومەتەکەی کەرکووکدا کە لەدوای جەنگ بەدوای یەکتریدا هاتوون.

هاوکات پێوەری پلە ورد شێوازێکی سادەیە بــۆ هــەژمارکردنی مــەودای لێنزیکــی نێــوان دابەشــکردنی ڕاســتەقینەی ئیتنیکــی دانیشــتوان و دابەشــکردنی ئیتنیکــی لەهەرســێ حکومەتەکەدا.

چەند خاڵێك سەبارەت بــەو داتایانــە لــەئارادان، بۆنموونــە کاتێــك حکومــەتی شــارەوانی کەرکووك حوکم به واژە ئیتنیکییەکان دەکات، ئەوا دوورترین حکومەتە لە ڕێژەو هاوڕێژەیی لەرووی نوێنەرایەتی ئیتنیکییەوە.

ئەوەش سەیر نییە، چونکە پێکهاتەی ئەنجوومەنەکە لەلایەن سوپای ئەمریکاوە دیاریکراوە و لەوەشدا پشتی بە یەکسانی نێوان پێکهاتەکان بەستووە، وەك پرانسیپی بنچینەیی.

تەنانەت لەخۆگرتنی کوردە سەربەخۆو بێ لایەنەکان وایکــرد نوێنەرایــەتی کــورد هەنــدێك لەنوێنەرایەتی قەبارەو بوونی ژمارەیان بەدووربێت و نوێنەرایەتی عەرەب و تورکمانیش کــەمتر بێت لەوەی کەماقی خۆیانە، ئەگەر چی وئەوە بۆ حاڵەتی تورکمان ئەوەندە جیاواز نەبوو.

گەورەترین سوودمەندو سەرچاوەی سەرەکی شــێواندن لەتــەرزی نوێنەرایــەتی بــریتی بــوو لەمەسیحییەکان کە لە(٢٣٪)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکــەیان بەدەســتهێنا، کــە ئــەوەش لەپشکی عــەرەب و تورکمانــەکان زیــاتر بــوون، لەکاتێکــدا قــەبارەیان لــە٢٪ی دانیشــتوان تێپەڕناکات.

هــــەروەها نۆژەنکردنــــەوەی ئەنجوومەنەکــــە لــــەکۆتایی ٢٠٠٣ و ســــەرەتای ٢٠٠٤ دا، بــەفراوانکردنی ژمــارەی ئەندامــەکانی لــە (٣٠) کەســەوە بــۆ (٤٠)ئەنــدام، حکومــەتێکی لێکەوتــەوە کەکــەمێك نوێنەرایەتیکردنەکــەی زیــاتر بــوو. ئــەوەبوو عــەرەب گــەورەترین سوودمەندبوون و بەوەش ڕێژەی لە ٣٠٪ی کورسییەکانی ئەنجوومەنە نوێیەکەیان بەدەستهێنا،

لەکاتێکدا بەپێی ئاماری(١٩٥٧) ڕێژەی لە ٢٨٪ی دانیشتوانیان پێکهێناوە لەکاتێکدا بەپێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥، لە٢٧٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن.

ئەوەی ماوەتەوە تورکمان بوو کە هیچ گۆڕانکاریەك لەنوێنەرایەتی تورکماندا بەدینەهات و هاوکاتیش هەریەك لەکوردو مەسیحییەکان بەهۆی فراوانبوونی ئەندامێتی ئەنجوومەنەکە نوێنەرایەتیەکی ڕێژەییان لەدەستدا.

دواجار ڕێژەی نوێنەرایەتیکردن لەئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکەدا بەبەراورد بەهەردو حکومەتی پێشوو بەرزتربوو، هۆکاری ئەوەش دابەزینی زۆری نوێنەرایەتی مەسیحییەکان بوو. بەپێچەوانەی ئەوەشەوە نوێنەرایەتی کوردو عەرەب لەئەنجوومەنەکەدا لەبەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ بەبەراورد بەقەبارەی دانیشتوان کەمیکرد، لەکاتێکدا نوێنەرایەتی تورکمان زیادیکردو حاڵەتەکەش لەدابەشبوونی کوردسییەکان بەسەر پێکهاتە ئیتنیکییەکان لەئەنجوومەنەکەدا هاوشێوەی ئاماری ١٩٥٧ بوو.

بەواتایەکی تر ئەگەر لەساڵی ١٩٥٧دا هەڵبژاردنێکی خاوێن لە پارێزگای کەرکووك ئەنجام بدرایە ئەوا جیاوازییەکی ئەتۆی نەدەبوو لە گەڵ حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی ئێستای کەرکووك.

هەڵبەت بەپشتبەستن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥، ئەوا بەشێوەیەکی نزیکەیی ئاماژەیە بۆ ڕێژەی ئێستای دانیشتوانی کەرکووك، هەرچەندە هەریەك لەتورکمان و مەسیحییەکان لەحکومەتە جیاجیاکاندا بەبەردەوامی نوێنەرایەتی کردنیان زیاترە لەقەبارەی راستەقینەی دانیشتوانیان و لەهەمان کاتیشدا هەریەك لە کوردو عەرەب بەگشتی نوێنەرایەتیان بەبەراورد بەقەبارەی راستەقینەی دانیشتوانیان کەمتربووە. بەگشتی ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکە لەنوێنەرایەتیکردندا زۆر وردترە لەئەنجوومەنی پێشووتری.

بەپشت بەستن بە ناسنامەی ئیتنیکی وادیارە دابەشکردنی پۆستە حکومییەکانیش هەر رەنگدانەوەی دیمۆگرافیای ئیتنیکی کەرکووك دەربخات، بۆنموونە گەورەترین پێکهاتە(کورد) باڵاترین پۆستی حکومی وەرگرتووە و پۆستی جێگریش دراوەتە دووەم گەورە پێکهاتە کە (عەرەب)ە و پۆستی یاریدەدەرانیش بۆ مەسیحی و تورکمان تەرخان کراون، جگە لەو حاڵەتەش نەبێت کە تیایدا دوای نوێکردنەوەی ئەنجوومەنەکە پۆستی سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە درایە تورکمان و هەرد پۆستی جێگری پارێزگاش بۆ عەرەب و تورکمان تەرخانکرا کە تائێستا بەبەتاڵی ماونەتەوە.

پۆسته ئیدارییەکان

ئاستەمە داتای وردو باوەڕپێکراو سەبارەت بە دابەشکردنی ئیتنیکی بۆ پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووك دەستبکەوێت، ئەویش لەبەر هۆکاری ئاڵوگۆڕی فراوانی نێوان بەرپرسانی ئیداری و ژمارەیەك پۆستی بالا لەسەر ئاستی جیاوازی شارو پارێزگاو ئاستی فیدراڵی — بەڵام دیسان ئەو جۆرە داتایانەش تەواو بەسیاسی کراون.

ئەم خشتەیەی خوارەوە و ئەو داتایانەش کە خراونەتە روو سەرچاوەیەکی بەرەی تورکمانییە، لەکاتێکدا هۆیەك نییە کە پێشوەخت وەك گریمانەیەك بوترێت کە ئەو داتایانەی بەرە زیاتر یان کەمتر باوەڕپێکراون بەبەراورد بەسەرچاوەیەکی تر، هەرچەندە ئەم داتایانە ئاماژە بەزیادەڕۆیی نوێنەرایەتی تورکمان ناکات لەدەزگای بیرۆکراسیدا ١.

١- داتا تایبەتەکان بە دابەشکردنی ئیتنیکی بۆ پۆستە ئیداریەکانی کەرکوك کە وەرگیراوە لە:" پێشێلکاریەکانی دژ بە تورکمان لەکەرکوك"، لەبلاوکراوەکانی بەرەی تورکمانی، ئەنقەرە،٢٠٠٧، ل٥-١١.

خشتەی ١٢- ٢ پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووك بەپێی ناسنامەی ئیتنیکی:٢٠٠٧

ناسنامەی ئیتنیکی	پۆستە ئیدارییەکان(باڵا)	پۆستە ئیدارییەکان(مامناوەند)	وەزیفە ئیدارییە گشتییەکان	تێکڕای ژمارەی پۆست و وەزیفە ئیدارییەکان
کورد	١٠(٥٣٪)	٣٠(٦٥٪)	١٠(٢٧٪)	٥٠(٤٨٪)
عەرەب	٧(٣٧٪)	٨(١٧٪)	٨(٢١٪)	٢٣(٢٢٪)
تورکمان	١(٥٪)	٨(١٧٪)	١٩(٤٨٪)	٢٩(٢٨٪)
مەسیحی	١(٥٪)		٢(٥٪)	٣(٣٪)
کۆ	١٩	٤٦	٣٩	١٠٥

مەرامی بەرەی تورکمانی لەبلاوکردنەوەی ئەمداتایانە" هێمادانێتی بەو ستمەی دەرهوق بە تورکمان کراوە لەدابەشکردنی وەزیفە ئیدارییەکانی کەرکووکدا".

هەروەها بەرە هەست بەو ناهەقییە دەکات بەتایبەتیش لە نزمی ئاستی نوێنەرایەتی تورکمان لەپۆستە باڵاکاندا"سەرباری ئەوەی کەزۆرینە پێکدەهێنن".

پۆستە ئیدارییەکان هەرهەموویان وەك یەك سەنگ و قورسایی خۆیان نییە، سەرباری ئەو ژمارانەی دانیشتوان کە بەکارهێنراون، چجای ئاماری ١٩٥٧ یان ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی کانوونی یەکەم، هەربۆیە پشکی تورکمان لەپۆستە باڵاکاندا هاوڕێژەی قەبارەی دانیشتوان نییە. بەڵام گرفتەکە لەپشکی کورددا نیە کە لە٥٣٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن و ئەوەش هاوڕێژەی قەبارەیانە بەڵکو گرفتەکە لەژمارەی بەرپرسە ئیدارەکانی عەرەبدایە.

نوێنەرایەتی عەرەب لەسەرو قەبارەی دانیشتوانەوەن و لەگەڵ ئەوەشدا زۆرێك لەپۆستە ئیداریە باڵاكانیان لەدەستدایە. دیسان پرسێكی تریش هەیە، كە ئەویش ئەوەیە چۆن پۆستە باڵاكان لەپۆستە مامناوەندەكان و ئەم پۆستانەش لەوەزیفە ئیدارە گشتییەكان جیادەكرێنەوە.

ئەمانە زاراوەی تەكنیكی نین و بەرەی توركمانییش دیاریيان ناكات، جا بۆ ئەوەی مەسەلەكان وەك خۆیان باس بكرێن بەرەی توركمانی ئاماژە بەیەك پۆستی باڵا دەكات بەڵام لەهەمان كاتیشدا توركمانەكان پۆستی فەرماندەی پۆلیسی كەركوك و بەڕێوبەرەكانی فەرمانگەی رێگاوبان و نەخۆشخانەی كەركوك و پەروەردەو پۆستەوگەیاندن و تۆڕی دابەشكردنی ئاوو فەرمانگەی ئامارو نەخشەسازی كشتوكاڵیان لەدەستدایەو جگە لەوەش لە كۆی (٩) بەڕێوەبەری لقی بانكە حكومییەكانی كەركوك (٨) یان توركمانن.

لەڕاستیدا ئەم داتایانەی بەرەی توركمانی لەبری ئەوەی ئاماژە بە دوورخستنەوەی توركمان و باڵادەستی كورد بكات لەپۆستە هەستیارەكانی كەركووكدا، ئەوە پیشان دەدات كە دابەشكردنی وەزیفە ئیدارییەكان بەگشتی هاوڕێژەی قەبارەی دانیشتوانی پێكهاتە جیاوازەكانە.

بەگشتی پۆستە ئیدارییەكان بۆ هەریەك لەنوێنەرانی كوردو عەرەب بەبەراورد بە نوێنەرانی توركمان زۆر كەمترە.

ئاسایشی ناوخۆ

ئەو بوارەی كە كورد توانیویەتی زیاد لەهەربوارێكی تر كۆنترۆڵی بكات و بیخاتە ژێر ركێفی خۆیەوە، ئاسایشی ناوخۆیە بەجۆرێك كە زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی لەدەزگاكانی بنەبڕكردنی تیرۆردا كاردەكەن كوردن.

جگە لەوەش تەشكیلاتی ئاسایش ناوخۆی سەر بەهەردو پارتە كوردییەكە بەشێوەیەكی سەربەخۆ لەدەزگا رەسمییە ئەمنیەكانی دەوڵەت كاردەكەن بەڵام ئوز بۆچوونەی كە باوە سەبارەت بەوەی كورد دەستی بەسەر دەزگای ئاسایش ناوخۆدا گرتووە بۆچوونێكی راست نییە، هەروەك لەم خشتەیەدا روونكراوەتەوە١.

١- لە" پێشێلكاریەكانی دژ بە توركمان لەكەركوك" وەرگیراوە ، ل ٣٦-٤٠.

خشتەی ١٢- ٣

دابەشکردنی ئیتنیکیی دەزگا ئەمنییەکانی کەرکووك

ناسنامەی ئیتنیکی	پشکی دیاریکراو لەوەزارەتی ناوخۆ	پۆلیس	لێپرساوانی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس	لێپرساوانی پۆلیسی شار
کورد	٤٠٪	٢٥٥٧	١٠(لەنێویاندا بەڕێوەری پۆلیس)	٤
عەرەب	٢٩٪	٢٥٤٦(٣٨٪)	٢	١
تورکمان	٢٩٪	١١٩٦(١٨٪)	١(جێگری بەڕێوەبەری پۆلیس)	٣(لەنێویاندا بەڕێوەبەری پۆلیس)
مەسیحی	٢٪	٣٦٠(٥٪)	١	١
کۆی گشتی		٦٦٥٩	١٤	٩

هەریەك لەسوپای ئەمریکاو وەزارەتی ناوخۆی عیراق بەردەوام بوون لەجێبەجێکردنی سیستمی موحاسەسە لەپۆلیسی کەرکووکدا.

بەپێی بەراوردکاری ژمارەی ئەو پۆلیسانەی لەئێستادا کاردەکەن دەریدەخات کە ژمارەی کورد لەپشکی تەرخانکراوی خۆیان کەمترن و عەرەبیش زیاترو تورکمانیش لەپشکی خۆیان کەمترن. هەروەك بەرەی تورکمانیش دانیپێدادەنێت ئەو کەمییە لەژمارەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کێشانەی پەیوەستن بەکارکردنی تورکمان وەك پۆلیس و ئەفسەر لەریزەکانی پۆلیس نەك پەیوەست بێت بەسیاسەتی جیاکاری دژ بە تورکمان.

ئاشكراشە كورد زۆرینەن لەناوەندەكانی فەرماندەیی پۆلیسی كەركوك و لەكۆی (١٤)پۆست لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پارێزگای كەركوك(١٠)پۆستیان لەدەستدایە، بەلاّم دابەشكردنی بەرپرسیارێتی لەسەر ئاستی پارێزگاكە دابەشكردنێكی عادیلانەیە. لەراستیدا نوێنەرایەتیكردنی توركمان لەسەرو قەبارەی دانیشتوانەوەن و دەتوانن بلّێن كە فەرماندەی پۆلیسی شارەكەو جێگری پۆلیسی پارێزگاكە لەدەست نوێنەرانی ئەواندایە. بەوجۆرە بەپێی هەلّسەنگاندنێكی بابەتیانە بۆ پێكهاتەی پۆلیسی كەركوك بەو شێوەیەیە كە كورد دەستیان گرتووە بەسەر دەزگاكانی بنەبڕكردنب جموجۆلّی بزوتنەوە چەكدارییەكان و بگرە كورد نوێنەرایەتی زیادیشیان هەیە لە پۆستە بالاّكانی هێزەكانی پۆلیسدا بەلاّم بەگشتی هێزە ئەمنییەكان پارێزگاری لە فرەیی ئیتنیكی ریزەكانی خۆی كردوەو ئەوەش رەنگدانەوەی هاورێژەی فرە پێكهاتەیی دانیشتوانی پارێزگاكەیە.

بەپێی داتاكەی سەرەوە بێت ئەو وێناكردنانەی كە سەرانی بەرەی توركمانی و كوتلەی عەرەبی رەواجی پێدەدەن و لەلای خۆرئاواییەكانیش بەبێ وردبوونەوەیەكی رەخنەییانە پەسەندكراوە سەبارەت بەوەی كورد هەژموونی رەهای دەسەلاّتی لەكەركووكدا هەیە، وێناكردنێكی تەواو ناوردو نادروستە، چەنكە دابەشكردنی پۆستە سیاسی و ئیدارییە بەرپرسەكان بەسەر پێكهاتە ئیتنیكییەكاندا لەراستیدا دابەشكردنێكی هاورێژەیە لەگەلّ پشكی هەرپێكهاتەیەك لەژمارەی دانیشتوان.

دیسان بەگەڕانەوە بۆ مۆدیلەكانی دابەشكردنی دەسەلاّت وەك ئەوەی لە شێوەی (١٢-١)دا هاتووە، دەكرێت هەرسێ حكومەتەكانی كەركوك لەدوای جەنگ بەم شێوەبە ریزبەند بكرێن.

شێوەی ١٢- ٤

دابەشكردنی دەسەلاّت و ئیدارەی كەركوك

ئەنجوومەنی یەكەم	ئەنجوومەنی دووەم	ئەنجوومەنی هەلّبژێردراو
....I	I	I

حکومەتی یەکەم لەپاش جەنگ کەخۆی لەئەنجوومەنی شارەوانیدا دەبینێتەوە لە(٣٠)ئەندام پێکهاتبوو، کە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە دیاریکرابوون، ئەویش لەسەربنەمای یەکسانی نێوان گشت پێکهاتەئیتنیکیەکانی کەرکوك، بەڵام ئەم شێوەی دابەشکردنەی دەسەڵات شێوەیەکی دروست نەبوو، چونکە مافی ڤیتۆ نەدراوەتە پێکهاتەکان لەبەرامبەر بڕیاردانەکاندا.

هەروەها دامەزراندنی ٦ ئەندامی سەربەخۆ(٥ کورد،١مەسیحی)بووە هۆی نایەکسانی لەنوێنەرایەتیکردندا.

هاوکات ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەنجوومەنە نوێیەکەی فراوانکرد تا ئەندامێتی ئەنجوومەنەکە هاوڕێژەی پێکهاتەی ئیتنیکی پارێزگاکە بێت. ئەوەش هەنگاوێکی مەبەستدار بوو تا دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی بێت.

دواجار ئەو ئەنجوومەنەی کە لەکانوونی دووەمی ٢٠٠٥ هەڵبژێردرا، بەپێی سیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی دەستەیەکی تەشریعی بوو، کەبەشێوەیەکی شیاوو ورد ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئیتنیکی پارێزگاکە بوو.

خۆئەگەر دەزگای حوکمڕانی ئێستاش لەگەڵ دابەشکردنی پۆستە ئیدارییەکان بەدابەشکردنێکی ڕێژەیی وەربگیرێت ئەوا لەدابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەییەو نزیکترە وەك لەهەر مۆدیلێکی تری کە لەخشتەکەدا هاتووە.

بەپێی بەڵگەکانیش نوێنەرایەتی تورکمان بەبەراورد بەقەبارەیان زیاترن لە دامەزراوەکاندا ئیتر ئەو هەموو پێداگرییەی سەرانی تورکمان و عەرەب بۆچییە کە دەوترێت کورد بەشێوەیەکی ناعادیلانە هەژموونی کەرکووکیان کردوە ؟.

هەژموونی کوردی (ناڕەوایە)!

بەپێی ئەو ژمارانەی کە وەك پێوەرێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕێژەی نوێنەرایەتی سیاسی و ئیداری پشتیان پێبەستراوە، ناکۆکی لەسەرە. هەڵبەت تەرخانکردنی (٤٨٪)ی پۆستە ئیدارییەکانی پارێزگای کەرکوك بۆ کورد پشکێکی عادیلانەو هاوڕێژەیە لەگەڵ قەبارەی خۆیدا، ئەگەر هاتوو مرۆڤ بڕیاربدات کەکورد لە(٥٣٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن.

بەهەمان شێوە لە(٢٨٪)ی پۆستە ئیدارییەکانی کەرکووك پشکێکی سەخییە بۆ تورکمان ئەگەر مرۆڤ بڕیار لەوەبدات، کە تورکمان لە(٢٠%)ی دانیشتوانی پارێزگاکە پێکدەهێنن.

بەڵام گرفتەکە لەوەدایە کە ژمارەکان پەسەند نین و سەرانی بەرەی تورکمانیی عیراقی پێداگری دەکەن لەسەر ئەوەی کە زۆرینە پێکدەهێنن، هەرچەندە سەرجەم بەڵگەکان پێچەوانەکەی پشتڕاست دەکەنەوە.

یەکەم، گشت بەڵگەکانی بەردەست تەواو پێچەوانەی ئەوەن و تەنانەت داتاکانی ئاماری ساڵی١٩٥٧ ئاماژە بە ڕێژەی ئەو کەسانە دەکات، کە بەتورکمانی دەدوێن کە کەمێك لە (٢١٪)ی دانیشتوانی پارێزگاکە زیاترن.

هەروەها لەهەڵبژاردنەکاندا کە ساڵی(٢٠٠٣) وە دووجار ئەنجامدراون، بەرەی تورکمانی لەکانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥ نزیکەی (١٨٪)ی دەنگەکان و لەهەڵبژاردنی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵیشدا لە(١١٪)ی دەنگەکانی بۆخۆی مسۆگەر کردووە.

بەپێی راپرسییە زانستییەکانیش کە بەشێوەیەکی هەرەڕەمەکی چەند سامپڵێکی لێوەرگیراون و ئاماژەن بۆ پێکهاتەی ئیتنیکی، ئەوا لەسەرتاسەری عیراقدا تورکمان ١- ٢٪ی دانیشتوان پێکدەهێنن. جا بۆ ئەوەی تورکمان لەکەرکووکدا زۆرینەپێکبهێنێت ئەوا پێویستە سەرجەم تورکمانەکان لەکەرکووکدا نیشتەجێبن.

گرفتی دووەمیش ئەوەیە کە بانگەشەی بەرەی تورکمانی پشت بە شار دەبەستێت وەك یەکەیەکی ئیداری نەك وەك پارێزگا.بەڵام تەنانەت لەسنووری شاریشدا داتاکان ئەوە دەرناخەن کە تورکمان زۆرینە پێکدەهێنن.

تەنانەت لەئاماری ١٩٥٧یشدا ئەوانەی کە بەتورکمانی دواون لە(٣٦٪)یان لەشارەکەدا پێکهێناوەو مەحاڵیشە لەودەمەوە تائێستا تورکمان بەبەراورد بەپێکهاتەکانی تر ڕێژەکەیان زیادیکردبێت.

بەڵام خاڵی گرنگتر ئەوەیە کە دابەشکردنی ئیتنیکی دانیشتوانی خودی شارەکە لەڕووی سیاسییەوە لەبنەڕەتدا هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەبابتەکەوە نییە، چونکە هەڵبژاردنەکان لەسەربنەمای پارێزگاکان ڕێکدەخرێن بەو پێیەی یەکەیەکی ئیداری گونجاوە، لەکاتێکدا هەر راپرسییەك جا بەپێی ماددەی(١١٩) یان (١٤٠) بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە لەسەر ئاستی پارێزگاکە دەکرێت.

هاوکات لەسایەی نەبوونی داتای پێویست و ئاماری دانیشتواندا ناتوانرێت چارەسەری کۆتایی بۆ پرسی ناکۆکییەکانی پەیوەست بە پێکهاتەی دانیشتوانی کەرکوك هەبێت. هەربۆیە لەنەبوونی داتای پێویست باشتروایە کار بەو داتایانە بکرێت، کە لەبەردەستدان و بەو پێیەش

مەحالە بوترێت کە تورکمان زۆرینە پێکدەهێنن لەسەر ئاستی شارەکەدا. بگرە لەوەش مەحالتر ئەوەیە کە زۆرینە پێکبهێنن لەسەر ئاستی کۆی پارێزگاکەدا.

جا شرۆڤەی لەبار بۆ ئەو داتایانەی لەبەردەستدان ئەوەیە، کەکورد لەسەرتاسەری پارێزگای کەرکووك گەورەترین ڕێژەی دانیشتوان یان زۆرینەی ڕەهای بچووك پێکدەهێنن. بەڵام لەشارەکەدا ناتوانرێت شتێکی ئەوتۆ بوترێت.

بەهانەی دووەم، کەلەلای سەرانی بەرەی تورکمانی و کوتلەی عەرەبی جۆرێك لە لۆژیکی تێدایە دانپێدانانیانە بەوەی کە کورد گەورەترین ڕێژە/زۆرینە پێکدەهێنن، بەڵام ئەوەش لەرێگەی پڕکردنەوەی کەرکووك بەکورد(ناشەرعی)ی دەرەوەی کەرکووك.

بەپێی خەملاندنی عەرەب و تورکمان ژمارەی ئەو کوردانەی کە لەکەرکووکەوە راگوێزراون لەسنووری(١٢) هەزار خێزاندان١. هاوکات مامناوەندیی ژمارەی هەر خێزانێکیش شەش کەسەو کۆی سەرجەم ئەندامانی ئەو خێزانانەش دەگاتە (٧٠) هەزار کەس کەمافی گەڕانەوەیان هەیە.

دیارە ئەوەی گومانی تێدا نییە زیاتر لە (٧٠) هەزار کورد لەنیسانی (٢٠٠٣)وە بۆ کەرکووك گەڕاونەتەوەو ئەو ژمارەیەش کە لەسەرو (٧٠) هەزارەوەیە، ئەوە مەسەلەیەکەو دەکرێت لێی بڕوانرێت، بەڵام کاتی هەڵبژاردنی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ نزیکەی ١٠٠ هەزار کوردی گەڕاوە مافی دەنگدانیان هەبوو، بەڵام بەڵگەنامەی پێویستیان نەبوو بۆ ئەوەی ناویان لەلیستی دەنگدەراندا تۆمار بکرێت.

بەپێی جیاوازی دەنگەکان کەلیستی کوردی لەماوەی هەڵبژاردنی کانوونی دووەم و کانوونی یەکەم بەدەستیان هێناوە، (٧٥) هەزار هاوڵاتی کوردی تری گەڕاوەش مافی دەنگدانیان هەبووە یاخود تۆمارکراون بۆ ئەوەی بۆ جاری یەکەم لەو ماوەیەدا دەنگ بدەن.

١- سەبارەت بەمەزەندەکردنەکانی عەرەب وتورکمان سەبارەت بەژمارەی ئەو کوردانەی لەلایەن رژێمی سەددام حسێنەوە راگوازراون جیاوازن بڕوانە:

Us-Kurdish rift emerges on Kirkuk refendum’s timimg,”Turkish Daily News,27April2007.
www.turkishdailynews.com.tr/article.php?enewsid=70448;”Ethnic Tensions Mount in Kirkuk.”WorldPress.org,17November 2006(www.worldpress.org/Mideast/2567.cfm),”Iraq and the Kurds:The Brewing Battle Over Kirkuk,”op.cit.p.10.

خۆ ئەگەر (١٧٥) هەزار کەس وەك ژمارەیەکی سەرەکی و پێوانەیی بۆ کـورد وەربگـرین کەمافی دەنگدانیان هەیە ئەوا تێکڕای ژمـارەی کـوردە گـەڕاوەکان بـە (٢٣٠- ٢٥٠) هـەزار دەخەملێنرێت.

لەکاتێکدا بەدڵنیاییەوە بەڵگەی ئەوە لەبەردەستدایە کە سـەرانی کـورد گوشـاری زۆریـان لەسەر خەڵکی رەسەنی کەرکوك بەکارهێناوە بۆ ئەوەی بۆ پارێزگاکەیان بگەڕێنـەوە، لەگـەڵ ئەوەشدا هیچ بەڵگەیەك لەئارادا نییە ئاماژە بێت بۆ هـاوردەکردنی کـورد لەجێگـەکانی تـری هەرێمی کوردستان و ولاتانی ترەوە بۆ کەرکوك.

مەسەلەی ژمارەی کوردانی گەڕاوە بۆ کەرکوك جێگەی مشـتومڕەو بـەرەی تورکمـانی و سەرانی کوتلەی عەرەبیش هەریەکەیان خەملاندنی خۆیان بۆ ئەو ژمارەیـە هەیـە. بێگومـان خەملانـدنی سـەرانی غـەیرە کـورد خەملانـدنێکی تـەواو نادروسـتەو هەرچـی سەرچـاوە خۆرئاواییەکانیشـە لەنموونـەی رێکخـراوی هیومـان رایـتس ووچ، ژمـارەی تـەعریبکراوان کەزۆرینەیان کوردبوون بە نزیکەی (١٢٠) هەزار کەس مەزەنـدە دەکـات، کەئەوانـە بەتـەنیا لەماوەی نێوان سالانی ١٩٩١ - ٢٠٠٠دووچاری تەعریب بوونەتەوە١.

هەڵبەت مافی گەڕانەوە ئەو کوردانـەی نەگرتوەتـەوە کـە لەسـاڵی ١٩٦٨ەوە راگـوازراون، هەربۆیە ئەو گریمانەیەی کەباس لەمافی گەڕانەوەی تەنیا (١٢٠) هـەزار کـورد دەکـات بـەپێی بەنـدەکانی مـاددەی(١٤٠) بۆچـوونێکی هەڵەیـە چـونکە مـاددەی(١٤٠) بەشـێکە لـەو بەڵگەنامانەی کەزۆرینەی عیراقییەکان بـەپێی راپرسـییەك پەسـەندیان کـردوەو بـەو پێیـەش گەڕانەوەی زیاتر لەو ژمارەیەی کە ئاماژە بەراگواستنیان کراوە مافی شەرعی خۆیانە جا ئـەوە ئەگەر بەلای بەرەی تورکمانیی عیراقی و سەرانی کوتلەی عەرەبییەوە بەناسەرعی دابنرێت ئەوا لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە شەرعیەتی داوە بەوەی بەشداری هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەم بکەن و جاری دووەمیش لەکانوونی یەکەمی ٢٠٠٥دا بەشـداری دەنگـدان بکـەن. بـەلام ئـەو بەهانەیە تەنیا تیشك دەخاتە سەر بوونی ناکۆکی قوڵی دیدەکان لەبارەی کەرکووکەوە.

کـورد لای خۆیـەوە بەشـێوەیەکی راشـکاوانەو هۆشـیارانە پـەنای بـۆ وەسـیلە یاسـایی و دەستوورییەکان بردووە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری تەعریب و رێگەدان بە خـەڵکی کـەرکووك بـۆ

١- رێکخراوی چاودێریکردنی مافەکانی مرۆڤ.

www.hrw.org/reports/2003/iraq0303/Kirkuk0303.pdf.

دەنگدان لەسەر گەڕانەوەی بۆ پارێزگاکەیان بۆ سەر هەرێمی کوردستان یاخود مانەوەی کەرکووك لەدەرەوەی هەرێم.

لەم روانگەیەشەوە شەرعیەتی پرۆسەکە بۆخۆی رەوایەتی دەبەخشێتە ئەنجامی دەنگدان. بەڵام لەدیدگای تورکمان و عەرەبەوە هەر پرۆسەیەك ببێتە هۆی چوونی کەرکووك بۆ پاڵ هەرێم پرۆسەیەکی ستەمکارانەو ناڕەوایە.

لەوچوارچێویەدا ئاستەمە کورد ئەوە بسەلمێنێت، کە کوردە گەڕاوەکان گەڕاوەی شەرعین و سەرئەنجامی ئەوەش هەر زۆرینەیەك کە کوردبەیارمەتی گەڕاوەکان بەدەستی بهێنێت ئەوا لەلایەن نەیارانیانەوە رەتدەکرێتەوە ئەویش بەو پێیەی زۆرینەیەکی ناشەرعین و ئەوەش هاوشێوەی دابەشکردنی پۆستە سیاسییەکانە کە بەشێوەیەکی رێژەیی لەسەر بنەمای ئەنجامی هەڵبژاردنەکان دابەشکراون.

ئەم گرفتە لەپرسی دیمۆگرافیایی قوڵترە، بەجۆرێك دەکرێت ئاماری دانیشتوان لەکەرکووکدا هێزی رێژەی ژمارەیی هەر پێکهاتەیەکی دانیشتوان دیاری بکات، بەڵام ناتوانێت چارەسەری مەسەلەی رەوایەتی (شەرعیەت) بکات. لێرەوە گرفتی سەرەکی لەدابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ریژەیی لەکەرکووکدا بەرجەستە دەبێت.لەرووی تیۆرییەوە دابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی هەڵوێستێکی میانگیریی شیاو لەنێوان دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی دەستبەردەکات، کە ئەوەش فۆرمێکی پەڕگیرانە لەفۆرمەکانی پارێزگاریکردن لەکەمینەکان پێشکەش دەکات، بەڵام تائاستێکی زۆر بێ سوددەبێت. هەروەها باڵادەستی زۆرینەش کەشێکی ئەوتۆ ناهێنێتە ئاراوە بۆ پارێزگاریکردنی زامنکراو لەکەمینە، بەڵام جگە لەوەش دابەشکردنی دەسەڵات لەسەربنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی زۆر بە روونی "بە ئینسافترە"لەنێوان هەرچوار مۆدێلەکەی شێوەی (١٢- ٢)، چونکە هەرپێکهاتەیەك نوێنەرایەتی هاورێژەی خۆی لەگەڵ قەبارەی دانیشتواندا دەبێت.

بەڵام دادپەروەری چاوەڕوانکراو لەدابەشکردنی دەسەڵات لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی رێژەیی مەرجدارە بەهەوڵوێستی هەرپێکهاتەیەك لەپەسەندکردنی ئەو ئامارانەی کەدەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی رێژەیی دابەش دەکەن، ئەویش بەو پێیەی ئەو ئامارانە راست و شەرعین.

ئەمەش ئەو حاڵەتە نییە کە لەکەرکووکدا هەیە، واتە تەنیا مۆدیلێ بۆ دابەشکردنی دەسەڵات کەپێدەچێت رەزامەندی عەرەب و تورکمان بەدەستبهێنێت دابەشکردنی دەسەڵاتە بەیەکسانی ئەویش بەوپێیەی بنەمایەکی شەرعییە.

خۆئەگەر دەسەڵات دابەشکرا لەنێوان پێکهاتەکان لەسەربنەمای تەواوی یەکسانی ئەوا ڕێژەی کورد لەدانیشتوان و شەرعیەتی بارودۆخی گەڕاوەکان بێ مانا دەبێت. بەوجۆرە هەردو سوودی سەرەکی لەدابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی بریتین لە یەکەم، پرسە هەستیارەکانی دیمۆگرافی لەهاوکێشەدا بێ واتا دەبن و دووەمیش، بەلای هەردو پێکهاتەی عەرەب و تورکمان (ڕەنگە مەسیحییەکانیش) ەکانی کەرکووکەوە پەسەند دەبێت.

لەراستیدا فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات کە بەرەی تورکمانی پێشنیازی کردووە لەدابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووکدا (جگە لەمەسیحییەکان) بەپێی ئەم هاوکێشەیە ۳۲+۳۲+۳۲+٤.

هەرچەندە ئەم فۆرمە لەلای هیچ کام لەلایەنەکان وردەکارییەکانی ساغ نەبوەتەوە بەڵام ئامانج لێی تەنیا هەرجێبەجێکردنی نییە بەسەر پۆستە ئیدارییەکاندا بەڵکو جێبەجێکردنیشیەتی لەنوێنەرایەتیکردن لەنێوان هەردو دەستەی تەشریعی و جێبەجێکردنیشدا١.

دیارە دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی لەلای سەرانی بەرەی تورکمانی و کوتلەی عەرەبییەوە پەسەندە چونکە دەرفەت لەبەردەم هیچ لایەنێکدا ناهێڵێتەوە بۆ ئەوەی یەکلایەنە هەژموونی حکومەتی کەرکوك بکات، لەبەر ئەوە دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی لەبارترین سەرئەنجامە بۆ هەرپێکهاتەیەك. مەترسیدارترین کێشەش لەفۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی ئەوەیە کە کورد پێیوایە ئەوە فاکتەری هاندەرانەی تێدا نییە تا پەسەندی بکەن بێ ئەوەی لەبەرامبەردا شتێکیان پێشکەش بکرێت.

بەگشتی گرفتی دابەشکردنی دەسەڵات لەکەرکووك بریتییە لە نەبوونی ئەو دابەشکردنەو هەرچی هەڵوێستی بەرەی تورکمانی و کوتلەی عەرەبیشە تەئکیدکردنەوەیە لەوەی، کە کورد کەرکووکیان بەگەڕاوەی ناشەرعی پڕکردوەتەوە و ئەو ژمارە زۆرەشیان لەکۆنترۆڵکردنی پێگەکانی دەسەڵات لەکەرکووك بەکارهێناوە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە کاتێك ئامارێکی دانیشتوان نەبێت، چونکە ناتوانرێت خەمڵاندن بۆ دابەشکردنی ئیتنیکی دانیشتوان بکرێت

١- ئەم پێشنیازە لەسەرەتادا پشتیوانی عەلی مەهدی لەبەرەی تورکمانی بەدەستهێناو دواتر بووە پێشنیازی بەرەو عەرەب بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەکەرکوك.

Turkmens propoes Making Iraq,s Kirkuk Federal Region,”Hewler Post(BBC Monitoring International Reports),28May,2006.

جگە لەوە نەبێت کە ناڕاستەوخۆ پەنادەبرێت بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان. بەڵام دیسان ئەوە شتێکی ناواقعی دووریشە کەدابەشکردنی پۆستە هەستیارەکان لەپارێزگاکەدا لەرێگەی ناسنامەی ئیتنیکییەوە بێت. بەواتایەکی تر بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی لەبەردەستدان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کەنوێنەرایەتی پێکهاتە ئیتنیکییەکان لەئیدارەدا نوێنەرایەتیەکی هاوڕێژەیە بەپشکی ژمارەیی لەدانیشتواندا.

بێگومان گرفتەکە لەوەدایە کە هێزی ژمارەیی کورد، کەپشکیان لەدەسەڵاتدا پشتی پێبەستووە، ئەو هێزەیە کە بەشێوەیەکی ناشەرعی بەدیهاتووە، جا لەگەڵ مانەوەی ئەو بارەشدا ئەوا بەرەی تورکمانی و سەرانی سیاسی عەرەب رازی نابن دەسەڵات لەسەر بنەمای دابەشکردنی نوێنەرایەتی رێژەیی وەك فۆرمێکی عادیلانە ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەمە روونادات تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە کەرکووك لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا بارودۆخێکی تایبەتی پێبدرێت.

بۆ تێگەیشتنیش لەهۆکەی باشتر وایە شیکارییەکی پوخت بۆ هەردو ئەو سەرئەنجامە مامناوەندە بکرێت کە لەخشتەی ۲(چارەکی ۱و چارەکی ٤)دا خراونەتە روو.

ئاماژەکانی سەرئەنجامی چارەکی ٤

سەرئەنجامی چارەکی ٤- کەرکووك کە خاوەنی بارودۆخێکی تایبەتە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان، بەدوور لەفۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێو هەرچوار سەرئەنجامەکەی خشتەی(۲) لەجێبەجێکردندا ئاسانترە.

چونکە ماددەی(۱۱۹) لەدەستووری عیراقدا کە پاڵپشتە بەیاسای پێکهێنانی هەرێمەکان رێگە بە(پارێزگایەك یاخود پتر)دەدات راپرسی سازبکات لەسەر پێکهێنانی هەرێمێك ئەویش لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا پەیوەندیدارەکان.

دوای ئەوەش بەرەزامەندی زۆرینەیەکی سادە لەراپرسیدا بەسە بۆ گۆڕینی بارودۆخی پارێزگاکە بۆ هەرێمێکی فیدراڵی.

خۆئەگەر کەرکووکیش بەو پێی هەرێمێکە پشتیوانی هەردوپارتە کوردییەکەی بەدەستهێنا ئەوا ئاستەمە بزانرێت کەچۆن ئەو دەستپێشخەرییە سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت، لەکاتێکدا لایەنگرانی (یەکێتی و پارتی) پشتیوانی لێدەکەن و کوردانی دەرەوەی ریزەکانی ئەو دوو

پارتەش گەرەکیانە کەرکووك لەدەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت و لەوانەشە دیسان ئەوە پشتیوانی ڕێژەیەکی زۆری دەنگدەرانی عەرەب و تورکمان بەدەستبهێنێت.

هاوکات ماوەیەکی زۆرە سەرانی بەرەی تورکمانی و کوتلەی عەرەبی داوای ئەو سەرئەنجامە دەکەن —(بارودۆخێکی تایبەت)بۆ کەرکووك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان.

پاشان گرفتی ئەم بژاردەیە گرفتێکی ڕێکاریی نییەو ئەو پرسیارەش کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە، چی وا لە(یەکێتی و پارتی) دەکات پشتیوانی لەچارەسەرێك بکەن، کەکەرکووك بەرەسمی و بەهەمیشەیی لەدەرەوەی هەرێم بێت؟.

دیارە دوو سیناریۆ هەن کە پێدەچێت سەرانی کورد بەناچاری پەنای بۆبەرن، یەکەمیان : وادەردەکەوێت کەرکووك بەئاراستەی سەرئەنجامی ٣ بچێت، ئەگەر چی ئەوە کارێکی مەحاڵ نییە کە لەرێگەی ئامرازە یاسایی و دەستوورییەکانەوە بەبێ ڕەزامەندی کورد ڕوودەدات.

دووەمیان: کە ئەو سیناریۆیەیان زۆر نزیکترە، ئەگەر هاتوو چارەسەرکردنی پرسی کەرکووك بۆ کاتێکی نادیار دواخرا، ئەوا ڕەنگە حسابکردنەکانی سەرانی کورد بەرەو سەرئەنجامی چارەکی ٤ بچێت کە لەم بارودۆخەی ئێستا لەبارترە و بەو پێیەش کەرکووك وەك هەرێمێکی سەربەخۆ دەبێت و ئەویش لەبەر دوو هۆ، کە بەلای کوردەوە باشترە.

هۆی یەکەمیان ئەوەیە کە کورد پەیوەست نابێت بەهیچ جۆرە دەروەستبوونێکی ئەخلاقی یان دەستووری لەدابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی تر.

چونکە دەستوور بەڕوونی ئاماژە بەجیاوازییە دیاریکراوەکانی نێوان دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگاکان ناکات و ئەوەش کە ماددەی(١٤٠) لە(تایبەتمەندێتی) ژماردوونی لەسەر ئاستی حوکمڕانی دابەش دەکرێن.

بۆنموونە تەنیا ئاماژە بەدەسەڵاتە"هاوبەشەکانی نێوان دەسەڵاتی فیدراڵی و دەسەڵاتی هەرێمەکان کراوە". لەم سەروبەندەشدا پرانسیپی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان بەپێی ماددەی (١١٥)، گشت ئەو دەسەڵاتانەی کە لە تایبەتمەندێتی حکومەتی فیدراڵیدا نین دەخرێنە ئەستۆی هەرێم یاخود ئەو پارێزگایانەی کە لەدەرەوەی هەرێمێکدا ڕێك نەخراون.

لەسەرو ئەوەشەوە لەحاڵەتی ململانێ لەگەڵ یاسای فیدراڵی لەسەر دەسەڵاتە هاوبەشەکان، ماددەکە بۆ خۆی ئەولەویەت دەداتە یاساکانی هەرێم و پارێزگاکان. لەبەرئەوە یاسای پارێزگا لەسەرو یاسای فیدراڵییەوەیە لەبوارەکانی تایبەتمەندی و پسپۆڕییە هاوبەشەکاندا، سەرباری

ئـەوەی کـە پارێزگاکـان بەنـدەکانی پەیوەسـت بەدەسـەڵاتە هاوبەشـەکانی مـاددەی (١٤٠) نایانگرێتەوە.

هەرچی دەروازەی پێنجەمیشە لەدەستوور بەشی جیاوازو سـەربەخۆی تایبـەت بەهـەرێم و پارێزگاکانی تێدایە، کە ئەوانەش بۆخۆیان هێندەی تر نائارامی دەخولقێنن.

بۆنموونە بەپێی ماددەی(١٢٠) هەرهەرێمێك بۆی هەیـە دەسـتووری خـۆی بنوسـێت" کـە ستراکچەری دەسەڵاتی هەرێم و ئەرك و میکانیزمی مومارەسەکردنی ئەو دەسەڵاتانەی دیـاری دەکات" لەکاتێکدا ئەو مافانە نادرێنە پارێزگاکان.

هاوکات ماددەی(١٢١) ی کۆمەڵێ دەسەڵاتی جۆراوجۆری لەخۆگرتوە، هەندێکیان ئاماژە بەهەرێمـەکان دەکـەن، لـەنێو ئـەو دەسەڵاتانەشـدا مـافی "پشـکی عادیلانـە لـەداهاتی بەدەسـتهاتووی فیدراڵی"(لەسـێیەم)دا، هـەروەها دەسـەڵاتی دامەزرانـدنی نووسـینگە لەباڵیۆزخانەو کونسوڵگەرییەکان(لەچوارەم)دا.

دیسـان لـەنێوان دەسـەڵاتەکانی تریـدا مـافی دەسـەڵاتی هەرێمـەکان لە(هـەموارکردنی جێبەجێکردنی یاسای فیدراڵی لەهەرێمدا) ئەویش لەبارێکدا ئەگەر هاتوو لێکـدژی و نـاکۆکی لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێمـدا هـەبوو لەسـەر پرسـی دەسـتێوەرنەدان لـەکاروبارە تایبەتمەندو پسپۆڕییەکان لەلایەن دەسەڵاتی فیدراڵییەوە.

ئەوەی کەبایەخی زیاترو یەکلاکەرەوەشی هەیە، ئەوەیە حکومـەتی هەرێمیی"تایبەتمەنـدە بەهـەموو ئـەوەی کـە ئیـدارەی هەرێمەکـە دەیخوازێـت و پێویسـتی پێیـەتی، بەتایبـەتیش دروستکردن و رێکخستنی هێزی ئاسایش لەهەرێمدا لەوانەش پـۆلیس و ئاسـایش و زێرەڤـانی (لە پێنجەم)دا.

هاکات ماددەی(١٢٢)دەسەڵاتی ئیداری و دارایی فراوان دەبەخشێتە ئەو پارێزگایانەی کـە لەهەرێمێکدا رێکنەخراون، بەڵام وردەکارییەکانی ئەو دەسەڵاتانە پەیوەستن بە یاساوە.

وادیارە ماددەکە بۆخۆی بوارناداتە پارێزگاکان بۆ ئەوەی پشت بە دەستووری تایبەتی خۆیان ببەستن، چـونکە بڕگەی(سـێیەم) بەتایبـەت ئامـاژە بـە "پارێزگاکـان دەکـات کـە لەلایـەن ئەنجوومـەنی پارێزگـاوە هەڵدەبـژێردرێت" ئـەویش بـەو پێیـەی سـەرۆکی بـاڵای راپەڕێنـەرە لەپارێزگاکەدا".

لەکاتێکدا بڕگـەی (چـوارەم) دەسـەڵات دەبەخشـێتە حکومـەتی فیـدراڵی لەرێکخسـتنی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو پارێزگارو دەسەڵاتەکان بەپێی یاسا.

هەرچەندە لێکدانەوە بۆ دۆکیومێنتی فرە لێکدژ هیچ واتایەکی نییە بەڵام چەند دەسەڵاتێکی گرنگ دراونەتە پاڵ هەرێمەکان کەجێگەی گومان نین و یاسای هەرێمەکانیش لەسەرو یاسای فیدراڵییەوەن لەمەسەلەی دەسەڵاتە هاوبەشەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی و هەرێمییدا، ئەویش بەپێی ماددەی(١١٥) یاخود سەرجەم بوارەکانی دەرەوەی پسپۆڕییەکانی ژێر دەست حکومەتی فیدراڵی بەپێی ماددەی (١٢١)، بڕگەی(دووەم).

هاوکات دەستی هەرێمەکانی ئاواڵاکردوە بۆ نووسینەوەی دەستوورەکانیان و دیاریکردنی دامەزراوە سیاسییەکانی ناوخۆی دەسەڵاتەکانی پەیوەست بە هەریەك لەو دامەزراوانە، لەگەڵ گرتنە بەری رێوشوێنی تایبەت بە هەڵبژاردنی حکومەتی هەرێمیی، چونکە دەقێکی دەستووری تر سەبارەت بەو مەسەلەیە لەئارادانییە(ماددەی ١٢٠).

دواجار حکومەتە هەرێمییەکان رێگەیان پێدراوە کۆنترۆڵی ئیدارەی گشتی هەرێمەکانیان بکەن، تەنانەت ئەوەش کە پەیوەستیشە بە ئاسایشی ناوخۆوە بەڵام پەیوەندی نێوان حکومەتی فیدراڵی و حکومەتی هەرێم لەپیشەسازی نەوت و گازدا پەیوەندییەکی تەواو پەنهان و ناڕۆشتنە.

هاوکات ئەو خوێندنەوەیەی کە زیاتر مەنتقییە بۆ ماددەی (١١٢) ئەوەیە، کە لەهەردو ئاستی فیدراڵی و هەرێم و (پارێزگا)دا بەرپرسیارێتی ئیدارەی "کێڵگەکانی ئێستا " دابەش دەکەن و برەوی پێدەدەن و داهاتەکەشی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەجۆرێك کە لەگەڵ دابەشکردنی دانیشتواندا هاوڕێژە بێت دابەش دەکرێت.

هەروەها ئەو ماددەیە تەنیا بەدیاریکراوی و بەئەنقەست ئاماژە بە (کێڵگەکانی ئێستا) داوە، واتە ئیدارەی ئەو کێڵگانەی کە لەداهاتوودا دەدۆزرێنەوە و دابەشکردنی داهاتەکانی ئەو کێڵگانەش کە بەدەست دێن(بەپێی بنەمای دیاریکردنی ئەو دەسەڵاتانەیە، کە ماددەی(١١٥) لەخۆیگرتوە".

لێرەوە پەنهانی و نا روونی دێتە ئاراوە، چونکە دیار نییە کە ئاخۆ ماددەی(١١٢) دەسەڵاتە هاوبەشەکان بەپێی ئاستەکانی حوکمڕانی دیاری دەکات یان نا، لەبەر ئەوەی دەقی ئەو ماددەیە بەڕوونی ئاماژەی بەدەسەڵات و بەرپرسیارێتیە هاوبەشەکان کردووە، بەڵام لەچوارچێوەی تایبەتمەندی و پسپۆڕی هاوبەش کەماددەی (١١٤) لەخۆیگرتووە.

ئەو شێوازەی کە لەوانیتر لەبارترە بۆ لێکدانەوەی ئەم دەقە ئەوەیە کە یاسای نەوت و گازی هەرێم لەسەرو یاسای نەوت و گازی فیدراڵییەوەیە لەکاتی جێبەجێکردنی لەناوخۆی هەرێمدا، لەبەرئەوە کاتێك پرۆژەی یاسای هایدرۆکاربۆنی فیدراڵی لەگەڵ یاسای نەوت و گازی حکومەتی

هەرێمی کوردستان سەبارەت بەئیدارەکردن و برەودان بە کیڵگەکانی ئێستای ناوخۆی هەرێم پێچەوانە دەبێت، ئەوا یاسای دووەم لەسەرو یاسای یەکەمەوە دەبێت.

سادەترین شێوەی شرۆڤەکردن بۆ ئەم بەندانەی پەیوەست بە نەوت و گاز ئەوەیە کە حکومەتی فیدراڵی هیچ رۆڵێکی نییە لەئیدارەکردنی کیڵگەکانی نەوت و گاز کە لەداهاتوودا دەدۆزرێنەوە یاخود لەدابەشکردنی وئەو داهاتانەی کە لەوکێڵگانەوە بەدەستدێن.

بەکورتی بەهەرێمکردنی کەرکووك وادەکات ببێتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی کەهاوشانی ئەو ئۆتۆنۆمییە بێت کە هەرێمی کوردستان لەپەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵیدا هەیەتی. بەلاّم ئەگەر کەرکەوك وەك پارێزگایەکی رێکنەخراو لەدەرەوەی هەرێمدا بمێنێتەوە ئەوا ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە لەبەرامبەر حکومەتی فیدراڵیدا دەیبێت لەراستیدا کەموکورت دەبێت، ئەگەر بێتوو بڕیارەکانی یاسای پارێزگاکان نەخرێنە واری جێبەجێکۆردنەوە لەدوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی داهاتووی پارێزگاکان.

دیسان بەپێی دەستوور پارێزگاکان نابنە خاوەنی ئەو دەسەڵاتە زۆر گرنگانەی کە لەلایەن هەرێمەکانەوە مومارەسە دەکرێن.

بۆنموونە هەرێمەکان بەرپرسیارێتی ئاسایشی ناوخۆی لەدەستدایە، بەلاّم پارێزگاکان ئەو دەسەڵاتەیان نییەو ناشتوانن دەستووری تایبەتی خۆیان بنووسن، ئەمە جگە لەوەی ستراکچەری دامەزراوە سیاسییەکان و میکانیزمی هەڵبژاردن و رێو شوێنی دامەزراندن و دوورخستنەوە لەژێر رکێفی یاسای فیدراڵیدایە.

رەنگە ئەو بەهانەیە هەبێت کەگوایە پارێزگاکان خاوەنی هەمان دەسەڵاتی هەرێمەکانن لەبارەی نەوت و گازەوە بەلاّم ئەمە بەهانەیەکی لاوازە کە بۆ بەرژەوەندی پارێزگاکان پێشنیازدەکرێت[1]. چونکە دەستوور هێڵە گشتییەکانی بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی دەسەڵاتی راپەڕاندنی لەپارێزگادا دیاریکردووە.

پارێزگا بەبڕیاری ئەنجوومەنی پارێزگا دیاری دەکرێت، لەکاتێکدا یاسا رێگە بە پارێزگا دەدات کۆمەڵێك دەسەڵاتی فراوانی لەبواری دامەزراندندا لەدەستدا بێت. بەلاّم ئیدارەی خۆجێیەتی کە ئەو بەندانەی لەخۆگرتووە لەرێگەی ئەو بەندەی کە دەڵێت حکومەتی بەغدا

١- ئەوەش رەنگدانەوەی ناکۆکی نێوان دەقی ماددەی ١١٥ و ماددەی ١١٢یە کە مادەی یەکەمیان ئاماژە بە هەرێم و پارێزگاکان دەکات و ئەویتریشیان تەنیا ئاماژە بەهەرێمەکان دەکات.

دەسەڵاتی دوورخستنەوەی پارێزگارەکان و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگارەکانی لەهەلومەرجێکی دیاریکراودا هەیە، زۆر لەبایەخیان کەمدەکاتەوە١.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە چاوەڕوانبین و بزانین چۆن ئەو بەندانە بەپراکتیکی جێبەجێ دەکرێن- بۆنموونە، ئاخۆ حکومەتی فیدراڵی مومارەسەی دەسەڵاتەکانی خۆی دەکات لەدوورخستنەوەی پارێزگارەکان بۆ ئەوەی هەژموونی خۆی بەسەر ئیدارەی پارێزگاکاندا بسەپێنێت- بەڵام بەتێپەڕبوونی کات پارێزگاکان دەسەڵاتەکانیان لەبەردەم ناوەندا لاواز دەبن.

کاتێکیش کەرکوك بەهەرێم کرا ئەوا دەبێتە خاوەنی هاوپەیمانێکی بەهێز بەتایبەتیش هەرێمی کوردستان و رەنگە هەرێمێکی تری بەهێزیش لەباشوور کە تەوەرەکەی بەسرەیە، کەردوکیشیان پێکەوە بەرژەوەندی هاوبەشیان دەبێت، و واپێویست دەکات بەرگری لەدەسەڵاتەکانی هەرێمەکان بکەن لەبەرامبەر پێشێلکارییەکانی حکومەتی فیدراڵی.

هەرچی کەرکووکیشە بەو پێیەی پارێزگایەکە ئەوا لەچوارچێوەی قەوارەی نیمچە دەوڵەتدا sub- state entities دەهێڵرێتەوە، کە نابێتە خاوەنی جۆرە سەربەخۆییەکی رێژەیی بەدوور لە سەنتەرو بەتێپەڕبوونی کاتیش ئاستی جیاوازی نێوان ئۆتۆنۆمی هەرێمەکان و ئەوەی کە پارێزگاکان هەیانە روو لەهەڵکشان دەکات.

هۆکاری دووەم، بەهەرێمکردنی کەرکوك هەنگاوێکە بەئاراستەیەکی لەبارتر بەبەراورد بەو بارودۆخەی کە ئێستا کەرکوکی تێدایەو کوردیش هیچ پابەندبوونێکی نییە لەدابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا.

خۆئەگەر کورد ناچار بکرێت بەوەی قوربانی بدات بەدەرفەتی گەڕانەوەی "دڵ"ی کوردستان لەرێگەی راپرسییەکی میللییەوە سەرباری گەرەنتییە دەستوورییەکان کەماددەی(١٤٠) لەخۆیگرتوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە هیچ پابەندبوونێکی ئەخلاقییان لەسەر نییە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی حوکمڕانی لەکەرکوك. هەروەها لەدەستووردا شتێك نییە حکومەتی فیدراڵی کوردی پێناچاربکات بۆ ئەوەی دەسەڵات لەسەر ئاستی دابەش بکات، چونکە هەرێمەکان دەسەڵاتی دامەزراندنی دامەزراوە سیاسییەکانی خۆیان هەیە و سیستەکانی هەڵبژاردنیش پشت بەو دامەزراوانە دەبەستن.

1- Visser,R,.”The Law on the power of Governorates Not-So-Moderate Tendencies.” Historiae,February11,2008-11-21(www.historiae.org/governorates.asp).

پاشان لەگەڵ بوونی فرە لایەنــە رکابــەرەکان لەکەرکووکــدا بــەڵام لــەرووی تەکنیکییــەوە ناتوانرێت لەمپەرێ لەبەردەم کورددا دابنرێــت بــۆ ئــەوەی سیســتمی یــەك بازنــەیی هەڵبــژاردن جێبەجێ نەکات و بەکارهێنانی ئەو سیستمەش دەسەڵاتی سیاسییان لەکەرکووکدا پتەودەکات.

دیسان ئامرازە ناڕاستەوخۆکان زۆر کەمن بۆ ئەوەی حکومەتی فیدراڵی پەنایان بۆ بەرێت و لەو رێگەیەشەوە گوشاری جددی بخاتە سەر هەرێمەکان.

لەئێستاشدا دەکرێت دەســەڵاتی حکومــەتی فیــدراڵی لەرێگــەی ناچــارکردنی ئابوورییــەوە بەسەر داهــاتی نــەوتی هەرێمەکانــدا زاڵ بکرێــت بــەڵام لەئاینــدەدا دابەشــکردنی داهاتــەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێت و بژاردەی ناچــارکردنی بــەزۆر لــەبار نابێــت١. لەبــەر ئــەوە دەشێت کورد بژاردەی دابەشکردنی دەسەڵات لەکەرکووکدا هەڵبژێرێت بــەڵام دیســان دەکرێــت ئەوەش نەکەن و شتێکی ئەوتۆش نییە کە ناچاریان بکات دەسەڵات دابەش بکەن.

کەوابوو ئەو مۆتیڤانە چین تاکورد دەسەڵات لەکەرکووکدا دابەش بکات؟

پاڵنەرو هاندان بۆ دابەشکردنی دەسەڵات لەرێگەی دوو مەسەلەی ســەرەکییەوە کاریگــەری دەبێت، یەکەم: ئەو مۆتیڤانە چین کە وا لە سەرکردە سیاسییەکان دەکات رازیــبن بــە فــۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات؟ دووەمیش ئەو مۆتیڤانە کامانەن، کەئەو سەرکردانە هەیانە بۆ ئەوەی والەفۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بکەن ئەکتیڤ بێت لــەبری تێکــەڵبوون بــە موزایــەدەکردنی ئیتنیکی؟

هاوکات لەگەڵ پێشنیازکردنی ئەو دوو مەسەلەیە کە بەلای بانگهێشــکارانی دابەشــکردنی دەسەڵاتەوە گرنگی خۆیان هەیە وەك چارەسەرێك، ئەوا مەسەلەی یەکەمیان پەیوەندی تۆکمەی بە رەوشی ئێستاوە هەیە. هەڵبەت جگە لەبارە هەڵاوێردکراوەکان نەبێت کــە تیایــدا ســەرجەم پێکهاتە ئیتنیکییەکانی کۆمەڵگە/ئەوانەی لەقــەبارەدا لەیەکترییــەوە نــزیکن، دابەشــکردنی دەسەڵات پێویستی بەدەســتبەردانی پێکهاتەیــەك هەیــە لەبەشــێك لــەو هێــزەی هەیــەتی بــۆ پێکهاتەیەکی تر. کاتێکیش کە پێکهاتەیەك نەبێت بۆئەوەی زۆرینە پێکبهێنێــت ئــەوا پرســی هاندان ئەوەندە پێویست نابێت چونکە دەشێت مۆتیڤێکی زۆر هــەبێت بــۆ ئــەوەی گــەورەترین پێکهاتە بەدابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا رازی بێت.

1- - www.forumfed.org/pubs/iraqConstitionalReviewENG.pdf.

گریمـان کۆمەڵگەیـەك لـە٣ پێکهاتـەی ئیتنیکـی پێکهـاتووە، بـەجۆرێك پێکهاتـەی(أ) لە٤٠٪ی دانیشتوان و هەردو پێکهاتەکەی(ب، ج) لە٣٠ی دانیشتوان پێکدەهێنن، ئەوا هـیچ پێکهاتەیەك بۆی نییە زۆرینەی پێویست بۆحوکمڕانی کۆبکاتەوە.

هەروەها دەکرێت پێکهاتەی(أ) لەڕێگەی هاوپەیمانێتی (ب) و(ج) ەوە لەدەنگداندا شکسـت بهێنێت، ئینجا بۆ خۆبەدوورگرتن لەو ئەگەرە ئەوا لای پێکهاتەی(أ) مۆتیڤێك هەیـە بـۆ رازی بوون بەدابەشکردنی دەسەڵات لەگەڵ دوو پێکهاتەکەی تردا.

بەڵام ئەگەر پێکهاتەی (أ) لـە(٦٠٪) و هـەردو پێکهاتەکـەی دیکـەش لـە(٢٠٪)ی دانیشـتوان پێکبهێنێت ئەوا پێکهاتەی(أ) لەتوانایدا دەبێت بەتەنیا و بەشێوەیەکی دیموکراسی حوکمڕانی بکات.

لەرەوشێکی لەو جۆرەشدا لەلای هەردو پێکهاتەی (ب)و(ج)کۆمـەڵێك مـۆتیڤی هاوبـەش لەفۆرمێکدا هەن بۆ دابەشکردنی دەسـەڵات لەگـەڵ پێکهاتـەی (أ). بـەڵام بۆچـی پێکهاتـەی (أ)خۆبەخشانە دەستبەرداری دەسەڵاتی زۆرینە دەبێـت بـۆ چـوونە نێـو فـۆرمی دابەشـکردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی کەمینەدا؟ سەرجەم تیورە تایبەتەکانی پەیوەست بە دابەشکردنی دەسەڵات لەوەڵامدانەوەی ئەم پرسـیارەدا لەزۆرانبازییـەکی سـەختدان، هـەروەك بـەدەربڕینی هۆروفیتز ئەو تیورانـە (پەیوەسـتن بـە ئاسـتی مۆتیڤـەکان)١. بـەڵام وە نـەبێت چارەسـەری دامەزراوەییش لای هۆروفیتز بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە فرە ئیتنیکییەکان باشتر بێت.

بۆیە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی سنووری یەکە ئیدارییە بچووکەکان لەسیستمی فیدراڵیـدا بـۆ برەودان بە پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتەکان و بەکارهێنانی ئـەو سیسـتمانەی هەڵبـژاردن کـە دەنگەکان لەلیسـتە سـەربەخۆکاندا وەك دەنگـە بەدیلـەکان کۆدەکاتـەوە، رەفتـای سـەرکردە ئیتنیکییەکان هێورد ئارام دەکاتەوە. بەڵام چارەسەری ئـەو پرسـیارە ناکـات، کـە دەپرسـێت بۆچی پێکهاتەیەکی ئیتنیکی لەسەر ئەو رێو شوێنانە رازی دەبێـت٢. لەنـەبوونی یـاریزانێکی دەرەکی کە ئەو توانایەی هەبێت دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر پێکهاتەی زۆرینەدا بسـەپێنێت ئەوا ئاسۆی دابەشکردنی دەسەڵات لەسیاقی زۆرینە/کەمینەدا ئاسۆیەکی روون نییە.

---

1 - Horowitz,D.L.,"Constitutional Design: Proposals Versus Processes," in reynolods,A.,(ed).The Architecture of democracy ,Oxford: Oxford University Pess,2002,p.20.

2 -Horowitz,D.L.,"Constitutional Design: Proposals Versus Processes," in reynolods,A.,(ed).The Architecture of democracy ,Oxford: Oxford University Pess,2002,p.20.

(ئارند لیپهارت) ئەنـدازیاری ئـەو دیموکراسـیەی کـە لەسـەربنەمای زامنکردنـی نوێنەرایـەتی و دابەشکردنی دەسەڵات راوەستاوە، ئەوکێشەیە دوورە پەرێز دەگرێت و پەنا بۆ بەدیلی تر دەبـات، بـەڵام وەنبێت ئەو بەدیلانەش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی زۆرینە/کەمینە باشتربن.

جگە لەوەش لیپهارت دان بەوەدا دەنێت کە پرسی زۆرینە/کەمینە، کێشـە دەخوڵقێنێـت. هەروەها"باڵانسی هێزی فرەلایەن لەنێوان کەلتووره بچووکەکان لـەبری باڵانسـی دووانـە هێـز یاخود هەژموونی کەلتووری بچووك کە هەژمونێکی ئاشکرایە، هەلومـەرجێکی لـەبارتر بـۆ چەسپاندنی فۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات پێشکەش دەکات١.

هەرچـی (بـردان ئـۆلێری) یشـە، کـە بانگهێشـتکارێکی دیموکراسـییە شـرۆڤەیەکی باوەڕپێهێنەرانەتر پێشکەش دەکات، سەبارەت بەو هۆکارانەی کە وا لە پێکهاتەیەکی زۆرینـە دەکات لەگەڵ پێکهاتەی کەمینەدا دەسەڵات دابەش بکەن.

لەباشـترین هەلومەرجیشـدا ئـۆلێری بـەدانانی (مـەرجێکی بەشـەکی) لەسـەر هەڵسەنگاندنەکانی لیپهارت ئیکتیفـا دەکـات کـە رەشـبینە بەئەگـەری جێبـەجێکردنی ئـەو دیموکراسـییەی کـە لەسـەر دابەشـکردنی دەسـەڵات و لەگـەڵ بـوونی پێکهاتەیـەکی زۆرینـە راوەستاوە٢.

لەدیدی ئۆلێرییەوە ئەو هەلومەرجەی کەدەکرێت لەلای (پێکهاتەی باڵادەست) هانـدەربێت بۆ دابەشکردنی دەسەڵات برتییە لە: کاتێك لەدەست کەمینـەدا سەرچـاوەو توانـا هـەبێت بـۆ ئیبتیزاز کردن و تێکڕای گەشەی دانیشتوانیشی لەنێو پێکهاتەکاندا بەرچاو بێـت، بـەجۆرێك زۆرینە لەماوەکانی داهاتوودا لـە بـەردەم هەڕەشـەی لەدەسـتدانی پێگـەی زۆرینـەدا بێـت و لەهەمان کاتیشدا پێکهاتەی زۆرینە هەسـت بـەوە بکـات لـەرووی ئەخلاقییەنـەوە قـەرەبووی کەمینە بکاتەوە لەپای ئەو ستەم زوڵمەی کە لەرابردوودا دەرهەقی کراوە٣.

---

١ - Horowitz, D.,Ethnic Group in Conflict ,Berkeley:University of Californina press,1985.

نیجیریا مۆدیلێکی کلاسیکییە کەسوودی وەرگرتوە لە دامەزراوەکانی (فیدراڵی هەرێمیی و سیستمی هەڵبژاردن کە پشتی بە تێکڕای دەنگ بەستووە).

2 - O'Leary,B.,"Debating consociational politics: normative and explanatory arguments," in Neoil,S., From power sgarung to democracy: post-conflict institutions in ethnically divided societies, Montreal;Ithaca:McGill-Queen's University press,2005,p.NEED.

٣ - هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

بەڵام هەردو تەفسیری دووەم و سێیەم هیچ پەیوەندییان بە پرسی کەرکووکەوە نییە و ئەو پێکهاتەیەش کە زۆرینە پێکدەهێنێ و تێکرای لەدایکبوون تیایدا بەبەراورد بەپێکهاتەکانی تر بەرزترە کوردە، کە لەرووی مێژوویشەوە لەکەرکووکدا قوربانی بووە. تەفسیری یەکەم پەیوەندی بەکەرکووکەوە هەیە بەڵام مەحاڵە پاڵنەرێکی بەس بێت بۆ ئەوەی کورد رازی بێت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات وەك ئەوەی عەرەب و تورکمان داوای دەکەن.

بەبۆچوونی ئۆلێری رەنگە لەلای پێکهاتەی کەمینە "هێزێکی دانوستانکارانەی بەهێز هەبێت" بەتایبەتیش ئەوکاتەی لەلایەن (هاوشوناسی ئیتنیکی و هاوزمان)ی لەهێزە گەورەوهاوسێکانی پشتیوانی لێدەکرێت یاخود کاتێك "کەمینەیەك لەرووی زیندە ئابوورییەوە" لەئاستێکی باڵای سەرمایەداری و مرۆیدایەو خاوەنی ئەو ئامرازانەشە کە زەمینە بۆ کۆچکردنی خۆشدەکات١.

هەرچەندە لەوانەیە لەئایندەیەکی نزیکدا کۆچی بەکۆمەڵی خاوەن توواناو کارامەکانی بواری ئیداری و پرۆفیشناڵەکانی عەرەب و تورکمان لەکەرکووکدا گرفت دروست بکەن، بەتایبەتیش ئەوانەی نێو ئەو دامەزراوانەی کە ئەو دوو پێکهاتەیە تیایدا باڵادەستن، لەنموونەی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەو کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی. لەگەڵ ئەوەشدا هەرچەندە ئەزموونی بەڕێوەبردن و حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستاندا ئەزمونێکی لەسەرو(١٥) ساڵەوەیە بەڵام کادێری بەئەزموونی ئەوتۆی هەیە کەدەتوانێت کەموکورتیەکان پڕبکاتەوە.

لەوەشگرنگتر کۆچی زۆری عەرەب و تورکمان وادەکات کەرکووك کوردی تر بێت، لەبەرئەو هۆیە بەدوور دەزانرێت کۆچی لەو جۆرە رووبدات، خۆئەگەر رووشبدات ئەوا لای زۆربەی کورد جێگەی پێشوازی دەبێت.

لەرووی پشتیوانی دەرەکی بەهێزیشەوە هەریەك لە تورکیاو دەوڵەتی عیراقی عەرەبی دوو سەرچاوەن بۆ بەکارهێنانی گوشار بۆ سەرکورد بۆ ئەوەی رازیبن بەدابەشکردنی دەسەڵات بەشێوەیەکی یەکسان. بەڵام روون نییە، کە ئاخۆ لەلای ئەو یاریزانە دەرەکیانە زیندەبەرژەوەندی هەیە لەوشێوازی حوکمڕانیەی کەرکووك و چ کارێك بکرێت بۆئەوەی کاریگەری لەسەر بارودۆخەکە هەبێت٢. هاوکات

١ - هەمان سەرچاوە،ل٢١.

٢- لەروانگەی پراگماتی پەتییەوە تورکمان دەیەوێت کەرکوك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت. هەروەها گرانیشە لەوە تێبگەیت کە بۆچی تورك و عەرەب داوا دەکەن دەسەڵات لەگەڵ هاوڕەگەزەکەیان لەکەرکوك دابەش بکرێت، لەکاتێکدا ئەو داوایە گەورەترە لەوەی کە کوردی عیراقیش مافی ئەوەی هەبێت بەهەمان شێوە

لەگەڵ نەبوونی هیچ جۆرە پاڵنەرێك لەلای کورد بۆ دابەشـكردنی دەسـەڵات لەکەرکووکـدا، کـورد دوو هاندەری بەهێز هەیە کەوادەکەن دەسەڵات دابەش نەکەن.

یەکەم، لەلای کورد پاساوێك بۆ ئەو هەستەیان هەیە کە پێیان وایە دەرفـەتی گەڕانـەوەی کەرکووکیان لەرێگەی فریودان و هەڵخەڵەتاندنەوە لەدەستداوە. کـاتێکیش دوای ئـەوەی کـورد ماددەی(١٤٠)ی لەدەستووردا و لەرێگەی راپرسییەکی ئازادو خـاوێن و بـە بڕیـاری زۆرینـەی عیراقییەکان چەسپاند، ئیتر کورد لەوبڕوایەدا بوون هیچ نەبێت لانی کەم بەمافی خۆیان زانیوە، پێشنیازی ئەو پرسە لەدەنگداندا پشتیوانی بۆ بەدەست بهێنن. بەڵام ئەگـەر کـورد لـەوە بـێ بەش بکرێت ئەوا هیچ هۆیەك نییە بۆئەوەی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی تردا دابەش بکـەن کە زۆر سەر سەختانە رێگربوون لەجێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠).

دووەم، تـەنیا شـێوەی دابەشـكردنی دەسـەڵات کـە پێدەچـێت لەلایـەن پێکهاتـەکانی کەرکووکەوە پەسەند بێت بریتییە لە پرۆژەکەی بەرەی تورکمانییە، کە تیایـدا وەك بـەدیلێك پێشـنیازیکردوە دەسـەڵات لەسـەر بنـەمای(٣٢+٣٢+٣٢) لـەنێوان هەرسـێ پێکهاتـە سەرەکییەکەی کەرکووکدا دابەش بکرێت، لەگەڵ پێدانی رێژەی تەنیا ٤٪ بۆ مەسـیحییەکان. لەبەر ئەوە واچاوەڕوان دەکرێت کورد واز لەوە بهێنێت کەرکووك بچێتە پاڵ هەرێمی کوردسـتان و لەهەمان کاتیشدا دەسـەڵات بەشـێوەیەکی یەکسـان دابـەش بکـات. رەنگـە دابەشـكردنی دەسەڵات لە بری بەدیلەکانی تر لە بارودۆخێکی دیاریکراودا لـەبارتر بێـت بـەڵام بەڵنیاییـەوە سیستمێکی دادپەروەرانە نییە، چونکە دابەشکردنی دەسەڵات تیایدا هیچ پەوەیندی بەقەبارەی رێژەی پێکهاتە پەیوەندیدارەکانەوە نییەو یەکێکیشـە لـەو فۆرمانـەی حـوکمڕانی کـە کـەمتر کارایە.

خۆ ئەگەر کۆدەنگی نێوان پێکهاتەکان پێویستی بێت بۆ رزگارکردنی ژیـانی سیاسـی لـەو بارودۆخەی کە ئێستا تیایدایە، ئەوا دەرئەنجامی چاوەڕوان کراو بریتی دەبێـت لـە چەقبەسـتن لەشوێنی خۆیدا.

بێگومان بەبێ دەروەستبوونێکی یاسایی یان دەستووریی یـان ئـەخلاقیی بـۆ دابەشـكردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی تر، کارێکی ناواقعیانەیە وا چاوەڕوانی ئەوە لەکورد بکرێت پەنا

داوا بکات لەئەنقەرە دەسەڵات لەگەڵ کوردی تورکیا بەیەکسانی دابـەش بکرێـت یـاخود داوا بکـەن لەبەغـدا دەسەڵاتیان بەیەکسانی لەگەڵدا دابەش بکەن.

بـۆ فـۆرمێکی دابەشـکردنی دەسـەڵات بـەرێت و بەوەشـهێزو نفـوزی بەشـێوەیەی بەرچـاو سنووورداربکرێت. بۆیە کاری لەوجۆرە نائینسافی و بێکەڵکە. ئەوەی کە پتر گونجاوە ئەوەیە کورد لەمۆدێلی دابەشکردنی دەسەڵات لەسـەربنەمای نوێنەرایـەتی ڕێـژەیی دووربکەوێتـەوە بـەرەو مۆدێلی باڵادەستی زۆرینەی هاوشێوەی خۆرئاوا یان ئـەو مۆدێلـەی کـە لەئیسـرائیلدا پـەیڕەو دەکرێت و هەردوو مۆدێلەکەش دەسەڵاتی کورد تۆکمە و حوکمڕانییەکـەی کـاراتر و ڕێگـری دەکەن لەوەی ئیدارەی کەرکوك ببێتـە یەخسـیری بـایکۆتی بـەردەوامی عـەرەب و تورکمـان کەزۆرجار بایکۆتکردنی هەڕەمەکیانەن.

کەوابوو سەرئەنجامی چارەکی ٤ بۆ داهاتووی کـەرکووك چـیدەگەیەنێت. پێدەچـێت کـورد بەبەراورد بەئێستا کۆنترۆڵی زیاتری سیاسی و ئیداری کەرکووك بکـات و هێـزی پێشـمەرگەش کەرۆڵی گاردی نیشتمانی دەبینێت ئاسایش بۆ سەرلەبەری پارێزگای کـەرکووك دابـین دەکـات، هەروەها لەدەزگا ئەمنییەکانی تریشدا کورد قەبارەی ڕێگە پێدراوی بـوونی پێکهاتـەکانی تـر دیاریدەکات و بەپێی یاسا بەرپرسـیارێتی سـەرجەم بەڕێوەبرایەتییـەکان بەتـەواوەتی دەگرێتـە دەست و کۆنترۆڵی سـەرجەم پێگـە هەسـتیارەکانی دەزگـا ئیدارییـەکانی کـەرکووك دەکـات، لەنێویشیدا کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی.

هەروەها کۆنترۆڵی بودجەی کەرکووك دەکات و بڕیاریش لەسەر ئەوە دەدەن کە کـێ چـەندو چۆن و کەی پشکی بەردەکەوێت. هەروەها لەسایەی دەسەڵاتی کورددا کەرکووك دەبێتە خاوەنی مافی ئۆتۆنۆمی لەبەرامبەر دەسەڵاتی ناوەند بەجۆرێك کەهاوشێوەی ئاستی ئۆتۆنۆمی هەرێمی کوردستان دەبێت، دەرئەنجامی ئەوەش یاسا دەرچووەکانی هەرێمی کەرکووك بەسەر یاسـاکانی فیدراڵی لەگشت بوارە دیاریکراوەکاندا باڵادەست دەبێت، ئەویش بەو پێیەی پشت بـە سـتووە بەماددەی(١٤٠) لەنێوان دەسەڵاتی هاوبەش لەوانەش تەندروستی گشتی و پەروەردە.

دواجار لەڕووی پراکتیکییەوە هەمان هاوپـەیمانێتی حزبیـی کـە لەکوردسـتان حـوکمڕانن، حوکمی کەرکووکیش دەکەن لەبەرئەوەی گشت ئەو سنوورە ئیداریانەی کەکەرکووك لەهـەرێمی کوردستان جیادەکەنەوە هیچ واتایەکی نابێت و لـەرووی تەکنیکیشـەوە دوو هـەرێمی کـوردی دروست دەبن، بەڵام ئەو جیاکارییە تەکنیکییە هـیچ بایـەخێکی عەمـەلی ئـەوتۆی نابێـت و بەلای کوردیشەوە ئەو جیاکارییە تەنیا بایەخێکی ڕەمزی قوڵی دەبێت.

ئاماژەکانی سەرئەنجامی چارەکی ١

سەرئەنجامی چارەکی ١ – کەرکووك لەچوارچێوەی سنووری هەرێمی کوردستان لەگەڵ پێدانی بارودۆخێکی تایبەت لەئۆتۆنۆمی و فۆرمێکی نیزامیی بۆ دابەشکردنی دەسەڵات-لەکۆی بژاردەکانی تر کە پێشنیازکراون لەڕووی جێبەجێکردنەوە ئاڵۆزترە. چونکە پێویستی بە هەموارکردنی دەستووری کوردی و ڕەنگە دەستووری عیراقیش هەبێت، بێگومان هەموارکردنی دەستووری هەرێم شتێکی بەڵگەنەویستە چونکە لەدەقی ئێستایدا هیچ بەندێکی تێدانییە ڕێگە بە یەکەیەکی ئیداری بداتببێتە خاوەنی مافی ئۆتۆنۆمی خۆی لەپەیوەندی یە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بەڵام ئەوە ئەگەرێکی ئاسانە چونکە تائێستا دەستوور دەرنەچووەو لەوانەشە هەموارکردنی دەستووری عیراقی پێویست نەکات. تەنیا پرۆسەیەك کە دەمێنێتەوەو دەکرێت بۆ زیندوکردنەوەی بەندەکانی ماددەی(١٤٠) پەنای بۆ ببرێت و دواجاریش راپرسی لەسەر داهاتووی کەرکووك بکرێت. لەراستیدا لەئێستادا رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان سەرقاڵی پرۆسەی جێبەجێکردنی ٣ قۆناغە کە بەچارەسەری بارودۆخی ئاسانترین ناوچەی جێ لەسەرناکۆك دەستپێدەکات بۆ سەرخستنی چارەسەری پرسی کەرکووك.

بەڵام گرفتەکەی ئەم پرۆسەیە لەدیدی لایەنە نەیارەکانی ماددەی(١٤٠) ەوە دەستپێدەکات، واتە لەدەرەوەی چوارچێوەی دەستوورو بەوەش پرۆسەکە نارەوایانە دەبێت. لەبەرامبەر دژایەتی توندی لەم جۆرەش بەرامبەر بەکورد هەر رێککەوتنێکی کۆتاییبەشەرعی بکات، پرۆسەیەکی نارۆشن و سەرنەکەوتوو دەبێت. لەگرتنە بەری ڕێکارەکان بۆ هەموارکردنی کاتیی و بەیاساکردنی هەر رێککەوتنێك سەبارەت بە کەرکووك لەدەستووری عیراقیدا ٣ بژاردەی لەبارو سەرەکی هەن کە تەنیا یەك سوودی گرنکیان بۆ کورد هەیە.

یەکەم: بەشەرعیکردنی هەر رێککەوتنێك کە بەدەقێکی دەستووریی پشتیوانی لێبکرێت ئەوا گومانی لێناکرێت١.

دووەم: هەر رێککەوتنێك پشت بەفۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات ببەستێ، ئەوا پێویستی بەگەرەنتی ئەوە هەیە کە ئەو رێککەوتنە لەداهاتوودا بەئاسانی هەڵنەوەشێتەوەو لەدەستووردا ریز بەند بکرێت.

هەروەها بەدەنگی زۆرینەی ڕەهاش نەبێت ئەوبەندە هەموارنەکرێتەوە ئەویش بۆئەوەی هەموو لایەك دڵنیابن لەوەی ئەو فۆرمە نەگۆڕە.

---

١ - بێگومان مرۆڤ لەتوانایدا هەبووە ڕەوەج بەهەمان بەهانە لەبارەی بەشەرعیبوونی ماددەی ١٤٠ەوە بدات.

سێیەم: هەوڵەکانی ئێستا بۆهەموارکردنی دەستوور لەرێگەی کاری لیژنەی چاوخشاندنەوە بە دەستووردا رێگە دەدات بەگەیشتن بە رێککەوتنێك کە بارودۆخی کەرکووك دەبەستێتەوە بەزمانێکی روون و دیاریکراو لەدەست بەسەرداگرتنی نەوت و گازی کەرکوك بێ ئەوەی گومان دروست ببێت١.

هەروەها دەکرێت نەیارانی کورد ئەوانەی ترسیان هەیە لەوەی، کە پێیان وایە تەنیا ئامانجی کۆنترۆڵکردنی کەرکوك بۆ دەست بەسەردا گرتنی نەوت و گازە لەرێگەی بەندە دەستوورییەکان دڵنیابکرێنەوە.

ئەم هەنگاوەش ئەو لایەنانە دەم کوت دەکات، کە ئەو ترسە بۆ دژایەتیکردنیکورد دۆقۆزنەوە و وەك بەهانەیەك بەکاری دەهێنن. هاوکات لەرێگەی بەستنەوەی پرسی کەرکووك بەهەموارکردنە دەستوورییەکانی ترەوە، کە هەندێکیان لەبەرژەوەندی عەرەبی سوننەو بەهێزکردنی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندە، وا دەکات رێککەوتن لەسەر پرسی کەرکووك ببێتە بەشێك لەو گورزەیەی کەدەکرێت پەسەند بکرێت.

دواجار کورد توانای پەکخستنی هەر رێوشوێنێکی کاتیی بۆ هەموارکردنی سەرلەبەری دەستوور هەیە ئەویش لەرێگەی بەکارهێنانی مافی ڤیتۆوە، کەئەوەش چەکێکە بە دەست کوردەوە بۆ گەمارۆدانی ئەوانەی لەهەوڵی دواخستنی چارەسەری پرسی کەرکووکدان.

وردەکارییەکانی هەموارکردنی دەستوور کەبەئامانجی چارەسەرکردنی پرسی کەرکووکە لە پرانسیپە گشتییەکانی، کە ئەمانەی خوارەوەن کەم بایەخترە.

یەکەم، کەرکووك لەچوارچێوەی سنووری بەر لە ساڵی ١٩٦٨، لەرێگەی راپرسییەکەوە دانپێدانان بەدەستدەهێنێت لەسەرئەوەی کەدەکەوێتە سنووری هەرێمی رەسمی هەرێمی کوردستانەوە.

٢- لەنوێترین راپۆرتی لیژنەی هەموارکردنەوەی دەستووردا چەند هەموارکردنێك پێشنیازکراوە بەمەبەستی روونکردنەوەی پەیوەندیەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمی لەکەرتی نەوت وگازدا. گرنگترین ئەو هەموارکردنانەش پەیوەستن بەماددەکانی ١١٢،١١١لەدەقی ماددەی ١١٥کە گرنگی بە یاسای هەرێمەکان دەدات لەوناوچانەی کە پشت بەدابەشکردنی دەسەڵات دەبەستێت. لەگەڵ سڕینەوەی بڕگەی دووەم لە ماددەی ١٢١.

دووەم، کــەرکووك دەبێتــە خــاوەنی ئاســتی ئــەو ئۆتۆنۆمییــەی کەهــەرێمی کوردســتان لەبەرامبەر بەغدا هەیەتی. واتە کەرکووك دەبێتە خاوەنی دەستووری خۆی کەناکرێت یەکلایەنە هەموار بکرێت یاخود لەلایەن هەولێرو بەغداوە هەڵبوەشێتەوە. هەروەها دەزگــا ئەمنییــەکان دەزگا ئەمنییەکانیش دەخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە.

ســێیەم، کــەرکووك بەشــێوەیەکی ئۆتۆمــاتیکی دەبێتــە خــاوەنی بودجــەی راســتەوخۆ لەحکومەتی عیراقی و بەشێکیش لەو بودجەیە بەسەر پێکهاتە جیاوازەکانیدا بــەپێی قــەبارەی رێژەی ئەو پێکهاتانە یاخود بەیەکسانی دابەش دەکرێت.

چــوارەم، پۆســتە ئیــداری و بەرپرســیارێتی دەزگــا ئەمنییــەکان لەسەرگشــت ئاســتەکان بەیەکسانی لەنێوان پێکهاتەکاندا دابەش دەکرێت.

پێنجەم، هەرپێکهاتەیەك لەپرسە رەمزی و کەلتوورییەکانی وەك ئایین و خوێندن مافی خــۆ بەڕێوەبردنی پێدەدرێت.

دواجار داوای دەرکردنی یاســای گــرنگ دەکرێــت وەك میکانیزمێــك بــۆ دەســتەبەرکردنی زۆرینەی رەهای ژمارە تارێگە بەکورد نــەدرێت یاســاکان لــەدژی خواســتی پێکهاتــەکانی تــر تێپەڕێنێت.دیارە بۆ فەراهەمکردنی ئەوەش کۆمــەڵێك رێگــە هــەن، لەوانــەش دامەزرانــدنی ئەنجوومــەنی جێبــەجێکردن، کەنوێنــەرانی ســەرجەم پێکهاتــەکان تیایــدا بەشــداری بکــەن و هەرپێکهاتەیەکیش مافی ڤیتۆی هەبێت لەسەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکە.

مەرجی زۆرینەی دوویەك بۆ بەکارهێنانی مافی ڤیتۆ لەسەر ئاستی جێبەجێکردن پێویستی بە هاوپەیمانێتی نێوان کوردو پێکهاتەیەکی تر دەبێت تایاساکان تێپەڕێنێت. لەبەر ئەوە گرنگی پرانسیپە گشتییەکان لەوەدایە کەرکووك بەرەسمی بەشێك دەبێت لەهەرێمی کوردستان و دەبێتە خاوەنی ئۆتۆنۆمی لەئاستێکی بەرزدا.

هاوکات خۆ بەڕێوەبردن و سەربەخۆیی بەپێی دەستوور دەبێت و دەسەڵات و سەرچاوەکانیش لەرێگەی تێکەڵەیەك دەبێــت کــە تیایــدا دابەشــکردن لەســەر بنــەمای پرانســیپی یەکســانی کۆدەکاتەوە و دەرئەنجامی ئەوەش چارەنووسێکی تەواو تەوافوق و میانگیری دەبێــت، کــەمافی ئەوە بە کورد دەدات کەرکووك بــەڕەسمی بەشــێك بێــت لەهــەرێمی کوردســتان بــەڵام لــەرووی سیاسییەوە دەسەڵاتیان بەسەریدا نابێت بەو پێیەش کەرکووك نابێتە موڵکی هیچ پێکهاتەیەك.

دیارە ئەم بژاردەیەش بێ گرفت نییە بەڵام دەتوانرێت چارەسەرێك بۆ پرسێکی ســەختی وەك پرسی کەرکووك دەستەبەر بکات و نەوتی کــەرکووك لەهاوکێشــەکە دووربخاتــەوە و پرســەکانی

پەیوەست بەپێگەو جوگرافیای کەرکووك وهەروەها کێ چی دەست دەکەوێت و کەی و چۆن، یەکلایی دەکاتەوە.

جگە لەوەش پرسی پەیوەست بە ڕەوایەتی ئەو کوردانەی گەڕاونەتەوە لەگەڵ دابەشکردنی دەسەڵات و سەرچاوەکان لەنێوان پێکهاتەکان لەسەر بنەمای یەکسانی پێشنیاز ناکرێن.

بەچارەسەرکردنی ئەو پرسانەش پەنجەرە لەسەر زۆربەی سەرچاوەکانی پەنگخواردنەوەی ئیتنیکی لەکەرکووك دادەخرێت.

بێگومان ئامانج لەم فەسڵە پێشکەشکردنی رەچەتە نییە بۆ چارەسەر، دیسان مەرجیش نییە بەزەرورەت هیچ کام لەو سەرئەنجامانە لەیەکتری باشتر بن، هەروەها ئاسانیش نییە نۆرمی بابەتیانە دابنرێت بۆ ئەوەی رێگە بدات بەحوکمدان لەسەر ئیستیحقاقەکانیان. بەڵکو مەرامی سەرەکی روونکردنەوەی دەستەواژەی مونازەرە و سنوورەکانیەتی. چونکە بارودۆخی کەرکووك پێویستە بەپێی تەوافوقی نێوان کوردو لایەنەکانی تر کە بەرژەوەندییان هەیە چارەسەر بکرێت، کەهەر ئەوەشە لەنێو گوتاری سەرجەم لایەنەکانی نێوان ململانێکە پەسەندبووە، لەنێویشیاندا بەرەی تورکمانی و تورکیاو کوردو زۆرینەی عەرەبیش.

هاوکات لەرێگەی چارەسەری مامناوەندەوە هەر لایەك شتێکی بەر دەکەوێت و بەتەنیا لایەنێك هەموو شتێك بۆخۆی قۆرخ ناکات، بەجۆرێك نەکورد دەتوانێت کەرکووك بخاتە سەرهەرێمی کوردستان و کۆنترۆڵی ئیدارەکەی بکات و نەبەرەی تورکمانیش دەتوانێت داوابکات، کەرکووك لەدەرەوەی هەرێم بمێنێتەوە و هەروەها داوای دابەشکردنی دەسەڵاتیش بەیەکسانی بکات.

دیارە سەرئەنجامی هەردو چارەکی (٢، ٣) چارەسەری تەوافوقی و میانگیرانە نییە لەبەر ئەوە هیچ کامیان چارەسەری کێشەکانی کەرکووکیان پێ نییە.

تەنیا بژاردەی راستەقینە، کە کورد روو بەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە، کە ئامادە دەبن قوربانی بە کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات و سەچاوەکان بدەن لەپێناو گەڕانەوەی کەرکووك بۆ سەر هەرێم. هەرچی پێکهاتەکانی تریشە تەنیا بژاردەیان ئەوەیە، کە ئایا مانەوەی کەرکووك لەدەرەوەی هەرێم گرنگترە لە گەیشتن بەدابەشکردنی یەکسانی دەسەڵات لەسەر بنەمای قەبارەی رێژەیی. پێویستە پێکهاتەکان بڕیاربدەن کە ئایا کەرکووك وەك رەمزێك گرنگترە یاخود وەك ئەوەی سەرچاوەی دەسەڵات و سامانە؟.

پوختە:

ئاستەمە بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر کەرکوك بنووسرێت و مەحاڵیشە لەرووی پراکتیکییەوە وێنای ئەوە بکرێت، کە یەکێك هەبێت بەشێوەیەکی بابەتیانە لەسەر ئەو پرسە بنووسێت، چونکە ئارەزووی کوردو تورکمان و عەرەب هەرهەموویان بەوشێوەیەیە کەدیدو روانگەیان یاخود گێڕانەوەیان بریتی بێت لە شرۆڤەیەکی راستەقینە بۆ رووداوەکان.

هەروەها بەڵگە ئەزموونگەراییەکانیش کەپشت بەبانگەشەی ئەملایەن یان ئەولایەن دەبەستن چەندە باوەڕپێهێنەریش ئەوا بەردەوام رەتدەکرێتەوە، ئەویش بەو پێیەی پروپاگەندەی بەحزبی کراوە. بەڵام نەبوونی (راستییەکان)کە لەبارەی کەرکووکەوە هیچ ناکۆکییەکی لەسەر نییە پێویستە رێگر نەبێت لەبیرکردنەوەیەك کە پشت بەستوو بێت بەمەعریفە.

دیسان لۆژیکی دروست لەسەر ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان پێویستە رێگە بەکەسانی ژیرو تێڕاماو بدات لەسەر راستییەکانی پەیوەست بەکەرکوك رێکبکەون و هاوکاتیش هەندێك خورافە کە بەشێوەیەکی ئابڕوبەرانە گوتارەکە دەشێوێنن، لەباربەرن.

نەوت:

هەندێك باوەڕی باو سەبارەت بەکەرکوك وایە کەبەپلەی یەکەم پرسی ململانێکە لەسەر نەوتە، هەربۆیە کورد گەرەکیانە دەست بەسەر کەرکووکدا بگرن، چونکە نەوتەکەی سەچاوەی پێوست بۆ دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ فەراهەم دەکات.

ئەوەش ئەو شتەیە کە عەرەب و تورکمان وەك سروشتی حاڵ رەتیدەکەنەوە، ئەمە لەرووکاردا میتۆدێکی گونجاوە لەمشتومڕکردندا، چونکە بوونی نەوت ئاراستەی زۆربەی پەرەسەندنە گرنگەکانی لەمێژووی نوێی کەرکووکدا دیاریکردووە.

بۆ تێگەیشتنیش لەیەکەم بڕیاری بەریتانیا سەبارەت بە تێکەڵکردنی ولایەتی موسڵ بە هەردو ولایەتی بەغداو بەسرە تادەگاتە هەوڵی بەربەریانەی هەڵکشاوی حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عەرەب بۆ زامنکردنی بوونی زۆرینەی عەرەب لەناوچەکەدا پەیوەندی بەنەوتەوە هەیەو لەوەش زیاتر بۆ تێگەیشتن لەو پرسە مێژوویەکی نوێی ئەو شارە لەئارادا نییە لەگەڵ ئەوەشدا ململانێی دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر کەرکوك هیچ پەیوەندییەکی بە نەوتەوە نییە. دەوترا کە کورد بەهۆی نەوتەوەیە گرنگی بە کەرکوك دەدات و ئەو بەهانەیەش رەواجێکی

زۆری لەنێو ئەو کەسانەدا پەیدا کردوە کە بەپسپۆڕی کاروباری عیراق هەژماردەکرێن، بەڵام گرفتی ئەم بەهانەیەش لەوەدایە کە گشت ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان پێچەوانەی ئەوەن. چونکە دەستووری عیراقی بەئاشکراو بەمەبەست جیاوازی کردوە لەنێوان کێڵگە نەوتیەکانی(ئێستا) و ئەوانەی لەداهاتوودا دەدۆزرێنەوە، لەوسۆنگەیەشەوە کێڵگەکانی کەرکووك لەو کێڵگانەی نەوتن کە لەکۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئەمڕۆ نەوت بەرهەم دەهێنن.

هاوکات دەستووریش مەرجی دابەشکردنی سەرجەم داهاتی کێڵگەکانی ئێستای بەشێوەیەکی دادپەروەرانەو هاوڕێژە لەگەڵ دابەشبوونی دانیشتوان لەسەرتاسەریس ولاّتدا داناوە، ماددەی١١٢(یەکەم). هاوکات ئەو لایەنانەش دیاری دەکات کە دەسەڵاتی ئیدارەکردنی کێڵگەکانی ئێستایان هەیەو برەوی پێدەدەن.

هەڵبەت بەپێی ماددەی ١٢١(دووەم) ئەو دەسەڵاتەش لەچوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵیدا نین و ئەوەش وادەکات ئەو یاسایەی کە لەلایەن هەرێمەوە دەردەکرێت لەسەرو یاسای فیدراڵیەوە بێت. واتە هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەن بڕیار سەبارەت بەئیدارەی نەوتی کەرکووك گەرهاتوو بووە بەشێك لەهەرێمی کوردستان.

بەڵام کورد راهاتوون لەسەر ئەوەی تەئکید لەسەر نەهێشتن و لابردنی ئەو سەرچاوە پەنهان و نادیارانەی نێو دەستوور بکەنەوەو لەوەش زیاتر ئامادەن تەنانەت داهاتی ئەو کێڵگە نەوتیانەی کەهێشتا نەدۆزراونەتەوە پێشکەش بەحکومەتی فیدراڵی بکەن تا دابەشی بکات.

ئەوەی گومانیش لەوە دەکات بارووداوەکانی راپۆرتی ئایاری ٢٠٠٧ بخوێنێتەوە، کە لەلایەن لیژنەی هەمووارکردنەوەی دەستوورەوە ئامادەکراوە. هەروەها جەختکردنەوەش لەسەر هەمواری دەستوور بۆ نەهێشتنی هەر بڕگەو خاڵێکی نارۆشتن سەبارەت بە ئیدارەکردنی نەوتی کەرکووك و رازی بوونیش بەوەی حکومەتی فیدراڵی ئەرکی سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەرجەم داهاتەکانی نەوت لەئەستۆبگرێت.

دیارە کورد شتێکی ئەوتۆی نەماوە کە بیسەلمێنێت نەوت مەبەست و هۆ نییە، بەڵکو دەکرێت نەوتی کەرکووك لە هاوکێشەکە بەئاسانی لابرێت.

گەورە خەوشی دووەم لەم جۆرە مشتومڕەدا ئەوەیە کە کۆنترۆڵکردنی نەوتی کەرکووك پەیوەستە بەخواستی کورد بۆ بەدیهێنانی سەربەخۆیی و لەوەش زیاتر باس لەوە دەکرێت کە بەبێ نەوتی کەرکووك، کورد سەرچاوەیەکی ئابووری پێویستی لەبەردەستدا نابێت و دواجاریش

دەست بەسەرداگرتنی نەوتی کەرکووك پێویستیەکی گرنگە بۆ ئەگەری هەوڵی جوداخوازی کـە رەنگە لەدوای ئەو دەست بەسەردا گرتنە بێتە ئاراوە.

کەوابوو لێکدانەوەی مەنتقی بۆ ئەو بەهانەیە ئەوەیـە کـە رێگـەدان بـەکورد بـۆ ئـەوەی کەرکووك بخاتــەوە ســەر هــەرێمی کوردســتان، زەمینەســازییە بــۆ لەبەریەکهەڵوەشــاندنەوەی دەوڵەتی عیراقی، بەڵام ئەوەش بەهانەیەکی شیاو نییە چونکە لێدوانی سەرانی کورد ئاشـکراو نەگۆڕن کە پرسی سەربەخۆبوونی کورد لەخشتەی کاری ئایندەی نزیکی ئەوانـدا بـوونی نییـە، هەرچەندە ئەو هەڵوێستەش پشتیوانی میلیی لێناکرێت بەڵام ەوە هەڵوێستێکی راستگۆیانەیە.

رەنگە هەندێك بەگومانەوە لەو لێدوانانــەی ســەرانی کــوردبڕوانن، کـە بـەگوێی جیهانـدا دەیدەن و پێیان وابێت هەرکەرکووك گەڕایەوە سەرهەرێم ئـیتر ژێـر بـەژێر پلانـی جیابوونـەوە دادەڕێژرێت.

لەراستیدا تاڵەبانی لەلایەن راگەیاندنی کوردییەوە روو بـەڕووی رەخنـەی زۆر بوەتـەوە کـە ئەولەویەت دەدات بەئاشتەوایی نێوان سوونەو شیعەو یەکێتی عیراق ئەویش لەسـەر حسـاب و بەرژەوەندی کورد. لەرووی ئابووریشەوە کورد زیاتر پشت بەهاوسێکانی دەبەستێت بەتایبەتیش تورکیا لەدەستەبەرکردنی شمەکی پێویسـتی وەك خـۆراك وئـاوی کـانزایی. بەهــەمان شـێوەش وەبەرهێنان لەکەرتەکانی گواستنەوەوگەشتیاری ئەوە دەرناخەن کە جیابوونەوە ئامانجێکی نزیك بێت. بەڵام بەهێزترین هۆکار کە پەیوەندی نێوان نەوتی کەرکووك و سەربەخۆیی کورد ناهێڵێت ئەوەیە، کە نەوت بۆ کوردستانی سەربەخۆ بیٚ سوودە، چونکە کورد توانای ناوخۆیی پاڵاوتنی نییەو بەکاربردنی نەوتی کەرکوکیش لەناوخۆدا نابێت.

دیسان ناکرێت نەوت هەناردە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی داهات چونکە کەرکووك بەتەواوەتی پشت بە ژێژخانی نەوتیی دەبەستێت کە لەلایەن ئـەوانیترەوە دەسـتیان بەسـەردا گرتـووە. جـا بۆئەوەی نەوتی کەرکووك بەهایەکی هەبێت ئەوا لەداهاتوودا کوردستان پێویستی بە پشتیوانی هاوسێکانی هەیە یاخود هەیچ نەبێت دەبیٚ بێدەنگ بن.

جا لەبەرامبـەر کـۆنترۆڵکردنی چـیایەك لەنـەوتی بـیٚ سـوودا، کوردسـتانی سـەربەخۆ دەستبەرداری پشکی زامنکراوی خۆی دەبێت کەدەچێتە نێو گەنجینەی حکومەتی عیراقییـەوە. لەئێستادا داهاتی حکومەتی فیدراڵی نزیکەی(٩٠٪) بودجەی هەرێمی کوردستان دابین دەکات و ئەوەپارەیەش دەدرێتە موچەی فەرمانبـەران و کارمەنـدانی کەرتـەکانی دەوڵـەت و کـادێری حزبەکان و هێزی پێشمەرگە.

بەگشتی نزیکەی لە(٦٠٪)ی هێزی کارگەری کورد راستەوخۆ پشت بەداهاتی حکومەتی فیدراڵی و بەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییە فراوانەی مەحسوبیەت دەبەستن کە پەیوەندی نێوان هەردو حزبەکەو دانیشتوانی کورد دیاری دەکات.

بەواتایەکی رۆشنتر کۆی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێم لەداهاتوویەکی نزیکدا هەرەس دەهێنێت گەر بێتوو تەمویلی حکومەتی فیدراڵی رابگیرێت. بۆیە ئەو بەهانەیەی کە نەوتی کەرکوک بەسەربەخۆیی کوردەوە دەبەستێتەوە لەگشت روویەکەوە بەهانەیەکی بیٚ بنەمایە بەڵام بەهانەیەکی بەسوودیشە بۆ نەیارانی کورد، چونکە پێدەچێت ئاسان بێت لەلایەن ئەوکەسانە رەواجی پێبدرێت، کەتەمبەڵی لایان گەیشتوەتە ئەو ئاستەی لەبیرکردنەوەی خستوون١.

دیمۆگرافیا:

لەبەر ئەوەی پرسی نەوت جۆرە روونییەکی پێوە دیاربووە ئەوا مەسەلەی پەیوەست بەدابەشکردنی دانیشتوانی کەرکووك شێواندن و پەنهانییەکی پێوەدیارە.

ئاشکراشە لەمشتومڕی فەسڵی دووەمدا روونبوەتەوە، کەچ جۆرە بەڵگەیەکی دژ بەیەك هەیە بۆیە ناکرێت لەو بیٚ سەروبەرییەدا حوکم بدرێت. بێگومان بۆ شیکردنەوەی ئەزمونگەرایش تەنیا داتای ئاماری ساڵی ١٩٥٧ لەبەردەستدایە، چونکە ئەو داتایانە پێوەرێکی بنەڕەتی و بەسوودن و تیایدا دابەشکردنی دانیشتوانی کەرکوك بەشێوەیەك تۆمارکراون، کەهێشتا پرۆسەی تەعریبکردن نەگەیشتوەتە بەرزترین ئاستی و رەوابوونیشی نابێتە جێی تانەی هیچ کام لەپێکهاتەکانی کەرکووك. هەروەها داتاکان ئاماژە بەوەدەکەن، کەتورکمان لە(٣٧٪)وکوردیش لە(٣٣٪) و عەرەبیش(٢٢٪)ی دانیشتوانی کەرکووك پێکدەهێنن.

هاوکات تەنیا داتاو زانیارییەکی تریش کە بەشێوەیەکی ورد نزیکبێت لەپێکهاتەی دانیشتوانی کەرکووکەوە ئەنجامی هەڵبژاردنە گشتییەکانی کانونی دووەمی ساڵی (٢٠٠٥)ە،

١- ئاسانترین رێگە بۆ راستی و ناراستی ئەو بەهانەیە ئەوەیە داوا لەکورد بکرێت واز لە بەشداریکردن لەئیداریەی نەوتی کەرکوك یان برەوپێدانی کێڵگە نەوتییەکان بهێنن لەچوارچێوەی رێککەوتننامەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ هەرێمی کوردستان.

چونکە گشت پێکهاتەسەرەکییەکان لەهەڵبژاردنەدا بەشدارییان کردوەو ڕێژەی بەشـداریکردنیش بـەرزبووە، ئەمـە جگـە لـەوەی ژمارەیـەکی زۆری چـاودێری عیراقـی و نێودەوڵـەتی تیایـدا بەشداربوون و تەئکیدیش لەوەکراوەتەوە کە لـەو هەڵبژاردنـەدا هـیچ جـۆرە سـاختەکارییەکی گەورەوبەرچاو تۆمارنەکراوە. لەبەر ئەوە ئەنجامەکانی ئـەو هەڵبژاردنـە پێـوەرێکی گرنگـە بـۆ هەڵسەنگاندنی بانگەشەی پێکهاتە ئیتنیکییـەکانی کـەرکوك، کەلەوهەڵبژاردنـەدا لیسـتی کوردی لە(٥٣٪)ی دەنگەکانی بۆخۆی مسۆگەرکرد١. لەسـایەی ئـەو داتایانـەی کـە ئامـاری (١٩٥٧) و ئەنجامی هەڵبژاردنی(٢٠٠٥) لەخۆیان گرتووە دەگەینە چ سەرنج و تێبینییەك؟

یەکـەم، هـەرگیز تورکمـان لـەپارێزگای کەرکووکـدا زۆرینـە نـەبوون تەنانـەت لەسـاڵی ١٩٥٧یشدا لەنێو شاری کەرکووکدا تەنیا گروپێکی گەورەتربوون و لەساڵی ٢٠٠٥یشدا لـەنێو هەرسێ پێکهاتەکەدا لەسەرئاستی پارێزگاکە بەجیاوازییەکی بەرچاو بچووکترین پێکهاتە بوون.

هەروەها لەساڵی ١٩٥٧یشدا کورد لەشاری کەرکووکدا دووەم گەورە پێکهاتـەبوون لـەپاش تورکمان و لەسەر ئاستی پارێزگاکەشدا زۆرینە بوون. هەرچی عەرەبیشە کە لەسـاڵی ١٩٥٧دا لەسەر ئاستی پارێزگـای کـەرکووك دووەم گـەورە پێکهاتـە بـوون لەسـاڵی ١٩٩١دا بوونەتـە زۆرینە(بڕوانە فەسڵی دووەم).

بەڵام لەساڵی ٢٠٠٥دا ڕێژەی عەرەب لەدانیشتوانی پارێزگاکەدا گەیشتوەتە ئـەو ئاسـتەی کە لەساڵی ١٩٥٧دا هـەبوون، واتـە لـە(٢٨٪). ئـەم سـەرئەنجامەش دەمانگەیەنێتـە سـێ دەرئەنجام کەجێگەی گومان نین.

یەکەم، لەسایەی نـەبوونی تەعریبـدا تێکـڕای لـەدایکبوون لـەنێو کـورددا لەئاسـتێکی بەرزدابووەو ئەوەش وایکردووە ئەمڕۆ لەکەرکووکدا زۆرینە پێکبهێنن.

دووەم، ڕەنگە گەڕانەوەی سنووری کەرکووك بۆ بەر لەبەعس کـورد بخاتـە خانـەی زۆرینـە لەکەرکووکدا، چونکە زۆرینەی دانیشتوانی ناو قەزاو ناحیە دابڕێنراوەکانی کەرکووك زۆرینەیان کوردن.

١- لە٧٪ کـەی تـر لایەنـەکانی تـری وەك لیسـتی نیشـتمانی عیراقییـان هەڵبـژاردووە کـە ناسـنامەکەی لەسەربنەمای ئیتنیکی دیاری نەکراوە.

سێیەم، ناکرێت وێنـای زۆرینـەبۆ تورکمـان لەناوکـەرکووك و لەسەرئاسـتی پارێزگاکـەدا بکرێت، بەڵکو لەراستیدا تورکمـان لـەنێو هەرسـێ پێکهاتـە سـەرەکییەکەدا بەجیاوازیـەکی بەرچاو بچووکترین پێکهاتەن.

هەڵبەت ئەم سێ دەرئەنجامە ئەوە ناگەیەنێت کە هـەرکاتێك کـەرکووك گەرشـایەوە سـەر سنووری پێشووی خۆی ئەوا دەنگ بەچوونە پاڵ هەرێمی کوردستان دەدرێت، چونکە نازانرێـت ژمارەی ئەو کوردانەی کەرکووك چەندن، کە گەرەکیان نییە شارەکەیان بچـێتە سـەر هـەرێمی کوردستان. بـەم شـێوەیە ئامـاژەی سـەرەکی پەیوەسـتە بـە پرسـی دابەشـکردنی دەسـەڵات. ئاشکراشە کەرکووك لەسێ پێکهاتـەی هاوقـەبارە پێـك نـەهاتوون بـەڵکو کـورد گـەورەترین پێکهاتەن و تورکمـانیش بـە جیاوازییـەکی بەرچـاو بچـووکترین پێکهاتـەن، بۆیـە فـۆرمی دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی، رەنگە لەڕووی سیاسـییەوە گونجاوبێـت بـەڵام لەهـەمان کاتیشدا بەهیچ شێوەیەك فۆرمێکی دادپەروەرانە نییە. دیسان هۆکارێکیش نییە تا چاوەڕوانی لەکورد بکرێت لەسەر یەکسانی سیاسی لەگەڵ تورکمان رازیـبن، ئەگـەر بێتـوو لەبەرامبـەردا شتێکی گەورە پێشکەش نەکەن.

دابەشکردنی دەسەڵات و "هەژموون"ی کوردی

پێدەچێت ئەو بۆچوونە باوەی کە لەئارادایە سـەبارەت بـە باڵادەسـتی هێـزە سیاسـییەکان لەکەرکووك و دەست بەسەرداگرتنی گشت پێگـەو پۆسـتەکانی دەسـەڵات لەلایـەن کـوردەوە لـەدوای رووخانی رژێمی پێشوو لەگەڵ دوورخسـتنەوەی تورکمـان و عـەرەبیش لەبەشـداریکردنیان لەدەسـەڵات بۆچوونێکی هەڵە بێت و وا بخوازێت کە هەڵوەستەی لەسەربکرێت.

هەرچەندە ئـەو ئەنجوومەنەپـەراوێزخراوەی، کـە سـاڵی ۲۰۰۳ لەلایـەن سـوپای ئـەمریکاوە بـۆ بەرژەوەندی کورد دروستکرابوو لەکۆی (۳۰)ئەنـدام(۲٤)یـان لەهەرچـوار پێکهاتەکـە ئیتنیکییـەکانی کەرکووك هەڵبژێردرابوون و ئەوانیتریش (سەربەخۆ)بوون و سەر بەهیچ بزوتنەوەیەکی سیاسـی نـەبوون، کە (٥)یان کوردو ئەویتریشیان مەسیحی بوو.

بەوشێوەیە کورد تەنیا (۱۱)کورسی ئەنجوومەنەکـەی لـەکۆی(۳۰)کورسـی لەدەسـتدابوو.دواتریش سەرۆکی شارەوانی کە کورد بوو بـە(۲۰)دەنـگ(۱۱کـوردو ۷ مەسـیحی و ۱تورکمـان و ۱ عـەرەب) بەرامبەر بە (۱۰)دەنگ هەڵبژێردرا.

کاردانەوەی سەرانی سیاسی عەرەبی و تورکمانیش لەبەرامبەر هەڵبژاردنی کوردێك بۆ ئەو پۆستەو شکستی کاندیدەکانیان خۆی لەوەدا بینییەوە، کە گوایە پێشوەخت ئەنجامی دەنگدانەکە بۆ کورد یەکلایی کراوەتەوە چونکە ئەنجوومەنەکە لەلایەن ئەمریکاوە بە لایەنگرانی کورد پڕکراونەتەوە.

دواتر سەرانی بەرەی تورکمانی ئاماژەیان بەبوونی (٢٠) کورد لەنێو ئەنجوومەنەکەدا کرد ئەویش پاش نوێکردنەوەی ئەنجوومەنەکە، کە کوردیش وەك زۆرینە لەئەنجوومەنەکە مانەوە١. لەراستیدا ئەوانەی کە بەرەچەڵەك کورد بوون ڕۆژێك لەرۆژان زۆرینەی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکەیان لەدەستدا نەبووە.

پاش بردنەوەی لیستی برایەتی کەرکووکیش بەرێژەی لە(٦٠٪)ی دەنگەکان لەهەڵبژاردنی پارێزگاکان لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٥دا، ئەو لیستە لەکۆی (٤٠)کورسی توانی (٢٦)کورسی بۆخۆی مسۆگەر بکات، بەڵام لەگەڵ ئەو سەرکەوتنەش بەو قەبارەیەی کە بەدەستی هێنا هەرگیز راست نییە کۆنترۆڵکردنی کورد بە دەسبەسەرداگرتن و هەژموونگەرایی ناوببرێت.

یەکێك لەپۆستە هەستیارەکان (جێگری پارێزگار) بۆ تۆپۆزسیۆن پێشنیازکرا بەڵام بەبەتاڵی مایەوە چونکە عەرەب و تورکمان لەنێوخۆیاندا رێك نەکەوتن لەسەر پڕکردنەوەی ئەو پۆستە.

تەنانەت لەبواری ئەمنیشدا دەوترێت کورد هەژموونی کردوە، هەرچەندە ئەوە راستە بەڵام ئەو هەژموونە رەها نییە چونکە هێزەکانی پۆلیس فرە ئیتنیکن. عەرەب لەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی عەرەبن خۆیان بەرپرسی باری ئەمنی ناوچەکەیانن و تورکمانیش بەهەمان شێوەیە.

ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە کە ئاسایشی گشتی کەرکوك لەدەست سوپای ئەمریکادایە نەك هێزە کوردییەکان و بەهەمان شێوەش لەناوچەکانی کە عەرەب زۆرینە پێکدەهێنن لەنموونەی (حەویجە)کورد بوونی نییە.

تەنیا بوار کە کورد تیایدا باڵادەستە بنەبڕکردنی یاخیبوونی چەکدارییە ئەویش لەرێگەی ئەو رۆڵە بەرچاوەی کە لەنێو یەکە تایبەتەکان و هێزی ئاسایشی ناوخۆی هەردو حزبەکە هەیەتی.

١- بەبۆچوونی بەرەی تورکمانی هەرکەسێك پشتیوانی لەهەڵوێستی کورد بکات بەدەر لە رەگەزە ئیتنکییەکەی ئەوا دەچێتە خانەی کوردبوونەوەو لەوسۆنگەیەشەوە بەتەنیا ئەوانەی پشتیوانی لەهەڵوێستەکانی بەرەکەیان دەکەن تورکمانی راستەقینەن و بەو شێوەیەش سونگل چاپوك لەئەنجوومەنی حوکمڕانی و دوو تورکمانی تر کە لەسەر لیستی برایەتی کەرکوك بوون نوێنەرایەتی پێکهاتەی تورکمانی ناکەن.

بەڵام باڵادەستی کورد لەنێو هێزەکانی بنەبڕکردنی یاخیبوونــە چــەکدارییەکانیش باڵادەســتبوونێکە کە ناکرێت فەرامۆش بکرێت ئەویش بەهۆی بوونی ئــەزموون و توانــای ئــەو هێزانــەو رێگریکردنیــان لەدزە کردنی یاخیبووەکان بۆ نێو ریزەکانیان.

هاوکات پێناچێت بەدیلێکی باشتر لەبری ئەو هێزانە هەبێت هەربۆیە سوپای ئــەمریکا بەتــەواوەتی پشتیان پێدەبەستێت بۆ پاراستنی ئاساییشی ناوچەکانی باکوور.

سەبارەت بە هاوسەنگی هێزەکانی کەرکوك دەگەینە چەند خاڵێك کەئەمانەن:

یەکــەم، وەك ئاشــکرایە کــورد لەرێگــەی هــەردو حزبەکــەوە بەشــێوەیەکی گشــتی پــتر لەهەرپێکهاتەیەکی ئیتنیکی تر مومارەسەی دەسەڵات لەکەرکووکدا دەکەن.

دووەم، لەدوای هەڵبژاردنەکان وبەدەستهێنانی نزیکەی لــە(٦٠٪)ی دەنگــەکان لەلایــەن کــوردەوە رەنگە ئاستەم بێت بۆ تێگەیشتن لەوەی کە بۆچی کورد مافی نەبێت مومارەسەی دەسەڵاتی زیاتر بکــەن بەبەراورد بەپێکهاتەکانی تر کە لە(٢٠٪)ی دەنگەکان یاخود کەمتریشیان بەدەستهێناوە.

سێیەم : بەپشت بەستن بە پێدراوەکانی بــەرەی تورکمــانی، دابەشــکردنی پۆســتەکان و پێگــەکانی بەرپرسیارێتی لەئیدارەی کەرکووکدا رەنگدانەوەی دابەشکردنی دانیشتوانی پارێزگاکە پیشان دەدات.

بەکورتی دابەشکردنی دەسەڵات لەکەرکووك هاورێژەیە لەگــەڵ قــەبارەی دانیشــتوان. ئــەوەش کــە عەرەب و تورکمان لەکەرکووك داوای دەکەن شێوەیەکی میانگیرانە نییە بۆ دابەشکردنی دەســەڵات کــە تیایدا نوێنەرایەتی پێکهاتە ئیتنکییەکان هاورێــژە بێــت لەگــەڵ فــرە هێزەکانــدا: بۆجــارێکی تــر ئــەو پرسیارە گرنگە دێتەوە پێشەوە : بۆچی واچــاوەڕوان لــەکورد بکرێــت بــەو فۆرمــە رازیــبن بــێ ئــەوەی لەبەرامبەردا شتێکیان دەست بکەوێت.

چارەسەرێکی تەوافوقانەی مامناوەند پێویستە

کەپرۆژەی نیشتمانی عیراقیی عــەرەبی پرۆژەیــەکی ئاشــکرای دژ بــە کــورد بێــت، ئــیتر بۆچــی چاوەڕوانی کورد بکرێت ئەجندەی ئەو پرۆژەیــە لــەئامێز بگرێت.لەگــەڵ ئەوەشــدا کــورد بەشــێوەیەکی لەرادەبەدەر بەرگەی ئــەو بارگرانیــەی گرتــوە کــە ئــەو پــرۆژە نیشــتمانییە لەدوژمنایــەتی بــۆ کــورد لەخۆیگرتووە. لەگەڵ ئەوەشدا گلــەیی لــەکورد دەکرێــت لەســەر پەکخســتنی کارنامــەی نیشــتمانی و زیادەڕۆیی کردنیان لەگرێبەستە نەوتییەکان و کەرکووکدا.

ئەم هەڵسەنگاندنانە لەناوەڕۆکدا گریمانەی هەڵەی لەخۆگرتووە سەبارەت بە کورد و ئەو پەڕی داواکارییەکانیان کە گوایە ئاستەنگی سەرەکین لەبەردەم گەیشتن بە رێککەوتنێکی گونجاو لەسەر کەرکوك، کە لەراستیدا پێچەوانەکەی ئەوە راستە. بەجۆرێك کورد رازیبوون لەسەر بیرۆکەی دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکوك، بەڵام ئەگەر رێگە بدرێت کەرکوك بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستان. لەئاستێکی تری دیبەیتەکەشدا نوێترین چارەسەر لەلایەن بەرەی عەرەبی عیراقییەوە لەکەرکوك خراوەتە روو بێ ئەوەی ئەو چارەسەرە جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ چارەسەرەکەی بەرەی تورکمانیدا هەبێت، ئەویش بەمانەوەی کەرکوك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبردنی راستەوخۆشی لەلایەن حکومەتی عیراقییەوەو لەهەمان کاتیشدا دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری

لەسەر گشت ئاستەکان و بەپێی پرانسیپی تەواوی یەکسانی دابەش بکرێت.

بەوجۆرە هەرسێ پێکهاتەکە پشکی خۆیان لە(٣٢) کورسی لەئەنجوومەنی پارێزگاکە بەدەستدەهێنن و ساڵانەش بەنۆرەو بەدوای یەکدا پۆستی پارێزگا وەردەگرن. کەوابوو ئەو چارەسەرەی کەعەرەب بۆ دەرچوون لەو بازنە داخراوەی کە پرسی کەرکوك دروستیکردووە، نەسازاندنە لەسەر هیچ شتێك.

هەڵبەت هەرگیز کورد بەو چارەسەرە رازی نابێت و پێویستیشە رازی نەبن. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە بەگشت هێڵە سەرەکی و گشتییەکانیەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەو چارەسەرەیە، کە لەلایەن زۆرێك لەشارەزایانی خۆرئاوا وەك تەوافوقێکی میانگیرانە لێی دەڕوانن و هانی دەدەن. بەواتایەکی تر بەپێی ئەم چارەسەرە کورد دەستبەرداری هەمووشتێك بیێت. بەڵام ئەو کەسانەی کە لەدەستەواژەی تەوافوقی مامناوەند(میانگیر) تێناگەن ئەوا پێناسەی فەرهەنگیی بۆ ئەو دەستەواژەیە بریتیە لە" یەکلایی کردنەوەی ململانێکان لەرێگەی ئەو تەنازولکردنانەی کە هەردولا یان سەرجەم لایەنەکان پێشکەشی دەکەن". هاوکات دوو رەهەندی یەکلایی کەرەوە بۆ چارەسەری تەوافوقی میانگیرانە لەپرسی کەرکووکدا هەن.

رەهەندی یەکەم، پەیوەستە بەپێگەی ئیداری(لەنێو هەرێمی کوردستان یان لەدەرەوەی هەرێم).

دووەم، پەیوەستە بەبەڕێوەبردنی (دابەشکردنی دەسەڵات یاخود دەسەڵاتی زۆرینە). چارەسەری تەوافوقی میانگیرانەش پەیوەستە بەو تەنازولکردنانەی کەهەریەك لەو دوو رەهەندەدا پێشکەشی دەکەن.

کوردسیاسیانە دەتوانێت دەست بەسەر کەرکووکدا بگرێت یان ببێتە کەرکوك ببێتە بەشێك لەهەرێمی کوردستان بەڵام ناکرێت چاوڕوانی هەردوکی بێت پێکەوە.

هەروەها دەکرێت نەیارانی کوردیش دەسەڵات لەگەڵ کورددا بەیەکسانی دابەش بکەن یان دەسەڵاتی سیاسی رادەستی کورد بکەن لەبەرامبەر مانەوەی کەرکووك لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان. دابەشکردنی دەسەڵات بەیەکسانی لەنێو هەرێمدا یان دابەشکردنی دەسەڵات لەدەرەوەی هەرێمی کوردستاندا. ئەمانە دوو چارەسەری مامناوەندو راستەقینەی ئەم پرسەن و ئەوانەش کەدژی هەردو چارەسەرەکەن ئەوا پرسی کەرکووك پشتگوێ دەخەن و لەبەرژەوەندی راستەقینەی ئەواندا نییە پرسەکە بەشێوەیەکی تەوافوقیی میانگیرانە چارەسەر بکرێت.

بەڵام ئەگەر لەبری ئەو چارەسەری تەوافوقی، چارەسەرێکی تر هەبێت و یەکێك لەلایەنەکان بەسەر ئەویتردا بیسەپێنێت ئەوا دەبێت ئەو لایەنەی کە چارەسەری تەوافوقیی میانگیرانەی گەرەك نییە ئەوە روونبکاتەوە کەبۆچی چارەسەری سەپێنراو لەرێگەی توندوتیژییەوە لەرووی پراگماتی و مۆراڵییەوە لەچارەسەری تەوافوقیی باشترە.

دیارە ئەم بەهانەیە لەخزمەتی کورددا نییە و دەچێتە خانەی نەیارانی کوردەوە بەڵام ئەوەی کە خزمەت بەکورد دەکات هۆکارەکەی ئەوەیە کە بەهانەی کورد سەبارەت بە کەرکووك جاپشت بە بنەمای مۆراڵی یان مێژوویی یان جوگرافیایی و دانیشتوان و دەستووریی ببەستێت بەهانەیەکی بەهێزترە بەبەراورد بەهی پێکهاتەکانی تر و بەبێ بەشداریکردنی کوردیش لەهەر چارەسەرێك لەداهاتوودا خوێن رشتنی زۆر و جیابوونەوەی کوردی لێدەکەوێتەوە.

رەنگە بەهانەی بەهێزتریش هەبن کە دەچنە خانەی بەرگریکردن بە هەڵوێستی کورد بەڵام ئەم کتێبە نایەوێت لێرەدا پێشکەشی بکات، چونکە پرسی کەرکووك لەرێگەی تەوافوقی میانگیرانەوە یاخود توندو تیژییەوە چارەسەر دەبێت.

جا ئەگەر بخوازێت توندو تیژی بەدوور بگیرێت ئەوا پێویستە لەسەر کورد وەك لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر ئامادەبن بۆگەیشتن بەچارەسەری تەوافوقی مامناوەند تەنازول بکەن.

لیستی ناوی ئەو کەسانەی کە دیداریان لەگەڵدا کراوە

سوپاسی ئە کەسانە دەکەین کە لەکاتی خۆیان پێبەخشین بۆ ئەوەی پێدانی تێبینی و سەرنجەکانیان و لەهەمان کاتیشدا سوپاسی ئەوانەش دەکەین کە دیدارمان لەگەڵدا کردون و لەهەمانکاتدا داوایان لێکردوین ناویان نەهێنرێت.

- مەهدی عەلی، ئەندامی یەکێتی ئیسلامی تورکمانی عیراق، لەندەن، مارس، ۲۰۰۷.
- شاهناز ئەحمەد، نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەبەریتانیا، چەند دیدارێك ۲۰۵-۲۰۰۸.
- نەوشیروان مستەفا ئەمین، جێگری پێشووی سکرتێری گشتی (ی.ن.ك).
- د.مزەفەر ئەرسەلان، راوێژکاری سەرۆك تاڵەبانی بۆکاروباری تورکمان، برۆکسل، حوزەیرانی۲۰۰۸.
- نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند دیدارێك، ۲۰۰۵-۲۰۰۸.
- عەبدولقادر بازرگان، سەرۆکی بزوتنەوەی چاکسازی تورکمانی، هەولێر، نیسانی۲۰۰۸.
- ئیسماعیل حەدیدی، جێگری پارێزگاری کەرکوك، کەرکوك، مارسی ۲۰۰٤.
- جۆست هلترمان، گروپی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، خۆرهەلاتی ناوراست وباکووری ئەفریقیا، جێگری بەڕێوەبەری پرۆگرام، لەندەن، ئازاری ۲۰۰٤، مۆنتریال، کانونی یەکەم۲۰۰۷.
- د.فوئاد حسێن، بەڕێوەبەری ئۆفیسی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانن هەولێر، نیسانی ۲۰۰۸.
- هادی عەلی، ئەندامی م.س یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، کەرکوك، نیسانی ۲۰۰٤.
- جەلال جەهەر، بەپرسی (ی.ن.ك)، نیسنی ۲۰۰٤.
- شیس جرجیس، سەرۆکی دامەزراوەی توێژینەوەی مافەکانی مرۆڤی تورکمانی، برۆکسل، حوزەیرانی ۲۰۰۸.
- سۆنیا خەلیل، کچە پەنابەرێکی کوردی کەرکوکە، رەحیم ئاوا، هەولێر، نیسانی ۲۰۰۸.
- سەربەست کەرکووکی، بەڕێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری کوردی، لەندەن، تشرینی یەکەم، ۲۰۰۷.
- عەلی مەهدی، جێگری سەرۆکی حزبی تورکمان ئایلی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، برۆکسل، حوزەیرانی ۲۰۰۸.
- هاشم میالی، نوێنەری موفتەدا سەدر لەبەریتانیا، لەندەن، تشرینی یەکەمی ۲۰۰۷.

- جۆن میخائیل، نوێنەری بزوتنەوەی دیموکراسی ئاشووری لەبەریتانیا، لەندەن، مارس ٢٠٠٧.

- عەبدولقادر موسەوی، نوێنەری موقتەدا سەدر، کەرکووك، نیسانی ٢٠٠٤.

- محەمەد خەلیل ناسیف، ئەندامی عەرەبی لەئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوك، ئەندامی گردبوونەوەی کۆماریی عیراقی، برۆکسلّ، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

- ئەکرم عبادی، بەرەی عەرەبی لەکەرکووك، برۆکسل، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

- د.مەحمود عوسمان، کەسایەتیەکی سیاسی سەربەخۆی کوردی، لەندەن، کانونی دوەمی ٢٠٠٦.

- کوێخا مەجید، پەنابەرێکی کوردی کەرکوك، دارەتوو، هەولێر، نیسانی ٢٠٠٨.

- سەعدی پیرە، بەپرسی پێشووی (ی.ن.ك) لەموسلّ، هەولێر، چەند دیدارێك، ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- بەیان سامی عەبدولڕەحمان، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەریتانیا، لەندەن، چەند دیدارێك ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- هاوار رەسولّ، بەرپرسێکی (ی.ن.ك) لەبەریتانیا، چەند دیدارێکی رێکخراو، ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- کۆسرەت رەسولّ، کارگێری (م.س) یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ٢٠٠٤.

- شۆڕش حاجی رەسولّ، شارزاو ئەکادیمی کوردی، چەند دیدارێکی رێکخراو، ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- حەسیب رۆژ بەیانی، یاریدەدەری پارێزگاری کەرکوك(سەرۆکی لیژنەی گەڕاندنەوەو نیشتەجێکردنی راگوازراوان، پارێزگای کەرکوك)، هەولێر، تشرینی دووەم، ٢٠٠٧.

- عەلی سادق، ئەندامی حزبی تورکمان ئایلی، برۆکسل، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

- وریە سالّحی، سەرۆکی سەنتەری کارەکانی کەرکووك، واشنتۆن دی سی، کانونی دوەمی ٢٠٠٨.

- د.بەرهەم سالّح، جێگری سەرۆك وەزیرانی عیراق، سلێمانی، مارسی ٢٠٠٤.

- خزر عەزیز سمنچی، نوێنەری پێشووی بەرەی تورکمانی، نوێنەری بەرە لەکۆنگرەی نیشتمانی عیراقی، لەندەن، ٢٠٠٧.

- کەنعان شاکر، سەرۆکی بەرەی تورکمانی، هەولێر، نیسانی ٢٠٠٨.

- نەجار شەمدین، راوێژکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، چەند دیدارێك، ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- د.محەمەد ئیحسان وەزیری کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەندامی لیژنەی ماددەی ١٤٠، شەنددیدارێکی رێکخراو، ٢٠٠٥-٢٠٠٨.

- تەحسین محەمەد عەلی والی(تەحسین کەهیە)، ئەندامی یەکێتی ئیسلامی تورکمانیی عێراق، ئەندامی تورکمانی شیعە لەئەنجوومەی پارێزگای کەرکووك و ئەندامی لیژنەی ماددەی ١٤٠، برۆکسل، حوزەیرانی ٢٠٠٨.

خشتەکان

نەخشەی ژمارە(١)

عیراق، ساڵی ٢٠٠٣، سنووری پارێزگاو شارە سەرەکییەکان

نەخشەی ژمارە(٢)

پیشەسازی نەوتیی لەساڵی(٢٠٠٣)وە

نەخشەی ژمارە(٣)

هەرێمی کوردستان و ناوچە جێ لەسەرناکۆکەکان ساڵی ٢٠٠٣

نەخشەی ژمارە(٤) پارێزگای کەرکووك ساڵی ١٩٦٨

نەخشەی ژمارە(٥) پارێزگای کەرکوك ساڵی ٢٠٠٢

الخريطة رقم (٦) تركمان إيلي – «بلاد التركمان».

نەخشەی ژمارە(٦) تورکمان ئایلی(نیشتمانی تورکمان)

نەخشەی ژمارە(٧): پارێزگای کەرکووك، ٢٠٠٣

الخريطة رقم (٨): خريطة موضَّحة لأحياء مدينة كركوك، ٢٠٠٤

نەخشەی ژمارە(٨) : نەخشەی خستنە رووی گەڕەکەکانی شاری کەرکوک **٢٠٠٤**

نەخشەی ژمارە(٩)

ئەوگۆڕانکاریانەی بەسەر سنووری پارێزگاکانی عیراقدا هاتوون لەنێوان ١٩٧٠- ٢٠٠٣